# بیرەوەرییەکانی
# عەزیز قازی حەمەد سورچی
## لـە شۆڕشـی دووەمـی بارزانـەوە بـۆ شۆڕشـی ئەیلـوول و ژیانـی پەناهەندەیـی

**ئامادەکردنی: خۆشەوی عەلی کانیەلنجی**

لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

هەولێر ٢٠٢٣

**ناوی کتێب:** بیرەوەرییەکانی عەزیز قازی حەمەد سورچی

**ئامادەکردنی:** خۆشەوی عەلی کانیەلنجی

**داڕشتنەوەی:** پ.ی.د. سەنگەر حاجی

**پێداچوونەوەی:** دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ک.)

**تایپکردن:** ئەڤین خۆشەوی کانیەلنجی

**دیزاینی بەرگ و ناوەوە:** دیار سەعید پیرانی

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**ساڵی چاپ و شوێن:** ٢٠٢٣- هەولێر

**چاپخانە: دانیشفەر**

**تیراژ:** ٢٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٢٨٢٨) ساڵی ٢٠٢١ پێدراوە.**

# پێرست

پێشەکی.................................................................................. ٥
ژیاننامە ................................................................................... ٨
**بەندی یەکەم:**............................................................................ ١١
منداڵیم و ناونیشانم (١٩٢٨-١٩٤٤) ........................................................ ١١
**بەندی دووەم:**............................................................................ ٣٥
پەیوەندیکردنمان بە شۆڕشەکانی بارزان................................................... ٣٥
**بەندی سێیەم:** ............................................................................ ٩١
پەڕینەوە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات و بەرگریکردن لە کۆماری کوردستان ....... ٩١
**بەندی چوارەم** ............................................................................ ١٣٣
کشانەوە و شەڕەکانی دوای ڕووخانی کۆمار............................................. ١٣٣
**بەندی پێنجەم** ............................................................................ ١٦١
گەڕانەوە بۆ کوردستانی باشوور و ڕێڕۆیشتنە مێژوویی بارزانی ................... ١٦١
بەندی شەشەم................................................................................. ١٨٣
پەڕینەوە لە چۆمی ئاراس و ژیانی پەناهەندەیی لە وڵاتی یەکێتی سۆڤیەتدا (١٩٤٧-١٩٥٩) ........ ١٨٣
**بەندی حەوتەم**............................................................................. ٢٢٣
گەڕانەوە بۆ زێد و نیشتیمان (١٩٥٩-١٩٦٣)............................................. ٢٢٣
**بەندی هەشتەم** ............................................................................ ٢٤٥
قۆناغی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول (١٩٦١-١٩٧٥)......................................... ٢٤٥
**بەندی نۆیەم** .............................................................................. ٤٠١
ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ ............................................................ ٤٠١
**بەندی دەیەم** .............................................................................. ٤٢٧
دەست پێکردنەوەی شەڕ و پەناهەندەییم لە وڵاتی ئێران (١٩٧٥-١٩٧٦)دا..... ٤٢٧
**بەندی یانزدەیەم**........................................................................... ٤٥٩
پەناهەندەییم لە وڵاتی ئەمریکا ١٩٧٦ ...................................................... ٤٥٩
ناوی هەڤاڵانی ڕێبازی بارزانی نەمر، ئەوانەی لەگەڵی چوون بۆ یەکێتی

سۆڤیەت............................................................................................. ٤٨٥
ئەلبومی وێنەکان ............................................................................ ٥١١

# پێشەکی

کۆکردنـەوە و بڵاوکردنەوەی بەسـەرهاتی کارەکتەرەکانـی ڕووداوەکان کارێکی ئاسـان نییـە، نەخاسـمە بـۆ گەلێکـی وەکـو گەلـی کوردسـتان کـە لەوەتـەی هەیە لێـی دەدرێـت و خاکـی داگیـر دەکرێـت و ماڵـی تـاڵان دەکرێت.

دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـە ئەرکـی خـۆی دەزانێـت بـە پێـی دەرفـەت و توانـا بیـرەوەری ئـەو کارەکتەرانـە بڵاوبکاتـەوە کـە لـە پەرەسـەندنی ڕووداوەکانـدا بـە گیانـی خۆیـان بەشـدار بوونـە و ڕۆڵیـان تێیانـدا هەبـووە. ئـەم کارەشـمان بـۆ سـێ هـۆکاری سـەرەکی دەگەڕێتـەوە:

**یەکـەم**، بۆئـەوەی ڕۆڵـی هیـچ یەکێـک لـە کارەکتـەرەکان ون نەبێت کـە تاکە پاڵنەریـان خزمەتـی گەلەکەیـان بـووە و خۆشـیان ڕادەسـتی دەم چەورکردنەکانـی دوژمـن نەبوونـە و بیریشـیان لـە ئیمتیـازی کەسـی نەکردۆتەوە.

**دووەم**، بیـرەوەری ئـەو کارەکتەرانـە بەشـێکە لـە مێـژووی نـە نـووسراوەی میللەتەکەمـان و لـە بندێڕەکانـی ئـەو بیرەوەریانـەدا لـە خـوو و خەسـڵەتی شۆڕشـگێری ڕاسـتەقینە و سـاختە تێدەگەیـن.

**سـێیەم**، کۆکردنـەوە و ئەرشـیفکردنی بەسـەرهات و ڕووداوەکان کرۆکـی ئەرکـی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیایە، بۆئـەوەی لـە میانەیانـدا هـەم بـە مێـژووی گەلەکەمـان و پاڵەوانـە ڕاسـتەقینەکانی ئاشـنا بیـن، هـەم لـە بەرنامەکانمانـدا پەندیـان لـێ وەربگریـن.

لـەم ڕاسـتینەدا، پەرتووکی(بیرەوەرییەکانـی عەزیـز قـازی حەمـەد سـورچی) هەوڵێکـە بـەو ئاڕاسـتەیە، وەک خـۆی نووسـیویەتی: «مـن (عەزیـز قـازی سـورچی)م، لـە ڕێکـەوتی ١-٧-١٩٢٨ دا لـە گونـدی ئافریـانی ناوچـەی دەشـتی هەریـری سـەر بـە قـەزای شـەقڵاوە لـە پارێـزگای هەولێـری کوردسـتانی عێـراق لەدایـک بـووم.»

دوای ئـەوەی بـەماڵـەوە بەشـداری شـۆڕشـی بـارزان دەکـەن و پاشـان دەبێتـە پێشـمەرگەی هێـزی بـارزان لـە لەشـکری کۆمـاری کوردسـتان تا نسـکۆی شـۆڕشـی ئەیلـوول بـە ڕابەرایەتـی مـەلا مسـتەفا بارزانـی یـەک بێـن لـە خەبات بـۆ ڕزگاری کوردسـتان بـەردەوام دەبێـت و هەتـا ئـەو ڕۆژەی ٢٠٠٦/٨/١٣ بەسـەکتەی دڵ کۆچـی دوایـی کـرد و لـە ڕێورەسـمێکی شایەسـتەدا بەئامادەبـوونی شـاندێك بەنوێنەرایـەتی تایبـەتی جەنـابی سـەرۆك و حیـزبی و حکومـی و لەشـکری و خزمـان و جەماوەرێـکی زۆر و بەرچـاو لەگۆڕسـتانی گونـدی ئافریـانی زیـدی بـاب وباپـیرانی لەدەشـتی هەریـر بەخـاکی کوردسـتان سـپاردرا، لـە هـەر ٣ ڕۆژی پرسەکەشـیدا کـە لەهۆڵـی بۆنـەکانی کۆمەڵـگای هەریـر بەڕێوەچـوو، سـەرەڕای بەشـداری جەنـابی سـەرۆك لەپرسـەکەدا کـە هـەر خۆشـی خـاوەنی پەرسـەکەبوو لەهەموڕووییەکـەوە خـۆی هـەر بـە پێشـمەرگەی ڕێـی ڕزگاری کوردسـتان دادەنـا.

لـە دوو تـوێ و بندێرەکانـی ئـەم پەرتووکـەدا زۆر ڕووداوی نەبیسـتراو دەخوێنیتـەوە کـە بـۆ تێگەیشـتن لـە ڕەوتـی خەباتـی ڕزگاریخـوازی و پێشـمەرگە و لـە ڕاسـتییە هەڵگێـردراوەکان گرنگـن. دیسـان زنجیـرە ڕووداوەکان کـە بـە قەڵەمـی خـۆی نووسراوەتـەوە لـە شریتێکـی سـینەمایی دەچێـت، تەنیا بـە جوگرافیـا و ڕووداوەکانـی کوردسـتانت ئاشـنا نـاکات، بەڵکـو دەتباتـە یەکێتـی سـۆڤیەتی پێشـوو و کۆمارەکانـی ئەوکاتیشـت پـێ ئاشـنا دەکات کـە یاوەرانـی مسـتەفا بارزانـی لەپێنـاو سـەرفرازی و شـکۆی نەتـەوەدا لـە دووره نیشـتماندا بەرگـەی چ جـۆرە ژیانێکیـان گرتـووە و چـۆن بـۆ ئاینـدە خۆیـان ئامـادە کـردووە.

ئـەم پەڕتووکـە بـەش بـەش نەکـراوە، بەڵکـو نووسـەر بـە زنجیـرەی بەسـەرهاتەکان لـە بنەچـەی ماڵبـات و منداڵـی خۆیـەوە دەسـتی پێکـردووە و بـاس لـەو هۆکارانـە دەکات کـە چـۆن لـە دەشـتی هەریـرەوە پەیوەنـدی بـە شـۆڕشـی بـارزان و کۆمـاری کوردسـتان و دوازدە سـاڵ پەناهەندەیـی لـە یەکێتـی

هەواڵنامەی کتێب

سـۆڤیەت و گەڕانـەوەی بـۆ خاکـی نیشـتیمان و بەشـداری کردنـی لـە شۆڕشـی ئەیلـوول دەکات کـە زۆربـەی خەباتـی لـە قـەرەداغ و گەرمیـان بـووە تـا نسـکۆ و گیرسـانەوەی لـە ئەمەریـکا و گەڕانـەوەی بـۆ کوردسـتان ئـازاد کـە پـڕاو پـڕن لـە وانـەی دانسـقەی خەباتـی ڕزگاریخـوازی کـورد و دەبێتـە سـەرچاوەیەکی دیکـە بـۆ تـۆژەران. فەرمـوون بـە بەیەکـەوە خوێنـەری بیـن.

دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

هەولێر-٢٠٢٣

هەواڵنامەی کتێب

## ژیاننامە

من (عەزیز قازی سورچی)م، لە ڕێکەوتی ١-٧-١٩٢٨ دا لە گوندی ئافریانی ناوچەی دەشتی هەریری سەر بە قەزای شەقڵاوە لە پارێزگای هەولێری کوردستانی عێراق لەدایک بووم.

لە هاوینی ساڵی ١٩٤٣ بە ماڵەوە لەگەڵ چەند ماڵە خزمێک چووینە کوردستانی ئێران و لە گوندی قەڵاتوکانی ناوچەی نەغەدە گیرساینەوە و سێ مانگی هاوین کاسبیمان دەکرد، چونکە لە دەشتی هەریر بەروبووم و دەغڵودان نەبوو. لەوێ قازی حەمە سورچیی باوکم، بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. هەر لە گوندی قەڵاتوکان و لەسەر ڕاسپاردەی خۆی بە خاکمان سپارد.

لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٤٤ بە ماڵەوە چووینە بارزان و بەشداری شۆڕشی بارزان بووین، چونکە (عەلی قازی)ی برام پێشتر لەسەر ڕاسپاردەی باوکم پەیوەندی بە شۆڕشی بارزانەوە کردبوو و لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٣ ببوو بە پێشمەرگەی ئەو شۆڕشە. دواتر بە ماڵەوە چووین بۆ گوندی کانیەلنجا لە ناوچەی شێروان مەزن. عەلی قازی برام کە لە ناوچەی ڕواندز سەربازی سوپای عێراق بوو، لەگەڵ کۆمەڵێك گە.نجی بارزانی بەچەکەوە پەیوەندی بە شۆڕشی بارزانەوە کرد و بە مەلا مستەفای بارزانی گوتبوو کە ئەو بە ڕاسپاردەی باوکی ـ قازی حەمەد سورچی ـ هاتووم و پەیوەندیم بە شۆڕشەوە کردووە. بارزانی پێشتر باوکی منی دەناسی.

لە ڕێکەوتی ١١-١٠-١٩٤٥ دا ئێمەش لەگەڵ بارزانییەکان بە ماڵەوە چووینە کوردستانی ئێران، من هاوڕێ لەگەڵ تەواوی ئەو بارزانییانەی لەگەڵ مەلا مستەفا بووین چوومە شاری مهاباد بۆ وەرگرتنی چەکی تازە و پشتگیریکردن لە کۆماری کوردستان. لەوێ سێ بەتالیۆن پێکهێنران.

بارزانییـەکان چوونـە ناوچـەی سـەقز و سەردەشـت و بانـە تـا بەرگـری لـە کۆمـار بکەیـن.

پـاش ڕووخـانی کۆمـاری کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٤٧، مـن لەگـەڵ هەڤـاڵانی دیکـەی مـەلا مستەفا بـارزانی لـە نیسـانی ئـەو سـاڵە گەڕامـەوە ناوچـەی شـێروان مـەزن و مـزووری لـە کوردسـتانی عێـراق.



لـە ڕێکـەوتی ٢٢-٥-١٩٤٧ وەکـو تـەواوی هەڤـاڵان بـە سـەرۆکایەتی مـەلا مسـتەفا بـارزانی بڕیارمانـدا بچینـە وڵاتی سـۆڤیەت. لـە ڕێکـەوتی ١٨-٦-١٩٤٧ دا هەمووم‍ـان لـە ڕووبـاری ئـاراس پەڕینـەوە و گەیشـتینە خاکـی یەکێتـی سـۆڤیەت و چووینـە ناوچـەی نەخچـەوان و بـۆ مـاوەی ١٢ سـاڵ لـە وڵاتی یەکێتی سـۆڤیەت بـە پەناهەندەیـی ژیانمـان بـردە سـەر. لـە دوای شـۆڕشی ١٤ی تەممـوزی سـاڵی

١٩٥٨، لەسەر داوای عەبدولکەریم قاسمی سەرۆک کۆماری عێراق، سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی گەڕایەوە کوردستانی عێراق و لەگەڵیشیدا ئێمە بە ماڵ و خێزانەوە لە ١٦-٤-١٩٥٩ بە پاپۆڕی گوروزی گەیشتینە شاری بەسڕا.

کاتێک گەڕاینەوە عێراق، من و زاهیدای هاوسەرم لە زانکۆی بەغدا بە مامۆستای زمانی ڕووسی وەرگیراین.

لە ڕێکەوتی ٣-٣-١٩٦٣ دا بە فەرمانی سەرکردایەتی پارتیمان، پارتی دیموکراتی کوردستان دەستبەرداری کاری خۆم بووم و پەیوەندیم بە شۆڕشی ئەیلوول کرد.

کاتێک شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی دوای ١٤ ساڵ ساڵی ١٩٧٥ کۆتایی پێهات، من وەک هەر چەکدار و پێشمەرگەیەکی دیکەی ئەم شۆڕشە بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی بە پەناهەندەیی چووینە کوردستانی ئێران.

لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٧٥ حکومەتی ئێران منیان بۆ شاری ڕەشت دوورخستەوە.

لە ئایاری ساڵی ١٩٧٦ حکومەتی ئێران بە ماڵ و منداڵەوە لە ئێران دەریکردم و وەک پەناهەندە لە ڕێکەوتی ١٧-٨-١٩٧٦ هاتینە وڵاتی ئەمریکا.

لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٩٢ من و هەردوو کوڕەکەم (ڕزگار و شۆڕش) بۆ یەکەمجار دوای ماوەیەکی زۆر لە ئاوارەیی سەردانی کوردستانمان کردەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# بەندی یەکەم:
# منداڵیم و ناونیشانم (١٩٢٨-١٩٤٤)

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## ڕەچەڵەکم

وەکو بیستوومە، باپیرە گەورەمان کە ئارەدینە، خەڵکی گوندی شێتنێ بووە، سەر بە عەشیرەتی دۆڵەمەری لە ناوچەی مێرگەسۆر لە کوردستانی عێراق. یەکێک لە باپیرە گەورەکانم لە شۆڕشی میر محەمەدی ڕواندزی بەشداربووە و یەکێك لە سەرکردەکانی ئەو شۆڕشە بووە. هەروەها یەکێك لە باپیرەکانم گوندی ئافریانی بنیاتناوە کە لەپێشدا ئەو شوێنە گوند نەبووە. ئێمە بە عەشیرەت سورچی سۆرانین لە ناوچەی دەشتی هەریر. دانیشتوانی گوندی ئافریان لە یەک بنەماڵەوە هاتوون و ئێستا چەند بنەماڵەیەکییان لێ پەیدابووە. تەنیا یەک بنەماڵە بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە هاتوونەتە گوندی ئافریان، ئەوانیش بنەماڵەی خەڵەفن لە تایفەی ڕەژیکەری و زەوی خۆیان هەیە. ئێستا دانیشتوانی گوندەکەمان نزیکەی ٦٠ ماڵێک دەبن و هەمووشیان خاوەنی زەوی خۆیانن. باپیری من، حەمەد براگەورەی گوندبوو. دانیشتوانی گوند، سەرقاڵی جوتیاری و ئاژەڵداری بوون و بەهۆی خەریکبوونیان بە ئاژەڵدارییەوە، گەرمیان و کوێستانیان دەکرد. لە مانگی ئایار بەرەو کوێستانی کێلەشین دەچوون کە دەکەوێتە سنووری نێوان کوردستانی عێراق و ئێران. ئەو کوێستانە هی گوندی ئێمە بوو تا دەگاتە سەر ڕووباری گادەر کە دەکەوێتە بەرانبەر شاری شنۆ، پێش ئەوەی کوردستانی گەورە بەسەر چوار وڵاتی (ئێران، تورکیا، عێراق، سوریا) دابەش بکرێت.

هەوارنامەی کتێب

### کوژرانی (حەمەد بابەکر سورچی)ی باپیرم

(حەمەد بابەکر سورچی) باپیرم کە برا گەورەی دانیشتوانی گوندی ئافریان بووە، ساڵێک دەچن بۆ کوێستانی کێلەشین. باپیرم بە کارێکی تایبەتی خۆی لە کوێستانەوە دەچێتە شاری شنۆی کوردستانی ئێران و

لەگەڕانــەوەی بــۆ کوێســتان، لــە ڕێــگادا لەســەر ڕووبــاری گادەر دەکــوژرێ و ئەســپەکەی ڕادەکات و دەگاتــەوە کوێســتان، ئینجــا عەبــدوڵا بابەکــری بــرای لەگــەڵ چەنــد خزمێکــی خــۆی دەچنــە شــنۆ و تەرمــی باپیــرم لەســەر ڕووبــاری گادەر دەدۆزنــەوە. حەمــەدی باپیــرم، دوو بــرای هەبــوو بــە ناوەکانی(عەبــدوڵا و فەقــێ نــەبی). نەزانــرا کــە کــێ باپیرمــی کوشــتووە.

لــە باوکــم بیســت، لەوکاتــەی باوکــم تەمــەنی حەفــت ســاڵ بــووە، عەبــدوڵای بــرای ســوێند دەخــوات، تــا تۆڵــەی خوێنــی براکــەی نەکاتــەوە ڕدێنــی خــۆی ناتراشــێ و ئــەوەشی گوتبــوو، تەنیــا ئــەو کەســە دەکوژێتــەوە کــە براکــەی ئــەوی کوشــتووە. عەبــدوڵای بــە مەبەســتی تۆڵەکردنــەوە چەندجــار لــە عێراقــەوە دەچێتــە شــاری شــنۆ و گوندەکانی دەوروپشــتی، بەڵکــو کەســێک پێــی بڵــێ کــە کــێ براکــەی ئــەوی کوشــتووە. جارێکیــان کــە خەڵکــی گونــدی ئافریــان دەچنــە کوێســتانی کێلەشــین و عەبــدوڵا دەچێتــە شــاری شــنۆ، لــەوێ پیاوێــک پێــی دەڵــێ، ئــەو دەزانــێ کــێ براکــەی ئــەوی کوشــتووە. ئــەو پیــاوەی باپیــری منــی کوشــتووە لەنــاو شــاری شــنۆ گەنــم دەفرۆشــێت و پیاوەکــە بــە عەبــدوڵا دەڵــێ: ئەمــە ئــەو کەســەیە کــە براکــەی تــۆی کوشــتووە. عەبــدوڵا بــە هەمــوو ئــەو خزمانــەی دەڵــێ کــە پێویســتە شــاری شــنۆ بــە جێبێڵــن و بگەڕێنــەوە کوێســتان، چونکــە ئــەو کەســەی دۆزیوەتــەوە کــە براکــەی کوشــتووە و دەیکوژێتــەوە. کاتێــک خزمــەکانی شــنۆ بــە جێدێڵــن و دەگەڕێنــەوە کوێســتانان، ئەویــش بەخەنجــەر ئــەو کەســە دەکوژێتــەوە کــە پێــی گوترابــوو براکــەی کوشــتووە و بــەرەو کوێســتانان هەڵدێ و خــۆی ڕزگار دەکات، کەچــی دوایــی بــۆی دەردەکــەوێ ئەو کەســەی کوشــتوویەتی خــودی بکوژەکــە نییــە، بەڵکــو ئامۆزایــەتی.

### لەبارەی دایکم

دایکــم نــاوی (ســورم)ی کچــی (عەبــدوڵا) بــوو. خەڵکــی ناوچــەی ســیدەکانی



هەوارنامەی کتێب

کوردستانی عێراق بوو. دایکیشم بە عەشیرەت سورچی بوو، لە تایفەی (ڕەوەندۆک) بوو. دایکم هێشتا منداڵ بووە، دایک و باوکی کۆچی دوایی دەکەن و تەنیا یەک خوشکی هەبووە و هەردووکیان لە لای خاڵەکانیان پەروەردە و گەورە کراون. دایکم بەر لەوەی مێرد بە باوکم بکات، شووی بە پیاوێکی دیکە کردبوو لە گوندی کانیەلنجان لە ناوچەی شێروان مەزن لە کوردستانی عێراق. هاوسەری یەکەمی دایکم ناوی (باپیر بابەکر) دەبێ و کوڕێکی لێی دەبێ بەناوی (عەلی باپیر)، لەوکاتەی باپیر کۆچی دوایی دەکات کوڕەکەی تەمەنی تەنیا یەک ساڵ دەبێت. بابەکری باوکی باپیر بە دایکم دەڵێت: دەبێ مێرد بەکوڕێکی دیکەی ئەو بکاتەوە، بەڵام دایکم ڕازی نابێ و بابەکریش دایکم دەردەکات و کوڕەکەشی لێ دەستێنێت کە ئەوکات تەمەنی تەنیا یەک ساڵ بووە. کاتێک دایکم دەردەکرێت، دەچێتە شاری هەولێر و لەماڵی یەکێک لە شێخەکانی هەولێر دەمێنێتەوە. لەوێدا شێخ بە باوکم دەڵێ کە ژنێک لێرەیە ناوی (سورم عەبدوڵا) یە، ئەگەر مێردت پێبکات. دایکم قایل دەبێ، شێخیش هەر لەوێ لە هەولێر لەیەکتر مارەیان دەبڕێ و بەیەکەوە دێنەوە گوندی ئافریان. باوکم ژنێکی تریشی هەبووە بەناوی پەری کە کچی خاڵی خۆی بووە.

هەوالنامەی کێتر

**لەبارەی عەشیرەتی سورچییەوە**

لەناو عەشیرەتی سورچی دا، سورچی (سۆران و بادینان) هەیە زێی گەورە بە ناوچەکانی سورچنشیندا تێدەپەڕێت و بەرەو شاری موسڵ دەڕوا. ئەو سورچییانەی دەکەونە ناوچەی ئاکرێ، پێیان دەگوترێ سورچی بادینان و بە شێوەزاری بادینی دەئاخڤن و ئەوانەی دەکەونە ناوچەی دەشتی هەریر بە سۆرانی دەدوێن.

**سورچییەکانی سۆران و بادینان حەڤدە تایفەن کە ئەمانەن:**

١- ڕەوەندۆک لە ناوچەی  سیدەکان

٢- مام ساڵ

٣- مەنتک

٤- وسوکاسکی

٥- ماڵە باسی

٦- مامە سام

٧- کروو

٨- مام گرد

٩- نورکەیی

١٠- شیفر

١١- بارەم

١٢- ڕەژووکەر

١٣- مەلا سواران

١٤- باساک

١٥- زراری

١٦- سامی لە کوردستانی ئێران لە ناوچەی  شنۆ

١٧- شکاک لە ناوچەی  ورمێ لە کوردستانی ئێران.

هەواڵنامەی کتێب

هەموو تایفەکان سەرۆکی خۆیان هەیە. من لە تایفەی مامە سامم و سەرۆکی تایفەی مامە سام ماڵی تاژدین ئاغان و سەرۆکی هەموو سورچییەکانی سۆران و بادینان ماڵی شێخی سورچییانن کە بەهۆی ئیرشاد و تەریقەتەوە گەیشتوونەتە ئەو پلەیە.

## شێخەکانی سورچیی سۆران و بادینان

وەکو بیستوومە شێخانی سورچی لە ناوچەی وانێ کوردستانی تورکیا بە ناوی ئیرشاد و تەریقەت و خەلیفایەتییەوە هاتوونەتە گوندی بجیلی ناوچەی ئاکرێ و نیشتەجێبوونە. پاشان یەکێک لە کوڕەکانیان دەچێتە تەوێڵە و بیارە بە ئامانجی وەدەستخستنی ئیجازەی تەریقەت و شێخایەتی و دوای وەدەستهێنانی ئیجازە، دەگەڕێتەوە ناو خەڵکی خۆی لە سۆران و بادینان و دەست دەکات بە بڵاوکردنەوەی ئیرشاد و تەریقەت و سورچییەکان دەچنە سەردانیان بۆ وەرگرتنی ئیرشاد و تەریقەت، بەمشێوەیە دەبنە سەرۆکی عەشیرەتی سۆران و بادینان. لەوکاتەی من منداڵ بووم، شێخ ڕەقیب سەرۆکی هەموو سورچییەکانی سۆران و بادینان بوو و شێخ بەدیعیش شێخی ئیرشاد و تەریقەت بوو. هەردووکیان برابوون و تەباییەکی زۆریان لەنێواندا هەبوو و پشتەوانی تەواوی یەکتری بوون. لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی ئەو تەبایی و یەکگرتووییە نەما، بەتایبەتی لەکاتی شۆڕشی یەکەمی بارزان ١٩٣١-١٩٣٢. هەروەها شۆڕشی دووەمی بارزان لە ١٩٤٣-١٩٤٥ و شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە ساڵانی ١٩٦١-١٩٧٥ لە کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی سەرۆکی گەلی کورد مستەفا بارزانی نەمر، چونکە سورچی بوونە جاش و پۆلیس و شەڕیان لە دژی شۆڕشەکانی بارزان و ئەیلوول دەکرد. هەموو سەرۆک تایفەکان خۆیان بە سەرۆکی عەشیرەت دەزانی، چونکە حکومەتی عێراق پارەیەکی زۆری دەدایە جاشەکان، تا خۆیان لە دژی پێشمەرگە بەکوشت بدەن. ئەوان هەموویان بەهۆی جاشایەتییەوە دەوڵەمەند بوون و سەرۆکی تایفەکان هەموویان بەخۆیان دەگوت سەرۆکی عەشیرەتی سورچی.

## دروستبوونی دوژمنداری لە گوندی ئافریان

وەکو لەمەوپێش باسمکرد، ئافریان لە سەرەتادا گوند نەبووە، یەکێک

لـە باپیـرەکانی مـن ئـاوەدانی کردووەتـەوە و بـووە بـە گونـدی ئافریـان لـە ناوچـەی دەشـتی هەریـر. خەڵکـی ئـەم گونـدە لـەڕووی ڕەچەڵەکـەوە هەموویـان خزموکـەسی یەکـن، جگـە لـە بنەماڵەیـەک کـە بنەماڵـەی خەڵەفـن و هـی تایفـەی ڕەژووکەریـن، ئـەوان خەڵکـی ڕەسـەنی گوندەکـە نیـن و بـە ژن و ژنخـوازی هاتوونەتـە ناوچەکـە. خەڵکـی هەمـوو خـاوەنی زەویـوزاری خۆیانـن. ڕۆژێـک لـە سـاڵی ١٩٢٩ بەهـۆی دیارکـردنی سـنووری پارچـە زەوییـەک شـەڕ لەنێـوان بنەماڵـەی سـیدا و بنەماڵـەی خەڵـەف ڕوودەدات و چـوار کـەس لـە هـەردوولا دەکوژرێـن، ئیبراهیمـی کـوڕی خەڵـەف بـە قـوڕسی برینـدار دەبێـت، بـەڵام قـازی باوکـم ڕزگاری دەکات و دەیبـات بـۆ ماڵـی خـۆی و بـە ماڵـی سـیدا دەڵێـت: نابـێ دەسـتی لـێ بـدەن و بیکـوژن. دوای ئـەوەی ئیبراهیـم ڕزگاری دەبێـت و برینەکـەی چـاک دەبێتـەوە، بەهـۆی هاتنەنـاوەوەی بنەماڵـەی شـێخانی سـورچی و سـەرۆک عەشـیرەتە سـورچییەکان هـەردوو بنەماڵـەی سـیدا و خەڵەفیـش ئاشـت دەبنـەوە.

لەسـاڵی ١٩٣٥ جارێکـی دیکـە شـەڕ لەنێـوان هـەردوو بنەماڵـەی سـیدا و خەڵـەف هەڵگیرسـایەوە و هۆکارەکـەشی شـەڕە سـەگبوو. خەڵکـی گونـدی ئافریـان چووبـوون بـۆ کوێسـتان، بـەڵام ئـەو ساڵە ماڵـی ئێمـە و ئەحمـەد فەقـێ نـەبی ئامـۆزای باوکـم نەچووبـوون. لـە کوێسـتانێ خەبـەر بـۆ باوکـم هـات کـە خزمێکـی ئێمـە بـە نـاوی حەمـەد مەولـود دیـار نەمـاوە و کـەس نازانـێ لەکوێیە. باوکـم لەبەرئـەوەی خـۆی بـە بـرا گـەورەی گوندەکـە دەزانی بـە دایکـم دەڵێ من دەچـم بـۆ کوێسـتان، تـا بزانـم حەمـەد مەولـود چـی بەسـەر هاتـووە، ئـەو وای بیرکردبـووەوە کـە ڕەنگـە لـە لایـەن بنەماڵـەی خەڵەفـەوە کوژرابێ. دایکـم زۆری لـێ دەپاڕێتـەوە کـە نەچێـت و ئـەوان بـە جێنەهێڵێـت و پێـی گوتبـوو، حەمـەد مەولـود سـەلامەتە و ڕەنگـە بـۆ کاری تایبـەتی خـۆی چووبێتـە کوردسـتانی ئێـران، بـەڵام باوکـم بـە قسـەی نەکردبـوو و چووبـووە کوێسـتانی ناوچـەی کێلەشـین و

هەواڵنامەی کتێب

ئەحمەدی ئامۆزاشی لەگەڵ خۆی بردبوو. لەوێ دەزانن کە حەمەد مەولود سەلامەتە و چووەتە شاری شنۆ و نەغەدە، بەڵام بەکەسی نەگوتبوو.

هەروەها لەکوێستاندا ئەوە دەزانن کە سیدا شەپرە لێیداوە. سیداش خزمی ئێمە بوو. باوکم بە خزمەکانی دەڵێت، دەگەڕێتەوە گەرمیان و خزمەکانیش هەموویان دەڵێن ئێمەش دێینەوە گەرمیان. بەر لەوەی دەست بە ماڵ بارکردن بکەن، بەدارەباز سیدا دەبەنە نزیک سیدەکان و بۆ ڕۆژی دووەم دەیگەیەننە نزیکی دیانا. باوکم لەگەڵ ئەوان نەچووبوو و لەناو ماڵەکان مابووەوە. لەوێ دەبێتە شەڕەسەگی ماڵی سیدا و ماڵی خەڵەف. مەجرومی کوڕی سیدا و ئیبراهیمی کوڕی خەڵەف دەچن سەگەکان لەیەک بکەنەوە. ئیبراهیمی کوڕی خەڵەف لەسەگی مەجروم دەدات و مەجرومیش پێی دەڵێ، لە سەگی ئەوان نەدات، ئینجا ئیبراهیم لە مەجروم دەدات کە تازە گەنج بوو، کە شێخ تەها دەبینێت ئیبراهیم لە براکەی دەدات پێی دەڵێت شەرم ناکەی لەو منداڵە دەدەی؟ ئەمجارە ئیبراهیم لە شێخ تەهاش دەدات و پاشان شێخ تەها ئیبراهیم بە خەنجەر دەکوژێت. بەر لەوەی ئیبراهیم بکوژرێت، باوکم زۆر هەوڵدەدات نەیەڵێ شەڕەکە گەورە بێ، بەڵام ژنوژار دەیگرن، وا دەزانن دەیەوێ بچێت لە ئیبراهیم خەڵەف بدات و ئەگەر ئەو کارەیان نەکردبایە، ئیبراهیم نە دەکوژرا.

### بەندکردنی باوکم و ئەحمەد فەقێ نەبی ئامۆزای

دوای ئەوەی ماڵی خەڵەف سکاڵا دەکەن کە قازی باوکم و ئەحمەد فەقێ نەبی لە گەرمییانەوە چوونەتە کوێستان، تا ئیبراهیم خەڵەف بکوژن، حکومەت باوەڕیان پێ دەکات و باوکم بە (٥) ساڵ بەندکردن حوکم دەدرێت و شێخ تەهاش بە (٢٠) ساڵ و لە شاری موسڵ بەندیان کردن. لەوکاتدا باوکم چوار منداڵی هەبوون کە دوویان کوڕ بوون و دوویان کچ. عەلی

قازی برام تەمەنی ٨ ساڵ بوو و خەدیجای خوشکم ٥ ساڵ و من ٣ ساڵ و سارای خوشکیشم تەمەنی یەک ساڵبوو. ئێمە هەموومان منداڵ بووین، جگە لە دایکم کەسمان نەبوو کاروباری ماڵەوەمان بۆ ڕاپەڕێنێ. باوکم و ئەحمەدی ئامۆزای و مەجروم تەنیا یەک ساڵ گیران و بەر لێبوردنی مەلیکی عێراق کەوتن و شێخ تەهاش ٥ ساڵ بەندکراو ١٥ ساڵیش کەوتەبەر لێبوردنی مەلیکی عێراق. حکومەت نەیهێشت بگەڕێینەوە گوندی خۆمان و چووینە گوندی فلۆنی محەمەد ئاغای تاژدین و ماڵی خزمەکانیشمان لە ئافریانەوە گوێزرایانەوە گوندی فلۆن. حکومەت پێی گوتین، هەرکات لەگەڵ یەک ئاشتبوونەوە، دەتوانن بگەڕێنەوە گوندەکەی خۆتان. ماڵی خەڵەف و خزمەکانی نەیانویست ئاشتبنەوە. باوکم پێی گوتن، هەرچییەکی دەیانەوێ پێیان دەدات بە مەرجێک ئاشتبنەوە و پێشی گوتن، ئەو مەبەستی نەبوو ئیبراهیم بکوژرێ و ئەگەر ژنەکان ڕێگر نەبان من ڕزگارم دەکرد. باوکم بڕیاردا بەبێ ڕەزامەندی حکومەت بگەڕێتەوە گوندەکەی خۆی. من خوشکێکم هەبوو ناوی ئامینا بوو لە تەمەنی هەشت مانگی لە گوندی فلۆن لەناو لانکدا خنکا.

## دوای پێنج ساڵ دەربەدەری، گەڕانەوە بۆ گوندەکەمان

دوای ئەوەی ماوەی پێنج ساڵ لە گوندی فلۆن بووین، باوکم بڕیاریدا بگەڕێینەوە ئافریانی گوندی خۆمان و ڕۆژێک بەرەو گوند بارمان کرد. ماڵی ئێمە و ماڵی مام حەمەدەمین و ماڵی ئەحمەدی ئامۆزای باوکم و ماڵی عەدێ کە زاوای ئێمە بوو، مێردی سوسنی کچە مامی باوکم بوو و خەڵکی باتاس بوو کەوتینە ڕێ. لە ڕێگای گوند پیاوێک کە ناوی مەلا ئەحمەد بوو و ئامۆزای ئیبراهیم خەڵەف بوو، ڕێگای گرت و گوتی، نایەڵم بگەڕێنەوە گوند. خەدیجەی خوشکم لەپێشەوە دەڕۆیشت و سەری ماینێکی ڕادەکێشا

و مەلا ئەحمەد هاتوو و هەوساری ماینەکەی گرت و نەیهێشت بڕۆین. باوکم چووە لای مەلا ئەحمەد و پێی گوت ڕێگا بدا بڕۆین، بەڵام وەڵامی ئەوەبوو، بێ کوشتار نابێ تێپەڕن. باوکم بە خەدیجای خوشکمی گوت بگەڕێوە و دەگەڕێینەوە گوندی فلۆن. لەوکاتەدا باوکم مەلا ئەحمەدی گرت و خستییە ژێرخۆی و چەکی کرد و ئینجا ڕێگایدا بڕوا، ئێمەش بەرەو گوند ڕۆیشتین کە گەیشتینە گوند کەسێک خانووەکەی ئێمە سووتاندبوو و نەمانزانی کێ بوو. ئێمە بە شێوەیەکی کاتی چووینە ماڵی پەری زڕدایکم. دواتر خزموکەس هاتن و داوایان لە باوکم کرد، تفەنگەکەی مەلائەحمەد بداتەوە، ئەویش لەبەر خاتری ئەوان چەکەکەی دایەوە.

کاتێک ئێمە گەڕاینەوە گوندەکەمان، حکومەت بێ دەنگ بوو، چونکە باوکم پێیگوتن ئەوان نایانەوێ ئاشتببنەوە و ئێمەش دەسبەرداری گوندی خۆمان نابین. دواتر سیداش لە گوندی ئافریان کۆچی دواییکرد و ماڵی شێخ تەها و مەجروم نەهاتنەوە ئافریان، بەڵام لە گوندی فلۆنیش نەمانەوە، بەڵکو گواستییانەوە گوندی خرێ لە دەشتی هەریر. گوندی خرێ لە نزیک ڕووباری زابی گەورە بوو و گوندی عەلی بەگی خرێ بوو.

## پیلانی کوشتنی باوکم

کاتێک هاوین هات، باوکم کەپرێکی لەسەر گردێک لە پشتەوەی گوند دروستکرد، تا وریای خۆی بێت. پێش ئەوە کەسێک سەگەکەی ئێمەی دەرمانخوارد کردبوو. باوکم چوو بۆ دەشتی هەولێر و لەوێ لە گوندێک دوو توتکە سەگی هێنابوو کە ڕەسەنیان باشبوو. ئێمە بە شەو هەموومان لەسەر کەپر دەنووستین. شەوێک پیاوێک هات باوکم بکوژێت و توتکە سەگەکان دەستیان بە وەڕین کرد و بینیمان پیاوێک گەیشتووەتە خوارەوەی کەپرەکەمان. باوکم وایزانی سۆفی کەریمە و لەسەر خەرمانەکەی هاتووە بۆ

ئـاو خواردنـەوە و هەمـوو جـار ئـەو کارەی دەکـرد، چونکـە خەرمانەکـەی لـە ئێمـە دوور نەبـوو. باوکـم دەنگـی دان، تـا واز لـە سـۆفی کەریـم بێنـن و ئـاو بخواتـەوە، بـەڵام کابـرا ڕایکـرد. تاریکـە شـەو بـوو و مـن لەسـەر کەپرەکـە لـە لای باوکـم خەوتبـووم و قایـشی تفەنگـی باوکـم کەوتبـووە بـن سـەری مـن، تـا قایشـەکەی دەرهێنـا، کابـرا بزربـوو. باوکـم ویسـتی بەدوایـدا بچێـت، بـەڵام دایکـم ڕێـگای نـەدا و بـە باوکمـی گـوت تاریکـە شـەوە و دەکوژرێیـت.

دوای سـێ ڕۆژ پیاوێـک خـۆی بـە ماڵـی ئێمـەدا کـرد و بـە باوکمـی گـوت یـان لێـم خۆشـبە، یـان بمکـوژە. ئـەو پیـاوە نـاوی حەمـەد بـوو و بـرای ئـەو مـەلا ئەحمـەدە بـوو کـە ڕێگـەی لـە ئێمـە گـرت و نەیدەهێشـت بگەڕێینـەوە گونـدی خۆمـان. باوکـم لـە حەمـەدی پـرسی تـۆ بۆچـی ویسـتت بمکـوژی؟ ئەویـش گـوتی خێـزانی ئیبراهیـم خەڵـەف پێـی گوتـم: «ئەگـەر قـازی بکـوژی، ئـەوا مـن مێـردت پـێ دەکـەم، بۆیـەش مـن ویسـتم بتکـوژم». حەمـەد وایزانبـوو باوکـم ئـەوی ناسـیبووەوە، بۆیـە هاتبـووە ماڵـمان. باوکـم لێـی خۆشـبوو و پێـی گـوت جارێکـی دیکـە ئـەو هەڵەیـە دووبـارە نەکاتـەوە.

کاتێـک ئیبراهیـم خەڵـەف کـوژرا چـوار منداڵـی هەبـوون کـە ٢ کـوڕ و ٢ کـچ بـوون و هەردووکییـان لـە مـن بچوکـتر بـوون. باوکـم هەمـوو کات دەیگـوت ئەگـەر ژنـەکان منیـان نەگرتبایـە، ئـەوا نەمدەهێشـت ئیبراهیـم بکـوژرێ، جـاری پێشـوو ئیبراهیـم زۆر بـە قورسـی بریندارببـوو، مـن نەمهێشـت هیچـی لـێ بکـرێ و ڕزگارم کـرد. دواتـر هـەردوو سـەگەکەی ئێمەیـان دەرمـان خـوارد کـرد.

## دروستکردنی خانووێک لەسەر گردێک لەدەرەوەی گوند

بـە مەبەسـتی خـۆ پاراسـتن و پـتر ئـاگاداری خۆبـوون، باوکـم خانووێکـی لەسـەر گردێـک لـەدەرەوەی گونـد دروسـتکرد. ئـەوکات مـن تەمەنـم دوازدە سـاڵان بـوو و لـە دروسـتکردنی خانووەکـە یارمـەتی باوکـم دەدا.

ڕۆژێکیان سەگێکم بینی کە هی ڕەوەندە هەرکییەکان بوو و نەماندەزانی هی کێیە و لە کێ بەجێماوە. هێنامەوە ماڵی خۆمان و نانم پێی دا و کردمان بە هی خۆمان و بە ڕۆژ دەمانبەستەوە، بە شەویش بەرەڵامان دەکرد. ئەگەر کەسێک بهاتبایە ماڵمان بانگی ئێمەیان دەکرد، تا سەگەکە ڕاگرین و ڕێگریان لێ نەکا. ئێمە ئەو کارەمان بۆیە دەکرد، تا باوکم لەوکاتەی خەوتووە سەگەکەمان بە ئاگا بێ و هەر کەس لەماڵمان نزیک بێتەوە پێی بزانین. دوایی دووبارە کەسێک ئەو سەگەشی لێ دەرمانخوارد کردین.

### باسێک لەبارەی نەهاتنی میوان بۆ ماڵی ئێمە

بەر لەوەی تووشی دوژمنداری بین و بە ناچاری بچینە گوندی فلۆن، ئێمە میوانی زۆرمان دەهات، بەڵام کە ماڵمان باریکرد دۆست و کاروانچییەکان نەیاندەزانی ماڵمان لە کوێیە. دوای ئەوەی گەڕاینەوە گوندی ئافریان و خانووی خۆمان لەسەر گردەکە و لە دەرەوەی گوند دروستکرد، باوکم منی دەناردە سەر ڕێگای گشتی، ئەو ڕێگایەی کاروانچی هاتووچۆیان تێدا دەکرد و بە خەڵکیم دەگوت، ماڵی ئێمە لەوێیە و حەزدەکەین میوانمان بێ و بەمجۆرە وردە وردە میوانمان زیادبوون، جاری وا هەبوو کاتژمێر نۆ و دەی شەو نانمان دەخوارد و چاوەڕێی میوانمان دەکرد، تا لەگەڵ ئێمە نان بخۆن و ئەو خواردنەیان پێ نەدەین کە بەرماوی ئێمەیە.

### لە دەستدانی هەردوو چاوی باوکم

لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٣٩ باوکم لە ئیش گەڕایەوە ماڵەوە و بە دایکمی گوت، هەردوو چاوی ژان دەکات و پاش ماوەیەک ژانی چاوەکانی زیاتربوون. لەو سەردەمدا خەڵکی هەژاربوون و دکتۆر و نەخۆشخانەش زۆر کەمبوون، بۆیە خەڵک بۆ چارەسەری زیاتر پشتی بە شێخ و سەید و مەلاکان دەبەست و

داوایـان لێدەکـردن کـە دوعایـان بـۆ بکـەن، بەڵکو چـاک ببنەوە.

جارێکیـان پیاوێـک هاتـە ماڵـمان و بـە باوکمـی گـوت لـە نزیـک گونـدی (گۆڕەتـوو)ی ناوچـەی مێرگەسـۆر گۆڕێـک هەیـە پێـی دەڵێـن (پیـرە فاتـێ) و خەڵکـی سـەردانی دەکـەن و ئاژەڵێکیـش لـەوێ سـەردەبڕن و بەسـەر خەڵکـی گۆڕەتـوودا دابـەشی دەکـەن. دایکـم دەروێـشی شـێخەکانی سـورچی بـوو، هـەر پێیـان دەگـوت سـۆفی (سـورم)، هەروەهـا دایکـم بـاوەڕی زۆری بە شـێخ و سـەید و دەروێشـان هەبـوو، بۆیـە بڕیارـدا باوکـم بباتـە گۆڕەتـوو کـە ڕۆژە ڕێیـەک لـە ناوچەکـەی ئێمـەوە دووربـوو.

لـە مانگـی نیسـانی سـاڵی ١٩٣٩ دا دەکەونـە ڕێ و شـەو لـە گۆڕەتـوو دەمێننـەوە و بـۆ بەیـانی بزنێـک لـە خەڵکـی گونـد دەکـڕن و پیاوێـک لەگـەڵ خۆیـان دەبـەن، تـا بۆیـان سـەرببڕێت و بـە یەکسـانی بەسـەر خەڵکـی گونـدی دابـەشی بـکات. کابـرا ئـەو کارە دەکات و بـە باوکیشـم دەڵـێ هەوڵبـدە لەسـەر ئـەو گـۆڕە خـەوت لـێ بکـەوێ، ئەگـەر خـەوت لـێ بکـەوێ باشـترە و هـەر دوعـا بکـە، بەڵکـو چـاک ببیـەوە. دوای ئـەوەی گۆشـتەکە بـە خەڵـک دەدەن، دەگەڕێنـەوە گونـد، بـەڵام باوکـم لەبـاتی ئـەوەی باشـتر بـێ خراپـتر بـوو و هـەر ئەوەبـوو کـە خەڵکـی گونـد گۆشـتیان خـوارد.

دوای ئـەوە شـەڕی دووەمـی جیهـانی دەسـتیپێکرد و نەهامـەتی لەگـەڵ خۆیـدا هێنـا و دەخڵـودان نەبـوو و بەرهەمـی دوو سـاڵ هیـچ نەبـوو. هـەر لـەو دوو سـاڵەدا نەخـۆشی بەنـاو ئاژەڵەکانمانـدا بڵاوبـووەوە و زۆربەیـان مـردن و هەندێکیشـمان بـۆ ئیـدارەدانی ژیـانی خۆمـان فرۆشـتن. حکومـەتی عێـراق عـەلی قـازی برامیـان گـرت و بـۆ سـەربازی بردیانـە حامیـەی ڕوانـدزێ و بـە سـەربازی سـوپای عێـراق و مـن بـە تەنیـا ئیـشی ماڵـەوەم دەکـرد.

## ئەزموونم لە گاوانی گوند

کاتێـک باوکـم لـە مانگی نیسـانی سـاڵی ١٩٣٩ دا هـەردوو چاوەکانی لەدەسـتدا و تـووشی نەخـۆشی بـوو. بەهـۆی شـەڕی دووەمی جیهـان و نەهامـەتی دەخڵودان و گـرانی لـە دەشـتی هەریـر داهـات. بـە مەبەسـتی یارمەتیـدانی دایـک و باوکـم مـن لەگـەڵ خزمێـکی خۆمـان کـە نـاوی (عـدێ) بـوو، بـووم بـە گاوانی گونـد.

ئەوکاتـەی مـن بـووم بـە گاوان تەمەنـم دوازدە سـاڵان بـوو و سـاڵی ١٩٤١ بـوو. ئـەوکات ئـەوەی دەبوویـە گاوان، بـە شـەرتی ئەوەبـوو دەبـێ شـەش مانـگ گاوان بیـن و لەبەرانبـەردا هـەر سـەرە ڕەشـەوڵاغێک ٥٠ فلسـیان پـێ دەدایـن و ڕۆژانـەش هـەر ماڵێـک نانێکیـان دەدایـنێ کـە ڕۆژێـک ئێمـە وەرمان دەگـرت و ڕۆژێکیـش ماڵـی (عـدێ)ی خزمـمان و پارەکـەش نیـوە بـۆ مـن بـوو و نیوەکـەی دیکـە بـۆ ئـەو. هەروەهـا جووتێـک چەرمییـان دەدایـنێ کـە دەمـان کـرد بـە کارەک (پێـڵاوی چـەرم). لەوکاتـەدا ژمارەی ماڵـەکانی گونـد نزیکـەی ٥٠ ماڵێـک دەبـوون.

لـە کۆتایـی مانگـی ئـاداری سـاڵی ١٩٤٢ دا مەرجـی گاوانیـمان هـەڵات، بـەڵام مـن لـە هاوینـی سـاڵی ١٩٤٢ دا بـە تەنیـا بوومـەوە بـە گاوان و دووبـارە بەمەرجـی ٦ مانـگ. مەرجـی گاوانی ئەمجـارەم بەمشـێوەیە بـوو:

١-هەموو ڕۆژێک ماڵ و یەک نانیان پێم دەدا.

٢-سێ وڵاغ.

٣-دوو تەنەکە گەنم.

توانیـم مەرجـی گاوانییەکـەم تـەواو بکـەم و گەنمێکـی زۆرمـان دەسـتکەوت، هەندێکیـمان بـۆ خۆمـان هەڵگـرت و هەندێکـی دیکەشـمان فرۆشـت. ئـەوەی هەڵمانگرتبـوو کردمـان بـە ئـاردو سـاوار.

دوای تەواوبـوونی مەرجـی گاوانیـم. ئەوجـارە لـە زسـتانی سـاڵی ١٩٤٣ لـە

گونـدی گولـەک بوومـە گاوانی گونـد و بـە ماڵـەوە چووین بـۆ ئـەو گونـدە. لـەو گونـدە مەرجـی گاوانیـم لـە مانگـی تشریـن دەسـتیپێکرد، تـا کۆتایـی مانگـی ئـاداری ١٩٤٣ و لەوێـش مەرجـی گاوانیـم بەمشـێوەیە بـوو: هـەر ماڵـەی نانێکیـان دەدامـێ لەگـەڵ هـەر سـەرە ڕەشـەوڵاغێک ٥٠ فلس و جووتـە چەرمێکیـان بـۆ زسـتان دەداینـێ، تـا بیکـەم بـە پێـڵاو.

## چووڼمان بۆ کوردستانی ئێران

کاتێـک مەرجـی گاوانیـم لـە مانگـی ئـاداری سـاڵی ١٩٤٣ دا تەواوبـوو، بڕیارمانـدا لەگـەڵ چەنـد ماڵـە خزمێکـمان بـە مەبەسـتی کارکـردن و کاسـبی بچینـە کوردسـتانی ئێـران، چونکـە هێشـتا لـە وڵاتی خۆمـان لـە دەشـتی هەریـر گـرانی و نەهامـەتی بـوو و دەغڵـودان دەسـت نەدەکـەوت. هەروەهـا بەهـۆی بەردەوامـی شـەڕی دووەمـی جیهـانی گـرانی و نەهامـەتی بـەردەوام بـوو.

چوویـن بـۆ کوردسـتانی ئێـران و لـەوێ چووینـە گونـدی قەڵاتـوکان و ماڵـە خزمەکانیشـمان لەگـەڵ بـوو. مـن سـێ گامێشـم بینـی و زانیـم کـە هـی عەزیـز ناوێکـن و لەگەڵـی ڕێککەوتـم کـە بـۆ سـێ مانـگ ئـاگاداری گامێشـەکانی بـم و ئەویـش لەبەرانبـەردا بیسـت و چـوار تەنەکـە گەڼـم بداتـێ. دایکـم و خەدیجای خوشـکم تەشـییان بـۆ خەڵکـی گونـدی قەڵاتـوکان دەڕێـسی و لەبەرانبـەردا گەڼیـان وەردەگـرت و فاتیـمای خوشکیشـم لـە لای باوکـم دەمایـەوە، چونکـە وەک گوتـم باوکـم پێشـتر هـەردوو چـاوەکانی لەدەسـتدابوون. بێجگـە لـە لەدەسـتدانی چـاوی، باوکـم تـووشی نەخـۆشی تیفـۆ بـوو و هـەر بـەو نەخۆشـییە لـە گونـدی قەڵاتـوکانی ناوچـەی شـاری نەغـەدەی کوردسـتانی ئێـران کۆچـی دواییکـرد. کاتێـک باوکـم کۆچـی دوایـی کردبـوو، مـن و خەدیجـای خوشـکم لـەوێ نەبوویـن و چووبووینـەوە کوردسـتانی عێـراق و دوو بـاری گەڼـان بردبـووەوە کۆنـە گوندەکـەی خۆمـان (ئافریـان).

لەکاتی گەڕانەوەمان لە حاجی ئۆمەران زانیمان، باوکمان مردووە. باوکم گوتبووی جەنازەکەی نەبەینەوە کوردستانی عێراق و هەر لەوێ لە گوندێک بینێژین، چونکە باوکیشی هەر لەوێ لە ناوچەی شنۆ کوژرابوو و لەوێ بە خاك سپێردرابوو. کاتێک باوکم تووشی نەخۆشی تیفۆ بوو، بە منی گوت عەزیز ئەگەر بزانی کەسێک لە خزمەکانمان دەچێتەوە کوردستانی عێراق پێی بڵێ لەسەر ڕێگای خۆی بچێتە شاری ڕواندز و بە عەلی برام بڵێت باوکت نەخۆشە و دەیەوێ بچیتە لای و بتبینێت و لەوانەیە باوکت بەهۆی ئەو نەخۆشییە گیان لەدەست بدات.

لەوکاتەدا خزمێکی خۆمان دەگەڕایەوە کوردستانی عێراق و من چوومە لای و پێم گوت کە گەڕایەوە، بەڵکو بتوانی لەسەر ڕێگای خۆت بچیتە شاری ڕواندز و لەوێ بچیتە لای عەلی قازی برام و ئەوەی پێ ڕابگەیەنێ کە باوکم زۆر نەخۆشە و داوای دیداری ئەو دەکات، بەڵکو پێی بڵێی بتوانێ مۆڵەت وەربگرێ و بێ سەردانێکی باوکم بکات.

عەلی برام کە هەواڵەکە دەزانێت، دەستبەجێ دێتە گوندی قەڵاتوکان لە کوردستانی ئێران و پێش ئەوەی باوکم کۆچی دوایی بکات، عەلی گەیشتە لامان. هەروەها مەلای گوندی قەڵاتوکانیش هاتە لای باوکم و پێی گوت کە مەلا مستەفای بارزانی دوای چەند ساڵێک دەسبەسەری و دەربەدەری هاتووەتەوە کوردستانی ئێران و دواتر گەڕاوەتەوە ناوچەی خۆی لە بارزان و شۆڕشی هەڵگیرساندووە.

مەلا مستەفای بارزانی لە شاری سلێمانی لە کوردستانی عێراق دەستبەسەر بوو و لەوێ بە هاوکاری حزبی هیوا و چەند کەسێکی نیشتیمانپەروەر ڕزگار دەکرێت و دێتە کوردستانی ئێران و لەوێ خۆی دوا ناخات و لەساڵی ١٩٤٣ دەچێتەوە وڵاتی خۆی کە بارزانە. ئینجا باوکم بە عەلی قازی برام دەڵێ: «نەچیتەوە ڕواندز بۆ سەربازی و یەکسەر پەیوەندی بە شۆڕشی بارزانەوە

هەواڵنامەی کتێب

بـکات، ئەگـەر ڕەخسا چەکێکیـش لەگـەڵ خـۆت ببـە». ئەویـش کـە دەگەڕێتەوە دەچێتــە ڕوانــدز و چەکێــک لەگــەڵ خــۆی دەبــات و لەگــەڵ کۆمەڵێــك لــە گەنجـی بارزانییـەکان کـە پێکـەوە سـەرباز بـوون کـە بریتـی بـوون:

١- ئەحمەد مستەفا شوان
٢- عەلی باپیر کانیەلنجی
٣- حەسکۆ میرۆ بێرسیاڤی
٤- باپیر شێخۆ (هەمزە پیرانی)
٥- ئەحمەد حەسەن بێستری
٦- شێخۆ حەسەن کەکلەیی
٧- مستەفا ئەحمەد کەکلەیی
٨- عەلی قازی حمەد سورچی
٩- صالح ئەحمەد ڤاژی
١٠- ئۆغز محەمەد
١١- شینۆ حەیدەر
١٢- حەمید محەمەد ئەرگۆشی
١٣- میربابا پیرانی
١٤- مستەفا ئەحمەد ڤاژی (سیدەکی)
١٥- مەحمود فەقێ ئەحمەد مەمۆلی
١٦- عەزیز صالح قادر خەلانەیی
١٧- صدیق عبدالله ئەرگۆشی
١٨- حاجی حەدۆ ڤاژی
١٩- مەلا ڕەشێ مەزنەیی
٢٠- شێخۆ مرادخان ڤاژی
٢١- حسین مرادخان ڤاژی
٢٢- یاسین یاسین پێندرۆیی

دەچێتــە لای مــەلا مســتەفای بــارزانی و پێــی دەڵێــت: «ئــەو لەســەر

هەواڵنامەی کتێب

ڕاسپاردەدەی باوکی کە قازی حەمەد سورچییە، هاتووە بۆئەوەی لەژێر سەرکردایەتی ئەودا ببێت بە پێشمەرگەی شۆڕشی بارزان». مەلا مستەفای بارزانی پێشتر باوکمی دەناسی، چونکە باوکم پێشتر سەردانی ناوچەی بارزانی دەکرد. ئینجا سەرۆک مستەفا بارزانی بەخێری دەهێنێ و پێی دەڵێت کە من باوکی تۆ دەناسم. باوکم بەر لەوەی کۆچی دوایی بکات هەواڵی ئەوەی پێگەیشت کە عەلی قازی برام لە لای مەلا مستەفای بارزانی بووە بە پێشمەرگەی شۆڕش.

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٣ دا براکەم بوو بە پێشمەرگەی شۆڕش و باوکیشم کۆچی دوایی کرد، پاش پازدە ڕۆژ ئێمە بە یەکجاری چووینەوە گوندەکەی خۆمان لە کوردستانی عێراق. کاتێک گەڕاینەوە گوندەکەمان چەند بارە گەنمێکمان پێ بوو کە بۆ خۆمان بردبوومانەوە.

**گەڕانەوەمان لە ئێرانەوە بۆ گوندی خۆمان**

ئەوانەی لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٤٣ چووبووینە کوردستانی ئێران، لە مانگی تشرین هەموومان بەیەکەوە گەڕاینەوە گوندی خۆمان لە کوردستانی عێراق. ئێمە و خزمەکانمان هەریەکە و چەند بارە گەنمێکمان لەگەڵ خۆمان هێنابووەوە، بەڵام بەداخەوە من لەو ساڵە هیچ ئیشێکم نەکرد و تەنیا هەندێک لەو گەنم و جۆیەم فرۆشت کە لەگەڵ خۆمان بردبوومانەوە و ئەوەشم زۆر پێ ناخۆشبوو.

لە نیسانی ساڵی ١٩٤٤ دا ئامۆزایەکم کە ناوی عەبدوڵا حەمەد بابەکر بوو، کۆچی دوایی کرد. لەوکاتەی عەبدوڵای ئامۆزام کۆچی دوایی کردبوو من لەوێ نەبووم و چووبووم بۆ ئاش لە گوندی مەرزان لە دەشتی هەریر. هەواڵم بۆ هات کە شەوی ڕابردوو عەبدوڵا مردووە و چاوەڕوانی تۆ دەکەن تا بینێژن. مریەمی ئامۆزام لە ئاش بەجێما و منیش گەڕامەوە گوندەکەمان. کاتێک گەیشتم گۆڕەکەیان ئامادە کردبوو و چاوەڕوانی منیان دەکرد. من

چووم بۆ گۆڕستان. جوانەمەرگ برایەکی لەخۆی بچووکتری هەبوو کە ناوی حامید حەمەد بوو، ئەویش کۆچی دوایی کرد. عەبدولا تەمەنی ١٧ ساڵان بوو کە کۆچی دوایی کرد و حامیدیش لە تەمەنی ٤٤ ساڵیدا مرد کە سێ کوڕ و یەک کچی هەبوو. ئەو کاتەی ئەو مرد منداڵەکانم لە بەغداوە هاتبوون بۆ لای من و منیش مۆڵەتم وەرگرت و چوومەوە بۆ ئافریان و لەماڵی عەلی قازی برام یەکمان بینی.

## دایکم عەلی کوڕی دەدۆزێتەوە

با کەمێک بگەڕێینەوە دواوە. لەمەوبەر باسمکرد کە سورمێ دایکم بەر لەوەی مێرد بە باوکم بکات، مێردی بە پیاوێکی دیکە کردبوو کە ناوی باپیر بابەکر بوو لە گوندی کانیەلنجان کوڕێکی هەبوو، دایکم کە مێرد بە باوکم دەکات، نۆبەرەی کوڕ دەبێت و ناوی دەنێت عەلی، لەبەر خۆشەویستی بۆ عەلی کوڕی کە لێیان ستاندبوو. دایکم هەموو جار بە ئێمەی دەگوت  من کوڕێکی دیکەشم هەیە ناوی عەلییە، بەڵام نەیدەزانی ماوە یان مردووە. عەلی قازی لەدایک و باوکەوە برامە، هەرچی عەلی باپیرە تەنیا لە دایکەوە براین.

جارێکیان دایکم دەچێتە ڕواندز بۆ سەردانی عەلی قازی برام کە ئەوکات سەربازبوو لە سوپای عێراق و لەڕێگادا دەگاتە کاروانێکی بارزانییەکان کە خەڵکی گوندی ژاژۆک دەبن. دایکم پرسیاری باوکی کەونە مێردەکەیان لێ دەکات کە ناوی (بابەکر) بوو و دەڵێ لە کۆنەوە ناسیاویمان لەگەڵیان هەبوو، بەڵام ئێستا هیچیان لەبارەوە نازانین. ئەوانیش بە دایکم دەڵێن کە (بابەکر) مردووە و (باپیر)ی کوڕیشی بەهەمان شێوە، بەڵام باپیر کوڕێکی هەبوو ناوی (عەلی)یە، ئەو ئێستا سەربازی سوپای عێراقە لە ڕواندز. دایکم کە دەگاتە ڕواندز بانگی عەلی قازی برام دەکات و لەوێ پێی دەڵێ: من

(عەلی باپیر)ی کوڕی خۆم دۆزیوەتەوە و ئەویش لێرە سەربازە. دایکم بە عەلی قازی برام دەڵێت ئێوە لێرە بن و من دەچم (عەلی باپیر) دەهێنم و بە سەربازێک دەڵێت کە بچێت بۆی بانگی عەلی باپیر بکات و سەربازەکە عەلی باپیر دەدۆزێتەوە پێی دەڵێت» «ژنێکی خزمتان لەو شوێنە دانیشتووە و دەیەوێت تۆ ببینێت». عەلی باپیر دەچێتە لای دایکم و لەوێ دایکم پێی دەڵێ کە من دایکی تۆم و دەگرییێن. ئینجا پێی دەڵێ کە من کوڕێکی دیکەشم هەیە ناوی عەلی قازییە و ئەویش هەر لێرە سەربازە. هەردوو براکەم یەکتریان دەناسی، بەڵام نەیاندەزانی کە برای یەکترن. ئەوان لەوێ لە شاری ڕواندز بەیەک شاددەبنەوە. دایکم کە گەڕایەوە بە ئێمەی گوت من کوڕی خۆم دۆزییەوە و ئەو لەگەڵ عەلی قازی کوڕم لە ڕواندز سەربازە. پاشان من و عەبدوڵای ئامۆزام لەشارۆچکەی هەریرەوە چووینە ڕواندز بۆ دیداری عەلی باپیر کە لە دایکمەوە برامە و لەوێ بەیەک شادبووین.

**بەماڵەوە چووینە ناوچەی بارزان.**

دوای ئەوەی ڕێککەوتنی ئاشتی واژۆکرا و سەرکردایەتی شۆڕشی بارزان و حکومەتی عێراق پێکهاتن، شەڕ لەنێوان هەردوولا لە ڕێکەوتی ١٩٤٤/١/٧ وەستا، بەڵام عەلی قازی برام لەترسی ئەوەی نەوەک حکومەتی عێراق بیگرێ، نەدەوێرا بێتەوە ناوچەی هەریر، چونکە ئەو پێشتر سەرباز بوو لە حکومەتی عێراقی و بە قسەی باوکم پەیوەندی بە شۆڕشی بارزانەوە کردبوو.

لە ڕێکەوتی ١٩٤٤/١/٤ دا عەلی قازی برام لەگەڵ عەلی باپیر بابەکر کانیەلنجی و ئەحمەد مستەفا کانیەلنجی لە ناوچەکانی بن دەسەڵاتی شۆڕشی بارزانەوە دێنە گوندی ئافریان، تا ماڵی ئێمە ببەنە گوندی کانیەلنجان. لەوکاتەدا من تازە ئامۆزایەکم کۆچی دوایی کردبوو کە ناوی

عەبدوڵا حەمەد بابەکر بوو و یەک ساڵ لە من گەورەتر بوو و تەمەنی حەڤدە ساڵان بوو. من و عەبدوڵا بەردەوام پێکەوە بووین و یەکدیمان زۆر خۆشدەویست و هێشتا تازییەکەمان تەوا نەببوو کە ئەوان هاتن تا ماڵمان باربکەین و بچینە ناوچەی شۆڕشی بارزان. من ئەوەم زۆر پێ ناخۆش بوو کە عەشیرەتی خۆمان بە جێبێڵین، بەتایبەتی پێمخۆش نەبوو بچینە جێگایەک کە ئێمە کەسی تێدا ناناسین، بەڵام لەبەر خاتری براکەم بڕیارماندا ماڵەکەمان بگوازینەوە و بچینە گوندی کانیەلنجان لە ناوچەی شێروان مەزن. لە ڕێکەوتی ١٩٤٤/١/١٥ گەیشتینە ئەوێ. دایکم پێی خۆشبوو کە ماڵمان بگوازینەوە، چونکە عەلی باپیر کوڕی خۆی بوو.

کاتێک چووینە گوندی کانیەلنجان، لەوێ خانووێکمان بە شێوەیەکی کاتی بۆ ئامادەکرا. لەو گوندە هەموو ئیش و کاری ماڵەوەمان کەوتە سەرشانی من، چونکە عەلی برام پێشمەرگەی شۆڕشی بارزان بوو و بەردەوام لەبەرەکانی شەڕبوو و پێی خۆش نەبوو سەردانی ماڵەوە بکات، نەوەک کاربکات و هیچ کات بیری لەوە نەدەکردەوە کە جارێک بێتەوە ماڵ و کارێک بۆ بژێوی ژیانی ئێمە بکات.

لە گوندی کانیەلنجان من دەستم بەئیشکردن کرد و لەسەر ڕێگەی ئۆتۆمبێل ڕۆژی بە پەنجا فلس کە دەکاتە نیو درهەم، کارم دەکرد. دواتر لە مانگی تشرینی ساڵی ١٩٤٤ چوومەوە ئافریانی گوندەکەی خۆمان تا لەوێ هەندێک گەنم و جۆ بچێنم، چونکە لە گوندی کانیەلنجان پارچە زەوییەکم دەست نەکەوت تا هەندێک گەنم و جۆی لێ دابچێنم. ئێمە زەوبوزارێکی زۆرمان هەبوو لە ئافریان و لەوێ ١٠ تەنەکە گەنم و ٥ تەنەکە جۆم داچاند و لەوێ مامەوە تا مانگی نیسانی ساڵی ١٩٤٥. پاش ئەوە دایکم هات بەدوامدا و بەیەکەوە چووینەوە گوندی کانیەلنجان و لە مانگی گوڵان دووبارە من و دایکم بەیەکەوە چووینەوە ئافریان هەتا ئەو

گەنـم و جۆییـەی دامـان چاندبـوو بیدوورینـەوە. ئێمـە گەنـم و جۆکـەی خۆمـان دوورییــەوە و بەرهەمێکــی زۆر باشــمان هەبــوو کــە بەشــێکی زۆریــمان لێــی بـردەوە گونـدی کانیەلنجـان و بەشـەکەی دیکەشـمان لـە ئافریـان هێشـتەوە تـا دواتـر بێیـن و بیبەیـن.

# بەندی دووەم:
# پەیوەندیکردنمان بە شۆڕشەکانی بارزان

**بارزان لانەی شێران**

بەر لەوەی بچینە ناو دەنگوباسی شۆڕشەکانی بارزان، پێویست دەکات باس لە شێخەکانی بارزان بکەین. ڕەچەڵەکی شێخانی بارزان لە (شێخ تاجەدین)ەوە هاتووە کە (شێخ تاجەدین) پیاوێک بووە لە خەلیفەکانی (مەولانا خالید) و هاتووە بۆ گوندی بارزان و لەوێ دەستی بە تەریقەت و ئیرشاد کردووە و لە گوندی بارزان تەکیەیەکی ئاوەدانکردووەتەوە و بەهۆی ئیرشاد تەریقەتەوە خەڵک و عەشیرەتێکی زۆر دەبنە شوێنکەوتەی لەوانە (هەرکی بنەجی، مزووری سەرەوە، گەردی، بەرۆژی، نزاری، شێروان مەزن، دۆلەمەری) کە ئەو ناوچانە لە دەڤەری بارزانەوە تا نزیک ڕواندز لەخۆ دەگرن.

شێخ تاجەدین بێجگە لە تەریقەتەکەی پیاوێکی عالیم و زانا بووە. پاش خۆی تەریقەت دەداتە شێخ عەبدولسەلامی یەکەم کە کوڕی خۆی بووە و دواتر تەریقەت دەدرێتە شێخ محەمەدی کوڕی شێخ عەبدولسەلام و شێخ محەمەدیش پێنج کوڕی هەبوون: (شێخ عەبدولسەلامی دووەم، شێخ ئەحمەد، شێخ محەمەد سەدیق، مەلا مستەفا، بە شێخ محەمەد دەگوترا شێخ بابۆ، چونکە بەناوی باوکی کرابووەوە).

دوای ئەوەی ئەو ناوچانە هەموویان کەوتنە ژێر کاریگەری شێخەکانی بارزان، خەڵکی ئەو ناوچانە هەموویان ڕوویان لە بارزان کرد و لەدەوری شێخەکانی بارزان کۆبوونەوە. ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئاغاکانی زێباری خۆیان لە دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە ئیستەمبۆل نزیک بکەنەوە و پڕوپاگەندە و دەنگۆی خراپ بۆ شێخەکانی بارزان هەڵببەستن و بڵاوی بکەنەوە. دەیانگوت شێخەکانی بارزان بە نیازن حکومەتێکی کوردی دروستبکەن و خۆیان لە حکومەتی ئیستەمبۆل جیابکەنەوە. هەروەها دەچوونە لای عوسمانییەکان و پێیان دەگوتن، شێخەکانی بارزان لەژێرەوە دەستیان لەگەڵ حکومەتی ڕووس

تێکەڵکردووە و دەیانەوێ حکومەتێکی کوردییان بۆ دروست بکەن.

عوسمانییەکان ویستیان کۆتایی بە شێخەکانی بارزان بهێنن و لەناویان ببەن. کاتێک شێخ عەبدولسەلام بەمەی زانی چەند داواکارییەکی لە بابی عالی ئیستەمبۆل کرد و داوای ئەوەی کرد، ئەو کاربەدەستانەی عوسمانی کە بوونەتە مایەی ئاژاوە و گەندەڵی لە ناوچە کوردییەکان دووربخرێنەوە و بگوازرێنەوە بۆ شوێنی دیکە. کۆمەڵێکیش لە سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان پشتگیرییان لەو داوایەی شێخ عەبدولسەلام کرد و هەروەها داوایان کرد هەوڵبدرێ حکومەتێکی سەربەخۆی کوردی دروست بکرێ، بۆیە حکومەتی عوسمانی هێزێکی زۆری سەربازی ناردە سەر ناوچەکە بۆ هێرشکردنە سەر بارزانییەکان تا بە یەکجاری لەناویان ببەن. لەوکاتەدا لە ئیستەمبۆل دوو حزب هەبوون (پارتی ئیتیحاد و تەرەقی و پارتی حورییەت و ئیتیلاف)، ئەم دوو پارتیەش لە دژی یەکبوون. پارتی حوریەت و ئیتیلاف پشتگیرییان لە شێخ عەبدولسەلامی بارزانی دەکرد و پارتی ئیتیحاد و تەرەقیش هەوڵی لەناوبردن و کۆتاییهێنانی بارزانییەکانیان دەدا. دوای ئەوەی پارتی حوریەت و ئیتیلاف هاتە سەر حوکم بە هاوکاری نازم پاشای والی بەغدا لێبوردنێکی گشتی بۆ بارزانییەکان و بۆ شێخ عەبدولسەلامی بارزانیش دەرچوو. زۆری پێ نەچوو دووبارە پارتی ئیتیحاد و تەرەقی هاتەوە سەر حوکم و ئەوکاتەی نازم پاشای والی بەغدا دەبێتە وەزیری جەنگ لە ئیستەمبۆل بە فەرمانی پارتی ئیتیحاد و تەرەقی دەکوژرێت و ئەو پارتییەش دەست بە توندوتیژی دەکاتەوە. (سەلمان نەزیف)ی کوڕی سەعید بەگی دیاربەکر کرا بە والی موسڵ. جاری پێشوو کە پارتی ئیتیحاد و تەرەقی لەسەر حوکم بوون بە سەرۆکایەتی مەحموود شەوکەت پاشا وەزارەتی ئیستەمبۆلیان دامەزارند و حوکمیان خستە دەستی خۆیان، دواتر مەحموود شەوکەت پاشا کوژرا و حکومەتەکەشیان ڕووخا.

کوشتنی مەحموود شەوکەت پاشا خرایە ئەستۆی سەفوەت بەگ کە

سـەرۆکی سـوپا بـوو و ئەندامێکـی گـەورە و بـەکار بـوو لـە پـارتی حوریـەت و ئیتیلافـدا. کاتێـک دووبـارە پـارتی ئیتیحـاد تەرەقـی هاتـەوە سـەر حوکـم، سـەفوەت بـەگ لەوکاتـەدا لـە موسڵ بـوو و ڕایکـردە لای شـێخ عەبدولسـەلامی بـارزانی لـە بـارزان.

سـلێمان نەزیـف لـە لایـەن پـارتی ئیتیحادییەکانـەوە کـرا بـە والی موسـڵ و هەمـوو دەسـەڵاتێکی هەبـوو بـۆ کوشـتن و بڕیـن و زیندانیکـردنی خەڵـک. داوای لـە شـێخ عەبدولسـەلامی بـارزانی کـرد سـەفوەت بـەگ بـدات بەدەستەوە، بـەڵام شـێخ داواکـەی سـلێمان نەزیفـی ڕەتکـردەوە، چونکـە سـەفوەت خـۆی خسـتبووە ماڵـی ئـەوان. سـلێمان نەزیـف سـوپایەکی زۆری هێنایـە سـەر بـارزان و دوای شـەڕێکی بەهێـز و خوێنـاوی شـێخ عەبدولسـەلام بـارزانی وڵاتی بەجێهێشـت و ڕوویکـردە کوردسـتانی ئێـران و چـووە لای (سـەید تەهـای کـوڕی شـێخ عوبەیدوڵـڵای نەهـری). پاشـان هـەر لەوێـوە شـێخ عەبدولسـەلام دەچێتـە سـەردانی سـمکۆی شـکاک کـە لەسـەر سـنووری نێـوان کوردسـتانی ئێـران و عێـراق بـوو. لـە گەڕانـەوەی بـۆ لای سـەید تەهـا، (سـۆفی عەبـدوڵای گەنگەچینـی) جەماعەتێکـی خـۆی دەنێرێـت بـۆ سـەر ڕێگـەی شـێخ عەبدولسـەلامی بـارزانی و پێـی دەڵێـن سـۆفی عەبـدوڵا گوتوویـەتی: «ئەگـەر شـێخ عەبدولسـەلام نەیەتـە ماڵـی مـن، ئـەوا مـن ماڵـی خـۆم دەسـووتێنم». بۆئـەوەی سـۆفی ماڵـی خـۆی نەسـووتێنێت، شـێخ عەبدولسـەلام دەچێتـە ماڵـی و لـەوێ سـۆفی عەبـدوڵا پێـی دەڵێـت مـن بۆیـە بانگـی ئێـوەم کـردووە بـۆ ماڵـی خـۆم تـا بتانگـرم و ڕادەسـتی حکومـەتی عوسـمانیتان بکەمـەوە. شـێخ عەبدولسـەلام بـە سـۆفی عەبـدوڵا دەڵێت واز لـەم کارە بێنێـت، بـەڵام سـوودی نەبـووە، بۆیـە شـەڕ لەنێوانیـان ڕوودەدات و شـێخ عەبدولسـەلام و چەنـد چەکدارێـک دەگیرێـن و چەنـد کەسـێکیش لـە هـەردوولا کـوژران. دوای ئـەوە سـۆفی عەبـدوڵا دەسـتگیرکراوەکان دەبـات بـۆ شـاری (وان) لـە کوردسـتانی تورکیـا و لەوێشـەوە بـۆ شـاری دیاربەکـر. لـەوێ

ڕاناگیرێن و دەنێردرێن بۆ شاری موسڵ و دەدرێنە دەست سلێمان نەزیف و سلێمان نەزیف دەگاتە ئاواتی خۆی، بۆیە لە ١٩١٤/١٢/١ شێخ عەبدولسەلام لە شاری موسڵ لە سێدارە دەدرێ.

## شۆڕشی یەکەمی بارزان ١٩٣١-١٩٣٢

شۆڕشی یەکەمی بارزان لە ساڵانی ١٩٣١-١٩٣٢ بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەدی بارزانیی برا گەورەی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی دەستیپێکرد. بەرلەوەی شۆڕشی بارزان دەستپێبکات (ئیبراهیم فەهیم) ئاگاداری حکومەتی عێراق دەکاتەوە و پێیان دەڵێت شێخ ئەحمەد بارزانی هێرشی کردووەتە سەر چەند گوندێک و دەستی لە تاڵانکردن و کوشتن نەپاراستووە، ئەمانەش جگە لە درۆیەک کە ئیبراهیم فەهیم بۆ شێخ ئەحمەدی هەڵبەستبوون، هیچی دیکە نەبوون، هەر لەبەر ئەم پڕوپاگەندە ناڕاستانە حکومەتی عێراق بڕیار دەدات هێرش بکاتە سەر بارزان و بارزانییەکان لەناو ببات.

هێزی سوپای عێراق بە سەرۆکایەتی (بەرقی بەگ) لە ڕۆژی ١٩٣١/١٢/٩ هێرش دەکات و شەڕێکی خوێناوی ڕوودەدات و کوشتارێکی زۆر لە سوپای عێراقی دەکرێت و ١٢٦ سەرباز و ئەفسەر دەکوژرێن و جەنازەکانیان لە مەیدانی شەڕ جێدەمێنن و حکومەتی عێراقی دەشکێت و دەگەڕێتەوە مۆڵگەی خۆی لە بلێ. لەو شەڕەدا پێنج شۆڕشگێری بارزانی شەهید بوون کە ئەمە ناوەکانیانە:

١- مەسعود زبێر بارزانی

٢- بابەکر هەڤنکی

٣- تەیب شێرۆ هەڤنکی

٤- چیچو شیرۆ هەڤنکی

٥- عەزیز مستەفا بیبانی.

دوای ئـەو شـەڕە خوێناوییـە، دووبـارە حکومـەتی عێـراق خـۆی ئامـادە دەکاتـەوە بـۆ هێرشـێکی دیکـە و ئەمجارەیـان سـوپای عێـراق لـە ناوچـەی مێرگەسـۆرەوە هێـرش دێنـێ بـەرەو دۆڵـی (ڤاژیـێ) و لـە شـەوی ٣ لەسـەر ٤ی /١٩٣٢/٤ دا شـەڕێکی خوێنـاوی ڕوودەدات و دووبـارە سـوپای عێـراق ٢٥٣ تەرمـی لـە گۆڕەپـانی شـەڕ لـە دوای خـۆی بەجێهێشـت. زیـانی بارزانییـەکان لـە شـەڕی دۆڵـی ڤاژیـێ ١٢ شۆڕشـگێڕبوون کـە ناوەکانیـان ئەمانـە بـوون:

١- عەبدوڵا میرخان مێرگەسۆری

٢- چاوشین کورانی

٣- حوسێن محەمەد هوستانی

٤- بابەکر بێخشاشی

٥- شەریف کانیە دێری

٦- عەزۆ سپینداری

٧- محەمەد کۆرێ مامیسکی

٨- مستەفا حەیدەر دۆلەمەری

٩- خدر خەرەیێ دۆلەمەری

١٠- مەلاسەلیم کۆرکەیی

١١- ئیبراهیم شەوالی کۆرکەیی

١٢- شێخ وەسمان دۆلەمەری

هەروەهـا ٣٤ شۆڕشـگێڕیش برینداربـوون، لـە ئەنجامـی سـەختی برینـی یەکێـک لـە برینـدارەکان کـە نـاوی حـالی حسـکۆ کانیەلنجـی گیـانی لەدەسـتدا و ژمـارەی شـەهیدەکان بـوو بـە ١٣ شـەهید. ئـەم شـەڕە بـە سـەرکردایەتی سـەرۆک مـەلا مسـتەفای بـارزانی بـوو کـە لەوکاتـدا تەمـەنی سـەرۆک بـارزانی ٢٩ سـاڵ بوو.

لـە دوای هـەردوو شـەڕە خوێناوییەکـەی شـۆڕشی یەکەمـی بـارزان، شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی و مـەلا مسـتەفای بـارزانی لەگـەڵ تـەواوی خـاو و خێزانیـان لـە ١٩٣٢/٦/٢٢ گونـدی بـارزان بەجێدێڵـن و پەنـا بـۆ خاکـی کوردسـتانی تورکیـا دەبـەن. دواتـر حکومـەتی تورکیـا خیانەتیـان لـێ دەکات و لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٣٣ دا حکومـەتی تـورک شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی دەگرن و بە بەندی ڕادەسـتی حکومـەتی عێراقـی دەکەنـەوە. سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی بـە هـاوکاری بـرا کـوردەکانی کوردسـتانی تورکیـا بەخـۆی و بنەماڵەکـەی خۆیـان دەربـاز دەکـەن و دەگەڕێنـەوە بـارزانی گونـدی خۆیـان و دواتـر حکومـەتی عێـراق ناچـار دەکات شـێخ ئەحمـەدی براگـەورەی ئـازاد بکـەن و بگەڕێتـەوە گونـدی بـارزان.

لەسـاڵی ١٩٣٦ دا سـەرۆک مـەلا مسـتەفای بـارزانی بـۆ وتوویـژ لەگـەڵ حکومـەتی عێـراق دەچێتـە شـاری موسـڵ و لـە لایـەن پارێـزگاری ئـەوکاتی ئـەو شـارە دەرمانخـوارد دەکرێـت و خـوای گـەورە نەجـاتی دەدا. دوای سـاڵی ١٩٣٦ سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی و شـێخ ئەحمـەدی بـرا گـەورەی دووردەخرێنـە شـارەکانی خـوارووی عێـراق و لـەوێ دەستبەسـەر دەبـن و دوای ئـەوە دەیانگوازنـەوە بـۆ شـاری سـلێمانی. لـە سـلێمانی دووبـارە دەستبەسـەر دەکرێـن و نایەڵـن هیـچ کەسـێک هاتوچۆیـان بـکات و بـە دەستبەسـەری لەژێـر چاودێـری پۆلیـسی عێـراق دەمێننـەوە.

### ڕزگاربوونی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی لە دەستبەسەری و دەربەدەری

لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٣/٧/١٢ دا سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی دوای چەندیـن سـاڵ دەستبەسـەری و دەربەدەری، بەهـاوکاری حزبی هیوا و چەند کەسایەتییێکی نیشـتیمانپەروەر لـە شـاری سـلێمانی ڕزگاری دەبێـت و لـە ڕێـگای پێنجوێـن و سەردەشـت دەگاتـە ناوچـەی شـنۆ لـە کوردسـتانی ئێـران و لـەوێ دەچێـت بـۆ ماڵـی مامەنـد مەسـیحی شـێروانی. مامەنـد مەسـیح کوردێکـی کوردسـتانی عێـراق

بوو و لەترسی حکومەت بە ماڵەوە چووبووە کوردستانی ئێران و لە گوندی (کلە)ی ناوچەی شنۆ نیشتەجێ دەبێت. لەوێ لەماڵی مامەند مەسیحدا ئەم هەڤاڵانە پەیوەندی بە سەرۆک مەلا مستەفای بارزانی دەکەن: (١- حەسەن ئەحمەد ناز ٢- میرزا ئاغا خاڵ هەمزە مێرگەسۆری ٣- محەمەد عیسا مێرگەسۆری ٤- خان ئاڤدەل محەمەد ٥- عەبدوڵا گۆرەیی ٦- ساڵح گۆرەیی ٧- محەمەد ئاغا بۆکری)، ئەمانەش هەموویان بارزانی بوون و لەترسی حکومەتی عێراق چووبوونە کوردستانی ئێران و لە ناوچەی شنۆ بوون، لەوێ لە لایەن هاونیشتیمانیانی کورد، چەند پارچە چەکێکیان پێ دەدرێت. حکومەتی عێراق و ئێران هەریەکەیان (٥٠٠٠٠) دینار وەکو پاداشت تەرخان دەکەن بۆ هەر کەسێک کە مەلا مستەفایان بە زیندوویتی یان بە مردوویی ڕادەست بکات.

مەلا مستەفای بارزانی لە ڕێکەوتی ١٩٤٣/٧/٢٨ دێتەوە کوردستانی عێراق و لە دامێنی چیای هەڵگورد لە گوندی سارکێ دەچێتە ماڵی مامک خەیلانی. لە ناوچەی شێروان مەزن لەنزیک گوندی کانیەلنجان ئەم هەڤاڵانە پەیوەندی بە سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی دەکەن:

١- محەمەد ئەمین میرخان مێرگەسۆری

٢- عومەر عەبدوڵا خەلانی

٣- ڕەشۆ خاڵ هەمزە مێرگەسۆری

٤- قادر باڤەیی

٥- عەزیز ئاغا زراری

٦- ساڵح عەلی کانیەلنجی

٧- حارس خانۆ بێدارونی

٨- مەلا شنی بێدارونی

٩- تەها ڕەشید بێرۆخی

١٠- حاجی بێرۆخی

١١- محەمەد سەعید بێرۆخی

١٢- حەسۆ میرخان دۆلەمەری

١٣- حەسۆ یوسف

١٤-سەلیم سێلکی

دوای ئەمانە زۆر کەسی دیش کە هەندێکیان بە چەکەوە و هەندێکیشیان بێ چەک پەیوەندی دەکەن. لەماوەیەکی کەمدا نزیکەی دوو هەزار بارزانی پەیوەندی بە مەلا مستەفا بارزانی دەکەن و زۆربەیان بە چەکەوە پەیوەندی پێوە دەکەن. پاشان هێزی چەکداری خۆی ڕێکدەخات و چەند کەسێکی وەکو بەرپرسیارانی ئەو هێزە دەستنیشان دەکات کە ئەمانە بوون:

١- محەمەد ئەمین میرخان مێرگەسۆری

٢- ساڵح عەلی مەحەمەد کانیەلینجی

٣- عوزێر ئاغا زراری

٤- مامەند مەسیح سەرۆکانی

٥- حاجی بێرۆخی

ئینجا سەرۆک بارزانی پەیوەندی بە بەرپرسانی عێراق دەکات و ئاگاداریان دەکاتەوە کە ئەو گەڕاوەتەوە بارزان، بەڵام مەبەست لە هاتنەوەی بۆ شەڕکردن نییە و حەزمان لە ئاشتییە و دەمانەوێت وەک هەر هاووڵاتییەکی دیکەی عێراق، جا کورد بێت یان عەرەب بە ئاشتی بژین. حکومەتی عێراق وەڵامی بارزانی بە ناردنی سوپا و پۆلیس بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ هێرشکردنە سەر ناوچەی بارزان دایەوە. هەروەها شێخ ئەحمەدی برای کە ئەوکات

لە سلێمانی بوون بە خاو و خێزانەوە بۆ حللە و بەغدا و شارەکانی دیکەی خوارووی عێراق دووردەخرێنەوە و دەیانخەنە ژێر چاودێری پۆلیس و ئەمنی عێراقی.

کاتێک مەلا مستەفای بارزانی ئەم هەواڵەی پێ دەگات لەگەڵ هێزی چەکداری تایبەتی خۆی دەست دەکات بە گەڕان لە ناوچەکانی دەوروبەری بارزان و دەچێتە ناوچەی برادۆست و لە سیدەکان سەردانی مەحموود بەگی خەلیفە دەکات و محەمەدئەمین میرخان مێرگەسۆری بۆ گرتنی چیای مێرگەسۆر دەنێرێت، لەترسی ئەوەی نەبادا حکومەتی عێراق سوپا بنێرێت و پشتییان لێ بگرێت. لەوکاتەدا مەلیکی عێراق بۆ سەردانکردنی شێخ ڕەشیدی لۆلان سەردانی ناوچەی برادۆست دەکات. مەلیک هاتبووە لای شێخ ڕەشید تا سۆفییەکانی ئامادەبکات شەڕ لەگەڵ بارزانییەکان دەست پێبکەن. مەلا مستەفا لای مەحموود بەگ دەگەڕێتەوە ناوچەی مێرگەسۆر و شێروان مەزن لە کوردستانی عێراق.

## هەڵگیرسانی شۆڕشی دووەمی بارزان (١٩٤- ١٩٤٥

کاتێک سەرۆک بارزانی لە لای مەحموود ئاغای برادۆست و خەلیفە سەمەد لە مێرگەسۆر گەڕایەوە. هێزی خۆی ئامادەدەکات بۆ هێرشکردنە سەر هەموو مەخفەرەکانی حکومەتی عێراق لە ناوچەی بارزان، تا ناوچەکانی خۆیان لە هەموو کاربەدەستانی حکومەتی عێراق پاکبکەنەوە:

## شەڕی بەناوبانگی شانەدەر:

ئەم شەڕە، لە ڕێکەوتی ١٩٤٣/١٠/٢ بە سەرکردایەتی محەمەد ئەمین میرخان مێرگەسۆری و مامەند مەسیحی و عوزێر ئاغای زراری لە گوندی شانەدەر دەستیپێکرد. لەناو گوند شێخۆمەری شانەدەری یارمەتی ئەوانی دا و بەماوەیەکی زۆر کەم توانیان مەخفەری گوندی شانەدەر بگرن و هەموو

پۆلیس و کارمەندەکانی ناو مەخفەرەکە دەستبەسەر بکەن. بارزانییەکان لە دەستبەسەرداگرتنی مەخفەری گوندی شانەدەر بێ زیان دەرچوون.

لە دوای شەڕی گوندی شانەدەر دەنگوباس بە تەواوی کوردستانی گەورە، بەتایبەتی کوردستانی عێراقدا بڵاوبووەوە کە دووبارە سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی شۆڕشێکی دیکەی لە ناوچەی بارزان هەڵگیرساندووەتەوە.

## شەڕی بەناوبانگی خێرەزۆکان:

لە دوای گرتنی مەخفەری گوندی شانەدەر، لە ڕێکەوتی ١٩٤٣/١٠/١٢ بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی، مەخفەری خێرەزۆکان لە هەموو لایێکەوە ئابڵۆقە دەدرێت. مەخفەرەکە داوای یارمەتی دەکەن بۆ ڕزگارکردنیان لە ئابڵۆقەکە. هێزێکی پۆلیس لە مێرگەسۆر و شێروان بە هانای مەخفەری گوندی خێرەزۆکان دەچن تا ڕزگاریان بکەن، بەڵام سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی هێزێک دەنێرێت بۆ گرتنی ڕێگای نێوان هەردوو گوندی بێرسیاڤ و خێرەزۆکان، تا لەو هێزەی پۆلیس بدەن. کاتێک هێزەکەی پۆلیس دەگەن، هێزی بارزانییەکان ئابڵۆقەیان دەدەن و دوای شەڕێکی سەخت کوشتارێکی زۆر لە هێزەکە دەکەوێت و مەخفەری خێرەزۆکانیش دەگرن و ٤٨٠ تەرمی پۆلیس لە مەیدانی شەڕەکان جێدەمێنێ و ٦٥ پۆلیسیش بە دیل دەگیرێن.

مەخفەرەکەی خێرەزۆکان خۆیان ڕادەست دەکەن و تەواوی کەلوپەلەکانیش دەبنە موڵکی شۆڕش. لە شەڕی ڕێگای نێوان بێرسیاڤ و خێرەزۆکانیشدا، شۆڕشگێرەکان ١٣٠ تفەنگ و ٨ ڕەشاشیان دەستدەکەوێ. زیانەکانی شۆڕش لە شەڕی ١٩٤٣/١٠/١٢ تەنیا یەک شەهید و چوار برینداربوون کە مەلا مستەفا بارزانی یەکێک لە بریندارەکان بوو، بەڵام برینەکەی سووک بوو.

لە دوای هەردوو شەڕی مەخفەری شانەدەر و شەڕی گوندی خێرزۆکان،

وەرەی پێشـمەرگەکانی بـارزان زۆر بەرزدەبێتـەوە و بڕیـاردەدەن هێرش بکەنە سـەر تـەواوی مەخفـەرەکانی ناوچـەی بـارزان و ناوچـەکانی خۆیـان لـە کاربەدەسـتانی عێـراق و پۆلیـسی نـاو مەخفـەرەکان پـاک بکەنـەوە.

لـە ڕۆژی ١٩٤٣/١٠/١٥ ئەسـعەد خۆشـەوی سـێلکی لـە گونـدی بێـدارون پەیوەنـدی بـە سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی دەکات، لـەو کاتـەدا ئەسـعەد خۆشـەوی پۆلیـس دەبێـت لـە مەخفـەری گونـدی بیرەکەپـرا. ئەسـعەد خۆشـەوی بـرای خەلیـل خۆشـەوییە کـە یەکێـک بـوو لـە سـەرکردە دیـارەکانی شـۆڕشی بـارزان لـە سـاڵانی ١٩٣١-١٩٣٢ و لەسـاڵی ١٩٣٦ دا سـەرۆک عەشـیرەتی ڕێـکانی خیانـەتی لـێ دەکات.

دوای شـەڕی خێـرەزۆکان، محەمـەد ئەمیـن میرخـان مێرگەسـۆری لەگـەڵ هێزێکـی پێشـمەرگە هێـرش دەکـەن بـۆ گرتنـی مەخفـەری گونـدی چەمـی و بەبـێ زیـان دەسـت بەسـەر مەخفەرەکـەدا دەگـرن.

لـە ماوەیەکـی زۆر کەمـدا شـۆڕشی بـارزان بـە سـەرۆکایەتی سـەرۆک بـارزانی توانیـان ناوچـەکانی خۆیـان لـە کاربەدەسـت و پۆلیـسی حکومـەتی عێـراق پـاک بکەنـەوە و دەسـت بەسـەر ئـەم مەخفەرانـەدا گیـرا:

١- مەخفەری گوندی شانەدەر

٢- مەخفەری گوندی خێرزۆکان

٣- مەخفەری گوندی چەمی

٤- مەخفەری گوندی زیتی

٥- مەخفەری گوندی ئەرگۆش

٦- مەخفەری گوندی بیرەکەپرا

٧- مەخفەری گوندی سێلکێ

٨- مەخفەری گوندی مێرۆز

٩- مەخفەری گوندی تێلێ

١٠- مەخفەری گوندی شێنگل

١١- مەخفەری کانی بۆتێ

١٢- مەخفەری گوندی بێدیال

١٣- مەخفەری گوندی ڕێزانێ

١٤- مەخفەرەکەی شێروان مەزن

١٥- مەخفەری بێدارونێ

١٦- مەخفەری شێتنێ

١٧- مەخفەری گوندی کانیە ڕەش

لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ١٧ مەخفەر لە تەواوی ناوچەکانی بارزان بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی دەستیان بەسەردا گیرا و ٦٨٠ تفەنگ و ٢٤ ڕەشاش و کەلوپەلێکی زۆر بوونە دەسکەوتی شۆڕش.

لەو کاتەدا عەلی والی بەگ کە بە (عەلی قامچی ڕەش) ناراوبوو،[1] لە

(١)عەلی والی بەگ خەڵکی گوندی قلیجە بوو لە ناوچەی شارەزوور لە پارێزگای سلێمانی لە کوردستانی عێراق. عەلی والی بەگ کە بە عەلی قامچی ڕەش بەناوبانگ بوو، وەک مەئموری پۆلیس هاتبووە ناحیەی باتاس و لەوکاتەدا باتاس ناحیە بوو.

جارێک لە لۆفەی سپیلک لە نێوان هەریر و خەلیفاندا دوو مەسیحی دەکوژرێن، نەزانرا کێ ئەوانی کوشتووە و سورچییەکانی دەشتی هەریریان بە کوشتنیان تاوانبارکرد. عەلی والی بەگ لەناو سورچییەکانی دەشتی هەریر گەڕا و ئەوەی چەکی هەبوو هەر هەمووی چەک کردن. دوایی هاتە گوندی ئافریان و لە ماڵی ئێمە دابەزین و عەلی والی بەگ بە عەلی قازی برام دەڵێت وەرە سەری ئەسپەکەم بۆ بگرە و عەلی قازی براشم دەترسێ و ناوێرێ بچێ سەری ئەسپەکەی بۆ بگرێ و ئەویش بە عەلی برام دەڵێت (کەلبی بنی کەلب) و لە عەلی برام دەدات کە باوکم ئەوە دەبینێ دەچێتە بەردەم عەلی والی و پێی دەڵێ تۆ (کەلبی بنی کەلبی) بۆ لەو منداڵە دەدەی و لە عەلی والی بەگ دەدات و پێی دەڵێت بۆ بە پیاوێک ناڵێی هێسترەکەت بۆ بگرێ. دواتر باوکم

ناوچـەی بـارزان مەئمـوری پۆلیـسی عێـراق بـوو، هـات و خـۆی ڕادەسـتی وەلی بەگـی سـەرۆکی عەشـیرەتی شـێروانییەکان کـرد، کـە خاڵـی شـێخانی بـارزان بـوو.

**دانانی بارەگای گشتی شۆڕش لە گوندی بیستریێ**

دوای ئـەوەی تـەواوی ناوچـەی بـارزان لـە پۆلیـس و کاربەدەسـتانی حکومـەتی عێـراق پاککرایـەوە، ئینجـا مـەلا مسـتەفا بارزانیـی بڕیـاردەدات بـارەگای گشـتی شـۆڕش بگوازنـەوە گونـدی بێسـتریێ لـە چیـای پیـران بەرانبـەر مێرگەسـۆر. پـاش ئـەوەی بـارەگای گشـتی شـۆڕش لـەوێ دانـرا، ئینجـا خـاڵ هەمـزە مێرگەسـۆری کـرا بـە لێپـرسراوی بـارەگای گشـتی شـۆڕش. پاشـان وردە وردە هێـزەکانی شـۆڕش بـە سـەرۆکایەتی مـەلا مسـتەفا بـارزانی، لـە بـەرەکانی جەنـگ شـوێنی خۆیـان گـرت و لێپرسراویـان بـۆ دیـاری کـرا.

---

دەگرن و دەیبەن بۆ باتاس و لەوێ بەندی دەکەن.

سـورچییەکانی سـۆران هەموویـان کـۆ دەبنـەوە و دەچنـە باتـاس و لـەوێ باوکـم ئـازاد دەکـەن و بـە عـەلی والی بـەگ دەڵێـن تـۆ نـابێ لـە ناوچـەی ئێمـە مەئمـوری حکومـەت بی، بۆیـە حکومـەتی عێـراق عـەلی والی بـەگ لـە ناوچـەی باتـاس دەگوازێتـەوە بـۆ ناوچـەی بـارزان و لـەوێ دەبێتـە سـەرۆکی پۆلیـس. کاتـێ ئـەم ڕووداوانـەم لەبیـرە تەمەنـم پێنـج سـاڵان بـوو.

عـەلی والی بـەگ باوکـی مـلازم تاهیـر بـوو. مـلازم تاهیـر ئامـر بەتالیـۆنی پێشـمەرگە بـوو لـە ناوچـەی قـەرەداغ. لـەکاتی شـۆڕشی مـەزنی ئەیلـوول منیـش ئامـر بەتالیـۆنی ٩ بـووم لـە ناوچـەی قـەرەداغ. مـن جارێکیـان بـە ئیـشی خـۆم چـووم بـۆ لای مـلازم تاهیـر کـە چـووم باوکـی مـلازم تاهیـر کـە عـەلی والی بەگـە لـەوێ بـوو. پێـم گـوت بیرتـە جارێکیـان لـە گونـدی ئافریـان لـە عـەلی قـازی برامـت دا؟ پێشـم گـوت کـە مـن کـوڕی قـازی حەمـەد سـورچیم. ئینجـا بیـری هاتـەوە و گوتـی بەڵـێ وابـوو، دواتـر هەمـوو سـورچییەکان هاتـن و ڕووداوەکـە بـووە هـۆکاری ئـەوەی کارەکـەم بگوازرێتـەوە بـۆ بـارزان.

**دابەشکردنی بەرەکانی جەنگ بەمشێوەیە بوو:**

- بەرەی مێرگەسۆر و ڕواندز و برادۆست دەسپێردرێت بە مامەند مەسیح و عوزێر ئاغای زراری و حاجی بێرۆخی بە یارمەتی کوڕەکانی سەید تەها و مەحموود بەگی خەلیفە سەمەد.
- بەرەی ڕێگای گشتی نێوان مێرگەسۆر و شێروان مەزن دەسپێردرێت بە ساڵح عەلی کانیەلنجی و عارس خانۆ بێداروونی.
- بەرەی ڕێگای گشتی نێوان خەلیفان و ڕێزان و بارزان بە محەمەد ئەمین میرخان مێرگەسۆری دەسپێردرێت.
- بەرەی ناوچەی بارزان و بلێ بە ئەسعەد خۆشەوی سێلکی دەسپێردرێت و سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی خۆی سەرۆکی گشتی شۆڕشەکە دەکات بە هاوکاری هەندێک ئەفسەری کورد کە پەیوەندییان بە شۆڕشی دووەمی بارزان کردبوو.

**شەڕی بەناوبانگی گۆڕەتوو**

دوای ئەوەی بارەگای گشتی شۆڕشی بارزان لە گوندی بێستریێ لە چیای پیران بەرانبەر بە شاری مێرگەسۆر دانرا، حکومەتی عێراق هێزێکی زۆر دەهێنێتە ناوچەی مێرگەسۆر، تا لەوێوە هێرش بکاتە سەر ناوچەی شێروان و ناوچەی بارزان بۆ گرتنەوەی ئەو مەخفەرانەی پۆلیس کە کەوتبوونە دەست شۆڕش. سوپای عێراق لە ١٩٤٣/١١/٦ لە دوو بەرەوە هێرش دەکات:

- هێزێکی ئێجگار گەورە لە شاری مێرگەسۆرەوە بەرەو شێروان مەزن.
- هێزێک لە خەلیفانەوە بەرەو ڕێزان و بلێ و بارزان.

مەبەست لەم هەردوو هێرشەی سوپای عێراق ئەوەبوو هەردوو هێزەکە لە ناوچەی شێروان و مزوری سەرەوە یەکتربگرنەوە، بەڵام لە ڕێکەوتی ١٩٤٣/١١/٦ هێزێک بە سەرکردایەتی ساڵح عەلی کانیەلنجی و عارس خانۆ

بێدارونی لـە گونـدی گۆڕەتـوو، ڕێـگا بـە هێـزەکانی سـوپای عێـراق دەگـرن کـە پێشـتر هەمـوو گـرد و شـاخەکانیان گرتبـوو و خۆیـان حەشـاردابوو، کاتێک دوژمن لێیـان نزیـک بـووەوە ئابلۆقەیانـدا، بـەڵام حکومـەتی عێـراق دەسـتی بـە تۆپبـارانی گـرد و تەپۆلکـەکان کـرد، لەبەرئـەوەی شۆڕشـگێڕان بـاش خۆیـان حەشـاردابوو زیانیـان بەرنەکـەوت و هێرشـیان کـردە سـەر سـوپای عێـراق و پـاش شـەڕێکی سـەخت و خوێنـاوی سـوپای عێـراق دەشـکێت و دەگەڕێتـەوە سـەربازگەی خـۆی لـە شـارۆچکەی مێرگەسـۆر و تەرمێکـی زۆریـش لـە گۆڕەپـانی شـەڕ بـە جێدێڵـن.

هەروەهـا ئـەو هێـزەی کـە لـە خەلیفانـەوە هێرشـیان کـردە سـەر گونـدی ڕێـزان لـە لایـەن هێـزی محەمـەد ئەمیـن میرخـان مێرگەسـۆری ڕێگەیـان لـێ دەگیرێـت و کوشـتاری زۆریـان لـێ دەکـەن و ئـەو هێـزەش دەشـکێت و دوژمـن بـە سەرشـۆڕی پاشەکشـە دەکـەن و دەگەڕێنـەوە خەلیفـان بـۆ سـەربازگەکەی خۆیـان. لـەم ڕووبەڕووبوونەوەیـەدا لێپـرسراوی پێشـمەرگە کـە سـاڵح عـەلی کانیەلنجـی بـوو بـە سـووکی برینـدار دەبێـت و لەگـەڵ ئەویـش نـەبی حەسـەن کـە بـە نـەبی سەرئاسـن ناسرابـوو بریندواربـوو، بـەڵام پێشـمەرگە زیانێکـی ئەوتۆی نابێـت. دەسـکەوتی ئـەو شـەڕە ٥٠ تفەنـگ و ٤ ڕەشـاش دەبـن.

**شەڕی بەناوبانگی چیای پیران**

وەک لەمەوبـەر باسـم کـرد بـارەگای گشـتی شـۆڕش لـە گونـدی بێسـترێ بـوو لـە چیـای پیـران کـە لـە شـارۆچکەی مێرگەسـۆر زۆر نزیکبـوو. سـەربازگەی سـوپای عێراقیـش لەنـاو شـاری مێرگەسـۆر بـوو. دوای شـەڕی گۆڕەتـوو، لـە ١٩٤٣/١١/٦ دا، حکومـەتی عێـراق خـۆی ئامادەدەکـردەوە تـا لـە دوو بـەرەوە هێـرش بکاتـە سـەر گونـدی بێسـترێ کـە بـارەگای گشـتی شـۆڕشی لـێ بـوو. هێزێـک لـە مێرگەسـۆر هێـرشی کـرد و هێزێکـی دیکـەش لـە هاودیـان و مەزنـێ و لـە ڕێـگای گشـتی مێرگەسـۆر بـەرەو چیـای پیـران.

وەک هەمـوو جارێـک پێـش ئـەوەی دوژمـن هێـرش بـکات هەمـوو ناوچەکـەی تۆبارانکـرد و بـە فرۆکـە لێیـدا، بـەڵام پێشـمەرگە بە سـەرۆکایەتی مەلا مسـتەفا بـارزانی سـەنگەرەکانی خۆیـان گرتبـوو و بەڕێکوپێکـی دابـەش ببـوون و خۆیـان حەشـاردابوو. هێـزی عێـراق لـە هـەردوو بـەرەوە هێرشـیان کـرد و لـە سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە نزیـک بوونـەوە. لەگـەڵ نزیکبوونەوەیـان هێـرشی پێشـمەرگە دەسـتپێدەکات و لـە هەمـوو گـرد و دۆڵـەکان هەڵمـەت دەبـەن و شـەڕێکی سـەخت ڕوودەدات. مـەلا مسـتەفای بـارزانی خـۆی سەرپەرشـتی شـەڕەکەی دەکـرد. دووبـارە سـوپای عێـراق تێکشـکا و گەڕانـەوە بـارەگای خۆیان لـە مێرگەسـۆر، بەهەمـان شـێوە لـە گەلی عـەلی بەگیش دوژمـن زیانێکـی گەورەی لێدرابـوو و چەندیـن تەرمیـان لـە دوای خۆیـان بەجێهێشـتبوو. دەسـکەوتی شـۆڕش لـەم شـەڕەدا ٤٠ تفەنـگ و ٣ ڕەشـاش و فیشـەک و تەقەمەنییێکـی زۆر بـوو. پێشـمەرگە لـەم شـەڕەدا هیـچ زیانێکـی بەرنەکـەوت.

عەبدولڕەحـمان قازی کـە ئەفسـەرێکی سـوپای عێراقـی بـوو و هاووڵاتییێکـی کـورد بـوو لـە سـەربازگەی مێرگەسـۆر و تۆپچـی بـوو، ئـاگاداری مـەلا مستەفا بـارزانی دەکاتـەوە و دەڵێـت: ئێمـە چیـای پیـران تۆپبـاران دەکەیـن، بـەڵام لـە سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە نادەیـن، بـا پێشـمەرگە ئـەوە بزانـن. حکومـەتی عێراقـی نەیـدەزانی عەبدولڕەحـمان قـازی پەیوەنـدی لەگـەڵ سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی هەبـوو. لـە دوای شـەڕی ڕێکەوتـی ١٩٤٣/١١/٨ تەقەمـەنی و ئازوقـە بـۆ هێـزی سـوپای عێـراق نەدەڕۆیشـت.

### شەڕی بەناوبانگی مەزنێ و هاودیان

لـە دوای ئـەو شـەڕە خوێناوییـەی ڕێکەوتـی ١٩٤٣/١١/٨ لـە چیـای پیـران و گونـدی بێسـترێ، دووبـارە سـوپای عێـراق بـۆ شـەڕێکی دیکـە ئامـادە دەکرێتـەوە. سـوپای عێـراق لـە مەعەسـکەری مێرگەسـۆر لـە هەمـوو

لایەکـەوە ئابلۆقـە درابـوو. دووبـارە بـە نیازبـوون لـە دوو بـەرەوە هێـرش دەسـتپێبکەنەوە، هێزێکیـان لـە سـەربازگەی مێرگەسـۆرەوە بـەرەو گونـدی مەزنـێ و ئـەوەی دیکەیـان لـە هاودیانـەوە بـەرەو گونـدی مەزنـێ و هـەردوو هێزەکـە لـەوێ یەکتربگرنـەوە و سـەربازگەی مێرگەسـۆر و شـارۆچکەکەش لەژێـر ئابلۆقـە دەربهێنـن. مـەلا مسـتەفا بـارزانی لـەو هێرشـە ئاگادارکرابـووەوە، بۆیـە هێـزەکانی زۆر بـە ڕێکوپێکـی لـە هەمـوو گـرد و دۆڵـەکانی سـەر ڕێـگای گشـتی دامەزراندبـوو. پێشـمەرگەکانیش بەڵێنـی مـان و نەمانیـان بـە سـەرۆکی خۆیـان دابـوو، تـا نەهێڵـن جارێکـی دیکـە ناوچـە ڕزگارکراوەکانیـان بکەوێتـەوە دەسـت دوژمـن.

لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٣/١١/١٠ دا حکومـەتی عێـراق لـە هـەردوو بەرەکانـەوە دەسـتی بـە تۆپبـارانی هێـزی پێشـمەرگە کـرد، بـەڵام پێشـمەرگە هـەم ورەیـان بەرزبـوو، هەمیـش خۆیـان زۆر بـە بـاشی حەشـاردابوو و بەسـەر ڕێـگای گشـتی نێـوان گونـدی مەزنـێ و مێرگەسـۆر تـەواو زاڵبـوون. سـوپای عێـراق دەسـتی بـە هێـرش کـرد و لـە هـەردوو قۆڵـەوە لـە هێـزی پێشـمەرگە نزیـک بوونـەوە. پێشـمەرگە قارەمانـەکانی شـۆڕشی بـارزان لـە هەمـوو لایەکـەوە دەسـتیان بـە هێـرش کـرد و هەڵیـان کوتایـە سـەر دوژمـن. شـەڕێکی سـەخت لەنێـوان پێشـمەرگە و سـوپای عێـراق بەرپابـوو. لەبەرئـەوەی سـەرۆک بـارزانی خـۆی سـەرکردایەتی شـەڕەکەی دەکـرد و ورەی پێشـمەرگە زۆر بەرزبـوو، توانـرا زیانێکـی زۆر لـە سـوپای عێـراق بـدرێ. ئەمجارەشیان سـوپای عێـراق دەشـکێت و کوژراوێکـی زۆر دوای خۆیـان بـە جێدێڵـن و دووبـارە سـەربازگەی مێرگەسـۆر و خـودی شـارەکەش گەمـارۆ دەدرێـن. ئـەو هێـزەی کـە لـە لای هاودیانـەوە هێرشـیان هێنابـوو، دەگەڕێنـەوە سـەربازگەی خۆیـان لـە گـەلی عـەلی بـەگ و گونـدی باڵەکیـان. دوای شـەڕەکە سـەرۆک بـارزانی دەگەڕێتـەوە بـارەگای گشـتی شـۆڕش لـە گونـدی بێسـترێ. سـوپای عێـراق ئۆتۆمبێـلی زەعیـم ئەحمـەد حەمدی

لێپرسراوی سەربازگەکە لەسەر ڕێگای گشتی مێرگەسۆر بە جێدێڵن. بێجگە لەوەش تەرمێکی زۆریان لەپاش بە جێدەمێنێ. زیانی شۆڕش لەم شەڕەدا تەنیا سێ بریندار دەبن بە ناوەکانی

١- حسێن بێرۆخی

٢- حاجی حەیدەر ئەرگۆشی

٣- سەعید عەبدولوەهاب ئەرگۆشی

## نامەیەکی سەرکردەی سوپای عێراق لە شاری ڕواندزەوە بۆ سەرۆک بارزانی

لە دوای شەڕی گوندی مەزنێ کە لە ڕێکەوتی ١٩٤٣/١١/١٠ دا ڕوویدا و سوپای عێراقی تەرمێکی زۆری بە جێهێشتبوو، سەرکردەی سوپای عێراق لە ڕێکەوتی ١٩٤٣/١١/١٢ دا لە شارۆچکەی مێرگەسۆر نامەیەک بۆ سەرۆک بارزانی دەنووسێت و بە هاونیشتیمانییەکی کورد بۆ سەرۆک بارزانی دەنێرێت کە لە بارەگای گشتی شۆڕش بوو لە گوندی بێستری. لە نامەکەیدا سەرکردەی سوپای عێراق داوا لە سەرۆک بارزانی دەکات و دەپاڕێتەوە کە ڕێگایان بدەن بێن ئەو تەرمانە ببەنەوە کە لە شەڕدا دوای خۆیان جێیان هێشتوون. لە وەڵامدا مەلا مستەفا بارزانی بۆی دەنووسێت، هەرچەندە ئێوە خواناس نین، بەڵام شوکر بۆ یەزدان ئێمە خواناسین و بڕوامان بە ئایینی ئیسلام هەیە و لەبەر خاتری خودا ڕێگەتان پێ دەدەین بێن و جەنازەکانتان ببەنەوە و ڕێگەتان پێدەدەین ئەم کارە بکەن، بەڵام دەبێ هێزێکی بێ چەک بنێرن بۆ ئەم کارە و برا پێشمەرگەکانی ئێمەش یارمەتیتان دەدەن بۆ گێڕانەوەی تەرمەکان بۆ کەسوکاریان. دوای ئەو ڕێگە پێدانە، یەک بەتالیۆنی سوپای عێراقی دێن بۆ بردنەوەی تەرمەکانی سوپا و پێشمەرگەی شۆڕشی بارزانیش یارمەتیان دەدەن.

## دەستپێکردنی دانوستان لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی عێراقدا

دوای ئـەوەی شـۆڕشی دووەمـی بـارزان بـە سـەرۆکایەتی مـەلا مسـتەفا بـارزانی تـوانی هەمـوو ئـەو مەخفەرانـە بگرێـت کـە لـە ناوچەکـەدا هەبـوون و ناوچەکـەشی لـە کارمەنـد و کاربەدەسـتی حکومـەتی عێـراق پـاک کـردەوە، هەروەهـا دوای هەرسـێ شـەڕی گرنـگ کـە یەکەمیـان لـە گونـدی گۆڕەتـوو بـوو، لەبـەرواری ١٩٤٣/١١/٦ و دووەمیـان لەچیـای پیـران بـوو لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٣/١١/٨ و شـەڕی گونـدی مەزنێـش سـێیەمینیان بـوو کـە لـە بـەرواری ١٩٤٣/١١/١٠ ڕوویـدا. دوای ئـەم شـەڕانە سـوپای عێـراق بـە یەکجـاری ڕووخـا و توانـای شـەڕکردنیان نەمـا. شـاری مێرگەسـۆر و سـەربازگەی سـوپای عێـراق لـەو شـارۆچکەیەدا لەژێـر ئابڵۆقەیەکـی تونـددا بـوون و حکومـەتی عێـراق نەیدەتـوانی تەقەمـەنی و ئازوقـە بـۆ سـەربازگەی سـوپاکەی بنێرێـت. لێپـرسراوانی سـەربازگەکەی مێرگەسـۆر پەیامێـک بـۆ حکومـەتی عێـراق دەنێـرن و دەڵێـن ئەگـەر چارەسـەرێکمان بـۆ نەدۆزنـەوە، ئـەوا بەبـێ شـەڕ خۆمـان بەدەسـتەوە دەدەیـن. پـاش ئـەو پەیامـە کاربەدەسـتانی عێـراق لـە شـاری ڕوانـدز (وەهـاب محەمـەد عـەلی ئاغـای جوندیـانی) دەنێرنـە لای مـەلا مسـتەفا بـارزانی کـە لەبـارەگای شـۆڕش دەبێـت لـە گونـدی بێسـترێ تـا شـەڕ بوەسـتێنن و دەسـت بـە دانوسـتان بکرێـت لەنێـوان سـەرکردایەتی شـۆڕش و حکومـەتی عێراقـدا. حکومەتی عێراقـی داوایـان کردبـوو بـەر لـەوەی وتوویـژ دەسـتپێبکات ڕێگـە بدرێـت ئازوقە بـۆ سـەربازگەکەی مێرگەسۆر بنێردرێـت، چونکـە ماوەیەکـی زۆر بـوو کەلوپـەل و خۆراکیـان بـۆ نەچووبـوو. سـەرۆک بـارزانی وەڵامـی سـوپای عێـراق دەداتـەوە و پێیـان دەڵێـت ئەگـەر ئێـوە ڕاسـت دەکـەن و نیەتتـان ڕێککەوتنـە فەرمـوون بـا وتوویـژەکان دەسـت پێبکەیـن و ڕێکبکەویـن، دواتـر ڕێگـە دەدەیـن کەلوپـەل و خـۆراک بـۆ سـەربازگەکە بنێـرن. (وەهـاب محەمـەد عـەلی) وەڵامـی سـەرۆک بـارزانی دەباتـەوە بـۆ ڕوانـدز و پەیامەکـە بـە حکومـەتی عێراقـی ڕادەگەیەنێـت.

دوای گەڕانەوەی (وەهاب محەمەد عەلی)، ئەمجارەیان حکومەتی عێراق (باویل ئاغا)ی ڕواندزی دەنێرنە لای سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی بۆ دەستپێکردنی دانوستان، بەڵام دووبارە داوادەکەن بەرلەوەی دانوستان دەستپێبکات ڕێگە بدرێت کەلوپەل و خۆراک بۆ سەربازگەکەی مێرگەسۆر بنێردرێت، بەڵام سەرۆک بارزانی هەمان وەڵامی پێشوو دەداتەوە و ڕێگە نادات ئازوقە بۆ سەربازگەکە بنێردرێت.

ئەمجارەیان حکومەتی عێراق (پوشۆی سەید تەها) دەنێرێتە لای مەلا مستەفا بارزانی، بەڵام ئەو هەمان وەڵامدەداتەوە و سەربازگەکەش پەیام بۆ حکومەتی عێراق دەنێرن ئەگەر چارەسەرێک نەدۆزنەوە، ئەوا خۆیان بەدەستەوە دەدەن.

## دامەزراندنی کابینەیەکی نوێی وەزاری لە بەغدا بە سەرۆکایەتی نوری سەعید

کاتێک حکومەتی عێراق بێ ئومێدبوو لەوەی مەلا مستەفا بارزانی ڕێگا بدات، کەلوپەل و خۆراک بۆ سەربازگەی مێرگەسۆر بنێردرێت، هەروەها لەوەش بێ ئومێدبوو کە سوپای عێراق بتوانێ ئەو سەربازگەیە ڕزگار بکات و ئابلۆقەکەی سەری هەڵبگرێت، لە هەمان کاتدا سەربازگەکە خەریکبوو خۆیان ڕادەستی شۆڕشی بارزان بکەن. هەروەها سوپای حکومەتی عێراق دوای سێ شەڕەکە هیچ ورەیەکی نەمابوو، چیدی نەیدەتوانی شەڕ لەگەڵ پێشمەرگەکانی شۆڕش بکات، بۆیە کابینەیەکی وەزاری نوێی بە سەرۆکایەتی نوری سەعید دامەزراند و سێ کورد لە کابینەی نوێ بوون بە وەزیر، ئەوانیش ئەمانە بوون: (١- ئەحمەد موختار بابانی، وەزیری داد ٢- عومەر نەزیمی، وەزیری ناوخۆ ٣- ماجد مستەفا، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کوردستان).

کاتێـک ماجـد مسـتەفا دەبێـت بـە وەزیـر، دەچێتـە لای حـزبی هیـوا و داوا لـەوان دەکات کـە نامەیـەک بـۆ مـەلا مسـتەفا بـارزانی بنووسـن و داوای لـێ بکـەن ڕێگـە بـدات بچێتـە لای و دەسـت بـە وتوویـژ بکرێـت، بـەڵام حـزبی هیـوا دەڵێـن ئێمـە وای بـە بـاش دەزانیـن بچیـن بـۆ شـاری حیللە بـۆ لای شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی کـە براگـەورەی مـەلا مستەفا بارزانییـە و ئـەوکات بـۆ حیللە نـەفی کرابـوو و لـەوێ خـۆی و بنەماڵەکـەی دەستبەسـەر بـوون.

## ماجـد مسـتەفای وەزیـری دەوڵـەتی عێـراق سـەردانی شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی دەکات

ماجـد مسـتەفای وەزیـری دەوڵـەتی عێـراق لـە کابینـەی نـوری سـەعید، بـۆ بینینـی شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی براگـەورەی مـەلا مسـتەفا بـارزانی دەچێتـە شـاری حیللـە، تـا داوای لێبـکات نامەیـەک بنووسـێت و بەیەکێـک لـە کـوڕەکانی خـۆی بـۆ براکـەی بینێرێـت و داوای لێبـکات دەسـت بـە دانوسـتان بـکات لەگەڵ حکومـەتی عێراقـدا و ڕێگـە بـدات ماجـد مسـتەفا بچێتـە لای و ئـەو شـەڕە ڕابگـرن و هێـرش نەکەنـە سـەر سـەربازگەی مێرگەسـۆر و ڕێگـە بـدەن ئازوقـە بـۆ ئـەم سـەربازگەیە بچێـت.

لـە شـاری حیللـە شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی وەڵامـی ماجـد مسـتەفا دەداتـەوە کـە ئـەو کەسـێکی دوورخـراو و دەستبەسـەر و دەربـەدەرە و نایەوێ دەسـتبخاتە کاروبـاری شـۆڕشی بـارزان، حکومـەتی عێراقیـش گوتوویـەتی ئیـشی ئـەو نییـە دەسـتوەربداتە کارەکانی شـۆڕشی بـارزان. ماجـد مسـتەفا پێداگـری دەکات و دەپاڕێتـەوە کـە شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی ئـەو کارەبـکات و وا لەبراکـەی بـکات ڕازی بـێ بـە دانوسـتان بـکات. دوای ئـەوەی ماجـد مستەفا زیاتـر لـە شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی پاڕایـەوە، شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی نامەیەکـی نـووسی و بـە شـێخ محەمـەد خالیـدی کـوڕی بـۆ براکـەی نـارد و شـێخ محەمـەد خالیـد نامەکـە

بـۆ مامـی دەبـات و دەچێتـە شـاری مێرگەسـۆر و لـەوێ چەنـد ئەفسـەرێکی کـورد لەگـەڵ خـۆی دەبـات بـۆ گونـدی بێسـترێ لـە چیـای پیـران بـۆ بـارەگای گشـتی شـۆڕشی بـارزان. لـەوێ سـەرۆک بـارزانی پێشـوازی لـێ دەکات و نامەیـەک بـۆ ماجـد مسـتەفا دەنووسـێت کـە ڕێگـر نییـە سـەردانی بـکات و شـێخ محەمـەد خالیـد ئـەو نامەیـە بـۆ ماجـد مسـتەفا دەبـات.

**ماجد مستەفا دێتە لای مەلا مستەفا بارزانی**

کاتێـک ماجـد مسـتەفا نامەکـەی سـەرۆک بـارزانی پێـدەگات کـە بـۆی نووسـیوە مانـع نییـە بتبینـم و وتووێـژ بکەیـن بـۆ وەسـتاندنی شـەڕ، ئەویـش ڕەزامەنـدی دەربـڕێ لەسـەر حوکمـی زاتی بـۆ گـەلی کـورد. ماجـد مسـتەفا بـەر لـەوەی بچێتـە لای مـەلا مسـتەفا بـارزانی، دەچێتـە سـەربازگەی سـوپای عێـراق لـە مێرگەسـۆر و لـەوێ چەنـد ئەفسـەرێکی کـوردی سـوپای عێـراق لەگـەڵ خـۆی دەبـات و دەچێتـە گونـدی بێسـترێ بـۆ دیـداری مـەلا مسـتەفا بـارزانی، ئەویـش بەگەرمـی پێشـوازییان لـێ دەکات. لـە ڕۆژی ١٩٤٤/١/٧ هەموویـان بەیەکـەوە لـە بـارەگای گشـتی شۆڕشـەوە دێنـە گونـدی سـپیندار لـە نزیـک شـارۆچکەی مێرگەسـۆر و لـەوێ دەسـت بـە وتووێـژ دەکـەن. ئەنجامـی دانوسـتانەکە ڕێککەوتـن بـوو لەسـەر ئـەم خاڵانـە:

- دروسـتکردنی ناوچەیەکـی حوکمـی زاتی لـە پارێـزگاکانی هەولێـر و کەرکـووک و سـلێمانی و قـەزا کوردییـەکانی سـەر بـە پارێـزگای موسـڵ وەکـو (ئاکـرێ، دهـۆک، ئامێـدی، زاخـۆ، شـنگال، شـێخان) و قـەزاکانی سـەر بـە پارێـزگای دیالـە وەکـو (خانەقیـن و مەنـدەلی).
- زمـانی کـوردی بـە فەرمـی لـە هەمـوو ناوچـەکانی کوردسـتانی عێـراق بخوێندرێـت.
- دانانی وەزیرێکی کورد لەناو حکومەتی عێراق تایبەت بە کوردستان.

- لـە بەغـدا بریـکاری هەمـوو وەزیـرەکان کـورد بێـت و جێگـری سـەرۆک کۆمـاری عێراقیـش کـورد بێـت.
- گەڕاندنـەوەی شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی و هەمـوو ئـەو بارزانییانـە بـۆ ناوچـەکانی خۆیـان کـە لەسـەر پـرسی کـورد دوورخرابـوون، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لێبوردنێـکی گشـتییان لـە لایـەن حکومـەتی عێـراق بـۆ دەربکرێـت.
- ئەو زیانانەی لە خەڵکی کەوتوون، بۆیان قەرەبوو بکرێتەوە.
- گەڕانـەوەی کارمەنـدی ئـەو مەخفەرانـەی دەسـتیان بەسـەردا گیرابـوو بـۆ سـەر کارەکانیـان.
- چاککردنەوەی ئەو ڕێگاوبانانەی ناوچەی بارزان کە خراپ کرابوون.
- سـوپای عێـراق ناوچـەی بـارزان بـە جێبێڵـن و بگەڕێنـەوە بـۆ ئـەو شـوێنەی کـە پێشـتر لێـی بـوون و سـەربازگەی مێرگەسـۆر ببرێتـەوە سـەربازگەی ڕوانـدز، سـەربازگەی بلـێ و دینارتـە ببرێتـەوە شـارۆچکەی ئاکـرێ کـە پێشـتر لـەوێ بـوون و ئـەو پۆلیـس و سـوپایەی هێنرابوونـە ناوچـەی ئامێـدی و باڵنـدان بگەڕێنرێنـەوە دهـۆک و زاخـۆ.

مـەلا مسـتەفا بـارزانی و ماجـد مسـتەفا ئـەو بڕیارانەیـان واژۆکـرد و سـەرۆک لـە گونـدی سـپیندار میواندارییەکـی شایسـتەی پێشـکەشی ماجـد مسـتەفا و ئـەو چەنـد ئەفسـەرە کـوردەی سـوپای عێـراق کـرد کـە لەگەڵیـدا بـوون. هەروەهـا ماجـد مسـتەفاش میواندارییـەک بـۆ سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی ڕێکدەخـات و داوای لێـدەکات بچێتـە سـەربازگەی مێرگەسـۆر و سـەرۆک بارزانیـش ڕازی دەبێـت و هێزێکـی پێشـمەرگە بـە چەکـەوە لەگـەڵ خـۆی دەبـات و دەچێتـە میوانـداری.

## گەڕانەوەی ماجد مستەفا بۆ بەغدا

دوای واژۆکـردنی، ماجـد مسـتەفا ڕێککەوتنەکـە دەباتـە ئەنجومـەنی وەزیـرانی

بەغدا و بە ئەوانی دەدات. ئینجا ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ئەم بڕیارانە دەدەن و واژۆی دەکەن:

- پێکهێنانی هەرێمێک بۆ کوردستانی عێراق و دانی حوکمی زاتی بەو هەرێمە.
- گواستنەوەی سەربازگەکانی سوپای عێراق بۆ ئەو شوێنانەی کە پێشتر لێی بوون. ئەوەی مێرگەسۆر ببرێتەوە ڕواندز و ئەوەی بلێ و دێنارتە بگەڕێنرێتەوە شارۆچکەی ئاکرێ.
- پۆلیس و کاربەدەستانی حکومەت بگەڕێنەوە ئەو شوێنانەی کە شۆڕش گرتبوونی.
- هەموو ئەو ڕێگایانە چاکبکرێنەوە کە ڕێگای مەخفەرەکان بوون و لە لایەن حکومەتی عێراق و پێشمەرگەی شۆڕشەوە گیرابوون.
- لێبوردنێکی گشتی دەربکرێت و هەموو ئەو کەسانە بگرێتەوە کە بەهۆی شۆڕشی بارزان و پرسی کورد گیرابوون.
- گەڕاندنەوەی ئەو چەکانەی پێشمەرگە وەکو دەستکەوت لە سوپای عێراقی دەستی کەوتبوون.
- زمانی کوردی بە فەرمی لە کوردستانی عێراق بخوێندرێت.
- شێخ ئەحمەدی بارزانی بە خاو و خێزانەوە بگەڕێنەوە بارزان.
- دانانی ئەفسەری کورد وەک ئەفسەری پەیوەندییەکان لە شارەکانی کوردستانی عێراق و ئەفسەرەکانیش لە لایەن حزبی هیواوە دەستنیشان بکرێن. بۆ ئەم مەبەستە ئەم ئەفسەرە کوردانە دیاریکران کە هەموویان سەر بە حزبی هیوا بوون: (بەهادین شێخ نوری وەک ئەفسەری پەیوەندییەکانی سلێمانی، عەقید ئەمین ڕواندزی کرایە ئەفسەری پەیوەندییەکانی شاری ڕواندز، نەقیب سەید عەزیز عەبدولا شەمزینی کرایە ئەفسەری پەیوەندییەکانی مێرگەسۆر، نەقیب مستەفا خۆشناو بوو بە ئەفسەری پەیوەندییەکانی بارزان، نەقیب میرحاج

ئەحمەد ئاکرەیی کرا بە ئەفسەری پەیوەندییەکانی ئاکرێ و ڕائید عیزەت عەبدولعەزیز بووە ئەفسەری پەیوەندییەکانی بلێ و نەقیب فوئاد عارف بووە ئەفسەری پەیوەندییەکانی قەڵادزێ، نەقیب مەجید عەلی کرا بە ئەفسەری پەیوەندییەکانی ئامێدی). هەروەها شێخ ئەحمەد بارزانی و تەواوی بنەماڵەکەی لە ساڵی ١٩٤٤ دا ئازادکران و گەڕانەوە گوندی بارزان.

**سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی سەردانی بەغدا دەکات**

دوای ئەوەی ماجد مستەفا لای سەرۆک بارزانی دەگەڕێتەوە بەغدا و ئەو بڕیارانەی لەگەڵ بارزانی لەسەری ڕێککەوتبوون دەداتە ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی وەزیرانیش ڕەزامەندی لەبارەوە دەدات، ماجد مستەفا بە کاروباری خۆی دەگەڕێتەوە کوردستان و سەردانی مەلا مستەفا بارزانی دەکات لە بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش لە گوندی بێستریێ. دواتر سەرۆک بارزانی لەگەڵ ماجد مستەفا بە مەبەستی واژۆکردنی ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ حکومەتی عێراق کردبووی سەردانی بەغدا دەکات و لەوێ بڕیارەکە واژۆ دەکات.

سەرۆک بارزانی لە بەغدا سەردانی حزبی هیوا دەکات کە حزبێکی نیشتیمانیی کوردی بوو. سەرکردایەتی حزبی هیوا پەیمان بە سەرۆک بارزانی دەدەن کە هەموو هەوڵێکیان بۆ خزمەتی کوردستان و گەلی کورد بێ و هاوکاری شۆڕشی کوردی بن. هەروەها ئەو ڕێوشوێنە دیاریکرا کە سەرکردەکانی حزبی هیوا چۆن سەردانی ناوچەکانی دەسەڵاتی شۆڕشی بارزان بکەن، بۆ ڕاوێژکردن لەگەڵ یەکتری، بۆ ئەوەی شۆڕشی بارزان بگاتە ئامانجەکانی خۆی. کاتێک سەرۆک بارزانی سەردانی بەغدا دەکات، هێزێک لەگەڵ خۆی دەبات، تا پێشانی ئەوانی بدات کە کوردستان و شۆڕشی بارزان چەند بەهێزە.

دوای ئـەوەی سـەرۆک بـارزانی لـە شـاری بەغـدا دەگەڕێتـەوە، لەسـەر ڕێگای خـۆی لــە شــاری هەریــر ســەردانی مەتــرانی مەســیحییەکان دەکات و لــەوێ هاونیشــتیمانیان، بەتایبــەتی ســورچییەکان، بەرەوپیریــەوە دەچــن و پێشــوازی لێدەکـەن. منیـش لەگـەڵ خەڵکـی گونـدی ئافریـان چـووم بـۆ پێشـوازی و دیتنـی سـەرۆک بـارزانی، مـن بـۆ یەکـەم جـار لەسـاڵی ١٩٤٤ سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بارزانـم بینـی کـە ئـەوکات تەمەنـم شـازدە سـاڵان بـوو.

## هەڵوەشـاندنەوەی حکومـەتی نـوری سـەعید و خـۆ ئامادەکردنەکانـی شۆڕشـی بـارزان

دوای ئــەوەی حکومــەتی عێــراق خــۆی کۆکــردەوە و ڕیــزەکانی ســوپای یەکخســتەوە، خــۆی بــۆ هێرشــێکی خوێنــاوی بــۆ ســەر لەشــکری شــۆڕشی دووەمــی بــارزان و لەنــاو بــردنی شۆڕشــەکە ئامــادە کــرد. هەروەهــا حکومــەتی عێـراق ئومێدێکـی گـەورەی بـە حکومـەتی بەریتانیـا هەبـوو بـۆ هاوکاریکـردنی لــە کۆتایهێنــان بــە شــۆڕشی بــارزان. بــۆ ئــەو مەبەســتە، ســەرەتا حکومەتــە کۆنەکـەی نـوری سـەعیدی هەڵوەشـاندەوە و بـە سـەرۆکایەتی حەمـدی پاچەچـی حکومەتێکـی لـە بەغـدا دامەزرانـد و سـێ وەزیـرە کوردەکـەی نـاو حکومـەتی نــوری ســەعید وەکــو وەزیــر لــە کابینــەی نــوێ وەرنەگیرانــەوە.

بەریتانیـا بـە تـەواوی پشـتەوانی حکومەتەکـەی پاچەچـی بـوو بـۆ کۆتایهێنان بـە شـۆڕشی بـارزان و هێرشـکردنە سـەر شۆڕشـەکە. پشـت ئەسـتوور بـە پاڵپشـتی بەریتانیـا بەنـدەکانی ڕێککەوتنەکـەی لەگـەڵ سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی وەلانـا.

حکومــەتی عێــراق ئــەو ئەفســەرە کوردانــەی پێشــتر وەکــو ئەفســەری پەیوەنـدی نێردرابوونـە ناوچـە کوردییـەکان، داوای لێکـردن بگەڕێنـەوە ڕیـزی سـوپا و بچنـەوە ئـەو شـوێنەی کـە پێشـتر لێـی بـوون. لـە لای خۆیـەوە

سـەرۆک بـارزانی سـەردانی سـەرۆک عەشـیرەتەکانی کـوردی کـرد بـە مەبەسـتی دروسـتکردنی یەکێتییەکـی بەهێـز بـۆ وەسـتان و بەرەنگاربوونـەوەی هێرشـە چاوەڕوانکـراوەکانی حکومـەتی عێـراق. سـەرۆک بـارزانی، عیـزەت عەبدولعەزیـز ڕادەسـپێرێت و دەینێرێتـە کوردسـتانی سـوریا بـۆ لای (پـارتی خۆیبیـوون)، تـا پەیوەنـدی بەهێزیـان لەگـەڵ سـەرکردایەتی شـۆڕشی بارزانـدا هەبێـت و بەیەکەوە بەردەوامـی بدەنـە خەبـات لەپێنـاو گـەلی کـورد و کوردسـتانی نیشـتیمانیان بـۆ ڕزگاربـوون لـە زوڵـم و سـتەمی ئیسـتیعمار. هەروەهـا میرحـاج ئەحمـەد ئاکرەیـی و مسـتەفا خۆشـناو بـۆ هەمـان مەبەسـت دەنێرێتـە کوردسـتانی ئێـران بـۆ لای پـارتی (ژ.ک).

لـە کۆتاییەکانـی سـاڵی ١٩٤٤، سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی لـە پێنـاو یەکڕیـزی و دروسـتکردنی کۆدەنگـی کـورد، بـۆ داواکردنـی مافـە نەتەوەییـەکان، سـەردانی سـەرۆک عەشـیرەتە کـوردەکانی کوردسـتانی عێراقـی، وەک عەشـیرەتی زێبـاری و سـورچی و خۆشـناو و دەشـتی هەولێـر و هەرکـی کـرد، هەموویـان بەڵێـن بـە سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی دا کـە پشـتگیر و پشـتەوانی شـۆڕشی بـارزان دەبـن و خەباتیـان بـۆ کـورد و کوردسـتان دەبێـت و بەڵێـن دەدەن ئەگـەر حکومـەتی عێـراق هێـرش بـکات، بـە چەکـی خۆیـان شـەڕی حکومـەتی عێـراق بکـەن.

### دامەزراندنی لێژنەی ئازادی

دوای ئـەوەی سـەرۆک بـارزانی لـە سـەردانەکانی بـۆ لای سـەرۆک عەشـیرەتە کـوردەکان تەواوبـوو و گەڕایـەوە بـارزان. لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٥/١/١٥ سـەرۆک بـارزانی لەگـەڵ شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی براگـەورەی و ئـەو ئەفسـەرە کوردانـەی پەیوەندییـان کردبـوو بـە شـۆڕشی بـارزان کۆبوونەوەیەکـی گشـتی کـرد. لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٥/١/١٨ لـە گونـدی بـارزان لێژنـەی ئـازادی بـە سـەرۆکایەتی

سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی و ئەندامێتـی ئـەو ئەفسـەرانەی پەیوەندییـان بـە شـۆڕشی بارزانـەوە کردبـوو دامـەزرا، بۆئـەوەی بـە ڕێکوپێکـی سـەرکردایەتی هێـزەکانی شـۆڕش بکـەن. جگـە لـە سـەرۆک بـارزانی کـە خـۆی سـەرۆکی لێژنـەی ئـازادی بـوو، لێژنەکـە ئـەم ئەندامانـەشی تێدابـوو:

١-مستەفا خۆشناو

٢- سەید عەزیز سەید عەبدوڵا شەمزینی

٣- عەبدوڵا حەمید باقی

٤- ئەحمەد ئیسماعیل

٥- بەکر عەبدولکەریم

٦- شەوکەت نعمان

٧- میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی

٨- عزەت عەبدولعەزیز

لـە هەمانکاتـدا محەمـەد مەحمـوود قـودسی کـە ئەفسـەرێکی کـورد بـوو و حـزبی هیـوا ناردبـووی تـا پەیوەنـدی بـە شۆڕشـەوە بـکات، بـارزانی ئەویـشی وەکـو ئەندامـی لێژنەکـە دانـا.

ئـەو لێژنەیـەی بـە سـەرۆکایەتی سـەرۆک مـەلا مسـتەفای بـارزانی پێکهێنرابوو، بـۆ ئەوەبـوو تـا لـەکاتی هـەر هێرشـێکی حکومـەتی عێـراق، هێـزی شـۆڕش بتوانـێ ناوچـەکانی خـۆی بپارێزێـت. هەروەهـا نامەیـەک بـۆ تـەواوی قونسـوڵییەکانی دونیـا نێـردرا بۆئـەوەی پشـتەوانی لەگـەڵی کـورد و خاکـی کوردسـتان بکـەن و نامەکـە بەتایبـەت نێـردرا بـۆ قۆنسـوڵی وڵاتانـی (ئەمریـکا، یەکێتـی سـۆڤیەت، بەریتانیـا، فەرەنسـا) کـە لـە شـاری بەغـدا بـوون. نامەکـە بـە واژووکـراوی دەنێـرن بـۆ حـزبی هیـوا بۆئـەوەی لـە شاری بەغـدا و شـارەکانی دیکـەش بڵاوی بکەنـەوە و بیدەنـە پارتـە سیاسـییەکان و کونسـوڵخانەکان. حـزبی هیـوا لـەڕۆژی

١٩٤٥/٢/١٠ دا بڕیاریــدا پەیوەنــدی بــە ســەرکردایەتی شــۆڕشی بــارزان بکــەن بۆئــەوەی خەباتیــان یــەک بخــەن لەپێنــاو گــەلی کــورد و نیشــتیمانەکەی. لــە ١٩٤٥/٢/١٢ دا کۆبوونەوەیەکـی فـراوان دەکـەن لـە بـارزان و لـەم کۆبوونەوەیەدا ئـەم بڕیارانـەی خـوارەوە دران:

- یەکگرتوویی هەموو عەشیرەتەکانی کوردستانی عێراق.
- ڕێکخســتنی هێــزە چەکــدارەکانی شــۆڕشی بــارزان بــۆ دامەزرانــدنی (هێــز و بەتالیــۆن و لــق و پــەل)، بۆئــەوەی بتوانــن بــە ڕێکوپێکــی بەرگری لەخۆیــان بکــەن و ناوچــە ڕزگارکــراوەکان بپارێــزن، ئەگــەر هاتــوو ســوپای عێــراق هێــرشی هێنــا.
- ڕزگارکــردنی گــەلی کــورد و نیشــتیمانەکەی لەژێــر دەســتی ڕژێمــی حکومــەتی عێــراق و دوژمنــانی گــەلی کــورد.
- هەوڵبــدرێ هەمــوو پارتییــە سیاســییەکانی کوردســتان یەکبخرێــن و دژی سیاســەتەکانی حکومــەتی عێــراق و بێگانــەکان بوەســتنەوە.
- پەیوەندیکــردن بــە پارتــە هاونیشــتیمانەکان، بۆئــەوەی ئەوانیــش پشــتگیری لــە گــەلی کــورد و شــۆڕشی بــارزان بکــەن. هەروەهــا پەیوەنــدی بکرێــت بــە پارتــە کوردییــەکانی کوردســتانی گــەورە، بۆئــەوەی هەموویــان پێکــەوە خەبــاتی خۆیــان بــۆ ڕزگارکــردنی کوردســتانی گــەورە لــە زوڵــم و زۆرداری بێگانــە و دوژمــن و ئیســتیعمارەکان یەکبخــەن.

لـە مانگـی ئـاداری سـاڵی ١٩٤٥ دا پـارتی هیـوا بە نامەیـەک ئاگاداری سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بارزانییـان کـردەوە کـە سـوپای عێـراق نیـازی وایـە هێـرش بکاتـە سـەر ناوچـەکانی شـۆڕش، بەتایبـەتی هـەردوو ناوچـەی برادۆسـت و باڵـەک. دوای ئـەو پەیامـە سـەرۆک بـارزانی هەمـوو سـەنگەر و بـەرەکان ئـاگادار دەکاتـەوە کـە زۆر وریـا بـن و ئەگـەر سـوپای عێـراق هاتـە پێـش، ڕووبـەڕووی بوەسـتنەوە و بـەرەکانی شـەڕ بەمشـێوەیە دابەشـکران:

- بـەرەی مێرگەسـۆر و ڕوانـدز و برادۆسـت بـە مسـتەفا خۆشـناو و محەمـەد مەحمـوود قـودسی سـپێردرابوو.
- بەرەی ئاکرێ و دینارتە بە شێخ سلێمان شێخ عەبدولسەلام سپێردرا.
- بـەرەی ناوچـەی ئامێـدی و ناوچـەی ڕێـکان لـە لایـەن عیـزەت عەبدولعەزیـز و عەبدولحەمیـد سەرپەرشـتی دەکـرا.
- سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی خـۆی سـەرکردایەتی هەمـوو بـەرەکانی دەکـرد بـە هـاوکاری چەنـد ئەفسـەرێکی لێژنـەی ئـازادی.

بەمشـێوەیە بەپێـی دابەشـکردنەکە هێـز دابەشـکرا و هـەر کەسـێک ئەرکـی خـۆی دەزانی و ئامادەبـوون بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی هـەر هێرشـێک. هەروەهـا ئـاگاداری حکومـەتی عێراقیـان کـردەوە کـە ئەگـەر هێـرش بکەنـە سـەر ناوچـەی ئـازاد، ئـەوا بەرەوڕوویـان دەبنـەوە. لەوەڵامـدا حکومـەتی عێـراق بـە سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بارزانییـان ڕاگەیانـد کـە ئـەوان بەنیـازی هیـچ هێرشـێک نیـن، بـەڵام هەرچۆنێـک بێـت سـەرۆک بـارزانی تـەواوی بـەرەکان ئـاگادار دەکاتـەوە کـە زۆر وریـا بـن.

هەروەهـا محەمـەد قـودسی دەنێرێـت بـۆ ناوچـەی (باڵـەک و برادۆسـت) بۆئـەوەی ئـاگاداری هەمـوو سـەرۆک عەشـیرەتەکان بکاتـەوە کـە ئامادەبـن بـۆ هـەر فەرمانێـک کـە سـەرکردایەتی شـۆڕش دەیـدات و ئەگـەر هاتـوو سـوپای عێـراق نیـازی هێـرشی هەبێـت، ئـەوا بەتونـدی لێیـان بدرێـت. سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی لەگـەڵ چەنـد ئەفسـەرێکی لێژنـەی ئـازادی لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٥/٣/٢٣ سـەردانی گونـدی هاودیـانی کـرد لەبـەرەی ناوچـەی مێرگەسـۆر و ڕوانـدز و برادۆسـت.

لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٥/٣/٢٥ (کاپیتـان سـتوکس) ڕاوێـژکاری سـیاسی بەریتانیـا لـە هاودیـان دێتـە لای مـەلا مسـتەفا بـارزانی و پێـی دەڵێـت لەبەرئـەوەی سـوپای عێـراق شـارەزا نیـن و ئەزمـونی شـەڕیان نییـە، بۆیـە سـوپای بەریتانیـا

بڕیاریداوە سوپای عێراق فێری هەندێک مەشقی سەربازی بکات و دەڵێت ئەمەش تەنیا مەشق و ڕاهێنانە و هیچی دیکە نییە. هەروەها دەڵێت نابێ لەم کارەی ئێمە نیگەران بن. هەروەها (کاپیتان ستوکس) دەڵێت پێویستە فەرمانی حکومەتی عێراق جێبەجێ بکەن و لە قسەی حکومەتی عێراق دەرنەچن. هەروەها دەڵێت بەرەکانی شەڕ چۆڵ بکەن و هەرکەس بگەڕێتەوە سەر ئیشوکاری خۆی و ئەو ئەفسەرە کوردانەی پێشتریش سوپای عێراقیان بە جێهێشتووە، دەبێ بگەڕێنەوە سەر کارەکانی پێشوویان لەو شوێنانەی پێشتر لێی بوون.

وەڵامی مەلا مستەفای بارزانی بۆ (کاپیتان ستۆکس) ئەوە دەبێت و دەڵێت ئێمە دوو ڕێگامان لەپێشە. هەروەها پێی دەڵێت ئێمە هەزاران قسە و بەڵێنمان لە حکومەتی عێراق وەرگرتووە، بەڵام هیچیانی جێبەجێ نەکردووە. دوای ئەم قسانەی سەرۆک (کاپیتان ستۆکس) بە بێ ئومێدی دەگەڕێتەوە و مەلا مستەفاش دەگەڕێتەوە بارزان.

## هاتنی دوو ئەفسەری سوپای یەکێتی سۆڤیەت بۆ بارزان

دوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ (کاپیتان ستۆکس)، سەرۆک بارزانی دەگەڕێتەوە بارزان و لەوێ بانگی مامەند مەسیح دەکات کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی شۆڕشی بارزان، ڕایدەسپێرێت بچێتە کوردستانی ئێران و لای پارتی (ژ-ک) و لەوێ بە هاوکاری سەرکردەکانی ئەو پارتە دەتوانێت لێپرسراوی سوپای یەکێتی سۆڤیەت لە کوردستانی ئێران ببینێت. لەوێ دوو ئەفسەری سوپای یەکێتی سۆڤیەت دەهێنێتە لای بارزانی و ئەفسەرانی لێژنەی ئازادی. هەردوو ئەفسەرەکە کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆک بارزانی و ئەفسەرانی لێژنەی ئازادی دەکەن و ئەوەی پێویست بێ تاوتوێی دەکەن و دواتر دەگەڕێنەوە کوردستانی ئێران.

## سـەردانی سـەرۆک بـارزانی بـۆ لای سـەرۆک عەشـیرەتەکانی برادۆسـت و باڵـەک

پـاش ئـەوەی هـەردوو ئەفسـەرەکە لای سـەرۆک بـارزانی دەگەڕێنەوە شـوێنی خۆیـان. بـارزانی بـێ خـۆ دواخسـتن سـەردانی سـەرۆک عەشـیرەتەکانی برادۆسـت و باڵـەک دەکات. لـە سـەرەتادا دەچێتـە برادۆسـت و لەگـەڵ کـوڕەکانی سـەید تەهـا و مەحمـوود بەگـی خەلیفـە سـەمەد کـۆ دەبێتـەوە و داوایـان لێـدەکات سـەنگەرەکانی خۆیـان قایـم بکـەن و بەرگـری لـە شـۆڕش بکـەن لەبەرانبـەر هـەر هێرشـێکی حکومـەتی عێـراق. ئەوانیـش پەیـمان بـە سـەرۆک بـارزانی دەدەن کـە بەچەکـی خۆیـان بچنـە بـەرەکانی شـەڕ و پشـتگیری لـە شـۆڕش و خاکـی کوردسـتان بکـەن.

دوای ئەوە سـەرۆک مەلا مسـتەفا بارزانی دەچێتە لای سـەرۆک عەشـیرەتەکانی ناوچـەی باڵـەک و دەچێتـە گونـدی (وڵاش) بـۆ لای محەمـەد ئاغـای وڵاشی. لەگـەڵ ئەوانیـش کۆبوونەوەیـەک دەکات و بـە هەمـان شـێوە داوای بەرگـری لـە ئەوانیـش دەکات و داوا دەکات بچنـە بـەرەکانی برادۆسـت و ڕواندز و مێرگەسـۆر. ئەوانیـش وەکـو هەمـوو عەشـیرەتەکانی دیکـەی کوردسـتان پشـتگیری خۆیـان بـۆ سـەرۆک بـارزانی ڕادەگەیەنـن و دەڵێـن ئەگـەر دووبـارە شـەڕ دەسـتپێبکاتەوە ئێمـە دژی حکومـەتی عێـراق دەوەسـتینەوە. پاشـان سـەرۆک بـارزانی دەچێتـە لای سـلێمان بەگـی دەرگەڵـە کـە پیاوێکـی دڵسـۆز و نیشـتیمانپەروەرە و هەمـوو کات پەیوەنـدی هەبـووە بـە سـەرۆک بـارزانی و شـۆڕشی کـورد، شـەو لـە لای ئـەو دەبێـت.

سـەرۆک بـارزانی لـە سـەردانەکانی بـەردەوام دەبێـت و ئەمجارەیـان دەچێتـە سـەر سـنووری نێـوان عێـراق و ئێـران و لـەوێ فەتـاح ئاغـای هەرکـی دەبینێـت.

جەنـەڕاڵ سـیامەندۆف[1] کـە جەنەڕاڵێکـی سـوپای یەکێتـی سـۆڤیەتە، ئەویـش دێتـە ماڵـی فەتـاح ئاغـای هەرکـی، دواتـر سـەرۆک بارزانـی و جەنـەڕاڵ سـیامەندۆف دووبـەدوو کۆدەبنـەوە، پاشـان دەگەڕێتـەوە کوردسـتانی ئێـران و لەوێشـەوە دەچێتـەوە یەکێتـی سـۆڤیەت، تـا بڕیـار و پەیامـەکانی کۆبوونەوەکـە بگەیەنێتـە لای کاربەدەسـتانی یەکێتـی سـۆڤیەت. سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بارزانیـش دەگەڕێتـەوە بـارزان.

### هاتنی پارێزگاری هەولێر و ئەفسەرێکی سوپای بەریتانیا بۆ مێرگەسۆر

دوای ئـەوەی مـەلا مسـتەفا بـارزانی لـە لای جەنـەڕاڵ سـیامەندۆف دەگەڕێتـەوە بـارزان، سـەعید قـەزاز و ئەفسـەرێکی سـوپای بەریتانیـا دێنـە

(١)سـیامەندۆف جەنەڕاڵێکـی بـە ڕەگـەزی کـوردی نـاو سـوپای یەکێتـی سـۆڤیەت بـوو. لـەکاتی جەنگـی دووەمـی جیهانیـدا سـێ جـار میدالیـای قارەمانێتـی لـە لایـەن حکومـەتی یەکێتـی سـۆڤیەت پێـدراوە. کاتێـک شـەڕی دووەمـی جیهـانی تـەواو دەبێـت، سـتالینی سـەرۆکی یەکێتـی سـۆڤیەت بانگـی جەنـەڕاڵ سیامەندۆف دەکات و پێـی دەڵێـت تـۆ لـەکاتی جەنگـی دووەمـی جیهانیـدا قارەمـان بـووی و سـێ جـار میدالیـای قارەمانێتیـت وەرگرتـووە. مـن بۆیـە بانگـی تـۆم کـردووە تـا هـەر داواکارییەکـی کەسـیت هەیـە و ئـارەزووی چـی دەکـەی بـا بـۆتی جێبەجـێ بکـەم. لەوەڵامـدا جەنـەڕاڵ سـیامەندۆف دەڵـێ مـن جگـە لـە خزمـەتی وڵاتی خـۆم شـتێکی دیکـەم نەکـردووە، ئـەوەش ئەرکـی هەمووـمانـە. هەروەهـا جەنـەڕاڵ بـە سـتالین دەڵێـت وڵاتی ئێمـە هـاوکاری و پاڵپشـتی لـەو میللەتانـە دەکات کـە خاکیـان داگیرکـراوە و زوڵمیـان لێدەکرێـت تـا بـە مافـەکانی خۆیـان بگـەن و ببنـە خـاوەنی وڵاتی خۆیـان و لـە زوڵـم و زۆری بێگانـە و ئیسـتیعمارەکان ڕزگاریـان ببێـت. ئێـوە دەزانـن کـە گـەلی کوردمـان بـە ناحـەق دابـەشی سـەر چـوار وڵاتی دوژمـن کـراوە، جـا مـن هیـوادارم یەکێتـی سـۆڤیەت هەوڵبـدات یارمـەتی گـەلی کـورد بـدات تـا ئـازاد بێـت و وەکـو هەمـوو وڵاتـانی جیهـان بـە مـافی خـۆی بـگات. سـتالین کـە گوێـی لـە قسـەکانی جەنـەڕاڵ سیامەندۆف دەبێـت خـۆی تـوڕە دەکات و پێـی دەڵێـت ئێـوە نیشـتیمانپەروەری سـۆڤیەت نیـن و دەریـدەکات.

مێرگەسۆری ناوچەی شۆڕشی بارزان و ئاگاداری سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی دەکەن کە ئەویش لە بارزانەوە بچێتە مێرگەسۆر. کاتێک بارزانی دەگاتە لایان هەردووکیان (سەعید قەزاز و ئەفسەرە بەریتانییەکە) پێی دەڵێن، دوو ئەفسەری سوپای یەکێتی سۆڤیەت هاتوون و تۆیان بینیوە و ئەفسەرانی لێژنەی ئازادیش بەشداربوون و پاشان چووی بۆ ماڵی فەتاح ئاغای هەرکی و لەوێ جەنەڕاڵ سیامەندۆڤ هاتووەتە لات و کۆبوونەوەتان کردووە. هەردووکیان ئەوە لە سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی دەپرسن کە هەردوو ئەفسەرەکەی یەکێتی سۆڤیەت بۆچی هاتبوون و ئێوە بۆ چوون جەنەڕاڵ سیماندۆڤتان بینی؟ ئێمە وەڵامی ئەم پرسیارانەمان دەوێ.

سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی وەڵامیان نەداتەوە، بەڵام پێیان دەڵێت ئێوە بگەڕێنەوە لای حکومەتەکانتان و بزانن حکومەتی عێراقی و بەریتانی بۆچی دەیانەوێ هێرش بکەنە سەر ناوچەکانی بارزان و باڵەک؟ کاتێک ئێوە هاتنەوە و وەڵامی منتان دایەوە، ئەوکات منیش وەڵامی ئێوە دەدەمەوە. سەعید قەزاز و ئەفسەرە بەریتانییەکە بەبێ ئەوەی هیچییان دەستکەوێ دەگەڕێنەوە هەولێر.

### سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ لای سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچەی بادینان

دوای گەڕانەوەی سەعید قەزاز و ئەفسەرە بەریتانییەکە بۆ هەولێر، بارزانی لە نیازی هەردوو حکومەتەکە تێدەگات و دەزانێت کە شتێکیان لەبن سەردایە، بۆیە دەسبەجێ بڕیار دەدات سەردانی ناوچە کوردییەکانی پارێزگای موسڵ بکات و سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچەی بادینان بەسەر بکاتەوە. بارزانی سەردانەکەی دەسپێدەکات و لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکانی بادینان کۆدەبێتەوە و داوایان لێدەکات پشتەوانی شۆڕشی بارزان بکەن و لەکاتی هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشی بارزان

بەرەکانیان قایم بکەن و نەهێڵن دوژمن بێتە پێش.

هەروەها سەرۆک بارزانی سەردانی حاجی ملوی و شێخەکانی بریفکان کرد و کۆبوونەوەیەکی گشتیی لەگەڵ کردن، تا ئەوانیش بە چەکی خۆیان بەرگری لە نیشتمان بکەن و پشتەوانی شۆڕش بن و ئەوانیش بەڵێنی ئەوەی پێدەدەن. بڕیار وابوو سەرۆک بارزانی سەردانی زیاتری عەشیرەتە کوردییەکانی ئەو ناوچەیە بکات، بەڵام نامەیەکی بەپەلەی لە شێخ ئەحمەدی بارزانی براگەورەیەوە پێگەیشت و ئەو پەیامەی تێدابوو کە دەبێت دەستبەجێ بگەڕێتەوە بارزان. هەروەها لە نامەکەدا ئەوەی نووسیوە و دەڵێت (وەلی بەگ)ی[1] خاڵمان بە ئیشی تایبەتی خۆی چووە بۆ مەخفەری پۆلیسی مێرگەسۆر و شەهیدیان کردووە. شێخ ئەحمەد بۆ بارزانی دەنووسێت کە دووبارە شۆڕش دەستپێکردووەتەوە و شۆڕشگێڕان لەتۆڵەی خوێنی خاڵمان هێرشیانکردووەتە سەر مەخفەری مێرگەسۆر و بلێ و دەستیان بەسەرداگرتوون و چەند پۆلیسێکیشیان کوشتووە.

پێش ئەوەی (وەلی بەگ) شەهید بکرێ، ڕۆژێک (مێجەر مۆر)ی ڕاوێژکاری سیاسی بەریتانیا لە شاری کەرکووک، لەگەڵ عیزەت عەبدولعەزیز دەچێتە بارزان بۆ لای شێخ ئەحمەدی بارزانی و پێی دەڵێت، سەفارەتی بەریتانی منیان ناردووە

(١)وەلی بەگ خاڵی شێخەکانی بارزان بوو و یەکێک بوو لە سەرۆک عەشیرەتەکانی شێروانی و لە ڕێکەوتی ١٩٤٥/٨/٨ بە ئیشی تایبەتی خۆی دەچێتە مەخفەری مێرگەسۆر و لە لایەن پۆلیسی مەخفەرەکەوە تەقەی لێدەکەن و دەیکوژن، بەبێ ئەوەی پێشتر پێیان گوتبێ هاتوچۆی ئێرە مەکە یان مەیێ ئێرە. پاش ئەم ڕووداوە چەکدارەکانی بارزان هێرش دەکەنە سەر مەخفەری مێرگەسۆر و چەند پۆلیسێک دەکوژن و دەستیش بەسەر مەخفەرەکەدا دەگرن و هەر ئەوەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی شێخ ئەحمەدی بارزانی لە ڕێکەوتی ١٩٤٥/٨/١٠ نامە بۆ بارزانی بنووسێ و داوای بەپەلە گەڕانەوەی بکات.

بـۆ لای ئێـوە تـا پێتان ڕابگەیەنم دەبێـت فەرمانی حکومەتی عێـراق جێبەجێ بکەن و نابێـت لـە فەرمـانی ئـەو حکومەتە دەربچـن. هەروەها پێی دەڵێـت دەبێ چەک فـڕێ بـدەن و بیدەنـەوە دەسـت حکومـەتی عێـراق و بـۆ خۆتـان خەریکـی کار و کاسـبی خۆتـان بـن و واز لە یاخبـوون لە دژی حکومـەت بێنن.

هەروەهــا دەڵێــت، ئەگــەر ئێــوە لەقســە و فەرمــانی حکومــەتی عێــراق دەربچــن، ئــەوا حکومــەتی بەریتانیــا پشــتەوانیتان لــێ نــاکات. لــە وەڵامــدا شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی بـە مێجـەر مـۆر دەڵێـت هـەر کاتێـک چەکتـان لـە ئاشــوورییەکانی دراوســێمان و عەشــایرەکانی دراوســێمان وەرگــرت ئــەوکات ئێمــەش چەکــی خۆمــان دادەنێیــن.

هەروەهـا هـەر لەوکاتـەی سـەرۆک بـارزانی لە سـەردانی عەشـایرەکانی ناوچەی بادینـان بـوو، نامەیەکـی لـە لایەن سـەعید قەزازەوە پێـدەگات و تێیدا هەڕەشـەی ئـەوە دەکات کـە دەبێـت لەمـاوەی سـێ ڕۆژدا چەکـدارانی شـۆڕشی بـارزان چەکەکانیـان دابنێـن و بەبـێ دواکەوتن خۆیان ڕادەسـتی کاربەدەسـتانی حکومەتی عێـراق بکەنەوە.

هەروەهــا ســەرۆک مــەلا مســتەفا بــارزانی نامەیەکــی لــە کۆلۆنێــل میــد پێـدەگات و دەڵێـت، ئەگـەر ئێـوە گوێڕایـەڵی فەرمانـەکانی حکومەتی عێـراق نەبن، ئـەوا لـە هەمـوو یارمەتییـەکانی حکومـەتی بەریتانیـا بێبەشـتان دەکەیـن. جێـی باسـە حکومـەتی بەریتانیـا لـەکاتی جەنگـی دووەمـی جیهـانی یارمـەتی حکومـەتی عێراقـی نـەدەدا و ژێربەژێـر یارمـەتی کـوردی دەدا تـا تورکـەکانی پـێ بترسـێنێ کـە ئـەوکات تـورک هاوپەیـمانی ئەڵمانـەکان بـوون. دواتـر کـە (بەریتانیـا و ئەمریـکا و ڕووسـیا) شـەڕەکەیان بـردەوە، بەریتانیـا تـرسی لـە تورکیـا نەمـا، بۆیـە بـێ تـرس پشـتەوانی حکومـەتی عێـراق دەکات.

## گەڕانـەوەی سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی دوای نامەکەی شـێخ ئەحمەدی بارزانی

لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٥/٨/١٢ سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی نامـەی شـێخ ئەحمـەدی براگـەورەی بەدەسـت گەیشـت، لەوکاتـەی لـە سـەردانیکردنی عەشـیرەتەکانی بادینـان بـوو. لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٥/٨/١٨ دەگاتـەوە گونـدی بـارزان و دەسـتبەجێ لەگـەڵ شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی و ئەفسـەرە کـوردەکانی شـۆڕشی بـارزان کۆدەبنـەوە و لـە کۆبوونەوەکـەدا ئـەم دوو بڕیـارە دەدەن:

- ئـاگاداری تـەواوی فەرمانـدە و شۆڕشـگێڕەکانی بـەرەی جەنـگ بکەنـەوە کـە لەوپـەڕی ئامادەباشـیدا بـن و بـەرەی شـەڕی خۆیـان قایـم بکـەن، ئەگـەر هاتـوو پۆلیـس و سـوپای عێـراق هێرشـیان هێنـا بەرەوڕوویـان ببنـەوە و خـاک و گـەلی کوردسـتان بپارێـزن.
- ئـاگاداری حکومـەتی عێـراق بکرێتـەوە، ئەگـەر سـوپا و پۆلیـسی عێـراق بێنـە پێشـەوە و هێـرش بێنـن، ئـەوا شۆڕشـگێڕانی شـۆڕشی بـارزان بەرەوڕوویـان دەبنـەوە و لێیـان دەدرێـت.

### بێجگـە لـەوەش ئـەو بـەرە و سـەنگەرانەی خـوارەوە بەمجـۆرە فەرمانـدە و لێپرسراویـان بـۆ دەستنیشـان دەکرێ:

- بـەرەی ناوچـەی دینارتـە و بـەرەی ئاکـرێ بـە سـەرۆکایەتی سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی لەگـەڵ چەنـد ئەفسـەرێکی کـوردی ئەندامـی لێژنـەی ئـازادی.
- بـەرەی ناوچـەی مێرگەسـۆر و ڕوانـدز بـە شـێخ محەمـەد سـدیقی بـرای سـەرۆک بـارزانی دەسـپێردرێت.
- بـەرەی ناوچـەی باڵنـدان بـە عیـزەت عەبدولعەزیـز وساڵح عەبدولعەزیـز دەسـپێردرێت.

هەروەهـا بڕیـار دەدرێـت کـە سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی خـۆی

سـەرکردایەتی هەمـوو بـەرەکانی شـەڕ بـکات لـەکاتی پێویسـتدا.

دوای هەمـوو ئەمانـە، سـەرۆک بـارزانی لـە ١٩٤٥/٨/٢٠ دا چەنـد نامەیـەک کـە لەخـوارەوە ناوەڕۆکەکەیـان دەخەینـەڕوو بـۆ ئەنجومـەنی وەزیـرانی عێـراق و تـەواوی کونسـوڵخانەی وڵاتـان لـە بەغـدا دەنێرێـت، بەتایبـەتی بـۆ کونسـوڵخانەکانی (چیـن، فەرەنسـا، ئەمریـکا، یەکێتـی سـۆڤیەت). نامـەکان ئـەم پەیامانەیـان تێـدا نووسرابـوو:

«ئێمـە کـە دوو سـاڵ لەمەوبـەر شـەڕمان وەسـتاند، نامانـەوێ دووبـارە ڕووبـەڕووی حکومـەتی عێـراق ببینـەوە. نـوری سـەعید کـە سـەرۆک وەزیـرانی عێـراق بـوو، چەندیـن بڕیـار و قسـەی چاکـی بـۆ کردیـن و دواتـر خـۆی ڕۆیشـت و هیـچ بڕیارێکیـشی جێبەجـێ نەکـرد. دوای ئـەو حەمـدی پاچەچـی هـات و گوتـی مـن هەمـوو داخوازییـەکانی گـەلی کـورد جێبەجـێ دەکـەم، کەچـی لەبـاتی ئـەوەی داخوازییـەکانی میللەتەکەمـان جێبەجـێ بـکات، هەمـوو وەزیـرە کـوردەکانی حکومەتەکـەی دەرکـرد. ئێمـە ماوەیەکـی زۆر چاوەڕوانمـان کـرد و لـە ئەنجامـدا هیچـمان دەسـتنەکەوت و لەبـری ئـەوە حکومـەتی عێـراق بەنـاوی مەشـق و ڕاهێنـان ناوچـەی بـارزان و شـۆڕشی بـارزانی پـڕ لـە مەخفـەری پۆلیسـکرد. مـن دەمـەوێ ئێـوە لـەم خاڵانـە ئاگاداربکەمـەوە:

- سـەرۆک عەشـیرەتەکانی کـورد لـەکاتی خۆی سـەردانی منیـان کردبـوو و دەبێت منیـش سـەردانیان بکەمـەوە، بۆیـە چـووم بـۆ لایـان، کەچـی فەرمانێکیـان بـۆ مـن دەرکـردووە کـە گوایـە نابـێ لەشـوێنی خـۆم بجوڵێـم و هیـچ سـەردانێک بکـەم. لەبەرئـەوەی لـە یاسـای عێراقـدا شـتێکی وا نییـە و ناڵـێ نابـێ مـرۆڤ سـەردانی خـزم و کـەسی بـکات، بۆیـە مـن سـەردانەکەم کـرد.

- کاتێـک لـە بـارزان دەرچـووم، سـەعید قـەزازی پارێـزگاری هەولێـر فەرمانێکـی دەرکـردووە و بـۆ هەمـوو مەخفـەرەکانی پۆلیـسی نـاردووە لـە ناوچـەکانی (زێبـار، بـارزان، مێرگەسـۆر، شـێروان، بلـێ) کـە هـەر بارزانییـەک

بـۆ ئیشـوکاری خـۆی هاتـە لاتـان ئیشـوکاری بـۆ جێبەجـێ نەکـەن.

- وەلی بەگـی خاڵـی ئێمـە و سـەرۆک عەشـیرەتی شـێروان بـە ئیـشی تایبـەتی خـۆی دەچێتـە مەخفـەری مێرگەسـۆر، تەقـەی لـێ دەکـەن و دەیکـوژن. بارزانییەکانیـش لـە تۆڵـەی وەلی بـەگ چەند پۆلیسـێک دەکوژن و مەخفەری میرگەسـۆریش دەگـرن.
- لەبـەر ئـەو فەرمانـەی سـەعید قـەزازی پارێـزگاری هەولێـر دەریکردبـوو کـە لـە بنکـەکانی پۆلیـس هیـچ کارێـک بـۆ بارزانییـەکان نەکـرێ، لـە مەخفـەری پۆلیـسی دینارتـەش شـەڕ ڕوویـداوە. ئەسـعەد خۆشـەوی بـە کاری تایبـەتی خـۆی دەچێتـە ئـەو مەخفـەرە و تەقـەی لێدەکـەن، بـەڵام ئـەو و پیـاوەکانی خۆیـان ڕزگار دەکـەن و چەنـد پۆلیسـێکیش دەکـوژن.
- سـوپای عێـراق لەهەمـوو لایێکـەوە ئابڵۆقـەی ناوچـەکانی بـن دەسـەڵاتی شۆڕشـیان داوە. هەروەهـا هێـزەکانی پۆلیـس لـە ناوچـەی ڕێکانیـان کۆکراونەتـەوە و لەشـکرێکی زۆریـش هاتووەتـە ناوچـەکانی ئاکـرێ و ڕوانـدز و خەلیفـان و پێشـڕەوی دەکـەن بـۆ هـەردوو گونـدی باڵەکیـان و هاودیـان. هەروەهـا هێزێکـی زۆری سـوپای عێـراق ئامـادە دەکرێـت بـۆ هێرشـکردنە سـەر ناوچـەکانی شـۆڕش، بەبـێ ئـەوەی هیـچ گرفتێـک لـە ئارادابێـت. ئـەوان دەیانەوێـت ئاگـری شـەڕ هەڵبگیرسـێنن و ئـەو کـوردە بـێ تاوانـە لەناوبـەرن.

کونسـوڵە بەڕێـزەکان، لەوکاتـەی مـن ئـەم نامەیەتـان بـۆ دەنووسـم ژن و منداڵـی گونـدەکانی ئـەم ناوچەیـە لەژێـر ڕەحمـەتی بۆمبـەکانی حکومـەتی عێراقـدان و هیـچ بەندێکیـش ڕێـگا بـەم کارەی ئـەوان نـادات. ئێمـە چاوەڕێـی یارمـەتی و هـاوکاری ئـەو وڵاتانـەن کـە بەرگـری لـە مـافی نەتـەوە مەزڵومـەکان دەکـەن».

### بەرەکانی شەڕ لە دژی سوپای عێراق

- بـەرەی ناوچـەی مێرگەسـۆر و برادۆسـت و باڵـەک بـە سـەرۆکایەتی شـێخ

محەمـەد سـدیق دەبێـت بـە هـاوکاری چەنـد ئەفسـەرێکی شـۆڕش.

پـلانی حکومـەتی عێراقـی لـەم بەرەیـەدا بـەم شـێوەیە دەبێـت. هێرشـکردنە سـەر ناوچـەکانی شـۆڕش بـە هەمـوو جـۆرە چەکێکـی قـورس و بۆمبارانکـردن بـە تـۆپ و فڕۆکـەی جەنگـی عێراقـی و بەریتـانی لـە باپشـتییانەوە بـۆ مێرگەسـۆر و لەوێـوە بـۆ خێـرەزۆکان و بـۆ گونـدی چەمـێ و بـۆ لێرەبیـرێ و بـۆ بـارزان. هێـزەکانی سـوپای عێـراق لـەم بەرەیـەی شـەڕدا ٦٠٠٠ چەکـدار زیاتربـوون بـە هـاوکاری جاشـەکانی ناوچـەی سـیدەکان و برادۆسـت. لەبەرانبـەردا هێـزی شـۆڕشی بـارزان لـەم بـەرە دوورودرێـژەدا تەنیـا ١٠٠٠ کـەس دەبـوو.

- بـەرەی ناوچـەی دینارتـە بـە سـەرۆکایەتی سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی و چەنـد ئەفسـەرێکی لێژنـەی ئـازادی بـوو. لـەم بەرەیـەدا هێـزی شـۆڕش نزیکـەی ١٠٠ شۆڕشـگێڕێک دەبـوون و لەبەرانبـەردا حکومـەتی عێراقـی دوو سـوپای بـە هەمـوو جـۆرە چەکێکـی قـورس هێنابـووە ئـەم ناوچەیـە، ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی جاشـەکانی ناوچەکـەش یارمەتییـان دەدان.
- بـەرەی ئامێـدی و باڵنـدان بـە سـەرکردایەتی عیـزەت عەبدولعەزیـز و سـاڵح عەبدولعەزیـز بەرێوەدەچـوو. هێـزی شـۆڕش لـەم بەرەیـەدا ٥٠٠ چەکـدار بـوون و هێـزی سـوپای عێـراق هێزێکـی تـەواوی پۆلیـس بـوو پاڵپشـت بـە جاشـەکان کـە ژمارەیـان نزیکـەی ٥٠٠ جاشـێک دەبـوون.

هەڵوێستی بەریتانیا و ئەفسەرانی بەریتانی بەرانبەر بە شۆڕشی بارزان

هـەر لـە ڕۆژی یەکەمـی شـۆڕشی بـارزان، ئەفسـەرە بەریتانییـەکان دەسـتیان بـە پڕوپاگەنـدەی خـراپ و قێـزەون کـرد لـە دژی شـۆڕشی بـارزان و سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی. دەسـتیان بەگـەڕان کـرد لەنـاو عەشـیرەتە کوردییـەکان، بەتایبـەتی ئـەو عەشـیرەتانەی دەکەوتنـە سـنووری پارێـزگای موسـڵ و پڕوپاگەنـدەی ئەوەیـان بڵاودەکـردەوە کـە بـەم زووانـە شـۆڕشی بـارزان کۆتایـی پێدێـت، بۆیـە تاکـو زووە دەسـبەرداری ئـەو پاڵپشـتییانە بـن کـە بـۆ شـۆڕشی

بـارزان هەتانـە و بگەڕێنـەوە بـاوەشی حکومـەتی عێـراق. ئەگـەر نەگەڕێنـەوە بـاوەشی حکومـەتی عێـراق، ئـەوا سـوپای عێـراق هەمووتـان دەکوژێـت و ئـەوەی نەشـکوژرێت دەخرێتـە کونجـی زیندانەکانـەوە. هەروەهـا ئەگـەر وازنەهێنـن، حکومـەتی عێـراق مـاڵ و خێزانتـان بەتـاڵان دەبـات. بـە پێچەوانـەوەی ئـەوەش ئەگـەر واز لـە پشـتەوانی کـردنی شـۆڕشی بـارزان بهێنـن و بگەڕێنـەوە بـاوەشی حکومـەتی عێـراق، ئـەوا پارەیەکـی زۆرتـان دەدرێتـێ.

ئەفسـەرەکانی سـوپای بەریتانیا هـەر لـە سـەرەتای ساڵی ١٩٤٥ دا دەسـتیان بـەم پڕوپاگەندانـە کـرد، بەتایبـەتی دوای ئـەوەی بیسـتیان کـە دوو ئەفسـەری سـوپای یەکێتـی سـۆڤیەت هاتوونەتـە لای سـەرۆک بـارزانی و ئەفسـەرانی لێژنـەی ئـازادی، هەروەهـا دوای ئـەوەی زانیبوویـان کـە سـەرۆک بـۆ بینینـی جەنـەڕاڵ سیامەندۆڤ چووەتـە ناوچـەی سـەر سـنووری نێـوان عێـراق و ئێـران.

هەمـوو ئەمانـە هۆکاربـوون بـۆ ئـەوەی ئەفسـەرانی بەریتـانی زۆر بـە ڕژدی پاڵپشـتی لـە حکومـەتی عێـراق بکـەن و دژی شـۆڕشی بـارزان بوەسـتنەوە.

### هەڵوێستی سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردی ناوچەی پارێزگای موسڵ

هەرچەنـدە ئەوکاتـەی سـەرۆک مـەلا مستەفا بـارزانی لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٤٥ سـەردانی سـەرۆک عەشـیرەتەکانی کـرد و ئەوانـەی دوژمنایـەتی لەنێوانیانـدا هەبـوو ئاشـتی کردنـەوە و هەموویـان پەیمانیـان بـە سـەرۆک بـارزانی دا کـە پاڵپشـت و پشـتەوانی شـۆڕش دەبـن و بـە چەکـی خۆیـان بەرگـری لـە کوردسـتان و شۆڕشـەکەی دەکـەن و دژی داگیرکـەران و زۆرداران دەوەسـتنەوە، بەتایبـەتی سـەرۆک عەشـیرەتەکانی پارێـزگای موسـڵ و هەولێـر، بـەڵام زۆر لـە سـەرۆک عەشـیرەتەکانی ناوچـەی پارێـزگای هەولێـر بـە قسـەی حکومـەتی بەریتانیـا و ئەفسـەرانی بەریتـانی چوونـە بـاوەشی دوژمـن لـە دژی سـەرۆک مـەلا مستەفا بـارزانی و شۆڕشـەکەی و بەپارەیەکـی کـەم خۆیـان فرۆشـت و چەکیـان لـە دژی

شـۆڕشی بـارزان وەرگـرت و بوونـە جـاش و قسـەیان دایـە حەمـدی پاچەچـی سـەرۆک وەزیـرانی عێـراق و مسـتەفا عومـەر کـە وەزیـری ناوخـۆی عێـراق بـوو ئـەوان لـە دژی شـۆڕشی بـارزان و سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی دەوەسـتنەوە و یارمـەتی حکومـەتی عێـراق دەدەن.

حکومـەتی عێـراق بـە قسـەی وڵاتی بەریتانیـا و ئەفسـەرانی ئـەو وڵاتـە لـە عێـراق، پارەیەکـی زۆری بـۆ سـەرۆک عەشـیرەتە کـوردەکان تەرخانکـرد تـا واز لـە پاڵپشـتی سـەرۆک و بـارزانی و شۆڕشـەکەی بهێنـن و بچنـە پـاڵ سـوپا و پۆلیـس و لەگەڵیانـدا هێـرش بکەنـە سـەر هێـزەکانی شـۆڕشی بـارزان.

تەنیـا لـە بـەرەی ئاکـرێ و دینارتـە نەبـێ کـە مەحمـوود ئاغـای زێبـاری لەگـەڵ هێزێکـی چەکـداری زێبـاری لەگـەڵ شـۆڕش مانـەوە و بـەرەی سـەر چیـای ئاکـرێ لـە لایـەن ئەوانـەوە دەپارێـزرا، لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٥/٨/٢١ سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی لەگـەڵ هێزێـک کـە ٦٠ چەکداربـوون، دەچێتـە بـەرەی ئاکـرێ و دینارتـە بـۆ بەرگریکـردن و پێشـگرتن بـە هـەر هێرشـێک. لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٥/٨/٢٤ دا مەحمـوود ئاغـای زێبـاری بەخـۆی و ٤٠ چەکـدارەوە پەیوەنـدی بـە مـەلا مسـتەفا بارزانییـەوە دەکات و دێتـە لای. پاشـان سـەرۆک مـەلا مستەفا بـارزانی و مەحمـوود ئاغـای زێبـاری بەیەکـەوە دەچنـە چیـای پیـرس و پاشـان دەچنـە گونـدی (گوبیـش) بـۆ بـارەگای گشـتی شـۆڕش. لـە هەمانکاتـدا مـەلا مستەفای بـارزانی ئـاگادار دەکرێتـەوە کـە دوو هێـزی سـوپای عێـراق کـە (هێـزی یـەک و هێـزی پێنـج)ن نیازیـان وایـە هێـرش بکەنـە سـەر بـارەگای گشـتی شـۆڕش لـە گونـدی گوبیـش، بۆیـە سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی بـارەگای گشـتی شـۆڕش لـە گونـدی گوبیشـەوە دەگوازێتـەوە بـۆ دۆڵـی نهێلـێ.

## دەستپێکردنەوەی شەڕ

سـێ هێـزی حکومـەتی عێـراق لەبـەرەی مێرگەسـۆر و برادۆسـت و باڵـەک

دێنـە پێشـەوە بـۆ هێرشـکردنە سـەر هێـزەکانی شـۆڕشی بـارزان:

شــەڕی چیـای قەڵەنـدەر لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٥/٨/٢٥ لەنێـوان هێـزەکانی سـوپای عێـراق و هێـزەکانی شـۆڕش ڕوویـدا و سـێ هێـزی سـوپای عێـراق بـە سـەرۆکایەتی (عەقیـد ڕوکـن حەسـیب ڕەبیعـی) لـە هـەردوو گونـدی باڵەکیـان و هاودیانـەوە هێـرش دێنـن بـەرەو چیـای قەڵەنـدەر بـە بەکارهێنـانی هەمـوو جـۆرە چەکێکـی قـورس و فڕۆکـەی جەنگـی حکومـەتی عێراقـی و بەریتـانی و بەرلـەوەی حکومـەتی عێـراق دەسـت بـە هێـرش بـکات، دەسـت دەکات بـە تۆپبـاران و بۆمبـارانی هێـزەکانی پێشـمەرگە بـە فڕۆکـە، پێشـمەرگە خۆیـان قایـم کردبـوو و ئامادەی شـەڕی مـان و نەمـان بـوون، چونکـە بەڵێنیـان بـە سـەرۆکی خۆیـان دابـوو کـە پشـتگیری بکـەن و شـۆڕش و گـەلی کوردسـتان بپارێـزن. دوای بۆمبـارانی تـۆپ و فڕۆکـە هەرسـێ هێـزی حکومـەتی عێـراق دەسـت بـە هێـرش دەکـەن.

هێـزی شـۆڕش ئامادەبـوو بـۆ هەمـوو هێرشـێک، بۆیـە کـە سـوپای عێـراق دێتـە پێشـەوە، ئەوانیـش لـە سـەنگەرەکانیان دێنـە دەرەوە و هێـرش دەکەنـە سـەر هێـزی حکومـەتی عێـراق و شـەڕێکی سـەخت و خوێنـاوی دەسـتپێدەکات. سـوپای حکومـەتی عێـراق چەنـد جارێـک دەشـکێت و دووبـارە هێـرش دێننـەوە، ئـەم شـەڕە خوێناوییـە تاکـو ئێوارانێکـی درەنـگ بـەردەوام دەبێـت. سـوپای عێـراق دەشـکێت و کوشـتارێکی زۆریـان لێ دەکرێـت و هێزەکەیـان دەگەڕێتەوە ئـەو شـوێنەی لێـی هاتبـوون، واتـە نزیـک گـەلی عـەلی بـەگ و گونـدی باڵەکیان و هاودیـان کـە مۆڵگەکانیـان لـەوێ بـوون. هەروەهـا جاشـێکی زۆریـش دەکوژرێن و دوای شـەڕەکە بـڵاوەی لێدەکـەن و هەریەکەیـان بـە سـەر شـۆڕی دەچێتـەوە ماڵـی خـۆی.

زیـانی سـوپای دوژمـن لـەم شـەڕەدا ٢٠٨ سـەرباز و ئەفسـەر دەکوژرێـن و ٣٠٠ یـان برینـدار دەبـن. هەروەهـا ئەفسـەرێک بەنـاوی (قەیسـەر هورمـز)

دەکوژرێت کە لەڕیزی سوپای عێراق و فەرماندەی بەتالیۆنی سوپای عێراق بوو و جەنازەکەیان لە مەیدانی شەڕ بە جێهێشتبوو. زیانی شۆڕش لەم شەڕەدا یەک شەهید دەبێت بەناوی (مەلا عەبدوڵا هادی لێری)، هەروەها سەرکردەی بەرەکە کە شێخ محەمەد سدیق بوو بریندار دەبێت. دەستبەجێ شێخ محەمەد خالید، شێخ ئەحمەد بارزانی و شێخ سادق شێخ بابۆ دەچن سەرکردایەتی بەرەی مێرگەسۆر و برادۆست و باڵەک وەردەگرن، چونکە فەرماندەی پێشوو برینەکەی سەخت بوو.

**شەڕی مەیدان مۆریک**

دوای پێنج ڕۆژ لە شەڕی قەلەندەر، سوپای عێراق دووبارە لەبەرەی مێرگەسۆر و برادۆست و باڵەک خۆی ئامادەکردبووەوە و بە سەرۆکایەتی زەعیم ڕوکن ئیسماعیل سەفوەت لەسێ بەرەوە هێرشی هێنایە سەر پێشمەرگەکانی شۆڕشی بارزان. سێ هێزی تەواوی سوپا و جاشەکانیشی لەگەڵ بوو و بەمشێوەیە هێرشیان کرد:

- هێزیک لە دیاناوە هێرش دەکات بەرەو چیای برادۆست و سیدەکان.
- هێزێک لەڕێگەی گشتییەوە و لە هەردوو گوندی باڵەکیان و هاودیان بەرەو مێرگەسۆر هێرش دەبات.
- هێزی سێیەمینیش بەرەو چیای قەلەندەر هێرش ببات.

بڕیاربوو ئەم سێ هێزە لە مێرگەسۆر و چیای پیران یەکبگرنەوە و دواتر هێرش بکەنە سەر شێروان و بارزان.

هێزی دوژمن زیاتر لە ٦٠٠٠ چەکدار دەبوون و جاشەکانیش ٥٠٠ جاش دەبوون و هەموو جۆرە چەکێکی قورسیش پاڵپشتی دەکردن لەگەڵ فڕۆکەی بەریتانی و عێراقی. لە بەرانبەردا هێزی پێشمەرگە تەنیا ١٠٠٠ چەکدار دەبوون. لە ڕێکەوتی ١٩٤٥/٨/٣٠ حکومەتی عێراق توانی مەیدان

مۆریـک بگرێـت و سـەربازگەی خـۆی لـەوێ دابنێـت تـا هێـرش بکەنـە سـەر مێرگەسـۆر و چیـای پیـران.

دوای ئـەوەی سـوپای عێـراق مەیـدان مۆریکـی گـرت، هێـزی پێشـمەرگە کەوتـەوە خـۆ ئامادەکـردن و بڕیاریانـدا شـەڕی مـان و نەمـان بکـەن و هەمـوو دۆڵ و شـاخەکانی ڕێـگای گشـتی دەگـرن بـە ڕێگـەی مەیـدان مۆریـک و مێرگەسۆریشـەوە. هەرسـێ هێزەکـەی حکومـەتی عێـراق کـە لـە مەیـدان مۆریکـەوە کۆببوونـەوە، دەسـتیان بـە هێـرش کـرد بـۆ گرتنـی مێرگەسـۆر و لـە سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە نزیـک بوونـەوە، پێشـمەرگە تـا ئـەو سـات بێدەنگبـوو، ئینجـا لێیـان هاتنـە دەسـت و لـە سـەنگەرەکانیان دژی هێـزی دوژمـن ڕاپەڕیـن و شـەڕێکی خوێنـاوی دەسـتپێکرد. هێـزەکانی سـوپای عێـراق دەکەونـە ژێـر ڕەحمـی لولـەی تفەنگـی پێشـمەرگە. شـەڕێکی خوێنـاوی دەسـتپێدەکات و هێـزە هێرشـهێنە عێراقییـەکان لـە هەرسـێ بـەرە دەشـکێن و جەنازەیەکـی زۆر لـە دوای خۆیـان جێدێڵـن و دەگەڕێنـەوە دیانـا. هەروەهـا جاشـەکان زۆریـان دەکوژرێـن و دەگەڕێنـەوە گونـدی باڵەکیـان. هەروەهـا ئـەو هێـزەی لـە مەیـدان مۆریـک هێـرشی کردبـوو، ئەویـش بـە شـکاوی دەگەڕێتـەوە گونـدی باڵەکیـان و هێـزەکانی پێشـمەرگە تـا نزیـک دیانـا و گونـدی باڵەکیـان و گـەلی عـەلی بـەگ دوایـان دەکـەون. لـەو شـەڕە دوو ڕۆژییـەدا زیـانی سـوپای عێـراق کـوژران و برینداربـوونی ٤٨٠ سـەرباز و ئەفسـەری عێراقـی دەبێـت و زیـانی پێشـمەرگەش ٥ شـەهید و چەنـد بریندارێـک دەبـن. شـەهیدەکان ئەمانـە بـوون (شـەهید حەسـەن بـەگ میـر محەمـەد بـەگ بێرسـیاڤی، شـەهید مـەلا سـوار عومـەر سـوار، شـەهید یوسـف کرکەمۆیـی، شـەهید عـەلی جوجـک خەرەیـی، شـەهید عومـەر باڤەیـی).

**شەڕی بەرەی ئامێدی و باڵندان**

بـەرەی شـەڕی ناوچـەی ئامێـدی باڵنـدان بـە عیـزەت عەبدولعەزیـز و سـاڵح عەبدولعەزیـز سـپێردرابوو. ژمـارەی هێـزی پێشـمەرگە لەو بەرەیە ٥٠٠ شۆڕشـگێڕ بـوون، لەبەرانبـەردا هێـزی پۆلیـسی ناوچەکـە یـەک هێـزی تـەواوی پۆلیـس بوون بـە سـەرۆکایەتی بەڕێوەبـەری پۆلیـسی ناوچەکـە (ماهیـر کەنعـان) لەگـەڵ جاشـە کـوردەکان. ئـەو هێزانـە هێرشـیان هێنـا و ئـەو هێزانـەی لـەوێ بـوون دوای شـەڕێکی بـاش ناچاردەبـن پاشەکشـە بکـەن و بـەرەی خۆیـان بـە جێدێڵـن و دێنـە چیـای پشـت گونـدی بـارزان و لـەوێ خۆیـان دەگرنـەوە. لـەم شـەڕەدا دوو پێشـمەرگە شـەهید دەبـن و کوشـتارێکی زۆریـش لـە دوژمـن دەکرێـت.

**شەڕی بەرەی ئاکرێ - دینارتە**

بـەرەی ناوچـەی ئاکـرێ دینارتـە بـە سـەرۆکایەتی سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی خـۆی و چەنـد ئەفسـەرێکی لێژنـەی ئـازادی شـۆڕش بـوو، لەگـەڵ چەنـد سـەرپەلێکی هێـزی چەکـداری شـۆڕشی بـارزان وەکـو عوزێـر ئاغـای زراری و محەمەدئەمیـن میرخـان مێرگەسـۆری و سـاڵح عـەلی کانیەلنجـی. هەریـەک لەوانـە لێپـرسراوی چەنـد پێشـمەرگەیەک بـوون. بێجگـە لەوانـە سـەعید وەلی بەگیـش لـەوێ بـوو. لەوکاتـەدا بـارەگای گشـتی شـۆڕش لـە دۆڵـی نەهلـێ بـوو. دوو هێـزی سـوپای عێـراق خۆیـان ئامادەکردبـوو بـۆ هێـرش هێنـان بـە سـەرۆکایەتی (زەعیـم یاسـین حەسـەن)، ئـەو دوو هێـزە، هێـزی یـەک و پێنجـی سـوپای عێراقـی بـوون. ئـەم دوو هێـزە ویسـتیان هێـرش بکەنـە سـەر بـارەگای گشـتی شـۆڕش لـە دۆڵـی نەهلـێ، بـەڵام سـەرۆک بـارزانی پلانێـک دادەنێـت بـۆ هێرشـکردنە سـەر ئـەو دوو هێـزە لەدەمـی هێـرش هێنانیـان.

لەچیـای ئاکرێـوە سـێ ڕێـگای پیـادە دەهاتنـە خـوارەوە کـە تەنیـا لـە ڕێگاییێکیانـەوە وڵاغ دەیانتـوانی تێپـەڕن. لەدەوروپشـتی دۆڵـی نەهلـێ دەشـتێکی

ڕووت و بێدار و بەرد هەبوو، ئەم دەشتانە دۆڵی نەهلێیان لەباوەش گرتبوو. ئەم دەشتە زۆر گوندی سورچییەکان و زێبارییەکان و چەند گوندی ئاشورییەکانی لێ بوو. چیای پیرس و چیای ئاکرێ دەوری دۆڵی نهێلیان دابوو، چیای پیرس دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتەوە و چیای ئاکرێ دەکەوێتە ڕۆژئاوا.

هێزەکانی زەعیم یاسین حەسەن بڕیاریاندابوو لە دوو بەرەوە هێرش بکەنە سەر بارەگای گشتی شۆڕش. هێزی یەکی سوپای عێراق لە ئاکرێوە دێت تا سەر چیای ئاکرێ و لەوێشەوە هێرش بکاتە سەر دۆڵی نەهلێ. هێزی پێنجی سوپای عێراقیش بەرەو دۆڵی نەهلێ بڕۆن و لەوێ یەکبگرنەوە.

مەلا مستەفای بارزانی لەو پلانە ئاگادارکرابووەوە کە سوپای عێراق بەتەمایە ئەنجامیبدا. بۆیە بانگی هەر چوار فەرماندەکە دەکات و بە محەمەدئەمین میرخان مێرگەسۆری و عوزێر زراری دەڵێت دەبێت محەمەدئەمین میرخان مێرگەسۆری لەگەڵ ١٠ پێشمەرگە بچێتە لای ڕاستی ڕێگای پیادە کە لە چیای ئاکرێ دێتە خوارەوە بۆ دینارتە، هەروەها عوزێر زراری لەگەڵ ١٠ پێشمەرگە بچێتە پشت دۆڵی نهێلا و خۆی لەوێ قایم بکات. مەلا مستەفای بارزانی لەگەڵ ساڵح عەلی کانیەلنجی لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک دەچنە خوارەوەی چیای پیرس و سەرۆک فەرمان بە محەمەدئەمین میرخان و عوزێر زراری و سەعید وەلی بەگ دەکات کە کەمێک لە دووری ڕێگاوە خۆیان قایم بکەن و تەقە مەکەن و ڕێگایان بدەن بۆ لای ئێمە و ئێمەش لێیان دەدەین و ناچار دەبن بەرەو لای ئێوە پاشەکشە بکەن، ئەوکات ئێوەش لێیان وەرنە دەست و لێیان بدەن و بەمجۆرە ئابلۆقەیان دەدەین.

لە ڕێکەوتی ١٩٤٥/٩/٤ دا هەردوو هێزەکەی عێراق دەست بە هێرش دەکەن. هێزەکان لە چیای ئاکرێوە بەرەو دۆڵی نەهلێ دێنە خوارەوە،

محەمەدئەمین میرخان و عوزێر زراری تەقە ناکەن و دوژمن لێیان تێدەپەڕێت و وا دەزانن کەس لەسەر ڕێگایان نییە و دەگەنە خوارەوەی چیای پیرس و لەوێ هێزی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی دەست بە تەقەکردن دەکەن لە دوژمن. دوژمن دەکشێتەوە پشتەوە بۆ لای ڕاستی ڕێگا پیادەکە بۆئەوەی خۆیان بگرنەوە و شەڕ بکەن، ئەمجارە محەمەدئەمین هێرش دەکاتە سەریان و ناچار دەبن بچنە لای چەپی ڕێگاکە و لەوێش عوزێر ئاغای زراری خۆی و پێشمەرگەکان هێرشیان دەکەنە سەر و ناچاریان دەکەن بکشێنەوە لای دۆڵی نەهلێ و لەوێش سەعید وەلی بەگ هێرش دەکاتە سەر دوژمن و بەمجۆرەش دوژمن لە هەموو لایێکەوە ئابڵۆقە دەدرێ و شەڕێکی سەخت دەستپێدەکات و کوشتارێکی زۆر لە هێزی دوژمن دەکرێت و هێزی یەک ناچار دەبێ بگەڕێتەوە ئاکرێ و هێزی پێنجیش ئابڵۆقە دەدرێ و دوژمن چەندین تەرم لەمەیدانی شەڕ لە دوای خۆی بە جێدێڵێت. زیانی شۆڕش لەم شەڕەدا دوو شەهید و چەند بریندارێک بوو، کە ئەمە ناوی دوو شەهیدەکەیە: (١-شەهید محەمەد گۆج مێرگەسۆری ٢-شەهید مستەفا حەسەن باڤەیی).

### هاتنی جەنەڕاڵ ڕنتن بۆ بەرەی ئاکرێ و دینارتە

دوای ئەوەی سوپای عێراق خۆی لە سێ شەڕی یەک بە دوای یەک بەرانبەر هێزی پێشمەرگە تاقیکردەوە و لە هەرسێ بەرەکە پێشمەرگەکانی شۆڕشی بارزان بەرگری سەختیان کردوو و زەبری گەورەیان لە سوپای عێراق دا و دووچاری شکستییان کرد. سوپای حکومەتی عێراق ورەیان ئەوەندە دابەزیوە توانای شەڕیان نەماوە.

حەمدی پاچەچی سەرۆک وەزیرانی عێراق و مستەفا عومەر وەزیری ناوخۆی عێراق پەنا بۆ حکومەتی بەریتانیا دەبەن تا ڕازی بن ئەفسەرێکی

سوپای بەریتانیا بنێرن، بۆئەوەی سەرکردایەتی سوپای عێراق بکات لە بەرەی ئاکرێ و دینارتە. حکومەتی بەریتانیا جەنەڕاڵ ڕنتن دەنێرێت بۆ ڕزگارکردنی هێزی پێنجی سوپای عێراق لە دینارتە لە ڕێکەوتی ١٩٤٥/٩/٤، دوای ئەوەی پێشمەرگەکانی شۆڕشی بارزان بەتەواوی ئابڵوقەی سوپای پێنجی عێراقیان دابوو و بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر. ئەو هێزە ڕێی گەیشتنی کەلوپەل و خۆراکی لێ گیرابوو و هەواڵیان ناردبوو ئەگەر بە هانایان نەگەن، ئەوا خۆیان ڕادەست دەکەن، بۆیە جەنەڕاڵ ڕنتن دەنێرن، بەڵکو ئەو بتوانێ ئەو ئابڵۆقەیە بشکێنێ و هێزەکە ڕزگار بکات.

## شەڕی ئاکرێ و دینارتە لەنێوان هێزەکانی شۆڕشی بارزان و جەنەڕاڵ ڕنتن

دوای شەڕی ڕێکەوتی ١٩٤٥/٩/٤، جەنەڕاڵ ڕنتن لەبەریتانیاوە دێ بۆ سەرکردایەتی کردنی بەرەی ئاکرێ و دینارتە. ئەمجارەیان جەنەڕاڵ ڕنتن لە ڕێکەوتی ١٩٤٥/٩/١٢ بەمجۆرە هێرشەکەی دەسپێدەکات بۆ ڕزگارکردنی هێزی سوپای عێراق لە دینارتە:

- هێزی ١٥ ی سوپای عێراق لە ئاکرێوە هێرش بکات بەرەو دۆڵی نهێلا.
- هێزی ١ی سوپای عێراق لە ئاکرێوە هێرش بکات بەرەو دۆڵی نەهلێ بۆ ڕزگارکردنی هێزی ٥ی سوپای عێراق.
- هێزی ٥ی سوپای عێراق کە لە دینارتە بوو، بەرەو دۆڵی نەهلێ و لەوێ هەرسێ هێزی سوپای عێراق یەکبگرنەوە. بەرلەوەی هێرشەکە دەستپێبکەن تۆپ و تەیارەی حکومەتی عێراق و بەریتانیا بەرەی شەڕ و سەنگەرەکانی هێزی شۆڕش بۆمباران دەکەن. دوای بۆمبارانکردن کە لە ڕێکەوتی ١٩٤٥/٩/١٢ بوو، هەر سێ هێزەکەی حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی جەنەڕاڵ ڕنتن وەکو ئەوەی بۆیان دیاریکرابوو، هێرشیان دەستپێکرد و شەڕێکی خوێناوی دەستپێکرد و ئەمجارەش دوای چەند

کاتژمێرێـک هێزەکانی شـۆڕش توانیـان شکسـت بـە هێـزەکانی سـوپای عێـراق بێنـن. هـەردوو هێـزی ١٥ و ١ بـە شـکاوی دەگەڕێنـەوە و هێـزی ٥یـش لەژێـر ئابڵۆقـەی پێشـمەرگەدا دەمێنێتـەوە. هێـزی سـوپای عێـراق تەرمـی زۆری لـە دوای خـۆی بـە جێهێشـت، سـەرەڕای جێهێشـتنی کەلوپـەل و چەک و تەقەمەنی. دوای ئـەوە خەڵکـی ئـەو دەوروبـەرە هاتـن و کەلوپـەلی بەجێماویـان بـۆ خۆیـان بـرد. فەرمانـدەی سـوپای ٥ لەڕێـی هاووڵاتییێکـی کـوردی دینارتـە پەیوەنـدی دەکات بـە سـەرۆک مـەلا مستەفا بـارزانی و پێـی ڕادەگەیەنێـت کـە ئەگـەر نەیانکـوژن، ئامـادەن خۆیـان ڕادەسـتی هێـزەکانی شـۆڕش بکـەن.

### خیانەتی سەرۆک عەشیرەتەکان

هەرچەنـدە پێشـتر سـەرۆک مـەلا مستەفا بـارزانی چووبـووە لای زۆربـەی هـەرە زۆری سـەرۆک عەشـیرەتە کـوردەکان و ئەوانـەی کێشـە و دوژمنایـەتی لەنێوانیانـدا هەبـوو ئاشـتی کردنـەوە. هەروەهـا وەک گوتمـان هەمـوو ئـەو سـەرۆک عەشـیرەتانەی سـەرۆک سـەردانی کردبـوون، بەڵێنیـان پێدابـوو کـە بەرگـری لـە شـۆڕش و خەڵکـی کوردسـتان بکـەن و بە چەکـی خۆیان بـەرەوڕووی دوژمنـانی کوردسـتان ببنـەوە، بـەڵام دوای ئـەوەی شـەڕ دەسـتیپێکردەوە هەمـوو ئـەو سـەرۆک عەشـیرەتانە خیانەتیـان لـە سـەرۆک کـرد و بـە قسـەی ئەفسـەرانی سـوپای بەریتانیـا چوونـە پـاڵ حکومـەتی بەغـدا و لـە دژی شـۆڕش وەسـتانەوە.

هێزێکـی چەکـداری جاشـەکانی ناوچکـە دەکەونـە پێـش سـوپای عێـراق لـە شـاری ئاکـرێ و دەیانهێننـە سـەر چیـای (سـەری سـادە) و لەوێـوە لەپشـتەوە دەیانهێننـە خـوارەوە بـۆ دینارتـە و پاشـان هێـزە ئابڵوقـە دراوەکـە ڕزگار دەکـەن.

هەروەهـا هەندێکیشـیان کـە ئـەو بـەرەی سـەر چیـای ئاکرێـی گرتبـوو و بـە نهێنـی لەگـەڵ حکومـەتی عێـراق ڕێکەوتبـوو و چیـای ئاکرێـی ڕادەسـت کـرد و لەگـەڵ سـوپای عێـراق لەپشـتەوە هێرشـیان کـردە سـەر لەشـکری پێشـمەرگە.

دوای شـەڕێکی خوێنـاوی، زیـانی شـۆڕشی بـارزان ٣ شـەهید و ٣ برینـدار دەبـن، شـەهیدەکان ئەمـە ناوەکانیانـە: (شـەهید عوزێـر ئاغـای زراری کە سـەرکردەیەک بـوو لـە سـەرکردەکانی بـەرەی ئاکـرێ و دینارتـە ٢- شـەهید ئەحمـەد گـۆران ٣- شـەهید یاسـین عیسـا پێندرۆیـی) و برینـدارەکانی ئـەو شـەڕەش ئەمانـە بـوون:

١-محەمەدئەمین میرخان مێرگەسۆری کە ئەویش سەرکردەی شۆڕش بوو

٢- شەریف لەشکری بێستری

٣- محەمەد ئیسۆمەری

بە شـەهیدبوونی شـەهید عوزێـر ئاغـای زراری و برینداربـوونی محەمەدئەمین میرخـان مێرگەسـۆری زیانێکـی گـەورە بـوو بـۆ شـۆڕش و بـۆ سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی، چونکـە هەردووکیـان سـەرکردەی هێزێـک بـوون لـە بـەرەی ئاکـرێ و دینارتـە.

## کشانەوەی هێزەکانی شۆڕش بەرەو کوردستانی ئێران

دوای خیانـەتی زۆرێـک لـە سـەرۆک عەشـیرەتە کـوردەکانی پارێـزگای موسـڵ و سـەرۆک عەشـیرەتەکانی پارێـزگای هەولێـر و بـێ دەنگـی عەشـیرەتەکانی پارێـزگای سـلێمانی کـە بـەر لـە هەڵگیرسـانەوەی شـۆڕش هـەر هەموویـان پەیمانیـان بـە سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی دابـوو پشـتەوانی شـۆڕش بکـەن، کەچـی هەندێکییـان خیانەتیـان کـرد و هەندێکیشـییان بێدەنگییـان هەڵبـژارد و لـە ماڵـی خۆیـان دانیشـتن و بارگـرانی شۆڕشـیان هەمـووی خسـتە ئەسـتۆی بارزانییـەکان بـە تەنیـا. بەشـێک لـە عەشـیرەتە کـوردەکانی کوردسـتانی عێـراق پشـتگیرییان لـە شـۆڕش نەکـرد بـۆ ئـازادی و سـەربەخۆیی.

سـەرۆک مـەلا مستەفا بـارزانی دەڵێـت ئێمـە شۆڕشـمان دەسـتپێکرد بۆئەوەی گـەلی کورد و کوردسـتانی نیشـتیمانمان لەژێر زوڵـم و زۆری ئیسـتیعمار ڕزگاربکەن، بـەڵام ئێسـتا هـەر گولەیـەک بتەقێنرێـت بـەر سـینگی کوردێـک دەکەوێـت، بۆیـە

نابێ ئێمە کورد بکوژین و ئەوانیش بۆ سوودی ئیستیعمار و داگیرکەران ئێمە بکوژن، هەموومان کوردین، چ ئێمە و چ جاشەکان.

بەر لە کشانەوەیان و تا ڕێی دەربازبوونیان نەگیرێت، بڕیار دەدەن چەند ڕێگایەک بگرن تا دەگەنە کوردستانی ئێران:

- هێزێکی پێشمەرگەی بەرەی ناوچەی مێرگەسۆر و برادۆست و باڵەک دەچن بۆ گرتنی ڕێگای گوندی کانییە ڕەش لەسەر سنووری کوردستانی عێراق و ئێران.
- هێزێکی هەمان بەرە دەچنە دۆڵی بیاقێ نەبادا جاشەکان ئەو ڕێگایە بگرن و نەیەڵن خاو و خێزانی پێشمەرگە بچنە کوردستانی ئێران شان بەشانی پێشمەرگەکانی شۆڕش.
- هێزێکی پێشمەرگەی بەرەی ئامێدی و باڵندان بچن بۆ گرتنی ڕێگای چیای شیرن نەوەک جاشەکانی ئەو ڕێگایە بگرن و نەیەڵن ماڵ و خێزانی بارزانییەکان بچنە خاکی کوردستانی ئێران.

کاتێک ئەو ڕێگایانە هەموویان لە لایەن پێشمەرگەوە گیران، ئینجا سەرۆک بارزانی خۆی و هێزەکەی لە بەرەی ئاکرێ و دینارتە بەرەو بارزان دەکشێنەوە.

کاتێک هێزی بەرەی ئاکرێ و دینارتە بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی دەکشێتەوە بۆ چیای پیرس، لەوێ لەگەڵ جاشەکان تووشی شەڕێک دەبن کە ڕێگایان گرتبوو. لەو شەڕەدا کە لە ڕێکەوتی ١٩٤٥/٩/٢٥ ڕوویدا، چەند جاشێک دەکوژرێن و زیانی بارزانییەکانیش دوو شەهید بوو کە ئەمانە بوون:١-شەهید علی بازی بەرۆژی ٢-شەهید محمدعبدی، برینندارکانیش

١- ساڵح عەلی کانیەلنجی

٢- تەیمەز ئارەب

٣- محەمەد ژاژووکی

٤- مەلا شەوالی کورکەیی

دوای شـەڕی چیـای پیـرس، مـەلا مسـتەفا بـارزانی خـۆی و هێزەکـەی دێنـە گونـدی بیرەکەپـرا و لـەوێ دووبـارە لەگـەڵ جاشـەکان تـووشی شـەڕ دێنـەوە. لـە شـەڕی گونـدی بیرەکەپـرا چەنـد جاشـێک دەکوژرێـن و دوو پێشـمەرگەش لـە هێزەکـەی بـارزانی شـەهید دەبـن کـە ناویـان

١- شەهید خالید زبێر بارزانی

٢- شەهید مەلا شێخۆمەر شانەدەری

دوای ئـەو شـەڕە مـەلا مسـتەفا بـارزانی لەگـەڵ ئـەو هێـزەی لەگەڵـی بـوون دەچنـەوە گونـدی بـارزان بـۆ گواسـتنەوەی مـاڵ و خێـزانی بارزانییـەکان بـەرەو کوردسـتانی ئێـران.

لــە ڕێکەوتــی ١٩٤٥/٩/٢٦ دا ســوپای عێــراق بــە هــاوکاری جاشــەکان و بەیارمـەتی تـۆپ و فڕۆکـەکانی سـوپای عێـراق و بەریتانیـا دەسـت بـە هێـرش دەکـەن بـۆ گرتنـی چیـای برادۆسـت، تـا لەوێـوە بـەرەو گونـدی کانیـەڕەشی سـنووری کوردسـتانی عێـراق و ئێـران بـڕۆن ئـەو ڕێیـە بگـرن و نەیەڵـن خـاو و خێـزانی بارزانییـەکان ئاودیـوی کوردسـتانی ئێـران بـن و هـەر لـەوێ ئابلۆقەیـان بـدەن و تـەواوی بارزانییـەکان لەنـاو ببـەن.

هەروەهـا هێـزەکانی سـوپای عێـراق هێـرش دەکەنـە سـەر چیـای قەلەنـدەر، بـەڵام پێشـمەرگەکانی شـۆڕشی بـارزان لێیـان دێنـە دەسـت و لـە هەمـوو لایەکـەوە هێـرش دەکەنـە سـەر سـوپای عێـراق و جاشـەکان، دوای شـەڕێکی خوێنـاوی سـوپای عێـراق دەشـکێن و تەرمێکـی زۆر بـە جێدێڵـن و جاشـەکانیش بەهەمـان شـێوە و تـا نزیـک دیانـا ناوەسـتن. لـەم شـەڕەدا زیـانی پێشـمەرگە دوو شـەهید و دوو برینداربـوون، نـاوی دوو شـەهیدەکە ئەمانـە بـوون: (شـەهید حسـێن محەمـەد ئەمیـن بێرسـیاڤی، شـەهید مەرعـان شـێخۆ شـێخانەیی) و

بریندارەکانیش ئەمانە بوون: (ئەحمەد مستەفا کانیەلنجی، حاجی بیرۆخی).
لە شەڕی ڕێکەوتی ١٩٤٥/٩/٢٦ دا ئەحمەد مستەفا کانیەلنجی چاوێکی لەدەست دەدات.

خەریک بوو ماڵ و خێزانی بارزانییەکان بەرەو کوردستانی ئێران دەڕۆیشتن، بەڵام لە ڕێگادا جاشەکان ڕێگا لە خێزانە بارزانییەکان دەگرن و لەگەڵیان ببووە شەڕ. ئینجا هێزێکی پێشمەرگە دەچێت تا هاوکاری بارزانییەکان بکات و ڕێگایان بۆ بکاتەوە تا بچنە کوردستانی ئێران و سەرۆک جاش دەکوژرێت و تەرمەکەی دەکەوێتە دەست پێشمەرگە. لەم شەڕەشدا دوو کەس لە بارزانییەکان شەهید بوون: (١- شەهید سلێمان فەقێ ٢-شەهید محەمەد سێلکی مزوری).

# بەندی سێیەم:
# پەڕینەوە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات و
# بەرگریکردن لە کۆماری کوردستان

## گەیشتنی بارزانییەکان بە کوردستانی ئێران

لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٥ دا وردە وردە ئەوە دەرکەوت کە سیاسەتی حکومەتی بەریتانیا لە هەمبەر گەلی کورد و شۆڕشەکەی بەتەواوی گۆڕاوە، بەتایبەتی بەجۆرێکی دیکە دەیڕوانییە شۆڕشی بارزان و ئەو هەموو بەڵێن و پەیمانەی دابوویان هیچیان نەبردە سەر. حکومەتی عێراقیش هیچ یەک لەو بەڵێنانەی نەبردەسەر کە بە سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشی کوردیان دا. هەموو ئەو بەڵێنانەی بە کورد درابوون، دەکرا بە زۆر کەمتر لەو بڕە پارەیە چارەسەر بکرێت کە تەرخانیانکرد بۆ بەگژداچوونەوەی شۆڕشی بارزان، یان دایان بەو کەسانەی لەماڵی خۆیان دانیشتبوون. هەروەها دەکرا بەڵێنەکان بەو پارەیە ببرێنەسەر کە حکومەتی (حەمدی پاچەچی) داینابوو بۆ وەزارەتی جەنگ بۆ ئەوەی بیدا بە بۆمب و فیشەک تا خوێنی بارزانییەکانی پێ بڕێژن و کاری خراپ و نابەجێ ئەنجامبدەن کە وای پیشانبدەن ئەوە کاری بارزانییەکانە.

بە هەمان شێوە بەیاننامەکەی سەعید قەزاز کە دەیگوت حکومەتی عێراق یاسای لێخۆشبوونی بۆ بارزانییەکان دەرکرد و ناوچەکەی ئاوەدان کردنەوە و چەند هەزار تەن گەنمی بێ بەرانبەر دانێ، بەڵام ڕێزی ئەو نیعمەتەیان نەزانی و شەڕی لە دژی حکومەت هەڵگیرساند، بۆیە دەبێ حکومەت بە هەموو هێزێکییەوە هێرش بکاتە سەر بارزان و داری بەسەر بەردییەوە نەهێڵێ. پارێزگاری هەولێر بەم قسانەی دەیەویست باوەڕی خەڵکی بگۆڕێ و حەق بداتە حکومەتی عێراق، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەم قسانەی هیچی ڕاست نەبوون و ئەگەر دەیەکی ئەم قسانە ڕاست بوونایە، ئەوا بارزانی شۆڕشی بەرپا نەدەکرد. هەروەها کاربەدەستانی حکومەتی عێراق ڕۆڵی زۆر خراپیان دەگێڕا بەوەی ئەگەر ئەوان باشبوونایە، ئەوا هیچ کێشەیەک لەنێوان ئەو میللەتانە دروست نەدەبوو کە لە عێراق دەژیان.

هـەر بـۆ ئـەوەی حکومـەتی عێـراق بـاوەڕ بـە گـەلی کـورد بێنـێ کـە هەمـوو شـەڕ و شـۆڕ و کوشـتار و کاولـکاری لـە ئەسـتۆی بارزانییـە، پەیتا پیتـا دیـوانی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران بەیاننامـەی دەردەکـرد و خراپییەکانی دەخسـتە ئەسـتۆی سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی و باشـییەکانیش بـۆ حکومـەتی عێـراق. باشـترین بەڵگـەش لەبـارەی ئـەم قسـەیە بەیاننامـەی حکومەتـە لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٥/٨/٨ کـە تێیـدا نووسـیبوویان حکومـەت بەنیازبـوو چاکـەی زۆر لەگـەڵ مـەلا مسـتەفا بـارزانی بـکات، بـەڵام ئـەو ڕەتی کـردەوە، بۆیـە ناچاریـن ئـەم ناوچەیـە بخەینـە ژێـر حوکمـی سـەربازی.

هەروەهـا سـەعید قـەزاز لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٥/٨/١٣ دا ئـەوەی بڵاوکـردەوە کـە حکومـەت بڕیـار بـوو کاری زۆر چاکـتر لـەوەی لەگـەڵ مـەلا مسـتەفا بـارزانی کـردی، بیـکات، بـەڵام ئـەو هەموویـانی ڕەتکـردەوە، بۆیـە ئەنجومـەنی وەزیـرانی بەغـدا بڕیـاری دا ناوچـەکانی (زێبـار و ڕوانـدز و ئاکـرێ و بـارزان و ئامێـدی و دهـۆک و زاخـۆ) بـە حوکمـی عـورفی بەڕێـوە ببـا.

فڕۆکـەکانی عێـراق و بەریتانیـا لـە بۆمبارانکـردنی مـاڵ و خێـزانی بارزانییـەکان بـەردەوام بـوون، تـا گەیشـتنە نـاو خاکـی کوردسـتانی ئێـران، ژن و منـداڵ و پیـر و پەککەوتـەی زۆر بەبـێ ئـەوەی هیـچ تاوانێکیـان هەبێـت، شـەهید کـران. لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٥/١٠/١١ دا تـەواوی چەکـدارانی بـارزانی و خـاو و خێـزانی بارزانییـەکان و سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بارزانیـش گەیشـتنە سـەر خاکـی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان و هەموویـان چوونـە گونـدی کانیەسـپی لـە ناوچـەی شـنۆ، خەڵکـی ئـەو ناوچەیـە و ئەندامـانی حـزبی (ژ.ک) زۆر بەگەرمی پێشـوازییان لـە بارزانییـەکان کـرد. هەروەهـا قـازی محەمـەد کـە دواتـر بـوو بـە سـەرۆکی کۆمـاری کوردسـتان لـە مهابـاد، پێشـوازی لـە شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی براگەورەی سـەرۆک بـارزانی کـرد و هاووڵاتیـانی کـوردی کوردسـتانی ئێـرانی ڕاسـپارد کـە بـە هەمـوو شـێوەیەک هـاوکاری بارزانییـەکان بکـەن و درێغـی نەکـەن. ئێمـەش

لەگـەڵ بارزانییـەکان چووینـە کوردسـتانی ئێـران، چونکـە عـەلی قـازی بـرام پێشـمەرگەی شـۆڕشی بـارزان بـوو.

کاتێـک گەیشـتینە کوردسـتانی ئێـران، چوویـن بـۆ گونـدی کانیەسـپی لـە ناوچـەی شنۆ. ئـەو گونـدە گوندێکـی سـورچییەکانی سـۆران بـوو کـە لەتایفـەی سـامی بـوون. مـن و دایکـم لـە گونـدی کانییەسـپی چوویـن بـۆ ماڵـی حاجـی یوسـف و پێـمان گـوت، ئێمـە دەمانـەوێ بـە ماڵـەوە بچینـە لای زێـڕۆ بەگـی هەرکـی، چونکـە ئـەو لـە دایکـەوە خزمـی دایکمـە. حەمایلی دایکـی زێـڕۆ بـەگ کچـی خاڵـی دایکـم بـوو. حاجـی یوسـف لەگـەڵ مـن و دایکـم پیاوێکـی نـارد بـۆ ماڵـی زێـڕۆ بەگـی هەرکـی لـە گونـدی کوکـی لـە ناوچـەی بالەنیشـێ لـە پارێـزگای ورمـێ.

لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٥/١٠/١١ چووینـە ماڵـی زێـڕۆ بەگـی هەرکـی و دایکـم پێـی گـوت، ئێمـە حەزدەکەیـن بـە ماڵـەوە بێینـە لای ئێـوە و بێینـە گونـدی کوکـێ. زێـڕۆ بـەگ بـە ئێمـەی گـوت بـڕۆن ماڵـی خۆتـان بهێنـن و تاکـو ئێـوە دەگەڕێنـەوە، منیـش خانووێکتـان بـۆ بەتـاڵ دەکـەم. لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٥/١٠/١٤ بـەرەو گونـدی زێـڕۆ بـەگ بەڕێکەوتـن، تـا چوویـن خانووێکـی بۆمـان ئامادەکردبـوو. هەمـوو خەرجێیکـی ماڵـی ئێمـە بـە ئازوقـەوە لەسـەر زێـڕۆ بـەگ بـوو. بـەر لـە دروسـتبوونی کۆمـاری کوردسـتان لـە مهابـاد ماڵـی زێـڕۆ بـەگ لـە سـاڵی ١٩٤١ لـە کوردسـتانی عێـراق بـوو و بەماڵـەوە کوێسـتان و گەرمیانیـان دەکـرد. کاتێـک لـە کوێسـتان دەگەڕانـەوە بـۆ گەرمیـان پەنیـر و ژاژیـان بـۆ ئێمـە دەهێنـا و باوکیشـم گەنمـی دەدانـێ تـا بیکـەن بـە ئـارد بـۆ نـان. پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان ڕەزامەنـدی دا لەسـەر نەخۆشـخانەیەک لـە گونـدی کانییەسـپی بـۆ تیـماری نەخـۆش و برینـداران.

دواتـر عـەلی قـازی بـرام هاتـە گونـدی کۆکـێ، بـەڵام تفەنگـی پـێ نەبـوو. ئەوکاتـەی عـەلی قـازی بـرام سـەربازبوو بـە چەکـەوە پەیوەنـدی بـە شـۆڕشی

بارزانـەوە کردبـوو. مـن لـە بـرای خـۆم پـرسی کـوا چەکەکـەت، ئەویـش گوتـی کـە هاتمـەوە مـاڵ شـۆڕش تفەنگـی منیـان لەمـن سـتاند. زێـڕۆ بەگـی هەرکـی بانگـی عـەلی قـازی برامـی کـرد و گوتـی خـۆت دڵتەنـگ مەکـە، مـن تفەنگێکـت دەدەمـێ. زێـڕۆ بـەگ تفەنگێکـی بڕنـۆی جـوانی دا بـە عـەلی قـازی بـرام. عـەلی بـرام لەگـەڵ چەکـدارەکانی زێـڕۆ بـەگ دەچـوو بۆ کۆمـاری کوردسـتان لـە مهاباد.

دوای ماوەیـەک مـاڵ و خێـزانی بارزانییـەکان بەسـەر گونـدەکانی کوردسـتانی ئێـران دابەشـکران و چـوون بـۆ ئـەم ناوچانـە (ناوچـەی مەرگـەوەڕ و تەرگـەوەڕ لـە پارێـزگای ورمـێ و ناوچـەی خانـێ (پیرانشـار) و ناوچـەی نەغـەدە و ناوچـەی شـنۆ و ناوچـەی مهابـاد):

- شێخ ئەحمەدی بارزانی و چەند ماڵێک دەچنە مهاباد.
- ماڵـی مـەلا مسـتەفا بـارزانی و ماڵـی شـێخ بابـۆ لەگـەڵ چەنـد ماڵێکـی دیکـە دەچنـە شـاری شـنۆ.
- ماڵی شـێخ محەمەد سـدیق بارزانی و ماڵی شـێخ سـلێمان شـێخ عەبدولسـەلام دەچنـە شـاری نەغـەدە لەگـەڵ چەند ماڵـە بارزانییێک.
- ماڵـی شـێخ محەمـەد خالیـدی کـوڕی شـێخ ئەحمـەد بـارزانی هاتـە گونـدی کۆکـێ و لەگـەڵ ماڵـی زێـڕۆ بـەگ لـە قەسرێـک بـوو و هەمـوو خەرجییەکـی لەسـەر زێـڕۆ بـەگ بـوو.
- ماڵـی ئەسـعەد خۆشـەوی دەچێتـە لای نـوری بەگـی بەگـزادە لـە ناوچـەی مەرگـەوەڕ.

دوای ئـەم گواسـتنەوە و دابەشـبوونە، سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی دەسـتی بـە سـەردانیکردنی سـەرۆک عەشـیرەتە کـوردەکانی کوردسـتانی ئێـران کـرد، بۆئـەوەی یەکـدی بناسـن و هەروەهـا سـەرۆک پێـی دەگوتـن، ئێمـە دەبـێ پەنـا و پشـتی یـەک بیـن و بـە هەموومـان پشـتەوانی لـە کۆمـاری کوردسـتان لـە مهابـاد و سـەرۆکەکەی بکەیـن، تـا گـەلی کوردسـتانی ئێـران ڕزگاریـان بێـت لـە

زوڵـم و سـتەم و ئیسـتیعمار و گـەلی کـورد وەکـو تـەواوی گـەلانی جیهـان ببێتـە خـاوەنی وڵاتـی خـۆی. سـەرۆک عەشـیرەتەکانی کوردسـتانی ئێـران پەیمانیـان بـە سـەرۆک بارزانـی دا، پشـتەوانی لـە قـازی محەمـەد بکـەن. هەروەهـا سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی هەمـوو ئـەو سـەرۆک عەشـیرەت و بنەماڵانـەی لەگـەڵ یـەک ئاشـتکردنەوە کـە پەیوەندییـان لەگـەڵ یەکـدی خـراپ بـوو.

## کۆماری کوردستان لە مهاباد

لەسـاڵی ١٩٤١ دا هاوپەیمانـان (یەکێتـی سـۆڤیەت، بەریتانیـا، ئەمریـکا) چوونـە نـاو خاکـی ئێـران. ئینجا ڕەزاشـای شـای ئێرانیان بـە تـاوانی هاریکاریکردنی نازییـەکانی ئەڵمانیـا لەسـەر حوکـم لابـرد و دووریـان خسـتەوە بـۆ دەرەوەی ئێـران، بـەڵام حەمـە ڕەزاشـای کوڕیـان لەجێـگای ئەودانـا، تـا ڕژێمـی پاشایەتی وەک خـۆی بمێنێتـەوە و تێکنەچێـت، بـەڵام خاکـی ئێـران کـرا بـە دوو بـەش. ناوچـەی ئازەربایجـان کـە دەکەوێتـە باکـووری ڕۆژئـاوای ئێـران هەمـووی خرایـە ژێـر دەسـتی یەکێتـی سـۆڤیەت و باشـووری ئێرانیش هەمـووی خرایە ژێردەسـتی بەریتانیـا و ئەمریـکا. هەروەهـا کوردسـتانی ئێرانیـش کرایـە دوو بـەش، بەشـێکی خرایـە بەردەسـتی یەکێتـی سـۆڤیەت و بەشـەکەی دیکـەش خرایـە بـن دەسـتی ئەمریـکا و بەریتانیـا. ئـەو بەشـەی خرابـووە بـن دەسـتی بەریتانیـا و ئەمریـکا نەیانهێشـت تێیـدا کـورد داوای دەوڵـەت بکـەن لـە ڕژێمـی ئێـران، چونکـە ئـەوان نەیاندەویسـت ڕژێمـی پاشـایەتی ئێـران بڕوخێـت و نەیاندەویسـت کـورد لەژێردەسـتی و بـێ دەوڵـەتی ڕزگاربێـت.

لەبەرانبـەردا ئـەو بەشـەی کوردسـتان کـە کەوتبـووە ژێـر ڕکێفـی یەکێتـی سـۆڤیەت، هـەرزوو کـورد ناوچـەکانی خۆیـان لەبـن دەسـتی ڕژێمـی ئێـران دەرهێنـا لـە شـاری سـەقزەوە بگـرە تاکـو سـنووری تورکیـا و یەکێتـی سـۆڤیەت ڕزگارکـران، کەچـی ناوچـەکانی دیکـەی وەک سـەقز و قـەسری شـیرین و کرمانشـا

تاکو هەمەدان هەر هەموویان بە هاوکاری بەریتانیا و ئەمریکا لەژێر دەستی حکومەتی ئێران مانەوە.

عەشیرەتە کوردەکانی ناوچەی میاندواو و مهاباد و نەغەدە و خانێ و شنۆ و ورمێ، هەروەها عەشیرەتی شکاک و جەلالییەکان تاوەکو سەر سنووری تورکیا و یەکێتی سۆڤیەت هێرشیان کردە سەر سوپای ئێران و ئەو مەخفەرانەی لەو ناوچانە بوون، چەکێکی زۆریان لە سوپای ئێران دەستکەوت و خۆیان ڕزگارکرد لە ژێردەستیی ئەو سوپایە.

کاربەدەستانی یەکێتی سۆڤیەت و جەعفەر باقرۆڤی سەرۆک کۆماری ئازەربایجان هەوڵیان بۆئەوە بوو ئازەربایجانی ئێران داوای جیابوونەوە لە حکومەتی ئێران بکەن و بە هەموو توانای خۆیان یارمەتی ئازەربایجانی ئێرانیاندا، تا کۆماری ئازەربایجان لە ئێران بۆ ئازەرییەکان دابمەزرێنن. هەروەها ئازەربایجانی ئێران بە هاوکاری جەعفەر باقرۆڤی سەرۆک کۆماری ئازەربایجان و کاربەدەستانی یەکێتی سۆڤیەت توانیان ناوچەکە لە سوپای ئێران و مەخفەرەکانی پۆلیس و کاربەدەستانی ئێران پاکبکەنەوە. هەر بە هاوکاری ئەوانیش توانیان (پارتی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانی ئێران) بۆ گەلی ئازەری ئێران دابمەزرێنن، بۆئەوەی ئەو پارتە بتوانێت بە ڕێکوپێکی سەرکردایەتی کۆماری ئازەربایجان بکات. ئەوان توانیان کۆماری ئازەربایجانی ئێران دابمەزرێنن و ڕزگاریان بوو لەژێر دەستی ڕژێمی پاشایەتی ئێران.

ئەمە بووە هاندەر بۆئەوەی سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردی کوردستانی ئێران هێرش بکەنە سەر سوپای ئێران و مەخفەرەکانی پۆلیس و ئەو بەشەی کوردستان کە لەژێردەستی یەکێتی سۆڤیەت بوو بە تەواوی خستییانە بن کۆنترۆڵی خۆیان. لە سەرەتادا یەکێتی سۆڤیەت بەهۆی جەعفەر باقرۆڤی سەرۆک کۆماری ئازەربایجان یارمەتی کوردیان نەدەدا تا لەژێر دەسەڵاتی ئێران ڕزگاریان بێ، بەڵام گەلی کورد ئەوەی لەتوانایدا بوو کردی، تا

هەمــوو ناوچــەکانی خــۆی پاککــردەوە جگــە لە ســەنتەری شــاری ســەقز کــە ئەوێ ڕزگار نەکـرا و سـەربازگەی سـوپای ئێـران لـە شـاری سـەقز مایـەوە، هەرچەنـدە دەوروبـەری ئـەم شـارە هەمـووی ڕزگارکرابـوو. سـەربازگەکە لـە لایـەن هێـزە کوردییــەکان ئابڵۆقــە درابــوو.

جەعفـەر باقـرۆڤ دەیەویسـت گەلی کـورد بکەوێتە ژێـر دەسـتی ئازەربایجانی ئێـران، بـەو واتایـەی گـەلی کـورد لـە ئێـران لەژێـر حوکمـی پاشـایەتی دەربێـت و بکەوێتـە دەسـت ئازەرییـەکان، بـەڵام کـورد بەمـە قایـل نەبـوون و ئەوانیـش داوای دروسـتکردنی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی کوردییـان دەکـرد، بەداخـەوە ئـەو بەشـەی کوردسـتان کـە کەوتبـووە ژێـر دەسـتی بەریتانیـا و ئەمریـکا ڕزگار نەکـرا، چونکـە بەریتانیـا و ئەمریـکا لەبـری پشـتەوانی کـردن لـە گەلی کـورد، پشـتەوانیان لـە ڕژێمـی پاشـایەتی ئێـران دەکـرد.

### وتووێـژی سـەرکردایەتی (ژ.ک) لەگـەڵ کاربەدەسـتانی یەکێتـی سـۆڤیەت لـە باکۆ

دوای ئـەوەی (پـارتی ژیانـەوەی کوردسـتان) توانیـان هێزێکـی زۆری چەکداری عەشـایری کـوردی ئێـران لـە خۆیـان کۆبکەنـەوە و خاکێکـی زۆری کوردسـتانی ئێـران ئـازاد بکـەن و لەدەسـتی ڕژێمـی ئێـرانی دەربهێنـن. سـەرکردە و خەڵکـی ئـەو ناوچـە ئازادکراوانـە داوای دروسـتکردنی دەوڵەتێکیـان.

کاربەدەسـتانی یەکێتـی سـۆڤیەت لـە سـاڵی ١٩٤٣ دا داوەتنامەیەکیـان بـۆ سـەرکردەکانی کـوردی ئێـران نـارد و داوایـان لێکـردن، چەنـد نوێنەرێکـی خۆیـان بنێـرن بـۆ شـاری (باکـۆ)ی پایتەختـی ئازەربایجـانی یەکێتـی سـۆڤیەت، تـا لـەوێ بـە ئاشـکرا لەبـارەی چارەنـووسی گـەلی کـورد و نیشـتیمانەکەی گفتوگـۆ بکـەن، لـەم کاتـەدا (ژ.ک) بـە ئاشـکرا ئیشـیان دەکـرد، چ لـە نـاوەوە و چ لـەدەرەوە. لەسـەر ئـەو بنەمایـە نوێنـەرانی کـورد بـە سـەرۆکایەتی قـازی محەمـەد دەچنـە

شـاری باکـۆی پایتەختـی کۆمـاری ئازەربایجـانی یەکێتـی سـۆڤیەت لەگـەڵ ئـەم نوێنەرانـە:

١-حاجی بابە شێخ

٢- کاک عەبدوڵا جلدیانی

٣- موسا خانی زەرزا

٤- مەجید خانی میانوابی

٥- قەرەنی ئاغای مامشی

٦- زێرۆ بەگی هەرکی

٧- ڕەشید بەگی هەرکی

٨- حەسەن تیلوی شکاک

٩- شێخ پوشۆی کوڕی سەید تەهای شەمزینی

١٠- حەسەن ئاغای هەنارەیی شکاک

١١- کاک هەمزەی نەلوسی مامش

١٢- نوری بەگی بەگزادە و چەند کەسێکی دیکەش

نوێنـەرانی کـورد بـە سـەرۆکایەتی قـازی بـە لیسـتێک لـە داخوازییـەکانی گـەلی کـورد و کوردسـتانی نیشـتیمان چـوون بـۆ شـاری باکـۆ و لیسـتەکەی خۆیـان پێشـکەشی نوێنـەرانی یەکێتـی سـۆڤیەت دەکـەن تـا وتوویـژی لەبـارەوە بکـەن. نوێنـەرانی یەکێتـی سـۆڤیەت بـە سـەرۆکایەتی جەعفـەر باقـرۆڤ ئامادەبـوون، بـەڵام هیـچ لاگیرییێکییـان بـۆ گـەلی کـورد و نوێنـەرانی کـورد نەبـوو و گوتیـان حکومـەتی یەکێتـی سـۆڤیەت لـەم کاتـەدا ئامـادە نییـە پشـتگیری لـە گـەلی کـورد بـکات، بـۆ بەدەسـتهێنانی مـافی نەتەوەیـی گـەلی کـوردی کوردسـتانی ئێـران، چونکـە باقـرۆڤ ئـازەری بـوو و حـەزی نەدەکـرد کـورد بگەنـە مـافی

خۆیان. نوێنەرانی کورد ئەوانەی لە مهابادەوە چووبوونە باکۆ بەبێ ئەوەی دانوستانەکەیان بگاتە ئەنجامێکی ئەوتۆ دەگەڕێنەوە شاری مهاباد. دوای گەڕانەوەیان بۆ مهاباد لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا تەواوی ئەندامانی ئەو لێژنەیەی چووبوون بۆ باکۆ لە کۆبوونەوەکە بەشداردەبن و بڕیار دەدەن ئەگەر هیچ وڵاتێکیش پشتەوانیان نەکا، ئەوان پشت بە خۆیان ببەستن و نیشتیمانی خۆیان ڕزگاربکەن. دوای ئەم کۆبوونەوەیە هەموو عەشیرەتەکانی کوردستانی ئێران دێنە پاڵ کۆمەڵەی (ژ.ک).

لە ساڵی ١٩٤٥دا نوێنەرانی کوردی مهاباد دووبارە بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد دەچنەوە باکۆ بۆ دووبارە وتوویژ کردن لەسەر پرسی کورد لە کوردستانی ئێران. ئەمجارەیان ئەمانە چوون بۆ وتوویژکردن:

١- قازی محەمەد

٢- حەمید حسێن خان

٣- سەیفی قازی

٤- مەناف کەریم مهابادی

٥- کاک عەبدوڵا جلدیانی

٦- عەلی ڕەحمان مهابادی

٧- قاسم حاجی بایز ئاغای دبوکری

٨- کاک هەمزە نەلوس مامشی

٩- نوری بەگی بەگزادە

ئەمانە هەموویان دەچنە شاری باکۆ و لەگەڵ جەعفەر باقرۆڤ وەک نوێنەری یەکێتی سۆڤیەت کۆبوونەوە و دووبارە تەواوی داواکارییەکانی کوردیان خستەڕوو، کەچی دووبارە جەعفەر باقرۆڤ بە نوێنەرانی گەلی کورد دەڵێت، « بەهیچ شێوەیەک، ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان

لەم بارودۆخەدا لە ئارادا نییە، بەڵام حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت پشتەوانی لە گەلی کوردی کوردستانی ئێران دەکات بۆ وەرگرتنی مافی ئۆتۆنۆمی بە مەرجێک بکەونە ژێر دەستی (فیرقەی دیموکرات)ی ئازەربایجانی ئێران. هەروەها جەعفەر باقرۆڤ بە نوێنەرانی کورد دەڵێت، دەبێت ناوی کۆمەڵەی (ژ.ک) بگۆڕن بۆ (پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران)، بەڵام نوێنەرانی کورد قایل نەبوون بکەونە ژێر دەستی تورکی تەورێز، بەڵام لارییان نەبوو ناوی (ژ.ک) بگۆڕن بۆ (پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران). هەروەها پێیان دەڵێت ڕەنگە لە داهاتوودا هەندێک چەک و تەقەمەنیتان بۆ بنێرین.

نوێنەرانی کورد دووبارە بەبێ ئەنجام لە باکۆوە دەگەڕێنەوە مهاباد. لەوێدا دەستبەجێ کۆبوونەوەیەک پێکدێنن لەنێوان (ژ.ک) و هەموو سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردستانی ئێران بەشداردەبن و جگە لەوان چەندین ڕۆشنبیری کورد بەشداربوون لە کۆبوونەوەکەدا. هەر لە کۆبوونەوەکەدا قازی محەمەد لەبارەی بارودۆخی کوردستان دوا و باسی ئەنجامی کۆبوونەوەکانی باکۆی کرد و باس لە دوو پێشنیازەکەی جەعفەر باقرۆڤ دەکات لەبابەت حوکمی زاتی و گۆڕینی ناوی (ژ.ک).

لەوێدا خەڵکی بەلایەنەوە ئاسایی بوو ناوی حزبەکە بگۆڕێ، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ڕازی نەبوون بکەونە بن دەسەڵاتی تورکە ئازەرییەکان. هەروەها قازی محەمەد پێشنیازی ئەوەی کرد کەوا چاکە پەیوەندییان لەگەڵ (فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانی ئێران) هەبێت تا کاربەدەستانی یەکێتی سۆڤیەت ڕەخنەمان لێ نەگرن، بەتایبەتی جەعفەر باقرۆڤی سەرۆک کۆماری ئازەربایجان. کۆبوونەوەکە ئەوەی پێشنیازکرد کە وەفدێک بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد چەند نوێنەرێکی کورد بچن بۆ شاری تەورێزی پایتەختی کۆماری ئازەربایجانی ئێران. هەروەها هەر لەوکاتەدا کێشە لەنێوان فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانی ئێران و عەشایرەکانی کوردی ناوچەی

ورمێ بەتایبەتی (عومەر خانی شکاک و ڕەشید بەگی هەرکی) دروستبووبوو، بەڵکو بتوانن ئەو کێشەیەش چارەسەر بکەن.

ئینجا چەند نوێنەرێکی کورد بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد دەچنە شاری تەورێز، نوێنەرەکان ئەمانە بوون (قازی محەمەد، ڕەشید بەگی هەرکی، سەید عەبدوڵای شەمزینی، عومەر خانی شکاک) و نوێنەرانی کۆماری ئازەربایجانی ئێران ئەمانە بوون: (سەرۆکی کۆماری ئازەربایجانی ئێرانی جەعفەر پیشەوەری و چەند کەسێکی دیکە). دانوستان لەبارەی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەستپێکرد:

- هەردوو پارتی، واتە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، لەکاتی پێویستدا هاوکاری یەکدی بکەن و کەمتەرخەمی لەهەمبەر یەک نەنوێنن و بەیەکەوە نیشتیمان بپارێزن.
- وتووێژکردن لەگەڵ حکومەتی ئێران دەبێ بە پرس و ڕاو ڕەزامەندی هەردوو حزبەکە بێت.
- هەردوو پارت هەوڵبدەن پەرە بە زمانی کوردی و ئازەری بدەن، هەر حزبە و لە ناوچەی خۆی.
- هەر ناوچەیەک کە ڕێژەی دانیشتوانی ئازەری تێدا زیاتر بێت، ئەوا سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ناوچەکە دەبێت ئازەری بێت. هەروەها هەر ناوچەیەک کورد زۆرینە بن لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە، ئەوا سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردن دەبێت کورد بێت.
- هەردوو حزبەکە لێژنەیەکی هاوبەشی ئابووری پێکبهێنن بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە ئابورییەکان و گەیشتنە هەر بڕیارێک هەردوو حزبە پێویستە ڕێز لە بڕیاری لێژنەکە بگرن.
- لە هەر شوێنێک ئاژاوە و دووبەرەکی لەنێوان (کورد و ئازەری) ڕوویدا، پێویستە هەردوو حزبەکە دەسەڵاتی خۆیان بەکاربێنن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

## پاڵپشتی بارزانییەكان لە كۆماری كوردستان

لـە ڕێكەوتـی ١٩٤٥/١٠/١١ بارزانییـەكان گەیشـتنە سـەر خاكـی كوردسـتانی ئێـران. هێـزە چەكـدارە بارزانییـەكان بـە سـەرۆكایەتی مـەلا مسـتەفا بـارزانی ژمارەیـان لـە ٣٠٠٠ شۆڕشـگێڕ زیاتـر بـوو. ئـەم هێـزە بەهـۆی شۆڕشـەكانی بارزانـەوە شـارەزایی باشـیان لـە شـەڕكردن بەرانبـەر دوژمـن هەبـوو، بەتایبـەتی لـە شـەڕی پارتیزانیـدا زۆر لێهاتـوو بـوون كـە لـە سـاڵانی (١٩٣١-١٩٣٢) و لـە شۆڕشـی یەكەمـی بـارزان شـۆڕشی دووەمـی بـارزان لـە سـاڵانی (١٩٤٣-١٩٤٥) ڕوویـدا بـوو.

پێشـتر شۆڕشـگێڕانی بـارزانی پەیـمانی ژیـان و نەمانیـان بـە سـەرۆكی خۆیـان سـەرۆك مـەلا مسـتەفا بـارزانی دابـوو، بۆیـە بـۆ پشـتگیریكردن لـە كۆمـاری مهابـاد ئامادەبـوون. قـازی محەمـەد و كارەبەدەسـتانی كۆمـاری كوردسـتان بـە چـوونی سـەرۆك مـەلا مسـتەفا بـارزانی و هەڤـاڵانی بـۆ ئـەوێ زۆر خۆشـحاڵ بـوون و ئـەو هێـزە زۆرە بـۆ ئـەوان پاڵپشـتییەكی مـەزن بـوو. چـوونی بـارزانی بـۆ ئـەوێ هیـوای سـەربەخۆیی لای قـازی و سـەركردەكانی دیكـە پتەوتـر كـرد و ئـەو باوەڕەیـان لا تۆكمەتـر بـوو، ئەگـەر هیـچ وڵاتێكیـش پاڵپشـتییان نـەكا، ئـەوا دەتوانـن خۆیـان خـاك و نیشـتیمانی خۆیـان بپارێـزن و شـەڕی كاربەدەسـتانی ئێـران بكـەن. حكومـەتی ئێـران و حەمـە ڕەزاشـای ئێـران زۆریـان هەوڵـدا سـەرۆك مـەلا مسـتەفا بـارزانی و بارزانییـەكان نەچنـە كۆمـاری كوردسـتان لـە مهابـاد. حكومـەتی ئێـران دەسـتەوارەی ئەوەیـان خسـتەبەردەم سـەرۆك بـارزانی ئەگـەر نەچنـە نـاو كۆمـاری مهابـاد، ئـەوا لـە هـەر كوێییـەك خۆیـان بیانـەوێ زەوی زۆریـان پێـدەدرێ و دەشـتوانن وەكـو هـەر هاووڵاتییەكـی دیكـەی ئێـران كار و كاسـبی خۆیـان بكـەن و كاربەدەسـتانی ئێـران مـەلا مسـتەفای بارزانیـش دەكەنـە ئەندامـی پەرلەمـانی ئێـران لـە شـاری تـاران. كەچـی سـەرۆك مـەلا مسـتەفا بـارزانی هەمـوو ئەمانـەی ڕەتكـردەوە و ڕازی نەبـوو پشـتەوانی لـە

ڕەزاشا بکات و پشت بکاتە کۆماری کوردستان و سەرکردەکانی و ئەو چوونە ناو کۆماری کوردستانی هەڵبژارد تا لەویوە خەونی نەتەوەیک بێننە دی کە سەربەخۆبوون و هەبوونی دەوڵەتە.

دوای ئەوەی قازی محەمەد و نوێنەرانی کورد لە شاری باکۆ گەڕانەوە مهاباد، هەندێک چەک و تەقەمەنی لە یەکێتی سۆڤیەتەوە بۆ کۆماری کوردستان لە مهاباد نێردران. ئەو چەکانە لە ڕێی کۆماری ئازەربایجان فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانی ئێرانەوە بە شەو نێردرانە شاری مهاباد، تا حکومەتی تاران بەوە نەزانێ کە یەکێتی سۆڤیەت چەک دەداتە کۆماری کوردستان. جگە لەمانە فیشەک و نارنجۆکی مولوتوف و هەندێک پارەش بە کۆماری کوردستان دەدات، لەگەڵ چەند هەزار شوشە تێزابێک کە بۆ سووتاندنی زرێپۆش بەکاردەهێنران. لەپاڵ چەک و تەقەمەنی، چاپخانەیەک و کاغەز و کەلوپەلی پێویستیش درا بە کۆماری کوردستان لە مهاباد.

## وەرگرتنی چەکی تازە لە لایەن بارزانییەکانەوە

لەماوەی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٥ دا، بارزانییەکان بۆ وەرگرتنی چەکی تازە چوونە شاری مهاباد، منیش بڕیارمدا لەگەڵ بارزانییەکان بچم چەک وەربگرم. سەرەتا زێڕۆ بەگی هەرکی گوتی عەزیز قازی مەڕۆ و چەک لەگەڵ بارزانییەکان وەرمەگرە، لەگەڵ من بە و بڕنەوێکی جوانم هەیە و دەتدەمێ. من بەقسەی زێڕۆ بەگم نەکرد و چوومە شاری مهاباد، تا لەگەڵ بارزانییەکان چەک وەربگرم و بچمە سەنگەرەکانی بەرگری و پشتگیری لە کۆماری کوردستان بکەم.

## دامەزراندنی سێ بەتالیۆن بۆ بارزانییەکان

لە کۆماری کوردستاندا سێ بەتالیۆن بۆ بارزانییەکان پێکهێنران کە ئەمانە بوون بە فەرماندەی بەتالیۆنەکان (١- میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی ٢-

مستەفا خۆشناو ٣- بەکر عەبدولکەریم) ئەوانە لە سەردەمی شۆڕشی بارزان لە ساڵانی (١٩٤٣-١٩٤٥)دا ئەفسەری لیژنەی ئازادی بوون.

- بەکر عەبدولکەریم کرا بە فەرماندەی بەتالیۆنی یەک و ئەمانەش لە بەتالیۆنەکەی بەکر عەبدولکەریم بوون بە سەرلق (محەمەد ئەمین میرخان مێرگەسۆری، مامەند مەسیح، فارس کانیبۆتی).
- مستەفا خۆشناو بوو بە فەرماندەی بەتالیۆنی دوو، ئەمانەش بوون بە سەرلق لە بەتالیۆنەکەی مستەفا خۆشناو: (سەعید ولی بەگ، خۆشەوی خەلیل سێلکی، مستەفا جانگیر مێروزی).
- میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی بووە فەرماندەی بەتالیۆنی سێ و لەو بەتالیۆنەش ئەمان بوون بە سەرلق: (حاجی حەیدەر ئەرگوشی، وەهاب محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی، ساڵح عەلی کانیەلنجی).

منیش لە بەتالیۆنی میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی و لە لقی حاجی حەیدەر ئەرگۆشی و لە پەلی خەلیل ئیبراهیم ئەرگۆشی داندرام. من پێم خۆشبوو لە لقی ساڵح عەلی کانیەلنجی دامنێن، بەڵام لای ئەو جێگا نەبوو. ئەو لقەی ئێمە بۆی دیارکرا شەوان چەکدارەکانی لە مزگەوتی سوور بخەون. هەموو بەیانییەک بۆ مەشقی سەربازی دەچووینە دەرەوەی شاری مهاباد. ئەو ئەفسەرە کوردانەی کە لەگەڵ بارزانییەکان هاتبوونە کۆماری کوردستان لە مهاباد، ئەوان مەشقی سەربازییان بە ئێمە دەکرد. لەکاتی ئەنجامدانی مەشقە سەربازییەکان، خواردنی ئێمە تەنیا نان و چابوو و هەندێک جاریش چاشمان نەبوو، تەنیا نانی وشکمان دەخوارد. لەناو مزگەوتی سوور شوێنی حەوانەوە و خەوتنمان زۆر تەنگ و ناخۆش بوو و پێخەفمان نەبوو و هەموومان لەسەر زەوی و هەموومان بەیەکەوە دەخەوتین و گیانمان پڕببوو لە کێچ و ئەسپێ.

ئەو ئەفسەرانەی مەشقیان بە ئێمە دەکرد، هەمان ئەو ئەفسەرانە

بــوون کــە ســوپای عێراقیــان بــە جێهێشــتبوو و هاتبوونــە نــاو شــۆڕشی بــارزان و لەوێشــەوە بــۆ کۆمــاری کوردســتان، ئەفســەرەکان ئەمانــە بــوون: (عیــزەت عەبدولعەزیـز، میرحـاج ئەحمەد ئاکرەیی، مسـتەفا خۆشـناو، بەکـر عەبدولکەریم، خەیـروڵا عەبدولکەریـم، نـوری ئەحمـەد تەهـا، محەمـەد مەحمـوود قـودسی، عەبدولڕەحـمان موفتـی). ئـەو ئەفسـەرانە چ لەنـاو سـوپای عێـراق و چ لـە شـۆڕشی بـارزان ئەزموونێکـی زۆریـان وەرگرتبـوو و شـارەزای زۆرینـەی زۆری جـۆرەکانی شـەڕبوون.

### دابەشکردنی چەکی تازە بەسەر هەرسێ بەتالیۆنی بارزانییەکان

دوای ئــەوەی مەشــقی ســەربازیمان تــەواو کــرد، ئینجــا دەســتکرا بــە دابەشــکردنی چەکــی نــوێ بەســەر ئــەو ســێ بەتالیۆنــەی بــۆ بارزانییــەکان پێکهێنرابـوو. چەکـەکان هەموویـان تفەنگـی بڕنـۆی تـازە بـوون کـە حکومـەتی یەکێتـی سـۆڤیەت بـۆ کۆمـاری کورسـتانی ناردبـوون. ئەفسـەرێکی سـوپای یەکێتی سـۆڤیەت کـە نـاوی مقـەدەم کازمـۆڤ بـوو چەکـی بەسـەر ئێمـەدا دابەشـکرد و خـۆی خەڵکـی کۆمـاری ئازەربایجـان بـوو. کـە چوومـە پێشـەوە بـۆ وەرگرتنـی تفەنگێـک، مقـەدەم کازمـۆڤ بـە منـی گـوت تـۆ تەمەنـت منداڵـە و هـی ئەوەی چـەک هەڵبگریـت و گوتـی مـن چـەک نـادەم بـە ئێـوە. لەوێـدا سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی بـە مقـەدەم کازمۆڤـی گـوت عەزیـزی قـازی کوڕێکی عەشـایرییە و کـوڕانی عەشـایر ئـازان و ناترسـن، پێـی گـوت تفەنگێـک بـدە بـە عەزیـز قـازی. مـن تفەنگـم وەرنەگـرت و ئـەوانی دیکـە هەموویـان چەکیـان وەرگـرت و چـوون بـۆ سـەنگەرەکانی خۆیـان لـە دژی سـوپا و حکومـەتی ئێـران. مـن لەبەرئـەوەی چەکـم وەرنەگرتبـوو زۆر نارەحـەت بـووم، بـەڵام هیـچ چارەیەکـم نەبـوو، ئینجـا سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی بەمنـی گـوت خـۆت دڵتەنـگ مەکـە دواتـر مـن تفەنگێکـی زۆر جوانـت دەدەمـێ.

**بڵاوبوونەوەی گرانەتا لەناو بارزانییەکان**

کاتێـک بارزانییـەکان لـە ١٩٤٥/١٠/١١ دا لـە کوردسـتانی عێراقـەوە چـوون بـۆ کوردسـتانی ئێران. بارزانییـەکان بەهـۆی گۆڕینـی ژینگـە و نەبـوونی و سـەرما تـووشی نەخـۆشی گرانەتـا هاتـن. بەهـۆی ئـەو نەخۆشـییەوە زیاتـر لـە ٢٠٠٠ کـەس لـە بارزانییـەکان کۆچـی دواییـان کـرد. منیـش کـە چووبوومە شـاری مهاباد بـۆ وەرگرتنـی چـەک، لەگـەڵ دە کـەسی دیکـە تـووشی نەخـۆشی گرانەتـا بـووم و ئێمەیـان بـردە ماڵـی حاجـی محەمـەد لـەو شـارە. ئێمەیـان لـە دیوەخانەکـەی ماڵـی حاجـی محەمـەد دانابـوو و لەوکاتـەدا دکتـۆر نەبـوو چارەسـەرمان بـکات، بـەڵام دواتـر چەنـد دکتۆرێـک لـە یەکێتـی سـۆڤیەتەوە هاتنـە شـاری مهابـاد. لەو دە کەسـەی بەهـۆی نەخـۆشی گرانەتـاوە چووبووینـە ماڵـی حاجـی محەمـەد هەشـتیان کۆچـی دواییانکـرد و بەهـۆی نەخۆشـییەکەوە گیانیـان سـپارد. هـەر ڕۆژە و یەکێـک دەمـرد، ئێمـەش چاوەڕێـی نـۆرەی خۆمـان بوویـن بـۆ مـردن. لەوانـەی لـەوێ بـوون تەنیا نـاوی دوو کەسـم لـە یـادە، ئەوانیـش (١- مەحموود بابەکـر کانیەلنجـی شـێروانی ٢- مامـک خەیـلانی خەڵکـی گونـدی سـارکێی دامێنی چیـای هەڵگـورد لـە کوردسـتانی عێـراق).

عـەلی قـازی بـرام کـە بیسـتبووی مـن نەخۆشـم هاتـە شـاری مهابـاد بـۆ لام، بـەڵام مـن نەمـدەزانی کـە ئـەو هاتـووە، چونکـە ئـەو کاتـەی ئـەو هاتبـوو مـن هۆشـم لەخـۆم نەبـوو. دوای ئـەوەی کەمێـک تەندروسـتیم باشـتر بـوو، زانیـم عـەلی بـرام هاتـووە و ئەویـش تـووشی هەمـان نەخـۆشی ببوو.خـودا ڕەحمـی بـە مـن و عـەلی قـازی بـرام و برادەرێکـی دیکـەشی کـرد کـە نەمردیـن. دوای ئـەوەی چاکبووینـەوە عـەلی قـازی بـرام لەبـاتی مـن چـوو چەکێکـی وەرگـرت و چـووە ڕیـزی ئـەو پێشـمەرگانەی لـە بەتالیـۆنی میرحـاج ئەحمـەد ئاکرەیـي بـوون و پارێزگارییـان لـە ناوچـەکانی سـەقز دەکـرد. منیـش چوومـەوە ماڵـی خۆمـان، بـەڵام لەبـەر بـێ پارەیـی نەمتـوانی بـە ئۆتۆمبێـل بگەڕێمـەوە گوندەکـەی زێـڕۆ

بەگی هەرکی و ناچار بەپێ کەوتمە ڕێ کە ڕێگای ئەو گوندە دوو ڕۆژ دەبوو بە پیادە. لە ڕێگادا دووبارە نەخۆش کەوتمەوە و حەفت ڕۆژ لەماڵی کەسێک مامەوە و دووبارە خودا خۆشویستم ئەو جارەش نەمردم. ئینجا گەڕامەوە گوندی کۆکێ لە ناوچەی پارێزگای ورمێ.

**ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد**

هەرچەندە یەکێتی سۆڤیەت ئامادە نەبوو وەک چۆن پشتەوانی لە کۆماری ئازەربایجانی ئێران دەکات، ئاواش پشتەوانی لە کورد بکات و پشتگیرییان لێ بکات بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی. ئەمە هۆکار بوو کەوا لە سەرکردەکانی کوردی کوردستانی ئێران بکات ئەو باوەڕەیان لا دروست بێ کە خۆیان دەتوانن سەربەخۆیی خۆیان وەدەست بێنن و بۆ ئەم کارە پێویستییان بەکەس نییە تا پاڵپشتییان بکات.

لە ڕێکەوتی ١٩٤٦/١/٢٢ دا هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکان و خەڵکێکی یەکجار زۆر لە مەیدانی (چوار چرا) ی شاری مهاباد کۆبوونەوە و ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد. ئاڵا لەناو ئەو حەشاماتە بەرزکرایەوە. پاشان لەناو چەپڵەڕێزاندا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی قازی محەمەدیان وەک سەرۆکی کۆماری کوردستان هەڵبژارد. کۆمیتەی ناوەندی چەند کۆبوونەوەیەکی کرد بۆ دانانی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کۆماری کوردستان بەمشێوەیە:

- حاجی بابەشێخ- سەرۆک وەزیران .
- سەیفی قازی- وەزیری بەرگری.
- مەناف کەریم- وەزیری زانیاری.
- سەید محەمەد ئەیوبیان- وەزیری تەندروستی.

- خەلیل خەسرۆ- وەزیری کار.
- کەریم ئەحمەدیان- وەزیری پۆست و تەلەگراف.
- عەبدولڕەحمان ئێلیخانزادە- وەزیری دەرەوە.
- حەمەدەمین معنی- وەزیری ناوخۆ.
- مەحموود وەلی زادە- وەزیری کشتوکاڵ.
- ئیسماعیل ئێلیخان- وەزیری ڕێگاوبان.
- مەلاحسێن مەجید- وەزیری دادپەروەری.

**ئینجا ئەمانەش بە جەنەڕاڵی سوپای کۆماری کوردستان هەڵبژێردران:**

- مەلا مستەفا بارزانی.
- حەمەد حسێن خان سەیفی قازی.
- زێرۆ بەگی هەرکی.
- حەمە ڕەشیدخان (بانە).

### قازی محەمەد سەرۆکی کۆماری کوردستان

قازی محەمەد کوردێکی نیشتیمانپەروەر و دڵسۆزی خاک و گەلی کوردستان بوو. پیاوێکی ئاشتیخوازبوو و دەیەویست هەموو شتێک لەڕێگەی ئاشتییەوە چارەسەر بکات. ئەو پیاوێکی سەربازی نەبوو و بۆ چارەسەری هەموو کێشەکان ڕێگایەکی ئاشتی هەڵدەبژارد.

قازی محەمەد خەڵکی شاری مهابادی کوردستانی ئێران بوو. لە بنەماڵەیەکی ناودار و ناسراوی کوردستان بوو. هەر لە کۆنەوە بنەماڵەی قازی بە بنەماڵەیەکی نیشتیمانپەروەری کوردپەروەر ناسراون و هەمیشە خەمییان ڕزگاربوونی نەتەوەکەیان بووە. هەروەها بنەماڵەی قازی محەمەد

بنەماڵەیەکی ئایینی بوون و ڕۆڵیان هەبووە لە پارێزگاریکردن لە ئایین و هەمیشە پیاوی خواناس و مزگەوت دۆستیان لێ هەڵکەوتووە. خەڵکی کوردستانی ئێران زۆری ڕێز لێ دەگرتن.

ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی بەشداربوون لە بەرەی شەڕ دژی سوپای ئێران

ئەمەی خوارەوە ناوی ئەو سەرۆک عەشیرەتە کوردانەیە کە بە چەکی خۆیان بەشدارییان لە بەرەکانی شەڕ کرد بۆ پاراستنی کۆماری کوردستان لە مهاباد:

- بارزانییەکان بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی (١٣٠٠) چەکدار.
- عەشیرەتی جەلالی و میلانی (٤٠٠) چەکداری سوارە.
- عەشیرەتی شکاک بە سەرۆکایەتی عومەر خانی شکاک (٨٠٠) چەکداری سوارە.
- عەشیرەتی شکاک بە سەرۆکایەتی تاهیر خانی سمکۆی شکاک (٥٠٠) چەکداری سوارە.
- عەشیرەتی هەرکی بە سەرۆکایەتی ڕەشید بەگی هەرکی (٥٠٠) چەکداری سوارە.
- عەشیرەتی هەرکی بە سەرۆکایەتی زێرۆ بەگی هەرکی (٧٠٠) چەکداری سوارە.
- عەشیرەتی زرزا بە سەرۆکایەتی موسا خانی زرزا (٣٠٠) چەکداری سوارە.
- عەشیرەتی ئەسرەت و سادات بە سەرۆکایەتی سەید میهم (٢٠٠) چەکداری سوارە.
- عەشیرەتی قەرەباغ (تورکمانەکان) بە سەرۆکایەتی پاشا خان و خەسرۆ خان (٥٠٠) چەکداری سوارە.

- عەشـیرەتی مامـش (قـادری) بـە سـەرۆکایەتی کاک عەبـدوڵای مامـش (٤٠٠) چەکـداری سـوارە.
- عەشـیرەتی پیـران بـە سـەرۆکایەتی محەمـەد ئەمیـن ئاغـا و قـەرەنی ئاغـای مامـش (٣٠٠) چەکـداری سـوارە.
- عەشـیرەتی مامـش بـە سـەرۆکایەتی کاک هەمـزەی نەللـوسی (٥٠٠) چەکـداری سوارە.
- عەشیرەتی مەنگوڕ بە سەرۆکایەتی سالم ئاغا (٢٠٠) چەکداری سوارە.
- عەشـیرەتی مەنگـوڕ بـە سـەرۆکایەتی عـەلی خـان و ئیبراهیـم سـالاری (٤٠٠) چەکـدار.
- عەشیرەتی مەنگوڕ بە سەرۆکایەتی عەبدوڵا بایەزدین (٣٠٠) چەکدار.
- عەشیرەتی سەردەشتی بە سەرۆکایەتی کاک عەلا (٢٠٠) چەکدار.
- عەشـیرەتی گـەڕۆک لـە مهابـاد بـە سـەرۆکایەتی بایەزیـد عەزیـز ئاغـا (٣٠٠) چەکـدار.
- عەشیرەتی گەڕۆک لە سەقز بە سەرۆکایەتی جوانمێردی (٤٠٠) چەکدار.
- قەبیلەکانی تیکراو (٨٠٠) چەکدار.
- قەبیلەی سوسەنی (١٠٠) چەکدار.
- عەشــیرەتی دیموکـری (موکریـانی) لـە مهابـاد بـە سـەرۆکایەتی جەعفـەر کەریمــی (٤٠٠) چەکــدار.
- عەشیرەتی دیموکری لە بۆکان بە سەرۆکایەتی ئیلیخانزادە (٥٠٠) چەکدار.
- فەیزوڵا بەگ لە سەقز و بۆکان (٨٠٠) چەکدار.
- ئەسرەت بەلاغی لە سەقز (٢٠٠) چەکدار.
- خەڵکی مهاباد بە سەرۆکایەتی شاهین دژ (٣٠٠) چەکدار.

- حەمە ڕەشید بەگی بانە (٣٠٠) چەکدار.

هێـزە چەکـدارەکانی عەشـیرەتەکان کـە ژمارەیـان (١٠٩٠٠) چەکـدار بـوون سـەنگەرەکانی خۆیـان لەبـەرەکانی شـەڕ قایـم کـرد، بـۆ بەرگـری کـردن لـە خەڵـک و کۆمـاری کوردسـتان.

## گرتنی بەرەکانی جەنگ بەرانبەر سوپای ئێران

دوای ئـەوەی لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٦/١/٢٢ دا بـە فەرمـی کۆمـاری مهابـاد ڕاگەیێنـدار و کۆمـار دروسـتبوو و کابینـەی وەزاری دامەزرێـنرا و وەزیـرەکان دەسـتبەکاربوون. ئینجـا هێـزەکانی کۆمـاری مهابـاد چـوون بـۆ قایمکـردنی سـەنگەرەکانی خۆیـان بـۆ پارێـزگاری کـردن لـە کۆمـاری مهابـاد. سـێ بەتالیـۆن بـە سـەرۆکایەتی مـەلا مستەفای بـارزانی لـە بارزانییـەکان دامـەزران. ئـەو هێزانـە چـوون بـۆ گرتنـی بـەرەی شـەڕی خۆیـان کـە بۆیـان دیارکرابـوو و بریتیبـوون لـە ناوچـەی سـەقز و بانـە و سەردەشـتی کوردسـتانی ئێـران، لەوکاتەشـدا سـەربازگەی سـوپای ئێـران لـەم شـارانە هەرسـێکیان هەبـوون. سـوپای ئێـران هێزێکـی زۆری هێنابـووە نـاو ئـەو سـێ شـارە، هەرچـی ناوچـەکانی دەوروبـەری ئـەو سـێ شـارە بـوون، ئـەوا هەمـووی لـە بـن فەرمانڕەوایـی کۆمـاری کوردسـتان بـوون.

کاتێـک سـوپای ئێـران زانی بارزانییـەکان لـەو ناوچانـە جێگیربوون، سـوپایەکی زیاتـری هێنـا و خۆیـان ئامـادە دەکـرد بـۆ هێرشـکردنە سـەر کۆمـاری کوردسـتان. بێجگـە لـە بارزانییـەکان هێزێکـی زێـڕۆ بەگـی هەرکـی و حەمـە خـانی بانـە چووبوونـە ناوچـەکانی سەردەشـت و بانـە. سـەرەڕای هێنـانی سـوپا حکومـەتی ئێـران دەسـتی بـە بڵاوکردنـەوەی پڕوپاگەنـدە کـرد و لەنـاو خەڵکـی ئەوەیـان بڵاودەکـردەوە کـە دەتوانـن لـە ماوەیەکـی زۆر کەمـدا کۆمـاری کوردسـتان لـە مهابـاد لەنـاو ببـەن. هەروەهـا پەیامیشـیان بـۆ سـەرۆک عەشـیرەت و عەشـیرەتەکان دەنـارد کـە واز لـە پاڵپشـتیکردنی کۆمـار بهێنـن و بگەڕێنـەوە

بـاوەشی حکومــەتی ئێــران و ئەگــەر ئــەو کارە نەکــەن، ئــەوا کاتێــک شــەڕ دەســتپێکرد هەموویــان لەنــاو دەچــن.

## شەڕی بەناوبانگی ملی قاراوا

بەتالیـۆنی یـەک کـە فەرماندەکەیـان بەکـر عەبدولکەریـم بـوو و ئەویـش کوردێکـی عێراقـی بـوو، ئـەو چەکدارانـەی لەگەڵـی بـوون هەموویـان بـارزانی بــوون و ســێ ســەرلقیشی لەگــەڵ بــوون ئەوانیــش (محەمەدئەمیــن میرخــان مێرگەسـۆری، مامەنـد مەسـیح سـەرۆکانی، فـارس کانیبـۆتی). بەتالیـۆنی یـەک دەچێـت لـە ناوچـەی سـەقز لـە ملـی قـاراوا شـوێنی خـۆی بگرێـت و لەبەرانبـەر سـوپای ئێـران سـەنگەرەکانی قایـم بکات. سـوپای ئێران لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٦/٤/٢٩ دەسـتدەکات بـە تۆپبـاران کـردنی هێـزەکانی کۆمـار و فڕۆکـەی جەنگـی ئێـرانی ناوچەکـە بۆمبـاران دەکـەن، چەکـدارانی بەتالیـۆنی یـەک سـەنگەرەکانیان قایـم کردبـوو، سـەرەڕای ئـەوەی خۆیـان دەپاراسـت خۆشـیان بـۆ شـەڕێکی مـان و نەمـان لـە دژی دوژمـن ئامادەکردبـوو، پێشـتریش ئـەو پەیمانەیـان بـە سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی دابـوو.

دوای بۆمبارانکــردن، هێزێکــی زۆری ســوپای ئێــران لــە شــاری ســەقزەوە دەســت بــە هێــرش دەکات و بــەرەو مــلی قــاراوا دێــن و شــەڕێکی خوێنــاوی دەســتپێدەکات و ســوپای حکومــەتی ئێــران چەنــد جارێــک دەشــکێت، دووبــارە هێــرش دەهێننــەوە، بــەڵام ئازایــی و ورەی پێشــمەرگە وادەکات هەمــوو هێرشـەکانی دوژمـن بـێ ئەنجـام بـن و دواجـار ناچاربـن بگەڕێنـەوە مۆڵگـە و سـەربازگەکەی خۆیـان لـە شـاری سـەقز.

لـە شـەڕی مـلی قـاراوادا بارزانییـەکان زیانێکـی زۆریـان بـە سـوپای ئێـران گەیانـد و دوژمـن لاشـەیەکی زۆری لـە دوای خۆی لە مەیدانی شـەڕ بە جێهێشـت. ژمـارەی کـوژراوان ٨٠ کـەس بـوون و ١٢٠ چەکـداری سـوپای ئێرانیـش بەدیـل

گیـران کـە پێشـمەرگە ناردنییـەوە شـاری مهابـاد تـا خەڵکـی ئـەو شـارە دیلـەکانی دوژمـن ببینـن. کاتێـک خەڵکـی مهابـاد دیلـەکان دەبینـن دەیکەنـە شـایی و گۆڤەنـد و بـە قـازی محەمـەد و سـەرۆک بـارزانی دا هەڵدەڵێـن. دواتـر دیلـەکان دەنێرنـە شـاری تەورێـزی پایتەختـی کۆمـاری ئازەربایجـانی ئێـران و لـەوێ فیرقەی دیموکـراتی ئازەربایجـانی ئێـران دیلـەکان ڕادەسـتی حکومـەتی ئێـران دەکاتـەوە و پیـاوەتی بـە دەسـتکەوتەکانی پێشـمەرگە و کۆمـار دەکات، ئەمـە لەکاتێـکدا بەپێـی ڕێککەوتنـی هـەردوو حـزبی هـەردوو حکومەتەکـە نەدەبـوو هیـچ هەنگاوێـک بەبـێ پـرس و ڕاوێـژ بنرێـت. لەسـەر ئـەم هەنگاوەیـان حکومـەتی کۆمـاری کوردسـتان گلەیـی زۆر لـە حکومـەتی کۆمـاری ئازەربایجـان دەکات.

دوای ئـەم سـەرکەوتنە گرنگـە قـازی محەمـەد و سـەرۆک بـارزانی بەیەکـەوە سـەردانی بەتالیـۆنی بەکـر عەبدولکەریـم دەکـەن. لـەوێ قـازی محەمـەد و جەنـەڕاڵ مسـتەفا بـارزانی زۆر سـوپاسی بەتالیۆنەکـە دەکـەن لەبەرانبـەر ئـەو قارەمانیەتییـەی دژی دوژمـن نواندبوویـان.

## دەسـتپێکردنی دانوسـتان لەنێـوان کۆمـاری مهابـاد و کۆمـاری ئازەربایجـانی ئێـران

دوای شـەڕە خوێناوییەکـەی ڕێککـەوتی ١٩٤٦/٤/٢٩ لـە ملـی قـاراوا لـە ناوچـەی سـەقز لەنێـوان سـوپای ئێـران بەتالیـۆنی بەکـر عەبدولکەریـم، سـوپای ئێـران بـە یەکجـاری دەڕوخێـت و ورەیـان نامێنێـت و ناتوانـن هیـچ کارێـک بکـەن، هەرچەنـدە پێـش ئـەو شـەڕە پڕوپاگەنـدەی ئەوەیـان بڵاوکردبـووەوە کـە لـە چەنـد ڕۆژی داهاتـوودا زۆر بـە ئاسـانی دەسـت بەسـەر هـەردوو کۆمـاری کوردسـتان و ئازەربایجانـدا دەگـرن، بـەڵام دوای ئـەو شـەڕە هەمـوو شـتەکان دەگۆڕێـن.

(جەنـەڕاڵ ڕەزم ئـارا) سـەرۆکی سـوپای ئێـران لـە شـاری تارانـەوە بـە

هێزێکـی زۆرەوە سـەردانی شـاری سـەقز و سـەربازگەی سـوپاکەی دەکات لـەوێ و دڵـی فەرمانـدەکانی سـەربازگەکە دەداتـەوە دوای ئـەو شکسـتەی بـە دەسـتی بەتالیـۆنی یەکـی بارزانییـەکان بەسـەریان هـات. لـە سـەقزەوە پەیوەنـدی بـە کاربەدەسـتانی مەهابـاد و تەوریـز دەکات و داوای دانوسـتان و وتووێژیـان لێـدەکات، بـەڵام بـە درۆ ئـەم داوایـە دەکات و دەیـەوێ هـەردوولا غافڵگیـر بـکات و هێـزە چەکـدارەکانی خـۆی کۆبکاتـەوە و وەرەیـان بەبـەردا بکاتـەوە، چونکـە ئـەوکات هێزەکانیـان ئابڵۆقەدرابـوون و سـەربازگەکانی سەردەشـت و بانـە دەوریـان گیرابـوو و نـە ئازوقـە و نەتەقەمەنیـان بـۆ نەدەچـوو.

**ئامانجەکانی پشت هاتنی ڕەزم ئارا بۆ شاری سەقز:**

- بـۆ دڵدانـەوەی سـوپای خـۆی و تـا هێزێکـی زۆریـش لەگـەڵ خـۆی بهێنێـت و بتوانێـت هـەردوو سـەربازگەکەی سەردەشـت و بانـە لـە ژێـر ئابڵۆقـەی پێشـمەرگە دەربهێنـێ.
- لـە سـەقزەوە پەیوەنـدی بـە سـەرۆک عەشـیرەتەکانی کـورد بـکات و پێیـان بڵێـت، بـۆ لەمـەودوا یەکێتـی سـۆڤیەت پشـتەوانی لـە کۆمـاری کوردسـتان و کۆمـاری ئازەربایجـانی ئێـران نـاکات و تـا درەنـگ نەبـووە وازبهێنـن و بگەڕێنـەوە بـاوەشی حکومـەتی مەرکـەزی، ئەگـەر ئـەم کارە نەکـەن کـە شـەڕ دەسـتپێکردەوە هەمووتـان دەکوژرێـن و ئەگـەر نەشـکوژران فڕێدەدرێنـە زیندانـەکان و ماڵتـان تـاڵان دەکـرێ، بـە پێچەوانـەوە ئەگـەر دژی کۆمـاری کوردسـتان بوەسـتنەوە، ئـەوا پارێـزراو دەبـن و پارەیەکـی زۆریشـتان پـێ دەدرێ.
- دەسـت بـە وتووێـژ بـکات لە گـەڵ هـەردوو کۆمارەکە و شـەڕەکە بوەسـتێنن، تاکـو دووبـارە بتوانێـت سـوپاکەی کۆبکاتـەوە و ئامـادەی بکاتـەوە بـۆ هێـرش هێنـان و هـەردوو سـەربازگەی سەردەشـت و بانـە ڕزگار بکات.

کاتێـک (جەنـەڕاڵ ڕەزم ئـارا) دێتـە سـەقز پەیوەنـدی بـە هـەردوو کۆمارەکـە

دەکات و داوای دانوستان و ڕاگرتنی شەڕیان لێ دەکات، ئەوانیش شەڕ دەوەستێنن و ڕایدەگەیەنن کە ئامادەن بۆ دانوستان. جەنەڕاڵ ڕەزم ئارا لە شاری سەقزەوە دێتە گوندی سەرای لە ناوچەی بۆکان و نوێنەرانی هەردوو کۆماریش دێنە هەمان گوند. نوێنەرانی کۆماری کوردستان ئەمانە بوون: (جەعفەر کەریمی وەزیری جەنگ- سەرۆک، عەقید ڕوکن عیزەت عەبدولعەزیز، ڕائید ئیبراهیم سالح)، نوێنەرانی کۆماری تەورێزیش ئەمانە بوون: (ئیبراهیم عەلی زادە، خەلیل ئیردیکان، حەسەن جوت). لەوێ جەنەڕاڵ ڕەزم ئارا داوا لە هەردوو لا دەکات کە بەر لەوەی دەست بە دانوستان بکەن، ڕێگا بدەن ئازوقە و کەلوپەل بۆ هەردوو سەربازگەکە بچێت، بەڵام نوێنەرانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان ڕازی نابن و دەڵێن با دانوستان بکەین و هەرکات دانوستانەکە گەیشتە ئەنجامێک، ئەوکات ئابلۆقەکە هەڵدەگرین.

کاتێک کۆبوونەوەکە بێ ئەنجام تەواو دەبێ، جەنەڕاڵ ڕەزم ئارا داوا دەکات، بەتەنیا لەگەڵ قازی محەمەد کۆببێتەوە و وتووێژ بکات، چونکە دەزانێت قازی محەمەد سەرکردەیەکی ئاشتیخوازە. جەنەڕاڵ ڕەزم ئارا بە قازی دەڵێت پێویستە بەر لەوەی دەست بە دانوستانەکان بکەین ڕێگەبدەن کەلوپەل و ئازوقە بۆ هەردوو سەربازگەکە بچێت، چونکە ماوەیەکی زۆرە هیچییان بۆ نەچووە. لەوێ قازی محەمەد ئەوە پەسند دەکات کە ڕێگە بدرێت کەلوپەل و ئازوقە بۆ هەردوو سەربازگەکە بچێت. بڕیار درا هێزێکی کۆماری کوردستان بچێتە سەر ڕێگای گشتی سەردەشت و بانە، تا ڕێگا نەدەن لەگەڵ ئازوقە چەک و تەقەمەنی بۆ هەردوو سەربازگەکە بنێردرێت.

هێزێکی بەتالیۆنی میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی دەچێت بۆ گرتنی ڕێگای گشتی نێوان سەقز و سەردەشت و بانە، تا ڕێگە نەدرێت تەقەمەنی بگاتە سەربازگەکان و منیش لەگەڵ ئەو هێزە بووم کە ڕێگا گشتییەکەیان گرتبوو.

دووبارە جەنەڕاڵ ڕەزم ئارا بە قازی محەمەد دەڵێت، پێویستە ئەو هێزەی ڕێگا گشتییەکەی گرتووە بکشێتەوە دواوە و دوور بێ لە ڕێگای گشتی، بۆئەوەی کاروانی سوپای ئێمە بێ ترس بۆ سەردەشت و بانە تێپەڕێت. دووبارە قازی محەمەد، میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی ئاگادار دەکاتەوە کە ئەو هێزەی هێنراوەتە سەر ڕێگا بیکشێننەوە بۆ دووری ڕێگاکە. ئینجا ئێمە جادەمان بەردا و لە ڕێگای گشتی دوور کەوتینەوە. دواتر جەعفەر کەریمی سەرۆکی جەنگی کۆماری کوردستان بەقسەی قازی محەمەد دەچێت بۆ شاری سەردەشت و بانە و بەهەردوو سەربازگەکە دەڵێت، ئێمە هێزەکانی خۆمان گواستۆتەوە دووری ڕێگای گشتی و ئێوە دەتوانن بە ئاسوودەیی و بێ گرفت کەلوپەلەکانتان بگوازنەوە. ئێران لەگەڵ ناردنی ئازوقە تەقەمەنی زۆریشی نارد و هێزێکی زۆریشی ناردە ناو شاری سەقز و بانە. بەم جۆرە ئابڵۆقەی سەر هەردوو سەربازگەکەی ئێران شکێنرا و ئەمەش هەمووی بەهۆی ئاشتیخوازیی قازی محەمەد ڕوویدا.

گەیشتنی ئازوقە و تەقەمەنی بووە هۆی ئەوەی سوپای ئێران دووبارە ڕیزەکانی ڕێکبخاتەوە و خۆی ئامادە بکاتەوە بۆ شەڕ. هەروەها جەنەڕاڵ ڕەزم ئارا توانی پەیوەندی بکات بە سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان و پێیان بڵێت، بەم زووانە یەکێتی سۆڤیەت سوپای خۆی دەکشێنێتەوە و چیدی پشتەوانی و پارێزگاری لە کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجانی ئێران ناکات، بۆیە دەبێ هەمووتان پشتەوانی لە حکومەتی ئێران بکەن، نەوەک لە دژی بوەستنەوە. هەروەها حکومەتی ئێران ئامادەیە پارەی زۆر بداتە ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی دەگەڕێنەوە باوەشی ئێران. دوای ئەم هەنگاوانە سەرۆک عەشیرەتەکانی مامەش و مەنگوڕ بە ئاشکرا هاتوچۆی کاربەدەستانی ئێرانیان دەکرد.

## شەڕی ناوچەی مل قەرەنێ (مامەشان)

دوای ئـەوە هێـزەکانی کۆمـاری کوردسـتان ڕێـگای گشـتی نێـوان سەردەشـت و بانـە و سـەقزیان بـەردا و ئابڵۆقـەی سـەر هـەردوو سـەربازگەی شـاری سەردەشـت و بانەیـان شـکاند، حکومـەتی ئێـران هێزێکـی زۆری هێنـا بـۆ هێرشـکردنە سـەر کۆمـاری کوردسـتان و کاربەدەسـتانی یەکێتـی سـۆڤیەتیش بـە قـازی محەمەدیـان گوتبـوو کـە نابـێ بەهیـچ شـێوەیەک هێـزەکانی کۆمـاری کوردسـتان شـەڕی سـوپای ئێـران بکـەن و دەبـێ بەتـەواوی ئابڵۆقـەی سـەر سـەربازگەکان لاببـەن، تـا هەمـوو شـتێک لـە ڕێـگای ئاشـتییەوە کۆتایـی پـێ بێت و ئێران و کۆمـاری کوردسـتان لـە ڕێـگای دانوسـتان و هەنـگاوی ئاشـتیخوازانەوە ڕێکبکـەون. هـۆکاری ئـەم داواکارییانـەی سـۆڤیەت ئەوەبـوو یەکێتـی سـۆڤیەت لەگـەڵ ئێـران لەبـارەی نـەوتی ئێـران ڕێککەوتبـوو.

ئێـران هێـزەکانی کۆکـردەوە و خـۆی ئامادەکـرد بـۆ شـەڕێکی خوێنـاوی لەگـەڵ هێـزی کۆمـاری کوردسـتان لـە مهابـاد. دوای (٤٦) ڕۆژ لـە شـەڕی مـلی قـاراوا، دووبـارە سـوپای ئێـران لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٦/٦/١٥ دەسـتی بـە هێـرش کـرد بۆسـەر بەتالیـۆنی مسـتەفا خۆشـناو لـە (ملـی قەرەنـێ) و هێزەکەی مسـتەفا خۆشـناو هـەر هەموویـان بـارزانی بـوون. بەرەبەیـانی ڕێکەوتـی ١٩٤٦/٦/١٥ سـوپای ئێـران دەسـتی بـە تۆپبارانکـردنی سـەنگەرەکانی بەتالیـۆنی مسـتەفا خۆشـناو کـرد و فڕۆکـەی جەنگـی ئێرانیـش بۆمبـارانی سـەنگەرەکانی پێشـمەرگەی دەکـرد. دوای تۆپبارانەکـە هێـزی سـوپای ئێران دەسـت بەهێـرش دەکات و چەند جارێـک هێـرش دێنێـت و دەشـکێت. محەمەدئەمیـن میرخـان مێرگەسـۆری خـۆی و هێزەکـەی دەچنـە هانـای هێزەکـەی مسـتەفا خۆشـناو و لەپشـتەوە هێـرش دەکەنـە سـەر سـوپای ئێران و دووبـارە دەیشـکێننەوە و ناچـاری دەکـەن بگەڕێتـەوە سـەربازگەکەی لـە شـاری سـەقز. لـەو شـەڕەدا زیـانی دوژمـن زۆر بـوو، تەرمێکـی زۆریـان لەپـاش بەجێـما. زیـانی بەتالیـۆنی مسـتەفا خۆشـناو

تەنیا یەک شەهید بوو کە خۆشەوی خەلیل بوو کە سەرلقی بەتالیۆنی مستەفا خۆشناو بوو و ئەو لە سەرەتادا بەسەختی بریندار دەبێت، بەڵام تا دەیگەیەننە تەورێز شەهید دەبێت.

## دەستپێکردنەوەی دانوستان لەنێوان کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان و حکومەتی ئێران.

خووی دوژمنانی گەلی کورد وایە، کاتێک لە شەڕ بەرانبەر هێزی پێشمەرگە تێکدەشکێن، بە فێڵ داوای دانوستان دەکەن، تا خۆیان ڕێکدەخەنەوە و دواتر دووبارە دەست بە هێرشکردن دەکەنەوە. کاتێک سوپای ئێران لە شەڕدا شکستی خوارد، داوای دانوستانی لە کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان کرد، چونکە دووبارە سەربازگەکانی سەردەشت و بانە لە لایەن هێزەکانی کۆماری کوردستان ئابلۆقە درانەوە. سوپای ئێران بۆیە داوای دانوستانی کرد، تا هەردوو سەربازگەکەی ڕزگار بکات.

دووبارە کاربەدەستانی یەکێتی سۆڤیەت داوا لە قازی محەمەد دەکەن، هەموو شتەکان بە ئاشتی چارەسەر بکرێن و ئابلۆقەی سەر هەردوو سەربازگەکە هەڵبگیرێن و هێزی کۆماری کوردستان بە هیچ شێوەیەک شەڕی سوپای ئێران نەکات. یەکێتی سۆڤیەت گلەیی و ڕەخنەیان لە قازی محەمەد هەبووە کە هێزەکانی شەڕیان لەگەڵ سوپای ئێران کردووە و دووبارە سەربازگەکانیان گەمارۆداوەتەوە. دوای ئەمە (قەواموسەڵتەنە)ی سەرۆک وەزیرانی ئێران داوا لە قازی محەمەد دەکات سەردانی تاران بکات، بۆئەوەی لە ڕێگەی ئاشتییەوە بگەنە چارەسەرێک، لەهەمانکاتیشدا داوای دانوستان لە کۆماری ئازەربایجانیش دەکات.

وەفدی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد و هاوڕێیەتی حاجی بابەشێخی سەرۆک وەزیرانی کۆماری کوردستان دەچن بۆ شاری تاران

و نوێنـەرانی کۆمـاری تەورێزیـش هەمـان کار دەکـەن. لـەوێ قەواموسـەلتەنە چەنـد کۆبوونەوەیـەک لەگـەڵ نوێنـەرانی ئازەربایجـان دەکات، بەبـێ ئـەوەی نوێنـەرانی کۆمـاری کوردسـتان بەشـداربن لـە کۆبوونـەوەکان. خواسـتی قەواموسـەلتەنە ئەوەبـوو شـەڕ لەنێـوان هـەردوو کۆمـار دروسـت بـکات. دوای کۆبوونـەوە لەگـەڵ کۆمـاری ئازەربایجـان قەوامولسـەلتەنە لەگـەڵ قـازی محەمـەد و هاوەڵەکـەی کـۆ دەبێتـەوە و پێشـنیازی ئـەوە دەکات کـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان هەمـوو بکرێـت بەیـەک پارێـزگا و قـازی محەمەدیـش ببێـت بـە پارێـزگاری ئـەو پارێزگایـە، بـەڵام قـازی بـەوە ڕازی نابێـت و ڕەتیدەکاتـەوە. دوای ڕەتکردنەوەکـەی قـازی محەمـەد قەواموسـەلتەنە ئـەم بڕیارانـە دەردەکات:

- خودموختـاری بـدات بـە هـەردوو کۆمـاری کوردسـتان و ئازەربایجـان لـە چوارچێـوەی حکومـەتی مەرکـەزی ئێرانـدا.
- دانوسـتان و پەیوەنـدی بـەردەوام هەبێـت لەنێـوان هـەردوو کۆمـار و تـاران تـا ئاشـتییانە پرسـەکان چارەسـەر دەکـەن.
- بڕیـاردرا کـە خەرجـی هـەردوو کۆمارەکـە لـە لایـەن ئێرانـەوە دابیـن بکرێت، تاکـو کێشـەکان چارەسـەر دەکرێن.

دوای ئـەم بڕیارانـە نوێنـەرانی هـەردوو حکومـەت دەگەڕێنـەوە مهابـاد و تەورێـز، قـازی محەمـەد و حاجـی بابەشـێخ بـە ئۆتۆمبێـلی خۆیـان کـە قەواموسـەلتەنە لەتـاران بـە دیـاری پێیدابـوون گەڕانـەوە مهابـاد. خەڵکـی دڵیـان خـۆش نەبـوو بـە وەرگرتنـی ئـەو دوو ئۆتۆمبێلـە و دەیانگـوت نەدەبووایـە وەریبگـرن. پـاش گەڕانەوەیـان کاربەدەسـتێکی کونسـوڵخانەی ئەمریـکا لـە تارانـەوە دێـت و دەچێتـە لای قـازی محەمـەد و پێـی دەڵێـت: هەرچۆنێـک بێـت هەوڵبـدەن بـە ڕێـگای ئاشـتی کێشـەکان لەگـەڵ حکومـەتی تـاران چارەسـەر بکـەن، ئەگـەر ئـەوە نەکـەن، ئـەوا دواڕۆژتـان بـاش نابـێ.

دەبـێ ئـەوە بڵێیـن، قـازی محەمـەد و حاجـی بابەشـێخ نەیاندەتـوانی لـە

قسـەی کاربەدەسـتانی یەکێتـی سـۆڤیەت دەربچـن، چونکـە یەکێتـی سـۆڤیەت ئـەوانی کردبـوو بـە سـەرۆک کۆمـار و سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران. هەروەهـا حکومـەتی ئێـران و قەواموسـەلتەنە لەبـارەی نـەوتی ئێـران و چۆنیـەتی دەرهێنـانی لەگـەڵ کاربەدەسـتانی یەکێتـی سـۆڤیەت ڕێککەوتبـوون. حکومـەتی ئێـران خەریـک بـوو لەسـەر سـنووری باکـۆی پایتەختـی ئازەربایجـانی یەکێتـی سـۆڤیەت نـەوتی دەردەهێنـا و ئەگـەر ئـەو کارەشی بکردبایـە، ئـەوا نـەوتی ئازەربایجـانی سـۆڤیەت لـە کەمـی دەدا و بەمـەش سـۆڤیەت زەرەری دەکـرد. قەواموسـەلتەنە بـە کاربەدەسـتانی یەکێتـی سـۆڤیەت دەڵێـت، ئەگـەر ئێـوە پشـتەوانی لـە کۆمـاری ئازەربایجـان و کوردسـتان نەکـەن، ئـەوا ئێمـە لـە سـنووری باکـۆ لەدیـوی خۆمـان نـەوت دەرناهێنیـن. قەواموسـەلتەنە بـە فێـڵ بـە کاربەدەسـتانی یەکێتـی سـۆڤیەت دەڵێـت، دوای ئـەوەی پەرلەمـانی ئێـران هەڵدەبژێردرێـت، ئێمـە سـێ ئەندامـی ئازەربایجـان لـە پەرلەمـان وەردەگریـن. کۆمـاری ئازەربایجـان شـیوعی بـوون و سـەرکردەکەیان جەعفـەر پیشـەوەری بـوو کـە حزبێکیـان هەبـوو نـاوی (تـودە) بـوو و یەکێتـی سـۆڤیەت بەهـۆی شـیوعی بوونەکەیانـەوە پشـتەوانی لـێ دەکـردن.

### تەفرەدانی یەکێتی سۆڤیەت لە لایەن قەواموسەلتەنە

لـە مانگـی تەممـوزی سـاڵی ١٩٤٦ چەنـد نوێنەرێکـی حکومـەتی ئێـران بـە سـەرۆکایەتی عەقیـد فـەوزی دێنـە لای قـازی محەمـەد و لـەوێ بـە قـازی دەڵێـن، حکومـەتی ئێـران ئامـادە نییـە خـود موختـاری بداتـە کۆمـاری کوردسـتان و کۆمـاری ئازەربایجـان ئەگـەر بێتـو چەکدارەکانیـان هەمـوو ئـەو چەکانـە ڕادەسـتی حکومـەتی ئێـران نەکەنـەوە کـە هەیانـە. قـازی محەمـەد وەڵامـی نوێنـەرانی حکومـەتی ئێـران دەداتـەوە و پێیـان دەڵێـت گـەلی کوردسـتانی ئێـران ئـەو کاتـەی کـە چەکیـان هەڵگرتـووە کـەس هـانی نـەداون ئـەو کارە بکـەن،

بەڵکو هەستی نەتەوەیی خۆیان بووە هانی داون چەک بکەنە شانیان بۆ ڕزگارکردنی گەلی خۆیان لەژێر زوڵم و ستەم، بۆیە نە من و نە هیچ کەسێکی دیکە ناتوانێت داوای ئەوەیان لێبکات چەک فڕێ بدەن.

قازی محەمەد هەموو کات بە خەڵکی کوردستانی دەگوت، ئێمە خودموختاریمان مسۆگەر کردووە و حکومەتی ئێران و حەمە ڕەزاشا بەڵێنیان بە ئێمە داوە و لێی پەشیمان نابنەوە. ئێمەی کورد دۆستێکی بەهێزمان هەیە کە یەکێتی سۆڤیەتە و ئەو پشتگیریمان لێ دەکات. هەروەها قازی دەیگوت، نابێ ئێمە ببینە هۆکاری کێشە و ڕوودانی شەڕ لەنێوان هێزە چەکدارەکانی کورد و هێزەکانی سوپای ئێران، با یەکێتی سۆڤیەت گلەییمان لێ نەکات.

## هەڵوێستی سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردستانی ئێران بەرانبەر بە کۆماری کوردستان

وەکو پێشتر باسمکرد، ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی خاکەکەیان کەوتبووە بن دەستی هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت، بە چەکی خۆیان چووبوون بۆ ئەو بەرانەی بۆیان دیارکرابوو و بەرگریان دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی هەندێک لە سەرۆک عەشیرەتە کوردەکانی کوردستانی ئێران لەوە تێگەیشتن کە یەکێتی سۆڤیەت بەهێزەوە پشتەوانی لە کۆمار ناکات، وردە وردە لە ژێرەوە پەیوەندییان بەست بە حکومەتی ئێران و ئەمەش زیاتر لەڕێی جەنەڕاڵ ڕەزم ئارا بوو.

سەرۆک عەشیرەتەکانی ئەم ناوچانە (سەردەشت و بانە و سەقز و بۆکان و میاندواو) زانیبوویان یەکێتی سۆڤیەت خاکی ئێران بەجێدەهێڵێت و هەردوو کۆمارەکە بێ پشتەوان دەهێڵێتەوە، جەنەڕاڵ ڕەزم ئاراش لە ژێرەوە پەیوەندی پێ کردبوون و کەمێک ترساندبوونی و کەمێکیش موژدەی

خـۆشی پێدابــوون ئەگــەر بگەڕێنــەوە بــاوەشی ئێــران ئــەوا پــارەی زۆرتــان پــێ دەدرێ، ســەرەڕای ئەوانــەش ئــەو ســەرۆک عەشــیرەتانە زانیبوویــان کــە وەفدێکـی کونسـوڵخانەی بەریتانیـا لەتارانـەوە هاتـووە بـۆ لای قـازی محەمـەد و پێـی گوتـووە کـە لەگـەڵ ئێـران بـە ئاشـتی ڕێکبکـەون ئەگەرنـا هیـچ کـەس پشـتەوانیتان نـاکات، بۆیـە سـەرۆک عەشـیرەتەکانی ئـەو ناوچانـەی لەسـەرەوە ناویـان هـات بەتایبـەتی سـەرۆک عەشیرەتەکانی (مامـش و مەنگـوڕ و پیـران) لـە ژێـرەوە و بـەدزی خۆیـان لـە کاربەدەسـتانی حکومـەتی ئێـران نزیـک دەکەنـەوە. ئـەو سـەرۆک عەشـیرەتانەی بـە ئاشـکرا پەیوەندییـان بـە کاربەدەسـتانی حکومەتی ئێـران کـرد، ئەمانـە بـوون (قـەرەنی ئاغـای مامـش، عەبـداڵ بایـز ئاغـای مەنگوڕ).

### هەڵوێستی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی و ئەفسەرانی لێژنەی ئازادی

سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی و شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی براگـەورەی بـە مـاڵ و خێزانـەوە لەگـەڵ خێزانێکـی زۆری بارزانییـەکان چـوون بـۆ کوردسـتانی ئێـران و پشـتەوانی حکومـەتی مهابادیـان کـرد. سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی زیاتـر لـە ٤٠٠٠ چەکـداری کـوردی بـارزانی لەگـەڵ بـوو کـە شـارەزاییەکی زۆر باشـیان لـە شـەڕ هەبـوو، بەتایبـەتی شـەڕی پارتیـزانی، هەروەهـا ئەفسـەرانی لێژنـەی ئازادیـشی لەگـەڵ بـوون کـە هەموویـان زۆر شـارەزا بـوون لـە شـەڕ و پـلانی شـەڕ و چـەک و تەقەمـەنی. هەمـوو ئەمانـە پاڵپشـتی گـەورەی کۆمـاری کوردسـتان بـوون و بەڵێنیـان بـە سـەرۆکی خۆیـان دابـوو کـە کۆمـار بپارێـزن و چـی پێویسـت بێـت بـۆ خزمـەتی کۆمـار دەیانکـرد، بـەڵام لـەوەش دڵنیابـوون کـە ڕۆژێـک لـە ڕۆژان دەگەڕێنـەوە سـەر خاکـی خۆیـان. بێجگـەی ئەمـە سـەرۆک بـارزانی بارودۆخـی کاربەدەسـتانی کۆمـاری لەبەرچـاو بـوو، بۆیـە بـە پێویسـت زانـرا حزبێکـی کـوردی هاوشـێوەی حـزبی دیموکـراتی کوردسـتانی ئێـران، بـۆ کـوردانی عێـراق دروسـت بکـەن.

سەرۆک بارزانی بانگی هەمزە عەبدوڵا دەکات و تێی دەگەیەنێت کە پێویستە بگەڕێتەوە کوردستانی عێراق و بۆ دواڕۆژی میللەتی کورد لەو بەشەی کوردستان دەبێ حزبێکی کوردی دروست بکرێت. هەمزە عەبدوڵا دەگەڕێتەوە کوردستانی عێراق و ئەو نامانەش لەگەل خۆی دەگەڕێنێتەوە کە سەرۆک بارزانی بۆ دۆست و ناسیاو و نیشتیمانپەروەرانی کورد نووسیبوونی و داوای لێکردبوون کە هاوکاری هەمزە عەبدوڵا بکەن بۆ دروستکردنی حزبێکی کوردی لە کوردستانی عێراق.

**دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق**

کاتێک هەمزە عەبدوڵا دەگاتەوە کوردستانی عێراق و ئەو نامانە لەگەڵ خۆی دەبات کە سەرۆک بارزانی بۆ کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد و نیشتیمانپەروەرانی کوردستانی عێراق نووسیبووی و نامەکان دەگەیەنێتە شوێنی خۆی. هەمزە عەبدوڵا خۆی و ئەو کەسانەی سەرۆک بارزانی نامەی بۆ نووسیبوون رێکدەکەون کە لە ڕێکەوتی ١٩٤٦/٨/١٦ لە بەغدا کۆببنەوە و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق ڕابگەیەنن، لەو ڕێکەوتە کۆبوونەوەک ئەنجامدرا و لێپرسراوێتییەکان بەمشێوەیە دابەشکران:

- سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا.
- شێخ لەتیف شێخ مەحموود بە جێگری یەکەمی سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا.
- کاک حەمە زیادی کۆیی بە جێگری دووەمی سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا.
- هەمزە عەبدوڵا
- میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی
- دکتۆر جەعفەر کەریم

- عەلی عەبدوڵا
- ساڵح یوسفی
- عەبدولکەریم تۆفیق
- ڕەشید عەبدولقادر
- ڕەشید باجەلانی
- مەلا سەید حەکیم خانەقینی
- عەونی یوسف
- تەها
- مستەفا خۆشناو

**هەر لە هەمان کۆبوونەوەدا ئەمانە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران:**

- هەمزە عەبدوڵا دەبێتە سکرتێری پارتی.
- دکتۆر جەعفەر کەریم فەیلی
- عەلی عەبدوڵا
- عەبدولکەریم تۆفیق
- ڕەشید عەبدولقادر

**دەسپێکردنەوەی شەڕ لەنێوان هەردوو کۆمار و حکومەتی ئێراندا**

دوای ئەوەی ئاگربەس لەنێوان حکومەتی کۆماری کوردستان و حکومەتی کۆماری ئازەربایجان و حکومەتی ئێران جێبەجێکرا، حکومەتی ئێران ئەو بڕیارەی ئاگربەسەی بۆ خزمەتی خۆی و بەهێزکردنەوە و ڕێکخستنەوەی هێزە چەکدارەکانی قۆستەوە، تا سەر لەنوێ دەستبکاتەوە و بە پەلاماردان و

هێرش کردن بۆ سەر هەردوو کۆمار. هەر لەو ماوەیەدا ئەم هەنگاوانەشی هەڵگرت:

- پەیوەندیکردن بە عەشیرەتەکانی کورد و ئازەری تا بیانگێڕێتەوە باوەشی خۆیان و پارەیەکی زۆریان بۆ خەرج بکات، تا واز لە هەردوو کۆمار بهێنن و بچنەوە پاڵ حکومەتی ئێران و شانبەشانی سوپای ئێران دژی ئەو دوو کۆمارە بجەنگن.
- ئامادەکردنی سوپایەکی زۆر گەورە و بەهێز بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئەم دوو کۆمارەدا.
- بەهێزکردنی هەڵوێستی خۆیان لە لای وڵاتانی جیهان و نەتەوە یەکگرتووەکانیش، تا ڕێگە نەدەن یەکێتی سۆڤیەت دەستوەربداتە ناو کاروباری ئێران و یەکێتی سۆڤیەت هاوکاری هیچ کام لە دوو کۆمارەکە نەکات.
- بەریتانیا و ئەمریکا دەستیان بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و ترساندنی یەکێتی سۆڤیەت کرد کە ئەگەر سوپاکەی لەخاکی ئێران، بەتایبەتی لە هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان نەکشێنێتەوە، ئەوا جەنگی سێیەمی جیهانی بەرپادەبێ. یەکێتی سۆڤیەت لە جەنگی دووەمی جیهانیدا زیانێکی زۆری بەرکەوتبوو و زیاتر لە ٢٠ ملیۆن کەسی لێکوژرابوو، بێجگەی زیانەکانی دیکە، بۆیە توانای جەنگی سێیەمی جیهانی نەبوو. هەروەها قەوامولسەلتەنەی سەرۆک وەزیرانی ئێران بەڵێنی بە کاربەدەستانی یەکێتی سۆڤیەت دابوو، ئەگەر ئەوان لە هەردوو کۆمار بکشێنەوە و پاڵپشتیان نەکەن، کە پەرلەمانی ئێران هەڵبژێردرا سێ ئەندامی حزبی (تودە) دەباتە ناو پەرلەمانی ئێران.

کاتێک سوپای ئێران هێرشی کردە سەر کۆماری کوردستان لە مهاباد و کۆماری ئازەربایجان لە تەورێز، حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت هێزەکانی خۆی کێشایەوە و بردنیەوە ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەت و ئەم نامەیەیان نووسی و

لەناو خەڵکی لە هەردوو کۆماریان بڵاوکردەوە:

(برایانی بەڕێزی گەلی کورد و ئازەری ئێران و کەمینەکانی دیکە، خۆتان دەزانن یەکێتی سۆڤیەت کەمتەرخەمی نەنواندووە و هەموو کاتێک هەوڵی داوە یارمەتی گەلانی بەش خوراو و غەدر لێکراو بدات و ڕزگاریان بکات. کاتێک ئێمە هاتینە ناوچەکانی ئازەربایجان و کوردستان، لەڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هیچ کەمتەرخەمییەکمان نەنواند، بەڵام ئێستا لەبەر بەرژەوەندی یەکێتی سۆڤیەت و ئێران ئێمە وای بەباش دەزانین و وای پێویست دەبینین، لەسەر خاکی کوردستان و ئازەربایجان نەمێنین و بچینەوە وڵاتی خۆمان).

کاتێک حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت پاشەکشەی بە هێزەکانی کرد، حکومەتی ئێران دەستی بە خۆ ئامادەکردن کرد بۆ هێرشکردنە سەر هەردوو کۆمارەکە، چونکە ئیدی لەوە تێگەیشت کە یەکیتی سۆڤیەت چیتر پاڵپشتی لە کوردستان و ئازەربایجان ناکات.

**ڕووخانی کۆماری ئازەربایجان و کۆماری کوردستان لە ئێران**

هێزێکی زۆری سوپای ئێران لەتارانەوە بەرەو هێزەکانی فیرقەی دیموکراتی ئێران دەجوڵێن و هێرش دەکەن و دوای بەرگرییێکی زۆر کەم فیرقەی دیموکرات دەشکێت و هێزەکانیان پاشەکشە دەکەن و بەرەو شاری تەورێزی پایتەخت دەڕۆن و سوپای ئێران هەموو ئەو شوێنانە دەگرێ کە ئەوانی لێبوون. دوو ئەفسەری فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان دێنە لای سەرۆک بارزانی و داوای لێدەکەن هێزێکی خۆی بنێرێتە شاری تەورێز، تا حکومەتی ئێران نەتوانێ دەست بەسەر ئەم شارەدا بگرێت. سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی دەستبەجێ لە شاری مهابادەوە دێتە شاری میاندواو و لەوێ ئاگاداری محەمەد ئەمین مێرگەسۆری دەکاتەوە کە خۆی و هێزەکەی

لەبـەرەی سـەقزەوە بێتـە شـاری میانـدواو، تـا بینێرێتـە شـاری تەورێـز و لـەوێ ئـەو شـارە بپارێـزن و نەهێڵـن حکومـەتی ئێـران بیگرێـت.

محەمەدئەمیـن میرخـان خـۆی و هێزەکـەی لـە شـەوی ١٢/١١ ی ١٩٤٦/١٢ دەگەنـە شـاری میانـدواو و لای سـەرۆک بـارزانی، بـەڵام لـەوێ سـەرۆک بـارزانی ئـاگادار دەکرێتـەوە کـە شـاری تەورێـز بەبـێ بەرگـری و شـەڕ ڕادەسـتی سـوپای ئێـران کـراوە. سـەرۆکی کۆمـاری ئازەربایجـانی ئێـران کـە جەعفەر پیشـەوەری بوو لەگـەڵ کاربەدەسـتانی دیکـە تەورێـز و ٨٠٠٠ چەکـداری کۆمارەکـە ڕایانکـردووە بـۆ شـاری باکـۆی پایتەختـی ئازەربایجـانی یەکێتـی سـۆڤیەت. ئەمـەش هەمـووی بەپێـی ئـەو ڕێککەوتنـە بـوو کـە یەکێتـی سـۆڤیەت لەبـارەی نەوتـەوە لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی ئێـران پێـی گەیشـتبوو، ئـەوەش هـۆکار بـوو تـا بـە کاربەدەسـتانی کۆمـاری ئازەربایجـانی ئێـران بڵێـن شـەڕی سـوپای ئێـران مەکـەن.

لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٦/١٢/١٤ دا دەنگوبـاسی ڕووخـانی کۆمـاری ئازەربایجـان دەگاتـە شـاری مهابـادی پایتەختـی کۆمـاری کوردسـتان. ئـەوە زانـرا کـە سـوپای ئێـران بەبـێ شـەڕ شـاری تەورێزیـان گرتـووە و کاربەدەسـتانی ئازەربایجـانی ئێرانیـش ڕایانکردووەتـە شـاری باکـۆ، ئەمەشـیان بـە قسـەی کاربەدەسـتانی یەکێتـی سـۆڤیەت کـردووە.

دەمـێ گەیشـتنی ئـەم هەواڵـە تـەواوی کاربەدەسـتانی کۆمـاری کوردسـتان و ئەندامـانی مەکتـەبی سـیاسی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان دەچنـە لای قـازی محەمـەد، تـا پرسـوڕایەک بگـۆڕنـەوە بزانـن لەبەرانبـەر هەڕەشـەکانی سـوپای ئێـران چ هەڵوێسـتێک بگرنەبـەر. لـەوێ لای قـازی هەمـوو کاربەدەسـتان لەسـەر ئـەو ڕایـە کـۆک دەبـن کـە مـادام کۆمـاری ئازەربایجـانی ئێـران بـەو هەمـوو هێـز و پاڵپشـتییەی هەیبـوو نەیتـوانی بەرانبـەر سـوپای ئێـران بوەسـتێتەوە و شـارەکەیان بـێ تەقـە ڕادەسـت کـردن، ئـەوا کۆمـاری کوردسـتانیش بەرگـەی هێـزی سـوپای ئێـران ناگرێـت، وا چاکـە قـازی محەمـەد و کاربەدەسـتانی دیکـەی

کۆماری کوردستان لە مهاباد هاوشێوەی ئەوەی تەوریز، کوردستانی ئێران بە جێبێڵن، یان بچنە یەکێتی سۆڤیەت، یان بچنە عێراق.

لەوەڵامدا قازی محەمەد پێی گوتبوون من ناچمە هیچ وڵاتێک و خەڵکی شاری مهابادم و کوردستان بەجێناهێڵم، چونکە ئەگەر من ئەوان بە جێبێڵم، ئەوا کاتێک حکومەتی ئێران دەست بەسەر ئەو ناوچە کوردییانەدا دەگرێتەوە، هەرچی ڕق و کینە و تووڕەیی هەیە بە خەڵکی کوردی ئەم ناوچانەی دادەڕێژێ. هەروەها دەڵێت، ئەگەر من بڕۆم، ئەوا حکومەتی ئێران سەدری قازی برام کە نوێنەری ئێمەیە لەتاران دەکوژن، بۆیە من ئومێدم وایە سەدری قازی برام بتوانێ لێبوردنێک بۆ من لە حکومەتی ئێران و حەمە ڕەزاشا وەربگرێت و نەمکوژن.

کاتێک سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی دەزانێت، قازی محەمەد و کاربەدەستانی دیکەی کۆمار بڕیاریانداوە شەڕ نەکەن لە دژی حکومەت و سوپای ئێران، سەرۆک بارزانی بەپەلە لە بەرەی سەقزەوە دەچێتەوە شاری مهاباد و بە قازی دەڵێ، پێویستە بەردەوامبین لە شەڕکردن لەگەڵ سوپای ئێران. قازی محەمەد لە وەڵامدا بە مەلا مستەفا بارزانی دەڵێت، حکومەتی ئازەربایجان بەو هەموو هێزەیەوە نەیتوانی تەنانەت تاکە ڕۆژێک شەڕی حکومەتی ئێران بکات و خۆیان بەدەستەوە دا، ئێمە چۆن دەتوانین ئەم کارە بکەین، من لێرەوە بەپیر سوپای ئێرانەوە دەچم و دەچمە شاری میاندواو و لەوێ خۆم ڕادەستی سوپای ئێران دەکەم. سەرۆک بارزانی بە قازی محەمەد دەڵێت نابێ خۆتان ڕادەستی سوپای ئێران بکەن، چونکە دەتانکوژن. هەروەها دەڵێت، ئێمە شەڕی ئێران دەکەین و ئێوەش لەگەڵ ئێمە بن، تاکو یەک بارزانی ماوە پشتگیریتان لێ دەکەین، بۆیە وەک براگەورە لەگەڵ ئێمە بە. قازی بە سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی دەڵێت ئەگەر من لەگەڵ ئێوە بم، ئەوا حکومەتی ئێران سەدری قازی برام دەکوژن. سەرۆک مەلا

مستەفا بارزانی کە بێ ئومێد دەبێ، قازی بەجێدێڵێت و دەچێتە شاری شنۆ لای شێخ ئەحمەدی بارزانی براگەورەی. ئەوە دوایین دیداری نێوان مەلا مستەفا بارزانی و قازی محەمەد بوو لە شاری مهاباد.

# بەندی چوارەم
# کشانەوە و شەڕەکانی دوای ڕووخانی کۆمار

## کشانەوەی هێـزی بارزانییـەکان لەبـەرەی سـەقز و سەردەشـت و بانـە بـۆ ناوچـەکانی نەغـەدە و شـنۆ

کاتێـک قـازی محەمـەد و کاربەدەسـتانی کۆمـاری کوردسـتان بڕیاریانـدا شـەڕی حکومـەتی ئێـران نەکـەن، سـەرۆک بـارزانی ئـاگاداری هێـزەکانی خـۆی لـە بـەرەکانی سـەقز و سەردەشـت و بانـە دەکاتـەوە کـە بکشـێنەوە ناوچـەکانی نەغـەدە و شـنۆ و لـەوێ پشـتگیری لەخۆیـان و مـاڵ و منداڵیـان بکـەن و دواتـر کـە بەهـار هـات ئەگـەر توانیـان بگەڕێنـەوە ناوچـەکانی خۆیـان لـە کوردسـتانی عێـراق یـان بچنـە وڵاتێکـی دیکـە.

لەوکاتـەدا هێـزی ئێمـە لـە گوندێـک بـوو لـە ناوچـەی  سـەقز و تەنیـا سـێ کیلۆمەتـر لـە سـوپای ئێـران دوور بوویـن کـە لەنـاو شـاری سـەقز بـوون. یـەک مانـگ بـەر لـە ڕووخـانی کۆمـار ئێمـە جلوبەرگـی سـەربازیمان درابـوێ و بـە فەرمـی بووینـە پێشـمەرگەی کۆمـاری کوردسـتان لـە مهابـاد. ئێمـە ژمارەمـان نزیکـەی ٣٠ کـەس دەبـوو و فەرماندەکەمـان پلـەی سـەرپەل بـوو نـاوی ئەحمەد مسـتەفا کانیەلنجـی بـوو.

لەشـەوی ١٦/١٥ -١٢-١٩٤٦ مـن و برادەرێـک کـە نـاوی عەزیـز بابکەیـی بـوو بەیەکـەوە لـە دەرەوەی گوندەکـە بوویـن و بارەگامـان لـەوێ بـوو، لەپـڕ دوو بـرادەری خۆمـان کـە لەگـەڵ هێزەکـەی میـرزا ئاغـا بـوون، لەگوندێکـی دیکـە هاتنـە لامـان و گوتیـان سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی ئـاگاداری هەمـوو هێـزەکانی خـۆی لـە هەمـوو بـەرەکانی شـەڕ کردووەتـەوە کـە بـەرەکانی شـەڕ جێبێڵـن و بگەڕێنـەوە ناوچـەی شـنۆ و نەغـەدە و ئەوەشـیان گـوت کـە کۆمـاری مهابـاد و ئازەربایجـان ڕووخـان. هەروەهـا سـەرۆک ئـەوەشی گوتبـوو کـە پێویسـتە هێزەکانمـان پێـش ئـەوەی بگەنـە شـاری بـۆکان یەکبگرنـەوە، ئینجـا بـە سـەرۆکایەتی ئەسـعەد خۆشـەوی بـەرەو ناوچـەی نەغـەدە و شـنۆ بکشـێنەوە.

لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٦/١٢/١٦ هێـزی ئێمـە کـە لـە بـەرەی سـەقز بوویـن، پێـش ئـەوەی بگەینـە نـاو شـاری بـۆکان یەکترمـان گرتـەوە، چونکـە چـاوەڕوانی یەکدیـمان دەکـرد، بۆئـەوەی بەیەکـەوە بچینـە شـاری بـۆکان. بـۆ ئێـوارە چووینـە گوندێـک بەرانبـەر شـاری بـۆکان، ئەسـعەد خۆشـەوی سـەرکردایەتی هێـزەکانی دەکـرد. ئێمـە دوو تۆپـی گەورەمـان پـێ بـوو لەگـەڵ ٢٠ ڕەشـاشی گـەورە و فیشـەک و تەقەمەنییەکـی زۆر. هێـزەکانی فیرقـەی دیموکـراتی ئازەربایجانیـش لـە بـەرەی ناوچـەی سـەقز بـەرەو شـاری تەورێـز دەکشـانەوە و بەڕێـگای گشـتی دادەڕۆیشـتن و گەیشـتنە نزیـک شـاری بـۆکان. لەپـڕ عەشـیرەتە کـوردەکانی مامـش و مەنگـوڕ ئابڵۆقـەی هێـزی ئازەربایجانیانـدا و چەکیـان لـێ سـەندن و ئەوانیـش هیـچ بەرگرییێکیـان نەکـرد، چونکـە سـەرۆکەکەیان جێیهێشـتبوون و بـە هەشـت هـەزار چەکـدارەوە چووبـوو بـۆ باکـۆ.

**لەگەڵ عەشیرەتە کوردییەکانی ناوچەی بۆکان تووشی شەڕ هاتین**

کاتژمێـر ٨ی بەیـانی ڕێکەوتـی ١٩٤٦/١٢/١٧ لـە گوندەکـە کەوتینـە ڕێ و لـە پیـادە ڕێگایـەک دەڕۆیشـتین و دەمانویسـت بچینـە شـاری شـنۆ و بەڕێـگای بـۆکان و میانـدواو دا نەڕۆیشـتن نـەوەک سـوپای ئێـران ئـەو ڕێگایانـەی لێـمان گرتبێـت. کاتێـک لـە گوندەکـە دەرچوویـن کەوتینـە نـاو کۆمەڵێـک گـرد کـە دەوری پیـادە ڕێگایەکیـان دابـوو، عەشـیرەتە کـوردەکانی وەک مامـش و پیـران و مەنگـوڕ، سـەری هەمـوو گردەکانیـان لـێ گرتبوویـن و ئابڵۆقەیـان دابوویـن و داوای چـەک و تەقەمەنییەکانیـان دەکـرد ڕادەسـتیان بکەیـن و خۆشـمان بدەیـن بـە دەسـتەوە، وایانـدەزانی ئێمـەش وەک سـوپای کۆمـاری ئازەربایجانیـن زوو چەکەکانمـان فـڕێ دەدەیـن و خۆمـان ڕادەسـت دەکەیـن، بـەڵام ئێمـە هـەر کەسـە و لـە لای خۆیـەوە دەسـتی بـە هێـرش کـرد و هەڵمەتمـان بۆیـان بـرد و پێنـج کەسـمان لێیـان کوشـت و سەرکردەیەکیشـمان بەدیـل گـرت، بەبـێ ئـەوەی

پێشمەرگە هیچ زیانێکی بەرکەوتبێ. ئەو عەشایرانە لەبەرەکانی شەڕ بوون دژی سوپای ئێران و بۆ بەرگری لە کۆماری کوردستان لەوێ بوون، بەڵام کە زانیان کۆماری کوردستان ڕووخا، ویستییان زیان بە ئێمە بگەیەنن تا ڕەزاشا لێیان ببورێ.

برادەرێکی خۆمان کە ناوی دەروێش میرۆ بێرسیاقی بوو، ڕەشاشێکی پێ بوو. دەروێش میرۆ هەر لەسەر پشتی کەرەکەوە دەستی کرد بە تەقەکردن. دوای شەڕەکە گەیشتینە گوندەکانی نزیکی شاری مهاباد و بۆ شەوی ١٧ لەسەر ١٩٤٦/١٢/١٨ گەیشتینە شاری نەغەدە و لەوێ بە فەرمانی مەلا مستەفا بارزانی سەنگەرەکانی خۆمان قایمکرد، تا پشتگیری لە خۆمان و ماڵ و خێزانمان بکەین ئەگەر هاتوو سوپای ئێران هێرشی کردە سەرمان.

**بەیاننامەی قازی محەمەد بۆ هێزەکانی کۆماری مهاباد**

دوای گیران و ڕادەستکردنی شاری تەورێز و پاش ئەوەی قازی محەمەد بڕیاری دا، سوپای کۆماری کوردستان شەڕی ئێران نەکات و خۆیان بەدەستەوە بدەن و مەلا مستەفای بارزانیش فەرمانی دایە هێزەکانی ناوچەی سەقز بەجێبێڵن و بگەڕێنەوە ناوچەی شنۆ و نەغەدە، ئینجا قازی محەمەدی سەرۆکی کۆماری کوردستان بەیاننامەیەکی بۆ هێزەکانی کۆمار دەرکرد:

((برایانی بەڕێز سڵاو... ئاگادارتان دەکەمەوە کە سوپای ئێران شاری تەورێزی گرت و کۆماری ئازەربایجان ڕووخا و جەعفەر پیشەوەری خۆی و هەموو کاربەدەستانی بێ ئەوەی شەڕ بکەن و پشتگیری لە خۆیان بکەن، ڕایانکردە وڵاتی یەکێتی سۆڤیەت، بۆیە بە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەیەکی زۆری پرسەکەمان لە هەموو ڕوویێکی سیاسی و سوپایی، بڕیارماندا بەرەکانی شەڕ چۆڵ بکەین و بەرەو پیری سوپای ئێران بچین بۆ بەخێرهێنانیان. ئینجا تکام وایە ئەوانەی عێراقین بگەڕێنەوە عێراق و ئەوانەی ئێرانین

خۆیان ڕادەستی سوپا بکەن لەو شوێنەی کە لێی نزیکن.. براتان قازی محەمەد))

دوای بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکەی بۆ هێزی پێشمەرگەی کۆماری مهاباد، ئینجا خۆی بەتەنیا تا میاندواو بەپیر سوپای ئێرانەوە چوو و خۆی ڕادەستی جەنەڕاڵ هومایۆنی سەرۆکی سوپای ئێران کرد. جەنەڕاڵ هومایۆن هاتە شاری مهاباد و قازی محەمەدیشی لەگەڵ خۆی هێنایەوە و لەماڵەکەی خۆی دەستبەسەریان کرد و خستییانە ژێر چاودێری سوپای ئێران و نەیاندەهێشت کەس سەردانی بکات.

## سەنگەر گرتن لە لایەن بارزانییەکانەوە

دوای ڕووخانی هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان، ئێمە بە فەرمانی سەرۆک بارزانی بەرەی شەڕمان لە ناوچەکانی (سەقز و سەردەشت و بانە) چۆڵکرد و کشاینەوە ناوچەی شنۆ و نەغەدە تا ماڵ و خێزانی خۆمان بپارێزین، ئەگەر هاتوو سوپای ئێران هێرشی کردە سەرمان. بۆ بەرگریکردن لە خۆمان سەرۆک بارزانی چەکدارەکانی دابەشی سەر سێ جەبهە کرد:

- هێزێک لەنێوان شاری مهاباد و نەغەدە.
- هێزێک لەنێوان شاری شنۆ و شاری خانێ.
- هێزێک لە ناوچەی  تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕی ورمێ.

لە کۆبوونەوەیەکدا کە شێخ ئەحمەدی بارزانی برا گەورەی سەرۆک بارزانی ئامادەبوو لێپرسراوی بەرەکانی شەڕ دیارکران.

## دانوستان لەگەڵ جەنەڕاڵ هومایۆنی سەرۆکی سوپای ئێران

کاتێک قازی محەمەد خۆی ڕادەستی جەنەڕاڵ هومایۆن کرد و بەدەستبەسەری هێنایانەوە مهابادی پایتەختی کۆماری کوردستان و ئەوێشی

بەبێ شەڕ گرت، چونکە هێزەکانی پێشمەرگە بە فەرمانی قازی بڵاوەیان لێ کردبوو.

سوپای ئێران شاری مهاباد و شاری ورمێی بەبێ شەڕ گرت، بەڵام نەیانتوانی هێرش بکەنە سەر بارزانییەکان، چونکە جەنەڕاڵ همایۆن کە سەرۆکی سوپای ئێران بوو، باش دەیزانی ئەگەر هێرش بکاتە سەر بارزانییەکان، ئەوا بارزانی بەرگری لەخۆیان دەکەن و پێشتریشی لە دوو شەڕی ناوچەی سەقز هێزەکانی بارزانی بەرەو ڕووی سوپای ئێران ببوونەوە و زیانی زۆریان پێگەیاندبوون.

جەنەڕاڵ همایۆن لەوە تێگەیشتبوو ناتوانێ هێرش بکاتە سەر هێزی بارزانی، بۆیە ویستی بە فێڵ سەرۆک بارزانی و هێزەکەی لەناوببات. جەنەڕاڵ همایۆن لە شاری مهابادەوە پەیوەندی بە سەرۆک مەلا مستەفا و شێخ ئەحمەد بارزانی دەکات و بە سەرۆک بارزانی دەڵێت ئێوە جێگایەک دیاربکەن تا یەکتر ببینین، سەرۆک بارزانی بە همایۆن دەڵێت: با لە شاری نەغەدە یەکتر ببینین. جەنەڕاڵ همایۆن دێتە شاری نەغەدە و شێخ ئەحمەدی بارزانی و سەرۆک بارزانیش دێنە ئەو شارە. لەوێ لە ماڵی (قولی خانی قەرەپەباغ) یەکتر دەبینن و هەرسێکییان دەست بە وتووێژ دەکەن. سەرۆک بارزانی بە جەنەڕاڵ همایۆن دەڵێت: ڕێگەمان بدەن تا بەهار لێرەبین، چونکە ئێستا بەفر ڕێگای گرتووە و ناتوانین بگەڕێینەوە شوێنی خۆمان، یان بچینە وڵاتێکی دیکە. کاتێک وەرزی بەهار داهات ئێمە وڵاتی ئێران بە جێدێڵین و دەچینە وڵاتێکی دیکە. هەروەها لەوێ بە جەنەڕاڵ همایۆن دەڵێت، بەڵکو حکومەتی ئێران بتوانێ لەگەڵ باڵیۆزخانەی حکومەتی بەریتانیا لە تاران قسەبکات و قەناعەت بە حکومەتی عێراق بێنن ڕێگەمان بدەن بگەڕێینەوە شوێنی خۆمان و وەکو هەر هاووڵاتییێکی دیکەی عێراق بژین. جەنەڕاڵ همایۆن لە وەڵامدا دەڵێت من وای بەباش

دەزانم مەلا مستەفا بارزانی خۆی سەردانی تاران بکات و لەوێ شا ببینێ و داخوازییەکانی خۆی ئاڕاستە بکات، هەروەها ئەگەر بلوێ خۆشی بچێتە لای باڵیۆزی بەریتانیا لە تاران و داوای لێ بکات قەناعەت بە حکومەتی عێراق بکەن ڕێگەیان لێ نەگرن بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان.

دوای ئەو گفتوگۆیە شێخ ئەحمەدی بارزانی قایل بوو، مەلا مستەفای برا بچووکی بچێتە تاران و خۆی سەردانی حەمە ڕەزاشا بکات. هەر لەوێ وتووێژیان لەبارەی ئەو سەردانە کرد و سەرۆک بارزانی بڕیاری دا بەقسەی شێخ ئەحمەدی بارزانی بکات و خۆی سەردانی تاران بکات.

## چوونی مەلا مستەفای بارزانی بۆ تاران

لە ڕێکەوتی ١٩٤٦/١٢/٢١ مەلا مستەفا بارزانی چووە شاری تاران بۆ وتووێژکردن لەگەڵ حەمە ڕەزاشا. لە گەشتەکەیدا ئەمانە هاوسەفەری بوون (میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی، عیزەت عەبدولعەزیز، محەمەد ئەمین میرخان مێرگەسۆری، جەمیل تۆفیق بامەڕنی، خالید زراری). هەروەها جەنەڕاڵ همایۆن ئەفسەرێکی سوپایان لەگەڵ دەنێرێت کە ناوی عەقید غەفاری بوو، تا لەڕێگادا کەس ڕێگەیان پێ نەگرێت. دەڕۆن تا دەگەنە شاری تاران و لەوێ دەچنە نادی سوپای ئێران و لەوێ بە گەرمی پێشوازییان لێ دەکرێت. هەر لەوکاتەی بارزانی لە تارانە، قازی محەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازی لە شاری مهاباد دەخرێنە زیندانەوە بۆ ترساندنی سەرۆک بارزانی تا تێبگەیەنن لە قسەی حەمە ڕەزاشا دەرنەچێت.

لە تاران سەرۆک مەلا مستەفا چەند جارێک ڕەزاشا دەبینێت و داوای لێدەکات ڕێگە بدەن، تا بەهار لەسەر خاکی ئێران بمێننەوە، چونکە بەفر ڕێگای گرتووە، نە دەتوانن بگەڕێنەوە عێراق و نە بچنە هیچ وڵاتێکی دیکە. میرحاج و عیزەت دەچنە باڵیۆزخانەی بەریتانیا و داوایان لێدەکات

کـە قەناعـەت بـە عێـراق بکـەن ڕێگەیـان پـێ بـدەن بـە ئاشـتی بگەڕێنـەوە ئـەو وڵاتـە، بـەڵام کاربەدەسـتانی باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا پێیـان دەڵێـن ئێمـە لـە ئێرانـەوە ناتوانیـن دەسـت لـە کاروبـاری عێـراق وەربدەیـن و بـا مـەلا مسـتەفا بـارزانی خـۆی بـە کاربەدەسـتانی حکومـەتی عێـراق بڵێـت، بەڵکـو ڕێگەتـان پـێ بـدەن بگەڕێنـەوە. هەروەهـا میرحـاج ئەحمەد ئاکرەیـی و عیـزەت عەبدولعەزیز دەگەڕێنـەوە لای سـەرۆک بـارزانی و پێـی دەڵێـن: لـە ڕۆژنامەیـەک نووسرابـوو کـە ئێـوە لـە تـاران لـە سـێدارە دەدرێـن. سـەرۆک بـارزانی دەڵێـت: **ئـەوە بـۆ مـن شـانازییە کـە لەسـەر پـرسی نەتەوەکـەم لـە سـێدارە بدرێـم.**

حەمـە ڕەزاشـای ئێـران بە سـەرۆک مەلا مسـتەفا بـارزانی دەڵێت: ئەگـەر پێتان خۆشـبێت ئێـوە بـە خـاو و خێزانـەوە دەتوانـن لـە ئێـران بمێننـەوە و دەتاننێرینـە ناوچـەی هەمـەدان و لـەوێ زەوی و زارێکـی زۆرتـان دەدەینـێ و دەتوانـن وەک هـەر هاووڵاتییێکـی دیکەی ئێران خەریکی کشـتوکاڵی خۆتان بـن. بارزانی بۆئەوەی خـۆی لەتـاران ڕزگار بـکات بـە حەمـە ڕەزاشـا دەڵێـت: ئێمـە زۆرمـان پێخۆشـە لە ئێـران بمێنینـەوە لـە هـەر شـوێنێک کـە ئێـوە پێتـان بـاش بێ. سـەرۆک بـارزانی بە حەمـە ڕەزاشـا دەڵێـت با مـن بگەڕێمەوە لای شـێخ ئەحمەدی براگـەورەم و لەوێ چەکـی خۆمـان ڕادەسـتی سـوپای ئێـران دەکەیـن و ئینجـا هـەر شـوێنێک ئێوە لە ئێـران پێتـان باشـە بمانن‌ێرنـە ئـەوێ. حەمە ڕەزاشـا بەسـەرۆک بـارزانی دەڵێت ئێوە لێـرە بمێننـەوە و هـەواڵ بـۆ شـێخ ئەحـمـەدی براگەورەتـان بنێـرن بـا چەکەکانیان ڕادەسـتی سـوپای ئێـران بکـەن و ئینجـا هەمـوو بارزانییـەکان بە مـاڵ و خێزانەوە دەنێرینـە هەمـەدان کە ماڵ و خێزانتان گەیشـتنە هەمەدان، ئێـوەش لێرەوە بڕۆنە لایـان. مـەلا مسـتەفا بارزانی بەر لەوەی سـەردانی تـاران بکات، بە شـێخ ئەحمەدی گوتبـوو، ئـەوا مـن دەڕۆم بـۆ تـاران، بـەڵام ئێـوە لەژێـر هیـچ بارودۆخێکـدا چەک دانەنێـن و بڵێـن تەنیـا مەلا مسـتەفا دەتوانێت فەرمان بە هێزی پێشـمەرگە بکات چـەک دابنێن.

عەقیـد غەفـاری لـە تارانـەوە دەچێتـەوە لای شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی و پێـی دەڵێـت: مـەلا مسـتەفا گوتوویـەتی ئێـوە پێویسـتە هەمووتـان چەکەکانتـان ڕادەسـتی سـوپای ئێـران بکـەن و پاشـان هەمووتـان دەگوازینـەوە ناوچـەی هەمـەدان و لـەوێ زەوی و زارتـان پێدەدرێـت و دەتوانن وەک هـەر هاووڵاتییێکی دیکـەی ئێـران خەریکـی کاری خۆتـان بـن کـە ئێـوەش گەیشـتنە ئـەوێ مـەلا مسـتەفاش دێتـە لاتـان. شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی بـە عەقیـد غەفـاری دەڵێـت مـن پیاوێکـی ئایینیـم و پیـاوی تەریقەتـم و تەنیـا سـۆفیم هـەن و ئەوانیـش چەکـدار نیـن. ئـەو هێزانـەی چەکیـان لەدەسـتە هێـزی مـەلا مسـتەفا بارزانیـن و بەقسـەی مـن چـەک دانانێـن و تەنیـا ئـەو دەتوانـێ فەرمانیـان پێبـکات، چەکەکانیـان ڕادەسـتی ئێـوە بکەنـەوە، بۆیـە دەبـێ مـەلا مسـتەفا خـۆی بێـت ئـەو کارە بـکات. ئەگـەر ئێـوەش نەیەڵـن مـەلا مسـتەفا بگەڕێتـەوە، ئێمـە کێشـەیەکمان نییـە، چونکـە سـوپای بارزانییـەکان پڕیـەتی لـە سـەرکردەی لێهاتـوو کـە دەتوانـن کارەکانی ئـەو هێـزە ڕایـی بکـەن. هەروەهـا مـن و سـۆفییەکانم دەچینـە هـەر جێگایـەک کـە ئێـوە پێتـان خۆشـە، بـەڵام سـۆفیەکانی مـن هیـچ چەکێکیـان پـێ نییـە.

عەقیـد غەفـاری بەبـێ ئومێـدی دەگەڕێتـەوە تـاران و بـە حەمـە ڕەزاشـا دەڵێـت: شـێخ ئەحمـەد بـارزانی پێـی گوتـووە چەکـدارە بارزانییـەکان بەقسـەی ئـەو چـەک دانانێـن و بـا مـەلا مسـتەفا خـۆی بێتـەوە و چـەک لـە هێزەکـەی بکاتـەوە و ڕادەسـتی سـوپای ئێـرانی بـکات. حەمە ڕەزاشـا بـە بـارزانی دەڵێت هەر کاتێـک گەیشـتییەوە لای شـێخ ئەحمـەدی براگـەورەت چـەک لـە هاوڕێکانـت داماڵـە و ڕادەسـتی سـوپای ئێـرانی بکـە و ئەوکاتیـش ئێمـە دەتانگوازینـەوە بـۆ هەمـەدان و سـەرۆک بارزانیـش پێـی دەڵێـت کـە ئـەو کارە دەکات.

## گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی لەتارانەوە بۆ لای جەنەڕاڵ هومایۆن

مەلا مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی لە شاری تاران ڕزگار دەبن و دەگەڕێنەوە لای جەنەڕاڵ هومایۆن لە شاری مهاباد. عەقید غەفاریش بە قسەی حەمە ڕەزاشا لەگەڵ ئەوان دێتەوە و لەگەڵیان دەچێتە لای جەنەڕاڵ هومایۆن. جەنەڕاڵ بە بارزانی دەڵێت کە حەمە ڕەزاشا وای نووسیوە ئێوە دەبێ بگەڕێنەوە لای هەڤاڵە چەکدارەکانتان و چەکیان لێ وەربگرنەوە و ڕادەستی حکومەتی ئێرانی بکەن کە ئەو کارەشتان کرد، ئەوا دەگوازرێنەوە هەمەدان. لەوێ سەرۆک بارزانی بە جەنەڕاڵ هومایۆن دەڵێت: من بۆیە هاتوومەتەوە تا بچمە لای شێخ ئەحمەدی براگەورەم و لەوێ هەموو چەکەکان ڕادەستی سوپای ئێران بکەین.

جەنەڕاڵ هومایۆن بە مەلا مستەفا بارزانی دەڵێت: بڕۆنەوە بۆ شنۆ و با عەقید غەفاریش لەگەڵتان بێت کە چەکەکانتان ڕادەست کرد، ئینجا دەتانگوازینەوە ناوچەی هەمەدان. کاتێک بارزانی دەگاتەوە لای شێخ ئەحمەد لە شاری شنۆ بە عەقید غەفاری دەڵێن، ئێمە وای بەباش دەزانین حکومەتی ئێران هەندێک کەلوپەل و دانەوێڵە بەسەر ئەو خاو و خێزانەدا دابەش بکات، چونکە ماوەیەکە ئازوقەیان پێ نەدراوە. ئەگەر بێت و حکومەتی ئێران ئازوقە بداتە ئەو ماڵ و خێزانە، ئەوکات ئێمەش دەتوانین بە چەکدارەکانمان بڵێین حکومەتی ئێران ڕاستگۆیە لەگەڵمان و درۆمان لەگەڵ ناکات و ئەوانیش چەکەکانیان دادەنێن و ئێمەش ڕادەستی سوپای ئێرانیان دەکەین و دواتر دەتوانن بمانگوێزنەوە بۆ هەمەدان وەک خۆتان پەسەندتان کردووە. عەقید غەفاری ئەم بۆچوونە پەسند دەکات و دەچێتە لای جەنەڕاڵ هومایۆن و پێی دەڵێت: ئەگەر ئێمە کەمێک شەکر و چایە و ڕۆن و دانەوێڵە بدەینە بارزانییەکان، ئەوا زۆر بە ئاسانی دەتوانین چەکیان بکەین. جەنەڕاڵ هومایۆنیش هەمان بۆچوون پەسەند دەکات و بە

شا و حکومەتی ئێران دەڵێت ئەگەر ئەو کارە بکەین، بارزانییەکان بە ئاسانی چەکەکانیان ڕادەست دەکەن.

حکومەتی ئێران بۆچوونەکە پەسنددەکات و ئازوقەی زۆر دەدرێتە خێزانە بارزانییەکان. دوای ئەوە عەقید غەفاری دێتەوە لای مەلا مستەفا بارزانی و شێخ ئەحمەدی براگەورەی و داوای ڕادەستکردنی چەکەکانیان دەکات. سەرۆک بارزانی بە عەقید غەفاری دەڵێت ئێمە ناچینە ناوچەی هەمەدان و چەکەکانیشتان ڕادەست ناکەین، چونکە حکومەتی ئێران درۆمان لەگەڵ دەکات و هەموو کات درۆی لەگەڵ گەلی کورد کردووە. ئێمە دەمانەوێ تا بەهار دێت لێرە بمێنینەوە و دوای بەهار هەر چۆنێک بێت ئێرە چۆڵ دەکەین. عەقید غەفاری دەگەڕێتەوە لای جەنەڕاڵ هومایۆن و قسەکانی سەرۆک بارزانی بۆ دەگێڕێتەوە.

### ڕووداوی گوندی سیلوە

کاتێک کۆماری ئازەربایجان لە تەورێز و کۆماری کوردستان لە مهاباد ڕووخان، عەشیرەتە کورد و ئازەرییەکانی ئەو ناوچانە خۆیان لە سوپای ئێران و کاربەدەستانی ئێران نزیککردەوە بۆ وەرگرتنی چەک و پارە. ئەو عەشیرەتە کوردانەی لە ژێرەوە پەیوەندییان بە حکومەتی ئێران کرد (مامش و پیرانی و مەنگوڕ) بوون و چەکیان لە حکومەتی ئێران وەرگرت، بۆ ئەوەی شانبەشانی سوپای ئێران هێرش بکەنە سەر بارزانییەکان، تا لەناویان ببەن.

سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی هێزێکی چەکدار دەنێرێتە لای ئەو عەشیرەتانە تا پێیان بڵێن چەک لە حکومەت و سوپای ئێران وەرمەگرن، با کورد کورد نەکوژێت کە بەهار هات ئێمە کوردستانی ئێران بەجێدێڵین، یان دەگەڕێینەوە کوردستانی عێراق، یان دەچینە وڵاتێکی دیکە. من لەگەڵ ئەو هێزە بووم کە چووینە ناو عەشیرەتەکانی مامش و پیران و مەنگوڕ. هەروەها

عەریف عەبدولڕەحمان خۆشناومان لەگەڵ بوو کە بەیەکەوە چووینە چەند گوندێک. هێزێکی ئێمە چووبوونە گوندی (سیلوە) و لەوێ بە سەرۆک عەشیرەتەکان دەڵێن سەرۆکی ئێمە مەلا مستەفا بارزانی ئێمەی ناردووە، پێتان بڵێین چەک لە دژی ئێمە وەرمەگرن، با ئێمە بۆ دوژمنی خۆمان یەکتر نەکوژین، چونکە ئێمە هەموومان کوردین و ئەوەشتان پێ دەڵێن کە وەرزی بەهار داهات ئێمە ئەو خاکە بەجێدێڵین. ئاغایەکی مامش بە دەمانچەکەی دەست دەکات بە تەقەکردن و جوێن بە بارزانییەکان دەدات.

لە ئەنجامی ئەو دەمەقاڵێیەدا لە ڕێکەوتی ١٩٤٧/٢/٢٣ شەڕ ڕوودەدات و ١٢ کەس لە ئاغاکانی مامش و مەنگوڕ دەکوژرێن و ٢ بارزانیش کە (محەمەد میرزا کەکشار و باقی کانیبۆتی) شەهید دەبن، (حالی کەلۆکی و دەروێش خانۆ شێخ عومەر بێدۆدی) بریندار دەبن.

دوایین دانوستان لەنێوان مەلا مستەفا و شێخ ئەحمەدی بارزانی و جەنەڕاڵ همایۆن

دوای ناردنی ئازوقە و ڕازی نەبوونی مەلا مستەفا بەوەی نە چەک دابنێ و نە بیانگوازنەوە بۆ ناوچەی هەمەدان، جەنەڕاڵ همایۆن بڕیار دەدات چاوی بە سەرۆک بارزانی و شێخ ئەحمەدی بارزانی بکەوێت.

بڕیاردرا سەرۆک بارزانی و شێخ ئەحمەد بارزانی و جەنەڕاڵ همایۆن لە شاری نەغەدە لەماڵی قولی خانی قەرەپەپاغ یەکتر ببینن. جەنەڕاڵ همایۆن دەڵێت شای ئێران سێ ڕێگای لەبەردەم ئێوە داناوە و دەتوانن یەکێکییان هەڵبژێرن:

- دەسبەجێ وڵاتی ئێران جێبهێڵن و بگەڕێنەوە عێراق، یان بڕۆن بۆ وڵاتێکی دیکە.
- چەک فڕێدەن و بە خاو و خێزانەوە بڕۆنە ناوچەی هەمەدان و حکومەتی ئێران زەویتان پێدەدات و وەکو خەڵکی خەریکی کشتوکاڵ بن.

- ئەگەر ئەو دوو خاڵەی سەرەوە یەکیان هەڵنەبژێرن ئامادەبن بۆ هێرشی سوپای ئێران.

شێخ ئەحمەدی بارزانی بە جەنەڕاڵ هومایۆن دەڵێت: ئێمە دەگەڕێینەوە وڵاتی خۆمان، بەڵام ئێستا بەفر ڕێگاکانی گرتووە و ناتوانین بجوڵێین کە بەهار هات ئێرە جێدێڵین، یان دەگەڕێینەوە عێراق یان دەچینە وڵاتێکی دیکە. بۆ ڕێگای دووەمتان، ئێمە ئامادەنین چەکی خۆمان فڕێبدەین و ناشچینە هەمەدان، چونکە ئێوە ڕاست نین لەگەڵمان و بڕواتان پێ ناکەین. وەڵامی ڕێگای سێیەمیشتان ئەوەیە ئەگەر ئێوە هێرش بکەنە سەرمان، ئێمەش بە هەموو توانایەکمان بەرگری لەخۆمان و لە منداڵ و خێزانمان دەکەین.

جەنەڕاڵ هومایۆن گەڕایەوە شاری مهاباد بەبێ ئەوەی هیچی دەستکەوێ و شێخ ئەحمەدی بارزانی و سەرۆک بارزانیش گەڕانەوە شاری شنۆ. سەرۆک بارزانی لەگەڵ سەرکردەی هێزەکانی کۆبووەوە، تا سەنگەرەکانی قایم بکەن و بەرەکانی شەڕ بگرن و ئامادەبن بۆ هەر هێرشێک کە سوپای ئێران بکاتە سەریان و بەرەکان بەمشێوەیە دابەشکران:

- بەرەی مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ لە ناوچەی پارێزگای ورمێ بە سەرۆکایەتی ئەسعەد خۆشەوی سێلکی و محەمەدئەمین میرخان مێرگەسۆری و شێخۆمەر شانەدەری.

- بەرەی نێوان شاری شنۆ و شاری خانێ بە سەرۆکایەتی ساڵح عەلی کانیەلنجی و عەلی خەلیل سێلکی و کەکو مەلا عەلی.

- بەرەی نێوان شاری شنۆ و شاری نەغەدە بە سەرۆکایەتی سلێمان حەسەن کەکشار و سوڵتان میرخان ئاغا و مەحموود میر.

- بەرەی عەلبە کورێ بە سەرکردایەتی عارس خانۆ بێداروونی و مەحموود ئەحمەد بابەکر. هەروەها هێزێکی تایبەتیش لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی دەمێننەوە، بۆئەوەی لەکاتی پێویست یارمەتی بەرەکانی شەڕ بدەن.

## سەرۆک بارزانی ڕێگای سومایێ بەسەر دەکاتەوە

باش کۆبوونەوە لەگەڵ جەنەڕاڵ هومایۆن، مەلا مستەفا بارزانی کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی لەگەڵ سەرکردەی هێزەکان کرد و ئەرکەکانی دابەشکرد. پاشان سەرۆک بارزانی لەگەڵ هێزی تایبەتی خۆی بەرەو شاری ورمێ بەڕێکەوت، تا بە چاوی خۆی ڕێگای سۆمایێ ببینێ، داخۆ دەتوانن بەخاو و خێزانەوە بەرەو یەکێتی سۆڤیەت پێیدا تێپەڕن. لەوێدا سەرۆک بارزانی دەچێتە ماڵی نوری بەگی بەگزادە و لەگەڵ هەندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردستانی ئێران کۆدەبێتەوە، لەوانە: عەشیرەتی بەگزادە، هەرکی، شکاک، جەلالییەکان و عەشایری دیکەش. لەوێ بەو سەرۆک عەشیرەتانە دەڵێت: ئێمە ئەگەر نەتوانین بچینەوە کوردستانی عێراق، ئەوا بە نیازین بە ماڵ و منداڵەوە بچینە یەکێتی سۆڤیەت، بۆیە من هاتووم داواتان لێبکەم یارمەتیمان بدەن، تا ئەو کارە بکەین، ئەگەر نا ئەگەر ئێوە ڕازی بن لە ناوچەی ماکۆ دەست بە شۆڕشێکی دیکە دەکەینەوە و هەموو کورد لەدەوری یەک کۆدەبینەوە و بەڵکو یەکێتی سۆڤیەتیش یارمەتیمان بدا. ئەو کۆبوونەوەیە کە لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٤٧ بەسترا، هەموو ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی بەشداریبوون، بەڵێنی پاڵپشتی و هاوکاریان بۆ سەرۆک بارزانی دووپاتکردەوە.

## شەڕی خوێناوی گوندی (نەلوس)

بەرەی شەڕی نێوان شاری شنۆ و خانێ بە سەرکردایەتی ساڵح عەلی کانیەلنجی و عەلی خەلیل خۆشەوی سێلکی و کەکۆ مەلا عەلی گیرابوو. منیش لەگەڵ هێزی ساڵح عەلی کانیەلنجی بووم. لە ڕێکەوتی ١٩٤٧/٣/١٤ سوپای ئێران بە هاوکاری جاشەکانی عەشیرەتەکانی مامش و پیران و مەنگوڕ لە سەربازگەی گوندی سوفیانەوە لە ناوچەی شاری خانێوە هێرش بەرەو

شاری شنۆ دێنن، بۆئەوەی لەوێ بارزانییەکان ئابڵوقە بدەن و بەیەکجاری لەناویان ببەن. بارزانییەکان هەرهەموویان دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد بە فەرمانی سەرۆک بارزانی لە شاری شنۆ کۆببوونەوە. لەوکاتەدا شارەکانی مهاباد و نەغەدە و شنۆ و خانێ و ورمێ هەرهەموویان کەوتبوونە بن دەستی حکومەتی ئێران و سوپای ئێران هەوڵی دەدا لە ناوچەی خانێوە سنووری عێراق بگرێت و بارزانییەکان بە ماڵ و منداڵەوە ئابڵۆقە بدا، تا نەتوانن خۆیان ڕزگار بکەن و بگەڕێنەوە کوردستانی عێراق.

هێزەکەی عەلی خەلیل خۆشەوی و کەکۆ مەلا عەلی ڕێ لە سوپای ئێرانی و جاشە کوردەکان دەگرن و شەڕێکی سەخت و خوێناوی دەستپێدەکات. ساڵح عەلی کانیەلنجی بانگی منی کرد و گوتی: تۆ و غەزالی ئیبراهیم چەمی لێرەبن لەسەر ئەم گردە و با ڕەشاشەکەشتان لابێ. ئێمە دەچین یارمەتی هێزەکەی عەلی خەلیل خۆشەوی و کەکۆ مەلا عەلی دەدەین، چونکە لەوێ شەڕە. ئەگەر سوپای ئێران ویستی لێرەوە لە ڕووباری گادەر بپەڕێتەوە، زوو ئاگادارمان بکەنەوە و نەهێڵن هێزی ئێران بەرەو شاری شنۆ بڕوات.

لە سەرەتادا سوپای ئێران ئەو گوندانەی تۆپباران کرد کە بارزانییەکانی لێ بوون، پاش شەڕێکی قورس سوپای ئێران و جاشەکانی تێکشکان و بەناچاری گەڕانەوە سەربازگەی خۆیان لە گوندی سوفیان کە دەکەوێتە ناوچەی خانێ، هێزی ئێمە بەدوایاندا چوون تا ئەو ناوچەیە. هەندێک لە هێزی سوپای ئێران لەگەڵ تۆپەکانیان مابوونەوە و ئەوان چوونە گوندی نەلوسێ و لەوێوە دەستیان بە بۆردومانی گوندەکان کردەوە، بەڵام کە زانیان هێزەکانی دیکەیان شکاون، گەڕانەوە لای سەربازگەکەیان و تۆپەکانیان بارکرد تا بگەڕێنەوە لای خانێ. من بە غەزالی ئیبراهی چەمیم گوت با ڕێ لەو هێزە بگرین و نەهێڵین تێبپەڕن و ئابڵۆقەیان بدەین. من چوومە ئەو گوندەی لێبیووین و داوام لە هاونیشتیمانییەک کرد ڕەشاشەکەمان بۆ

هەڵبگرێت. ئێمە لە ڕووباری گادەر پەڕینەوە، لەکاتی پەڕینەوە من کەوتمە ناو ڕووبارەکە و جلوبەرگم هەموو تەڕبوو و زۆریش سەرما بوو.

هێزەکەی ئێمە نەیاندەزانی ئەو هێزەی سوپای ئێران لەگەڵ تۆپەکانیان لەپشتەوە بەجێماون. من و خەلیل ئیبراهیمی گەیشتینە گوندی (دیگورجی) و لەوێ ئەحمەد مستەفا کانیەلنجی لەگەڵ دوو برادەری دیکە گەیشتنە لای ئێمە، بووین بە پێنج کەس و چووینە گردەکانی دەوروبەری گوندی نەلوسێ، لەوێ ڕێگامان لە دوژمن گرت و تەقەمان لەو هێزە کرد کە لەگەڵ تۆپەکان بوو. ئەوانیش تۆپەکانیان دانا و بەرگرییان لەخۆیان کرد. ئێوارەیەکی درەنگ ئەو هێزەی دوای سوپای دوژمن کەوتبوون تا نزیک خانێ، گەیشتنە لامان. من بە ساڵح عەلی کانیەلنجیم گوت ئەو هێزەی سوپای دوژمنمان گەمارۆ داوە و لەخوارەوەی ئەم گردەن. هێزی ئێمە ویستیان بە شەو هێرش بکەنە سەر دوژمن، بەڵام ساڵح عەلی کانیەلنجی گوتی ئەگەر بەشەو هێرش بکەین ئەگەری ئەوە هەیە زیانی زۆرمان بەربکەوێت، هەروەها شەویش زۆر سارده و ناتوانین بە شەو لێرە بمێنینەوە، بەڵام دوژمنیش بەو شەوە ئێرە بەجێ ناهێڵێ، چونکە وا دەزانن ڕێگایان لێگیراوە. بڕیارماندا شەو بچینە ئەو گوندانەی دەوروبەر و بەرەبەیان کاتژمێر سێ دەچینەوە سەنگەرەکانی خۆمان و هێرش دەکەینە سەریان. ئێمە کە هێزی ساڵح کانیەلنجی بووین شەو چووینە گوندی دیگورجی لە نزیک گوندی نەلوس و عەلی خەلیل و کەکو مەلاعەلی لەگەڵ هێزی خۆیان چوون بۆ گوندێکی نزیک گوندی نەلوس. بڕیارمان کاتژمێر سێ بوو کە لە سەنگەرەکانمان یەکتر ببینینەوە.

لە ڕێکەوتی ١٩٤٧/٣/١٤ ئێمە گەڕاینەوە سەنگەرەکانی خۆمان و لەو گوندانەی شەو لێیان ماینەوە هەندێک خاکەناس و تەورمان لەگەڵ خۆمان هێنابوو بۆ سەنگەر لێدان، چونکە ئەو گردانە گردی ڕووت بوون و

نـەدار و نـە بـەردی گەورەیـان لێنەبـوو. مـن و ئەحمـەد مسـتەفا کانیەلنجـی و غەزالـی ئیبراهیـم چەمـی لەگـەڵ دوو بـرادەری دیکـە سـەنگەرێکمان لـە نزیـک دووژمـن هەڵکەنـد. هەروەهـا سـاڵح عـەلی لەگـەڵ پێنـج پێشـمەرگەی دیکـە سـەنگەرێکیان هەڵکەنـد. سـاڵح عـەلی بـە عـەلی خەلیـل و کەکـو مـەلا عـەلی گـوت دەبێـت یەکەمجـار لـە لای ئێمـەوە تەقـە لـە دوژمـن بکرێـت. سـاڵح عـەلی گوتـی بەیـانی زوو سـەرکردەی ئـەم هێـزە لەنـاو سـوپاکەی دەگەڕێـت، تـا پـلانی ئـەوە دابنێـن چـۆن شـەڕ بکـەن و خۆیـان لێـرە ڕزگاربکـەن، بەڵکـو ئێمـە بتوانیـن ئـەو سـەرکردەیەیان بکوژیـن. بەیـانی کاتژمێر هەشـتی ڕۆژی ١٩٤٧/٣/١٥ ئەفسـەری سـوپاکە دەسـتی بەگـەڕان کـرد لەنـاو سـەربازەکانی و لـە ئێمـە نزیـک کەوتـەوە و ئێمـەش لـە هـەردوو لا بـە یەکـەوە دەسـتمان بـە تەقـە کـرد و لێـمان دا و ئـەو کەوتـە سـەر زەوی. یەکێـک لـە سـەنگەرەکانمان زۆر لـە دوژمـن نزیـک بـوو، بۆیـە دوژمـن دەسـتی بـە تۆپبـاران کـرد و بـە ڕەشاشـیش تەقەیـان لـە ئێمـە کـرد. دوژمـن تۆپـی یەکەمـی ١٠ مەتـر لەخـوارەوەی سـەنگەرەکەی ئێمـە دا، تۆپـی دووەمـی هەشـت مەترێـک سـەری کـرد، تۆپـی سـێیەمی هەشـت مەترێـک لـە دەستەڕاسـتی سـەنگەرەکەمان دا و تۆپـی چوارەمیـش لـە دەسـتە چـەپ. ئەحمـەد مسـتەفا کانیەلنجـی گوتـی خێراکـەن سـەنگەرەکەتان بەجێبێڵـن، ئـەو گوتـی تۆپـی پێنجەمیـان بـەر سـەنگەرەکە دەکەوێـت، کەچـی تۆپـی پێنجەمیـش سـەری کـرد و لـە پشـت ئێمـەی دا و برادەرێکـمان بە سـووکی برینـدار بـوو. ئێمـە سـەنگەرەکەی خۆمـان بـەردا، مـن چـووم بـە سـاڵح عـەلی کانیەلنجیـم گـوت ئێمـە سـەنگەری خۆمـان چۆلکـرد و ئێـوەش وەرنـە لای ئێمـە. دواتـر میرحـاج ئەحمـەد ئاکرەیـی ئـاگاداری ئێمـەی کـردەوە کەمێـک لـە دوژمـن دوور بکەوینـەوە و ئـەوان لـە گـردەکانی لای شـاری شنۆوە بـە تـۆپ لـە دوژمـن دەدەن. ئێمـە کەمێـک کشـاینەوە تـا میرحـاج دوژمـن تۆپبـاران بـکات، ئـەو تۆپچییەکـی لەگـەڵ بـوو نـاوی تەفریشـان بـوو، تەفریشـان ئەفسـەرێکی کۆماری

ئازەربایجانی ئێران بوو. ئەو پێشتر پەیوەندی بە کۆماری ئازەربایجانەوە کردبوو و تۆپچییەکی باش بوو. میرحاج و تەفریشان دەستیان بە تۆپبارانی دوژمن کرد، ئێمەش جاربەجار دەچووین تەقەمان دەکرد تا بزانن ئێمە پشتمان لێیان گرتووە. جارێک ساڵح عەلی کانیەلنجی بە منی گوت بڕۆ دەسترێژێک لە دوژمن بکە و وەرەوە لامان. من چووم، بەڵام لە پڕ دوژمن هێرشی بۆ ئێمە هێنا. من بانگی ساڵح عەلی و پێشمەرگەکانی دیکەم کرد کە بگەنە لای من، ئەوان هاتن و ئێمە لە هەموو لایەک تەقەمان لە دوژمن کرد و دەنگماندان تا چەکەکانیان فڕە بدەن و هەموویان چەکیان فڕێداو خۆیان ڕادەستکرد و بەدیل گیران.

لە ڕێکەوتی ١٩٤٧/٣/١٥ پێنج ئەفسەری سوپای ئێرانی لەگەڵ ١٥٠ سەرباز بەدیل گیران و ڕائید کلاسی کە سەرکردەی هێزەکەی دوژمن بوو، لەگەڵ ئەفسەرێکی دیکە کوژران. ئەو ئەفسەرانەی سوپای ئێران کە ئێمە دیلمان کردن ئەمانە بوون: (نەقیب خودا دوست، ملازم کەمال، ملازم فاتمی، ملازم بیسیریت). زیانی هێزی پێشمەرگە لەم شەڕەدا شەش شەهیدبوون کە ئەمە ناوەکانیانە: (شەهید سلێمان ژاژوکی، شەهید ئیبراهیم مەلا حەمید بنەبیەیی، شەهید ساڵح مستەفا بنەبیەیی، شەهید ئیبراهیم ناوخۆش سەفتی، شەهید حالی بایزدین کانی بوتی، شەهید عومەر ئەحمەد وەسمان بارزانی). چەند بریندارێکیش هەبوون کە برینەکانیان سووک بوون.

دەسکەوتی پێشمەرگە لەم شەڕەدا ٣ تۆپ و ٢٠ ڕەشاش و ١٥٠ تفەنگی برنۆ بوو. هەروەها ٢٠ ئەسپ و هێستر و ٤٠ سندوقی فیشەک لەگەڵ گولەتۆپێکی زۆر. دواتر میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی و تەفریشیان لە گوندی نەلوسێ گەیشتنە لامان و دیلەکانیان لەگەل خۆیان برد بۆ شاری شنۆ. لەم شەڕەدا من تفەنگێکی برنەوم بۆ خۆم هەڵبژارد و ئەسپێکیشم بۆ خۆم دیارکرد. ساڵح عەلی و عەلی خەلیل و کەکۆ مەلا عەلی زۆر سوپاسی من و

غەزالی ئیبراهیم چەمیان کرد کە ڕێگەمان نەدا هێزی دوژمن ڕزگار بێت.

شەڕی نێوان هەردوو گوندی نەلوسێ و سوفیان

دوای شەڕی گوندی نەلوسێ، لە ڕێکەوتی ١٩٤٧/٣/١٦ سوپای ئێران لە سەربازگەی گوندی سوفیانەوە هێرشی کردەوە سەر ناوچەکانی شنۆ، تا ئەو هێزە ڕزگار بکەن کە ئێمە ئابڵۆقەمان دابوون، چونکە سوپای ئێران نەیدەزانی هێزە ئابڵۆقەدراوە، ئەوەی کوژرا کوژرا و ئەوەی دیکەش هەمووی بەدیل گیراوە. سوپای دوژمن هێرشی هێنا، بەڵام ئێمە ڕێگەی نێوان هەردوو گوندی نەلوس و سوفیانمان گرتبوو. دوای دوو کاتژمێر شەڕ و ڕووبوونەوە سوپای ئێران شکا و گەڕایەوە سەربازگەی گوندی سوفیان لە ناوچەی خانێ. لەم شەڕەدا ئێمە هیچ زیانێکمان پێنەگەیشت، بەڵام زانیاریمان وەرگرت کە دوژمن زیانی زۆری بەرکەوتووە.

لە شەوی ١٦ لەسەر ١٩٤٧/٣/١٧ میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی و تەفریشیان دوو تۆپیان هێنا بۆ تۆپبارانکردنی سەربازگەکەی گوندی سوفیان و لە گردەکانی پشتەوەی گوند دەستیان بە تۆپبارانکردنی سەربازگەکەی ئێران کرد و ئاگرێکی زۆر لە سەربازگەکە بڵندبوو و دواتر بیستمان دوژمن کوشتارێکی زۆری هەبوو. ئێمە نەماندەتوانی هێرش بکەینە سەر سەربازگەی دوژمن، چونکە ژمارەمان زۆر کەم بوو و ژمارەی ئەوانیش ئێجگار زۆر بوو.

## شەڕی گوندی (گۆجار) لە ناوچەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ لە پارێزگای ورمێ

دوای ئەوەی سەرۆک بارزانی بە مەبەستی بەسەرکردنەوەی ڕێگای سومای چووە ناوچەی ورمێ و دوای ئەو بەڵێنەی سەرۆک عەشیرەتەکان پێیاندا. لەکاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکان لەماڵی نوری بەگی بەگزادە لە گوندی ئەنبێ، سەرۆک جاشێک کە ناوی (هوبرگو) بوو

زانیبـووی کـە سـەرۆک بـارزانی لەوێیـە، بۆیـە یەکسـەر چووبـوو بـۆ شـاری ورمـێ بـۆ لای جەنـەڕاڵ هومایـۆن و هەواڵـی ئـەوەی پێدابـوو کـە مـەلا مستەفا بارزانی لـە ناوچـەی ورمێـە و تـەواوی زانیارییـەکانی پـێ دەدات. دوای پێگەیشـتنی ئـەو هەواڵـە هێزێکـی زۆری سـوپای ئێـران بـە سـەرکردایەتی جەنـەڕاڵ هومایـۆن لـە شـەوی ١٣ لەسـەر ١٩٤٧/٣/١٤ بارزانییـەکان گەمـارۆ دەدەن و ئەوانیـش نازانـن کـە لـە لایـەن سـوپای ئێـران و جاشـەکانی هوبرکـو گەمـارۆ دراون. لـە بەیـانی ڕێکەوتـی ١٩٤٧/٣/١٤ بارزانییـەکان دەزانـن گەمـارۆ دراون. ئینجـا هەموویـان لـە گوندەکـە دەردەچـن و نـاوی خـوای لێدێنـن و هێـرش دەکەنـە سـەر دوژمـن. دوای شــەڕێکی خوێنــاوی هێــزی ســوپای دوژمــن دەشــکێت و کوشــتارێکی زۆریـان لـێ دەکرێـت.

**شەڕی نزیک گوندی قەڵاتوکان**

لـە دوای هەرسـێ شـەڕی خوێنـاوی گونـدی نەلـوس و گونـدی سـوفیان و گونـدی گۆجـار، سـوپای ئێـران نیـازی وابـوو ئەمجـارە تـەواوی خـاو و خێـزان و هێـزی چەکـدارە بارزانییـەکان گەمـارۆ بـدات. لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٧/٣/١٨ سـوپای ئێـران دووبـارە ئامادەکرایـەوە، تـا هێـرش بکاتـە سـەر شـاری شـنۆ. سـوپای دوژمــن هێــرشی هێنــا و پێشــمەرگەکانی ســەرۆک بارزانیــش ســوێندیان بــۆی خواردبـوو کـە بـە هەمـوو شـێوەیەک بەرگـری بکـەن و دوژمـن تێکبشـکێنن. شــەڕ لەنێــوان بارزانییــەکان و ســوپای ئێــران و جــاشی کــورد و ئــازەری دەسـتپێکرد. شـەڕی هـەرە گـەورە لـە نزیـک گونـدی قەڵاتـوکان بـوو. هێـزی دوژمـن لـە دوو لاوە هێرشـیان هێنـا. هێزێـک لـە سـەربازگەی گونـدی سـوفیان لـە ناوچـەی خانـێ و هێزەکـەی دیکـەش لـە ناوچـەی نەغـەدەوە بـەرەو شـاری شـنۆ دێـن، چونکـە وەک دەزانیـن هەمـوو خێـزانی بارزانییـەکان لـە شـاری شـنۆ بـوون. دوای چەنـد کاتژمێرێـک شـەڕ سـوپای ئێـران و جاشـەکان زۆر بـە خراپـی

دەشکێن و بەرەو خانێ و نەغەدە دەگەڕێنەوە و کوشتارێکی زۆر لە دوژمن دەکرێت. بەداخەوە لەو ڕۆژەدا بەهۆی تۆپبارانی هێزەکانی ئێران، ژن و منداڵ و بەساڵاچوێك شەهید دەبن، بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان کردبێ. زیانی پێشمەرگەکانی بارزانی لەم شەڕەدا ٥ شەهید و ٣ برینداربوون، ناوی شەهیدەکان ئەمانە بوون: (شەهید سوڵتان مەرعان بێرسیاقی، شەهید سلێمان عومەر بێرسیاقی، شەهید سلێمان فەقێ دریشکی، شەهید حەسەن سلێمان شێخسیدەیی، شەهید ئەحمەد عوسمان ئیسقەیلی) و بریندارەکانیش ئەمانە بوون: (غەزالی میرخان ژاژوکی، سلێمان دینۆ، ئەحمەد موسا مێرگەسۆری).

## گواستنەوەی ماڵ و خێزانی بارزانییەکان بۆ دەوروبەری ڕووباری گادەر

لە دوای شەڕی خوێناوی ڕێکەوتی ١٩٤٧/٣/١٨ شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا بارزانی بڕیاریاندا کە خاو و خێزانی خۆیان لە شاری شنۆ و گوندەکانی دەوروپشتی بگوازنەوە بۆ ناو ئەو دۆڵ و ئەشکەوتانەی لەو چیایانە هەبوون کە دەکەوتنە سەر سنووری کوردستانی ئێران و عێراق لە دەوروپشتی ڕووباری گادەر لە ژێر ئەو سەرما و بەفر و بارانە. ماڵ و منداڵی بارزانییەکان کە چوونە ناو ئەشکەوتەکان هیچ خواردنێکیان نەما بیخۆن و هاووڵاتیانی کوردیش لە ترسی سوپای ئێران نەدەوێران خواردنیان پێ بدەن.

## شەڕی گوندی (قارنە) لەسەر ڕێگای گشتی نێوان خانێ و نەغەدە

کاروانێکی سوپای ئێران لە شاری خانێوە بەرەو شاری نەغەدە دەڕوات. لەوێدا سلێمان بەگی دەرگەڵەیی لەگەڵ ئەو هێزەی لەگەڵدا بوو، ڕێگا لە کاروانی سوپای ئێران دەگرێت و لە هەموو لایێکەوە هێرش دەکەنە سەر سوپای ئێران. شەڕ لە نزیک گوندی (قارنە) دەستیپێکرد. لە ئەنجامدا ٥٠

سـەرباز و ئەفسـەری ئێـرانی دەکوژێـن و ٤٠ کەسیشـیان لـێ بەدیـل دەگیـرێ. هێزەکـەی سـلێمان بـەگ لـەم شـەڕەدا هیـچ زیانێکـی نەبـوو و ئـەو سـەربازانەی بەدیلیشـیان گرتبـوون ناردنیانـە شـاری شـنۆ.

## جەنـەڕاڵ هومایـۆن سـەردانی حاجـی ئۆمـەرانی سـنووری عێـراق و ئێـران دەکات

دوای ئـەو هەمـوو شـەڕەی نێـوان هێـزەکانی بـارزانی و سـوپای ئێـران، سـوپای ئێـران زیانێکـی زۆری بەردەکەوێـت، بۆیـە جەنـەڕاڵ هومایـۆن بـە قسـەی ڕەزاشـا دەچێتـە حاجـی ئۆمـەران، تـا لـەوێ وتووێـژ لەگـەڵ کاربەدەسـتانی حکومـەتی عێـراق بـکات، بۆئـەوەی قەناعـەت بـە حکومـەتی عێـراق و تورکیـا بـکات هەرسـێکیان بەیەکـەوە لـە بارزانییـەکان بـدەن و بـە یەکجـاری لەناویـان ببـەن، چونکـە بوونەتـە کێشـە بـۆ حکومـەتی ئێـران و عێـراق و تورکیـا.

لـە حاجـی ئۆمـەران سـەرۆکی پۆلیـسی عێـراق عـەلی حیجـازی دێتـە لای جەنـەڕاڵ هومایـۆن و لـەوێ بەیەکـەوە بڕیـار دەدەن کـە سـوپای عێـراق و ئێـران و تورکیـا لـە یەککاتـدا هێـرش بکەنـە سـەر بارزانییـەکان و لەناویـان ببـەن. حکومـەتی ئێـران لەبـارەی هەمـان پـرس لەگـەڵ تورکیـا ڕێککەوتبـوو. کاتێـک جەنـەڕاڵ هومایـۆن لـە حاجـی ئۆمەرانـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئێـران، بڕیـار دەدرێـت کـە سـوپای ئێـران بـە تـۆپ و فڕۆکـە بۆمبـارانی مـاڵ و خێـزان و هێـزی بارزانییـەکان بـکات و سـوپای ئێـران و جـاشی ئێرانیـش هێـرش بکـەن، لەبەرانبـەردا سـەرۆک بـارزانی بـە تونـدی کاربەدەسـتانی سـوپای ئێـران لـەوە ئـاگادار دەکاتـەوە ئەگـەر بێـت و خـاو و خێـزانی بارزانییـەکان بۆمبـاران بکرێـن، ئـەوا ئەوانیـش هەمـوو ئـەو دیلانـە دەکـوژن کـە لـە شـەڕەکان بـە دیلیـان گرتـوون. پـاش ئـەم ئاگاداركردنەوەیـە کاربەدەسـتانی ئێـران بڕیـاری ڕاگرتنـی بۆمبـارانی بارزانییـەکان دەدەن.

## شـەڕی بەرزایـی چیـای هەڤـرس و هەلـەج لەسـەر سـنووری کوردسـتانی عێـراق و ئێـران

سـوپای ئێـران بـە هـاوکاری جـاشی کـوردی ئێـران کـە جـاشی سـەر بـە عەشـیرەتی مامـش و پیـران و مەنگـوڕ بـوون و جـاشی ئـازەری ئێـران هێرشـیان هێنـا بـۆ گرتنـی بەرزایـی چیـای هەڤـرس و هەلـەج تـا سـنووری نێـوان عێـراق و ئێـران بگـرن و نەهێڵـن بارزانییـەکان بگەڕێنـەوە عێـراق و ناچاریـان بکـەن لـەو دەشـت و کێـو و دۆڵاییانـەی چیـای سـەر سـنوور بسـوڕێنەوە. هێـزی محەمـەد ئەمیـن میرخـان مێرگەسـۆری و شـێخۆمەری شـانەدەر ڕێگایـان لـە دوژمـن گـرت و دوای تۆپبـاران و بۆمبـاران بـە فڕۆکـەی هێـزەکانی ئێـران توانیـان بەرزاییـەکانی هەڤـرس و هەلـەج بگـرن.

سـەرکەوتنی سـوپا و جـاشی ئێـران زۆر ناخایێنـێ و ڕۆژێـک دوای گرتنـی چیـای هەڤـرس و هەلـەج لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٧/٣/٢٦ محەمـەد ئەمیـن مێرگەسـۆری و شـێخۆمەر شـانەدەری لەگـەڵ هێزەکانیـان هێـرش دەکەنـەوە سـەر هـەردوو شـوێن و دوای شـەڕێکی سـەخت و خوێنـاوی دەتوانـن هـەردوو چیـا ڕزگار بکـەن و زیـانی زۆریـش بـە دوژمـن بگەیەنـن. هەروەهـا توانیـان مـلازم جیهانیـانی کـوڕی جەنـەڕاڵ جیهانیـان بەدیـل بگـرن. جەنـەڕاڵ جیهانیـان بـە ڕەزاشـا دەڵێـت، بـا تۆپبـاران و بۆمبـاران ڕابگریـن، تـا بارزانییـەکان دیلـەکان نەکـوژن، بۆیـە بـە قسـەی جەنـەڕاڵ جیهانیـان بۆمبارانەکـە ڕاگیـرا. هێـزەکانی ئێـران دەشـکێن و دەگەڕێنـەوە ناوچـەی زێـوە لـە پارێـزگای ورمـێ. پاشـان لـە شـەودا بارزانییـەکان تۆپبـارانی سـەربازگەی ئێرانیـان کـرد و زیاتـر لـە ٥٠ سـەرباز و ئەفسـەری سـوپا کـوژران.

زیـانی بارزانییـەکان لـە شـەوەی ٢٥ لەسـەر ١٩٤٧/٣/٢٦ لـە چیـای هەڤـرس و هەلـەج ٧ شـەهید و ٥ برینداربـوون، نـاوی شـەهیدەکان ئەمانـە بـوون: (شـەهید ئەحمـەد کـەکال بێرسـیاقی، شـەهید عەبـدوڵا شـەقڵاوەیی، شـەهید

شـەوکەت نەعـمان ئەفەنـدی، شـەهید جـوج، شـەهید میرخـان دۆری، شـەهید خەلیـل ئاکرەیـی، شـەهید حەمـۆ ڕێزانەیـی). نـاوی بریندارەکانیـش (عومـەر ئاغـای خەلانەیـی، شـێخۆمەر شـانەدەری کـە سـەرکردەی هێزێکـی پێشـمەرگە بـوو، خـدر ڕەمـو، میـر سـوڵتان، جنـدی بـەگ).

دووبـارە سـوپای ئێـران لەهەمـان بـەرەی ناوچـەی زێوە خـۆی ئامادەکـردەوە. لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٧/٤/٣ بـۆ گرتنـی سـنووری ئێـران لەگـەڵ عێـراق و گەمارۆدانی بارزانییـەکان هێرشـیان کـرد. ئەمجارەیـان سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی خـۆی بەشـداری شـەڕەکەی کـرد و لـەو شـەڕەدا سـەرۆک برینداربـوو. دوای بریندارب‌وونی سـەرۆک بـارزانی، محەمـەد خالیـد بـارزانی کـوڕی شـێخ ئەحمـەد بـارزانی سـەرکردایەتی هێـزی پێشـمەرگەی گرتـە دەسـت. دوای شـەڕێکی قـوڕس دووبـارە سـوپای ئێـران و جاشـەکانی دەشـکێن و کوشـتارێکی زۆریشـیان دەبێـت. هەروەهـا بـرای (هوبرگـو)ی سـەرۆک جاشـیش دەکوژرێـت. بارزانییەکانیـش ٤ شـەهید و ٢ بریندارییـان دەبێـت کـە نـاوی شـەهیدەکان ئەمانـە بـوون: (شـەهید پیـر هەسـەن سـێلکی، شـەهید سـەعید محەمـەد سـێلکی، شـەهید ئیسـماعیل خـان بـارزانی، شـەهید عـەلی بێـداروني). بریندارەکانیـش: (سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی، حەسـۆ یەسـف) بـوون.

### گەڕانەوەی خاو و خێزانی بارزانییەکان بۆ کوردستانی عێراق

پێشـتر بـاسی ئـەوەم کـرد کـە سـەرۆک بـارزانی چـوو بـۆ گونـدی ئەنبێ، تـا لەو ڕێگایـە دڵنیـا بـێ کـە دەتوانـن بە مـاڵ و خێزانـەوە بچنـە وڵاتی یەکێتی سـۆڤیەت و لەوێـش چەنـد سـەرۆک عەشـیرەتێکی کـوردی بینـی کـە هـەر هەموویـان بەڵێنـی پشـتەوانی پاڵپشـتییان بـە سـەرۆک بـارزانی دا، بـەڵام دواتـر پەیتـا پەیتـا خزانـە بـاوەشی دوژمـن و بـوون بـە جـاشی ڕژێمـی ئێـران. بەهـۆی ئـەو گۆڕانـەی لـە هەڵوێسـتی سـەرۆک عەشـیرەتەکان ڕوویـدا، بارزانییـەکان نەچوونـە یەکێتـی

سۆڤیەت و بڕیاریانـدا بـە سـەرۆکایەتی شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی مـاڵ و خێـزانی بارزانییـەکان بگەڕێنـەوە کوردسـتانی عێـراق.

شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی لـە ڕووبـاری گادەر دەپەڕێتـەوە و دەچێتـە سـەر سـنووری کوردسـتانی عێـراق و ئێـران، هەروەهـا عـەلی حیجـازی سـەرۆکی گشـتی پۆلیـسی عێراقیـش دێتـە سـەر سـنوور بـۆ لای شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی. شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی بـە عـەلی حیجـازی دەڵێـت، هەرچۆنێـک بێـت ڕێگەمـان بـدەن بگەڕێینـەوە کوردسـتانی عێـراق. وەڵامـی حیجـازی ئەمـە دەبێـت کـە سـەرەتا پێویسـتە مـەلا مسـتەفا بـارزانی و هەڤاڵـە پێشـمەرگەکانی چەکەکانیـان ڕادەسـت بکـەن و خۆشـیان بدەنـە دەسـت پۆلیـسی عێـراق، پاشـان ئێمـەش قایـل دەبیـن کـە مـاڵ و خێـزانی ئێـوە بێتـەوە خاکـی عێـراق. شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی دەڵێـت ئـەوە مـن هاتـم و خـۆم دا بەدەسـتەوە، بـەڵام مـەلا مسـتەفا بـارزانی و پێشـمەرگەکانی لەپشـتەوەی ئێمـەن، ئێمـە دەپارێـزن، ئەگـەر ئـەوان چـەک دابنێـن، ئـەوا سـوپای ئێـران دێـت و هەمـوو مـاڵ و خێزانمـان دەگرێـت و دەیانگێڕنـەوە ئێـران، بـەڵام ئەگـەر مـاڵ و خێـزان هاتنـە نـاو خاکـی عێـراق، ئـەوکات مـەلا مسـتەفا و هێزەکـەی دێـن و خۆیـان ڕادەسـت دەکـەن. عـەلی حیجـازی ڕازی بـوو و گوتـی، بـا سـەرەتا مـاڵ و خێـزان بێنـەوە عێـراق، پاشـان مـەلا مسـتەفا و هێزەکـەی خۆیـان ڕادەسـت بکـەن. مـاڵ و خێـزانی بارزانییـەکان هاتنـەوە عێـراق، بـەڵام مـەلا مسـتەفا بـارزانی خـۆی لـێ جیاکـردەوە و خـۆی نـەدا بەدەسـتەوە.

## سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی لەگـەڵ (٥٦٥) پێشـمەرگە خۆیـان بەدەسـتەوە نـەدا

ئـەو هێـزە چەکـدارەی لەگـەڵ سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی بـوون و ژمارەیـان (٥٦٥) کـەس بـوو، پەیـمان و بەڵێنـی مـان و نەمـان بـە سـەرۆک

بـارزانی دەدەن. منیـش یەکێـک بـووم لـەو پێشـمەرگانەی پەیـمانی مـان و نەمـان بـە سـەرۆک بـارزانی دا. ئێمـە هەمووـمـان بـە ویسـتی خۆمـان بڕیارمانـدا کـە لەگـەڵ سـەرۆکی خۆمـان بیـن. ئێمـە لـە مـاڵ و خێـزان جیابووینـەوە و چووینـە نـاو ڕەوەنـدە هەرکییـەکان و لـەوێ مـەلا مسـتەفا بـارزانی چـوو بـۆ ماڵـی زێـڕۆ بەگـی هەرکـی و منیـش چوومـە هەمـان مـاڵ، چونکـە زێـڕۆ بـەگ لـە دایکـەوە خزمـی ئێمـە بـوو.

ئێمـە شـەوی ١٢/١١-٤-١٩٤٧ لەماڵـی زێـڕۆ بەگـی هەرکـی بوویـن، هیـچ پێخەفێـک نەمابـووەوە کـە مـن پێـی بخـەوم. جلێکیـان بـە مـن دا تـا پێـی بخـەوم. بەیـانی ڕێکەوتـی ١٩٤٧/٤/١٢ زێـڕۆ بـەگ و عەزیـز ئاغـای بـرای بانگـی منیـان کـرد و پێیـان گوتـم لەگـەڵ بارزانییـەکان مـەڕۆ، چونکـە کـەس نازانـێ ئـەوان چیـان بەسـەر دێ. گوتیـان لەگـەڵ ئێمـە بـە، کـە چووینـەوە عێـراق تـۆش لەگـەڵ خۆمـان دەبەینـەوە و بـڕۆ گونـدی خۆتـان. مـن دوو تفەنگـم پـێ بـوون کـە هەردووکیـان بڕنـەو بـوون، زێـڕۆ بـەگ و عەزیـز ئاغا گوتیـان چەنـد خزمێکـی هەرکیـمان لـە عێراقـەوە هاتـوون بـۆ کڕینـی چـەک بـۆ خۆیـان، ئەگـەر دەتـەوێ لەگـەڵ ئـەوان بگەڕێـوە و هـەردوو چەکەکـەی خۆشـت لەگـەڵ ئـەوان ببـەوە، بـا تـا گوندەکەشـتان لەگەڵـت بێـن و لـەوێ تفەنگـە بڕنـەوەکانی خـۆت بشـارەوە. مـن بـە زێـڕۆ بـەگ و عەزیـز ئاغـام گـوت مـن ناگەڕێمـەوە و وەکـو هەمـوو هەڤـاڵ و پێشـمەرگەکانی بـارزانی گفتـی ژیـان و مردنـم بـە سـەرۆک بـارزانی داوە و پەشـیمان نابمـەوە و بـە ویسـت و ئـارەزووی خـۆم لەگـەڵ سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی دەبـم و داهاتـووی ئـەوان چـی بـوو بـا هـی منیـش وابـێ.

# بەندی پێنجەم
# گەڕانەوە بۆ کوردستانی باشوور و ڕێڕۆیشتنە مێژوویی بارزانی

## گەڕانەوەمان بۆ ناوچەی بارزان لە کوردستانی عێراق

بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەدی بارزانی تەواوی خێزانە بارزانییەکان گەڕانەوە کوردستانی عێراق. هەروەها هەموو ئەفسەرانی لێژنەی ئازادی هەمان کاریان کرد، تەنیا میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی و عەبدولڕەحمان موفتی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی مانەوە و نەگەڕانەوە عێراق. (مستەفا خۆشناو و عیزەت عەبدولعەزیز و خەیروڵا عەبدولکەریم و محەمەد مەحموود قودسی) خۆیان ڕادەستی شێخ ڕەشیدی لۆلان دەکەن، بەڵکو ئەو بتوانێ لە لای حکومەتی عێراق لێبوردنێکیان بۆ وەربگرێ، کەچی ئەو لەباتی وەرگرتنی لێبوردن ڕادەستی حکومەتی عێراقیان دەکات. (نوری ئەحمەد تەها و عەبدولکەریم و محەمەد ساڵح) ئەوانیش ئەفسەری لێژنەی ئازادی بوون و لە ڕێگای تایبەتەوە دەگەڕێنەوە عێراق خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراق ناکەنەوە. سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی بە هەموویانی گوت خۆتان بە دەستەوە مەدەن، چونکە دەکوژرێن.

ئینجا سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی ڕیزەکانی پێشمەرگە یەک دەخاتەوە و دووبارە سەرکردە بۆ هێزی پێشمەرگە دیاردەکات. ئەمانە بوونە سەرکردە لەناو هێزی پێشمەرگە: (شێخ سلێمان شێخ عەبدولسەلام بارزانی، مامەند مەسیح، ئەسعەد خۆشەوی، مستەفا جانگیر مێروزی، محەمەدئەمین میرخان مێرگەسۆری، ساڵح عەلی کانیەلنجی، سەعید ولی بەگ، شێخۆمەر شانەدەری، سلێمان بەگی دەرگەڵە) ئەمانە هەریەکەیان بوون بە لێپرساوی چەندین شۆڕشگێڕ. ئێمە و سەرکردەکانی پێشمەرگە بە سەرۆکایەتی سەرۆک بارزانی کە ژمارەمان (٥٦٥) کەس دەبوو، لە ڕێکەوتی ١٩٧٤/٤/١٩ لە ڕێگای (خواکوڕک و دەشتی بەرازگرەوە) لەناو خاکی کوردستانی تورکیا چووینە ناوچەی شێروان و مزوری لە کوردستانی عێراق کە ناوچەی بارزانییەکان بوو.

لە ڕێکەوتی ١٩٧٤/٤/٢٥ لە نزیک گوندی (زێتێ) لە کوردستانی عێراق هێزێکی ئێمە لەگەڵ هێزێکی پۆلیس و جاش تووشی شەڕێک بوون، لە ئەنجامدا چەند پۆلیسێک دەکوژرێن و جاشێکیش بە دیل دەگیرێ کە ناوی حەمەد ئەمین شیوکی بوو. هەڤاڵێکی ئێمەش شەهید بوو کە ناوی (تێلی عەبدولکەریم) بوو. دواتر ئێمە گەیشتینە ناوچەی شێروان مەزن و مزوری ناوچەی بارزان.

## دانوستانی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ کاربەدەستانی عێراق

کاتێک ئێمە بە سەرۆکایەتی سەرۆک بارزانی چووینەوە ناوچەی بارزان، لەوێ سەرۆک بارزانی لە ڕێی عەلی والی بەگ کە کوردی کوردستانی عێراق بوو و سەرۆکی پۆلیسی ناوچەی بارزانیش بوو، هەوڵی دا پەیوەندی بە کاربەدەستانی حکومەتی عێراق بکات، تا داوایان لێبکات ڕێگە بەو بارزانییانە بدەن کە گەڕاونەتەوە بچنەوە سەر موڵک و ماڵی خۆیان و وەکو خەڵکی ئاسایی ناوچەکە بە ئاشتی بژین و خەریکی کەسابەتی خۆیان بن، بەڵام سەعید قەزازی پارێزگاری هەولێر لەڕێی عەلی والی بەگ وەڵامی سەرۆک بارزانی دەداتەوە و دەڵێت کاتی خۆی لەساڵی ١٩٤٥ خۆی و چەکدارەکانی بەبێ ئەوەی هیچ بەڵێنێکیان پێ بدرێ داوایان لێکراوە خۆیان و چەکەکانیان ڕادەست بکەن، حکومەتی عێراق دانوستانتان لەگەڵ ناکات، ئێستاش هەر لەسەر ئەو بڕیارەی مانگی ئابی ساڵی ١٩٤٥، دەبێ خۆتان و چەکەکانتان ڕادەست بکەن.

ماڵ و خێزانی بارزانییەکانیش کە بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەدی بارزانی گەڕابوونەوە کوردستانی عێراق لە دیانا ئابڵۆقە درابوون و لە لایەن سوپا و پۆلیسی عێراقەوە خرانە ناو سیمەوە و ڕێگەیان نەدەدا نە کەس هاتوچۆیان بکات و نە خۆشیان بێنە دەرەوە. هەرسێ حکومەتەکەی دوژمنی گەلی

کورد (عێراق و ئێران و تورکیا) خۆیان ئامادەکردبوو، بۆ هێرشکردنە سەر هێزی سەرۆک بارزانی تا لەناویان ببەن. لە سەرەتادا چەند هێزێکی پۆلیس لەچەند بەرەیەکەوە هاتنە پێشەوە بۆ هێرشکردن:

- هێزێکی سوپای عێراق بە هاوکاری جاشە کوردەکانی ناوچەی ئاکرێ هاتنە پێشەوە و تا دینارتە هاتن.
- هێزێکی سوپای عێراق بە هاوکاری جاشەکانی ناوچەی ڕواندز و سیدەکان بۆ هێرشکردن هاتنە پێشەوە.
- لە ناوچەی ئامێدی و باڵندان هێزێکی پۆلیس بە هاوکاری جاشەکانی ناوچەکە هاتنە پێشەوە تا هێرش بکەن.

لە ناوچەی شێروان مەزن شەڕێک لەنێوان هێزی ئێمە و هێزێکی پۆلیس ڕوویدا و ئێمە دوو شەهیدمان هەبوو بە ناوەکانی: (شەهید عەریف عەبدولڕەحمان خۆشناو، شەهید عەزیز زراری)

## بڕیاری سەرۆک بۆ گرتنەبەری ڕێگای یەکێتی سۆڤیەت

کاتێک سەرۆک بارزانی لەوە تێگەیشت کە هەرسێ وڵاتی عێراق و ئێران و تورکیا لەگەڵ جاشەکانیان ڕێککەوتوون، هێرش بکەنە سەر بارزانییەکان، سەرۆک بارزانی لە ڕێکەوتی ١٩٤٧/٥/١٥ لە گوندی ئەرگۆش کۆبوونەوەیەکی بە ئێمە کرد کە ژمارەمان (٥٦٥) کەس بوو. سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی فەرمووی: ((من بڕیارم داوە بچمە وڵاتی یەکێتی سۆڤیەت و هیچ کامێکیشتان بەزۆر لەگەڵ خۆم نابەم، ئایا ئێوە دەتانەوێ لەگەڵم بێنە ئەو وڵاتە؟ ئەو ڕێگایە ڕێگای مان و نەمانە، چونکە دوو حکومەتی دوژمنی گەلی کورد دەکەونە سەر ڕێگامان کاتێک دەچینە ئەو وڵاتە. هەر گولەیەک بتەقێنرێت بەر سینگی کوردێک دەکەوێت، یان ئێمە ئەوان دەکوژین، یان ئەوان ئێمە و هەمووشمان کوردین، جا بۆئەوەی کورد یەکتری نەکوژن، من

بڕیارم داوە بچمە یەکێتی سۆڤیەت)).

هەر هەمان ڕۆژ هێزەکانی خۆمان کۆکردەوە و خۆمان ئامادەکرد بە سەرۆکایەتی سەرۆک بارزانی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت بەڕێبکەوین کە ڕێگای مان و نەمان بوو. ئێمە خەریکی ڕۆیشتن بووین و ماڵ و خێزانی بارزانییەکان لە دیانا لە ئۆردوگایەک دانرابوون و سوپا و پۆلیسی عێراقی دەوری ئۆردوگاکەیان دابوو و نەیاندەهێشت هیچ هاتوچۆیەک لە ئۆردوگاکە هەبێت.

لە ڕێکەوتی ١٩٤٧/٥/٢٢ لە گوندی ئەرگۆشەوە بەرەو وڵاتی یەکێتی سۆڤیەت بەڕێکەوتین و چووینە گوندەکانی هەرکی بنەجێ و گوندی دری و ستونێ و گوندەکانی دیکەی هەرکیان. ڕێکەوتی ١٩٤٧/٥/٢٣ (١٤) فڕۆکەی شەڕکەری بەریتانی و عێراقی بۆمبارانی ئێمەیان لە گوندی دری کرد. لە ئەنجامی بۆمبارانەکە (٢) شەهید و (١٤) بریندارمان هەبوون، ناوی شەهیدەکان ئەمانە بوون (شەهید تەمو مستەفا بناقی، شەهید تەها عەزیز سپینداری)، هەڤاڵ تەها سپینداری لە تەنیشت من شەهید بوو. ئێمە چەند کەسێک لەبەر بۆمبارانەکە چووبووینە سەر کانی پیاوان و موشەکێک لە لای ئێمەی دا و چەند هەڤاڵێکی بریندارکرد کە دوویان برینەکەیان قورس بوو (ساڵح حەسەن گوێزی و حەمۆ هیزانی).

دوای بۆمبارانەکە، ئێمە لە ڕێکەوتی ١٩٤٧/٥/٢٤ چووین بۆ گوندی بێداوێ کە دوا گوندە لەسەر سنووری نێوان کوردستانی عێراق و کوردستانی تورکیا و خەڵکی ئەو گوندە بە گەرمی پێشوازییان لە مەلا مستەفا بارزانی و ئێمە کرد و خزمەتێکی زۆریان کردین و چەند ئاژەڵێکیان بۆ ئێمە سەربڕی. سەرۆک بارزانی بانگی کوێخای گوندی بێداوی کرد و پێی گوت ئەم دوو بریندارەمان ببە بۆ گوندی شێروان مەزن و لەوێ ڕادەستی کاربەدەستانی مەخفەری شێروانیان بکە، چونکە برینەکەیان زۆر سەختە. ئینجا کوێخای

بێداو برینداره‌كانی بـرده‌ مه‌خفـه‌ری شـێروان.

لـه‌ ڕێكه‌وتـی ١٩٤٧/٥/٢٥ دا گونـدی بێداومـان جێهێشـت و به‌ڕێـگای چیـای بێـداوه‌دا تێپه‌ڕیـن كـه‌ بـه‌رزی چیاكـه‌ (٣٠٠٠) پـێ زیاتربـوو و لـه‌زۆر جێـگادا بـه‌ قۆنداغـی تفه‌نگه‌كانمـان شـوێنی پێـی خۆمـان خۆشـده‌كرد، تـا بتوانیـن تێپه‌ڕیـن. دره‌نـگانی ئێـواره‌ گه‌یشـتینه‌ گونـدی (بـای)، یه‌كه‌میـن گونـدی كوردسـتانی توركیـا و له‌وێـش به‌هه‌مـان شـێوه‌ به‌گه‌رمـی پێشـوازییان لـه‌ مـه‌لا مسـته‌فا بـارزانی كـرد و خزمه‌تێكـی شایسـته‌یان كردیـن. شـه‌و لـه‌ گونـدی (بـای) ماینـه‌وه‌. لـه‌وێ سـه‌رۆک دووبـاره‌ هێـزه‌كانی ڕێكخسـته‌وه‌ و دیاریكـرد كـه‌ كامـه‌ هێـز لـه‌ پێشـه‌وه‌ بـڕوات تـا سـنووری ئێـران و یه‌كێتـی سـۆڤیه‌ت و كامیـان لـه‌ دواوه‌ بـڕوات:

- هێـزی مامه‌نـد مه‌سـیح و مسـته‌فا جانگیـر مـزوری تاكـو سـنووری یه‌كێتـی سـۆڤیه‌ت لـه‌ پێشـه‌وه‌ بـڕۆن.
- هێزی سـه‌عید ولی به‌گ و شـێخ سـلێمان شـێخ عه‌بدولسـه‌لام و محه‌مه‌دئه‌مین میرخـان مێرگه‌سـۆری و شـێخۆمه‌ر شـانه‌ده‌ری له‌ناوه‌نـدی هێـزه‌كان تـا سـه‌ر سـنووری یه‌كێتـی سـۆڤیه‌ت بڕۆن.
- هێـزی سـاڵح عـه‌لی كانیه‌لنجـی و ئه‌سـعه‌د خۆشـه‌وی سـێلكی لـه‌ دوای هه‌مـوو هێـزه‌كان بـڕۆن، تاكـو ده‌گه‌نـه‌ یه‌كێتـی سـۆڤیه‌ت. منیـش له‌گـه‌ڵ هێزه‌كـه‌ی سـاڵح عـه‌لی كانیه‌لنجـی بـووم.

سـه‌رۆک مـه‌لا مسـته‌فا بـارزانی بـه‌ ئێمـه‌ی گـوت ئێمـه‌ ڕێگایه‌كـی دوور و درێژمـان له‌پێشـه‌ بـۆ یه‌كێتـی سـۆڤیه‌ت گونـد و دێهـاتی زۆرمـان ده‌كه‌وێتـه‌ سـه‌ر ڕێ، مـن نامـه‌وێ به‌هیـچ شـێوه‌یه‌ک زۆری لـه‌ هیـچ هاووڵاتییـێک بكرێـت، به‌لامـه‌وه‌ ئاسـاییه‌ تفه‌نگـی شـانی خۆتـان بـه‌ نانێـک بگۆڕنـه‌وه‌، بـه‌ڵام نابـێ گوندنشـینان ئـازار بـده‌ن. ئینجـا سـه‌رۆک بانگـی كوێخـای گونـدی (بـای) كـرد و لێـی پـرسی نزیكتریـن و ئاسـانترین ڕێـگا كـه‌ بمانگه‌یه‌نێتـه‌ یه‌كێتـی سـۆڤیه‌ت كامه‌یـه‌ و ئه‌ویـش گوتـی سـوپای توركیـا ڕێـگا ئاسـانه‌كه‌ی گرتـووه‌، تـا ئێـوه‌

نەتوانن بەوێدا ڕەت بن، بەڵام ڕێگایەکی دیکە هەیە بۆ سەر سنووری کوردستانی ئێران کە ڕێگای (نەهلا گەوەڕێ) یە، بەڵام دەبێ ڕێگای سێ کاتژمێر ببڕن و لە ڕێگای نەهلا گەوەڕێ بڕۆن کە ڕێگایەکی دوور و درێژە و هەمووی چەم و ئاوە و ئاوی زابی گەورەشتان دەکەوێتە سەر ڕێگا و دەبێ لێی بپەڕنەوە. هەروەها دەبێ شەو بەو ڕێگایەدا تێپەڕن، چونکە بە ڕۆژ فڕۆکەی شەڕکەری تورکیا بۆمبارانتان دەکات. فڕۆکەکانی تورکیا بەردەوام بە ئاسماندا دەسوڕانەوە و بەدوای ئێمەدا دەگەڕان.

ڕێکەوتی ١٩٤٧/٥/٢٦ بە شەو لە گوندی (بای) کەوتینە ڕێ و کەسێک کە شارەزای ڕێگاکە بوو لەگەڵمان هات و بە سێ کاتژمێر ڕێگاکەمان بڕی و گەیشتینە خوارەوەی چیای (زینیا ئاسنگەرا). سەرۆک پێی گوتین بۆ ماوەی دوو کاتژمێر پشوو بدەن، چونکە زۆر ماندوو بووین. دوای دوو کاتژمێرکە هێزی مامەند مەسیح و مستەفا جانگیر کەوتنە ڕێگا بۆ بڕینی چیای زینیا ئاسنگەرا و لە ڕێکەوتی ١٩٤٧/٥/٢٧ لەسەر چیاکە هێزەکانمان تووشی شەڕێک بوون، چونکە سوپای تورک ڕێگاکەیان گرتبوو. هێزەکە هەر زوو شکا و ئێمەش بەبێ زیان لە شەڕەکە دەرچووین و بەردەوام بووین. ئەو ڕێگایەی ئێمە پێیدا دەڕۆیشتین هەر هەمووی بەفر بوو. چیای زینیا ئاسنگەرامان بڕی و گەیشتینە چیای سپیرێز، ئەو چیایەش هەمووی بەفر بوو و بەشەو ئەو چیایەشمان بڕی. بۆ بەیانی ڕێکەوتی ١٩٤٧/٥/٢٨ لە کوردستانی تورکیا ڕزگارمان بوو. سەرۆک بارزانی بە هەمووانی گوت لە ڕێگەدا ڕێواس هەن مەیانخۆن، چونکە ئەگەر ڕێواس لەخورینی بخۆن دڵتان تێکهەڵدێ. هەر ئەو بەیانییە گەیشتینە گوندی (جێرمێ) کە یەکەم گوندی کوردستانی ئێران بوو، خەڵکی ئەو گوندە بە گەرمی پێشوازییان لە سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی و لە ئێمە کرد، خزمەتێکی زۆریان کردین و چەند ئاژەڵێکیان بۆمان سەربڕی و پەنیر و ماستێکی زۆریان هەبوو و بەشی

ئێمەیـان لێـدا. ئـەو گونـدە لەسـەر چیایـەک بـوو کـە عەشـیرەتەکەیان بەگـزادە بـوون و لـە خـوارەوە دەشـتایی تەرگـەوەڕ و مەرگـەوەڕ هەبـوو. سـەرۆک بـارزانی هاووڵاتییێکـی گونـدی جێرمێـی نـارد تـا هەواڵـی ئەوەمـان بـۆ بێنێتـەوە داخـۆ سـوپای ئێـران ئـەو ناوچەیـەی گرتـووە یـان نـا. شـەوی ١٩٤٧/٢٩/٢٨ ئێمـە لـە گونـدی جێرمـێ ماینـەوە. ئـەو کابرایـەی سـەرۆک ناردبـووی گەڕایـەوە و هەواڵـی ئـەوەی بـۆ هێنابوویـن کـە هێـزی سـوپای ئێـران هێشـتا نەگەیشـتووەتە ئـەم ناوچەیـە، بـەڵام گونـدەکانی ناوچەکـە هەموویـان چۆڵکـراون. حکومـەتی ئێـران گوندنشـینەکانی ئاگاداركردبـووەوە کـە دەبـێ گوندەکانیـان چـۆڵ بکـەن، چونکـە زانیویانـە ئێـوە دێنـە ناوچەکـە.

لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٧/٥/٢٩ لـە گونـدی جێرمـێ چوویـن بـۆ گونـدەکانی ناوچـەی تەرگـەوەڕ و مەرگـەوەڕ و گونـدی عەشـیرەتی بەگـزادەکان. کاتێـک ئێمـە بـەو گوندانـەدا تێدەپەڕیـن هـەر هەموویـان چۆڵکرابـوون و ڕایانکردبـووە شـاری ورمـێ لـە کوردسـتانی ئێـران. ئێمـە چووینـە گونـدی (ئەنبـێ) کـە گونـدی نـوری بەگـی بەگـزادە بـوو. بەرلـەوەی بگەینـە گونـد لـە ڕێـگادا هەڤاڵێکـمان هەندێـک خورمـای لـە سـەوزەومیوە فرۆشـێک سـتاندبوو، ئەویـش لای سـەرۆک مـەلا مسـتەفا شـکایەتی لێکـرد. مـەلا مسـتەفا چـوو لەسـەر ئـەو ڕەفتـارە هەڤاڵەکـە بـدات، بـەڵام ڕایکـرد، دوایـی سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی بڕێـک پـارەی دا بـە میوەفرۆشـەکە و قایـلی کـرد. ئێمـە چووینـە ماڵـی نـوری بـەگ و ئەویـش ڕایکردبـوو. نـوری بـەگ لـە کۆمـاری کوردسـتاندا جەنـەڕاڵ بـوو. هەڤاڵێکـمان جلـەکانی نـوری بـەگ دەدۆزێتـەوە و لەبەریـان دەکات و دەچێتـە لای سـەرۆک بـارزانی و پێـی دەڵـێ سـەرۆک بـارزانی تەماشـام بکـە و بزانـە مـن چ جەنەڕاڵێکـم، سـەرۆک دەسـت دەکاتـە پێکەنیـن و پاشـان بـەو هەڤاڵـە دەڵێـت، بـڕۆ جلـەکانی نـوری بـەگ لەشـوێنی خـۆی دابنێـوە.

لـە گونـدی ئەنبـێ برادەرێـک بـە نـاوی خـودادا حەسـەن بەگـزادە بـوو،

هاتە لای سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی و پێی گوت منیش دەمەوێ لەگەڵ ئێوە بم. سەرۆک پێی گوت، باشە تۆش هەڤاڵێکی ئێمەی، وەکو ئەو هەڤاڵانە. خودادا حەسەن لەگەڵمان هاتە یەکێتی سۆڤیەت، دوای ١٢ ساڵ پەناهەندەیی لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٥٩ هاتە کوردستانی عێراق و کاتێک شۆڕشی ئەیلوولیش بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی دەستی پێکرد، خودادا بوو بە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول. خوداد حەسەن بەگزادە ساڵی ١٩٩١ لە کوردستانی عێراق کۆچی دوایی کرد.

ئێمە لە ڕێکەوتی ١٩٤٧/٥/٣١ لە ناوچەی عەشیرەتی بەگزادە چووین بۆ ناوچەی عەشیرەتی هەرکی. لەوێ دوو کەس پەیوەندییان بە ئێمەوە کرد، ئەوانیش (محیەدین بابازادە، یوخان داوود (لاوکۆ)) بوون، چوون بۆ لای سەرۆک و داوایانکرد ڕێگەیان پێ بدات لەگەڵ ئێمە بێن بۆ یەکێتی سۆڤیەت، سەرۆک بارزانیش ڕێگەی پێدان. محیەدین بابازادە لەوڵاتی یەکێتی سۆڤیەت کۆچی دوایی کرد، بەڵام یوخان داوود لە ساڵی ١٩٥٩ لە گەڵمان هاتەوە کوردستانی عێراق.

لە ڕێکەوتی ١٩٤٧/٥/٣١ سەرۆک بارزانی نامەیەکی کاربەدەستانی ئێرانی لەڕێی ڕەشید بەگی هەرکییەوە پێدەگات، تێیدا لەسەرۆک دەپرسن کە بۆچی دووبارە هاتوونەتەوە سەر خاکی ئێران؟ داوای بینینی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی لە شوێنێک کردبوو. حکومەتی ئێران نیازی ئەوەیان هەبوو گەمارۆمان بدەن و هەمووومان دەستگیر بکەن، کەچی سەرۆک وەڵامی کاربەدەستانی ئێرانی نەدایەوە و ڕێگای خۆمان بەرەو کوردستانی تورکیا گۆڕی و لە شەوی ١٩٤٧/٥/٣١ چووینەوە ئەوێ. سەرۆک بارزانی دەیزانی حکومەتی ئێران دەیەوێ دوامانبخات تا ڕێگەمان لێبگرن و دەستگیرمان بکەن. لە ڕێکەوتی ١٩٤٧/٦/١ چووینە ناو خاکی کوردستانی ئێران و چووینە لای عەشیرەتی شکاک، چونکە لە تورکیا سەربازگەیەکی سوپای تورکیامان

دەکەوتە سەر ڕێ، بۆیە تولەڕێیەک هەبوو لە تەنیش سەربازگەکەوە بەوێدا تێپەڕین. لەو ڕێگەیەدا ئێمە کەسێکمان لەگەڵ بوو شارەزای ڕێگاکەبوو و ڕێڕوونی بۆ دەکردین و ئەویش کوردبوو.

سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی ئێمەی ئاگادارکردەوە کە بەو تاریکەشەوە جگەرە نەکێشین و قسە نەکەین، چونکە سەربازگەی سوپای تورکیامان زۆر لێ نزیک بوو. برادەرێکی خۆمان کە ناوی (مەلا گوج) بوو، سواری کەرێک بوو کە لە سەربازگەکە نزیک بووینەوە، کەرەکە دەستی بە زەڕین کرد و ئەسعەد خۆشەوی ڕایکرد دەمی کەرەکەی گرت تا نەزەڕێ. سوپای تورکیا هیچیان بەرانبەرمان نەکرد، چونکە وایانزانی کاروانچین و تێدەپەڕین.

لە ڕێکەوتی ١٩٤٧/٦/٢ دا چووینە ناو گوندەکانی عەشیرەتی شکاک، نان و ئاویان بە پیر ئێمەوە هێنا، چونکە دەیانزانی ئێمە لە ڕێگای دوورەوە هاتووین و ماندوو و برسین. ئەوان پێشوازی گەرمیان لە ئێمە کرد و هەر کەسێک و خەڵکی هەر گوندێک بەپێی توانای خۆیان هاوکاری ئێمەیان کرد. لەناو عەشیرەتی شکاک و بەتایبەتی لە گوندی (دیلزێ) پێنج برادەر پەیوەندییان بە ئێمەوە کرد و چوون بۆ لای سەرۆک بارزانی و ئەویش ڕازی بوو لەگەڵمان بێن. ئەو پێنج کەسە ئەمانە بوون: (بێجان جوندی شکاک، تەیمور موسا شکاک، کامیل شکاک، عومەر حەسەن شکاک، ئیبراهیم جەلال شکاک)، ئەو پێنجەش لەگەڵ ئێمە هاتن بۆ یەکێتی سۆڤیەت و لە ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ ئێمە هاتنە کوردستانی عێراق.

لە گوندی (بڕوش خۆر) پیاوێک کە ناوی (خەلیفە سادق) بوو و کوردێکی شکاک بوو، هاتە لای سەرۆک بارزانی و داوای لێکرد کە بۆ ماوەیەک لای شکاکەکان بمێننەوە، چونکە هەم حەزدەکەن و هەم هەڤاڵەکانی ماندوون و پێویستییان بە پشوودانە. دوای ئەو هاونیشتیمانییەکی کوردی ئەوێ بە نهێنی دەچێتە لای سەرۆک بارزانی و پێی دەڵێت خەلیفە سادق

سـیخوڕی ڕەزاشـایە و دەیـەوێ ڕاتانبگـرێ تـا سـوپای ئێـران دێـن و گەمارۆتـان دەدەن. خەلیفـە سـادق کـە زانیبـووی کەسـێک ئەمـەی بـە سـەرۆک بـارزانی گوتـووە، ڕایکردبـوو و خـۆی شـاردبووەوە. لەوکاتـەدا حەمەڕەزاشـا دێتـە شـاری خـوی تـا سـوپا ئامـادە بـکات و بیانێرێـت ئێمـە بگـرن و نەهێڵـن بگەینـە یەکێتی سـۆڤیەت. ئێمـە دووبـارە خۆمـان دوانەخسـت و چووینـەوە سـەر سـنووری نێـوان ئێـران و تورکیـا.

لـە شـەوی ١٩٤٧/٦/٤ دووبـارە گەڕاینـەوە کوردسـتانی ئێـران و لـەوێ تەنیـا یـەک ڕێگامـان لەبـەردەم بـوو کـە بتوانیـن پێیـدا تێپەڕیـن کـە ڕێـگای (گـەلی قوتـوری) بـوو. ئـەو ڕێگایـە زۆر مەترسـیدار و زۆریـش دووورودرێـژ بـوو، بـەڵام هیـچ چارەیەکـمان نەبـوو، چونکـە تەنیـا ڕێـگا بـوو کـە ئێمـە بتوانیـن پێیـدا تێپەڕیـن. لـە شـەوی ٦/٥-٦-١٩٤٧ دەسـتمان بـە ڕۆیشـتن کـرد و بـۆ بەیـانی ڕێکەوتـی ١٩٤٧/٦/٦ لـە گـەلی قوتـورێ ڕزگارمـان بـوو، بـەڵام کـە دەرچوویـن هێزەکـەی مامەنـد مەسـیحی و مسـتەفا جەنـگاوەر مـزوری تـووشی شـەڕێک هاتـن، بـەڵام شـەڕەکە زۆری نەخایانـد و هێـزی دوژمـن زۆر خـۆی نەگـرت و شـکان. لـەم شـەڕەدا ئێمـە هیـچ زیانێکـمان بەرنەکـەوت، بـەڵام لـە ڕیـزی هێـزی سـوپای ئێـران کوشـتار هەبـوو.

کاتێـک لـە گـەلی قوتـورێ ڕزگارمـان بـوو چووینـە گونـدە (گەلتـێ و نـەدێ)، ئـەم دوو گونـدە هـی عەشـیرەتی عـروسی بـوون، خەڵکـی هـەردوو گونـد بـە هەمـان شـێوەی عەشـیرەتەکانی دیکـە بـە گەرمـی پێشـوازییان لـە ئێمـە کـرد، بەتایبـەتی لـە گونـدێ (نـەدێ) (بـاسی بـەگ و گوجـو ئاغـا عـەلی بـەگ و بەحـری بـەگ) زۆر بـە گەرمـی پێشـوازییان لـە سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی کـرد و خزمەتێکـی زۆر بـاشی ئێمەیـان کـرد. دواتـر لەوێـوە چوویـن بـۆ نـاو عەشـیرەتی (مللـێ) کـە کـوردی کوردسـتانی ئێرانـن و چووینـە گونـدی (عەمبـارێ) لـەوێ هاونیشـتیمانییەکی کوردپـەروەر کـە نـاوی خـاڵ میـرزا بـوو، بـوو بـە چاوسـاغمان

و مـاوەی چەنـد ڕۆژێـک لەگەڵـمان بـوو، چونکـە ئـەو شـارەزای ئـەو ڕێگایـە بـوو کـە بـەرەو یەکێتـی سـۆڤیەت دەڕۆیشـت. دوای ئـەوەی خـاڵ میـرزا چەنـد ڕۆژێـک لەگەڵـمان بـوو، سـەرۆک بـارزانی پێـی گـوت بگەڕێـوە و ئێمـە تفەنگێکیشـت پـێ دەدەیـن، کەچـی خـاڵ میـرزا بـە سـەرۆک مـەلا مستەفا بـارزانی گـوت، کـەس وەک مـن شـارەزای ڕێـگای یەکێتـی سـۆڤیەت نییـە و منیش کوردێکـی نیشـتیمانپەروەرم، بۆیـە تـا دەگەنـە سـنووری یەکێتـی سـۆڤیەت، لەگەڵتـان دێـم و ئەگـەر ڕێگایەکیـش گیرابـێ مـن چەنـد ڕێگایەکـی دیکـە شـارەزام. خـاڵ میـرزا نەگـەڕاوە تـا لەگەڵـمان هاتـە یەکێتـی سـۆڤیەت. ئێمـە هەمووـمـان خـاڵ میرزامـان زۆر خۆشدەویسـت، بەتایبـەتی سـەرۆک بـارزانی ڕێـزی زۆری بـۆ خـاڵ میـرزا دادەنـا.

**شەڕی بەناوبانگی چیای (سوز و سهێلێ) لە ناوچەی شاری ماکۆ**

ئێمـە ئێـوارەی ڕێکەوتـی ١٩٤٧/٦/٨ گەیشـتینە هـەردوو گونـدی (کلیـس گەنـد و ولاغ داش). گونـدی (کلیـس گەنـد) لەناوقـەدی چیـای سـۆز و سـهێلێ بـوو، گونـدی ولاغ داشـیش لـە دۆڵێـک بـوو لـە دامێنـی چیاکـە. چیـای سـوز و سـهێلێ کەوتبـووە نێـوان دۆڵەکـە و دەشـتی ماکـو. سـەرۆک بـارزانی لەگـەڵ هێـزی محەمەدئەمیـن میرخـان مێرگەسـۆری و هێـزی شـێخ سـلێمان شـێخ عەبدولسـەلام و هێـزی مامەنـد مەسـیح و هێـزی مسـتەفا جانگیـر چـوون بـۆ گونـدی کلیـس گەنـد. هێـزی سـاڵح عـەلی کانیەلنجـی و هێـزی ئەسـعەد خۆشـەوی سـێلکی و هێـزی سـەعید ولی بـەگ چوونـە گونـدی ولاغ داش. سـەرۆک بـارزانی هێزێکـی نـاردە سـەر چیـای سـۆز و سـهێلێ نـەک دوژمـن ئـەو چیایەمـان لێبگـرێ. ماوەیـەک بـوو سـوپای ئێـران خـۆی ئامادەدەکـرد بـۆ شـەڕێکی یەکلاکـەرەوە لەگەڵـمان، چونکـە ئێـران دەیـزانی ئەگـەر ئێمـە لـە ڕووبـاری (زەنگـێ) بپەڕینـەوە، سـوپای ئێـران ناتوانـێ ڕێگامـان لێبگرێـت و

ئێمـە دەگەینـە وڵاتی یەکێتـی سـۆڤیەت.

بەیـانی ڕۆژی ١٩٤٧/٦/٩ سـوپای ئێـران لـە دوو بـەرەوە هێرشـیان کـردە سـەرمان. هێزێکیـان لـە دەشـتی ماکـۆوە هێـرشی کـرد تـا چیـای سـۆز و سـهیلێ بگـرێ و ئـەوەی دیکـەش لـە شـاری ماکـۆوە هێـرشی هێنـا بـەرەو گونـدی ولاغ داش. دوژمـن ویسـتی لـەوێ گەمارۆمـان بـدەن. کاتێـک هەسـتمان بـە هێـرشی دوژمـن کـرد بـۆ سـەر گونـدی ولاغ داش، ئەسـعەد خۆشـەوی بـە ئێمـەی گـوت بەپەلـە ئـەو گـردەی پشـت ولاغ داش بگـرن، بـا دوژمـن ئەوێـمان لـێ نەگـرێ. مـن و چەنـد پێشـمەرگەیەکی دیکـە بـە ڕاکـردن چوویـن بـۆ سـەر گردەکـە و من بـەر لـە هەموویـان گەیشـتمە سـەر گردەکـە و بینیـم ئەفسـەرێکی سـوپای ئێـران خەریکـە ئەویـش دەگاتـە سـەر گردەکـە، بۆیـە بـە تەڕدەسـتی تەقـەم لێکـرد و کوشـتم، دواتـر تەرمەکەیـان بەجێهێشـت. ئینجـا ئـەو سـوپایەی لـە گونـدی ولاغ داش هێـرشی کردبـووە سـەرمان شـکا و بـەرەو شـاری ماکـۆ پاشەکشـەی کـرد. سـاڵح عـەلی کانیەلنجـی ئەسـپێکی سـوپای ئێـرانی کەوتبـووە دەسـت و دوای سـوپا شـکاوەکە کەوتبـوو. مـن کـە ئـەوەم بینـی بـە بـرادەرانی خـۆم گـوت، مـن تەقـە لـەو ئەسـپ سـوارە دەکـەم. تەقـەم لێکـرد و ئەسـپەکەیم پێـکا، بـەڵام سـوارەکە سـەلامەت بـوو و ڕایکـردە پشـت بەردێـک و هـاواری کـرد مـن ساڵحم. دواتـر هاتـە لامـان و گوتـی ئـەوە کـێ بـوو تەقـەی لـە مـن کـرد، منیـش گوتـم ئـەوە مـن بـووم، بـەڵام مـن نەمدیـوە کانیەلنجـی سـواری ئەسـپ بـن، ئەویـش پێکـەنی گوتـی، ڕاسـت دەکـەی، بـەڵام مـن سـواری ئەسـپ دەبـم.

لـە چیـای سـوز و سـهێلێ شـەڕێکی گـەرم دەسـتیپێکرد و ئێمـەش چوویـن یارمەتییـان بدەیـن، چونکـە لەسـەر ئـەو چیایـە شـەڕ بـوو. کاتێـک بەپیـر شـەڕەکەوە دەچوویـن لـە دۆڵاییێـک گایەکـم بینـی لەژێر بـاردا کەوتـووە. بارەکەم لـە گایەکـە کـردەوە و لەسـەر بارەکـە بوخچەیـەک نـان بەسـترابوو، بوخچـە نانەکـەم بـۆ خۆمـان هێنـا، چەنـد نانێکـم بـۆ خـۆم هەڵگـرت و ئـەوەی دیکـەم

دا بە برادەرانم. شەڕە سەختەکەی چیای سۆز و سهێلێ سێ شەو و سێ ڕۆژی خایاند. هەر هێزێک دەشکا و هێزێکی دیکە هێرشی دێنا بۆ گرتنی چیاکە. حکومەتی ئێران نەیتوانی نە بە تۆپ نە بە فڕۆکە بۆمبارانمان بکات، چونکە هێزەکانمان زۆر لەیەک نزیک بوون. ئێوارەی ڕێکەوتی ١٩٤٧/٦/١١ ئەو هێزەی سوپای ئێران کە هێرشی هێنابوو، ڕووخا و بە ناچاری بۆ سەر پردی ماکۆ لەسەر ڕووباری زەنگێ پاشەکشەیان کرد. ئەسعەد خۆشەوی بە سالح کانیەلنجی گوت ئێوە لێرە بن و منیش دەچمە لای سەرۆک بارزانی تا بزانین بڕیار چییە لەبارەی هێرشکردنە سەر دوژمن. ئێوارەی ١٢/١١-٦-١٩٤٧ کە تاریک داهات ئێمە ئاگادارکراینەوە کە لەسەر چیا بچینە خوارەوە. تاریکە شەو بوو. بڕیاردرا هێزەکەی مامەند مەسیح و هێزی مستەفا جانگیر هێرش بکەن و پردی ماکۆ بگرن. مەلا مستەفا بارزانی بانگی خاڵ میرزای کرد، تا ئەویش لەگەڵ هێزەکە بچێت و لەپێشەوە بڕوات و ئەگەر دوژمن دەنگی دان کە ئێوە بۆ کوێ دەچن، ئەوا با خاڵ میرزا بە فارسی وەڵامیان بداتەوە و پێیان بڵێ ئێمە کاروانچین و دەچینە شاری ماکۆ، بەڵام خۆت لەگەڵیان نەپەڕیوە، چونکە ڕەنگە هەموومان بەیەکەوە نەبین و تۆ بۆ چاوساغی ڕێگا لەم بەرە بمێنەوە. سەرۆک چیای (هاسون) ی لەوبەری ڕووباری زەنگێ دیارکردبوو تا هەموومان لەوێ یەکبگرینەوە.

### هێرش بۆ سەر پردی ماکۆ لەسەر ڕووباری زەنگ

هێزەکەی مستەفا جانگیر و مامەند مەسیح چووە پێشەوە بۆ هێرشکردنە سەر پردی ماکۆ لەسەر ڕووباری (زەنگێ). خاڵ میرزا لە پێشەوەی هێزەکە دەڕوات، هێزی دوژمن لێیان دەپرسن ئێوە کێن؟ خاڵ میرزا وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێ ئێمە کاروانچین و دەچینە شاری ماکۆ. ئینجا هێزەکەی پێشمەرگە هێرش دەکەنە سەر پردەکە و شەڕێکی خوێناوی

دەستپێکرد، خاڵ میرزا گەڕایەوە لای سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی. گولە تۆپ و ڕەشاش وەک تەرزە بەسەرماندا دەبارین، بۆیە سەرۆک ڕێگەی نەدا هێزەکانی دیکەمان هێرش بکەن و گوتی خەسارەتمان زۆر دەبێ. خاڵ میرزا بە سەرۆکی گوت ڕێگایەکی دیکە هەیە، ئەگەر دوژمن ئەویشی نەگرتبێ، کە بتوانین ڕووباری زەنگێ و بپەڕینەوە، بەڵام دەبێ ماوەی سێ کاتژمێر بەپێ بڕۆین تا دەگەینە ئەو پردە. سەرۆک بڕیاریدا بە پێ ڕێبکەین و بچین لەوێ بپەڕینەوە. بەر لەوەی بگەینە پردەکە، من و ساڵح عەلی کانیەلنجی بە مەلە لە ڕووبارەکە پەڕینەوە. من بە ساڵح کانیەلنجیم گوت برسیتان نییە، ئەو گوتی عەزیز ئەگەر برسیم بێ چارەیەک هەیە. گوتم وەرە با نان و ئاوێک بخۆین، ئەویش گوتی: عەزیز قازی بۆچی بەم بەیانییە درۆم لەگەڵ دەکەی. گوتم تۆ وەرە من درۆ ناکەم. هات و نانێکم دا بە ئەو و نانێکیشم بۆ خۆم خوارد. لێی پرسیم ئەو نانەت لە کوێ بوو؟ منیش بەسەر هاتی ئەو بوخچەیەم بۆ گێڕایەوە کە لەسەر پشتی گایەك لە دۆڵەکەی گوندی ولاغ داش دەستم کەوتبوو.

هێزەکەی ئێمە لە کاتژمێر سێی بەرەبەیانی ڕێککەوتی ١٩٤٧/٦/١٢ دەستیان بە پەڕینەوە کرد. هێزەکەمان نیوەی پەڕیبووەوە و نیوەی لەوبەری ڕووبار مابوو، کاتێک بینیمان هێزێکی سوپای ئێران بەرەو ڕووی هێزەکەی ئەوبەرمان دێ و دەستیان بە تەقەکرد. هێزەکەی ئێمە وەڵامیان دانەوە و دوژمنیان ناچارکرد ڕابکەن و دواتر پەڕینەوە. سەرۆک گوتی: بزانن کەسمان لێ بەجێ نەماوە. میرزا ئاغا هاتە لای سەرۆک بارزانی و گوتی پێشمەرگەیەکمان لێ بەجێماوە ناوی محەمەد مەلا محەمەد مێرگەسۆرییە و گوتی: کەس نەیدیوە لەکاتی پەڕینەوەمان دوژمن پێکابێتی. هەندێک لە پێشمەرگەکان گوتیان ئێمە لێرە دەمێنینەوە، تا کەمێک ڕووناک دادێت، بەڵکو بیدۆزینەوە، بەڵام سەرۆک ڕازی نەبوو و گوتی: لەم دەشتە ئەگەر بە

فڕۆکە بۆمبارانمان بکەن زیانمان زۆر دەبێ. دواتر ئێمە چووین بۆ گوندی هاسون و کاتژمێر حەفتی بەیانی گەیشتینە ئەوێ کە گوندێکی عەشیرەتی جەلالی بوو لە نزیک شاری ماکۆ، کەچی گوندەکە چۆڵ بوو و خەڵکی گوند هەموویان ڕایانکردبوو. کاتێک چووینە گوندەکە هێزی مامەند مەسیح و هێزی مستەفا جانگیر هەموویان لە گوندی هاسونێ بوون. ئەوان تەنیا دوو برینداریان هەبوو (لاوکۆی کوڕی مامەند و جادری برازای مستەفا جانگیر)، بەڵام برینەکەیان سەخت نەبوو. زیانی ئێمە لە شەڕی سێ شەو و سێ ڕۆژەی چیای سۆز و سهێلێ لەبەرانبەر سوپای ئێران تەنیا یەک شەهید بوو، ئەویش (شەهید حاجی گوێزی) بوو لەگەڵ دوو بریندار ئەوانیش (مەل محەمەد ئەمین لێری وساڵح لێری) و محەمەد مەلامحەمەد مێرگەسۆری کە لەسەر ڕووبار لێدرابوو و چارەنووسی نادیار بوو. کاتێک چووین بۆ گوندی هاسونێ ساڵح لێری و مەل محەمەد ئەمین لە ژێر براوێک دانرابوون. فڕۆکە جەنگییەکانی ئێران ئێمەیان بۆمباران کرد و هەردوو برینداره‌کەمان شەهید بوون. ئێمە لەودیو گوندی هاسونێ تەرمەکانیانمان لەژێر شاخێک دانا و خەرەبەردێکمان دروست کرد، بەو ئومێدەی خەڵکی گوند هاسونی تەرمەکانیان بنێژن. زیانی حکومەتی ئێران لەم شەڕەدا ئێجگار زۆر بوو، ٢٧١ سەرباز و ئەفسەریان لێ کوژرا و ١٨٠ کەسیشیان بەدیل گیران و فڕۆکەیەکیش خرایە خوارەوە و چەک و فیشەکێکی زۆریشیان بەجێهێشتبوو.

عومەر ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی جەلالی هات و لە هاسونێ کە گوندی خۆیی بوو، پێشوازی لە سەرۆک بارزانی کرد.

### خیانەتی عومەر ئاغای جەلالی

دوای شەڕی گوندی هاسونێ، لە ڕێکەوتی ١٩٤٧/٦/١٣ چووینە ناو ڕەوەندی عەشیرەتی جەلالیەکان و عومەر ئاغای سەرۆکی عەشیرەتەکەشمان

لەگەڵ بوو. کوێستانی جەلالیەکان لەسەر سنووری یەکێتی سۆڤیەت بوو لە نزیک سنووری تورکیا. لەوێ عومەر ئاغای جەلالی بە سەرۆک بارزانی گوت ئێوە کە لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٤٧ هاتنە گوندی نوری بەگی بەگزادە و لەوێ لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکان کۆبوونەوە گوتتان دەتوانین بچینە ناوچەی ماکۆ و لەوێ دووبارە دەست بە شۆڕش بکەینەوە. ئێستا ئێمە لە ناوچەی ماکۆین و دەتوانین دەست بە شۆڕش بکەین و ئێمەش وەکو عەشیرەتی جەلالی بە هەموو شێوەیەک و بە ڕۆح و بە گیان هاوکار دەبین. هەروەها عومەر ئاغا بە سەرۆک بارزانی دەڵێت ئەگەر شەش ساڵ شۆڕش بکەین و گۆشتی مەڕ و بزن بخۆین هێشتا لێمان نابڕێت، هەروەها لە سنووری یەکێتی سۆڤیەت نزیکین، بەڵکو ئەوان یارمەتیمان بدەن. سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی بە قسەکانی عومەر ئاغای جەلالی باوەڕ دەکات و دەڵێ زۆرباشە لێرە لە ماکۆ دەستپێدەکەینەوە. کاتێک کە شەو هات ماڵە ڕەوەندەکانی عەشیرەتی جەلالی دەستیان بە خۆکۆکردنەوە و بارکردن کرد کە ئێمە لێمان پرسین بۆ باردەکەن، گوتیان دەچینە ناوچەکانی نزیک ماکۆ، تا ئەگەر شەڕ دەستپێکرد بتوانین یارمەتی پێشکەشی پێشمەرگە بکەین لە دژی دوژمن، کەچی دواتر هاووڵاتییەک هاتە لای سەرۆک بارزانی و پێی گوت فریای خۆتان بکەون تا دەستگیر نەکراون، چونکە عومەر ئاغا خیانەتتان لێ دەکات و دەیەوێ سوپای ئێران پێشتان لێ بگرێ و لە پشتەوە لێتان بدەن. لەوکاتەدا عومەر ئاغا لای سەرۆک نەبوو، چووبوو پیاوانی عەشیرەتەکەی کۆبکاتەوە گوایە لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لە ماکۆ بەشداربێ.

ئێمە دەستبەجێ دەستمان کرد بە ڕۆیشتن بەرەو سنووری یەکێتی سۆڤیەت بەر لەوەی سوپای ئێران پێشمان پێ بگرێ. پاشان چووین بۆ گوندی سوکتیل و لە ڕێکەوتی ١٩٤٧/٦/١٥ گەیشتینە ئەو گوندە کە لە

ڕووبـاری ئـاراس نزیـک بـوو، بـەڵام گوندەکـە کـەسی لـێ نەبـوو و خەڵکـی گوندەکـە هەموویـان ئاژەڵداربـوون و چوبوونـە کوێسـتانەکان، ئـەم گونـدەش هـەر هـی عەشـیرەتی جەلالییـەکان بـوو. لـە گونـدی سـوکتیل مـەلا مسـتەفا بـارزانی بـە میرحـاج ئەحمـەد ئاکرەیـی دەڵێـت، بچێـت و لـە ڕووبـاری ئـاراس بپەڕێتـەوە و لەگـەڵ کاربەدەسـتانی مەخفـەری یەکێتـی سـۆڤیەت بدوێـت و پێیـان بڵێـت کـە مـەلا مستەفا بـارزانی خـۆی و هێزێکـی پێشـمەرگە لـە گونـدی سـوکتیلن و دەیـەوێ بـە پەناهەندەیـی بێنـە خاکـی سـۆڤیەت.

میرحـاج ئەحمـەد ئاکرەیـی لەگـەڵ ئـەم هەڤاڵانـە (حاجـی حەیـدەر ئەرگـۆشی، خەلیـل ئیبراهیـم ئەرگـۆشی، داوود یوخانـە (لاوکـۆ)) دەچـن و لـە ڕووبـاری ئـاراس دەپەڕنـەوە و دەچنـە لای کاربەدەسـتانی مەخفەرەکـەی یەکێتـی سـۆڤیەت لەگوندێـک کـە نـاوی (سراجلـو) بـوو و بەرپرسـەکەیان تـێ دەگەیەنـن و داوود یوخانـە لەبەرئـەوەی کەمێـک ڕووسی دەزانی ئـەو کاری وەرگێڕانەکـەی لەنێـوان میرحـاج و ڕووسـەکان کردبـوو، ئەمـە لـە ڕێکـەوتی ١٩٤٧/٦/١٦ ڕوویـدا.

کاربەدەسـتانی مەخفەرەکـەی یەکێتـی سـۆڤیەت بـە میرحـاج ئەحمـەد ئاکرەیـی دەڵێـن ئێـوە بگەڕێنـەوە و ئێمـەش برووسـکە بـۆ باکـۆ و مۆسـکۆ دەکەیـن و بـە بـارزانی بڵێـن کـە هەواڵەکـە هەرچییـەک بێـت ئێمـە ئـاگاداری دەکەینـەوە. میرحـاج و هەڤاڵـەکانی گەڕانـەوە و بـە سـەرۆکیان گـوت، دەبـێ چاوەڕوانی کاربەدەسـتانی مەخفـەر بکەیـن تاکـو هەواڵێکمان پـێ دەدەن. کاتێک میرحـاج و هەڤاڵـەکانی گەڕانـەوە پێیـان گوتیـن، ئـاوی ڕووباری ئـاراس زۆر زۆرە و ئـەوەی مەلـەوان نەبـێ زۆر زەحمەتـە بتوانـێ لـە ڕووبارەکـە بپەڕێتـەوە و هیـچ پردێکیـش لـەوێ نییـە تـا بەسـەریدا بپەڕێنـەوە.

لـە گونـدی سـوکتیل ئێمـە لـە چاوەڕوانی هەواڵـی کاربەدەسـتانی یەکێتـی سـۆڤیەت دابوویـن و فڕۆکـەکانی ئێرانیـش بـێ ویژدانانـە بۆمبارانیـان دەکردیـن و ئێمـەش خۆمـان لەنـاو دار و بـەردی ناوچەکـە شـاردبووەوە. هەروەهـا

ئاگاداریش کراینەوە کە سوپای ئێران خەریکە لە دوو بەرە هێرش دێنێ و لە گوندی سوکتیل گەمارۆمان دەدەن کە دوا گوندی کوردستانی ئێران بوو لەسەر سنووری سۆڤیەت و تورکیا لە نزیک ڕووباری ئاراس. ڕووباری ئاراس تەنیا سێ کاتژمێر بە پێ ڕۆیشتن لە ئێمە دووربوو. ئێمە ماوەی چوار ڕۆژبوو هیچمان نەخواردبوو، سەرۆک مەلا مستەفا بانگی شێخ سلێمان شێخ عەبدولسەلامی کرد و کە دووبارە بچێتەوە مەخفەرەکەی یەکێتی سۆڤیەت و بزانێ چ هەواڵێک هەیە. کاتێک شێخ سلێمان گەیشتبووە ئەوێ، ئەوان پێیان گوتبوو دەتوانن بێنە سەر خاکی یەکێتی سۆڤیەت.

ئێمە لە ڕێکەوتی ١٩٤٧/٦/١٧ لە گوندی سوکتیل کەوتینە ڕێ، تا لە ڕووباری ئاراس بپەڕینەوە و بچینە سەر خاکی یەکێتی سۆڤیەت. من هەرچەند مەلەوانێکی باشیش بووم، بەڵام دارێکی خانووم لەگەڵ خۆم برد، بەڵکو یارمەتی دەرم بێ بۆ پەڕینەوەم لە ڕووباری ئاراس، چونکە زۆرم برسی بوو و دەترسام لەبرسان نەتوانم مەلەوانی بکەم. هەڤاڵەکانم پێم پێدەکەنین و دەیانگوت بە سکی برسی ئەو دارە گەورەیەت بۆ هەڵگرتووە، منیش گوتم تا لە ڕووباری ئاراس پێی بپەڕمەوە. هەڤاڵەکانم کەسیان یارمەتییان نەدام بۆ هەڵگرتنی دارەکە، تەنیا حسێن محەمەد چیچۆ نەبێ کە ماوەی چارەکە سعاتێک بۆی هەڵگرتم و دواتر دایەوە بە من. کاتێک گەیشتینە سەر ڕووباری ئاراس، سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی دوو دانە قەسپی دا بە هەر پێشمەرگەیەک، ئینجا دەستمان بە پەڕینەوە کرد لە ڕووباری ئاراس. دوو هەڤاڵی ئێمە خەریک بوو بخنکێن، بەڵام سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی ئەوانی ڕزگارکرد. ئەو دارەی کە من لەگەڵ خۆم بردبوو، زۆرمان سوود لێبینی، چونکە چەند پێشمەرگەیەک لەگەڵ پێشمەرگەیەکی مەلەوان دەپەڕینەوە و دواتر مەلەوانەکە دارەکەی دەهێنایەوە و دەگەڕایەوە. سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی گوتی: ئافەرین بۆ عەزیز قازی کە ئەم دارەی لەم

ڕێـگا دووره هێنـا لەگـەڵ خـۆی و سـەرۆک بـارزانی بانگـی منـی کـرد و گوتـی عەزیـز قـازی زۆر سوپاسـت دەکـەم.

# بەندی شەشەم
# پەڕینەوە لە چۆمی ئاراس و ژیانی پەناهەندەیی لە وڵاتی یەکێتی سۆڤیەتدا (١٩٤٧-١٩٥٩)

## دوازدە ساڵ پەناهەندەیی لە وڵاتی یەکێتی سۆڤیەت (١٩٤٧-١٩٥٩)

لە ڕێکەوتی ١٧-١٨ ی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٧ ئێمە بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی لە ڕووباری ئاراس ڕزگارمان بوو و لە ڕێکەوتی ١٩٤٧/٦/١٩ پاش ٢٦ ڕۆژ ڕێکردن و شەڕ و برسێتی و نەهامەتی چووینە شاری نەخشیوان لە وڵاتی یەکێتی سۆڤیەت. سەرەتا ئێمەیان برد بۆ سەربازگەی سوپای یەکێتی سۆڤیەت لە شاری نەخشیوانی و بۆ نانی نیوەڕۆ شۆربایەکی ڕوون و سەمونێکیان پێ داین. لەوێ سەرۆک مەلا مستەفا بارزانیان لە ئێمە جیا کردەوە و نەمانزانی چی بەسەرهات. ئێمەشیان لە شاری نەخشیوان بردە دەرەوە و بردینیان بۆ سەر ڕووبارێک کە ٣ کاتژمێر بە ئۆتۆمبێل لە شاری نەخشیوان دوورە. ئێمەیان لەوێ دانا و هێزێکی سوپای خۆیان هێنا و نەیاندەهێشت نە کەس بێتە لامان و نە هاتوچۆی کەس بکەین، ئێمە بەو جێگایەمان دەگوت ئۆردوگا یان سەربازگە. ئێمەیان بۆ ماوەی (٤٠) ڕۆژ لەوێ دانا. بەو شوێنەیان دەگوت کەرەنتین و ئێمەیان لەوێ دانابوو تا دڵنیابن لەوەی کە هیچ جۆرە نەخۆشییێکمان نییە. لەماوەی ئەم ٤٠ ڕۆژەدا تەنانەت پێخەفێکیشمان پێ نەدرا و بەو مانگی تەموزە لەبەر هەتاو دایاننابووین و چەند دارێک لەو شوێنە بوون کە خۆمان لەژێری دەحەواندەوە. ڕۆژانە ٨٠٠ گرام سەمونی ڕەشو بۆ نیوەڕۆش کەمێک شۆربای ڕوونیان دەداینێ. ڕێکەوتی ٦/١٩ ئێمەیان بردە ئەوێ و ڕێکەوتی ١٩٤٧/٦/٢٠ هەموو جلوبەرگەکانیان بە ئێمە داکەند لەناو ئۆتۆمبێلێکی کەرەنتینیان دانا بۆئەوەی تەواوی زیندەوەرەکان کە لە جلوبەرگی ئێمە دابوون، بمرن. هەروەها ئێمەشیان بردە سەر ڕووبار و سابونی ئەسپەنیکییان پێدایـن تا خۆمانی پێ بشۆین و لەو ماوەیەدا دوو جار سینەمایان پێشانی ئێمە دا. بارودۆخمان هەتا بڵێی ناخۆش بوو بەتایبەتی بە ڕۆژ، چونکە لە ژێر هەتا و لەسەر زەوییێکی ڕەق و گەرم دادەنیشتین. لەو کاتەدا جەعفەر باقرۆف سەرۆک کۆماری ئازەربایجانی یەکێتی سۆڤیەت بوو، خۆی کابرایەکی تورکمان بوو و بەقسەی حکومەتی

تورکیا خزمەتی ئێمەیان نەدەکرد و دژی ئێمە و سەرۆکەکەمان بوون.

ئێمە ٤٠ ڕۆژ بەمجۆرە لەوێ ماینەوە و چەند جارێک مانمان لە خواردن گرت و بە کاربەدەستانی نەخشیوانیمان گوت پێمان خۆشە بزانین مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی ئێمە چی بەسەر هاتووە، بەڵام وەڵامیان نەدەدایەوە و پێیان نەدەگوتین لەکوێیە. ئەو کات ئێمە زمانی ڕووسی و تورکی (ئازەری)مان نەدەزانی، تەنیا برادەرێکمان هەبوو کە ناوی داوود یوخەنا بوو و ئەرمەنیی ئێران بوو، ئەو زمانی ڕووسی و ئازەری دەزانی، چونکە لە ساڵانی (١٩٤١-١٩٤٦) لەگەڵ ڕووسەکان کاری کردبوو. دوای ٤٠ ڕۆژ مانەوەمان لەوێ ڕۆژێکیان سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی لە شاری نەخشیوانی لەگەڵ چەند کاربەدەستێکی یەکێتی سۆڤیەت هاتە لامان و نیو کاتژمێر لامان مایەوە و پێی گوتین: ئێوە دەگوێزنەوە شوێنێکی دیکە. ئینجا کاربەدەستەکان سەرۆکیان لەگەڵ خۆیان بردەوە بۆ نەخشیوان و لەکاتی ماڵاوایی سەرۆک گوتی ان شاالله بەم زووانە یەکتر دەبینینەوە.

لە ڕێکەوتی ١٩٤٧/٦/١٨ گەیشتینە وڵاتی یەکێتی سۆڤیەت و لە ڕێکەوتی ١٩٤٧/٦/١٩ لە ئێزگەی بەریتانیا بیستمان کە چوار ئەفسەرەکەی لێژنەی ئازادی، ئەوانەی خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراق کردبووەوە لە ڕێکەوتی ١٩٤٧/٦/١٩ حکومەتی عێراق لە سێدارەی دابوون. ئێمە یادی ئەوانمان کردەوە و هەموومان ئارەزووی ئەوەمان دەکرد لەگەڵ ئێمە بهاتبانە یەکێتی سۆڤیەت و خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراق نەکردبا. تەنانەت سەرۆک بارزانی داوای لێکردن و پێی گوتن کە خۆتان ڕادەستی حکومەتی عێراق مەکەن، چونکە دەتانکوژن و پێی گوتن وەکو هەموو هەڤاڵەکانی دیکە بەیەکەوە دەچینە یەکێتی سۆڤیەت، بەڵام بەداخەوە ئەوان بڕیاریاندا خۆیان ڕادەست بکەن.

## گواستنەوەمان بۆ ناوچەیەکی دیکەی کۆماری ئازەربایجانی یەکێتی سۆڤیەت

دوای ئەوەی ماوەی ٤٠ ڕۆژ لە سەربازگەی ناوچەی نەخشیوان ماینەوە و پاش سەردانەکەی سەرۆک بارزانی کە پێی گوتین لێرە دەتانگوازینە شوێنێکی دیکە. ڕێکەوتی ١٩٤٧/٧/١٣ ئێمەیان لە سەربازگەکە گواستەوە، تا ڕێگای ئۆتۆمبێل هەبوو بە ئۆتۆمبێل بردینیان و پاشان دوو ڕۆژ بە پێ ڕۆیشتین و ئێمەیان دابەشی سەر چوار ناوچەی کۆماری ئازەربایجانی یەکێتی سۆڤیەت کرد. دواتر زانیمان کە براوینەتە ئەو ناوچانە:

١- ناوچەی ئاغدام

٢- ناوچەی ئابولاغ

٣- ناوچەی لاچین

٤- ناوچەی کەلبەجەر

سەد و بیست کەسیان لە ئێمە برد بۆ ناوچەی کەلبەجەر و ئێمەیان بەسەر ماڵەکان دابەشکرد و هەر ماڵێک دوو کەسی بەرکەوت. بەیانی ڕۆژی ١٩٤٧/٧/١٧ ئێمەیان لە مەخفەری پۆلیسی شاری کەلبەجەر کۆکردەوە و لەوێ دووبارە ناویان تۆمارکردینەوە. دواتر هەر چوار پێنج کەسێکیان بەیەکەوە دەنارد بۆ جێگایەک، بەبێ ئەوەی کەس بزانێ بۆ کوێمان دەنێرن. ئێمە پێنج کەس بووین بردیانین بۆ گوندێک کە زۆر دوور نەبوو لە شاری کەلبەجەر. پێنج کەسەکە ئەمانە بووین: (١- ساڵح کانیەلنجی ٢- عەزیز قازی سورچی ٣- غەزالی ئیبراهیم چەمی ٤- حسێن محەمەد چیچو کانیەلنجی ٥- مفردی خانو کانیەلنجی). ئێمە گەیشتینە گوند و خەڵکی هاتبوونە سەر ڕێگامان بۆ بینینمان. کچێک کە تەمەنی بیست ساڵان دەبوو، دەستی منی گرت و گوتی: من ئەو (قورمزییە)، واتە ئەو سورە بۆ خۆم دەبەم، بەڵام

ئـەو پۆلیسـەی ئێمـەی بردبـووە گوندەکـە بـە کچەکـەی گـوت بـەری بـدە، چونکـە دەبـێ ئەمانـە هـەر پێنجییـان بەیەکـەوە بـن و دواتـر کچەکـە ناچاربـوو دەسـتی مـن بەربـدا. شـەوی ١٨/١٧-٧-١٩٤٧ هـەر پێنجـمان بەیەکـەوە لـە ماڵـی کوێخـای گونـد خەوتیـن، ئینجـا خانووێکیـان بـۆ ئێمـە چۆڵکـرد، تـا تێیـدا بژیـن. خەڵکـی گوندەکـە ئـازەری و ئەرمـەن بـوون. بەیـانی ڕۆژی ١٩٤٧/٧/١٨ کوێخـای گونـد هـات و ئێمـەی بـردە دەرەوەی گوندەکـە، هەندێـک خەڵـک لـەوێ بـوون خەریکـی جـۆ دووریـن بـوون، کوێخـا گوتـی: ئێـوەش پێویسـتە وەکـو ئـەو خەڵکـە کار بـۆ حکومـەتی ناوچەکـە بکـەن و هەمـوو ڕۆژێـک کاتژمێـر ٧ بەیـانی بێنـە سـەر کار تـا کاتژمێـر ٧ ئێـوارە، واتـە دەبووایـە ١١ کاتژمێـر بـە نـان و سـک ئیـش بکەیـن و ڕۆژێ ٣ ئەسـتورکیان بـە ئێمـە دەدا، یەکیـان بـۆ بەیـانی و یەکیـان بـۆ نیـوەڕۆ و ئـەوەی دیکەشـیان بـۆ ئێـوارە، جارجاریـش ماسـت یـان پەنیریـان دەدایـنێ، بـەڵام زۆر بـە کەمـی.

ئێمـە دەچوویـن کارمـان دەکـرد و ئیـش و کاری خەڵکـی ئـەو گونـدە و ئەوانـەی دیکـەش پێـی دەگوتـرا (کەلخـوز) کـە بریتـی بـوو لـەوەی خەڵکـی یەکێتـی سـۆڤیەت کەسـییان خـاوەنی زەویـوزار نەبـوون و حکومـەت دەسـتی بەسـەر هەمـوو زەویوزارەکانـدا گرتبـوو، خەڵکـی گوندێـک یـان دوو گونـد بەیەکـەوە زەویەکانیـان بەکـرێ لـە حکومـەت دەگرنـەوە و خۆیـان کشـتوکاڵ دەکـەن. دواتـر لـە داهـاتی کشـتوکاڵ بـەشی حکومـەت دەدەن و خەرجیـی قوتابخانـە و مامۆسـتای قوتابخانـە لـە لایـەن خەڵکـی گوندەکانـەوە دابیـن دەکـرێ و لەبـری زەوی و ئـاو پـارە دەدەنـە حکومـەت، ئەمـەش پێـی دەگوتـرێ (کەلخـوز). لـەوێ هەمـوو ڕۆژێـک کـە خەڵـک دەچـێ بـۆ ئیـش بۆیـان دیاردەکـرێ کـە چەنـد ئیـش بکـەن و لەبەرانبەریـش شـتیان وەردەگـرت، بـەڵام هیچیـان نـەدەدا ئێمـە، بۆیـە ئێمـە بـەردەوام برسـیمان بـوو. دەچووینـە ئیـش و بەیـانی سـتورکێکمان دەخـوارد و نیـوەڕۆش ئـەوەی دیکـە. من و حسـێن محەمەد

چیچـۆ کانیەلنجـی پێکـەوە دەچووینـە جێگایەکـی دوور دروێنەمـان دەکـرد بـۆ ئـاژەڵان بـۆ زسـتان. حسـێن پێـش ئـەوەی بگەینـە ئـەو شـوێنەی ئیشـمان لـێ دەکـرد سـتورکەکەی نیـوەڕۆشی دەخـوارد. چەنـد کچێکیـش کاریـان لەگـەڵ ئێمـە دەکـرد و لـەکاتی ئیشـکردن دەیگـوت مـن ناتوانـم ئیـش بکـەم، ئینجـا کچـەکان گاڵتەیـان بـە حسـێن محەمـەد چیچـۆ دەکـرد و ئەویـش تـوڕە دەبـوو.

### گواستنەوەی من و غەزالی ئیبراهیم چەمی بۆ کەلخوزێکی دیکە

دوای مانگێـک مانەوەمـان لـە گوندەکـە، ئینجـا پۆلیسـێک لـە شـاری کەلبەجـەر هـات بـۆ لامـان کـە ئێمـە ژمارەمـان پێنـج کـەس بـوو. پۆلیسـەکە گوتـی پێویسـتە دوو لـە ئێـوە بچـن بـۆ گوندێکـی دیکـە، کامەتـان دەتانـەوێ بـە ئـارەزووی خۆتـان ئـەو کارە بکـەن، ئەگـەر نـا مـن دەسـتی دوو کەسـتان دەگـرم و دەڵێـم دەبـێ ئـەو دووەتـان بـڕۆن بـۆ گوندێکـی دیکـە. مـن گوتـم مـن دەچـم و دواییـش غەزالـی ئیبراهیـم چەمیـش گوتـی منیـش لەگـەڵ عەزیـز قازی دەچـم. پۆلیـس ڕێـگای نیشـانی ئێمـە دا، تـا بچینـە گوندەکـە. ئـەو گونـدەی کـە بـۆی دەچوویـن زۆر دوور نەبـوو لـەو گونـدەی کـە ئێمـەی لێبوویـن. پۆلیسـەکە خـۆی لەگەڵـمان نەهـات و گوتـی: لـەوێ چـاوەڕوانی ئێـوە دەکـەن تـا دەگـەن. گەیشـتینە گوندەکـە و لـەوێ دوو ئافـرەت پێشـوازییان لـە ئێمـە کـرد و ئێمـە لەسـەر زەوییێکـی ڕەق دانیشـتین بەبـێ ئـەوەی هیچـمان بـۆ ڕابخـەن. یەکێـک لـەو دوو ئافرەتـە کـوردی وڵاتی ئازەربایجـان بـوو، ژنەکـەی دیکـەش لێپـرسراوی گوندەکـە بـوو کـە پێیـان دەگـوت ڕەیـس کەلخـۆز و پیرەژنێکـی ئەرمـەنی تەمـەن ٧٧ سـاڵ بـوو. ئافرەتـە کوردەکـە بـۆ وەرگێـڕان هاتبـوو تـا لـە نێـوان ئـازەری و کـوردی قسـەکانی ئێمـە وەربگێـڕێ، چونکـە ئێمـە هێشـتا فێـری زمـانی ئـازەری نەبوویـن. سـەرەتا ئافرەتـە کوردەکـە چەنـد پرسـیارێکی لـە مـن کـرد، بـەڵام شـێوەزارە کوردییەکـەی زۆر جیاوازبـوو لـە شـێوەزاری کوردیـی سـۆرانی:

- یەکـەم پرسـیار بـە شـێوەزاری خـۆی گوتـی (چـما وریـا و شـاون)، واتـە بۆچـی هاتوونەتـە ئێـرە مەبەسـتی یەکێتـی سـۆڤیەت بـوو. مـن وەڵامیـم دایـەوە و پێـم گـوت ئێمـەی کـورد شۆڕشـێکمان لـە کوردسـتانی عێـراق دەسـتپێکرد، بۆئـەوەی گـەلی کوردمـان وەک تـەواوی گـەلانی جیهـان ببێتـە خـاوەنی نیشـتیمانی خـۆی و لەژێـر زوڵمـی بێگانـە و دوژمـن ڕزگارمـان بێـت.
- دووەمیـن پرسـیاری ئەمـە بـوو (چـما ئێـوە دیـا خوچتـان نەبـوو)، واتـە ئێـوە بـۆ دایکتـان نەبـوو. منیـش پێـم گـوت ئێمـە دایکـمان هەبـوو.
- پرسـیاری سـێیەم گوتـی: (پـەزێ وە تونەبـوو؟)، واتـە ئێـوە ئاژەڵتـان نەبـوو. مـن گوتـم بەڵـێ هەمانبـوو. ئینجـا کۆتایـی بـە پرسـیارە تایبەتـەکان هـات کـە ئافرەتـە کوردەکـە لـە منـی کـرد.

پیرەژنەکـە کـە سـەرۆکی کەلخۆزەکـە بـوو پێـی گوتیـن دەبـێ لـە کاتژمێر ٧ی بەیانییـەوە تـا ٨ی ئێـوارە کاربکـەن. ئێنجـا دوو سـتورک و هەندێـک ماسـتیان بـۆ هێنایـن یەکیـان بـۆ مـن و ئـەوەی دیکـەش بـۆ غەزالـی، بـەڵام چایـان نەداینـێ. مـن سـتورکەکەی خـۆم بـە ماسـت خـوارد و تـەواوم کـرد، بـەڵام غەزالـی شـەرمی دەکـرد و تەنیـا نیـو سـتورکی پـێ خـورا، ئینجـا مـن نیـو سـتورکەکەی ئەویشـم خـوارد. پیرەژنەکـە کـە ئەمـەی بینـی، گوتـی مـن غەزالیـم نـاوێ و ئـەو دەبـێ بگەڕێتـەوە ئـەو گونـدەی کـە لێیـەوە هاتـووە، ئـەو وای بیردەکـردەوە غەزالـی ئەگـەر نەتوانـێ نـان بخـوا، چـۆن کاری پـێ دەکـرێ. مـن گوتـم غەزالـی شـەرم دەکات، بـەڵام ئیشـکەرێکی باشـە و ئێمـە کاری باشـت بـۆ دەکەیـن و گلەییـت لـە ئێمـە نابـێ، کەچـی ژنەکـە ڕازی نەبـوو و گوتـی دەبێـت غەزالـی بـڕوات. منیـش گوتـم ئەگـەر ئـەو بـڕوات، ئـەوا منیـش لەگـەڵ ئـەو دەڕۆم.

لـە ڕێـگای گەڕانەوەمانـدا چەنـد کچێـک ڕێگایـان لـە ئێمـە گـرت تـا گاڵتەمان پـێ بکـەن، مـن بـە کچەکانـم گـوت غەزالـی بگـرن و مـن خـۆم کـردە لای کچـەکان، غەزالـی ڕایکـرد و نەیانتوانی بیگـرن و منیـش لەلایەکـی دیکـە ڕامکـرد

و نەیانتوانی منیش بگرن. کاتێک گەیشتینەوە لای ساڵح عەلی کانیەلنجی و ئەوانی دیکە، پۆلیسەکە هێشتا لەوێ بوو و منیش بۆم گێڕایەوە کە بۆچی هاتووینەتەوە هەمان گوند. ڕۆژی دواتر پۆلیسەکە هات و ئێمە بردەوە گوندی پیرەژنەکە و پێی گوت ئەمانە لەم گوندە کاردەکەن و هەر کارێکیان بەسەر بێ، ئەوا تۆ بەرانبەر حکومەت بەرپرسیاری، ئەوکات ژنەکە ڕازی بوو ئێمە لەوێ بین و ئیشیان بۆ بکەین.

ژنەکە ئێمەی بردە ماڵی خۆی، تا ئەوکاتەی خانووێکمان بۆ پەیدا دەکەن لێی بژین. پیرەژنەکە پیرەمێردێکی وەک خۆی هەبوو لەگەڵ ٢ کچ کە تەمەنیان ١٨ ساڵ و ٢٠ ساڵ دەبوو. بۆ خەوتنی شەوێ جێگایان بۆ هەموومان لە دەرەوە ڕاخست، پیرەمێردەکە لەدەستی چەپەوە خەوت و پیرەژنەکە لە تەنیشت ئەو و کچە بچووکەکە لە تەنیشت دایکی و گەورەکەش لە تەنیشت بچووکەکە، من بە غەزالیم گوت، ئەویش لە تەنیش کچە گەورەکە بخەوێ، بەڵام غەزالی قایل نەبوو، بۆیە من لە تەنیشتی خەوتم و غەزالیش لە تەنیشت من. جاری وا هەبوو من دەکەوتمە نێوان هەردوو کچەکە کە بەیانی هەڵدەستاینەوە لای دایکی شکایەتمان لەیەک دەکرد، ئەوان دەیانگوت عەزیز نایەڵێ ئێمە بخەوین و منیش دەمگوت ئەوان نایەڵن من بخەوم. هۆکاری ئەوەی ئێمە هەموومان بەیەکەوە دەخەوتین ئەوەبوو ماڵەکە زۆر دەستکورت و هەژار بوون و پێخەویان نەبوو بۆ هەموومان. ئێمە دە ڕۆژێک بەو شێوەیە ماینەوە و دواتر من بە ژنەکەم گوت، ئێمە ناتوانین بەمشێوەیە بژین، یان خانووێکمان بدەنێ تا تێیدا بژین، یان دەگەڕێینەوە ئەو گوندەی پێشتر لێی هاتینە ئێرە. دوای ئەم قسانە خانووێکیان بۆ پەیدا کردین و دایانە ئێمە.

ئەو خانووەی دابوویانە ئێمە دوو گای تێدابوون، ڕۆژێک لەوێ دەبوون و ڕۆژێکیش دەیانبردن، ئێمەش لەوێ دەژیاین. ژنەکە پێی گوتین ئەگەر

بـۆ زسـتان لێـرە بمێننـەوە ئـەوا چاودێریکـردنی ئـەو دوو گایـە لـە ئەسـتۆی ئێـوە دەبێـت. ئێمـە مـاوەی دوو مانـگ لـەوێ بوویـن و ئیشـمان کـرد، پیرەژنەکـە زۆر لێـمان ڕازی بـوو. بەپـارەی کەلخوزەکەیـان جلوبەرگـی دەسـتوری خۆیـان دایـە ئێمـە و ئاردیـان دەداینـێ تـا بیکەینـە نـان و جارجـارەش ماسـت و پەنیریـان دەداینـێ.

### گواسـتنەوەمان لـە ناوچـەی کەلبەجـور بـۆ پارێـزگای بـەردە لـە کۆمـاری ئازەربایجـان

لـە مانگـی تشرینـی دووەمـی سـاڵی ١٩٤٧ ئێمـە ئەوانـەی لـە ناوچـەی کەلبەجـور بوویـن گواسـترانەوە ناوچـەی پارێـزگای (بـەردە) لـە کۆمـاری ئازەربایجـان و ١١ کـەس بەیەکـەوە ناردرایـن بـۆ ئـەو پارێزگایـە، ئەوانیـش خەریکـی کشـتوکاڵ بـوون و بەزۆریـش لۆکەیـان دەچانـد، ئەوانـەی ناردراینـە یـەک گونـد ئەمانـە بـوون:

١- ساڵح عەلی کانیەلنجی

٢- محەمەد مستەفا مەلا کانیەلنجی

٣- حسێن محەمەد چیچۆ کانیەلنجی

٤- حەسۆ مەلکۆ کانیەلنجی

٥- خۆشەوی مەلا کانیەلنجی

٦- غەزالی ئیبراهیم ئاغا چەمی

٧- عەبدوڵا جاسم جاسم خێرزۆکی

٨- عەزیز قازی سورچی

٩- عیسا محەمەد کانیەلنجی

١٠- مفردی خانۆ کانیەلنجی

١١- حسێن کورانی

ئەوانـە هەموویـان بـە عەشـیرەت شـێروانی بـوون، تەنیـا مـن نەبـێ کـە سـورچی سـۆران بـووم.

ئێمـە دەسـتمان بـە ئیـش کـرد و حکومەتیـش ئـارد و برنـج و ڕوون و شـەکر و چـای دەداینـێ. مـاوەی مانگێـک لـەوێ بوویـن و دواتـر ئێمـە ئەوانـەی لـەو ناوچەیـە بوویـن کـە ژمارەمـان ١٢٠ کـەس بـوو، بانگیـان کردیـن بچینـە شـاری بـەردە و لـەوێ دووبـارە ناونووسـیان کردینـەوە و ناسـنامەی پەناهەندەییـان داینـێ و سـەر و قـاتی نوێـی شارنشینیشـییان پـێ دایـن، دواتـر ئێمـە کـە ١١ هەڤـاڵ بوویـن گەڕاینـەوە گوندەکـە. ئەمـە جـاری یەکـەم بـوو کـە هەموومـان بەیـەک شـادبووینەوە. هەروەهـا لـە شـاری بـەردە بیسـتمان کـە سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی لـە شـاری نەخشـیوان گواسـتراوەتەوە شـاری (شـوش) و سـاغ و سـەلامەتە و پێـش ئـەوەش گواسـترابووەوە بـۆ شـاری باکـۆی پایتەختـی کۆمـاری ئازەربایجـان. (سـەعید مـەلا عەبـدوڵا و زیـاد دری) کـە هەڤاڵـی ئێمـە بـوون گوازرابوونـەوە لای سـەرۆک بـارزانی تـا یارمـەتی بـدەن. هەروەهـا کاتێـک سـەرۆک بـارزانی دەچێتـە شـاری باکـۆ، ئینجـا شـێخ سلێمان شـێخ عەبدولسـەلام و عـەلی محەمـەد سـەید سـادق بارزانیـش دەچنـە لای سـەرۆک، پـاش ئەوانیـش میرحـاج ئەحمـەد ئاکرەیـی و ئەسـعەد خۆشـەویش دەچـن.

### کۆکردنەوەی هەموومان لە سەربازگەیەکدا

کاتێـک سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی بە یەکجـاری گواسـترایەوە شـاری باکۆ، لـەوێ دەچێتـە لای جەعفـەر باقرۆڤـی سـەرۆکی کۆمـاری ئازەربایجـان و پێـی دەڵێـت: ئێمـەی بـارزانی لـە وڵاتی خۆمـان نانمـان هەبـوو بیخۆیـن، بـەڵام ئێمـە کـە پەنامـان بـۆ وڵاتی یەکێتـی سـۆڤیەت هێنـاوە بـۆ ئەوەبـووە تـا یارمەتیـمان بـدەن و نەتـەوەی ئێمـەش وەکـو تـەواوی نەتـەوەکانی دونیـا ببێتـە خـاوەنی وڵاتی

خـۆی خاکـمان لـە دەسـتی داگیرکـەر و ئیسـتیعمار دەربهێنـن، بـەڵام ئێـوە لـە بـری ئـەوەی یارمەتیـمان بـدەن و پشـتگیریمان بکـەن، هەمـوو هەڤـاڵانی منتـان دوورخسـتۆتەوە و کەسـمان نازانیـن کـێ چـی بەسـەرهاتووە، ئـەوەش ئەوکارەیـە کـە کاربەدەسـتانی یەکێتـی سـۆڤیەت بەرانبـەر ئێمـە کردوویانـە. ئێمـە نازانیـن چ تاوانێکـمان کـردووە، ئێـوە بەمشـێوەیە ئێمەتـان نەفی کـردووە، هەروەها سـەرۆک بـە جەعفـەر باقـرۆف دەڵـێ ڕێگـەم بـدەن مـن خـۆم دەچـم و بـە کاربەدەسـتانی (کرملـن) دەڵێـم کـە چ تاوانێکـمان کـردووە، تـا وا دوور بخرێـن. باقـرۆڤ بـە سـەرۆک دەڵـێ: ئێمـە ناتوانیـن ڕێگەتـان پـێ بدەیـن بچنـە مۆسـکۆ، بـەڵام دەتوانـن نامەیـەک بنووسـن و داواکارییەکەتـان بخەنـەڕوو و ئێمـەش نامەکەتـان بـۆ مۆسـکۆ دەنێریـن، ئەگـەر ئـەوان ڕەزامەندییـان دەربـڕی، ئـەوا دەتنێریـن بـۆ مۆسـکۆ. دواتـر سـەرۆک مـەلا مستەفا بـارزانی نامەیـەک بـۆ سـتالین دەنووسـێ و دەیداتـە باقـرۆڤ تـا بینێرێـت بـۆ مۆسـکۆ، بـەڵام دواتـر زانـرا کـە باقـرۆڤ نامەکـەی پشـتگوێ خسـتووە و نەینـاردووە بـۆ مۆسـکۆ و ئەمـەشی بـە قسـەی کاربەدەسـتانی تـورک کردبـوو بـۆ دژایەتیکـردنی سـەرۆک بـارزانی و ئێمـە. دواتـر هەرچۆنێـک بـوو ئێمـە لـە ١٩٤٧/١٢/٣ هەمووومان لـە سـەربازگەیەک کۆکراینەوە کـە لەسـەر دەریـای ئەخـزەر بـوو لـە نزیـک باکـۆی کۆمـاری ئازەربایجـان. ئێمـە هەمووومـان لـەو سـەربازگەیەکە بەیـەک شـادبووینەوە، تەنیـا سـەرۆکمان نەبـێ کـە لـەوێ نەبـوو، بـەڵام دەمانـزانی سـەلامەتە و لـە شـاری باکۆیـە.

## دامەزراندنی بەتالیۆنێکی سەربازی بۆ بارزانییەکان

کاتێـک سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی و جەنـەڕاڵ ئاتاشـیۆڤ لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٧/١٢/٢٢ سـەردانی ئێمەیـان کـرد لـە سـەربازگەکە، ئینجـا بەتالیۆنێکیـان لـە ئێمـە (بارزانییـەکان) دروسـتکرد، ئەسـعەد خۆشـەوی سـێلکی مـزوری بـە ئامـر بەتالیـۆن هەڵبژێـردرا، ئەمانـەش بوونـە سـەر لقـی بەتالیۆنەکـەمـان:

١- محەمەد ئەمین میرخان مێرگەسۆری

٢- مامەند مەسیح

٣- مستەفا جانگیر مزوری

٤- سەعید وەلی بەگ

هەروەها لە لایەن یەکێتی سۆڤیەتیشەوە (مقەدەم کازمۆڤ) وەک ئامر بەتالیۆن دانرا و ئەم ئەفسەرانەش بوونە سەر لقی بەتالیۆنەکە: (١- عەبدوڵا قولیبۆڤ ٢- مارف مەرعانۆڤ ٣- کەریمۆڤ ٤- مەحموودۆڤ ٥- زینایۆڤ). ئەو ئەفسەرانە ئازەربایجانی بوون و مەشقی سەربازییان بە ئێمە دەکرد.

مقەدەم کازمۆڤ لە دەمی کۆماری کوردستاندا چەکی بەسەر هەرسێ بەتالیۆنەکەی بارزانیان دابەشکرد. لەکاتی کۆماری کوردستان بە مقەدەم کازمۆڤیان دەگوت (کاکۆ ئاغا)، هەر بۆیە دوای ئەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت بەتالیۆنێکییان بۆ ئێمە دامەزراند، حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت مقەدەم کازمۆڤی کردە ئامر بەتالیۆن، چونکە زۆربەی پێشمەرگەکانی دەناسی، بەتایبەتی سەر لقەکانمان. هەموو ڕۆژێک دوای نانی بەیانی بۆ مەشقی سەربازی لە سەربازگەکەمان دەچووینە دەرەوە تا کاتژمێر یەکی دوانیوەڕۆ، دواتر دەهاتینەوە سەربازگە و بۆ ماوەی دوو کاتژمێر پشوومان دەدا و دواتر دووبارە دەچووینەوە دەرەوەی سەربازگە و وەرزشمان دەکرد.

کاتێک بەتالیۆنەکە بە سەرکردایەتی سەرۆک بارزانی دامەزرا، ئینجا سەرۆک بانگی مقەدەم کازمۆڤی کرد و پێیگوت عەزیزی قازی دەناسییەوە، ئەوەی لە مهاباد گوتت منداڵە و هی چەک هەڵگرتن نییە و چەکت نەدایێ، وا دەبینی ئێستا لەگەڵمان هاتووەتە یەکێتی سۆڤیەت. مقەدەم کازمۆڤ هات و تەوقەیەکی لەگەڵ من کرد و گوتی: عەزیز ببورە لەوێ چەکم نەدایێ، بەڵام ئەوەتا لێرە چەکێکی برنەوی جوانم پێدای. ڕۆژێکیان

ئێمە نیشانمان لەناو دەریای ئەخزەر دانابوو بۆ مەشق، تا بزانین کامەمان دەتوانین نیشانەکە بشکێنین، سەرۆک مەلا مستەفا و مقەدەم کازمۆڤ لەلامان بوون. نیشانەکان کاغەز بوون و لەناو دەریای ئەخزەر دانرابوون و کاتێک ئێمە تەقەمان لە نیشانەکان دەکرد نەماندەزانی پێکاومانن یان نا کە تەماشای نیشانەکانمان کرد من نیشانەکەی خۆمم نەپێکابوو، ئەگەرچی لە نیشانە شکاندنیش باش بووم. مقەدەم کازمۆڤ پێی گوتم عەزیز قازی من دەمزانی ئێوە هی چەک هەڵگرتن نین، بۆیە لە مهاباد چەکم پێ نەدان. من گوتم ڕەنگە خەتای تفەنگەکەم بێ کە نەمتوانیوە نیشانەکە بپێکم، ئەوجارە کە مەشقمان کرد و نیشانەمان داناوە تۆ بە تفەنگەکەی من تەقە بکە. هەفتەیەک تێپەڕی و دووبارە نیشانەمان دانایاوە و ئەمجارەیان مقەدەم کازمۆڤ بە تفەنگەکەی تەقەی کرد و پێنج فیشەکی تەقاند بەبێ ئەوەی هیچیان بپێکێ، من بە تفەنگێکی دیکە تەقەم کرد و پێنج فیشەکم تەقاند هەر پێنجیانم لە نیشانەکە دا. دووبارە کازمۆڤ لەگەڵ سەرۆک بارزانی هاتنە لام و پێی گوتم ببورە خەتای تۆ نەبوو کە نیشانەکانت نەدەپێکا، خەتای تفەنگەکە بوو.

## دامەزراندنی سەرکردایەتیەکی سیاسی بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی

کاتێک سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی بە یەکجاری هاتە شاری باکۆی پایتەختی ئازەربایجان، لە ڕێکەوتی ١٩٤٨/١/١٩ لە شاری باکۆ لەگەڵ کوردانی کوردستانی عێراق و ئێران کۆبووەوە. لە یەکەمین کۆبوونەوەی گشتیدا بە سەرۆکایەتی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی و کوردانی عێراق و ئێران، ئەنجامی هەڵبژاردنەکە ئەمە بوو:

سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی بە سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی

هەڵبژێـردرا و ئەمانـەی خـوارەوەش کـە کـوردی عێـراق بـوون بـۆ سـەرکردایەتی سـیاسی هەڵبژێـردران:

- شێخ سلێمان شێخ عەبدولسەلام.
- میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی.
- محەمەد نەجیب بەرواری.
- عەلی محەمەد سدیق بارزانی.
- سلێمان بەگی دەرگەڵەیی.
- عەبدولڕەحمان موفتی بامەڕنەیی.

**کوردی ئێرانیش ئەمانە بوون:**

- مستەفا سەلماسی.
- ڕەحیم قازی.
- - سەید عەزیز سەید عەبدولا شەمزینی.
- - ڕەحمان گەرمیانی.
- - حەسەن حسامی.
- -سەید کەریم.
- -دکتۆر مراد.

دوای ئـەوەی سـەرکردایەتی سـیاسی هەڵبژێـردرا، ئینجـا دەسـتیان بـە کار و خەبـات کـرد و پەیوەندییـان بـە گـەل و وڵاتـانی جیهـان کـرد، تـا پشـتگیری بـۆ دۆزی ڕەوای گـەلی کـورد پەیدابکـەن و کوردسـتان لـە ژێـر زوڵـم و زۆری دەربێنـن. هەروەهـا ڕۆژنامەیەکیشـییان لـە شـاری باکـۆ دەرکـرد کـە پێنـج زمـان دەنـووسرا، ئەوانیـش: (کـوردی، فـارسی، عـەرەبی، تورکـی، ڕووسی). ئـەو ڕۆژنامەیـە دەناردرایـەوە کوردسـتانی عێـراق و کوردسـتانی ئێـران و کوردسـتانی

سوریا و کوردستانی تورکیا، تا گەلی کوردمان ئاگاداری دەنگوباسی کوردستان و جیهان بێ.

## هەڵوێستی جەعفەر باقرۆڤ لە دژی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی

دوای ئەوەی لە ڕێکەوتی١٩٤٨/١/١٩ لە شاری باکۆی پایتەختی ئازەربایجان سەرکردایەتی سیاسی بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی دامەزرا و ڕۆژنامەیەکی بە پێنج زمان دەرکرد کە هەواڵەکانی دەگەیاندە خوێنەرانی کورد و دەنگوباسی کوردستانی گەورەی بڵاودەکردەوە. دوای ئەمانە هەرسێ حکومەتی ئێران و عێراق و تورکیا بە فەرمی ڕەخنەیان لە کۆماری ئازەربایجان گرت و گلەیی ئەوەیان کرد کە بۆچی ئەو ڕۆژنامە کوردییانە بە پێنج زمان لە شاری باکۆ دەردەچێ. ئینجا جەعفەر باقرۆڤ دەستی بە دژایەتیکردنی سەرکردایەتی سیاسی و سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی کرد. هەر ئەو باقرۆڤە بوو لەسەردەمی کۆماری کوردستان، داوای دەکرد کورد سەربەخۆ نەبن و حوکمی زاتی لە کۆماری ئازەربایجانی ئێران وەربگرن، بەو واتایەی کورد دەوڵەتیان نەبێ و لە ژێر دەستی ئازەرییەکانی ئێران بن.

## کۆبوونەوەی تایبەتی سەرۆک و باقرۆڤ و حەسەنۆڤی سەرۆکی سوپا

سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی زۆری هەوڵ دەدا سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت ببینێت، بەڵام جەعفەر باقرۆڤ و کاربەدەستانی دیکەی ئازەربایجان ڕێگەیان بەم کارە نەدەدا، بۆیە سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ هەریەک لە باقرۆڤ و حەسەنۆڤی سەرۆکی سوپای ئازەربایجان کۆدەبێتەوە و پێیان دەڵێ: ئێمەی کورد بۆئەوە نەهاتووینەتە وڵاتی یەکێتی سۆڤیەت، تا لێرە بمێنینەوە و لێرە بژیین، بەڵکو بۆ ئەوە هاتووین ئێوە یارمەتیمان بدەن و هاوکارمان بن بگەڕێینەوە خاکی کوردستان و لەوێ دووبارە دەست بە شۆڕش و خەبات بکەینەوە. باقرۆڤ بە سەرۆک دەڵێت: ئەگەر کورد لە

کوردستانی ئێـران خـۆی ڕزگارکـرد لـە ڕژێمـی شـای ئێـران، ئـەوکات پێویسـتە حوکمـی زاتی لـە ئازەربایجـان وەربگـرن. سـەرۆک بـارزانی زۆر بـە توڕەیـی وەڵامـی باقـرۆڤ دەداتـەوە و پێـی دەڵێـت: هـەر کاتێـک کـورد و ئازەرییـەکانی ئێـران بـە خوێنـی ئێـوە ڕزگاربـوون، ئـەوکات ئێـوە دەبـێ حوکمـی زاتی لـە کۆمـاری کوردسـتان وەربگـرن و یەکسـەریش کۆبوونەوەکـە بەجێدێڵێـت. دوای ئـەو کۆبوونەوەیـە باقـرۆڤ و کاربەدەسـتانی دیکـەی ئازەربایجـان دەسـتیانکرد بـە دژایەتیکـردنی سـەرۆک بـارزانی و بڵاوکردنـەوەی پڕوپاگەنـدەی لـە دژی ئـەو و لـە دژی ئێمـەش.

## گوێزرانەوەی سەربازگەمان بۆ شاری چرچیکی کۆماری ئۆزبەکستان

دوای ئـەوەی سـەرۆک مـەلا مستەفا بـارزانی زانی کـە سـەرکردەکانی کۆمـاری ئازەربایجـان بـە سـەرۆکایەتی جەعفـەر باقـرۆڤ و بـە هانـدان و پاڵپشـتی تورکیـا دژی ئێمـە وەسـتاونەتەوە و پڕوپاگەندەمـان لـە دژ بڵاودەکەنـەوە، سـەرۆک بـارزانی چەندیـن نامـەی بـۆ جۆزێـف سـتالینی سـەرۆکی یەکێتـی سـۆڤیەت نـارد، بـەڵام نامـەکان دەگەیشـتنە دەسـت (بریـا) کـە لێپـرسراوی هەواڵگـری سـتالین بـوو، لەگـەڵ باقـرۆڤ و کاربەدەسـتانی حکومـەتی تـورک ڕێککەوتبـوو و نامـەکانی نەدەگەیانـدە شـوێنی خۆیـان. (بریـا) خەڵکـی گورجسـتان بـوو، کوردێکـی زۆریـش لـە گورجسـتان و ئەرمەنسـتان بـوون، بۆیـە (بریـا)ش هاوشـێوەی دوژمنـەکانی دیکـەی کـورد حـەزی بـە چـارەی کـورد نەبـوو. سـەرۆک بـارزانی بڕیاربـدا سـەربازگەکەمان لـە ئازەربایجانـەوە بگوازینـەوە شـاری چرچیـک لـە یەکێتـی سـۆڤیەت کـە ٥٠ کیلۆمەتـر لـە شـاری تاشـقەندی پایتەختـی کۆمـاری ئۆزبەکسـتان دووربـوو.

سـێزدە شـەو و ڕۆژی خایانـد تـا لـە ئازەربایجانـەوە گەیشـتینە شـاری چرچیـک. سـەرەتا ویسـتیان بـە پاپـۆڕ بڕۆیـن، بـەڵام دواتـر گوتیـان سـنووری

ئێـران زۆر لەوێـوە نزیکـە، نـەوەک ئێـران بـە فڕۆکـە بۆمباراڼمـان بـکات، بۆیـە بڕیـاردرا بــە شــەمەندەفەر بڕۆیــن.

لـە ڕێـگادا هەڤاڵێکـمان بـە نـاوی عومـەر شـێخەمیر کـە خەڵکـی گونـدی زرازای ناوچـەی شـێروان مـەزن بـوو، بەشـێوەیەکی سەرسـوڕهێنەرلە سـۆڤەیەتی جـاران گەڕابـووەوە گونـدی زارارا لەدەڤـەری بـارزان، خـۆی لـە شـەمەندەفەر فڕێدایـە خـوارەوە. لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٨/٨/٢٩ بـە شـەمەندەفەر لـە کۆمـاری ئازەربایجـان کەوتینـە ڕێ و ڕێکەوتـی ١٩٤٨/٩/١٠ گەیشـتینە شـاری چرچیـک. هەروەهـا هەمـوو ئـەو ئەفسـەرانەی لـە ئازەربایجـان مەشـقیان بـە ئێمـە دەکـرد، لەگەڵـمان هاتنـە ئۆزبەکسـتان. سـەرۆک بـارزانی لـە شـاری (تاشـقەند) دادەنیشــت و هەمــوو ڕۆژانی شــەممە دەهاتــە لامــان لــە شــاری چرچیــک.

ئێمـە لـە ئازەربایجـان مەشـقی پیادەمـان تەواوکردبـوو کـە چووین بـۆ ئۆزبەکسـتان دەسـتمان بـە مەشـقی فێربـوونی بەکارهێنـانی تـۆپ و ڕەشـاش و لاسـلکی و لێخوڕینـی تانـک و ترۆمبێـل کـرد. هەرچەنـدە تانکـمان لـەلا نەبـوو، بـەڵام بـە وێنـە و نووسـین دەمانخوێنـد، بـەڵام ئۆتۆمبێلـمان لەلابـوو تـا خۆمـان فێـری لێخوڕینـی ئۆتۆمبێـل بکەین. ئێمە ئـەو هەڤاڵانەی لە خـولی فێربوونی تانک بوویـن ژمارەمـان ٣٠ کـەس بـوو، ئەفسـەرێکی ئازەربایجـان ئێمەی فێری مەشـقی تانـک دەکـرد. (محیەدیـن بابـازادە)ی هەڤاڵـمان زۆر بەباشی زمانی ئـازەری دەزانی و ئـەو قسـەکانی بـۆ وەردەگێڕایـن. هەڤـاڵ محیەدیـن بابـازادە خەڵکـی ناوچـەی بالەنشـین بـوو لـە پارێـزگای ورمێـی کوردسـتانی ئێـران و لـە بـەرواری ١٩٤٧/٥/٣٠ پەیوەنـدی بـە ئێمـەوە کـرد ئـەو کاتـەی دەچوویـن بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت. ئـەو کاتـەی لـە کوردسـتانی ئێـران بوویـن زۆر جـار دەهاتـە ماڵـی زێـڕۆ بەگـی هەرکی و لـەوێ یەکترمـان دەبینـی، بۆیـە مـن و محیەدین بابـازادە هاوڕێـی نزیکی یەکتر بوویـن. بەداخـەوە لـە کاتی دوور خسـتەوەڼمان لـە کۆماری ئۆزبەکسـتان لە سـاڵی ١٩٤٩-١٩٥١ محیەدیـن بابـازادە کۆچـی دوایـی کـرد.

## هەڵوێستی کاربەدەستانی کۆماری ئۆزبەکستان بەرانبەر سەرۆک بارزانی

سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی وایدەزانی کاربەدەستانی کۆماری ئۆزبەکستان ئیسلامی ڕاستەقینەن و خیانەت لە خۆی و هەڤاڵەکانی ناکەن، هەروەها هەموو کات پشتگیری لێ دەکەن، بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە کاربەدەستانی کۆماری ئۆزبەکستانیش وەکو تورکیا و ئازەربایجان، تورکن، بۆیە کاربەدەستانی ئۆزبەکستان بە قسەی باقرۆڤ کەوتنە ململانێ و دروستکردنی پڕوپاگەندە لەبارەی سەرۆک بارزانی و یاوەرانی. ئوسمان یوسۆڤ کە سەرۆک کۆماری ئۆزبەکستان بوو چووە ناو بەرەی دژایەتیکردنی سەرۆک بارزانی لەگەڵ باقرۆڤ و کاربەدەستانی تورکیا و (بیریا) دژایەتی ئێمەیان دەکرد. سەرۆک بارزانی هەر بەردەوام بوو لە نامە ناردن بۆ ستالین تا پێی بڵێ کە ئوسمان یوسۆڤ دژایەتی ئەوان دەکات، بەڵام لەبەرئەوەی نامەکان دەگەنە دەست بریا ئەو لای خۆی هەڵیاندەگرێ و ناگەنە دەست ستالین.

## دوور خستەوەنی سەرۆک بارزانی و هەڤاڵەکانی

دوای شەش مانگ مانەوەمان لە شاری چرچیک، سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی بۆ دوورگەی چمبای لەناو دەریای ئۆرال دوورخرا. ڕێکەوتی ١٩٤٩/٣/١٣ جەنەڕاڵێکی سوپای یەکێتی سۆڤیەت لە شاری مۆسکۆ دێتە شاری تاشقەند و پێی دەڵێت: ستالینی سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت فڕۆکەیەکی تایبەتی بۆ ناردووی تا بچییە شاری مۆسکۆ و لەوێ بەردەوامی بە خەباتت بدەیی و لەوێ بمێنیتەوە، چونکە لەوێ دەتوانی پەیوەندی بە کۆنسوڵخانەکانی جیهانەوە بکەی، تا پشتگیری بۆ خۆت و میللەتەکەت وەدەستبێنی. هەروەها پێشی دەڵێ ئەو دوو هەڤاڵەی کە لەگەڵتن ئەوانیش ببە بۆ شاری مۆسکۆ. بۆ ڕۆژی دواتر سەرۆک مەلاستەفا بارزانی و سەعید مەلا عەبدولا و زیاد دری دەچنە فڕۆکەخانەی شاری تاشقەند و لەوێ

سـواری فڕۆکـە دەبـن بـە نیـازی ئـەوەی بچنـە شـاری مۆسـکۆ، کەچـی فڕۆکەکـە ناچێتـە مۆسـکۆ و دەچێتـە دوورگـەی چمبـای لەنـاو دەریـای ئـۆرال.

هـەر ئـەو ڕۆژەی سـەرۆک بـارزانی تێـدا نـەفی دەکـەن، هەمـان ڕۆژ مقـەدەم کازمـۆڤ دێتـە لامـان، دوای نـانی بەیـانی لـە شـاری چرچیـک ئێمـە هەموومـان کۆدەکاتـەوە و پێـمان دەڵێـت مـەلا مسـتەفا بـارزانی چووەتـە سـەیری شـوێنێک ئەگـەر جێگاکـەی پەسـند کـرد، ئـەوا سـەربازگەکەمان دەگوازینـەوە ئـەوێ. مقـەدەم کازمـۆڤ بـە ئێمـەی گـوت ئێمـە لەنـاو شـاری چرچیـک ناتوانیـن مەشـق لەسـەر تانـک و تـۆپ و بێتـەل بکەیـن، بـەڵام ئـەو جێگایـەی بـۆی دەچیـن گونجـاوە و دەتوانیـن هەمـوو مەشـقێکی تێـدا بکەیـن. هەروەهـا گوتـی ئەگـەر بـارزانی شـوێنەکەی بـەدڵ بـوو، ئـەوا پەیوەندیـم پـێ دەکات و ئێمـەش دەچینـە ئـەوێ و کەلوپەلەکانیشـمان بـە شـەمەندەفەر دەنێریـن.

مقـەدەم کازمـۆڤ دوای دوو ڕۆژ هاتـەوە لامـان و پێـی ڕاگەیاندیـن، سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی شـوێنەکەی پەسـند کـردووە و ئێمـەش سـەربازگەکەمان دەگوازینـەوە ئـەوێ. گوتـی بەیـانی خۆتـان ئامـادە بکـەن دەچینـە سـەربازگەی تازەمـان. گوتیـشی هـەر لێـرەوە هەندێکتـان دەچنـە شـاری تاشـقەند و لـەوێ بـە فڕۆکـە دەڕۆن و ئەوانـەی دەمێننـەوە بـە شـەمەندەفەر دەچنـە شـارەکانی دیکـە و لەوێـوە بـە فڕۆکـە دەچنـە سـەربازگەکە. محیەدیـن بابـازادە هاتـە لای مـن و پێـی گوتـم عەزیـز قـازی شـتێکت پـێ دەڵێـم بەمەرجێـک بـە هیـچ کـەسی نەڵێـی، منیـش گوتـم بیڵـێ و بەهیـچ کـەس ناڵێـم. گوتـی ئێمـە نابـەن بـۆ هیـچ سـەربازگەیەک و دوورمـان دەخەنـەوە و دووبـارە بەسـەر شـارەکان دابەشـمان دەکەنـەوە و سـەرۆک بارزانیـش نەچووەتـە هیـچ سـەربازگەیەک و ئەویـش دوور خراوەتـەوە. ئـەو گوتـی ئـەو قسـانە، مـلازم زینابـۆڤ بـە منـی گوتـووە، بـەڵام ئێمـە نابـێ بەکـەس بڵێیـن، چونکـە ئەگـەر کاربەدەسـتانی ئێـرە بزانـن، دەیکوژن.

لــە ڕێکەوتــی ١٩٤٩/٣/١٦ ئێمەیــان ئامادەکــرد و هەندێکیــان ســواری

ئۆتۆمبێل کردن و ئەوەی مایەوە سواری شەمەندەفەر کراین، گوایە دەمانبەنە سەربازگە. ئێمە ئەوانەی بە شەمەندەفەر چووبووین هەر شوێنێک کە دەیگەیشتینێ هەندێکییان دادەبەزاندین و برادەرانمان دەیانگوت دیارە ئەوانە لێرە سواری فڕۆکە دەکرێن، بەڵام من دەمزانی دوور دەخرێینەوە. ئێمە ئەوانەی دوا کەس بووین لە شەمەندەفەرەکە دابەزین ژمارەمان ٢٩ کەس بوو، لە ڕێکەوتی ١٩٤٩/٣/١٧ لە وێستگەی گوڵباغ دابەزین. ئێمەیان دوور خستەوە بۆ سەفخوزێ گوڵباغ لە ناحیەی پاپی پارێزگای نمانگ لە کۆماری ئۆزبەکستان. کاتێک لە شەمەندەفەر دابەزین، برادەرەکانم گوتیان دیارە ئێمە لێرە سواری فڕۆکە دەبین، بەڵام من پێم گوتن ئێمە نەفی کراوین و ناچینە هیچ شوێنێک.

ئێمە دوو ئەفسەری ئازەربایجانیمان لەگەڵ بوو، تا ڕادەستی کاربەدەستانی سەفخوزی گوڵباغمان بکەن. لە شاری گوڵباغ ئێمەیان دابەشی سەر (٦) گوند کرد، بەبێ ئەوەی پێمان بڵێن دەماننێرنە کوێ. (٥) لە هەڤاڵانی ئێمە کە تەمەنیان هەبوو جیایانکردنەوە و گوتیان ئەمانە بە تەنیا دەبەینە شوێنێک، ئەوان بە تەمەن بوون و تەنیا زمانی کوردیشیان دەزانی. من و خودادا حەسەن بەگزادە هەستاین و گوتمان ئێمە نامانەوێ ئەو پیرەمێردانە لە ئێمە جیابکەنەوە و بەتەنیا بیانبەنە شوێنێک. ئێمە وەکو باوکی خۆمان سەیری ئەوان دەکەین و پێویستە ئێوە هەر یەکەیان لەگەڵ گروپێک دابنێن، چونکە ئەوان نە زمان دەزانن و نە کاریشیان پێ دەکرێ. لە سەرەتادا دوو ئەفسەرەکە ڕازی نەبوون، بەڵام ئێمە گوتمان بۆ هیچ کوێ ناڕۆین تا دابەشیان نەکەن، ئینجا ڕازی بوون و هەریەکەیان لەگەڵ گروپێک دانا. ئێمە ٢٩ کەس بووین و دابەشی سەر شەش گوندیان کردین، بەمجۆرەی خوارەوە:

**گوندی یەکەم:** عەبدوڵا ئاوەدۆری، جومعە مستەفا تێلی، مەلحەم تێلی، خودادا حەسەن بەگزادە.

**گونـدی دووەم:** حاجـی ئەیـوب بابەکـر، فەیـزۆ عوسـمان پێندرۆیـی، چیچـۆ حەتـەم مـزوری، مسـتەفا ئەیـوب شـیفکی، چیچـۆ میـرۆ.

**گونـدی سـێیەم:** عـەلی مسـتەفا لێلۆکـی دۆلەمـەری، محـو حەتـەم ئەرگۆشی، پیـرۆ چیچـۆ بـەرواری، عەبـدولا محـو گیـزی، ئومـەر شـانەدەری.

**گونـدی چـوارەم:** عەبدولڕەحـمان مەحمـوود دەرگەڵەیـی، تۆینـار دۆلەمـەری، سـلێمان میرخـان دۆلەمـەری، قاسـم سـەلیم بێرسـیاڤی، عەبـدولا خەلانەیـی.

**گونـدی پێنجـەم:** شـەکر محەمـەد سـێلکی، محەمـەد مسـتەفا کانیەلنجـی، حسـێن محەمـەد چیچـۆ کانیەلنجـی، غەزالـی ئیبراهیـم چەمـی، پیـرۆ هـرۆری.

**گونـدی شەشـەم:** عەزیـز قـازی سـورچی، مەلکۆ عەبـاس بێرسـیاڤی، مەلاڕەش مەزنەیـی دۆلەمـەری، ملحـەم حەتـەم ئیبراهیـم، دەروێش میرۆ بێرسـیاڤی.

بـە ئێمەیـان نەگـوت کـە کێـمان بـۆ کـوێ دەنێـرن، بـەڵام دواتـر بەهـۆی هاتوچـۆ و لەرێـی خەڵکـەوە بـە یەکترمـان دەزانی، کەچـی هێشـتا نەمانـدەزانی سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی لـە کوێیـە و چـی بەسـەر هاتـووە.

ئیشـوکاری ئێمـە لـە سـەفخوزی گوڵبـاغ، لۆکـە بـوو. ئـەوێ شـەش گونـدی لەسـەر بـوو و خەڵکـی لۆکەیـان دەچانـد. هەمـوو ڕۆژێـک کاری ئێمەیـان دیاردەکـرد و دەبووایـە ئێمـەش وەک خەڵکەکـەی دیکـە کارمـان بکردبـا. ئەگـەر ئـەو کارەی ڕۆژانـە بۆیـان دیاردەکردیـن، تـا ئێـوارە تەواومـان بکردبایـە، ڕۆژی ١٠ ڕوپڵـلا پـارەی یەکێتـی سـۆڤیەتیان دەداینـێ و ئەگـەر ئیشـەکەمان تـەوا نەکردبایـە، پارەمـان کەمـتر وەردەگـرت و ئەگـەر لـەوەی بۆمـان دیارکرابـوو زیاتـر ئیشـمان بکردبـا، پـارەی زیاترمـان وەردەگـرت.

لـەوێ بـە ئێمەیـان دەگـوت (سـالدات)، واتـە سـەرباز، چونکـە ئێمـە ئەوکاتـەی دوور خرایـن جلوبەرگـی سـەربازیمان لەبەربـوو. ئێمـە چەنـد جارێـک وازمـان لـە ئیشـکردن دەهێنـا و دەچووینـە ناحیـەی پـاپ لـەوێ داوامـان

دەکرد پێمان بڵێین سەرۆکی ئێمە لەکوێیە. ئەوان دەیانگوت بڕۆنەوە سەر ئیشوکاری خۆتان و ئێمە نووسراو بۆ حکومەتی خۆمان دەکەین و لێیان دەپرسین، ئەگەر وەڵامیان داینەوە، ئەوا ئێمەش وەڵامی ئێوە دەدەینەوە، بەڵام درۆیان لەگەڵ دەکردین و نەیاندەویست پێمان بڵێن سەرۆک لە کوێیە.

دوای چەند مانگێک لە گوندی شەشەمەوە منیان گواستەوە گوندی سێیەم، چونکە لە گوندی سێیەم تەوێڵەیەکیان بۆ ڕەشەوڵاغ دروستدەکرد و منیان دەویست تا لەوێ کرێکاری بکەم. من لەگەڵ وەستاکە دیوارم دەکرد، کاتێک تەواوبووین منیان گواستەوە گوندی یەکەم، واتا بۆ شاری گوڵباغ تا دیوارێک لە دەوری قوتابخانەی شاری گوڵباغ بکەین. دیوارەکەمان بە قوڕ هەڵدەچنی و وەستایەکیان لە تاجیکستان هێنابوو تا دیوارەکە هەڵبچنێ، چونکە هەموو کەس نەیدەزانی دیواری قوڕ هەڵبچنێ. من و خودادا حەسەن بەگزادە ئیشمان دەکرد، ڕۆژێک قوڕمان دەگرتەوە و ڕۆژێکیش دیوارمان هەڵدەچنی. ئەو وەستایەی ئێمە کارمان لەگەڵ دەکرد، کاتژمێرێک کاری دەکرد و دواتر دەچووە چایخانە و زۆری پێ دەچوو تا دەهاتەوە. بەرزی دیوارەکە دەبووایە ٥ مەتر بێت و بەرینییەکەشی نیو مەتر. دوای هەفتەیەک من خۆم فێری دیوار هەڵچنین کرد و چوومە لای بەڕێوەبەری سەمخوزی گوڵباغ و گوتم من نامەوێ لەگەڵ ئەو وەستایە ئیش بکەم، چونکە ئەو کاتژمێرێک کاردەکات و دوو کاتژمێر دەچێتە چایخانە. بەڕێوبەر بە منی گوت، ئەگەر تۆ بەڵێنم پێ دەدەی کە ئەو دیوارە هەڵبچنی و تەواوی بکەی، ئەوا من ئەو وەستایە دەردەکەم و با بچێتەوە تاجیکستان. من پێم گوت من دیوارەکە دەکەم و بەباشیش دەیکەم، ئینجا بەڕێوەبەر وەستاکەی دەرکرد و منیش دەستم بە دیوار هەڵچنین کرد. غەزالی ئیبراهیم چەمی و خودادا حەسەن بەگزادە لەگەڵ من کاریان دەکرد. بەرلەوەی وەستاکە

دەربکرێ ڕۆژێکیان چووبوو شکایەتی لە من کردبوو، بەڕێوەبەر بانگی منی کرد و گوتی بۆ شکایەتی لێکردووی، منیش گوتم ئەو هیچ ئیش ناکات کە دەڕوا منیش دەست دەکەم بە دیوار هەڵچنین و ئەویش حەزناکا من فێری وەستایی بم و نایەڵێ ئیش بکەم. بەڕێوەبەر بانگی وەستاکەی کردوو پێی گوت ڕێگا بدە با عەزیز قازی دیوار بکات و منیش فێری دیوارکردن بووم و وەستاکەم دەرکرد.

ئەو دیوارەی ئێمە هەڵماندەچنی هەزار مەتر درێژ بوو و یەک مەتریش پان بوو و بەرزییەکەشی پێنج مەتر بوو. بۆ دروستکردنی هەر مەترێک ١٠ ڕوبلی ڕووسی خەرج دەکرا. ڕۆژێکیان چوومە کارگێڕی سەمخوزەکە تا مووچەی خۆم وەربگرم، لەوێ پێیان گوتم بەڕێوەبەری سەمخوزەکە واژۆی نەکردووە تا پارەکەت بدەینێ، پارەکە هەزار ڕوبل بوو و بەرهەمی یەک مانگ ئیشکردن بوو. من چوومە لای بەڕێوەبەر و لێپرسراوی حزبی شیوعی پارێزگای ئمانگانی لەلا بوو، بەڕێوەبەر لە منی پرسی بۆچی هاتووی کارێکت هەیە؟ منیش گوتم واژۆت نەکردووە تا مووچەکەم وەربگرم. ئەویش گوتی پارەکە زۆرە و من ئەوەندە وەرناگرم کە تۆ وەری دەگری. منیش پێم گوت تۆش وەرە لەگەڵ ئێمە لەبەیانییەوە تا ئێوارە لەناو قوڕبە ئەوەندە وەردەگری. ئینجا لێپرسراوەکەی حزبی شیوعی پێی گوت شەرمە بۆ تۆ ئەوە واژۆ نەکەی و ئەویش واژۆکەی کرد و منیش چووم مووچەکەم هەموو وەرگرت. پاشان بەڕێوەبەرەکە بوو بە دۆستی ئێمە.

شکایەتکردن لە من و خودادا حەسەن بەگزادە و قاسم سەلیم بێرسیاقی

بۆ جاری سێیەم دەستمان لە کار هەڵگرت و چووینە ناحیەی (پاپ) بۆ لای کاربەدەستانی حکومەت. لەوێ پێمان گوتن ئێمە دووجار هاتووینەتە ئێرە، تا بزانین سەرۆکمان، سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی لەکوێیە، یان چی بەسەر هاتووە، ئێوە بە ئێمەتان گوت بڕۆنەوە سەر کاری خۆتان و

ئێمـە هەواڵـی سـەرۆک بـارزانی دەپرسـین، بـەڵام تـا ئێسـتا وەڵامـی ئێمەتـان نەداوەتـەوە، بۆیـە ئەمجـارە ناگەڕێینـەوە تـا نەزانیـن سـەرۆکمان لەکوێیـە و ناونیشـانی ئەوەمـان پـێ نـەدەن ئێـرە چـۆڵ ناکەیـن. ئێمـە دوو شـەو لـە لای مەخفەرەکـەی (پـاپ) ماینـەوە، بـەڵام پۆلیـس هـات و ئێمەیـان بـەزۆری نـاردەوە.

دوای چەنـد ڕۆژێـک شـکایەت لەمـن و خـودادا حەسـەن بەگـزادە و قاسـم سـەلیم بێرسـیاقی کرابـوو، گوایـە ئێمـە هەڤاڵەکانمـان بـردووە بـۆ شـاری پـاپ و وازمـان لـە ئیشـکردن هێنـاوە. ئێمـە بردراینـە سـەربازگە و شـەش مانـگ حوکـم درایـن و دەبووایـە بچینـە شـاری نەمانـگ کـە پارێزگایـەک بـوو لـە کۆمـاری ئۆزبەکسـتان و دوای ئـەوەی حوکمەکەشـمان تـەواو بـوو، ڕێگەیـان نـەدا بگەڕێینـەوە لای هەڤاڵەکانمـان بـۆ سـەفخوزە گوڵبـاغ. بەڕێوەبـەری سـەفخوزە گوڵبـاغ چـووە لای حاکـم و داوای لێکـرد کـە عەزیـز قـازی نەگـرن، چونکـە ئـەو دیـواری قوتابخانەیـەک دروسـت دەکات و ئەگـەر ئـەو بگـرن کـەس نازانـێ ئـەو کارە بـکات. حاکـم لـە مـن خۆشـبوو، بـەڵام خـودادا و قاسـمیان بـرد بـۆ شـاری نمانـگ و مـاوەی شـەش مانـگ بەندیـان کـردن و دواتریـش کـە ئـازاد بـوون، نەیانهێشـت بێنـەوە لای ئێمـە. مـن هـەزار ڕوبلـم بـۆ خـودادا نـارد، چونکـە هاوڕێیەکـی خۆشەویسـتی مـن بـوو و بـەردەوام بەیەکـەوە بوویـن. مـن دیوارەکـەم لەگـەڵ غەزالـی ئیبراهیـم چەمـی تـەواو کـرد.

### ئەمجارەش هەمووومان لە شاری ڤریڤسکێ کۆکراینەوە

دوای ئـەوەی سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی و ئێمەیـان بـێ ئـەوەی هیـچ تاوانێکـمان کردبـێ، دوور خرایـن و لـە یەکیـان جیاکردینـەوە. سـەرۆک بـارزانی لـەو شـوێنەی کـە بـۆی دوور خرابـوو کـە دوورگـەی چمبـای بـوو لـە دەریـای ئـۆرال، دووبـارە دەسـتەکاتەوە بـە نامـە نـاردن بـۆ سـتالین، بـەڵام دووبـارە

لەبەر ئەوەی نامەکان دەچنە لای (بیریا)، بۆیە هیچ نامەیەکی سەرۆک ناگاتە دەست ستالین. ئەمجارەیان سەرۆک ڕێگایەکی دیکە تاقیدەکاتەوە و نامەیەک بۆ ستالین دەنووسێ و داوا لە ناسیاوێکی خۆی دەکات، نامەکە بخاتە سندوقی تایبەتی پۆستەی ستالین و پێشی دەڵێ کە تێچووی چوون و گەڕانەوەت لەسەر منە.

سەرۆک بارزانی لە نامەکەی خۆیدا دەنووسێ: ئێمە پەنامان بۆ وڵاتی ئێوە هێناوە، بەڵکو گەلی کورد و کوردستانی نیشتیمان لە ژێر زوڵم و زۆری بێگانە و ئیستیعمار ڕزگاربکەن، بەڵام ئێوە لەجێگای ئەوەی یارمەتیمان بدەن، ئێمەتان بەبێ هۆکار و بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکمان ئەنجامدابێ دوور خستووەتەوە. کاتێک نامەکە دەگاتە دەست ستالین، دەسبەجێ فەرمان دەردەکات و لیژنەیەک پێکدەهێنێ بە سەرۆکایەتی (فیگرادۆڤ) تا بێتە شاری تاشقەندی پایتەختی ئۆزبەکستان، تا بزانێ بارزانی و هەڤاڵەکانی بۆچی دوورخراون. فیگرادۆڤ لەگەڵ لیژنەکە دێنە شاری تاشقەند و لەوێ فڕۆکەیەکی تایبەت دەنێرنە دوورگەی چمبای تا سەرۆک بارزانی بە فڕۆکە تایبەتەکە بگەڕێتەوە شاری تاشقەند. کاتێک سەرۆک لە ١٩٥١/٩/١ دەگەڕێتەوە شاری تاشقەند، فڕۆکەیەکیش دەنێرنە دوای شێخ سلێمان شێخ عەبدولسەلام بارزانی کە ئەویش دوور خرابوو بۆ شاری سەمەرقەند و ئەویش دەگەڕێتەوە شاری تاشقەند. پاشان ئێمە هەموومان کە هەڤاڵی بارزانی بووین لە شاری ڤریڤسکی سەر بە پارێزگای تاشقەند کۆکراینەوە. شاری ڤریڤسکی نزیکەی هەشتا کیلۆمەتر لە شاری تاشقەند دووربوو. سەرۆک مەلا مستەفا خۆی لە شار نیشتەجێبوو و هەموو ڕۆژانی شەممە دەهاتە لامان. ئێمە لە شاری ڤریڤسکی تا کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ کارمان دەکرد و دواتر زمانی ڕووسیمان دەخوێند. هەڤاڵەکانمان لەوکاتەی نەفی کرابوون.

(حسێن محمەد چیچۆ کانیەلنجی، غەزالی ئیبراهیم چەمی، مستەفا

ئەیـوب شـیفکی، مـەلاڕەش مەزنەیـی دۆلەمـەری) ئەمانـە منداڵـەکانی خۆیـان لەگـەڵ خۆیـان هێنابـوو بـۆ ڤریڤسـکی و ئێمـە و ئـەوان بەیەکـەوە ئیشـمان دەکـرد.

(سـاڵح عـەلی کانیەلنجـی، خۆشـەوی مـەلا کانیەلنجـی، خۆشـەوی سـۆفی زراری، حەسـکۆ میـرۆ زراری، عەزیـز قـازی سـورچی، محەمـەد مسـتەفا کانیەلنجـی، عەبـدوڵا جاسـم خێرزوکـی، حسـێن محەمـەد چیچـۆ کانیەلنجـی، هەمیـرە قـادر مامسـکی، شـەریف قورتـاس زراری). ئێمـە زەویـمان درایـێ تـا بێسـتانی (شـوتی و کاڵـەک و خیـار) دابچێنیـن و هـەم خۆمـان لێـمان دەخـوارد و هـەم دەشمانفرۆشـت. ئێمـە شـوتی زۆرمـان دەچانـد و دەمانـبردە شـارەکانی دیکـە و دەمانفرۆشـت.

لـە سـاڵی ١٩٥٣ دا ئـەم هەڤاڵانەمـان لـە زانکـۆی پـارتی شـکۆ لـە شـاری تاشـقەند: (میرحـاج ئەحمـەد ئاکرەیـی، سـەید عەزیـز سـەید عەبدوڵا شـەمزینی، عەبدولڕەحـمان موفتـی بامـەڕنی، بێجـان عـەلی جونـدی شـکاک، سـیامەند عەزیـز مێرگەسـۆری، عەبدولڕەحـمان مـەلا حەبیـب، مەلکـۆ زێـڕۆ، مەمـۆ شـوان شـانەدەری، عـەلی شـێخ محەمـەد سـدیق بـارزانی، عـەلی خەلیـل سـێلکی مـزوری، عەبدولوەهـاب ئەتـروشی، وەیـسی عـەلی شـانەدەری، حەمیـد خـەسرۆ مهابـادی، سـلێمان حەکیـم پێندرۆیـی، زرار سـلێمان بـەگ دەرگەڵەیـی).

هەروەهـا ١٥ هەڤاڵـمان چـوون بـۆ شـاری یانگـی یولی بـۆ خوێندنی شـۆفێری. خولەکەیـان شـەش مانـگ بـوو. لـە سـاڵی ١٩٥٤ ئێمـە ٢٠ هەڤـاڵ بەیەکـەوە چوویـن بـۆ شـاری تاشـقەند بـۆ خوێنـدن لـە زانکـۆی پـارتی سـکۆلی لـە زانکـۆی تاشـقەند: (ئالـۆ عـەلی ئالـۆ، عەزیـز قـازی سـورچی، ئیبراهیـم شـێخۆ شـانەدەری، ئاغـا عـەلی ناڤداری، فەقـێ سـاڵح بەخـشی ئاکرەیـی، ڕەشـید قورتـاس بێـدراونی، قاسـم سـەعدی ئەرگـۆشی، سـلێمان میرخـان دۆلەمـەری، سـلێمان شـاوەلی شـانەدەری، شـەریف قورتـاس زراری، قـادر ئیبراهیـم مامسـکی، محەمـەد

تاجدیـن لێـری، محەمـەد نەجیـب بـەرواری، محەمـەد چیچـۆ پێندرۆیـی، عوسـمان حەسـەن بابـانی، حاجـی عـەلی دۆری، عەبـدولا جاسـم خێرزۆکـی، عـەلی مسـتەفا لێلۆکـی دۆلەمـەری، عـەلی محەمـەد گـۆج مێرگەسـۆری، ڕەمـەزان حاجی کـورانی)، دوای شـەش مانـگ ڕەمـەزان حاجـی کـورانی دەرکـرا، چونکـە نەیتـوانی لـە زانکۆکـە بخوێنێـت و گەڕایـەوە شـاری ڤریڤسـکی، تـا لـەوێ ئیشـێک بـۆ خـۆی بـکات. زانکـۆی پـارتی شـکۆلی پێیـان دەگـوت (مەکتـەبی پـارتی شـکۆلی)، ئـەو مەکتەبـە یـان ئەندامـانی حـزبی شـیوعی لێیـان دەخوێنـد کـە حکومـەت دەینـاردن بۆئـەوەی ببنـە کادیـری حـزبی شـیوعی یـان ببنـە مامۆسـتای قوتابخانە، هەروەهـا کاربەدەسـتانی حکومـەتی یەکێتـی سـۆڤیەت. ئێمـە ئـەو نـۆزدە هەڤاڵـەی لـە زانکـۆی پـارتی شـکۆلی لـە شـاری تاشـقەندی پایتەختـی کۆمـاری ئۆزبەکسـتان، بڕوانامـەی باڵامـان وەدەسـتهێنا. ئێمـە لـەوێ پێنـج سـاڵ و نیومـان خوێنـد و لـە ١٩٥٤/٢/١٥ دەسـتمانپێکرد و لـە مانگـی ئـاداری سـاڵی ١٩٥٩ بـە پەلـە تاقیکردنەوەمـان کـرد، چونکـە ئێمـە دەگەڕاینـەوە نیشـتمانی خۆمـان. لـە یەکێتـی سـۆڤیەت تەنیـا دوو زانکـۆی پـارتی شـکۆلی هەبـوون، یەکێکیـان لـە شـاری مۆسـکۆ و ئـەوەی دیکەیـان لـە شـاری تاشـقەند. ئێمـە ئـەو هەڤاڵانـەی نـاوم هێنـان بـە قسـەی سـەرۆک مـەلا مستەفا بـارزانی لـە زانکـۆی پـارتی شـکۆلی وەرگیرایـن تـا خزمـەتی وڵاتی خۆمـان بکەیـن.

**سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی بەیەکجاری چووە شاری مۆسکۆ**

لـە مانگـی ئـابی سـاڵی ١٩٥٣ جۆزێـف سـتالینی سـەرۆکی یەکێتـی سـۆڤیەت لـە مۆسـکۆ کۆچـی دواییکـرد. دوای کۆچـی دواییکـردنی سـتالین سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی بڕیـاری دا بچێتـە شـاری مۆسـکۆ تـا لـە زانکـۆی پـارتی شـکۆلی بخوێنێـت و لـەو ڕێیـەوە خزمـەتی کـورد و کوردسـتان بـکات. سـەرۆک لـە شـاری مۆسـکۆ تـوانی زۆربـەی زۆری کونسـوڵەکان ببینـێ و داوایـان لـێ بـکات یارمـەتی

نەتەوەکەی بدەن تا لە ژێر زوڵم و زۆری داگیرکەران ڕزگاری بێ.

لە مۆسکۆ سەرۆک بارزانی چەند جارێک دەچێتە لای (خرۆشۆف)ی سەرۆکی حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت، هەروەها سەردانی زۆربەی کونسوڵخانەی وڵاتانی کرد. ئەو لێپرسراوانەی پێشتر دژایەتی سەرۆک بارزانی و ئێمەیان دەکرد هەموویان لە سێدارە دران لەوانە: (جەعفەر باقرۆڤی سەرۆک کۆماری ئازەربایجان و جەنەراڵ حەسەنۆڤ و بیریای سەرۆکی هەواڵگری ستالین). کاتێک سەرۆک بارزانی چووە شاری مۆسکۆ سەید عەزیز سەید عەبدولا شەمزینی و عەلی خەلیل سێلکی دەچن بۆ مۆسکۆ بۆ لای سەرۆک بارزانی و تا لە زانکۆی پارتی شکۆلی بخوێنن.

**سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ شاری تاشقەند بۆ بینینی هەڤاڵانی**

لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٥٤ پێش یەک ساڵ لە چوونی بۆ مۆسکۆ، سەرۆک بارزانی دووبارەی سەردانی شاری تاشقەندی ئۆزبەکستانی کردەوە و لەوێ کاربەدەستانی ئۆزبەکستان بە گەرمی پێشوازییان لە سەرۆک بارزانی کرد و ئێمەش ئەو هەڤاڵانەی سەرۆک بارزانی کە لە پارتی شکۆلی لە تاشقەند دەمانخوێند، چووینە فرۆکەخانە بۆ پێشوازیکردن لە سەرۆکی خۆمان. هەروەها سەرۆک بارزانی چوو بۆ شاری ڤریڤسکی بۆ بینینی ئەو هەڤاڵانەی لەوێ بوون. کاتێک سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی گەڕایەوە مۆسکۆ (١٢٠) هەڤاڵی خۆی لەگەڵ خۆی برد بۆ مۆسکۆ تا لەوێ لە زانکۆ بخوێنن و پاشەڕۆژێک بۆ خۆیان میللەتەکەیان دابین بکەن. ئەو شارانەی هەڤالانی بارزانی بۆیان دیارکرا لێی بخوێنن بریتی بوون لە: (گورکێ، سراتۆڤ، ئیستانۆڤ، تامبۆڤ).

## هاتنی جەلال تاڵەبانی بۆ شاری مۆسکۆ بۆ لای سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی

لە ساڵی ١٩٥٥ جەلال تاڵەبانی بە نوێنەرایەتی لاوانی کوردستانی عێراق لە کۆنگرەی لاوانی جیهان بەشداربوو کە لە شاری (وارشۆ) ی پایتەختی پۆلەندا بەسترا. دواتر جەلال تاڵەبانی دێتە شاری مۆسکۆ و سەردانی سەرۆک بارزانیی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق دەکات. جەلال تاڵەبانی ئەمەی بە دەرفەت زانیبوو، بۆیە سەردانی سەرۆکی کرد.

لە شاری مۆسکۆی پایتەختی یەکێتی سۆڤیەت سەرۆک بارزانی و جەلال تاڵەبانی کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵی لەبارەی بارودۆخی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق گرێ دەدەن و لەو کۆبوونەوەیە باسی ئەو کێشانە دەکەن کە کەوتوونەتە نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و کۆمیتەی ناوەندی پارتی و ئەو کێشەیە ببووە هۆی دوو پارچەبوونی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق. سەرۆک بارزانی چەند ئامۆژگارییەک بۆ هەمزە عەبدوڵا و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتیمان دەنێرێ تا کۆتایی بە ناکۆکییەکان بێنن و یەکبگرنەوە و پێکەوە خەبات بکەن بۆ ئازادی گەلەکەیان و یەکێتی نێوخۆ بەهێز بکەنەوە.

## سەرۆک بارزانی سەردانی کوردی ئەرمینیای کرد

لە ساڵی ١٩٥٦ سەرۆک بارزانی لە شاری مۆسکۆوە سەردانی ئەو کوردانە دەکات کە لە کۆماری ئەرمینیان و لەوێ سەرۆک کۆماری ئەرمینیا بەگەرمی پێشوازی لە سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی دەکات. دواتر سەرۆک چەند کۆبوونەوەیەک لەگەڵ کەسایەتییە دیارەکانی کوردی ئەرمینیا دەبەستێ و داوایان لێ دەکات کە بەیەکەوە هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ بۆ خزمەتی گەلی کورد و خاکی کوردستان.

## ژنهێنانی چەند کەسێکمان لە یەکێتی سۆڤیەت

لـە سـاڵانی ١٩٤٩-١٩٥١ ئـەو کاتـەی دوور خرایـن، زۆرێـک لـە هەڤـاڵانی ئێمـە ژنیـان هێنابـوو و منداڵـەکانی خۆیـان لەگـەڵ خۆیـان هێنابـوو بـۆ شـاری ڤریڤسـکی. هەروەها کـە لـە شـاری ڤریڤسـکی کۆکراینـەوە هەندێکـی دیکـەش لـە هەڤـاڵان لـەوێ ژنیـان هێنـا. مـن لـە ڕێکەوتـی ١٩٥٥/٨/٧ لـە شـاری ڤریڤسـکی لـە کۆمـاری ئۆزبەکسـتان ژنـم هێنـا.



(عزیزقازی و زاهیدای هاوسەری)

## چەند زانیارییەک لەبارەی من و زاهیدای هاوسەرم

زاهیـدا لـە باشکیرسـتانی مەملەکـەتی خـۆی مامۆسـتا بـوو. خوشـکی زاهیـدا لـە کاتی دوور خسـتەوەمان لـە سـاڵی ١٩٥٠ بـۆ ناوشـاری سـەفخوزی گوڵبـاغ، مێـردی بـە حسـێن محەمـەد چیچـۆ کانیەلنجـی کـە هەڤاڵێکـی خۆمـان بـوو کردبـوو. لـە سـاڵی ١٩٥١ کاتێـک دووبـارە هەموومـان لـە شـاری ڤریڤسـکی

کۆکراینــەوە، حسـێن محەمـەد چیچـۆ کانیەلنجـی خێـزانی خـۆی لەگـەڵ خـۆی هێنابــووە شــاری ڤریڤســکی. لــە هاوینــی ســاڵی ١٩٥٣ ئــەو کاتــە دەوامــی قوتابخانــە نەبــوو، زاهیــدا بــە ســەردان هاتبــووە لای خوشــکی. مــن و حسـێن کانیەلنجـی هەڤاڵـی نزیکـی یەکـتر بوویـن و هەمـوو کات بەیەکـەوە بوویـن لەگـەڵ ساڵح کانیەلنجیـش کـە سـەرقۆڵمان بـوو. مـن و زاهیـدا لـە سـاڵی ١٩٥٣ کـە هاتبـوو بـۆ سـەردانی خوشـکی یەکترمـان نـاسی و بووینـە دڵـداری یەکـتری. زاهیـدا لەبەرئـەوەی مامۆسـتا بـوو لـە قوتابخانـە گەڕایـەوە وڵاتی خـۆی کـە باشکیرسـتان بـوو و باشکیرسـتان تـازە ئۆتۆنۆمـی وەرگرتبـوو لـە وڵاتی یەکێتـی سـۆڤیەت، بـەڵام پەیوەندییـە دڵداریەکـە لەنێوانمـان بـەردەوام بـوو. مـن لەگـەڵ ٢٠ هەڤاڵـی دیکـەم لـە ١٩٥٤/٢/١٥ لـە زانکـۆی پـارتی شـکۆل وەرگیـرام. زاهیـدا دووبـارە لـە هاوینـدا هاتـووە بـۆ ڤریڤسـکی و ئەمجارەیـان بـە تایبـەت لەبـەر مـن هاتبـووەوە و منیـش لەبەرئـەوەی هاویـن بـوو و خوێنـدم نەبـوو چوومـە لای زاهیــدا و ٣ مانگــی هاویــن بەیەکــەوە بوویــن. لــەو ماوەیــە بڕیارمانــدا ببیـن بـە هاوسـەری یـەک، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی زاهیـدا قوتابخانـەی هەبـوو بڕیارمانـدا ئـەو بگەڕێتـەوە و ئێمـەش سـاڵی ١٩٥٥ هاوسـەرگیری بکەیـن. لـە هاوینـی سـاڵی ١٩٥٥ زاهیـدا دووبـارە هاتـەوە لامـان و لـە ١٩٥٥/٨/١٧ زاهیـدام گواسـتەوە و ئاهەنگـمان کـرد. زۆرێـک لـە هەڤـاڵانی ئێمـە لـە ئاهەنگەکەمـان بەشـداربوون، لەوانـە شـێخ سـلێمان شـێخ عەبدولسـەلام بـارزانی و سـاڵح عـەلی کانیەلنجـی و مسـتەفا جانگیـر میـرۆزی.

زاهیـدا لـە شـاری ڤریڤسـکی لـە دوو قوتابخانـە وەرگیـرا. بەیانیـان بـە زمـانی ڕووسی لـە قوتابخانەیـەک وانـەی بـە منـداڵانی خەڵکـی ئۆزبەکـی دەگوتـەوە و ئێوارانیـش وانـەی بیـرکاری  بـە هەڤـاڵانی ئێمـە دەدایـەوە. منیـش لـە ڕێکەوتـی ١٩٥٥/٨/٢٥ چوومـەوە بـۆ زانکـۆی خـۆم، چونکـە بڕیاربـوو لـە سـەرەتای مانگـی  ئەیلوولی ١٩٥٥ خوێنـدن دەسـتپێبکاتەوە. مـن هەمـوو ڕۆژانی شـەممە

دەچوومـەوە ماڵـەوە لـە شـاری ڤریڤسـکی کـە ٥٠ کیلۆمەتـر لـە شـاری تاشـقەند دووربـوو.

لـە رێکـەوتی ١٩٥٧/١٠/٣٠ خـودا کوڕێکـی داینـێ و ناومـان نـا ئـازاد، بـە ئومێـدی ئازادبـوونی خـاک و خەڵکـی کوردسـتان. کاتێـک زاهیـدا دەچـووە قوتابخانـە، خوشـکەکەی ئـاگای لـە ئـازاد دەبـوو، چونکـە هاوسـێی یەکبوویـن. بارودۆخـی ئابوریـمان زۆر بـاش بـوو، زاهیـدا بـە دوو قوتابخانـە ١١٥٠ ڕوبـڵی وەردەگـرت و منیـش لـە زانکـۆی پـارتی شـکۆلی ١١٠٠ ڕوبڵـم وەردەگـرت. لەوکاتـەدا هاوڕێیـانی ئێمـە کـە لـە سـەفخوزی گوڵبـاغ کاریـان دەکـرد ٤٠٠-٥٠٠ ڕوبلیـان وەردەگـرت. ئێمـە یارمـەتی حسـێن محەمـەد و هاوسـەرەکەیمان دەدا، چونکـە ئاگایـان لـە ئـازادی کوڕمـان دەبـوو.

### ئۆتۆمبێل خۆی لە زاهیدای هاوسەرم دا

لـە رێکـەوتی ١٩٥٨/٥/٢٨ کاتێـک زاهیـدا دەچێتـە قوتابخانـە و دوا ڕۆژی قوتابخانـە دەبـێ، ئۆتۆمبێلێـک بـەر لـەوەی لـە زاهیـدا بـدا، خـۆی بـە پیاوێکـی دیکـەدا دەکێشـێ و زاهیـدا ئـاوڕ دەداتـەوە تـا بزانـێ چـی ڕوویـداوە، بـەڵام کابـرای شـۆفێر تـا کـەس نەزانـێ چـی کـردووە، بـە ئۆتۆمبێلەکـەی خـۆی بـە زاهیـدا دادەدات و پیاوێکـی دیکـەش کـە هـەر ئـەو کات لـەوێ دەبـێ ئۆتۆمبێلەکـە دەیـەوێ خـۆی بـە ئەویـش دا بکێشـێ، بـەڵام کابـرا خـۆی دەخاتـە نـاو جۆگـەی ئـاو و خـۆی ڕزگار دەکات. پیاوەکـە دەچێتـە بەڕێوبەرایەتییەکـەی خـۆی و لـەوێ تەلەفـۆن بـۆ پۆلیـسی یانگـی یـول دەکات و پۆلیـس هەر ئـەو ڕۆژ شـۆفێرەکە دەسـتگیر دەکـەن. مـن ئـەو کات لـە زانکـۆی پـارتی شـکۆلی بـووم. زاهیدایـان بردبـوو بـۆ نەخۆشـخانەی شـاری یانگـی یـول. لـەوێ هەڤاڵێکـی خـۆم کـە محەمـەد مسـتەفا کانیەلنجـی بـوو هاتـە لام لـە شـاری تاشـقەند و پێـی گوتـم ئەمڕۆ ئۆتۆمبێـل لـە زاهیـدای خێزانتـی داوە و هێناومانەتە نەخۆشـخانەی

شـاری یانگـی یـول. ئینجـا مـن دەسـتبەجێ لـە شـاری تاشـقەندەوە چـووم بـۆ یانگـی یـول.

کاتێـک گەیشـتمە لای زاهیـدا ئـەو بـێ هـۆش بـوو، منـی نەناسییەوە، پشـت و سـەر و قاچێکـی شـکابوون، هەروەهـا دوو ددانیـشی. زاهیـدا بـۆ مـاوەی شـەش مانـگ لـە نەخۆشـخانەی یانگـی یـول بـوو، دواتـر هێنامانـەوە شـاری ڤریڤسـکی و دوو مانگیـش لـە نەخۆشـخانەی ئـەم شـارە بـوو. ئـەوکات ئـازادی کوڕمـان تەمـەنی ٧ مانـگ بـوو. مـن چوومـە لای ئیسـابۆڤی وەزیـری دەرەوەی ئۆزبەکسـتان کـە دەمنـاسی و پێـم گـوت زاهیـدای خێزانـم لـە نەخۆشـخانەیە و خۆشـم لێـرەم لـە زانکـۆی پـارتی شـکۆل. پێـم گـوت بەڵکـو بتوانیـن لێـرە لـە تاشـقەند شـوێنێک بـۆ ئـازاد پەیدابکەیـن تـا مـن جارجـار بتوانـم سـەردانی بکـەم. ئیسـایۆڤ تەلەفـۆنی بـۆ شـوێنێک کـرد کـە چاودێـری منداڵانیـان دەکـرد و گوتیـان بـا کوڕەکـەی بێنێتـە ئێـرە تـا دایکـی چاکدەبێتـەوە ئێمـە چاومـان لێـی دەبـێ. ئینجـا مـن گەڕامـەوە شـاری ڤریڤسـکی و ئـازادی کوڕمـم هێنـا لایـان و هەمـوو هەفتەیـەک دەچوومـە دیـداری. هەروەهـا لـە ڕۆژانی شـەممە کـە زانکـۆ نەبـوو، دەچوومـەوە شـاری یانگـی یـول بـۆ لای زاهیـدا.

### چوونمان بۆ ناوچەی سەر دەریا

زانکـۆی پـارتی شـکۆل هەشـت کەسـیان نـاردە سـەفخوزێک لـە ناوچـەی سـەر دەریـا بـە مەبەسـتی نووسـینی ڕاپۆرتێـک بـۆ زانکـۆ لەبـارەی داهـات و خەرجـی ئـەو ناوچانـە کـە بـەکاری کشـتوکاڵەوە خەریـک بـوون و زیاتریـش لۆکەیـان دەچانـد. ئێمـە دەبووایـە لـە ڕاپۆرتەکەمـان ئـەوە نیشـان بدەیـن کـە داهـاتی سـێ سـاڵی ئـەم ناوچەیـە چـی بـووە و خەرجییەکانیـش چـی بـوون. سـەرۆکی ئـەم سـەفخوزە عوسـمان یوسـوفۆڤ بـوو کـە پێشـتر سـەرۆک کۆمـاری ئۆزبەکسـتان بـوو و هـەر ئـەو بـوو لـە سـاڵانی ١٩٤٩-١٩٥١ ئێمـەی دوور خرابوو.

ئێمە ئەوانەی چووبووین بۆ سەفخوزی عوسمان یوسوفوف ٨ کەس بووین، دوو کەسمان کورد بووین و دوو ڕووس بوون و دووشیان ئۆزبەک و دوویان کازاغ بوون. بەرلەوەی بەڕێ بکەوین لە زانکۆی ئێمە تەلەفۆن بۆ عوسمان یوسوفۆڤ کرابوو کە جێگایەک بۆ ئێمە ئامادە بکەن تا بۆ مانگێک تێیدا بژییین. دەبووایە ئێمە ڕاپۆرتەکەمان بە سێ وێنە بنووسین، وێنەیەکیان بۆ زانکۆ و ئەوەی دیکەیان بۆ سەفخوزەکە و ئەوەی تریشیان بۆ خۆمان.

لە ڕێکەوتی ١٩٥٨/١٠/١٢ هەر ٨ کەسمان لە شاری تاشقەندەوە گەیشتینە سەفخوزەکەی عوسمان یوسوفوڤ. کاتێک گەیشتین خانووێکیان بۆ ئێمە ئامادەکردبوو تا لێی بژییین و کاروباری خۆمانی تێدا ڕاپەڕێنین. عوسمان یوسوفوڤ بەدوای ئێمەیدا نارد و گوتی با بێن بیانبینم، بەڵام من گوتم ئێمە ناچین تا ئەو نەیێ بەخێرمان بێنێ، ئینجا ئێمەش دەچینە سەردانی ئەو. من ئەمەم بە تەکبیر کرد و ویستم سەرزەنشتی عوسمان یوسوفوڤی پێبکەم. عوسمان هاتە لامان و بەخێرهاتنی ئێمەی کرد و بە من و عەلی مستەفای گوت ئێوە هەڤاڵی بارزانی نین، منیش گوتم بەڵێ ئەوین. ئەو گوتی من ١٩٥٨/١٠/٧ بارزانیم بینی لە لایەن خەڵکی عێراق پێشوازییێکی گەرمی لێکرا و ئێوەش بەمزوانە دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆتان و ئەگەر گەڕانەوە سڵاوی من بگەیەننە سەرۆکەکەتان. من گوتم ئێمە ناوێرین باسی تۆ لای سەرۆکی خۆمان بکەین، ئەویش پرسی بۆ؟ من گوتم ئەی ئێوە نەبوون سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی و هەڤاڵەکانی ئەوتان دوور خستەوە بە ڕێککەوتن لەگەڵ جەعفەر باقرۆڤ و کاربەدەستانی حکومەتی تورکیا. ئەویش گوتی من نەبووم، بەڵام کارەکە لەسەر حیسابی من کرا.

ئێمە دەستمان بە کاری خۆمان کرد و هەریەکەمان ڕاپۆرتی خۆمان بە سێ وێنەوە لەبارەی سەفخوزەکەی عوسمان یوسوفوڤ ئامادەکرد.

مـن ڕاپۆرتێکـی ٣٠٩ لاپەڕەییـم ئامادەکـرد خەرجـی و داهـاتی سـێ سـاڵم تێـدا خسـتەڕوو کـە لـە سـەفخوزەکە تەنیـا ١٤ ملیـۆن ڕوبـل بـوو. لـە ڕێکەوتـی ١٩٥٨/١١/١٢ گەڕاینـەوە زانکـۆی خۆمـان. دوای دوو ڕۆژ سـەرۆکی زانکـۆ بانگـی منـی کـرد و گوتـی عەزیـز قـازی سوپاسـت دەکـەم بـۆ ئـەو ڕاپۆرتـەی ئامـادەت کـردووە و گوتـی لـە داهاتـوودا ئێمـە کەڵکـی لـێ وەردەگریـن.

## دادگایی کردنی ئەو شۆفێرەی لە زاهیدای دابوو

دوای ئـەوەی لـەکاتی چوونـە سـەرکار شـۆفێرێک بـە ئۆتۆمبێلەکـەی خـۆی بـە زاهیـدای خێزانـم دا کێشـا و زاهیـدا کەوتـە نەخۆشـخانە و شـوفێرەکەش مـاوەی سـێ مانـگ بـوو گیرابـوو و پارێزەرێکـی گرتبـوو و دەیەویسـت زوو لـە زینـدان ئـازاد بکـرێ. دادگا بانگـی کردیـن و مـن پارێـزەرم نەگرتبـوو و خـۆم چوومـە دادگا، چونکـە لـە کۆلێـژ چەنـد وانەیەکـی مـاف و یاسـام خوێندبـوو. پارێـزەری شـوفێرەکە گوتـی عەزیـز قـازی نابـێ لەبـاتی زاهیـدا قسـە بـکات، منیـش بـە دادوەرم گـوت زاهیـدا لـە نەخۆشـخانەیە و ناتوانـێ بێتـە ئێـرە و جەنـابی پارێـزەر ئەگـەر دەیـەوێ دەتوانـێ بـێ و لـە نەخۆشـخانە زاهیـدا ببینـێ. دادوەر گوتـی عەزیـز قـازی دەتوانـێ لەجیـاتی خێزانەکـەی بێتـە دادگا. مـن داوام لـە دادوەر کـرد دادگاییەکـە ڕەتبکاتـەوە، چونکـە زاهیـدا هێشـتا لـە نەخۆشـخانەیە و بارودۆخـی بـاش نییـە و نازانیـن چـی بەسـەر دێ. دادوەر بـە قسـەکانم قایـل بـوو و دادگاییەکـەی دواخسـت.

دوای دوو مانـگ دووبـارە دادگا بەدوایـدا ناردیـن و ئەمجـارەش هـەر خـۆم چـووم بـۆ دادگا و لـەوێ گوتـم لەبەرئـەوەی زاهیـدا هێشـتا لـە نەخۆشـخانەیە، بۆیـە پێویسـتە ئـەم دادگاییـە دوابخـرێ و دووبـارە دواخرایـەوە. دواتـر میرحـاج ئەحمـەد ئاکرەیـی و ئەسـعەد خۆشـەوی بـە ڕاسـپاردەی سـەرۆک بـارزانی لـە سـاڵی ١٩٥٩ هاتنـەوە یەکێتـی سـۆڤیەت تـا ئێمـە ئامادەبکـەن و بـە ویسـتی

خۆمـان بـە مـاڵ و منداڵـەوە بگەڕێینـەوە وڵاتی خۆمـان. مـن داوام لـە دادگا کـرد شـۆفێرەکە حوکـم بـدرێ و دادگا بڕیـاری دا شـۆفێرەکە شـەش سـاڵ حوکم بـدرێ و پێشـتریش سـاڵێک حوکـم درابـوو ئـەوە بـوو بـە ٧ سـاڵ. هەروەهـا بڕیـاری دادگا ئـەوە بـوو ٩٠٠٠ ڕوبـل بدرێتـە زاهیـدا و ٣٠٠٠ ڕوبلیـش بدرێتـە پیاوەکـەی دیکـە کـە خـۆی تەتـەری قـرم بـوو و هەرگیـز نەهاتـە دادگا، چونکـە لـە شـۆفێرەکە دەترسـا ئەگـەر شـکایەتی لێبـکات نـەوەک بیکـوژێ. پارێـزەری شـۆفێرەکە بـەو بڕیـارەی دادگا ڕازی نەبـوو و داوای پێداچوونـەوەی کـرد. پارێـزگاری شـوفێرەکە دەیـزانی ئێمـە خەڵکـی عێراقیـن و زۆری نەمـاوە ئـەوێ بەجێبێڵیـن و ئەگـەر ئێمـەش لـەوێ نەمێنیـن، ئـەوا کـەس نامێنـێ بچێتـە دادگا و کابـرا زوو ئـازاد دەکـرێ بەبـێ ئـەوەی دادگایـی بکـرێ.

مـن نامەیەکـم بـۆ (خرۆشـۆڤ) ی سـەرۆکی یەکێتـی سـۆڤیەت نـووسی و بـاسی ڕووداوەکـەی زاهیـدام بـۆ کـرد و ئـەوەم گـوت کـە ئەگـەر ئێمـە بچینـەوە، ئـەوا دادگا ئـەو شـوفێرە بـەڕەڵا دەکات، لـە کاتێکـدا ئـەو بـە ئەنقەسـت بـە ئۆتۆمبێـل لـە ژنەکـەی منـی داوە و ئەگـەر بێـت و ئێـوە بەمـە ڕازی بـن ئـەوا شـوفێرەکە ئـازاد دەکـرێ. (خرۆشـۆڤ) وەڵامـی نامەکـەی منـی دایـەوە و تێیـدا نووسـیبووی ئـەم نامەیـەی مـن ببـە و بـڕۆ لای ڕەشـیدۆڤی سـەرۆکی کۆمـاری ئۆزبەکسـتان و مـن نامەشـم بـۆ ئـەو نووسـیوە و پێـم گوتـووە کـە ئـەو شـۆفێرە دەبـێ بەپێـی یاسـاکانی سـۆڤیەت دادگایـی بکـرێ. مـن چوومـە لای ڕەشـیدۆڤ و ئـەو بـە گەرمـی پێشـوازی لێکـردم و مـن نامەکـەی خرۆشـۆڤم دایـێ و ئەویـش گوتـی خرۆشـۆڤ نامـەی بـۆ منیـش نووسـیوە. ئینجـا ڕەشـیدۆڤ نامەیەکـی بـۆ حاکمـی گشـتی ئۆزبەکسـتان نـووسی لەبـارەی حوکمـدانی شـوفێرەکە. مـن نامەکـەم بـردە لای دادوەری گشـتی ئۆزبەکسـتان و دەسـتم بـە قسـە کـرد. ئـەو گوتـی عەزیـز قـازی پێدەچـێ ئێـوە شـارەزاییتان لـە یاسـاکانی وڵاتی ئێمـە نەبـێ. منیـش گوتـم جەنـابی دادوەر تەماشـای فڵانـە لاپـەڕە بکـە لـە یاسـای یەکێتـی

سـۆڤیەت بزانـە چـی دەڵـێ، دادوەر گوتـی عەزیـز قـازی ببـورە وادیـارە تـۆ شـارەزای یاسـاکانی ئـەم وڵاتـەی. ئینجـا نامەیەکـی بـۆ ئـەو حاکمـە نـووسی کـە حوکمـی شـۆفێرەکەی دابـوو.

مـن چوومـە لای ئـەو دادوەرەی حوکمـی شـۆفێرەکەی دابـوو و ئـەو حوکمـی دادگای چەسـپاند کـە ۹۰۰۰ ڕوبـل بدرێتـە زاهیـدا و ۳۰۰۰ ڕوبلیـش بـۆ کابـرای دیکـە و ٦ سـاڵیش زینـدانی بکـرێ، بـەڵام خێـزانی شـۆفێرەکە گوتـی ئێمـە ئـەو پارەیەمـان نییـە بیدەیـن، چونکـە مێـردم سـاڵێکە لـە زیندانـە. مـن چوومـە لای ئیسـایۆڤی وەزیـری دەرەوەی کۆمـاری ئۆزبەکسـتان و پێـم گـوت کـە ئەمـە بڕیـاری دادگایـە، بـەڵام خێـزانی کابـرای شـۆفێر دەڵـێ پارەمـان نییـە، بـەڵام ئەوان ئۆتۆمبێلیـان هەیـە، هـەر ئـەو ئۆتۆمبێلـەی لـە زاهیـدای دابـوو. بـە ئیسـایۆڤم گـوت پۆلیسـێکم لەگـەڵ بنێـرە بـا ئۆتۆمبێلەکـەی پێشـان بـدەم و ئەویـش پۆلیسـێکی لەگـەڵ نـاردم و پۆلیسـەکە ئۆتۆمبێلەکـەی بینـی. ئینجا چووینـە لای دادوەر و پۆلیسـەکە بـە دادوەری گـوت ئـەوان ئۆتۆمبێلیـان هەیـە و لەماڵـەوە ڕایانگرتـووە. دادوەر بانگـی ژنی شـۆفێرەکەی کـرد و پێـی گـوت ئێـوە ئۆتۆمبێلتـان هەیـە، ئەگـەر پـارەی ئـەوان نەهێنـی، ئـەوا ئێمـە ئۆتۆمبێلەکـە دەفرۆشـین و پـارەی ئـەوانی لێدەدەیـن. ژنەکـە چـوو ۱۲۰۰ ڕوبـلی هێنـا و هەمـوو دایـە مـن، منیـش ۹۰۰۰ م بـۆ زاهیـدا هەڵگـرت و ۳۰۰۰ بـۆ کابـرای دیکـە و مـن داوام لـە دادوەر کـرد پۆلیسـێکم لەگـەڵ بنێـرن تـا دەگەمـە زانکـۆی خـۆم لـە تاشـقەند و پاشـان چوومـە شـاری ڤریڤسـکی و ۳۰۰۰ ڕوبلـم دا بـە پیاوەکـە و ئەویـش زۆر سـوپاسی کـردم و بەمجـۆرە دادگاییەکـە کۆتایـی هـات.

### ئاهەنگێک لە زانکۆی پارتی شکۆل

دوای ئـەوەی سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی چـووە بەغـدا و لەوێ بـە گەرمی پێشـوازی لێکـرا. زانکۆی ئێمـەش ئاهەنگێکییان بەبۆنەی شـادبوونەوەی بارزانی بە

میللەتەکەی ڕێکخست. ئێمە ١٩ هەڤاڵی بارزانی بووین کە لە شاری تاشقەند لەزانکۆی پارتی شکۆل دەمانخوێند. سەرۆکی زانکۆکەمان ئاهەنگێکی سازکرد و ئێمە و هەموو قوتابیان و کاربەدەستانی زانکۆ لە ئاهەنگەکە بەشداربووین و سەرۆکی زانکۆ بە ئێمەی گوت، ئێوەش بەمزوانە بە نیشتیمانی خۆتان شاددەبنەوە. سەرۆکی زانکۆ هات و تەوقەی لەگەڵمان کرد و گوتی: چوونەوە وڵاتی خۆتان سڵاوی ئێمەش بگەیەننە سەرۆکی خۆتان مەلا مستەفا بارزانی.

**بەدەستهێنانی بڕوانامە لە یەکێتی سۆڤیەت**

لە یەکێتی سۆڤیەت هەڤاڵانی ئێمە زۆربەیان خوێندەوارییەکی زۆر باشیان پەیداکرد، لەکاتێکدا لەو کاتەی لە کوردستانی عێراق بووین، زۆربەمان خوێندەواریمان نەبوو. ئێمە ١٩ هەڤاڵ لە زانکۆی پارتی شکۆل خوێندمان بڕوانامەی بەرزمان بەدەستهێنا کە بەرانبەر ماستەرە. هەروەها ١٢٠ هەڤاڵمان کە سەرۆکمان مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ خۆی بردنی بۆ مۆسکۆ و دواتر دابەشیان کردن بەسەر شارەکانی ڕووسیا ئەوانیش بڕوانامەی بەرزیان وەدەستهێنا. هەروەها ١٥ هەڤاڵمان چوونە شاری یانگی یول و لەوێ خوێندیان و بڕوانامەی زانکۆیان وەدەستهێنا. ١٥ هەڤالی دیکەمان لە شاری تاشقەند دەیانخوێند و ١٥ هەڤاڵی دیکە لە شاری ڤیڤسکی ١٥ هەڤاڵی دیکەشمان لە شاری چینازبوون و ١٥ هەڤاڵیش پێش ئێمە چووبوونە زانکۆی پارتی شکۆل، ئەمانە هەموویان بڕوانامەی زانکۆیان بەدەستهێنا.

هەروەها ئەم هەڤاڵانەمان لەگەڵ سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی لە زانکۆی پارتی شکۆل لە مۆسکۆ دەیانخوێند: (میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی، سەید عەزیز سەید عەبدولا شەمزینی، عەلی خەلیل سێلکی مزوری، عەلی شێخ محەمەد صدیق بارزانی)، ئەوانیش لەگەڵ سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی بڕوانامەی بەرزیان وەرگرت

**دووبارە شکاندنەوەی قاچی زاهیدا**

زاهیدای هاوسەرم لە نەخۆشخانە دەرچوو، بەڵام قاچی هەڵبەسترابووەوە ئێسقانەکەی جێی خۆی نەگرتبوو. بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیەی کە زاهیدا لەوێ مامۆستابوو گوتی: من بەیتارێک دەناسم کە زۆر لێهاتووە لە هەڵبەستانەوەی شکست و ئەو لە شاری بدیۆن بوو کە زۆر لە شاری ڤریڤسکی دوور نەبوو. من چوومە شاری بدیۆن و پیاوەکەم دۆزییەوە و پێم گوتم خێزانم قاچی شکاوە و خراپ هەڵبەستراوەتەوە، ئەگەر لەگەڵم بێی تەماشایەکی قاچی بکەی. پیاوەکە لەگەڵم هاتە شاری ڤریڤسکی گوتی دەبێ قاچی بشکێنینەوە و دووبارە هەڵیبەستینەوە، ئەگەر ئێوە لەسەر ئەمە ڕازی بن.

ئێمە ڕازی بووین بەیتارەکە قاچی زاهیدا بشکێنێتەوە و دووبارە هەڵیبەستێتەوە. پیاوەکە گوتی دەبێ ئاژەڵێک بکڕین و پێستەکەی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە قاچی زاهیدا ببەستین تا نەرمی دەکاتەوە ئینجا من دوای دوو ڕۆژی دیکە دێمەوە و قاچەکەی دەشکێنمەوە و دووبارە هەڵیدەبەستمەوە. ئەمانەمان کرد و دوای دوو ڕۆژ بەیتارەکە هاتەوە و من و حسێن محەمەد کانیەلنجی لەگەڵ بەیتارەکە قاچی زاهیدامان شکاندەوە و بەیتارەکە دووبارە بە توندی هەڵیبەستەوە و گوتی: دەبێ تا چل ڕۆژی دیکە ئاوابێ و من دوای چل ڕۆژ دێمەوە. دوای چل ڕۆژ هاتەوە و گوتی قاچەکە زۆرباش شوێنی خۆی گرتووەتەوە. من ٨٠٠ ڕوبلم دایێ، هەرچەند ئەو گوتی من بێ بەرانبەر هاتووم و پارەم ناوێ.

# بەندی حەوتەم
# گەڕانەوە بۆ زێد و نیشتیمان (١٩٥٩-١٩٦٣)

## شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لە عێراق و گەڕانەوەی سەرۆک بارزانی

زەعیـم عەبدولکەریـم قاسـم کودەتـای بەسـەر حکومـەتی نـوری سـەعیددا کـرد لـە عێـراق. ئـەوکات سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی لـە شـاری مۆسـکۆ بـوو. سـەرۆک لەگـەڵ میرحـاج ئەحمـەد ئاکرەیـی و ئەسـعەد خۆشـەوی دەچنـە کۆمـاری (ڕومینیـا) و لـەوێ سـەرۆک کۆمـاری ڕۆمینیـا زۆر بە گەرمی پێشـوازییان لـێ دەکات و پیرۆزبایـی ڕووخـانی ڕژێمـی عێراقیـان لـێ دەکات. لەوێـوە دەچـن بـۆ کونسـوڵخانەی کۆمـاری میـسر و برووسـکەیەک بـۆ عەبدولکەریـم قاسـم دەنێـرن و پیرۆزبایـی لـێ دەکـەن بـە بۆنـەی سـەرکەوتنی کودەتاکەیـان. ئینجـا عەبدولکەریـم قاسـم وەڵامـی سـەرۆک بـارزانی دەداتـەوە و پێـی دەڵـێ زوو بگەڕێنـەوە لام بـۆ کۆمـاری عێـراق بۆئـەوەی گـەلی کـورد هاوکارمـان بـن بـۆ دروسـتکردنی حکومەتێکـی دیموکـراتی لـە عێـراق کـە گـەلی کـورد و عـەرەب پێکیبێنـن. دواتـر سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی و میرحـاج ئەحمـەد ئاکرەیـی و ئەسـعەد خۆشـەوی لـە ڕومینیـاوە دەچنـە چیکوسلۆڤاکیا و لەوێـش سـەرۆک و کاربەدەسـتانی ئـەو وڵاتـە بـە گەرمـی پێشـوازی لـە سـەرۆک بـارزانی دەکـەن.

ئیبراهیـم ئەحمـەد کـە ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتانی عێـراق بـوو لەگـەڵ شـێخ سـادق شـێخ بابـۆ کـە بـرازای سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی بـوو دەچنـە چیکوسـلۆڤاکیا و لـەوێ لەگـەڵ سـەرۆک بـارزانی و میرحـاج ئاکرەیـی و ئەسـعەد خۆشـەوی هـەر پێنجیـان بەیەکـەوە بـە فڕۆکـە دەچنـە وڵاتی میـسر. لەوێـش جەمـال عەبدولنـاسر و کاربەدەسـتانی دیکـەی بـە گەرمـی پێشـوازییان لـێ دەکـەن.

لـە ڕێکەوتـی ١٩٥٨/١٠/٦ سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی و هەڤاڵـەکانی دەگەنـە فڕۆکەخانـەی بەغـدا بـە هـەزاران کـەس لـە کـورد و عـەرەب و کەمینـە نەتەوایەتییـەکانی دیکـە پێشـوازییان لـێ دەکـەن. لـە ڕێکەوتـی ١٩٥٨/١٠/٧ سـەرۆک بـارزانی سـەردانی عەبدولکەریـم قاسـمی سـەرۆک کۆمـاری عێـراق کـرد

و لـەوێ عەبدولکەریـم قاسـم بـە گەرمـی پێشـوازی لێکـرد. ئینجـا لـە تـەواوی عێـراق بـوو بـە ڕۆژێکـی مێژوویـی و ئاهەنگێـڕان و شـادی دەربڕیـن و گـەلی کوردیـش زۆر خۆشـحاڵ بـوو بـە گەڕانـەوەی سـەرۆکەکەیان. هـەر بـەم بۆنـەوە خەڵکێکـی ئێجـگار زۆر بـە تـەواوی پێکهاتـە ئایینەکانـەوە دەچوونـە دیـداری سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی و بەخێریـان دەهێنایـەوە.

دوای ئـەوەی ئێمـە بـە سـەرۆکایەتی سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٧/٦/١٨ لـە ڕووبـاری ئـاراس پەڕینـەوە و گەیشـتینە خاکـی یەکێتـی سـۆڤیەت و پـاش ئـەوەی ئێمـە لەگـەڵ سـەرۆکی خۆمـان بـۆ مـاوەی ١١ سـاڵ پەناهەنـدە و دوورە وڵات بوویـن. سـەرۆکمان دوای کودەتـای ١٤ی تەمـوزی ١٩٥٨ گەڕایـەوە وڵات و هەمـوو خەڵـک پێشـوازییان لێکـرد. ئـەو میرحـاج ئاکرەیـی و ئەسـعەد خۆشـەوی ناردبـوو بـۆ ئـەوەی ئێمـە کۆبکەنـەوە و بگەڕێینـەوە وڵاتی خۆمـان. ئێمـە ئـەو هەڤاڵانـەی بەیەکـەوە لـە زانکـۆی پـارتی شـکۆل دەمانخوێنـد ژمارەمـان نـۆزدە کـەس بـوو، لـە سـەرەتای مانگـی ئـاداری سـاڵی ١٩٥٩ تاقیکردنەوەمـان کـرد و هەموومـان بڕوانامـەی باڵامـان بەدەسـتهێنا، ئـەو بڕوانامەیـەی ئێمـە بەرانبـەر ماسـتەر بـوو، چونکـە پێنـج سـاڵ و نیـو خوێندمـان. ئێمـە دوای ١٢ سـاڵ دەربـەدەری پەناهەندەیـی لـە مانگـی نیسـانی ١٩٥٩ گەڕاینـەوە وڵاتی خۆمـان.

### گەڕانەوەمان بۆ نیشتیمان

ئێمـە دوای دوازدە سـاڵ دەربـەدەری و دوورە وڵاتی، لـە ڕێکەوتی ١٩٥٩/٣/٢٥ لـە شـاری ڤریڤسـکی بـە شـەمەندەفەر چوویـن بـۆ شـاری ئۆدیسـان کـە لـە نزیـک دەریـای ڕەش بـوو و ڕۆژی ١٩٥٩/٣/٣٠ گەیشـتینە ئـەو شـارە. هەڤاڵـەکانی دیکەشـمان کـە لـە کۆمـاری ڕووسـیا بـوون هاتنـە شـاری ئۆدیسـان. ئێمـە لـە ڕێکەوتـی ١٩٥٩/٤/١ لـە شـاری ئۆدیسـان سـواری پاپـۆڕی (گـروز) بوویـن لـە

شـاری ئۆدیسـان لەدەریـای ڕەش و لەوێـوە بـەرەو پێـرژن لـوف (کەنـداوی عـەرەب) بەڕێکەوتیـن و ڕێکەوتـی ١٩٥٩/٤/١٦ گەیشـتینە کەنـداوی عـەرەب. سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی لـە بەغـداوە هاتبـووە شـاری بـەسرا و لەوێـوە بـە بەلەمێـک بـە پیـر ئێمـەوە هـات و هاتـە نـاو پاپۆرەکـەی ئێمـە و یەکـە بـە یەکـە بەخێرهاتنـەوەی لـە هەمومـان کـرد. ئێمـە ڕێکەوتـی ١٩٥٩/٤/١٦ گەیشـتینە شـاری بـەسرا و لـەوێ سـواری شـەمەندەفەر بوویـن لـە بـەسراوە بـۆ هەولێـری پایتەختـی کوردسـتانی عێـراق. هەروەهـا سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بارزانیـش لەگـەڵ ئێمـە سـواری شـەمەندەفەرەکە بـوو.

خەڵکـی شـاری بـەسرە زۆر بـە گەرمـی پێشـوازیان لـە ئێمـە کـرد و خـزم و کەسـوکاری زۆرێـک لـە هەڤاڵەکانیشـمان هاتبوونـە شـاری بـەسرا بـۆ پێشـوازی و بەخێرهێنانـەوە. لـە شـاری بـەسرە شـەمەندەفەر زۆر بـە هێـواشی دەڕۆیشـت، چونکـە خەڵکێکـی زۆر هاتبوونـە سـەر ڕێـگای شـەمەندەفەر.

برادەرێکـی ئۆزبەکـم کـە زۆر نزیـک بـوو لێـم کڵاوێـک کـە هـی دەسـتووری خۆیـان بـوو بەدیـاری دایـە مـن و گوتـی هـەر کات ئـەم کڵاوەت بینـی منـت بیـر بکەوێتـەوە. کاتێـک بـە سـواری شـەمەندەفەر لـە بـەسرەوە بـەرەو بەغـدا دەڕۆیشـتین و منیـش لـە دەرگای شـەمەندەفەرەکە سـڵاوم لـە خەڵکـی دەکـرد و کڵاوەکەشـم لەسـەرم نابـوو. کچێکـی گەنجی جـوان هاتە سـەر شـەمەندەفەرەکە و منـی مـاچ کـرد و کڵاوەکـەشی بـردم و ڕایکـرد و لەڕێـگادا کڵاوەکـەی ماچکـرد. مـن هەرچەنـد بانگـم کـرد کـە کڵاوەکـەم بـۆ بگەڕێنێتـەوە، بـەڵام ئـەو گوێـی پـێ نـەدا. مـن ئـەو کات زمـانی عەرەبیـم نـەدەزانی و بـە کـوردی بـە کچەکـەم دەگوت کڵاوەکـەم بـدەوە، بـەڵام سـوودی نەبـوو و کڵاوەکـەی بـردم و نەیدایـەوە.

ئێوارانێکـی درەنـگ گەیشـتینە شـاری بەغـدا و سـەرۆک بـارزانی لـەوێ مایـەوە. لـە بەغـدا بـۆ مـاوەی ٢ کاتژمێـر شـەمەندەفەرەکە وەسـتا، چونکـە خەڵکێکـی یەکجـار زۆر هاتبوونـە سـەر ڕێـگای شـەمەندەفەرەکە. دواتـر لـە

بەغدا هەر بە شەمەندەفەر بە ڕێکەوتین بەرەو کەرکووک، هەرچەندە کە گەیشتین شەو بوو، بەڵام لەوێش هاونیشتیمانی کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشووری هاتبوونە پێشوازیمان. نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٥٩/٤/١٧ گەیشتینە هەولێری پایتەختی کوردستانی عێراق. لە هەولێر پۆلیسێک هاتە سەر شەمەندەفەرەکە و لە منی پرسی نازانی عەزیز قازی لەکوێیە؟ منیش گوتم تۆ ناوت چییە؟ ئەویش گوتی من کەریم بەنۆکەییم و منیش گوتم منیش عەزیز قازیم، من ئەو زۆر لە مێژبوو یەکترمان دەناسی و خزمایەتییەکیش هەبوو لە نێوانمان، باوەشمان بەیەکدا کرد و ئەو ماچی کردم و گریا. ئێمە لە شەمەندەفەر دابەزین تا بە ئۆتۆمبێل بچین بۆ پیرمام، چونکە لەوێ خانومان بۆ ئامادە کرابوو و کەریم بەنۆکەییش لەگەڵ ئێمە سواری ئۆتۆمبێل بوو تا لەگەڵمان بێ. لە هەمانکاتدا سەعید ئەحمەد سورچی و محەمەد قادر ئاغا و چوار برادەری دیکە هاتبوونە هەولێر بۆ پێشوازیکردن لە من، نە ئەوان منیان دەناسییەوە و نە منیش ئەوانم دەناسییەوە، هەرچەندە خزمی یەکتریش بووین.

کاتێک ئێمە بە ئۆتۆمبێل بەرەو پیرمام بەڕێکەوتبووین، ئەوان پرسیاریان لە هەڤاڵێکی ئێمە کردبوو و پرسیبوویان ئێوە نازانن عەزیز قازی لە کوێیە، برادەرەکەی منیش گوتبووی عەزیز قازی بەرەو پیرمام بەڕێکەوتووە. کاتێک ئێمە گەیشتینە لۆفەکانی مەسیف پێکابێک بەرەو هەولێر دەهات و کەریم بەنۆکەیی گوتی عەزیز قازی ئەوە عەلی قازی براتە و ئێمە ئۆتۆمبێلەکمان ڕاگرت و کەریم بەنۆکەیی ئۆتۆمبێلی عەلی قازی برامی ڕاگرت و گوتی ئەوە عەزیز قازی براتە. عەلی قازی بەگریانەوە بەرەو لای من هات و ماچی کردم و هەمان ئەو کاتیش سەعید ئەحمەد سورچی و محەمەد قادر ئاغا گەیشتنە لامان و لەوێ دوای شازدە ساڵ دابڕان و دووری بەیەک شادبووینەوە. لە مەسیف بە شێوەیەکی کاتی خانووێکیان دایە ئێمە.

ڕێکەوتی ١٩٥٩/٦/١٨ ئەندامانی پارتیمان لە هەولێر هاتبوون و لە نزیک ڕێگای گشتی نێوان هەولێر و شەقڵاوە ئاهەنگێکیان بە بۆنەی گەڕانەوەمان پێکهێنا. منیش بەشداریم لە ئاهەنگەکە کرد.

من نامەیەکم لە ئۆزبەکستانەوە بۆ کەریمی کوڕی ڕەسووڵ ناجی[1] کە ماڵی لە هەولێر بوو، لەگەڵ خۆم هێنابوو.

با کەمێک بگەڕێمەوە دواوە، دوای ئەوەی ئێمە دوای ١٢ ساڵ دەربەدەری گەڕاینەوە، بۆ هەندێک کەس کەیف و خۆشی بوو و بۆ هەندێکی دیکەش قوڕپێوان و گریان و ناخۆشی بوو، ئێمە هەندێکمان گەڕاینەوە وڵات و هەندێکمان لە ڕێگادا شەهید بووین و هەندێکی دیکەشمان لەوێ لە یەکێتی سۆڤیەت کۆچی دواییان کرد. بۆ کەسوکاری ئەوانەی شەهید ببوون

(١)ڕەسول ناجی لە شاری هەولێرەوە هاتبووە شاری مهابادی کوردستانی ئێران و لەوێ ئەویان گرتبوو و گوتبوویان سیخوڕی حکومەتی عێراقییە و ڕادەستی کاربەدەستانی یەکێتی سۆڤیەتییان کردبوو و ئەوانیش بە دەستگیرکراوی دەینێرن بۆ یەکێتی سۆڤیەت. لەوێ دوای ماوەیەک ئازادی دەکەن و دەچێتە شاری یانگی یول لە کۆماری ئۆزبەکستان. ئەو ویستبووی لەگەڵ ئێمە بگەڕێتەوە هەولێر، بەڵام سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی قبوڵی نەکردبوو لەگەڵ ئێمە بێتەوە. ڕەسول ناجی لای برادەرێک باس دەکات کە دەیەوێ نامەیەک بۆ کەریمی کوڕی بنێرێ کە لە هەولێر دادەنیشێ و ئەویش پێی دەڵێ عەزیز قازی خەڵکی هەریرە و لە شاری هەولێر نزیکە بڕۆ بۆ لای ئەو، بەڵکو ئەو نامەکەت بۆ کوڕەکەت ببا. ڕەسول ناجی هاتە لام و گوتی کاک عەزیز قازی ئەگەر من نامەیەک بۆ کەریمی کوڕم بنووسم، نامەکەم دەگەیەنییە کەریم، منیش گوتم بەڵێ دەیبەم، بەڵام ناو و ناونیشانەکەی بە باشی بنووسە. ئەو نامەکەی نووسی و منیش لەگەڵ خۆم هێنایەوە. لە ئاهەنگەکەی مەسیف من لە هەڤاڵێکی پارتیمانم پرسی تۆ کەریمی ڕەسول ناجی دەناسی، گوتی بەڵێ ئەوە هەوە. بانگی کرد و تەوقەم لەگەڵی کرد و پێم گوت باوکت نامەیەکی بۆت ناردووە. کەریم لەگەڵم هاتە ماڵەکەم و نامەکەم دایێ. کەریم گوتی دەبێ ڕۆژێک بێی بۆ ماڵمان لە هەولێر و لە دەرفەتێک ئۆتۆمبێلێک دەنێرم بەدواتدا و وەرە بۆ ماڵمان، منیش گوتم باشە.

یـان لـە یەکێتـی سـۆڤیەت کۆچـی دواییـان کردبـوو خـەم و گریـان بـوو، چونکـە هاتبوونـە پێشـوازی ئازیزانیـان و نەیانزانیبـوو شـەهیدبوون:

- ئێمـە کاتێـک لـە ١٩٤٧/٤/٢٨ گەڕاینـەوە، هەڤاڵێکـمان لـە نزیـک گونـدی زێتـی شـەهید بـوو کـە نـاوی (تێـلی عەبدولکەریـم) بـوو.
- هەروەهـا ئـەم هەڤاڵانەشـمان لـە مانگـی نیسـانی ١٩٤٧ لـە نزیـک شـێروان شـەهید بـوون: (عەریـف عەبدولڕەحـمان خۆشـناو و عەزیـز زراری).
- لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٧/٦/١١ لـە شـەڕی چیـای سـوز و سـهێل لـە ناوچـەی ماکـۆی کوردسـتانی ئێـران کـە سێ شـەو و سێ ڕۆژی خایانـد (مـەل لیـری و سـاڵح لیـری و محەمـەد مـەلا محەمـەد مێرگەسـۆری و حاجـی گیـزی) شـەهید بـوون.
- ئـەم هەڤالانەمـان لـە یەکێتـی سـۆڤیەت کۆچـی دواییـان کـرد: (ئەحمـەد بێـدارونی، ئەسـکەندەر مـەلا سـەلام، ئـاودەل حسـێن بێرۆخـی، جـادر جانگیـر مێـرۆزی، حـەدۆ حەسـەن لێـری، حەسـکۆ چیچـۆ بـارزانی، سـمایل شـانەدەری، حەسـەن شـەمدین مـزوری، خورشـید نەبـوو دوسـکی، عوسـمان بایەزدیـن بـارزانی، خـال میـرزا شـکاک، کاک عـەلی سـلێمانی، ڕەسـووڵ محەمـەد مێرگەسـۆری، عـەلی یونـس پێندرۆیـی، عومـەر عەبـدوڵا هۆسـتانی، عومـەر مستەفا ئیسـۆمەری، محیەدیـن بابـازادە، سـلێمان شـیڤی، شـەریف مستەفا دۆسـکی، مسـتەفا مـەلا شـنی، ئەحمـەد میـرۆ دۆسـکی، محەمـەد خـال مـەلا بابکەیـی، عەبدولکەریـم ئەحمـەد گـەردی، حەسـەن عـەلی سـەفتێ، عومـەر شـێخ زراری، میرزاعبـدی کـوردە، ناوخـوش حسـین لیرەبـیری، ئـاودەل میکائیـل بژیـانی، حسـین بکربـەگ باپیشـتی، شـەکر ئەرگـوشی ).
- هەروەهـا چـوار ئەفسەریشـمان شـەهید بـوون کـە ئەمانـە بـوون: (شـەهید عیـزەت عەبدولعەزیـز، شـەهید مسـتەفا خۆشـناو، شـەهید خەیـروڵا عەبدولکەریـم، شـەهید محەمـەد مەحمـوود قـودسی). ئـەم چـوار ئەفسـەرە ئەندامـی حـزبی هیـوا بـوون و بـە فەرمـانی ئـەو حزبـە پەیوەنـدی بـە شـۆڕشی

بارزانـەوە دەکـەن و دواتـر لـە سـێدارە دەدرێـن.



وێنەی شەهیدەکانی کوردستانی
لە حوزەیرانی ١٩/٦/١٩٤٧دا لە لایەن دەزگای
عێراق و ئیستعمار ئیعدام کران
١- عزت عبدالعزیز ٢- مستەفا خۆشناو ٣- خیرالله عبدالکریم
٤- محمد محمود قدسی



ئەمەی خوارەوە نامەی چوار ئەفسەرە شەهیدەکەیە کە ١٤ کاتژمێر بەر لەوەی لە سێدارە بدرێن نووسیویانە و دەسخەتەکە هی شەهید محەمەد قودسییە: ((برایانی کوردی خۆشەویست، کاتژمێرێک دوای تەبلیغی لەسێدارەدان نووسراوە. برایان، لەژیانی ژێردەستی ئیستیعماردا تەنیا ١٤ کاتژمێرمان ماوە لە سێدارە دەدرێین بە پەتی سێدارەی ئیستیعمار و گیانمان دەگاتە گیانی شەهیدانی ڕێگای نیشتیمان. برایان خۆمان زۆر بە بەختەوەر دەزانین کە بەرانبەر واجبی نەتەوەییمان هیچ دوا نەکەوتووین و تەنیا نەسیحەتی ئێمە ئەوەیە لاوانی نیشتیمانپەروەری کورد یەکگرتوویی بکەنە پەیڕەوی ژیانیان بۆ شکاندنی تەوقی ئیستیعمار و ڕزگارکردنی هەموو میللەتێکی مەزڵوم بێ جیاوازی.

برایان، دوژمنی جەهالەت بن و بە هەموو تواناتان شەڕی جەهالەت بکەن و دوای جەهالەت مەکەون. ئێمە نیشانەی تێکۆشینی کوردین لە ساڵی ١٩٤٧ دا. برایانی ئێمە کە ماون بۆ ڕێگای شەرەف تێدەکۆشن و پشت بەخوای گەورە نەتەوەمان ڕزگار دەبێ. برایان هاتنی ئێمە بۆ بەر پەتی سێدارە لەبێ دەسەڵاتیمان نەبوو و دوورکەوتنەوەش نییە لە تێکۆشین، بەڵکو وەکو سەربازێکی ئازاد تا ئاخرین کار هەوڵمانداوە و گەیشتینە ئەم نەتیجەیە. ئیتر بۆ یەکێتی و بۆ ئازادی، بژی کورد و کوردستان

خەیروڵا عەبدولکەریم، مستەفا خۆشناو، عیزەت عەبدولعەزیز، محەمەد مەحموود قودسی)).

ئەم وەسیەتنامەیان نووسی و دوای ١٤ کاتژمێر لە سێدارە دران و هەریەکەیان بە وتەیەکی مێژوویی ماڵئاواییان لە نەتەوەکەیان دەکرد:

کاتێک عیزەت عەبدولعەزیز دەبەنە بەر پەتی سێدارە، دەڵێ: (دوا ئامۆژگاریم بۆ گەلەکەم ئەوەیە ئەو ڕێگایەی من گرتوومە، ئەوانیش بیگرن. مردن لەپێناو کامەرانی گەل بەرزترین سەربەرزییە بۆ مرۆڤ).

مستەفا خۆشناو لەبەردەم پەتی سێدارە گوتبووی: (داری ئازادی گەلان بەخوێن ئاو دەدرێ، با خوێنی منیش دڵۆپێک بێ لەو خوێنەی بۆ ئازادی کوردستان و گەلی کورد ڕژاوە. بژی کورد و کوردستان بە ئازادی و سەربەستی).

دوا قسەی خەیروڵا عەبدولکەریم لەبەردەم پەتی سێدارە ئەمە بووە: (ئیستیعمار و نۆکەرانیان دەتوانن سەدانی وەک من بکوژن، بەڵام ناتوانن ١٢ ملیۆن کورد و ملیۆنان ئازادی خواز لە جیهان لەناوببەن).

کاتێک محەمەد قودسی برابووە بەر پەتی سێدارە گوتبووی: (مردن لە ڕێگای وڵات خۆشترین شتە کە مرۆڤ دەستی بکەوێ، ئێمە لە ڕۆژی لەدایکبوونمان هەر بە ئاواتی ئەوە بووین کە لە ڕێگای ئازادی کورد و کوردستان و کامەرانی گەلانی دیکە سەربنێینەوە)

محەمەد ئەمین کە ئامۆزای من بوو لە مەسیف هاتە لام، من لە چایخانەیەک دانیشتبووم لەسەر ڕێگای گشتی نێوان هەولێر و شەقڵاوە. لەمنی پرسی برادەر ئێوە نازانن عەزیز قازی لە کوێیە؟ منیش گوتم با وەرە من عەزیز قازی دەناسم با بتبەم بۆ ماڵی ئەوان. چووینە ماڵەوە و بە محەمەدم گوت ئێستا بانگی عەزیز قازی دەکەم، چووم خۆم گۆڕی و چوومەوە لای ئامۆزاکەم و گوتم من عەزیزی قازیم و ئەویش هەستایەوە و منی ماچکرد و گریا. منیش پێم گوت من هەمان ئەو کەسەی چایخانەکەم ئەویش دووبارە ماچی کردمەوە و گریا.

### مردنی ئازادی کوڕم لە مەسیف سەڵاحەدین

دوای گەڕانەوەمان ئازاد تووشی نەخۆشی زەرتک بوو، ئێمە بردمانە نەخۆشخانەکەی هەولێر، دوای ئەوەی سێ کاتژمێر بە گەرما سەرەمان گرت تا کوڕەکەمان بگەیەنینە لای دکتۆر، بەڵام بەداخەوە دەرزیەکیان لێدا و

گوتیـان بیبەنـەوە ماڵـەوە. دوای ئـەوەی چووینـەوە ماڵـەوە مـن بـە زاهیـدای خێزانـم گـوت مـن یـەک ڕۆژ دەچـم بـۆ گونـدی خۆمـان تـا ئـەو کەسـوکارانەم بەسـەر بکەمـەوە کـە نەیانتوانیـوە لێـرە بێنـە لام. گوندەکەمـان نزیـک شـاری هەریـر بـوو و تەنیـا نیـو کاتژمێـر لـە پیرمـام دووربوو. مـن چوومـە گوندەکەمان، ڕۆژی دواتـر حسێن محەمـەد کانیەلنجـی کـە هاوەڵـزاوای یەکتربوویـن بەدوامدا هاتـە گونـد و گوتـی ئـازادی کـوڕت کۆچـی دوایـی کـردووە و گۆڕەکـەی ئامادەیە و چاوەڕوانی تـۆ دەکـەن بـۆ بەخاکسـپاردنی. گەڕاینـەوە و مـن چوومـە گۆڕسـتان و لـەوێ ئـازادی خـۆم سـپاردە خـاک. ئـازادی کوڕمـان دوو سـاڵ و هەشـت مانـگ ژیـا، لـە ١٩٥٧/١٠/٣٠ هاتـە سـەر دونیـا و لـە ١٩٥٩/٥/٢ بەجێیهێشـتین. دایکـی هەمـوو ڕۆژێـک دەگریـا، هەرچەنـد دڵـم دەدایـەوە، بـەڵام بێهـودە بـوو، چونکـە ئـەو لەبـەر خاتـری کوڕەکـەی وڵاتی خـۆی بەجێهێشـتبوو و هاتبـووە کوردسـتانی عێـراق.

## دەسکەوتنی کار

ئێمـە ئـەو هەڤاڵانـەی سـەرۆک بـارزانی کـە بـە نەخوێنـدەواری چووبووینـە وڵاتی یەکێتـی سـۆڤیەت، لەوێ لەسـەر ڕاسپاردە و ئامـۆژگاری سـەرۆک زۆربەمان بڕوانامـەی باڵامـان وەدەسـتهێنا، چونکـە ئـەو پێـی گوتیـن، کـە بـۆ خۆمـان و بـۆ دواڕۆژمـان باشـە. ئـەو هەڤاڵانـەی لەگـەڵ ئێمـە هاتنـە ڕووسـیا و خوێندەواریـان هەبـوو ئەمانەبـوون: (مـەلا مسـتەفا بـارزانی، میرحـاج ئەحمـەد ئاکرەیـی، سـەید عەزیـز سـەید عەبـدوڵا شـەمزینی، عەبدولڕەحـمان موفتـی، محەمـەد نەجیـب بـەرواری، شـێخ سـلێمان شـێخ عەبدولسـەلام بـارزانی)، ئەوانـەی دیکـە خوێندەواریـمان نەبـوو، بـەڵام لەمـاوەی ١٢ سـاڵدا زۆربەمـان خوێندەواریـمان پەیداکـرد و هەندێکیشـمان بڕوانامـەی بـاڵا.

کاتێـک ئێمـە لـە ١٩٥٩/٤/١٧ گەڕاینـەوە نیشـتیمانی خۆمـان، بردیانیـن بـۆ

شـەقڵاوە و پیرمام، لـەوێ بەشـێک لـە هەڤاڵەکانمـان کـە تەمەنێکییـان هەبـوو بـە ویسـتی خۆیـان چوونـەوە گونـدەکانی خۆیـان و مانگانـە دە دیناریـان وەکـو هـاوکاری لـە لایـەن حکومـەتی عێـراق پێـدەدرا. ئەوانـەی خوێندەواریشـمان هەبـوو بەگوێـرەی پسـپۆرییەکەمان لەشـار کاریـان پێدایـن. ئـەو شـارانەی ئێمـە ئیشـمان تێـدا دەکـرد بریتـی بـوون لـە: (بەغـدا، کەرکـووک، هەولێـر، سـلێمانی) و شـارەکانی دیکـەی کوردسـتانی عێـراق. ئێمـە چەنـد کەسـێکمان لـە بەغـدا بـە مامۆسـتای زمـانی ڕووسی لـە زانکـۆی بەغـدا وەرگیرایـن، ئەمانـە بوویـن: (مـن، زاهیـدا قـزی هاوسـەرم، سـیامەند عەزیـز مێرگەسـۆری و ڤالیـا سـیامەنی هاوسـەری، بێجـان عـەلی جونـدی شـکاک و ڤیـرە چونـدی هاوسـەری، سـلێمان میرخـان شـانەدەری، سـەعید نـادر و لینـای هاوسـەری)، واتـە ئێمـە ئەوانـەی بـە مامۆسـتای زمـانی ڕووسی وەرگیرایـن ژمارەمـان ١١ کـەس بـوو. هەروەهـا چەنـد هەڤاڵێکـی دیکەشـمان لـە ئیـش و کاری دیکـە وەرگیـران لـە شـاری بەغـدا کـە ئەمانـە بـوون: (ئیبراهیـم جـەلال شـکاک و ژینیـای هاوسـەری، عـەلی عومـەر، مەلکـۆ زێـڕۆ و ڤیـرای هاوسـەری).

هەروەهـا میرحـاج ئەحمـەد ئاکرەیـی و سـەید عەزیـز سـەید عەبـدوڵا شـەمزینی و عەبدولڕەحـمان موفتـی گەڕانـەوەی ڕیـزی سـوپای عێـراق و بوونەوە بـە ئەفسـەر لـە سـوپای عێـراق و ئـەو ماوەیـەی کـە تێیـدا دەربەدەربـوون لـە ١٩٤٣ تـا ١٩٥٩ بـە خزمـەت بۆیـان هەژمـار کـرا. مـن و سـیامەند عەزیـز و بێجان جونـدی و سـلێمان شـاوالی شـانەدەری لـە ٢ زانکـۆ ئیشـمان دەکـرد. بەیانیـان لـە زانکـۆی سـەربازی بوویـن و ئێـواران لـە زانکـۆی مـەدەنی. ئێمـە ١٠٠ دینارمـان لـە زانکـۆی سـەربازی وەردەگـرت و هاوسەرەکانیشـمان ٦٠ دیناریـان لـە زانکـۆی مـەدەنی وەردەگـرت.

## کۆنگرەی چوارەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق

بەرلەوەی بچینە ناو دەنگوباسی کۆنگرەی چوارەم، با ئاوڕێک لە دواوە بدەینەوە و بزانین لەنێوان کۆنگرەی سێیەم و چوارەمدا چی ڕوویداوە. با باسی کۆنگرەی سێیەمی پارتی بکەین و بزانین گرنگی و ڕۆڵی چی بووە لە ڕووی سیاسەت و ڕێکخستن و فیکرەوە. بە خوێندنەوەی کتێبەکەی (عەلی عەبدولا) لەبارەی مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوە دەردەخات کە (کۆنگرەی یەکەم) بەردی بناغەی چالاکییەکانی پارتی بووە، بۆ ئایندە و لە ئاست ئەو سەرکردایەتییەی هەڵبژاردبوو بە کۆنگرەیەکی گرنگ دادەنرێ لە ژیانی پارتیدا. هەردوو کۆنگرەی دووەم و سێیەم بە دوو کۆنگرەی لاواز و کەمبایەخ دادەنرێن لە مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان جا چ لەڕووی ئامادەکردنەوە بێت، یان لە ئاستی ئەو ئەنجامانەی هەیبوو. کۆنگرەی سێیەم لە ١٩٥٣/١/٢٦ بەسترا و بووە مایەی لێکترازان و پەیدابوونی کێشە لەنێوان ئەندامانی سەرکردایەتی. کۆنگرەی چوارەمی پارتی لە بەرواری ١٩٥٩/١٠/٤ بەسترا و ماوەی نێوان هەردوو کۆنگرەی سێیەم و چوارەم نزیکەی ٧ ساڵ بوو.

پێشتریش باسم کرد کە جەلال تاڵەبانی بە نوێنەرایەتی یەکێتی لاوانی کوردستان دێتە شاری وارشۆی پایتەختی (پۆلەند) بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەی لاوانی جیهان. لەوێ دێتە مۆسکۆ و سەرۆک بارزانی دەبینێ و سەرۆک بۆئەوەی ئەو لێکترازانەی لە ڕیزەکانی پارتی ڕوویانداوە نەمێنێ چەند ئامۆژگارییەک بە جەلال تاڵەبانی بۆ سکرتێر و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دەکات. لەوکاتەدا هەمزە عەبدولا سکرتێری پارتی بوو. ئینجا سەرکردایەتی پارتی و هەمزە عەبدولا پەیوەندییان بەیەکەوە کرد تا ئامۆژگارییەکانی بارزانی جێبەجێ بکەن و ڕێکبکەون.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٥ دا کۆمەڵەی مارکسیزمی کوردی وازیان لە

حـزبی شـیوعی عێـراق هێنـا و هاتنـە نـاو ڕیـزەکانی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان، ئەوانـەی وازیـان هێنـا ئەمانـە بـوون: (خـەسرەو عەزیـز، نـەژاد ئەحمـەد عەزیـز، حەمیـد عوسـمان، ساڵح حەیـدەری)، ئینجـا نـاوی پـارتی گـۆڕا بـۆ پـارتی دیموکـراتی یەکگرتـووی کوردسـتانی عێـراق، هەروەهـا نـاوی ڕۆژنامـەی ئـۆرگانی پارتیـش گـۆڕا و بـوو بـە خەبـاتی کوردسـتانی. دوای شـۆڕشی ١٤ ی تەمـوزی ١٩٥٨ کـە بـە سـەرۆکایەتی عەبدولکەریـم قاسـم ئەنجامـدرا، شـیوعییەکانی عێـراق لـە ڕێـی یەکێتـی سـۆڤیەت خۆیـان لـە سـەرکردەکانی شـۆڕشی ١٤ی تەمـوز نزیککـردەوە. شـیوعییەکان هەلێکـی باشـیان دەسـکەوت و بوونـە مایـەی نانـەوەی ئـاژاوە لەنـاو ڕیـزەکانی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتانی عێـراق، لەڕێـی ئەوانـەی پێشـتر وازیـان لـە حـزبی شـیوعی هێنابـوو و چووبوونـە ڕیـزی پـارتی و هەوڵـی دەستبەسـەرداگرتنی مەکتـەبی سیاسیی پارتییـان دەدا. هەروەهـا ئـەو ڕۆژنامانـەی لـە بەغـدا دەردەچـوون حـزبی شـیوعی عێـراق کەڵکـی لێوەرگرتـن و سـەرنجی زۆری ئەندامـانی لـق و ڕێکخـراو و لیژنـە ناوچـەکانی پـارتی بـۆ لای خـۆی ڕاکێشـا.

پـارتی داوای بەسـتنی کۆنگـرەی کـرد و سـەرۆک مـەلا مسـتەفای بارزانیـش ئـەو داوایـەی پەسـندکرد. داوای کۆبوونـەوە مەکتـەبی ناوەنـدی پـارتی کـرد، تـا لەبـارەی بـاری سیاسی گشـتی و ڕێکخسـتنی ناوخـۆی پـارتی بکۆڵێتـەوە، بـەڵام مەکتـەبی سیاسی پـارتی داواکـەی سـەرۆک بـارزانی ڕەتکـردەوە، چونکـە دەیانـزانی ئەگـەر کۆنگـرە ببەسـترێ چ چارەنووسـێک چاوەڕێیـان دەکات. سـەرۆک بـارزانی ناچاربـوو کـە هەندێـک ئەندامـی پـارتی و چەنـد کەسـێکی تایبـەتی خـۆی بنێـرێ و بـارەگای مەکتـەبی سـیاسی لـە بەغـدا کـە لـە کـۆڵانی (موتەنەبی)بـوو، بگـرن، بۆئـەوەی ئـەوان مەکتـەبی سـیاسی چـۆڵ بکـەن. ئەندامـانی مەکتـەبی سـیاسی کـە هەواڵەکەیـان بیسـت، نەگەڕانـەوە بـارەگای مەکتـەبی سـیاسی، ئـەو کات ئەمانـە ئەندامـی مەکتـەبی سیاسی بـوون: (ئیبراهیـم ئەحمـەد- سـکرتێری پـارتی،

سـاڵح حەیـدەری، جـەلال تاڵەبـانی، هەمـزە عەبـدوڵا، حەمیـد عوسـمان)، دواتـر ئیبراهیـم ئەحمـەد لادرا و لـە شـوێنی ئـەو هەمـزە عەبـدوڵا بـوو بـە سـکرتێری پـارتی و جـەلال تاڵەبانیـش لەبەرئـەوەی لەگـەڵ ئیبراهیـم ئەحمـەد بـوو، ئەویـش لـە مەکتـەبی سـیاسی دورخرایـەوە.

کۆنگـرەی چـوارەم لـە ١٩٥٩/١٠/٤ لـە شـاری بەغـدا لـە شـەقامی موتەنـەبی دەسـتیپێکرد و لە ١٩٥٩/١٠/٧ کۆتایی پێهات و بۆ یەکەمجار سـەرۆک مەلا مستەفا بـارزانی بەشـداری لـە کۆنگـرەی چوارەمـدا کـرد. جارێکـی دیکـە سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی بـە سـەرۆکی پارتی دیموکـراتی کوردسـتانی عێـراق هەڵبژێردرایەوە. مـن و سیامەند عەزیز مێرگەسـۆری لە ڕێکەوتـی ١٩٥٩/١٠/٤ بـۆ یەکەمجار وەکو میـوان بەشـداری کۆنگـرەی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتانمان کرد.

لــە ســەروبەندی کۆنگــرەدا شــیوعییەکان دەســتیان بــە بڵاوکردنــەوەی پڕوپاگەنــدەی کردبــوو لەبــارەی هــۆکارەکانی دەرکــردنی ئیبراهیــم ئەحمــەد و جـەلال تاڵەبـانی. لـە کۆنگـرەدا بارودۆخـی خـودی پـارتی و بـاری سـیاسی و ڕێکخسـتنەکان و ئـەو گۆڕانکارییانـەی دوای کۆنگـرەی سـێ ڕوویانـداوە بـە وردی قسـەیان لەبـارەوە کـراوە. گرنگتریـن بڕیـاری کۆنگـرە دوورخسـتنەوەی ئـەو ئەندامانـەی مەکتـەبی سـیاسی بـوو کـە لـەڕێ دەرچووبـوون، ئەوانیـش ئەمانـە بـوون: (هەمـزە عەبـدوڵا، حەمیـد عوسـمان، سـاڵح حەیـدەری، نـەژاد ئەحمـەد عەزیـز، خـەسرەو تۆفیـق، کەریـم فەتحوڵـڵا، سـاڵح ڕەشـید و چەنـد کەسـێکی دیکـەش).

ئەمانـەش بـە ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەندیـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتانی عێـراق هەڵبژێـردران: (ئیبراهیـم ئەحمـەد، عـەلی عەبـدوڵا، نـوری شـاوێس، عومـەر مسـتەفا (عومـەر دەبابـە)، جـەلال عەبدولڕەحـمان، ئەحمـەد عەبـدوڵا ئامێـدی، عـەونی یوسـف، نـوری ئەحمـەد تەهـا، سـەید عەزیـز سـەید عەبـدوڵا شـەمزینی، دکتـۆر مـراد، مـەلا عەبـدوڵا ئیسـماعیل (مـەلا ماتـۆر))، بـەڵام نـاوی

جـەلال تاڵەبـانی لەنـاو نـاوەکانی سـەرکردایەتی نوێـی پـارتی دا نەبـوو، چونکـە ئـەو لـە خزمەتدابـوو لـە سـوپای عێـراق، بـەڵام وەکـو ئەندامێکـی چالاکـی پـارتی مابــووەوە.

هەروەهـا کۆنگـرەی پـارتی بـۆ یەکەمجـار ئەندامـانی لێژنـەی بـاڵای پێکهێنـا کـە لەمانــە پێکهاتبــوو: (شەمســەدین موفتــی، حەبیــب محەمــەد کەریــم فەیـلی، عـەلی عەسـکەری، یـەدوڵا کەریـم فەیـلی، زەکیـە ئیسـماعیل حەقـی). لـە دوایـیـن ڕۆژی کۆنگـرەی چوارەمـدا، ئێـوارەی ڕۆژی ١٩٥٩/١٠/٧ لـە لایـەن بەعسییەکانەوە بە سـەرکردایەتی سـەدام حسێن هەوڵـی کوشـتنی عەبدولکەریم قاسـمی سـەرۆک کۆمـاری عێـراق درا. دەسـتبەجێ عەبدولکەریـم قاسـم هانـای بـۆ سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی هێنابـوو کـە پشـتگیری لـێ بـکات. ئـەو ئێوارەیـە، ئێمـە ئـەو کوردانـەی هەڤاڵـی سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی بوویـن و لەگەڵـی چووبووینـە یەکێتـی سـۆڤیەت، چووینـە ماڵـی سـەرۆک بـارزانی لـە تـرسی ئـەوەی نـەوەک بەعسییەکان هێـرش بکەنـە سـەر سـەرۆک بـارزانی، ئێمـە ئـەو هەڤاڵانـە (عەزیـز قـازی سـورچی، سـیامەند عەزیـز مێرگەسـۆری، سـەعید ئەحمـەد نـادر، بێجـان جونـدی شـکاک، ئیبراهیـم جـەلال شـکاک) دوو شـەو لەماڵـی سـەرۆک بارزانـی مانـەوە، دواتـر کـە دڵنیابوویـن هیـچ مەترسـییەک نییـە، گەڕاینـەوە ماڵـی خۆمـان. بەعسـییەکان دەیانـزانی گـەلی کـورد پشـتەوانی لـە سـەرۆک بارزانـی دەکـەن.

### سەرەتای ناکۆکییەکان

دوای ئـەوەی عەبدولکەریـم قاسـم کەوتـە ژێـر کاریگـەری قسـە و کـردە و لێـدوانی هەندێـک شـۆڤێنی عـەرەب و لـەو ڕێیـەی لادا کـە لەگـەڵ کـورد لەسـەری ڕێککەوتبـوو، کـە دەسـتووریش ڕاگەیەنـرا دژایەتییـەکان زیاتـر بـوون، بەتایبـەتی لەبـارەی مـادەی ١٢ ی دەسـتوور کـە عێراقـی بـە بەشـێک لـە

نیشـتیمانی عـەرەب دادەنـا و پارتیـمان بـە ناوەڕۆکـی ئـەم بەنـدە ڕازی نەبـوو و لـە ڕۆژنامـەی خەبـات وتارێکـی ڕەخنەیـی بڵاوکـردەوە و ناڕەزایـی لەبـارەی ئـەم مادەیـەی دەسـتوور دەربـڕی و پێشـنیازی ئـەوەی کـرد کـە لەبـری ئـەوەی بگوتـرێ عێـراق بەشـێکە لـە نیشـتیمانی عـەرەب، پێویسـتە بگوتـرێ گـەلی عەرەب لـە عێـراق بەشـێکە لـە نەتـەوەی عـەرەب و گـەلی کوردیـش لـە عێـراق بەشـێکە لـە نەتـەوەی کـورد. دواتـر ئـەو وتـار و پێشـنیازە حکومـەتی عێـراق و حکومـەتی یەکێتـی سـۆڤیەتی توڕەکـرد.

هەروەهـا دوای کـوژرانی ئەحمـەد ئاغـای زێبـاری، کـوژرانی سـدیق میـران، عەبدولکەریـم قاسـم ئـەو دو ڕووداوەی قۆزتـەوە و چەنـد عەشـیرەتێکی کـوردی لـە دژی سـەرۆک بـارزانی و پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان چەکـدار کـرد. دوای ئـەم هەنـگاوە، دەسـتی بـە دەسـتگیرکردنی ئەندامـانی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان کـرد لـە شـارەکانی (موسـڵ، کەرکـووک، هەولێـر، سلێمانی) و شـارەکانی دیکـە.

## سەرۆک بارزانی لە ساڵی ١٩٦٠ سەردانی شاری مۆسکۆی کرد

لەسـەر داوای حکومـەتی یەکێتـی سـۆڤیەت سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی لـە ڕێکەوتـی ١٩٦٠/١١/٥ بـۆ یادکردنـەوەی شـۆڕشی ئۆکتۆبـەر دەچێتـە شـاری مۆسـکۆی پایتەختـی یەکێتـی سـۆڤیەت، لـەوێ نیکیتیـن خرۆشـۆڤ و چەنـد کاربەدەسـتێکی دیکـە بـە گەرمـی پێشـوازی لـێ دەکـەن و سـەرۆک بـارزانی بـە خرۆشـۆڤ و کاربەدەسـتانی دیکـەی ئـەو وڵاتـە دەڵێـت، پشـتگیری لـە گـەلی کـورد بکـەن و بـە عەبدولکەریـم قاسـم و حکومەتەکـەی بڵێـن داخوازییـەکانی گـەلی کـورد جێبەجـێ بـکات. عەبدولکەریـم قاسـم و حکومەتەکـەی کـە ئـەوە دەزانـن پـتر دژایـەتی پـارتی و سـەرۆک مـەلا مسـتەفای بـارزانی دەکـەن و کاتێـک سـەرۆک بـارزانی لـە ڕێکەوتـی ١٩٦١/١/١٢ لـە مۆسـکۆ دەگەڕێتـەوە بەغـدا و دەیـەوێ عەبدولکەریـم قاسـم ببینـێ، چەنـد ڕۆژێـک چـاوەڕێ دەکات، بـەڵام

عەبدولکەریم قاسم ڕازی نابێ سەرۆک ببینێ.

## سەرۆک بارزانی بە یەکجاری دەگەڕێتەوە بارزان

لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٦١ و دوای گەڕانەوەی لە مۆسکۆ و زیادبوونی دژایەتی عەبدولکەریم قاسم و حکومەتی عێراق بۆ سەرۆک بارزانی و پارتی، شەوێک بە نهێنی بەغدا بەجێدێڵێ و دەگەڕێتەوە بارزانی گوندی خۆی بۆ لای شێخ ئەحمەدی بارزانی براگەورەی، چونکە لەوە دەترسێ حکومەتی عێراق دەستگیری بکەن.

حکومەتی بەغدا بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستانی لە بەغدا و شارەکانی دیکەی وەک موسڵ و بەغدا و کەرکووک و هەولێر و سلێمانی و شارەکانی دیکەی داخست، هەروەها ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی پارتی لە لایەنی حکومەتی عێراقەوە دەستگیرکران. هەر بەوەش نەوەستان و پارەیەکی زۆریان دا بەو سەرۆک عەشیرەتانەی پێشتر لە دژی پارتی و سەرۆک بارزانی چەکداری کردبوون. هەروەها حکومەتی عێراق دژی ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی کە هاوکار و پاڵپشتی سەرۆک بارزانی بوون وەستایەوە، لەوانە (عەباس مامەند ئاغا، ئاغاکانی ناوچەی پشدەر، شێخ حسێن بۆسکین و کەسانی دیکە لە ناوچەی سلێمانی و چەمچەماڵ و شارەزوور و گەرمیان) و جارجاریش دەیانیگرتن. بارودۆخی ناوچە کوردییەکان بەتەواوی تێکچوو، ئینجا هەموو عەشیرەتەکانی کوردستان، بەتایبەتی ئەوانەی ناوچەی بێتواتە و قەڵادزێ و سلێمانی بەیەکەوە لەماڵی شێخ حسێن بۆسکین کۆبوونەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا زۆربەی سەرۆک عەشیرەت و خاوەن زەوییەکان بەشداربوون و تێیدا بڕیاردرا ڕاپەڕینێکی چەکداری لە دژی ڕژێمی عێراق و حکومەتی عەبدولکەریم قاسم بکەن و ڕێگاکانی نێوان (ڕانیە و سلێمانی و کۆیە و دەربەندیخان و دەربەندی بازیان) لە هێزەکانی عێراقی بگرن و نەهێڵن

بـەو ڕێگایانـە هاتوچـۆ بکـەن. هەروەهـا جـەلال تاڵەبانیـش فەرمـانی گرتنـی بـۆ دەرچووبـوو لـە لایـەن حکومـەتی عێراقـەوە. لـە کۆبوونەوەکـەدا جـەلال تاڵەبـانی فیکـرەی گرتنـی ڕێـگای هاتوچـۆی لـە حکومـەتی عێراقـی لـە لایـەن عەشـیرەتەکانەوە پەسـند نەکردبـوو و پێـی گوتبـوون جـارێ ئـەم کارە مەکـەن تـا مـن دەڕۆم و مـەلا مستەفا بـارزانی دەبینـم، تـا بۆچـوونی ئـەو لەبـارەی ئـەو بارودۆخـە بزانیـن کـە ڕوویـداوە. ئینجـا جـەلال تاڵەبـانی وەک نوێنـەری کۆمیتەی ناوەنـدی پـارتی دەچێتـە لای سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی، لـەوێ سـەرۆک بـارزانی بـە جـەلال تاڵەبـانی دەڵـێ بارودۆخەکـە ناسـکە و هێشـتا زووە بـۆ بەکارهێنـانی هێـزی چەکـدار لـە دژی حکومـەتی عێـراق، هەروەهـا پێـی دەڵێـت ئێـوە وەکـو ئەندامـانی کۆمیتـەی ناوەنـدی پـارتی دیموکراتی کوردسـتان یاداشـتێک بنووسـن و بیدەنـە عەبدولکەریـم قاسـم و حکومەتەکـەی و تێیـدا داوای ئـەوە بکـەن کـە هەوڵبـدرێ بـە ئاشـتی کێشـەی نێـوان حکومـەت و پارتی کۆتایـی پـێ بـێ. هەروەهـا سـەرۆک بـە جـەلال تاڵەبـانی دەڵـێ بـەر لـەوەی شـەڕ لەگـەڵ حکومـەتی عێـراق دەسـتپێبکرێ، پێویسـتە هـەوڵ بخرێتەگـەڕ بـۆ ئاشـتکردنەوەی عەشـیرەتە کـوردەکان لەگـەڵ یـەک بەتایبـەتی ئەوانـەی دوژمنایەتییـان لەنێوانـدا هەیـە، تـا گـەلی کوردسـتان بەهێـز و یەکدەسـت بـێ.

کاتێـک جـەلال تاڵەبـانی دەگەڕێتـەوە، لەسـەر ڕاسـپاردەی سـەرۆک بـارزانی بەنـاوی کۆمیتـەی ناوەنـدی پـارتی یاداشـاتێک بـۆ عەبدولکەریـم قاسـم و حکومەتەکـەی دەنووسـن و تێیـدا داوا دەکـەن کـە پـرس و کێشـەکان لەڕێـی ئاشـتییەوە چارەسـەر بکرێـن، بـەڵام عەبدولکەریـم قاسـم و حکومەتەکـەی لەبـری ئـەوەی وەڵامیـان بـۆ داواکارییەکـە هەبـێ، بـەردەوام دەبـن لـە ڕەشـبگیری ئەندامـانی پـارتی و ئـەو کەسـانەی سـەر بـە پارتیمانـن لـە تـەواوی شـارەکانی عێـراق.

## مانگرتنێکی گشتی بەناوی پارتییەوە

دوای ئـەوەی حکومـەتی عەبدولکەریـم قاسـم و خـودی عەبدولکەریـم قاسـمیش وەڵامـی یاداشـتەکەی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتانیان نەدایـەوە و بەردەوامیـش بـوون لـە گرتنـی ئەنـدام و لایەنگرانی پارتی، بۆیـە پـارتی بەبۆنـەی یـادی شـەشی ئەیلـوول مانگرتنێکـی سەرتاسـەری ڕاگەیانـد و مانگرتنەکـەش تـا ڕادەیەکـی زۆر سـەرکەوتوو بـوو و خەڵکـی کوردسـتان بـە پیـر بانگەوازەکـەوە هاتـن و ناوچـەکانی کوردسـتانی عێـراق هەموویـان بەشـداربوون لـە مانگرتنەکـە، هـاوکات ژمارەیەکـی زۆری ئەفسـەر و پۆلیـسی کـورد بەشـداری مانگرتنەکەیـان کـرد.

# بەندی هەشتەم

# قۆناغی شۆڕشی مەزنی  ئەیلوول (١٩٦١-١٩٧٥)

## شۆڕشی ئەیلوول

دوای ئـەوەی فڕۆکـەکانی حکومـەتی عێـراق بێویژدانانـە دەسـتیان بـە بۆمبارانکـردنی ڕێـگاکان و ناوچـە شـاخاوییەکان و خەڵکـی سـڤیل کـرد. هەروەهـا سـوپای عێراقیـش دەسـتی بـە هێـرش کـرد بـۆ سـەر ئـەو ناوچانـە. چەکـداری عەشـیرەتەکانی کـورد بـەرەکانی شـەڕیان چۆڵکـرد و چوونـەوە گونـدەکانی خۆیـان و ئـەو چەکدارانـەی سـەر بـە پارتیـش بـوون چوونـە شـاخ و دۆڵـەکان و خۆیـان لـە تۆپبـاران و بۆمبـاران شـاردەوە.

کاتێـک عەشـیرەتەکان بڵاوەیـان لێکـرد، ئینجـا فڕۆکـەکانی حکومـەتی عێـراق دەسـتیان بـە بۆمبارانکـردنی گونـدی بـارزان کـرد کـە ژن و منـداڵ و بەسـاڵاچوو بەبـێ ئـەوەی هیـچ گوناهێکیـان هەبـێ شـەهید کـران. دوای بۆمبارانەکـە سـەرۆک بـارزانی لەگـەڵ ئـەو هەڤاڵانـەی پێشـتر لـە یەکێتـی سـۆڤیەت لەگەڵـی بـوون بـارزان بەجێدێڵـێ. هەڤـاڵانی بـارزانی دووبـارە چەکیـان کـردەوە شـان و لەگـەڵ سـەرۆک بارزانـی چوونـە ناوچـەی بادینـان و سـەرۆک مـەلا مسـتەفا لـە ئەیلـوولی ١٩٦١ جـاڕی شـۆڕشی ئەیلوولیـدا. لەماوەیەکـی زۆر کـەم سـەرۆک بـارزانی تـوانی ناوچـەکانی کوردسـتانی عێـراق و ئـەو ناوچانـەی کوردنشـینن و دەکەونـە پارێـزگای موسـڵی ڕزگارکـرد و پۆلیـس و سـوپای عێراقـی لـەو ناوچانـە وەدەرنـا. سـەرۆک بـارزانی سـەرەتا چـووە ناوچـەکانی (ئامێـدی، ئەتـرۆش، دهۆک، زاخـۆ) و تـەواوی خەڵکـی ئـەو ناوچانـە پشـتەوانیان لـە شـۆڕش دەربـڕی و بەڵێنیانـدا هـاوکاری بـن بـۆ ڕزگارکـردنی میللـەتی کـورد لـە ژێـر زوڵـم و سـتەمی داگیرکـەران.

کاتێـک سـەرۆک بـارزانی و هێزەکـەی بارزانیـان بەجێهێشـت، شـێخ ئەحمەدی بـارزانی براگـەورەی سـەرۆک بـارزانی هەواڵـی بـۆ کاربەدەسـتانی عێـراق نـارد کـە ئـەوان مـەلا مسـتەفا بـارزانی و چەکدارەکانیـان لـە ناوچـەکانی خۆیـان دەرکردووە و ئەوانـە، واتـە بـارزانی و هەڤاڵـەکانی ناتوانـن دەستبەسـەر ناوچـەکانی ئەوانـدا

بگــرن، بەمەرجێــک حکومــەتی عێــراق هێــرش نەکاتــە ســەر ئــەو ناوچانــە. لەڕاستیدا مەبەستی شێخ ئەحمەدی بارزانی ئەوە بوو ئەو ناوچانە نەکەونە ژێر دەسەڵاتی حکومەت و سوپای عێراق، تا ڕێگای نێوان سۆران و بادینان لە سەرۆک بارزانی و هەڤاڵەکانی نەگیرێ.

سەرۆک بارزانی توانی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ئەم ناوچانە لە سوپا و پۆلیسی عێراق پاکبکاتەوە: (ناوچەی ئامێدی و باڵندان، ناوچەی ئەترۆش و زاخۆ و دهۆک و شێخان و شنگال و ئاکرێ و زێبار). دواتر سەرۆک بارزانی لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی دێنە ناوچەی (برادۆست و باڵەک) و توانیان هەردوو ناوچە لە پۆلیس و سوپای عێراق پاکبکەنەوە و دەست بەسەر هەموو مەخفەرەکانی ئەو ناوچانەدا بگرن و دەست بەسەر تەواوی چەک و کەلوپەلی ناو مەخفەرەکان دا گیرا. دوای ڕزگارکردنی هەردوو ناوچەی (باڵەک و برادۆست)، سەرۆک بارزانی خۆی و هەڤاڵەکانی بەرەو ناوچەکانی بێتواتە و قەڵادزێ و ڕانیە ڕۆیشت و تەواوی عەشیرەتەکانی ناوچەکە و خەڵکیش بە چەکی خۆیان پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە دەکەن و ئامادەدەبن بۆ بەرگری لە خاک.

من و سیامەند عەزیز مێرگەسۆری پێشنیازێکمان بۆ مەکتەبی سیاسی نووسی و تێیدا داوامان کرد ئەگەر ئەوان ڕازی بن، ئەوا ئێمە پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە دەکەین و ئامادەی چەک هەڵگرتنین. ئێمە ئەو کات خۆمان و خێزانەکانمان لە زانکۆی بەغدا مامۆستا بووین، هەروەها من و سیامەند لە ڕێکخستنەکانی پارتی ئیشمان دەکرد. من لەگەڵ سەید عەزیز سەید عەبدوڵا شەمزینی لە ڕێکخراوی عەسکەری ئیشمان دەکرد و سیامەند عەزیز لە ڕێکخراوی مەدەنی بوو. وەڵامی مەکتەبی سیاسی پارتی بۆ نامەکەی ئێمە ئەمە بوو: جارێ ئێوە ئیشی خۆتان بکەن لە زانکۆی بەغدا و لە ڕێکخراوەکانی خۆتان و ئەگەر ئێوە پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەن،

هاوســەرەکانتان لــە کارەکانیــان دەردەکرێــن و ڕێکخســتنی ڕێکخراوەکانیــش نامێنــێ.

## هەڵوێســتی پــارت و هێــزە سیاســییەکانی عێــراق لــە بەرانبــەر شــۆڕشی ئەیلوولــدا

پارتـە سیاسـییەکانی عێـراق هەڵوێسـتی جودایـان هەبـوو لـە بەرانبەر شـۆڕشی گـەلی کـورد بـە سـەرۆکایەتی مـەلا مستەفا بـارزانی و پـارتی دیموکـراتی کوردسـتانی عێـراق. دەیانگـوت ئـەو شۆڕشـەی کوردسـتانی عێـراق شۆڕشـێکی دەرەبەگییـە و دژی نیشـتیمان و حکومـەتی دیموکـراتی عێـراق وەسـتاون، هەروەهـا حـزبی شـیوعی عێـراق لـە سـەرەتادا دژی شـۆڕشی ئەیلـوولی مـەزن بـوو، بـەڵام دواتـر کـە زانیـان شـۆڕش و سـەرۆکەکەی خەڵکێکـی ئێجـگار زۆری لـەدەور کۆبووەتـەوە، ڕای خۆیـان گـۆڕی و داوای ئاشـتیان دەکـرد لەگـەڵ عەبدولکەریـم قاسـم و حکومەتەکـەی.

هەروەهـا وەتەنپەرسـتانی عـەرەب و بەعسـییەکان هەڵوێسـتیان ئەوەبـوو کـە شـەڕی شـۆڕشی کـورد بکـرێ. بەعسـییەکان دەیانویسـت حکومەتەکـەی قاسـم لاواز بکـەن، تـا بتوانـن بـە ئاسـانی کودەتـا بەسـەر حوکـم و حکومەتەکەیـدا بکـەن.

کاتێـک زۆرینـەی ناوچـە کوردییـەکان لەبـن دەسـتی حکومـەتی عێـراق دەرهێـنران، ئینجـا حکومـەتی عێـراق داوای وەسـتانی شـەڕ و دانوسـتانیان کـرد لـە نێـوان حکومـەتی عێـراق و سـەرکردایەتی شـۆڕشی کـورد. نـوری شـاوێس هاتـە بەغـدا تـا دانوسـتان لەگـەڵ کاربەدەسـتانی حکومـەتی عێـراق بـکات، بـەڵام دانوسـتانەکان بـێ ئەنجـام بـوون. مـن و سـیامەند عەزیـز مێرگەسـۆری چوویـن بـۆ دیـداری نـوری شـاوێس لەماڵـی خـۆی لـە بەغـدا تـا هـەم ئـەو ببینیـن و هەم هەواڵـی شـۆڕش بزانیـن. لـەوێ نـوری شـاوێس بـە ئێمـەی گـوت، دانوسـتانەکە

بێ ئەنجام بووە. دواتر نوری شاوێس گەڕایەوە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی بۆ لای سەرۆک بارزانی و شەڕ لەنێوان هێزەکانی شۆڕش و سوپای عێراق بەردەوام بوو.

## حزبی بەعسی عێراق

بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٣دا توانیان کودەتایەکی سەربازی بەسەر عەبدولکەریم قاسم و حکومەتەکەی دا بکەن. عەبدولکەریم قاسم و چەند کاربەدەستێکی حکومەتی عێراق کوژران و بەعسی هاتنە سەر حوکم و دەستیان کرد بە گرتن و کوشتنی شیوعییەکان. شیوعییەکی زۆر دەستگیرکران و زۆریشیان کوژران، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان توانی ژمارەیەکی زۆری شیوعی لە زیندانەکان ئازاد بکات بەو ناوەی کە ئەوان شیوعی نین و ئەندام و لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستانن. من و سیامەند کە هەردووکمان ئەندامی پارتی بووین توانیمان شیوعییەکی زۆر ڕزگار بکەین و لە زیندان دەریانبێنین، چونکە من و سیامەند بەعسییەکی زۆرمان دەناسین، چونکە ئەوان لە لای ئێمە لە زانکۆی مەدەنی و سەربازی وانەیان دەخوێند.

دوای کودەتاکەیان، بەعسی هێزێکی وایان نەبوو بتوانن شەڕی شۆڕشی ئەیلوول بکەن. هەروەها بەڕێزان (فوئاد عارف و ساڵح یوسفی) بەناوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد پشتەوانی خۆیان بۆ سەرکردەی کودەتا نوێیەکە ڕاگەیاند و لە برووسکەکەشدا ئەو هیوایەیان دەربڕیبوو کە گەلی کورد داوای چارەسەرێکی دادپەروەرانەی کێشەکەیان دەکەن. ئینجا حکومەتی نوێی بەعسییەکان بە کردەوە ئەوەیان پیشاندا کە دەیانەوێ شەڕ لەنێوان شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراق بوەستێنرێ.

سەرکردایەتی شۆڕش بە گەرمی پێشوازی لەو بەعسییانە کرد کە بۆ وتووێژ چووبوون و هەردوو لا گەیشتنە ئەو چارەسەرەی کە شەڕ بوەستێنرێ

و دەست بە وتوویێژ و دانوستان بکرێ و کێشەکان لەو ڕێگەیەوە چارەسەر بکرێن.

**کۆنگرەی گشتی سەرکردایەتی شۆڕشی  ئەیلوول لە شاری کۆیە**

سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردەی شۆڕشی  ئەیلوول داوای گرێدانی کۆنگرەیەکی گشتی گەلی کوردی کرد. کۆنگرەکە لە شاری کۆیە بەسترا و تێیدا سەرکردەکانی پارتی و پێشمەرگە و سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد و ژمارەیەکی زۆری خەڵکی نیشتیمانپەروەر بەشداری کۆنگرەکەیان کرد. ئەم کۆنگرەیە چەند ڕۆژێک بەردەوام بوو بۆ نووسینی داواکارییەکانی گەلی کورد و دەستنیشانکردنی نوێنەرانی گەلی کوردستان تا بچنە شاری بەغدا و دانوستان لەگەڵ بەعسییەکان بکەن.

ئەم نوێنەرانە بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی دەستنیشانکران بۆئەوەی بچنە شاری بەغدا: (ساڵح یوسفی، مەسعود محەمەد، حسێن خانەقینی، محەمەد حەمەد، حەبیب محەمەد کەریم فەیلی، عەگید سدیق، شاخەوان، نامیق بەکر ڕەسووڵ، مستەفا عەزیز و چەند کەسێکی دیکەش). نوێنەرانی کورد بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی دێنە هۆتێلی بەغدا لە شاری بەغدا و کاتێک ئەوان هاتنە ئەوێ من و سیامەند عەزیز مێرگەسۆری چووین بۆ بەخێرهێنانیان و لەوێ لەگەڵ جەلال تاڵەبانی دانیشتین و ئەو هەموو دەنگوباسی شۆڕشی بۆ ئێمە باسکرد. هەروەها ئەو گوتی بە نوێنەرایەتی سەرۆک بارزانی دەچێتە وڵاتی میسر بۆ سەردانکردنی جەمال عەبدولناسر کە دۆستی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی بوو. جەلال تاڵەبانی گوتی کە لە میسر گەڕامەوە وەرنەوە بۆ لام تا ئەنجامی سەردانەکەمتان پێ بڵێم.

کاتێک جەلال تاڵەبانی لە میسر گەڕایەوە بەغدا، دووبارە من و سیامەند عەزیز مێرگەسۆری چووینەوە لای، ئەو بە ئێمەی گوت دانوستانەکان بێ

ئەنجـام بـوون و لەگـەڵ حکومـەتی عێـراق نەگەیشـتینە هیـچ ڕێککەوتنێـک، بۆیـە ئەگـەر ئەمجـارە شـەڕ دەسـتپێبکاتەوە، ئـەوا دەبێتـە شـەڕی کـورد و عـەرەب و ئێـوەش ناتوانـن لـە بەغـدا بمێننـەوە، چونکـە دەتانگـرن. جـەلال تاڵەبـانی گوتـی مـن ئـەم شـەو دەگەڕێمـەوە کوردسـتان و ئێـوەش بەیـانی زوو بەغـدا جێدێڵـن و پەیوەنـدی بـە ڕیـزەکانی شۆڕشـەوە دەکـەن. ئێـوارەی ڕۆژی ١٩٦٣/٣/٢ جـەلال تاڵەبـانی خـۆی ئامادەکـرد تـا بچێتـەوە کوردسـتان و مـن و سـیامەندیش گەڕاینـەوە ماڵـی خۆمـان کـە لـە گەڕەکـی ئیسـکانی ڕۆژئـاوای بەغـدا بـوو.

## پەیوەندیکردنمان بە شۆڕشی کوردستان

کاتێـک لـە لای جـەلال تاڵەبـانی گەڕاینـەوە ماڵـەوە، کۆبوونەوەیەکـمان لەگەڵ هەڤاڵەکانمـان بەسـت کـە ئەمانـە بـوون: (مەلکـۆ زێـڕۆ، ئیبراهیـم جـەلال شـکاک، حەسـۆ ئەحمـەد بابکەیـی). مـن و سـیامەند بـە ئەوانمـان گـوت، ئێمـە لەسـەر داوای جـەلال تاڵەبـانی پەیوەنـدی بـە شـۆڕشی کوردسـتانەوە دەکەیـن، ئەوانیـش هەموویـان گوتیـان ئێمـەش وادەکەیـن. بڕیارمانـدا بـۆ سبەی بەیـانی کـە دەیکـردە ڕێکەوتـی ١٩٦٣/٣/٣ بەغـدا بـە جێبێڵیـن و بچینـە شـاری سـلێمانی و لـەوێ لەڕێـی سـەرکردایەتی پـارتی پەیوەنـدی بـە مەکتـەبی سـیاسی پارتیـمان بکەیـن. لـە بەغـدا پێیـان گوتیـن لـە شـاری سـلێمانی بچینـە ماڵـی عـەلی توتنچـی کـە ئەندامێکـی پارتیـمان بـوو و بەنهێنـی کاری دەکـرد و ئەندامـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان بـوو.

مـن چوومـەوە مـاڵ و بـە زاهیـدای هاوسـەرم گـوت بـا بچیـن مووچـەی خۆمـان وەربگریـن، زاهیـدا گوتـی ئێمـە دووسـبەی لـە زانکـۆی مـەدەنی وانەمـان هەیـە و ئـەوکات مووچەکـەش وەردەگریـن، بـەڵام مـن لێـم دووبـارە کـردەوە و گوتـم ئەمـڕۆ مووچەکەمـان وەردەگریـن. هەردووکـمان چوویـن و

مووچەمـان وەرگـرت. مـن مۆڵەتێکـی ٧ ڕۆژیـم وەرگـرت و پێـم گوتـن دایکـم زۆر نەخۆشـە و لـە کوردسـتانە، تـا لـە ڕێـگا ڕێـگام لـێ نەگـرن و بڵێـن بۆچـی دەچییـە کوردسـتان. کاتێـک لـە زانکـۆ دەگەڕاینـەوە مـن بـە زاهیـدام گـوت بـا مـن و تـۆ لێـرە لـە شـەقامی ڕەشـید وێنەیـەک بەیەکـەوە بگریـن، لـە دڵـی خۆمـدا گوتـم بـۆی هەیـە مـن بکوژرێـم بـا ئـەم وێنەیـە دوایـین یـادگاری مـن و زاهیـدای هاوژینـم بـێ. زاهیـدا گوتـی بـۆ مـن و تـۆ بـە تەنیـا وێنـە دەگریـن بـا منداڵەکانیـش بێنیـن، ئینجـا هەمووومـان بەیەکـەوە وێنەیـەک دەگریـن. مـن گوتـم بـا جـارێ مـن و تـۆ بەیەوەکـەوە وێنەیـەک بگریـن، دواتـر منداڵـەکان دەهێنیـن و هەمووومـان بەیەکـەوە وێنـە دەگریـن. ئێمـە لـە ئێـوارەی ڕۆژی ١٩٦٣/٣/٢ وێنەیەکـمان گـرت. مـن هێشـتا بـە زاهیـدای هاوژینـم نەگوتبـوو کـە بەیـانی بەغـدا بـە جێدێڵیـن و پەیوەنـدی بـە شـۆڕشی کوردسـتانەوە دەکەیـن. کاتژمێـر دەی شـەو مـن بـە زاهیـدام گـوت ئێمـە بەیـانی بەغـدا جێدێڵیـن و دەچینـە کوردسـتان و پەیوەنـدی بـە شۆڕشـەوە دەکەیـن. زاهیـدا دەسـتی بـە گریـان کـرد و گوتـی ئـەوە بۆیـە گوتـت بـا مووچـە وەربگریـن و وێنـە بگریـن.

ئەوکاتـە خێـزانی عـارف قەرەچەتـانی لـە سـلێمانییەوە هاتبـووەماڵـمان، چونکـە کوڕەکـەی گیرابـوو، بەڵکـو بتوانـم شـتێکی بـۆ بکـەم. منیـش پەیوەندیـم بـە بەعسـییەکانەوە کـرد و گوتـم باوکـی ئـەو کـوڕە پێشـمەرگەی کوردسـتانە و کوڕەکـەشی پارتییـە و شـیوعی نییـە، بۆیـە ئازادیـان کـرد. عـارف قەرەچەتـانی ئـەوکات سـەرلقی پێشـمەرگە بـوو لـە شـۆڕشی کوردسـتانی عێـراق.

بەیـانی کاتژمێـر سـێی سـەرلەبەیانی ڕۆژی ١٩٦٣/٣/٣ بەغدامـان بەجێهێشـت و چوویـن بـۆ شـاری سـلێمانی لـە ڕێـگای جەلـەولا و دەربەندیخانـەوە، ئێمـە هـەر پێنجـمان بوویـن (عەزیـز قـازی سـورچی، سـیامەند عەزیـز مێرگەسـۆری، ئیبراهیـم جـەلال شـکاک، مەلکـو زێـڕۆ، حەسـۆ ئەحمـەد بابکەیـی)، هەروەهـا ژنی عـارف قەرەچەتـانی و کوڕەکەیـمان لەگـەڵ بـوون. بـۆ ئێـوارە چووینـە ماڵـی

عارف قەرەچەتانی لە سلێمانی، ئینجا کە شەو داهات ژنی عارف قەرەچەتانی و کچەکەی ئێمەیان یەک بەیەک برد بۆ ماڵی عەلی توتنچی. لەوێ عەلی توتنچی پەیوەندی بە مەکتەبی سیاسی پارتیمانەوە کرد، ئەوانیش وەڵامیان داینەوە کە هەریەکەمان بچین بۆ ناوچەیەک و لەوێ ببین بە لێپرسراوی پێشمەرگە، ئێمە وەڵامان بۆ مەکتەبی سیاسی ناردەوە کە ئێمە لە سەرەتادا دەمانەوێ بچینە لای سەرۆک بارزانی لە ناوچەی ڕانیە، ئینجا ئەگەر ئەو ئێمەی ناردە ئەو ناوچانە بە لێپرسراوی پێشمەرگە، کێشەمان نییە. مەکتەبی سیاسی ئارەزووی ئەوەیان هەبوو، ئێمە بەقسەی ئەوان بکەین بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرۆک بارزانی. ئەو کات ئێمە دوو منداڵمان هەبوو، کچێک و کوڕێک، کچەکە تەمەنی ٣ساڵان بوو و ناوی سارا بوو، کوڕەکەش ناوی ڕزگار بوو و تەمەنی یەک ساڵ بوو و لە ڕێکەوتی ١٩٦٢/٢/٢٨ لەدایک بوو.

پازدە ڕۆژ دوای ئەوەی من و سیامەند بەغدامان بەجێهێشت، زاهیدا و ڤالیا کە یەکیان هاوژینی من بوو ئەوەی دیکەش هی سیامەند لە کارەکەیان دەرکران کە مامۆستای زمانی ڕووسی بوون لە زانکۆی بەغدا، چونکە ئێمە پەیوەندیمان بە شۆڕشی کوردستانی عێراقەوە کردبوو.

**سەردانمان بۆ مەکتەبی سیاسی پارتیمان**

عەلی ماوەتی بە فەرمانی مەکتەبی سیاسی بۆ هەموومان ڕانک و چۆغەری کڕی، چونکە ئێمە بە جلوبەرگی ئەفەندییەوە چووبووین بۆ سلێمانی. شەوی ١٥/١٤-٣-١٩٦٣ لە سلێمانی دەرچووین و نیوەڕۆی ڕێکەوتی ١٩٦٣/٣/١٥ گەیشتینە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتیمان لە مەتلومە لە ناوچەی ماوەت کە چووین خانوویێک بۆ ئێمە ئامادەکرابوو و بەتانییەکی زۆر کە ڕەنگیان ڕەش بوو و هی سوپای عێراقی بوون بۆ ئێمەیان دانابوون تا پێیان بخەوین. ئینجا نوری شاوێس کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بوو و ئیبراهیم ئەحمەد

کە سکرتێری پارتی بوو هاتنە لامان بۆ بەخێرهێنانمان. نوری شاوێس گوتی ڕۆژەکەی خۆشە با بچینە سەربانی خانووەکە، هەمووماں بەیەکەوە چووینە سەربانی خانووەکە و لەوێ نوری شاوێس بە منی گوت هەڤاڵ عەزیز قازی، مەلا مستەفا بارزانی لێتان نارەحەتە. منیش دەستم دانا سەرشانی نوری شاوێس و پێم گوت ئێوە خۆش بن، دیارە ئێوە بە سەرۆک بارزانیتان نەگوتووە کە ئێمە لە خەبات بەردەوامین لە ڕیزی ڕێکخراوەکانی پارتیمان. دواتر نوری شاوێس و ئیبراهیم ئەحمەد بە ئێمەیان گوت مەچوون بۆ لای سەرۆک بارزانی و ئێمە دەتانێرینە ناوچەی دیکە وەک لێپرسراوی پێشمەرگە و چونکە ئێوە هەم بەشداری شەڕەکانی کۆماری مهابادتان کردووە و هەم لە ڕووسیا شارەزاییتان پەیداکردووە و شەڕی پارتیزانیشتان زۆر کردووە. ئێمە بە ئەوانمان گوت سەرۆک بارزانی تەنیا سەرۆکمان نییە، بەڵکو باوکیشمانە، چونکە ئێمە تەمەنێکی دوورودرێژمان لەگەڵ ئەو هەم لەکاتی شۆڕشی بارزان و هەم لە کۆماری کوردستان و هەم ١٢ساڵیش لە یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ ئەودا بووین، بۆیە پێمانخۆشە سەرەتا بڕۆینە لای ئەو، دواتر ئێوە دەتوانن داوا بکەن بێینەوە لای ئێوە و ئێمەش لاریمان نابێ.

لە ڕێکەوتی ١٩٦٣/٣/١٦ لەبارەگای مەکتەبی سیاسییەوە چووینە (چەمی ڕێزان) کە بارەگای هێزی ڕزگاری لەوێ بوو، جەلال تاڵەبانی سەرکردەی هێزی پێشمەرگەی ڕزگاری بوو. شەو گەیشتینە بارەگای هێزی ڕزگاری، بەڵام کە گەیشتینە ئەوێ جەلال تاڵەبانی لەوێ نەبوو و چووبووە دەرەوەی وڵات، بەڵام عەلی عەسکەری و چەند سەرکردەیەکی دیکە لەوێ بوون. من لە بەغدا عەلی عەسکەریم دەناسی بەر لەوەی شۆڕش دەست پێبکرێ و ئەو ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیمان بوو. لەوێ عەلی عەسکەری بە ئێمەی گوت مەچوونە لای سەرۆک بارزانی و ئێمە بۆ هێزی ڕزگاری پێویستمان بە ئێوەیە. من بە عەلی عەسکەریم گوت ئێمە دەچینە لای سەرۆک بارزانی،

دواتر ئەگەر ئێوە بتانەوێ دەتوانن داوامان بکەن ئێمەش لاریمان نییە و دەچینە هەر ناوچەیەک کە ئێوە بتانەوێ.

لە ڕێکەوتی ۱۹٦۳/۳/۱۷ لە چەمی ڕێزانەوە چووین بۆ شاری کۆیە، ئەوکاتە شاری کۆیە لەدەست شۆڕشدابوو. درەنگانی ئێوارە گەیشتینە ئەو شارە و کە گەیشتینە ئەوێ عومەر دەبابە لەوێ بوو کە لێپرسراوی هێزەکانی دەشتی هەولێر و بێتواتە و ڕانیە بوو. من و عومەر دەبابە لە مەکتەبی سیاسی پارتیمان بووین لە بەغدا و ئەو لەنێوان سەرۆک بارزانی و مەکتەبی سیاسی ئیشوکاری پارتی دەکرد. ئەو بە منی گوت هەڤاڵ عەزیز قازی من نامەوێ بە ئۆتۆمبێلی کۆنی خۆمان بچمە لای سەرۆک بارزانی، چونکە ئۆتۆمبێلەکەمان ناسراوە و ڕەنگە دوژمن زەفەرمان پێببا، بۆیە من بە ئۆتۆمبێلە نوێکەی تۆ دەچم و تۆش لێرەبە تا دەگەڕێمەوە. عومەر دەبابە وەکو سەرکردەکانی دیکە داوای مانەوەی لە ئێمە کرد و گوتی مەچوونە لای سەرۆک بارزانی، بەڵام ئێمە هەمان ئەو وەڵامەی بە ئەوانی ترمان دابوو، بە ئەویشمان گوتەوە.

ئێمە بڕیارماندا نەورۆزی ساڵی ۱۹٦۳ لە کۆیە بین. ئێمەیان برد بۆ ماڵی کاکە زیادی کۆیە تا شەو لەماڵی ئەو بین. ئێوارەی ۱۹٦۳/۳/۲۰ جەژنی ئازادیمان لەگەڵ برا پێشمەرگەکانمان کرد و ڕۆژێکی خۆش بوو. لە ڕێکەوتی ۱۹٦۳/۳/۲۲ لە شاری کۆیە چووین بۆ بارەگای سەرۆک بارزانی لە گوندی سەرکەپکانی ناوچەی ڕانیە و لە ڕێگادا گەیشتینە فوئاد عارفی وەزیری حکومەتی عێراق کە کوردێکی نیشتیمانپەروەر بوو، ئەویش بۆ دانوستان دەچووە لای سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی. شەوی ۲۳/۲۲-۳-۱۹٦۳ لەبارەگای سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی بووین لە نزیک گوندی سەرکەپکان کە گوندی عەباس ئاغا بوو لە ناوچەی ڕانیە. نیازمان وابوو بۆ بەیانی ۱۹٦۳/۳/۲۳ بچینە لای سەرۆک بارزانی، بەڵام کاتژمێر ۱۰ی شەوی ۲۳/۲۲-۳-

١٩٦٣ مەلاحەسەن بایەزدین هاتە لامان و پێی گوتین سەرۆک بارزانی گوتی ئەگەر ئەوانە عەزیز قازی و سیامەند عەزیز و مەلکۆ زێڕۆ و ئیبراهیم جەلال شکاک بن، ئەگەر بەیانی زوو نەڕۆن و ئێرە بەجێبێڵن، ئەوا پشتیان دەشکێنم و پێشی نەگوتین کە بۆچی لێمان تورەیە و چ تاوانێکمان کردووە.

بەیانی زوو بارەگای بارزانیمان بەجێهێشت و ویستمان بگەڕێینەوە ماڵی عەلی ماوەتی، بەڵام پێمان نەدەزانییەوە، چونکە ئێمە بە شەو چووبووین، هەرچەندە ١٢ ڕۆژ لە سلێمانی مابووینەوە، بەڵام نەدەچووینە دەرەوە و نەدەگەڕاین. ئێمە ناونیشانی ماڵی عەلی ماوەتیمان نەدەزانی و نەشماندەویست لە خەڵکی بپرسین کە ماڵی ئەوان لە کوێیە. گەیشتینەوە چوارقوڕنە، لەوێ چاوەڕوانی ئۆتۆمبێلێکمان دەکرد تا پێی بگەڕێینەوە سلێمانی. ئۆتۆمبێلێک هات کە لە ڕانیەوە دەچووە سلێمانی و ئێمە ڕامانگرت و گوتمان بمانگەیەنە سلێمانی، بینیمان هەمان ئەو شۆفێرە بوو کە لاندرۆڤەری بۆ ئێمە هێنا سلێمانی و هەڤاڵێکی پارتی بوو. پێمان گوت بمانگەیەنەوە ماڵی عەلی ماوەتی و ئێوارە درەنگ لە ڕێکەوتی ١٩٦٣/٣/٢٣ گەیشتینەوە ماڵی عەلی ماوەتی.

### سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی بۆ لە ئێمە تورە بوو

ژنی مەلاحەسەن بایەزدین بارزانی کە ناوی سۆنیا بوو، خۆی و کچەکەی لە بەغدا لە ماڵی سیامەند عەزیز مێرگەسۆری دەژیا. من هەموو مانگێ هەشت دینارم بۆ سۆنیا لە پارتی وەردەگرت و پێم دەدا، چونکە مەلاحەسەن بایەزدین پێشمەرگە بوو و پاسەوانی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی خۆی بوو. ڕۆژێکیان سەید عەزیز سەید عەبدوڵا شەمزینی هاتە لای من و سیامەند عەزیز و پێی گوتین سۆنیای ژنی مەلاحەسەن دەچێتە کۆنسولخانەی یەکێتی سۆڤیەت و بەنیازە لەوێ کار بکات و مەلاحەسەن هەموو جار نامەی بۆ دەنووسێ و هەموو جار باسی هەموو وردەکاری و

ڕووداوەکانی شـۆڕشی بـۆ دەکات و سـۆنیاش نامەکـە دەدات بـە کۆنسـوڵخانەی یەکێتـی سـۆڤیەت و کۆنسـوڵخانەی سـۆڤیەتیش زانیارییـەکان دەداتـە حکومـەتی بەعـس لـە عێـراق، واتـە سـۆنیا سـیخوڕی بـۆ حکومـەتی عێـراق دەکات لـە دژی شـۆڕش، بـەڵام ئێمـە ئـەوە نازانیـن داخـۆ مەلاحەسـەن دەزانـێ سـۆنیای ژنی نامـە دەداتـە کۆنسـوڵخانەی سـۆڤیەت یـان نـا. سـەید عەزیـز سـەید عەبـدوڵا ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی پارتیـمان بـوو. گوتـی ئەگـەر سـۆنیا بچێ لـەوێ کار بـکات، ئـەوا ئێمـە ئـەو هاوکارییـەی پێـی دەدەیـن دەیبڕیـن و ئەگـەر کارەکـەش ڕەتبکاتـەوە، ئـەوا مووچەکـەی بـۆ زیـاد دەکەیـن و دەیکەیـن بـە ١٠ دینـار. مـن بـە سـۆنیام گـوت منیـش هەمـوو مانگێـک دوو دینـارت دەدەمـێ ئـەوە ١٢ دینـار و هەرچـی کـە خێـزانی مـن بـۆ خـۆی کـڕی بـا بـۆ تـۆشی بکـڕێ و ئـەوەی بـۆ منداڵەکـەی خۆمـانی کـڕی بـا تـۆش بـۆ منداڵەکـەی خـۆت بـە پـارەی ئێمـە بیکـڕە، هەروەهـا تـۆ خەرجییەکـی وات نییـە، چونکـە لەماڵـی سیامەند دەژیـێ و ژیانـت لەسـەر ئەوانـە. سـۆنیا وەڵامـی مـن و سـیامەند عەزیـزی دایـەوە و گوتـی مـن واز لـەکاری خـۆم ناهێنـم و لـە کۆنسـوڵخانەی سـۆڤیەت کاردەکـەم.

پـارتی مووچەکـەی سـۆنیای بـڕی و سـۆنیاش نامـە بـۆ مەلاحەسـەنی مێـردی دەنێـرێ و سـکاڵای ئـەوە لـە ئێمـە دەکات گوایـە ئێمـە بـە پارتیـمان گوتـووە مووچـەی سـۆنیا ببـڕن، مەلاحەسـەنیش نامەکـە دەداتـە سـەرۆک بـارزانی و ئەویـش لـە ئێمـە تـوڕە دەبـێ. سـەرۆک حەقـی بـوو لێـمان تـوڕە بـێ، بـەڵام دەبووایـە پرسـیاری ئـەوەش بکرابایـە کـە پـارەی سـۆنیا بـۆ بـڕاوە.

کاتێـک گەیشـتینەوە سـلێمانی مەلکـۆ زێـڕۆ و ئیبراهیـم جـەلال شـکاک گوتیان ئێمـە دەچینـەوە ماڵـی خۆمـان لـە بەغـدا و با بەعـسی بمانکـوژن، من و سـیامەند زۆر پێـمان گوتـن کـە کاری وا نەکـەن، بـەڵام توڕەببـوون و بەگوێـی ئێمەیـان نەکـرد و چوونـەوە بـۆ ماڵـی خۆیـان لـە بەغـدا. حەسـۆ ئەحمـەد بابکەیـش هـەر ئەوکاتـەی چوویـن بـۆ مەکتـەبی سیاسی لـەوێ مایـەوە و لەگـەڵ ئێمـە نەهـات

بـۆ بـارەگای سـەرۆک بـارزانی و گوتـی: مـن بەگوێـی پـارتی دەکـەم و هـەر جێگایـەک پارتی بمنێـرێ مـن دەچمـە ئـەوێ. مەکتـەبی سیاسی ئەویـان ناردبـوو بـۆ ناوچـەی تەوێڵـە و بیـارە لـە پارێـزگای سـلێمانی. مـن و سـیامەند عەزیزیـش بـە قسـەی مەکتـەبی سـیاسی پـارتی چووینـە بـارەگای هێـزی پێشـمەرگە لـە ناوچـەی قـەرەداغ.

## چووغان بۆ قەرەداغ

دوای ئـەوەی مەلکـۆ زێـڕۆ و ئیبراهیـم جـەلال شـکاک چوونـەوە بەغـدا، مـن و سـیامەند عەزیـز مێرگەسـۆری چووینـە بـارەگای هێـزی قـەرەداغ و مـلازم نەوشـیروان و مـلازم تاهیـر شـێخ ڕەئـوف و مـلازم تاریـق ئەحمـەد لـەوێ بـوون، ئـەوان هەرسـێکیان لـە لای سـیامەند زمـانی ڕووسـیان لـە کۆلێـژی سـەربازی دەخوێنـد، پێـش ئـەوەی پەیوەنـدی بـە شۆڕشـەوە بکـەن. لەوکاتـەدا ڕەیـس کەمـال موفتـی فەرمانـدەی هێـزی قـەرەداغ بـوو، بـەڵام کـە ئێمـە چوویـن بـۆ قـەرەداغ ڕەئیـس کەمـال موفتـی و شـێخ محەمـەد لەوێ نەبـوون و چووبـوون بۆ ناوچـەی پێنجوێـن، بـەڵام دوای چەنـد ڕۆژێکـی دیکـە ئـەوان هاتنـەوە بـارەگای هێـزی قـەرەداغ. ئێمـە ١٢ ڕۆژ لـەوێ بوویـن و شـەوانە دەچووینـە ماڵـی حاجـی ڕەحیـم قەرەداغـی کـە ئەندامـی پارتیـمان بـوو. دوای ١٢ ڕۆژ بڕیـاردرا کـە مـن و سـیامەند بچینـە ناوچـەی گەرمیـان و لـەوێ لقێکـی پێشـمەرگە بـۆ ناوچـەکانی (کفـری و کـەلار و دەربەندیخـان) دابمەزرێنیـن. ئـەو ناوچانـە هێشـتا هێـزی پێشـمەرگەیان بـۆ نەنێردرابـوو.

## چووغان بۆ ناوچەی گەرمیان (کفری، کەلار، دەربەندیخان)

لـە ڕێکەوتـی ١٩٦٣/٤/٤ دا مـن و سـیامەند عەزیـز بـە فەرمـانی سـەرکردایەتی شـۆڕش نێردراینـە ناوچـەی گەرمیـان و چووینـە گونـدی بنەبـەراز لـە ناوچـەی کـەلار لـە پارێـزگای کەرکـووک و قـەزای کفـری. کاتێـک ئێمـە گەیشـتینە ئـەوێ،

ئەمانە لەوێ بوون: (ملازم عەبدوڵا، عومەر میران، عەلی سەلیم بەگی کەلار، عەلی حاجی مشیر)، ئەمانەش بە فەرمانی سەرکردایەتی شۆڕش چووبوونە ئەوێ. ئێمە لەوێ بڕیارماندا لقێکی پێشمەرگە بۆ ناوچەی گەرمیان دابمەزرێنین و ئەمانەش بن بە لێپرسراوی پێشمەرگە:

- ملازم عەبدوڵا کرا بە لێپرسراوی سەربازی لقەکە.
- سیامەند عەزیز مێرگەسۆری کرا بە یاریدەدەری ملازم عەبدوڵا.
- عەزیز قازی سورچی کرا بە سەرلقی پێشمەرگەی ناوچەی گەرمیان.
- عەلی سەلیم بەگی کەلار کرا بە لێپرسراوی کارگێڕی لقەکە.
- عومەر میراوی بە لێپرسراوی پارتی دیموکراتی کوردستان دانرا
- عەلی حاجی مشیر کرا بە لێپرسراوی خۆراک.

دواتر ئەمانەش نێردران تا بیانکەین بە سەرپەلی پێشمەرگە لە لقەکەمان: (محەمەد حاجی وەلی کەلاری، حسێن محیەدین کەلاری، عەریف محەمەد موریاسی، خورشید یوسف بارزانی). دوای ئەوە نامەمان بۆ سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچەی گەرمیان نارد تا هەریەکەیان ژمارەیەک چەکدار بنێرنە لامان، تا بیانکەین بە پێشمەرگە. ئینجا هەریەکەیان بە گوێرەی توانا چەند چەکدارێکی بە چەکەوە بۆ ناردین و ژمارەی پێشمەرگە چەکدارەکانمان بوو بە ١٢٥ چەکدار و دواتریش ٥ چەکداری دیکەشیان بۆ ناردین و هێزی لقەکەمان بوو بە ١٣٠ چەکدار.

## گرتنی بەرەی شەڕ لە بەرانبەر دوژمن

من چوومە بەرەی نێوان دەربەندیخان و مەیدان لەگەڵ یەک پەلی پێشمەرگە کە محەمەد حاجی وەلی سەرپەلیان بوو. سیامەند عەزیز مێرگەسۆری لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگە چوو بۆ بەرەی نێوان باوەنور و

مەیدان و عەریف محەمەد مۆریاسی و خورشید یوسفیش لەگەڵ سیامەند بوون. عەلی سەلیم بەگیش لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگە دەچێتە بەرەی نێوان کفری و کەلار. ملازم عەبدوڵا لەبارەگای لق مایەوە، بۆئەوەی پەیوەندی بە بەرەکانی دیکە و سەرکردایەتی شۆڕش بکات. بارەگای لقمان لە نزیک گوندی بەکربابف بوو لەناو گرد و دۆڵاییەکانی ئەوێ.

## دەسپێکردنی شەڕ لەنێوان پێشمەرگە و حکومەتی بەعس

دوای ئەوەی دانوستانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی بەعس نەگەیشتە هیچ ئەنجامێک، لەماوەی دانوستانەکەدا بەعسییەکان خۆیان بۆ شەڕێکی خوێناوی ئامادە کرد، تا لە دژی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول ئەنجامی بدەن. جەلال تاڵەبانی دووبارە چووەوە دەرەوەی وڵات، نوێنەرانی کورد ئەوانەی بۆ دانوستان چووبوونە بەغدا چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەو بوون تا لەدەرەوەی وڵات بچێتەوە بەغدا. هەرچەندە نوێنەرانی شۆڕش لە بەغدا لە لایەن بەعسییەکانەوە خرابوونە ژێر چاودێری زۆر توند، بەڵام هەندێکیان بە نهێنی خۆیان ڕزگارکرد و هاتنەوە کوردستان، بەداخەوە هەندێکیشیان دەستگیرکران و خرانە زیندانەوە.

جەلال تاڵەبانی بۆ ماوەیەک لەدەرەوەی وڵات مایەوە. لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ شەڕێک لەنێوان پێشمەرگە و بەعسییەکان ڕوویدا. پێشتریش شەڕێک لەنێوان سوپای عێراق و پێشمەرگە لە ناوچەی هەریر لە لۆفەکانی سپیلک و ناوچەی هەردوو گوندی کۆلەک و کەلەکین ڕوویدا و نزیکەی ٢٠ سەرباز و ئەفسەری سوپای عێراق کوژرابوون.

نوێنەرانی شۆڕش ئەوانەی لە بەغدا بوون و چووبوون دانوستان لەگەڵ بەعسییەکان بکەن، داوایانکرد ڕێگایان پێ بدرێ بگەڕێنەوە کوردستان تا بەدواداچوون بۆ هۆکاری شەڕەکە بکەن لەگەڵ ئەو بەیاننامەیەی

حکومـەت دەری کردبـوو. هـاوکات لـە ڕێکەوتـی ١٩٦٣/٦/٩ فڕۆکەیەکـی عێراقـی خرایـە خـوارەوە و سـوپای عێـراق دەسـتیان بـە هێرشـێکی سەرتاسـەری کـرد و شـەڕ دەسـتپێکرد. بەعسـییەکان دەیانگـوت حکومـەتی عەبدولکەریـم قاسـم بـە ڕشـتی شـەڕی لـە دژی کـورد نەکـردووە و پڕوپاگەنـدەی ئەوەشـیان بڵاودەکـردەوە دەیانگـوت بـە ماوەیەکـی زۆر کـەم شـۆڕشی کوردسـتان کۆتایـی پـێ دێ. هەروەهـا سـوپای حکومـەتی بەعـسی سـوریاش بەشـداری لـە شـەڕی دژی کـورد کـرد. فیرقەیەکـی سـوپای سـوریا هێرشـیان کـردە سـەر هـەردوو ناوچـەی دهـۆک و زاخـۆ، بـەڵام هێزەکەیـان شکسـتی خـوارد و کـوژراو و برینـداری زۆریـان هەبـوو، دوای ئـەو هێرشـەیان گەڕانـەوە خاکـی سـوریا و چیـدی هێرشـیان نەکـردەوە سـەر پێشـمەرگە و شـەڕی پێشـمەرگەیان نەکـرد. هەروەهـا سـوپای بەعـسی عێراقیـش زیـانی زۆری پێگەیشـت و پڕوپاگەنـدەی بـە زوویـی دامرکاندنـەوەی شـۆڕشی کـورد، تەنیـا وەک بانگەشـەیەکی بـێ بنەمـا مایـەوە.

### کودەتای عەبدولسەلام عارف بەسەر بەعسییەکانی عێراق

هەرچەنـدە عەبدولسـەلام عـارف پێشـتر سـەرۆکی حکومـەتی بەعسـییەکان بـوو، بـەڵام دوای ئـەوەی شـەڕ لەنێـوان حکومـەتی بەعـس و شـۆڕشی کوردسـتان ڕوویـدا و لـەو شـەڕانەدا سـوپای بەعـس زیـانی زۆریـان پێگەیشـت و سـوپای عێـراق بـەرەو ڕووخـان دەڕۆیشـت، ئینجـا عەبدولسـەلام عـارف بـە هـاوکاری چەنـد ئەفسـەرێکی دیکـەی سـوپای عێـراق لـە مانگـی تشرینـی دووەمـی سـاڵی ١٩٦٣ کودەتـای بەسـەر بەعسـییەکاندا کـرد و هەندێکـی لـێ گرتـن و خسـتنیە زیندانـەوە.

ئەوکاتـەی حوکـم لەدەسـت بەعسـییەکان بـوو و شـەڕیان لـە دژی گـەلی کـورد ڕاگەیاندبـوو و بـە هەمـوو توانایەکیـان هێرشـیان کـردە سـەر کوردسـتان

بـە تایبـەتی ناوچـەکانی هـەردوو شـاری کەرکـووک و سـلێمانی. لەوکاتانـە ئـەو ناوچانـەی لەژێـر دەسـتی پێشـمەرگەی هێـزی قـەرەداغ دابـوون بریتیبـوون لـە سـلێمانی لـە ڕێـگای دەربەنـدی بازیـان و چەمچەمـاڵ تـا کەرکـووک و لەوێـوە بـۆ دوزخورماتـوو و کفـری و جەلـەولا و لەوێـوە بـۆ کـەلار و دەربەندیخـان و بـۆ سـلێمانی. هێـزەکانی سـوپای عێـراق بەمجـۆرەی کـە لـە خـوارەوە خراوەتـەڕوو هێرشـیان کـردە سـەر هیـزی قـەرداغ و هێزێکـی سـوپای عێـراق لـە شـاری سـلێمانییەوە بـەرەو قـەرەداغ و ناوچـەی بازیـان هێرشـیان هێنـا.

- هێزێکـی سـوپای عێـراق لـە شـاری چەمچەماڵـەوە هێـرشی بـۆ سـەر ناوچـەی سـەنگاو برد.
- هێزێکـی سـوپای عێـراق لـە شـاری کەرکووکـەوە هەڵیکوتایـە سـەر ناحیـەی قـادر کـەرەم.
- هێزێکـی سـوپای عێـراق لـە دوزخورماتـووەوە هێـرشی بـەرەو ناوچـەی بنارگـوڵ و قادرکـەرەم هێنـا.
- هێزێکـی سـوپای عێـراق لـە کفرییـەوە بـەرەو چیـای قـەرەداغ و ناوچـەکانی دەوروبـەری هێـرشی هێنـا.
- هێزێکـی سـوپای عێـراق لـە شـاری جەلـەولاوە هێـرشی کـرد بـەرەو ناوچـەی کەلار.
- هێزێکـی سـوپای عێـراق لـە شـاری دەربەندیخانـەوە هێـرشی بـرد بـۆ ناوچەی گەرمیان.
- هێزێکـی سـوپای عێـراق لـە سـەربازگەی سـەید سـادق هێـرشی کـرد بـەرەو دەشـتی شـارەزوور.

سـوپای عێـراق ئەمـەی کـرد تـا هێـزی ئێمـە لـە هەمـوو لایێکـەوە ئابڵوقـە بـدات. سـوپای عێـراق لـە دەوروبـەری ناوچـەی هێـزی قـەرەداغ هەشـت سـەربازگەی هەبـوون: (سـەربازگەی سـلێمانی، سـەربازگەی دەربەنـدی بازیـان،

سەربازگەی شاری چەمچەماڵ، سەربازگەی کەرکووک، سەربازگەی جەلەولا، سەربازگەی مەیدان، سەربازگەی دەربەندیخان، سەربازگەی سەید سادق). لەوکاتەدا هێزی ناوچەی قەرەداغ تەنیا ٧ لقی پێشمەرگەی هەبوون کە ئەمانە بوون: (لقی ناوچەی بازیان، لقی ناوچەی قەرەداغ، لقی ناوچەی شارەزوور، لقی ناوچەی بیارە، لقی ناوچەی سەنگاو، لقی ناوچەی دوزخورماتوو، لقی ناوچەی کفری و کەلار)، هێشتا بەتالیۆن دانەمەزرابوون و تەنیا فەرماندەی هێزمان هەبوون و ڕەیس کەمال موفتی فەرماندەی هێزی قەرەداغ بوو. لقی ئێمە لە ناوچەی کفری و کەلار بوو. ئێمە ١٥٠ پێشمەرگەمان هەبوو، بەڵام هەموویان چەکیان نەبوو، هەروەها تەقەمەنیشمان زۆر کەم بوو، بەڵام پێشمەرگەکانمان ورەیان زۆر بەرزبوو. من پەلێکی پێشمەرگەم لەگەڵ بوو، ئەو سنوورەی دەبووایە ئێمە بیپارێزین هەردوو سەربازگەی دەربەندیخان و سەربازگەی مەیدانی لێ بوون و دووری نێوان ئەو دوو سەربازگەیە تەنیا چوار کیلۆمەتر بوو.

## شەڕی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق لە ناوچەی نێوان مەیدان و دەربەندیخان

ئێمە ئاگادارکراینەوە کە کاروانێکی سوپای عێراقی بە ڕێگای جەلەولا دەربەندیخاندا تێدەپەڕن بەرەو بەغدا. من بڕیارمدا ئەو ڕێگایەی خوارەوەی دەربەندیخان لە دوژمن بگرین. نزیکەی ٢٠ پێشمەرگەیەک بووین، هێزی دوژمنیش لەو ناوچەیەدا دوو سەربازگە بوو. من نامەیەکم بۆ لقی ناوچەی قەرەداغ نووسی، تا هێزێکی پێشمەرگە بنێرن بۆ یارمەتیمان. ڕێکەوتی ١٩٦٣/٧/١٤ لقی ناوچەی قەرەداغ دە پێشمەرگەیان بۆ یارمەتی بۆ ناردین. بڕیارمدا بەمجۆرە خۆمان بۆ لێدانی کاروانەکەی سوپای عێراق ئامادە بکەین:

محەمـەد حاجـی وەلی کەلاریـم لەگـەڵ چەنـد پێشـمەرگەیەک نـارد بـۆ گرتنـی شـاخی قـەرە، نـەوەک سـوپای عێـراق لـە سـەربازگەی مەیدانەوە پشـتمان لێبگـرێ. هەروەهـا چەنـد پێشـمەرگەیەکم نـارد بـۆ گرتنـی شـاخی گـوڵان لـە پشـت گونـدی بانیخێـڵان، نـەوەک لـە سـەربازگەی دەربەندیخانـەوە سـوپای عێـراق بێـت و شـاخی گوڵانمـان لـێ بگرێـت. هێزێکـی دیکـەی پێشمەرگەشـم نـارد بـۆ گرتنـی خـوارەوەی بانیخێـڵان. خۆشـم لەگـەڵ چەنـد پێشـمەرگەیەک لـە نزیـک پردەکـەی سـەر چۆمـی دەرەدوینـە لەسـەر ڕێـگای گشـتی نێـوان مەیـدان و دەربەندیخـان جێـگای خۆمـان گـرت. بەیـانی لـە کاتژمێـر ٣ی ڕۆژی ١٩٦٣/٧/١٥ بەتـەواوی شـوێنی خۆمـان گـرت. هەمـوو جارێـک سـوپای عێـراق کـە دەیانەویسـت بـەو ڕێگایـەدا تێبپـەڕن، جاشـەکانی عەشـیرەتی (نەوڕۆڵـی) یـان دەنـارد تـا بچـن شـاخی پشـت قەتـرە بگـرن، نـەوەک هێـزی پێشـمەرگە هێرشـیان بکاتەسـەر. سـەنگەرێک لـە پشـت چۆمـی دەرەدوێنـی دروسـتکرابوو، جاشـەکانیش ئـەو سـەنگەرەیان دەگـرت، بۆیـە بڕیارمـدا محەمـەد حاجـی وەلی کـەلاری بنێـرم بـۆ ئـەو شـاخەی پشـت قەتـرە، تـا ئەگـەر جـاش چوونـە ئـەوێ ئابلۆقەیـان بـدەن. منیـش لەگـەڵ دوو پێشـمەرگە کـە مەجیـد عەبدولڕەحـمان ئێـرانی و حەمـە سـاڵح بـوون جێـگای خۆمـان قایـم کـرد لـە نزیـک ئـەو سـەنگەرەی سـەر ڕێـگای گشـتی.

کاتژمێـر ٩ی بەیانـی ڕۆژی ١٩٦٣/٧/١٥، کاروانی سـوپای عێـراق گەیشـتە سـەر پردەکـەی سـەر چۆمـی دەرەدوێـن و لـە خـوارەوەی پردەکـەش ڕووبـاری سـیروان تێدەپـەڕی. کاتێـک سـوپای عێـراق گەیشـتە سـەر پردەکـە، هەرسـێکمان بەیەکـەوە دەسـتمان بـە تەقـە کـرد لـە جاشـەکان و ٣ جاشـمان کوشـتن و ئـەوانی دی سـەنگەرەکانیان بـەردا و ڕایـان کـردە دواوە بـۆ سـەر ڕێـگای گشـتی و تەرمـی کوژراوەکانیشـیان بـردە ئـەوێ. سـەربازەکانی سـوپای عێـراق هێرشـیان هێنـا تـا سـەنگەرەکە بگرنـەوە، بەڵام ئێمە سـەنگەرەکەمان پاراسـت و ٣ سـەربازی سـوپای

عێراقیشمان کوشت کە جەنازەکانیان لە خوارەوەی سەنگەرەکانیان بەجێهێشت. ئێمە تەنیا ٤٠ مەتر لە ڕێگای گشتی دووربووین و جارجار کە سەربازەکان خۆیان لەسەر زەوی درێژ دەکرد من بە بەرد لێم دەدان، من بەردێکم لە سەری یەکێکیان دا هاواری لێ هەستا و گوتی بەبەرد لێیان دام.

دواتر مەجید عەبدولڕەحمان ئێرانی بە سووکی بریندار بوو و ساچمەی تۆپ بەر سەریکەوت. بە مەجیدم گوت بکشێتەوە تا سەر چۆمی دەرەدوێن تا شەڕەکە کۆتایی پێدێ، ئینجا دەینێرم بۆ قەرەداغ. ئەو ڕۆیی و من و حەمە سالح لە سەنگەرەکەدا ماینەوە. هێزێکی سوپای عێراق بە یارمەتی جاشەکان هێرشیانکردە سەر شاخی پشت قەترە، بەڵام لەوێ محەمەد حاجی وەلی کەلاری و هێزەکەی ڕێگایان لێگرتن و دوای شەڕێکی کەم سوپای عێراق لەوێ شکا و کشایەوە و سێ جاشیش لەوێ کوژران و تەرمیان لە مەیدانی شەڕ بەجێمان. هەروەها هێزێکی سوپای عێراق لە سەربازگەی دەربەندیخانەوە بەرەو شاخی گوڵان کەوتنەڕێ، بەڵام هێزی ئێمە لەوێ بوون لێیان دان و شکان و گەڕانەوە سەربازگەی خۆیان، لەوێش دوو سەربازی عێراق کوژران.

جاشێک خۆی لە بەینی چەند بەردێک شاردبووەوە و دەیویست زەفەرمان پێ ببا. من بە حەمە سالح ڕەحیمم گوت: لە پشتەوە بۆ جاشەکە دەچم و تۆش تەقەی لێبکە، بەڵکو نەمبینێ و بتوانم بیکوژم. لە جاشەکە نزیک دەبوومەوە و ئەویش تەقەی لێدەکرد، لەناکاو پێشمەرگەکانی لقی قەرەداغ تەقەیان لەمن کرد و وایانزانی سەربازی سوپای عێراقم، من هاوارم کرد عەزیز سورچیم مەمکوژن، باشبوو تەقەیان ڕاگرت. جاشەکە هێشتا منی نەدیبوو، گەیشتمە پشتی، بەڵام بەردێک لە ژێر پێم ڕۆیشت و جاشەکە منی بینی و خۆی خستە سەر سک و هەردووکمان بەیەکەوە تەقەمان لەیەک کرد، من ئەوم نەپێکا، بەڵام ئەو لە کڵاوی منی دا و

کڵاوم کەوتە خوارەوە و با بەرەو دیوی لای دوژمنی برد، من دەستم بۆ حەمەساڵح بەرزکردەوە و گوتم تەقە بکە، تا من بتوانم کڵاوەکەم بێنمەوە نەوەک دواتر بڵێن عەزیز قازی ڕایکردووە و کڵاوەکەی خۆشی بەجێهێشتووە، لەسەر سک ڕۆیشتم و کڵاوەکەمم هێنایەوە تا نەبمە جێی لۆمەی خەڵکی. جاشەکە ڕزگاری بوو و خۆی گەیاندەوە سوپای عێراق.

شەڕ تا کاتژمێر ٥ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٦٣/٧/١٥ بەردەوام بوو. سەربازگەی دەربەندیخان و سەربازگەی مەیدان بە هاوکاری جاشە نەوڕۆڵییەکان لە شەڕەکە بەشداربوون. ئەو ڕۆژە سوپای عێراق نەیتوانی تێپەڕێ و گەڕایەوە سەربازگە، بەڵام ڕۆژی دواتر تێپەڕین و ئێمە نەمانتوانی ڕێگەیان لێ بگرین، چونکە فیشەکمان پێ نەمابوو. ڕێکەوتی ١٩٦٣/٧/١٧ من بانگی حەمە سەعیدی[1] گوندی دەرەدوێنەم کرد و ناردمە دەربەندیخان بۆئەوەی بزانین زیانی دوژمن چەند بووە لەو شەڕە.

کاتێک حەمەسەعید دەچێتە دەربەندیخان لەوێ ئەفسەرێکی کورد بە حەمەسەعید دەڵێ دوێنێ پێشمەرگەیەک هەر بە پێوە شەڕی دەکرد و من هەزار نزام کردووە نەکوژرێ. لەوێ حەمە سەعید پێی گوتبوو ئەوە عەزیز قازی بوو و سەرلقی پێشمەرگەی ناوچەی کفری و کەلارە. ئەفسەرەکە بە حەمە سەعید دەڵێ من عەزیز قازی سورچی دەناسم، ئەو مامۆستای زمانی ڕووسی ئێمە بوو لە زانکۆی سەربازی لە ساڵی ١٩٦٠-١٩٦٢، ئەفسەرەکە بە حەمەسەعید دەڵێ تکایە بە عەزیز قازی بڵێ ئاگاداری خۆی بێ کەس ئاوا شەڕ ناکات. ئەفسەرەکە بە حەمەسەعید دەڵێ زیانی سوپای عێراق بەمشێوەیە بوو: ٤٠ سەرباز و ٢ ئەفسەر کوژراون لەگەڵ ٦ جاش. زیانی ئێمەش لەم شەڕەدا تەنیا یەک بریندار بوو کە بە سووکی برینداربوو،

---

(١)حەمەسەعید دەرەدوێنی کوێخای گوندی دەرەدوێن بوو، لە سەربازگەی دەربەندیخان چەند ئەفسەرێکی دەناسی.

ئەویش مەجید عەبدولڕەحمان ئێرانی بوو.

لە ڕێکەوتی ١٩٦٣/٧/١٧ ئەندازیارێکی بەریتانی لە بەنداوی دەربەندیخان کاری دەکرد و دەچووە بەغدا و شۆفێرەکەی کورد بوو، منی دەناسی و لەسەر پردەکەی چۆمی دەرەدوێن هاتنە لامان و شۆفێرەکە بە ئەندازیارەکەی گوت ئەوە عەزیز قازییە ئەوەی ئەو ڕۆژە لەگەڵ سوپای عێراق شەڕی کرد و کوشتارێکی زۆری لێکردن. ئەندازیارەکە پرسیاری لە من کرد هێزی ئێوە چەند کەس بوون، منیش گوتم هێزەکەمان نزیکەی ٣٥ کەس دەبوون. من بە ئەندازیارەکەم گوت ئێمە پێشمەرگەی گەلی کوردین و بەڵێنمان بە سەرۆکی خۆمان داوە کە شەڕی ژیان و نەمان بۆ ئەو نەتەوەیە بکەین بۆ ڕزگارکردنی نیشتیمانی خۆمان. ئەندازیارەکە پێی گوتم من لەم ڕۆژانە دەچمەوە بەریتانیا و لەوێ باسی ئازایەتی و قارەمانێتی ئێوە دەکەم. ئەندازیارەکە ناوی منی نووسی و گوتی من ئومێدم وایە گەل و نیشتیمانی خۆتان ڕزگاربکەن، وەکو گەلانی دیکەی جیهان ببنە خاوەنی دەوڵەتی خۆتان.

## شەڕی گوندی ژاڵەی حاجی قادر

سیامەند عەزیز مێرگەسۆری لە بەرەی نێوان مەیدان و کەلار بوو، نامەیەکی بۆ من ناردبوو و لەنامەکە نووسیبووی، ئێمە زانیاریمان وەرگرتووە کە کاروانێکی سوپای عێراق لە ڕێکەوتی ١٩٦٣/٧/٢٨ لە بەغداوە دێت بۆ دەربەندیخان و سلێمانی و بە ڕێگای باقوبە و جەلەولا دا دێن. نیازمانە لە خوارەوەی گوندی ژاڵەی حاجی قادری شاتری ڕێگای گشتی لە دوژمن بگرین، پێمخۆشە ئەگەر ئێوە بێنە لامان و لەگەڵمان لە شەڕەکە بەشداربن زۆرباش دەبێ. نامەکەی سیامەند عەزیز مێرگەسۆریم لە ڕێکەوتی ١٩٦٣/٧/٢٦ بەدەست گەیشت. ئینجا بانگی محەمەد حاجی وەلی کەلاریم

کرد کە ئەوکات سەرپەلی پێشمەرگە بوو لە هێزەکەی خۆمان و پێم گوت من دەچمە لای سیامەند عەزیز مێرگەسۆری، چونکە ئەوان نیازیان وایە هێرش بکەنە سەر کاروانێکی سوپای عێراق کە لەبەغداوە بەرەو کەلار و لەوێوە بۆ سلێمانی دەربەندیخان دێن. بە محەمەدم گوت ئاگاداری بەرەی شەڕی لای خۆمان بێ، تا ئەوکاتەی من دەگەڕێمەوە، ئەگەر نەکوژرام.

ڕێکەوتی ١٩٦٣/٧/٢٧ پێشمەرگەیەکم لەگەڵ خۆم برد کە ناوی ساڵح ڕەحیم بوو. ئێوارەی هەمان ڕۆژ گەیشتینە سەر قەڵای گوندی حاجی ئیبراهیم شاتری و ماڵی ڕەحیم لەوێ بوو. ئەو شەو چووە ماڵی خۆی و منیش شەو لای ماڵی حاجی ئیبراهیم شاتری بووم. بەیانی کاتژمێر ٦ی بەیانی ڕێکەوتی ١٩٦٣/٧/٢٨ چووینە لای سیامەند عەزیز کە لە گوندی ژاڵەی حاجی قادر شاتری و کاتژمێر ٨ی بەیانی گەیشتینە لای سیامەند عەزیز. ئەو لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک لەسەر گردێک بوو لە پشت گوندی ژاڵە و هێزەکەی لەسەر ڕێگای گشتی لەخوارەوەی گوندی ژاڵەی حاجی قادری شاتری دامەزراندبوو، بۆئەوەی کاتێک کاروانەکەی سوپای عێراق گەیشتە ئەوێ لێیبدەن و نەهێڵن کاروانەکە بگاتە دەربەندیخان و سلێمانی. هێزەکە لە لایەن خورشید یوسف بارزانی و حسێن حاجی محیەدین کەلاری سەرپەرشتی دەکرا. ئەوان هەردووکیان سەرپەلی پێشمەرگە بوون، پردێک لەسەر چۆمی ژاڵە بوو، خورشید یوسف بارزانی دەستەڕاستی پردەکەی گرتبوو و حسێن حاجی محیەدین کەلاری دەستەچەپی پردەکە. من و سیامەند لەو قسانەدا بووین، لەپڕ بینیمان سوپای عێراق گەیشتە سەر پردەکە و شەڕ دەستیپێکرد و حسێن حاجی محیەدین و هێزەکەی ڕایانکرد، بە سیامەندم گوت بینیت پێشمەرگە چۆن شەڕ ناکەن و سەنگەر چۆڵ دەکەن. ئەوێم بەجێهێشت و لەگەڵ ساڵح ڕەحیم ڕۆیشتم، بەڵکو بتوانین ڕێ بە دوژمن بگرین و نەهێڵین بێنە ناو گوندی ژاڵە و گوندەکە نەسوتێنن.

کاتێـک گەیشـتمە ئـەوێ حسـێن حاجـی محیەدیـن بـە تەنیـا لەسـەر گردێـک بـوو، بـە حسـێن حاجـی محیەدینـم گـوت پێشـمەرگەکانت لەکوێـن، بـۆ لـە لات نیـن، ئەویـش گوتـی ڕایانکـردووە و لـەو دۆڵـەی خـوارەوەن. پێـم گـوت، مـن و سـاڵح بـەو دۆڵـە دەچینـە خـوارەوە، بەڵکـو بتوانیـن ڕێ بـە دوژمـن بگریـن و نەهێڵیـن گوندەکـە بسـوتێنین، ئێـوەش لەسـەر ئـەم گـردە چاوەڕێ بکـەن و ئەگـەر دوژمـن هەوڵـی دا پشـتمان لێبگـرن، زوو ئاگادارمـان بکەنـەوە.

دوژمـن لـە ئێمـە نزیـک بـووەوە و ئێمـەش دەسـتمان کـرد بـە تەقەکـردن و دوژمـن کشـاوە دواوە. خورشـید یوسـف و پێشـمەرگەکانی بـەردەوام بـوون لـە شـەڕکردن لەگـەڵ دوژمـن. حسـێن حاجـی محیەدیـن بانگـی منـی کـرد گوتـی ئاگاداربـن خەریکـە دوژمـن پشـتتان لێدەگـرێ و خۆتـان ڕزگار بکـەن. ئێمـە بـە ڕاکـردن کشـاینەوە، ویسـتم سـەرگردێک بگـرم و ڕامکـرد ئەفسـەرێکی سـوپای عێـراق لەگـەڵ مـن گەیشـتە سـەر گردەکـە و هـەر بـە پێـوە تەقـەم لێکـرد و کوشـتم، سـوپای عێـراق ویسـتیان لاشـەکەی ببەنـەوە، بـەڵام ئێمـە لـێ نەگەڕایـن و دوو سـەربازی دیکـەی عێـراق لـە تەنیشـت ئـەو کـوژران. هێـزی دوژمـن خۆیـان شـاردبووەوە بۆئـەوەی دووبـارە هێـرش بێننـەوە بـۆ بردنـەوەی لاشـەکان. لەهیکـەوە ئەفسـەرێک هەسـتایەوە و گوتـی ((هجـوم، هـو واحـد))، منیـش هـەر بـە پێـوە تەقـەم لـە ئەفسـەرەکە کـرد و ئەویشـم کوشـت و لاشـەی ئەویشـیان بەجێهێشـت، واتـە لاشـەی ٢ ئەفسـەر و ٢ سـەرباز لـە مەیـدانی شـەڕەکە جێمـان و دوژمنیـش ناچاربـوو بگەڕێتـەوە جەلـەولا دوای ئـەوەی ٣ کاتژمێـر شـەڕمان لەدژیـان کـرد.

سـیامەند عەزیـز مێرگەسـۆری لەسـەر گردەکـە هاتـە خـوارەوە بـەرەو گونـدی ژاڵـە و گوتـی کاک عەزیـز مـن داوای لێبـوردن دەکـەم، مـن سـەرگردەکەم گرتبـوو بۆئـەوەی دوژمـن نەتوانـێ لـە قۆڵـی کـەلارەوە هێـرش بێنـێ. ئینجـا هەموومـان بەیەکـەوە چوویـن تەماشـای لاشـەی ئەفسـەرەکان بکەیـن و بزانیـن

نـاو و ناونیشـانیان چییـە، کاتێـک گەیشـتینە سـەر تەرمـەکان ئـەو ئەفسـەرەی یەکەمجـار کـوژرا، هیـچ بەڵگەیەکـی پـێ نەبـوو، نەمانـزانی نـاوی چییـە، بـەڵام ئـەو ئەفسـەرەی دواتـر کـوژرا، نامەیەکـی پـێ بـوو کـە خوشـکی بـۆی ناردبـوو و تێیـدا نووسـیبووی ئەبـو ئەحمـەد ئێـوە کاسـترۆی گـەلی عەرەبـن، مـن بـە پێشـمەرگەیەکی خۆمانـم گـوت لەسـەر نامەکـە بنووسـە کاسـترۆی گـەلی عێـراق بەدەسـتی مێشـوولەیەکی کـورد کـوژرا. ئـەو ئەفسـەرە تفەنگـی کلاشـینکۆف و دەبانچـە و ڕەشاشـێکی دیکتارۆڤـی پـێ بـوو. دەسـکەوتی ئێمـەش لـە شـەڕەکە٢ دەبانچـە و ٢ کلاشـینکۆف و ڕەشاشـێکی دیکتـارۆڤ و تفەنگێکـی سـیمینۆڤ بـوو. دواتـر هەموومـان بەیەکـەوە ڕۆیشـتین تـا لەنـاو سـپیندار (چنـار)ەکانی گونـدی ژاڵـە پشـوێک بدەیـن. لەپـڕ ٢ فڕۆکـەی مێـک ٢١ هاتـن بۆمبـارانی ئێمەیـان کـرد و لـەوێ خورشـید یوسـف بـارزانی و عەریـف محەمـەد موریـاسی بـە سـەختی برینداربـوون. هەروەهـا ٢ شەهیدیشـمان هەبـوون کـە یەکێکیـان کـوڕی حاجـی حسـێن شـاتر بـوو و شـەهیدەکەی دیکـە پێشـمەرگەیەکی لاوی خەڵکـی ناوچـەی خانەقیـن بـوو کـە تـازە ببـووە پێشـمەرگە و هێشـتا جلوبەرگـی پێشـمەرگایەتی پـێ نەدرابـووێ، بەداخـەوە نـاوی ئـەو شـەهیدەم بیـر نەمـاوە. ئێمـە بریندارەکانمـان بـە دارەبـاز نـارد بـۆ بـارەگای هێـزی خۆمـان، لـە قوپـی ناوچـەی قـەرەداغ لـە نزیـک شـاری قـەرەداغ.

## چوونم بۆ بارەگای هێز لە ناوچەی قوپی قەرەداغ

دوای شـەڕەکەی ڕێکەوتـی ١٩٦٣/٧/٢٨لـە گونـدی ژاڵـە، مـن و سـیامەند مێرگەسـۆری لـە ڕێکەوتـی ١٩٦٣/٨/٢ چووینـە بـارەگای هێـزی خۆمـان کـە لـە قوپـی قـەرەداغ بـوو لـە ناوچـەی قـەرەداغ، بۆئـەوەی بزانیـن حاڵـی هـەردوو بریندارەکەمـان (خورشـید یوسـف بـارزانی و عەریـف محەمـەد موریـاسی) چۆنـە. لـەوێ گوێبیسـتی ئـەوە بوویـن کـە نـوری شـاوێس ئەندامـی مەکتـەبی

سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان هاتووەتە گوندی دۆڵانی سەرەوە لە نزیک قەرەداغ. نوری شاوێس هاتبووە گوندی دۆڵانی سەرەوە، چونکە ناهیدای خێزانی لەگەڵ منداڵەکانی لە بەغداوە هاتبوونە ئەو گوندە کە گوندی شێخ سەلامی باوکی بوو. ئێمە شەو لای نوری شاوێس بووین. ڕێکەوتی ١٩٦٣/٨/٣ دووبارە چووینەوە بارەگای هێز و هەندێک فیشەک و تەقەمەنیمان بۆ خۆمان برد و بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ گەڕامەوە بەرەی خۆمان کە لە نێوان دەربەندیخان و مەیدان بوو.

## شەڕی گوندی باوەخۆشین لە نزیک دەربەندیخان

گوندی باوەخۆشین سەر بە ناوچەی لقی قەرەداغ بوو. دوای ئەوەی زانیمان سوپای عێراق هێرش دەکات، شەو لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگەی خۆم چووین بۆ گوندی باوەخۆشین و گوندی گوڵان لە نزیک دەربەندیخان بۆ یارمەتی لقی قەرەداغ لە هێزی قەرەداغ و هێزێکی لقی قەرەداغ لەوێ بوون.

بەیانی کاتژمێر ٨ ی ڕێکەوتی ١٩٦٣/٨/٤ سوپای عێراق لە دەربەندیخانەوە هێرشی دەستپێکرد و بەر لە هێرشەکەش ناوچەکەیان تۆپباران کرد. ئێمە خۆمان ئامادەکردبوو کە شەڕێکی سەخت بکەین و نەهێڵین سوپای عێراق بگاتە گوندی باوەخۆشین و گوندی گوڵان. شەڕێکی سەخت لەنێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق دەستی پێکرد. دوای ٢ کاتژمێر شەڕ، سوپای عێراق شکا و گەڕایەوە مۆڵگەی خۆی لە سەربازگەی دەربەندیخان و سوپای عێراق زیانێکی زۆری لێکەوت و هێزی پێشمەرگەش تەنیا دوو برینداری هەبوو.

## شەڕی قاتەکانی پشت شاری کفری

لە ڕێکەوتی ١٩٦٣/٨/٥ شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم کەربچەیی کە

یاریدەدەری ڕەیس کەمال موفتی بوو لە هێزی قەرەداغ، برووسکەیەکی بۆ کردم و تێیدا گوتبووی من دێمە لقەکەی ئێوە و تۆش وەرەوە لقەکەی خۆتان و ئیشێکی تایبەتم پێتە کە هاتم پێت دەڵێم. بانگی محەمەد حاجی وەلی کەلاریم کرد و پێم گوت، پێویستە بگەڕێمەوە بارەگای لقی خۆمان، ئێوە لێرە زۆر وریابن و منیش دەگەڕێمەوە لاتان.

لە ڕێکەوتی ١٩٦٣/٨/٢١ لە بەرەی خۆمان چوومەوە بۆ بارەگای لقەکەمان، ئەویش هەمان ڕۆژ هاتە لقەکەمان و هێزێکی پێشمەرگە و عەشایری لەگەڵ خۆی هێنابوو. من تەنیا یەک پێشمەرگەم لەگەڵ خۆم بردبوو بۆ بارەگای لق ئەویش (بەهجەت محیەدین) بوو. شێخ محەمەد دوای گەیشتنی بە منی گوت کاک عەزیز قازی من هاتوومە لاتان تا بەیەکەوە هێرش بکەینە سەر شاری کفری و بیگرین. پێم گوت من لاریم نییە، بەڵام پێشم خۆش نییە بەرەی شەڕی خۆم بەجێبێڵم و لەگەڵ ئێوە بێم. شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم کەربچەیی گوتی: دەبێت تۆ لەگەڵمان بێی. بڕیارم دا لەگەڵیان بچم و ملازم عەبدوڵاش گوتی: منیش دێم، هەروەها عەریف عەبود نامیق سەلیمیش گوتی: منیش پێم خۆشە لەگەڵتان بێم. عەریف عەبوود سەربازی سوپای عێراق بوو و سێ مانگ پێشتر پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردبوو، بەڵام لیژنەی ناوچەی کفری پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاپۆرتیان لەسەر نووسیبوو و تێیدا هاتبوو کە عەریف عەبود پێدەچێ سیخوڕ بێت، بۆیە لە بارەگای لق لەژێر چاودێری دانرابوو. تازە ڕەشاشێکی دیکتاتۆرۆڤم لە شەڕی گوندی ژاڵە گرتبوو، عەریف عەبود گوتی: لە کاتی سەربازی وانەم لەبارەی ئەم ڕەشاشە بە سەربازانی سوپای عێراق دەدا و زۆر بەباشی دەزانم بەکاری بێنم. بڕیارمدا عەریف عەبود نامیق لەگەڵ خۆمان ببەین و ڕەشاشە دیکتاتۆرۆڤەکەم دا بە ئەو. عەریف عەبود خۆی خەڵکی شاری کفری بوو. ملازم عەبدوڵا شارەزای هیچ جۆرە

شـەڕێک نەبـوو، چونکـە بەشـداری شـەڕەکانی نەکردبـوو. عـەلی سـەلیم بەگـی کەلاریـش لەگـەڵ هێزێکـی پێشـمەرگە لـە بـەرەی نێـوان کفـری و کـەلار بـوو. یـەک پـەلی پێشـمەرگەی لەگـەڵ بـوو.

لـە ڕێکەوتـی ١٩٦٣/٨/٢٢ لەبـارەگای لقـی خۆمـان دەسـتمان بـە جووڵـە کـرد بـەرەو شـاری کفـری و شـێخ محەمـەد دەسـتی کـرد بـە گـەڕان لەنـاو ئـەو گوندانـەی دەکەوتنـە سـەر ڕێگەمـان و دەروێشـەکانی شـێخ کەریـم کەربچەیـی، باوکـی پێشـوازیان لـێ دەکـرد و دەسـت و پێیـان مـاچ دەکـرد. بەیـانی دەچووینـە گوندێـک و نیـوەڕۆ لـە گوندێـک و ئێـوارە دەچووینـە گوندێکـی دیکـە. شـاری کفـری نزیکـەی ٤ کاتژمێـر دووربـوو بـە پیـادە، بەڵام شـێخ محەمەد دەیەویسـت زۆربـەی دەروێشـەکانی باوکـی ببینێ و پێشـوازی لێبکـەن. دەنگوبـاس بڵاوبووەوە کـە شـێخ محەمـەد شـێخ عەبدولکەریـم کەربچـە لەگـەڵ هێزێکـی پێشـمەرگەی کوردسـتان دەچێـت بـۆ گرتنـی شـاری کفـری، دیاربـوو شـێخ محەمـەد لـە هەموو گونـدەکان گوتبـووی ئێمـە دەچیـن شـاری کفـری دەگریـن. بـە شـێخ محەمـەدم گـوت: ئەگـەر ئێمـە بـۆ ئـەوە هاتوویـن تـا دەروێشـەکانی باوکـت دەسـت و پێـی تـۆ مـاچ بکـەن، ئـەوا بـا مـن بگەڕێمـەوە بـەرەی شـەڕی خـۆم. تـۆ بۆچـی بـە خەڵکـی گونـدەکان دەڵێـی ئێمـە هێـرش دەکەینـە سـەر شـاری کفـری، ئـەو بـە درۆ وەڵامـی منـی دایـەوە و گوتـی مـن بـە کەسـم نەگوتـووە.

دوژمـن ئـەو دەنگوباسـەی بیسـتبوو و هێزێکـی خـۆی هێنابـووە ئـەو شـارە. شـەوی ٢٨/٢٧-٨-١٩٦٣ گەیشـتینە گوندێـک لـە نزیـک مەخفەرەکـەی سـەر قـەڵا لەسـەر ڕێـگای گشـتی کفـری و کـەلار و شـەو لـەوێ ماینـەوە. بەیـانی کاتژمێـر ٨ ی سـەرلەبەیانی ١٩٦٣/٨/٢٨ هێزێکـی سـوپای عێـراق لـە شـاری کفرییـەوە هێـرشی هێنـا بـۆ گونـدەکان و چـوار تانکیشـیان لەگـەڵ بـوو. ئێمـە لە دەشـتێکی بـێ داروبـەرد نەمانتـوانی ڕێـگا لـە دوژمـن بگریـن تـا نەچنـە نـاو گونـدەکان. شـێخ محەمـەد گوتـی: ئـەو هێـزەی سـوپای عێـراق ئێـوارە دەگەڕێنـەوە شـاری

کفری و ئێمەش لە قاتەکانی پشتی شارەکە ڕێگایان لێ دەگرین و ئابڵۆقەیان دەدەین. ڕێگای گشتی نێوان کفری و کەلار لەناو قاتەکانی کفری دەچووە خوارەوە بۆ کفری. پشتی شاری کفری شاخێک بوو هەمووی قات قات بوو و خوارەوەی شاخەکەش دەشتێکی ڕووتەنی بێ داروبەرد بوو. چەند خانووێکی شاری کفری لەناو دەربەندەکەی قاتەکانی پشت کفری بوون. کاتێک ئێمە گەیشتینە قاتەکانی پشتی کفری هێزەکەی خۆمان بەمشێوەیە دابەشکرد:

- هێزێکی شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم کەربچەییمان لە دەستی چەپی شاخی پشت کفری دانا.
- شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم خۆی و هێزێکی لە دۆڵەکەوە لە دەستی چەپی ڕێگای گشتییەوە دامەزرا.
- من و ملازم عەبدوڵا دەستەڕاستی قاتەکانمان گرت.
- عەلی سەلیم بەگ کەلاریش لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگە چوون بۆ گرتنی ئەو شاخەی دەکەوێتە نزیک گوندی (١٢ ئیمام)، نەوەک لەوێوە دوژمن پشتمان لێبگرێ.

من ئەم پلانەم دارشت و بڕیارماندا کە هێزی دوژمن گەیشتە دۆڵاییەکە، دەستبکەم بە تەقە و ئینجا لە هەموو لایێکەوە هێرش بکەینە سەر دوژمن و ئابڵۆقەیان بدەین. ملازم عەبدوڵا لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک لەخوارەوەی ئێمە خۆیان قایمکرد کە دەکەوتنە دەستەڕاستی ڕێگای گشتی. منیش لەگەڵ عەریف عەبود نامیق سەلیم و بەهجەت محیەدین پێکەوە لە سەنگەرێک جێگای خۆمان گرت لە نزیک ڕێگای گشتی. من تفەنگێکی برنەوم لەلابوو، عەریف عەبود ڕەشاشێکی دیکتارۆفی پێ بوو، بەهجەت محیەدینیش تفەنگێکی ئینگلیزی پێ بوو. هەرچەندە مستەفا بەگی جاف پێشمەرگە نەبوو، بەڵام لەگەڵمان هاتبوو و ئەویش لە لای عەلی سەلیم بەگ بوو.

لەوکاتەی ئێمە شوێنی خۆمان گرتبوو، سەماوەرێک و هەندێک گۆشت لە گوندی ئۆمەربلەوە بۆ شێخ محەمەد هات، چوومە لای شێخ محەمەد و بینیم خەریکی کەباب و نان خواردنە، پێم گوت ئێوە بۆ سەیران هاتوون، یان بۆ شەڕ. وەڵامی دامەوە گووتی وەرە کەباب و نان بخۆ و گوتم من دەرەبەگ نیم، بەبێ پێشمەرگەکانم کەباب ناخۆم. ئەوم بەجێهێشت و چوومەوە سەنگەرەکەی خۆم بۆ لای عەریف عەبود و بەهجەت محیەدین.

کاتژمێر ١ی پاشنیوەڕۆی ١٩٦٣/٨/٢٨ سوپای عێراق بەرەو کفری گەڕایەوە و هەمووانم ئاگادار کردەوە کە جێگای خۆیان بگرن و خۆیان ئامادە بکەن، خەریکە سوپای عێراق دەگەڕێتەوە و هەروەها پێم گوتن ئاگاداری ئەوە بن کە یەکەمجار لەبەرەی منەوە تەقە دەکرێ. کاتێک یەکەم ئۆتۆمبێل هات، تەقەیەک لە لایەن شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم کەربچنەیی کرا، وەکو نیشانەیەک بۆ دوژمن تا تێبگەن، ڕێگایان لێگیراوە و خۆیان بۆ شەڕکردن ئامادە بکەن. ئێمە ٣ سەربازمان لەو ئۆتۆمبێلە کوشت کە هاتە پێشەوە، بەڵام هێزی دوژمن چیدیکە نەهاتە پێش و ٣ تانکیان ناردنە پێشەوە. بەهجەت محیەدین گوتی کاك عەزیز دوژمن پشتیان لێمان گرتووە. هەندێک پێشمەرگە کە جەماعەتی شێخ محەمەد بوون و لەگەڵ ئێمە بوون، دەستیان بە ڕاکردن کرد بۆ ئەوبەری ڕێگای گشتی. من بە بەهجەتم گوت بزانە ملازم عەبدوڵا و ئەوان لەجێگای خۆیان ماون، یان ئەوانیش ڕایانکردووە بۆ ئەوبەری ڕێگاکە، چونکە دوژمن نەچووبووە دەستە چەپی ڕێگاکە. بەهجەت چوو و هاتەوە گوتی: ئەوان لە شوێنی خۆیان نەماون. ئێمە سێ کەس بە تەنیا مابووینەوە و پشتیشمان گیرابوو، تەنیا ڕێگایەکی دەربازبوون کە هەمان بوو، چوون بوو بۆ شاری کفری بۆ ناو ئەو ماڵانەی دەکەوتنە دەربەندی قاتەکانی پشت کفری لەسەر ڕێگای گشتی و لەوێشەوە بگەڕێینەوە شاخی پشت کفری، ئەگەر دوژمن ئەوێشی نەگرتبێ.

بە عەریف عەبدو و بەهجەتم گوت دەچینە ناو ئەو ماڵانە و لەوێشەوە دەچینە شاخی پشت کفری، ئێمەش وەکو سوپای عێراق جلی خاکیمان لەبەرە، بەڵکو نەزانن ئێمەین، چونکە ئێمەش وەکو سوپای عێراق بەرەو شاری کفری دەچین، پێم گوتن خۆمان نادەین بەدەستەوە تا دەکوژرێین، شەڕدەکەین. پێم گوتن با نێوانمان ٣٠ مەتر بێت، من لە سەرەتا دەڕۆم و دوای من بەهجەت بێ و دوای بەهجەتیش عەریف عەبود و دەستمان بە ڕۆیشتن کرد، بەهجەت بە ڕاکردن بەرەو لای من هات و گوتی کاک عەزیز، عەریف عەبود نەهات و چووە سەر ڕێگای گشتی، من ئەوکات ئەوەم بە بیرداهات کە ڕاپۆرتەکەی لێژنەی کفری ڕاستە و عەبود سیخوڕی سوپای عێراق بووە و ویستبووی من بکوژێ، بەڵام بۆی نەڕەخساوە.

من و بەهجەت گەیشتینە ناو ماڵەکانی دەربەندەکە، دوژمن وایانزانی ئێمە سەربازین و دەچینە شاری کفری. لەوێوە چووینە سەر شاخی پشت کفری و پشتمان لە دوژمن گرت و دەستمان بە تەقە کرد و دوژمن ڕایانکرد و کشانەوە ناو قاتەکانی کفری و تەرمی ٢ سەربازیان بەجێهێشت، بەڵام چەکەکانیان بردن. دوژمن وا تێگەیشتبوون، ئێمە هێزێکی زۆرین و پشتمان لێیان گرتووە، لەپڕ تەقەیەکی زۆر لەناو قاتەکان کرا، ئێمە نەمانزانی ئەو تەقەیە چیبوو. هێزی دوژمن گەیشتە ناو شاری کفری، لەناو قاتەکان کەسێک هاواری کرد کاک عەزیز من پێشمەرگەم تەقەم لێ مەکەن. ئەو پێشمەرگەیە بە بریندارى گەیشتە لای ئێمە و گوتی کاک عەزیز برا پێشمەرگەکانمان هەموویان شەهید بوون، هەروەها ملازم عەبدوڵاش شەهید بوو، منیش خۆم وەکو مردوو لێکردبوو. پێم گوت من هاتم تەماشای سەنگەرەکەی ئێوەم کرد کەستان لەوێ نەبوون، چیتان بەسەر هاتبوو، وامزانی ئێوەش ڕاتان کردووە. ئەو گوتی ملازم عەبدوڵا بریندار بوو و نەیدەتوانی ڕێ بکات، گوتی خۆمان لە بن ئەو شاخە دەشارینەوە تا

دوژمـن دەچێتـە کفـری، ئینجـا ئێمـەش دەکشێینە دواوە، دواتـر دوژمـن ئێمەیان دۆزییـەوە و ئێمـەش بـێ تەقـە خۆمـان ڕادەسـتکرد و ئەوانیـش دەسـتیان کـرد بـە کوشـتنی ئێمـە و منیـش خـۆم وەک مـردوو لێکـرد.

بەهجـەت محیەدینـم لەگـەڵ ئـەو نـارد تـا کەمێـک دووربکەوێتـەوە، هەروەهـا بـە بەهجەتـم گـوت بـە مەتارەکـەی خـۆم کەمێـک ئـاوم بـۆ بێنـێ. بـە تەنیا لـەوێ مامـەوە. عەلی سـەلیم بـەگ و پێشـمەرگەکانی لەسـەری شاخەکە بـوون لـە نزیـک گونـدی ١٢ ئیـمام، زۆرم بانگـم کـردن بێنـە لام، بـەڵام لـەوێ نەجـوڵان. بینیـم هێزێکـی دوژمـن مێگەلـە حەیوانێکیـان هێنـا و دەیانویسـت بـە تـاڵان ببـەن بـۆ کفـری، ڕێـگام لێیـان گـرت و تەقـەم لێکـردن تـا نەهێڵـم حەیوانـەکان ببـەن. حەیوانـەکان لەگـەڵ تەقـەی مـن دەگەڕانـەوە دواوە و سـەربازەکانیش دەسـتیان بـە ڕاکـردن کـرد، بـەڵام دوو تانـک هاتـن و بەناچـاری ڕێگاکـەم بـەردا و ئەوانیـش حەیوانەکەیـان بـە تـاڵان بـرد. ئینجـا عـەلی سـەلیم بـەگ و مسـتەفا بەگـی جـاف گەیشـتنە لام و بـە عـەلی بەگـم گـوت بۆچـی زوو نەهـاتی، بەڵکـو نەمانهێشـتبا حەیوانـەکان بەتـاڵان ببـەن.

کاتژمێـر ٨ی ئێـوارە ١٥ پێشـمەرگەم لەگـەڵ خـۆم بـردن کـە چـووم بینیـم ٢٨ پێشـمەرگە بەیەکـەوە شـەهید کـراون بەبـێ ئـەوەی بەرگـری لـە خۆیـان بکـەن، بێجگـە لـە عەبدوڵـە ڕەباتـی کـە ئـەوان شـەڕی کردبـوو تاکـو شـەهید ببـوو، نزیکـەی ٤٠ قـەوانی فیشـەکی لـەلا کەوتبـوو. عەبدوڵـە ڕەباتـی پێشـمەرگە نەبـوو، بـەڵام شـێخ محەمـەد لەگـەڵ خـۆی هێنابـووی. دواتریـش زانیـمان کـە عەریـف عەبـود لەسـەر ڕێـگای گشـتی شـەهید بـووە و بەهـۆی ناسـنامەکەیەوە زانیبوویـان خەڵکـی کفرییـە و بردبوویانـەوە ئـەوێ. هێشـتا مـن نەمـدەزانی کـە شـێخ محەمـەد و جەماعەتەکـەی چییـان بەسـەر هاتـووە.

## گواستنەوەی تەرمی شەهیدەکانمان

ڕێکەوتی ١٩٦٣/٨/٢٩ کاتژمێر ٣ی بەیانی لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک چووین تەرمی پێشمەرگە شەهیدەکانمان بگوازینەوە بۆ شوێنێکی دوور لە شاری کفری، تا دوژمن نەیانبەن، بەڵام شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم و عەلی سەلیم بەگی جاف لەگەڵمان نەهاتن. تەرمی هەر ٢٨ شەهید بۆنیان کەوتبووێ. لەناو قاتەکانی پشت شاری کفرییەوە گواستمانەوە بۆ سەر شاخەکە و لەوێ دوو چاڵی گەورەمان لێدان و لە هەر چاڵێک بە شێوەیەکی کاتی تەرمی ١٤ شەهیدمان دانا، چونکە نەمان دەتوانی بیانبەینە هیچ گوندێک. دوایی زانیمان شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم کەربچنەیی گەڕاوەتەوە بۆ بارەگای هێز لە قوپی چیای قەرەداغ.

ئەمانەش ناوی شەهیدانی قاتی کفرییە کە بۆ کوردستان گیانیان کردە قوربانی:

- ملازم عەبدوڵا شێخ مەحموود- سەر لق
- عەبدولکەریم قادر سلێمان- خەڵکی هۆمەرئامان
- نامیق قادر مەحموود- خەڵکی هۆمەرئامان
- فاتیح حەمە شەریف
- مەحموود ڕەشید حەسەن- خەڵکی هۆمەرئامان
- حەمەئەمین قادر حەمەعەلی- خەڵکی هۆمەرئامان
- حسێن فەرەج مەعروف- خەڵکی کەربچنە
- عوسمان ئەحمەد خوامراد- خەڵکی کەربچنە
- ئەحمەد ساڵح عەبدول- خەڵکی کەربچنە
- ڕۆستەم محمەد سەعید- خەڵکی ژاڵە

- ساڵح حسێن قادر- خەڵكی ژاڵە
- غێدان عەلی ئەحمەد- خەڵكی ژاڵە
- سابیر فەرەج خوامراد- خەڵكی دروزنە
- حەمید سەدرەدین عەلی- خەڵكی دروزنە
- مستەفا شێخ ئەحمەد- خەڵكی دروزنە
- مستەفا ئەكبەر مەحموود- خەڵكی دروزنە
- ڕەحیم كەریم محیەدین- خەڵكی جافەران
- عەریف عەبود برزۆ- خەڵكی كفری
- كەریم محەمەد سەعید- خەڵكی كفری
- مەجید ساڵح قادر- خەڵكی گوندی ١٢ ئیمام
- حەمەغەریب كاكە عەبدوڵا- خەڵكی گوڵاباد
- ئەحمەد حەمەغەریب- خەڵكی قنگرباد
- سدیق ئەحمەد قادر
- حەمە سەعید فەرەج
- عەلی ئیبراهیم فەرەج
- محەمەد ئیبراهیم
- عومەر عوسمان
- كەریم مەحموود

## گەڕانەوەم بۆ بارەگای لق

دوای بەخاكسپاردنی شەهیدەكانمان، لە ڕێكەوی ١٩٦٣/٩/٣ گەڕامەوە

بـارەگای لـق و بینیـم لەخوارەوە بارەگای لقمان سـوتێنراوە، من لە پێشـمەرگەکانم پـرسی ئـەوە کـێ ئەمـەی سـوتاندووە، گوتیـان نازانیـن کـێ سـووتاندوویەتی، بـەڵام دوێنـێ کاتژمێـر یەکـی نیـوەڕۆ بینیـمان دەسـووتێ و ئێمـەش چوویـن و ئاگرەکەمـان کوژانـدەوە. بـە پێشـمەرگەکانم گـوت ئـەوە هێمایەکـە بـۆ ئـەوەی بزانـرێ بـارەگای لقـی ئێمـە لێرەیـە تـا بۆمبـاران بکـرێ. ئـەوکات بـارەگای لقـمان لـە دۆڵێـک بـوو لەنـاو گـردەکانی بکربایـف لـە ناوچـەی گەرمیـان.

**بۆمبارانکردنی بارەگای لقمان**

لـە ڕێکەوتـی ١٩٦٣/٩/٤ بەیـانی شـێخ عومـەر کـە گەنجێکـی شـاری سـلێمانی بـوو هاتـە لام و گوتـی مـام عەزیـز قـازی ئەگـەر بە پێشـمەرگە وەرم نەگـری خۆم دەکـوژم. ئـەو ماوەیـەک بـوو کـە ڕایکردبـووە لای ئێمـە و قوتـابی دواناوەندی بوو لـە سـلێمانی. ئـەو بڵاوکـراوەکانی پارتیـمانی لـە شـاری سـلێمانی بڵاوکردبـووەوە و ئەمنـی سـلێمانیش پێـی زانیبـوو کـە شـێخ عومـەر کارەکـەی کـردووە. پۆلیسـێکی کـورد بــە شــێخ عومــەر دەڵــێ تــا زووە ڕابکــە، فەرمــانی دەســتگیرکردنت دەرچـووە. شـێخ عومـەر هاتـە لای مـن تـا بـە پێشـمەرگە وەریبگـرم، بـەڵام مـن پێـم خۆشـبوو بگەڕێتـەوە سـلێمانی و لـەوێ خوێندنەکـەی تـەواو بـکات، بـەڵام ئـەو لـە تـرسی گیـران نەیدەوێـرا بگەڕێتـەوە سـلێمانی. دوای ئـەوەی پێـی گوتـم ئەگـەر بـە پێشـمەرگە وەرم نەگـری خـۆم دەکـوژم، مـن هەسـتامەوە و چـاوی شـێخ عومـەرم ماچکـرد و گوتـم: ئـەوە بـە پێشـمەرگە وەرمگـرتی. دەسـتبەجێ شـێخ عومـەرم بـرد بـۆ لای بەرگدوورەکەمـان و پێـم گـوت هـەر ئێسـتا دەسـتێک جـلی پێشـمەرگە بـۆ شـێخ عومـەر بـدوورە. بەرگدوورەکەمـان کـە ئەویـش نـاوی شـێخ عومـەر بـوو، خەڵکـی کفـری بـوو دەمودەسـت ئەنـدازەی شـێخ عومـەری وەرگـرت تـا قاتێکـی پێشـمەرگەی بـۆ بـدوورێ. کاتژمێـر یەکـی نیـوەڕۆ بـوو، شـێخ عومـەر هاتـە لام و قـاتی پێشـمەرگەی لەبەرکردبـوو، گوتـی مـام عەزیـز چ

پێشمەرگەیەکم، منیش هەستام چاویم ماچکرد و وگوتم پێشمەرگەیەکی لاو و جوانی.

شێخ عومەر پێی گوتم دەبێ من لەگەڵ خۆت ببەیە بەرەکانی شەڕ و هەرجێگایەک تۆ بڕۆی دەبێ منیش لەگەڵ خۆت ببەی و حەزدەکەم هەموو دەم لەگەڵ تۆ بم، منیش گوتم باشە بۆ هەر کوێ بچم تۆ لەگەڵ خۆم دەبەم. ئێمە لەو قسانەدا بووین دوو فڕۆکەی عێراقی جۆری (مێک ٢١) هاتن و بۆمبارانی بارەگای لقی ئێمەیان کرد و موشەکێکیان لەو خانووەدا کە ئێمەی تێدابووین و شێخ عومەر لە تەنیشت من شەهید بوو کە تەمەنی تەنیا ١٥ ساڵ بوو و چەند بریندارێکیشمان هەبوو کە برینەکەیان سووک بوو. بڕیارمدا شێخ عومەر بە جلی پیرۆزی پێشمەرگایەتی سپاردەی خاک بکەین لە گۆڕستانی گوندێک لە نزیک بارەگای لقی خۆمان لە ناوچەی گەرمیان. دوای چەند مانگێک کەسوکاری شەهید شێخ عومەر هاتبوون و تەرمەکەیان بردبووەوە بۆ سلێمانی. بەداخەوە ئەوکاتەی ئەوان هاتبوون من لەوێ نەبووم و پێشمەرگەیەک لەگەڵیان چووبوو و گۆڕی شەهید شێخ عومەری نیشان دابوون. پێشمەرگەکە بۆ منی باسکرد و گوتی تەرمی شەهید شێخ عومەر هەروەکو خۆی مابوو و تێکنەچووبوو. پێشمەرگەکە پێشی گوتم هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان ئاوان و تەرمی پیرۆزیان تێکناچێ و ناشێوێ.

## سەردانی ڕەیس کەمال موفتی بۆ لامان

ڕەیس کەمال موفتی فەرماندەی هێزی قەرەداغ بوو، شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم کەربچنەیی یاریدەدەری ڕەیس کەمال بوو. دوای ئەوەی شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم لە ڕێکەوتی ١٩٦٣/٨/٢٨ لە شەڕی ناو قاتانی پشت شاری کفری خیانەتی لە ئێمە کرد، ڕەیس کەمال موفتی هاتە

لامـان تـا بزانـێ شـەڕەکە چـۆن بـووە و ئێمـە بـۆ ئـەو هەمـوو شـەهیدەمان داوە.

سـەرەتا ڕەیـس کەمـال موفتـی پرسـیاری ئـەوەی کـرد کـە شـەڕەکە چـۆن بـووە و بۆچـی ئـەو هەمـوو شـەهیدەتان داوە؟ منیـش بـە دوورودرێـژی بـۆم باسـکرد کـە چـۆن شـێخ محەمـەد شـێخ عەبدولکەریـم هـات بـۆ لامـان و گوتـی: بـا هێـرش بکەیـن و دواییـش چـۆن خیانـەتی لێکردیـن و ئـەو هـۆکاری ئـەو هەمـوو شـەهیدە بـوو. دواتـر ڕەیـس کەمـال موفتـی گەڕایـەوە بـارەگای هێـز و شـێخ محەمـەد شـێخ عەبدولکەریـم کەربچنەیـی لـە ڕیـزی پێشـمەرگە دەرکـرا.

## دۆزینـــەوەی ئـــەو نامەیـــەی ســـەرۆک بـــارزانی بـــۆ مـــن و ســـیامەند مێرگەسـۆری   ناردبـوو

پێشـتر مـن بـاسی ئـەوەم کـرد کـە سـەرۆک بـارزانی لـە ڕێکەوتـی ١٩٦٣/٣/٢٣ ئێمـەی لەبـارەگای خـۆی کـە لـە ناوچـەی ڕانیـە بـوو دەرکـرد، بەبـێ ئـەوەی بمانبینێـت یـان پێـمان بڵێـت چ تاوانێکـمان کـردووە و بۆچـی لێـمان تورەیـە و دەرمـان دەکات. دوای دەرکـردنی ئێمـە بێجـان جونـدی شـکاک دەچێتـە لای سـەرۆک بـارزانی و لێـی دەپرسـێت جەنـابی سـەرۆک بۆچـی (عەزیـز قـازی و سـیامەند مێرگەسـۆری و مەلکـۆ زێـڕۆ و ئیبراهیـم جـەلال شـکاک)ت دەرکـرد بەبـێ ئـەوەی بیانبینـی یـان هـۆکاری دەرکردنەکەیـان پـێ بڵێـی. سـەرۆک بـارزانی بـە بێجـانی گوتبـوو دەزانی بۆچـی ئەوانـم دەرکـرد پـارتی ٨ دینـاری بـۆ ژنی مەلاحەسـەن بایەزدیـن بڕیبـووەوە وەک یارمـەتی و هەمـوو مانگێـک پارەکەیـان دەدایـێ، بـەڵام عەزیـز قـازی و سـیامەند مێرگەسـۆری بـە پارتییـان گوتـووە ئـەو مووچەیـە ببـڕن و مەیـدەن بـە ژنی مـەلا حەسـەن بایەزدیـن و ئەوانیـش بڕیویانە. بێجـان جونـدی شـکاک بـە سـەرۆک بـارزانی دەڵـێ ئـەو هەواڵـەی بـە ئێوەیـان داوە ڕاسـت نییـە و عەزیـز قـازی و سیامەند مێرگەسـۆری هیـچ تاوانێکیـان لـەم

بارەیـەوە نییـە و ئـەوان بـە پارتییـان نەگوتـووە پـارەی سـۆنیا ببـڕن، سـۆنیا خـۆی سـیخوڕ بـووە و پارتیـش بەمـەی زانیـوە. ئـەو بـە سـەرۆکی گوتبـوو مەلاحەسـەن بایەزدیـن بـارزانی کـە پاسـەوانی تایبـەتی ئێـوە هەمـوو جارێـک نامـەی بـۆ سـۆنیا نووسـیوە و بـاسی هەواڵـی شـۆڕشی بـۆ کـردووە و سـۆنیاش ئـەو نامانـەی بـۆ کۆنسـوڵخانەی یەکێتـی سـۆڤیەت بـردووە و ئەوانیـش داویانـە بـە هەواڵگـری عێراقـی و بەمجـۆرە هەمـوو هەواڵـەکانی شـۆڕش کەوتوونەتـە دەسـت هەواڵگری عێراقـی.

دوای ئـەوەی سـەرۆک بـارزانی ئەمـە دەزانـێ نامەیـەک بـۆ ئێمـە دەنووسـێ تـا بچیـن بـۆ لای و ئاشـتمان بکاتـەوە، بـەڵام نامەکـە دەگاتـە دەسـت مـلازم عەبـدوڵا و ئەویـش نامەکـە لای خـۆی گلدەداتـەوە و نایداتـە ئێمـە. کاتێـک مـلازم عەبـدوڵا لـە شـەڕی قاتـەکانی پشـت کفـری شـەهید بـوو، ئینجـا ئێمـە نامەکـەی سـەرۆک بارزانیـمان دۆزییـەوە، بـەڵام لەوکاتـەدا شـەڕێکی سـەخت لەنێـوان شـۆڕشی کوردسـتان (شـۆڕشی ئەیلـوول) و حکومـەتی عێـراق هەڵگیرسا، بۆیـە ئێمـە نەمانویسـت لـەو سـاتە ناسـکەدا شـوێنی خۆمـان جێبێڵیـن و بچینـە لای سـەرۆک بـارزانی.

### دوای بۆمباران، بارەگای لقمان گواستەوە

دوای ئـەوەی شـوێنی بـارەگای لقـمان ئاشـکرابوو و لـە لایـەن فڕۆکـەکانی عێـراق لـە ڕێکەوتـی ١٩٦٣/٩/٤ بۆمبـاران کـرا، بۆیـە بڕیارمانـدا بـارەگای گشـتی لـق بگوازینـەوە دۆڵێـک لـە خـوارەوەی چیـای قـەرەداغ لـە دیـوی گەرمییانـەوە. دۆڵەکـە ئەشـکەوتێکی لێبـوو و پێنـج خانووشـمان بـە هـاوکاری خەڵکـی نشـتیمانپەروەری گەرمیـان دروسـتکردن. تـەواوی تەقەمـەنی خۆمـان لەنـاو ئەشـکەوتەکە دانـا، بەمشـێوەیەش فڕۆکـە جەنگییـەکانی عێـراق نەیاندەتـوانی بۆمبـارانی بکـەن. هەروەهـا ٥ خانـووم بـۆ هێـزەکانی خۆمـان لـە بـەرەی لای

دەربەندیخان لە بن چیای پێکۆڵ لە نزیک گوندی چرچەقڵا دروستکرد. بۆ دارەڕێی خانووەکان چوومە لای کوردە نیشتیمانپەروەرەکانی ناوچەی قەرەداغ و داوام لێکردن ئەگەر بتوانن داری پێنج خانوومان بدەنێ و ئەوانیش هاوکارمان بوون.

### سەردانی گوندی سێوسێنان

گوندی سێوسێنان دەکەوێتە نێوان قەرەداغ و دەربەندیخان. لەو گوندە لەگەڵ کوێخا و لێپرسراوی گوندەکانی ناوچەی قەرەداغ کۆبوومەوە، هەرچەندە ئەو گوندانە سەر بە لقی ئێمە نەبوون. ئەو گوندانە سەر بە لقی پێشمەرگەی ناوچەی قەرەداغ بوون. لە کۆبوونەوەکەدا بە هاونشتیمانیانم گوت: بەنیازم پێنج خانوو بۆ هێزەکەی خۆمان دروستبکەم، لە بەرەی ناوچەی دەربەندیخان لە بن شاخی پێکۆڵ و داوای یارمەتی لە ئێوە دەکەم کە داری خانووەکانمان بۆ دابین بکەن. هەموو هاونیشتیمانیانی گوندەکانی ئەو ناوچەیە گوتیان بەگوێرەی توانای خۆمان یارمەتیتان دەدەین. پێم گوتن ئێمەی پێشمەرگە خۆمان دیوار دەکەین تا ئێوە دارەکانمان بۆ ئامادە دەکەن. لەماوەی ١٥ ڕۆژدا ئێمە دیواری ٥ خانوومان تەواوکرد و خەڵکی ناوچەکەش داریان بۆ هێناین و لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٣ خانووەکان تەواوبوون.

### نامەیەکی شێخ حسێنی گوندی چرچەقڵا

کاتێک ئەو خانووانەی بەرەی ناوچەی دەربەندیخان و مەیدان تەواوبوون، شێخ حسێنی چرچەقڵای ٦ بزن و ٦ دیناری لەگەڵ نامەیەک بۆ ناردم. شێخ حسێن لە نامەکەیدا نووسیبووی: کاک عەزیز قازی ئەوە شەش بزن و شەش دینارم بۆت ناردووە، شەش بزنەکە بۆ برا پێشمەرگەکان بکوژنەوە و ٦ دینارەکەش بنێرە بۆ بەغدا بۆ ماڵ و منداڵت. بزنەکانم وەرگرت،

بــەڵام شــەش دینارەکــەم وەرنەگــرت، چونکــە نووســیبووی بــۆ منداڵەکانــت بینێـرە. هەروەهـا نامەیەکیشـم بـۆی نووسـی و گوتـم زۆر سوپاسـت دەکـەم لەبـارەی نـاردنی بزنـەکان و پارەکـە. بـە سوپاسـەوە بزنەکانـم وەرگـرت، چونکـە بـۆ پێشـمەرگەت ناردبـوو، بـەڵام پارەکـەم گەڕانـدەوە کـە بـۆ منـت ناردبـوو، تکایـە لێـمان ببـورە. شـێخ حسـێن دووبـارە پارەکـەی بـۆ ناردمـەوە و نامەیەکـی ناردبـوو و نووسـیبووی کاک عەزیـز دەبـێ ئـەو پارەیـە بـۆ منداڵەکانـت بنێـری. شـەش دینارەکـە و هـەردوو نامەکـەی شـێخ حسـێن و نامەکـەی خۆشـم کـە بـۆ ئـەوم ناردبـوو، ناردمـە هێـزی قـەرەداغ لـە شـاری قـەرەداغ. لـە هێـزەوە پارەکەیـان بـۆ مـن ناردەوە و گوتیـان کاک عەزیـز ئـەو پارەیـە بـۆ تـۆ هاتـووە و بینێـرە بـۆ منداڵەکانـت.

## ناردنی پارەکە بۆ خێزانم لە بەغدا

نامەیەکـم بـۆ سـیامەند عەزیـز مێرگەسـۆری و مەلکـۆ زێـڕۆ نـارد. هەرچەندە مەلکـۆ زێـڕۆ دوای ئـەوەی سـەرۆک بـارزانی ئێمـەی لەبـارەگای خـۆی دەرکـرد، تورەبـوو و گەڕایـەوە بەغـدا، بـەڵام دواتـر کـە شـەڕ لەنێـوان شـۆڕش و حکومـەتی عێراقـی قوڵـتر و سـەختتر بـوو، مەلکـۆ زێـڕۆ گەڕایەوە ڕیـزەکانی شـۆڕشی ئەیلوول، مەلکـۆ زێـڕۆ کرایـە سـەرلقی پێشـمەرگەی کوردسـتان لـە ناوچـەی  دوزخورماتـو. مـن بـۆ سـیامەند مێرگەسـۆری و مەلکـۆ زێـڕۆم نـووسی، خـودا شـەش دینـاری کردووەتـە بەشـم و دەمـەوێ بـۆ منداڵەکانـم بینێرمـە بەغـدا، ئەگـەر ئێـوەش پارەتـان هەیـە و دەتانـەوێ بـۆ منداڵەکانتـان بینێـرن، ئـەوا بینێرنـە لای مـن و مـن لەگـەڵ ئـەوەی خـۆم دەینێـرم.

قوتابییەکـی دواناوەندیـم دەنـاسی کـە خەڵکـی کفـری بـوو و نـاوی (کەمـال حسـێن) بـوو و خـزم و کەسـوکاری سـەر بـە پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان بـوون. سـیامەند عەزیـز مێرگەسـۆری و مەلکـۆ زێـڕۆ هەریەکەیـان شـەش دیناریـان نـارد

و منیش بە کەمال حسێن ناردم بۆ بەغدا بۆ ماڵ و خێزانی هەرسێکمان.

## ڕاپۆرتی لێژنەی ناوچەی کفری پارتیمان لەبارەی ئەو پارەیەی من ناردمە بەغدا

ئەو پارەیەی من بە کەمال حسێن ناردمە بەغدا بە هەمووی ١٨ دینار بوو کە هی من و سیامەند و مەلکۆ بوو. لێژنەی ناوچەی کفری پارتیمان ئەو هەواڵەیان بیستبووەوە کە من پارەم ناردووە بۆ بەغدا، ڕاپۆرتێکی دوورودرێژیان لەبارەی منەوە نووسیبوو و بەناو ڕێکخستنی پارتی و هێزی پێشمەرگە بڵاویانکردبووەوە گوایە عەزیز قازی سورچی پارەیەکی زۆری لە شۆڕش دزیوە و ناردوویەتییە بەغدا بۆ منداڵەکانی، بەبێ ئەوەی هیچ لەگەڵ من باس بکەن. ڕاپۆرتەکە دەگاتە دەست محەمەد حاجی وەلی کەلاری کە سەرپەل بوو لە لقی پێشمەرگەی ناوچەی کفری و من سەرلقی ئەوێ بووم. ئەو بەنامەیەک ڕاپۆرتەکەی لێژنەی ناوچەی کفری بۆ من نارد. منیش نامەکەی لێژنەی ناوچەی کفری و نامەکەی محەمەد حاجی وەلی کەلاریم لەگەڵ نامەیەکی خۆم بۆ بارەگای هێزی قەرەداغ نارد. تێیدا ئەوەم نووسی کە ئەو پارەیەی من ناردوومە هەژدە دینار بووە و تەنیا شەش دیناری هی من بووە و ئێوەش ئاگادارن کە ئەو شەش دینارە شێخ حسێن چرچەقڵای دای بەمن. هەروەها ئەوە دەزانم کە سیامەند مێرگەسۆری پارەکەی لەبارەگای لق قەرزکردووە، بەڵام نازانم مەلکۆ زێڕۆ ئەوەی خۆی لە کوێ هێناوە.

کۆپییەکی ئەو نامەیەشم بۆ لێژنەی ناوچەی کفری نارد، تا وەڵامم بدەنەوە و پێم بڵێن چەند پارەم دزیوە و بەکێ ناردوومە بۆ بەغدا. هێزی قەرەداغیش نامەیەک بۆ لێژنەی ناوچەی کفری دەنێرن و ئاگاداریان دەکەنەوە لەوەی ئەو پارەی عەزیز قازی بۆ بەغدای ناردووە، ئەوان لێی

ئـاگادارن. هەروەهـا هێـز بـۆ ناوچـەی کفـری دەنووسـێت، دەبووایـە ئێـوە بابەتەکەتـان بـە تـەواوی بزانیبووایـە ئینجـا ڕاپۆرتەکـەی خۆتـان بڵاوبکردبایـەوە. دوای ئەمـە لێژنـەی ناوچـەی کفـری داوایـان لەمـن کـرد لێیـان ببـورم و داوای لێبوردنیـان کـرد.

### دەسـتپێکردنەوە دانوسـتان لەنێـوان سـەرکردایەتی شـۆڕش و حکومـەتی عەبدولسـەلام عـارف

لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٦٤ بـە سـەرۆکایەتی سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی و ئەندامێتـی نـوری شـاوێس و جـەلال تاڵەبـانی کـە هەردووکیـان ئەندامـی مەکتەبی سـیاسی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان بـوون دانوسـتان لـە شـاری قـەڵادزێ لەنێـوان حکومـەتی عێـراق و شـۆڕشی کوردسـتان دەسـتپێکردەوە. نوێنـەری حکومـەتی عێـراق (مەحمـوود عەبدولـڕەزاق) بـوو کـە پارێـزگاری سـلێمانی بـوو.

دانوسـتانەکە ڕێکەوتـی ١٩٦٤/٢/١٠ دەسـتپێکرد و نوێنـەری هـەردوو لا ڕێککەوتـن لەسـەر ئـەوەی شـەڕ بوەسـتێنن. ئەنجامـی دانوسـتانەکە لـە لایـەن هەریـەک لـە سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی و نـوری شـاوێس و جـەلال تاڵەبـانی لـە لایـەک و مەحمـوود عەبدولـڕەزاق لەلایەکـی دیکـەوە واژۆ دەکـرێ. نوێنـەری حکومـەتی عێـراق دەگەڕێتـەوە سـلێمانی و سـەرۆک بـارزانی دەگەڕێتـەوە بـارەگای خـۆی و جـەلال تاڵەبـانی و نـوری شـاوێس دەگەڕێنـەوە بـۆ بـارەگای مەکتـەبی سـیاسی لـە ناوچـەی مـاوەت لـە پارێـزگای سـلێمانی.

### دروستبوونی ئاژاوە لە ڕیزەکانی پارتی

دوای ئـەوەی ڕێککەوتـن لـە لایـەن نوێنـەرانی شـۆڕشی کـورد و حکومـەتی عێـراق واژۆکـرا، جـەلال تاڵەبـانی و نـوری شـاوێس دەچنـەوە بـارەگای مەکتـەبی سـیاسی لـە ناوچـەی مـاوەت، سـەرکردایەتی مەکتـەبی سیاسی بـە قسـەی ئیبراهیـم ئەحمـەدی سـکرتێری پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان زۆر بـە تونـدی ناڕەزایـی

خـۆی لەبەرانبـەر ڕێککەوتنەکـە دەربـڕی. هەرچەنـدە جـەلال تاڵەبـانی و نـوری شـاوێس خۆیـان ڕێککەوتنەکەیـان واژۆ کردبـوو، بـەڵام لـە دژی وەسـتانەوە و چوونـە پـاڵ ئیبراهیـم ئەحمـەد و مەکتـەبی سیاسی. دوای ئـەوە مەکتـەبی سیاسی لـە ناوچـەی ماوەت بەیاننامەیەکیـان لـە دژی ڕێککەوتنەکـە دەرکـرد و لەنـاو ڕیـزەکانی پـارتی و پێشـمەرگە بڵاویانکـردەوە.

لـە بەیاننامەکـەدا نووسـیبوویان مـەلا مسـتەفا بـارزانی توانـای شۆڕشـکردن و خەبـاتی نەمـاوە و وازی لـە مافـە ڕەواکانی گـەلی کـورد و کوردسـتان هێنـاوە و لەگـەڵ حکومـەتی عەبدولسـەلام عـارف ڕێککەوتـووە. هەروەهـا مەکتـەبی سـیاسی لـە بەیاننامەکەیانـدا نووسـیبوویان کـە مـەلا مسـتەفا بـارزانی گـەلی کـورد و خاکـی کوردسـتانی فرۆشـتووە و داویـەتی بـە مـۆز و پرتەقـاڵ. مەکتـەبی سیاسی پـارتی هـەر بـەوە نەوەسـتان، لـە مانگـی نیسـانی سـاڵی ١٩٦٤ بـە نهێنـی کۆنفرانسـێکیان لـە مـاوەت بەسـت ئـەو لێپـرسراو و کاربەدەسـتانەی پارتییـان بانگکردبـوو کـە سـەر بەخۆیـان بـوون و لـە قسـەی ئـەوان دەرنەدەچـوون و کردبوونیانـە ئەندامـی کۆنفرانسـەکە. لـەوێ بڕیـاری دەرکـردنی مـەلا مسـتەفا بارزانییـان دابـوو لـە ڕیـزەکانی پـارتی و شـۆڕش. ئـەو بڕیـارەی مەکتـەبی سیاسی پـارتی ئـاژاوە و پشـێوییەکی زۆری لـە ڕیـزەکانی پـارتی دروسـت کـرد لـە تـەواوی خاکـی کوردسـتان، بەتایبـەتی لـە ناوچـە جیـاوازەکانی شـاری سـلێمانی. هەروەهـا دەستیشـیان بـە گـەڕان کـرد لەنـاو ڕیـزەکانی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان و ئەندامـانی پـارتی بـۆ کۆکردنـەوەی دەنگـی زیاتـر لـە دژی سـەرۆک مـەلا مستەفا بـارزانی و لایەنگـرانی. هەروەهـا جـەلال تاڵەبـانی لەگـەڵ هێزێکـی پێشـمەرگە دەسـتی بـە گـەڕان کـرد لـە ناوچـە و لقـەکانی پێشـمەرگە بەتایبـەتی لـە ناوچـەکانی بازیـان و چەمچەمـاڵ ناوچـەکانی گەرمیـان و پارێـزگای کەرکـووک و دەسـتیکرد بـە گرتـن و دەرکـردنی ئـەو پێشـمەرگە و لێپرسراوانـەی پشـتگیرییان لـە سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی دەکـرد. جـەلال تاڵەبـانی چووبـووە گونـدی

داریکەی بازیان و لەوێ دەچێتە بارەگای لقی پێشمەرگەی ناوچەی بازیانی سەر بە هێزی قەرەداغ، سەرلقی بازیان بە جەلال تاڵەبانی دەڵێ مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی و پێشمەرگەی کوردستانە، بۆیە جەلال تاڵەبانی هەر لەوێ دەیکوژێت. دواتر لەوێوە بەرەو ناوچەی جەباری دەڕوات و دوو لقی پێشمەرگە لەوێ دەبن، عەزیز شەریف کەرکووکی کە سەرپەلێکی بارەگای لقەکان بوو بە جەلال تاڵەبانی دەڵێت مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی ئێمەیە و سەرۆکی پارتییە و سەرۆکی شۆڕشی کوردستانیشە، بۆیە جەلال تاڵەبانی، عەزیز شەریف کەرکووکی دەگرێت و چەکی دەکات و بەندی دەکات. جەلال تاڵەبانی لە ناوچەی جەبارییەوە دەچێتە بارەگای لقی ناوچەی دوزخورماتوو، لەوێ مەلکۆ زێڕۆ بارزانی سەرلق بوو، بەڵام لەوکاتەی جەلال تاڵەبانی دەچێت، ئەو لەوێ نابێ، ئەگەر لەوێ بووایە ڕەنگە ئەویشی بکوشتبا. کاتێک کە من زانیم جەلال تاڵەبانی دێتە لای ئێمەش کە ئەوکات بارەگای لقی ئێمە لە گوندی گۆبانێ بوو لە نزیک کەلار، من ئەم برووسکەیەی خوارەوەم بۆ سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی نارد لەبارەی هەڵوێستی جەلال تاڵەبانی لە دژی ئەو:

**بۆ سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی**

**لە عەزیز قازی سەرلقی ناوچەی کفری و کەلار**

لە دوای سڵاو، هیوادارم کە سەرکەوتوو بن لە خەباتی خۆتان بۆ گەل و نیشتیمانمان. تکایە بۆ ئاگاداریتان، وا جەلال تاڵەبانی لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگە دێ بەرەو ناوچەی خۆمان. بیستوومانە هەر کەسێک پشتگیری لە ئێوەی بەڕێز بکات دەیگرێ و چەکی دەکات و لە ڕیزی پێشمەرگە و پارتی دەری دەکات. ئەوجا تکایە ئەمرتان بە چییە. شەڕی ئەو بکەم یان ڕابکەم بۆئەوەی بۆ پاشەڕۆژ تاوانبار نەبین. تکایە وەڵام.

ئەمەی خوارەوە وەڵامی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانییە بۆ برووسکەکەی من

**بۆ عەزیز قازی سەرلقی ناوچەی کفری و کەلار**

**لە بارزانییەوە**

برووسکەتان گەیشت و تێگەیشتین. لە پێشان زۆر سڵاوم هەیە بۆ هەموو برا پێشمەرگەکان و چاویان ماچ دەکەم. من نامەوێ ئێوە لەنێوان خۆتاندا پێشمەرگە بە کوشت بدەن. ناوچەی خۆتان بە جێبهێڵن بۆ ئەوەی تووشی شەڕ نەبن، لەگەڵ جەلال تاڵەبانی بۆئەوەی پێشمەرگە بە کوشت نەدەن. ئەو پێشمەرگانەی پێیان خۆشە بە ویستی خۆیان بێن لەگەڵت بیانهێنە بۆ ناوچەی قەرەداغ. من نامەوێ تەعەدا لە کەس بکرێ و ئەوانەی پێیان خۆشە لەگەڵ جەلال تاڵەبانی بن مانع مەبن. هەروەها ئەم برووسکەیە بخوێنەوە بۆ برا پێشمەرگەکان.

ئینجا من هەموو پێشمەرگەکانم کۆکردنەوە و برووسکەی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانیم بۆ خوێندنەوە، ئەوان هەموویان گوتیان ئێمە لێرە دەمێنینەوە و ناچینە هیچ شوێنێک، تەنیا پێنج پێشمەرگەی پاسەوانی خۆم نەبێ گوتیان ئێمە لەگەڵت دێین بۆ شاری قەرەداغ کە بارەگای هێزی قەرەداغی لێیە. هەروەها تاهیر ئاکرەیی کە لەسەر بێتەلی خۆمان کاری دەکرد ئەویش گوتی منیش لەگەڵت دێم. ئێمە ئۆتۆمبێلێکی جێبمان هەبوو و ئەو فیشەک و تەقەمەنییە زیادەی هەمانبوو لەگەڵ بێتەلەکە بارمانکرد و لە ڕێگای دەربەندیخانەوە چووین بۆ قەرەداغ. برووسکەیەک بۆ سەربازگەی دەربەندیخان کرا کە ڕێگای لێ نەگرن، کاتێک گەیشتینە دەربەندیخان چوار ئەفسەری سوپای عێراق هاتبوونە بازگەکە. ئێمە گەیشتینە سەربازگەکە و ئەفسەرەکان گوتیان کامەتان عەزیز قازییە، پێم

گوتـن عەزیـز قـازی بـە ئۆتۆمبێلێکـی دیکـە لـە دوای ئێمـە دێ. ئـەوان بەهـۆی ئـەو شـەڕانەی ئێمـە لەگـەڵ سـوپای عێـراق کردبوومـان نـاوی منیـان بیسـتبوو، بـەڵام بەشـێوە نەیاندەناسـیم. ئێمـە ڕۆیشـتین و بازگەکەمـان بەجێهێشـت.

هەروەها ئەو نامەیەم بۆ جەلال تاڵەبانی نووسی:

**بۆ هەڤاڵی بەڕێز جەلال تاڵەبانی**

**دوای سڵاو و ڕێز**

ئـەو نامەیـەت بـۆ دەنووسـم وەکـو هەڤاڵـی پارتیـمان. تـکات لـێ دەکـەم واز لـەم هەڵوێسـتەی کـە دەسـتتانپێکردووە بهێنـە، تکایـە دوژمنـانی گـەلی کـورد و نیشـتیمانی کوردسـتان بـە خۆتـان شـاد مەکـەن و دڵـی دوژمـن خـۆش مەکـەن. هیـوادارم بـە ڕێـگای ئاشـتی لەگـەڵ سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی، سـەرۆکی پـارتی و پێشـمەرگەی کوردسـتان ڕێکبکـەون بـا دوژمنـانی گـەلی کـورد و نیشـتیمان پێـمان شـاد نەبـن و کۆتایـی بـەم ئاژاوەیـە بـێ کـە لەنـاو ڕیـزەکانی پـارتی و پێشـمەرگە دروسـتبووە.

هەڤاڵتان، عەزیز قازی سەرلقی پێشمەرگەی ناوچەی کفری و کەلار

نامەکەم بە پێشمەرگەیەک بۆ جەلال تاڵەبانی نارد.

**هاتنی جەلال تاڵەبانی بۆ بارەگای لقی ئێمە**

بـارەگای لقـی ئێمـە لـە گونـدی گۆبـان بـوو، گونـدی حەمەئەمیـن جـاف، کاتێـک ئێمـە ئەوێـمان بەجێهێشـتبوو، ئینجـا جـەلال تاڵەبـانی دەگاتـە بـارەگای لقـی ئێمـە و لـە سـەرپەلەکانی پرسـیبوو عەزیز قـازی لێرەیـە یان نا؟ سـەرپەلەکان پێـی دەڵێـن عەزیـز قـازی کـە زانی ئێـوە دێـن ئێـرەی بەجێهێشـت تـا لەگەڵتـان تـووشی شـەڕ نەبـێ و ئـەو پـرسی بـە مـەلا مسـتەفا بـارزانی کردبـوو و بـە قسـەی ئـەو لـە ڕێـگای دەربەندیخانـەوە چووەتـە بـارەگای هێـزی قـەرەداغ. ئـەو بـە

سـەرپەلەکان دەڵـێ ئـەدی بۆچـی نەتـان گـرت و نەتانکوشـت، دیـارە لەنـاو ئێـوە پیاوێکـی تێـدا نەبـووە ئـەو کارە بـکات. سـەرپەلەکان پێیـان گوتبـوو عەزیـز قـازی کوردێکـی دڵسـۆز و نیشـتیمانپەروەرە.

جـەلال تاڵەبـانی لەوێـوە دەچێتـە ناوچـەی هەڵەبجـە و بیـارە کـە ناوچـەی هێـزی خەبـاتی لـێ بـوو. ئینجـا لوقـمانی کـوڕی سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی دەچێتـە لای جـەلال تاڵەبـانی و لەگـەڵ خـۆی دەیهێنێتـە شـاری ڕانیـە. سـەرۆک بارزانـی نامـەی بـۆ جـەلال تاڵەبـانی نووسـیوە و هەروەهـا جـەلال تاڵەبانیـش وەڵامـی نامەکـەی سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی داوەتـەوە.

کاتێـک جـەلال تاڵەبـانی لـە لقـی ئێمـەوە چـووە ناوچـەی هێـزی خەبـات، هەمـوو پێشـمەرگەکانی لقـی ئێمـە کـە لقـی ناوچـەی کفـری و کـەلار بـوو هاتنـە هێـزی قـەرەداغ و لـەوێ داوای لێبوردنیـان لـە مـن کـرد کـە لەگەڵـم نەهاتـوون و ئەوەشـیان گـوت کـە ئـەوان بـەو ڕاسـتییە گەیشـتوون کـە جـەلال تاڵەبـانی بـەو دوژمنکارییـەی بەرانبـەر سـەرۆک بـارزانی دەیـکات کارێکـی دروسـت نـاکات و کارەکـەی لەجێـی خـۆی نییـە. ئینجـا هەمووـمـان بەیەکـەوە گەڕاینـەوە ناوچـەی هێـزی خۆمـان کـە لـە گونـدی گۆبـان بـوو لـە نزیـک کـەلار و دووبـارە بـەرەکانی خۆمـان قایـم کـردەوە، بـەڵام عـەلی سـەلیم بەگـی جـاف کـە سـەر بـە مەکتـەبی سـیاسی بـوو لەگـەڵ عەبـدوڵا بابەشـێخ کـە لەنـاو شـۆڕش ناسرابـوو بـە (نالـە)، هەردووکیـان خۆیـان شـاردبووەوە.

## دانانی خوسرەوی کوڕی حەمە سەعید جاف لە جێگای من

مسـتەفا بەگـی جـاف کـە سـەرۆکی عەشـیرەتی جافـە لـە ناوچـەی  کفـری و کـەلار، دەچێتـە لای سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی لـە شـاری ڕانیـە و لـەوێ بـە سـەرۆک بـارزانی دەڵـێ زۆرینـەی زۆری پێشـمەرگەکانی ناوچـەی کفـری و کـەلار لـە عەشـیرەتی جافـن و ناوچەکـەش ناوچـەی ئێمەیـە بۆچـی سـەرلق لـە ئێمـە

نەبێ و کەسێکی بێگانە سەرلق بێ لای ئێمە. سەرۆک دەڵێ ئێمە لاریمان نییە ئەگەر ئێوە کەسێکی شیاوتان هەبێ و بتوانێ کاروباری ناوچەکە و کاروباری حزبی جێبەجێبکات. مستەفا بەگ بە سەرۆک بارزانی دەڵێ خوسرەوی کوڕی حەمەسەعید بەگی جاف لە لای عەزیز قازییە و جێگری ئەوە و خوشکەزای منە و خوێندەوارییەکی باشیشی هەیە، دەمانەوێ ئەومان بۆ بکەی بە سەرلق. سەرۆک بارزانی برووسکەیەکی بۆ من کرد و تێیدا هاتبوو کە ئێمە بڕیارماندا خوسرەو حەمەسەعید بەگی جاف ببێتە سەرلق لە ناوچەی ئێوە و تۆش ببی بە جێگری ئەو. منیش وەڵامی سەرۆک بارزانیم دایەوە و پێم گوت من پێشمەرگەی شۆڕش و کوردستانم و فەرمانی سەرکردایەتی شۆڕش هەرچۆنێک بێ جێبەجێی دەکەم.

بانگی خوسرەو حەمەسەعید بەگی جافم کرد و پێم گوت ئێستا ئێوە لە شوێنی من دەبی بە سەرلق و منیش دەبم بە جێگری تۆ. خوسرەو جاف دەستی بە گەڕان کرد لە ناوچەکانی کفری و کەلار و بە جوتیارەکانی دەگوت ئێوە ماوەی سێ ساڵە سەرانەتان نەداوە و ئەم ساڵ هی چوار ساڵتان لێ دەستێنم. ئینجا خەڵکی گوندەکان دەهاتنە لای من و سکاڵایان لە دژی خەسرەو جاف دەکرد و منیش پێم دەگوتن ئێوە یەک عەشیرەتن و ئەویش هەڵبژاردەی ئێوەیە و خۆتان ویستووتانە جافێک ببێتە سەرلق.

پاشان کە زانیم خوسرەو جاف غەدر لە خەڵکی گوندەکان و ناوچەکە دەکات، برووسکەیەکم بۆ سەرۆک بارزانی و مەکتەبی تەنفیزی هێزی شۆڕش نارد و گوتم من ناتوانم لەگەڵ خوسرەو جاف بەردەوام بم، چونکە ئەو غەدر لە خەڵکی ناوچەکە دەکات و داوای موڵکانە و سەرانەی چوار ساڵیان لێ دەکات. سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی وەڵامی برووسکەی منی دایەوە و گوتی باشە و بڕۆ بۆ بارەگای هێزی قەرەداغ کە لەوکاتدا شێخ ساڵح فەرماندەی هێزی قەرەداغ بوو لەجێگای ڕەیس کەمال موفتی، چونکە

ئـەو لەگـەڵ مەکتـەبی سـیاسی بـوو لـەو هەڵمەتـەی لـە دژی سـەرۆک بـارزانی دەسـتیان دابـووێ.

## گرێـدانی کۆنفرانـسی سـەرکردایەتی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان لـە شـاری ڕانیـە

بـە مەبەسـتی کۆتاپێهێنـان بـەو ئاژاوەیـەی کەوتبـووە نـاو ڕیـزەکانی شـۆڕش و هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان، سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی داوایکـرد کۆنفرانسـێک بـۆ هێـزەکانی پێشـمەرگە لـە شـاری ڕانیـە ببەسـترێ. سـەرۆک بـارزانی ئـاگاداری هەمـوو هێـزەکانی پێشـمەرگەی کـردەوە کـە نوێنـەری خۆیـان بنێـرن بـۆ بەشـداریکردن لـەو کۆنفرانسـەدا. منیـش ئاگادارکرامـەوە کە بەشـداری لـەو کۆنفرانسـەدا بکـەم.

لـە ڕێکەوتـی ١٩٦٤/٦/١ کۆنفـراس لـە شـاری ڕانیـە بەسـترا. سـەرۆک بـارزانی خـۆی بەشـداری کۆنفرانسـەکەی کـرد. سـەرۆک بـارزانی ٣ جـار بانگـی جـەلال تاڵەبـانی کـرد و جـاری چـوارەم بانگـی جـەلال تاڵەبـانی کـرد، هەڤاڵـەکان بـە سـەرۆک بارزانیـان گـوت جـەلال تاڵەبـانی نایـەوێ بەشـداری لـە کۆنفرانسـەکە بـکات لەبـەر ئیبراهیـم ئەحمـەدی سـکرتێری پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان کـە هـۆکاری دووبەرەکییەکـەی نێـوان هـەردوو باڵەکـەی پـارتی بـوو. سـەرۆک بارزانی دەسـتی بـە خوێندنـەوەی وتارەکـەی خـۆی کـرد و گوتی: مـن بۆیـە داوام کردووە ئـەم کۆنفراسـە ببەسـترێ، تـا ئێـوە بـۆ خۆتـان سـەرۆکێک هەڵبژێـرن و منیـش ئامـادەم وەکـو پێشـمەرگەیەک بچمـە بـەرەکانی شـەڕ و بەرگـری لـە کـورد و کوردسـتان بکـەم و ئـەو ئاژاوەیـەی نـاو مەکتـەبی سیاسی کۆتایـی پـێ بـێ. ئێمـە هەموومـان بـە سـەرۆک بارزانیـمان گـوت ئێـوە سـەرۆکن و ئێـوەش سـەرۆک دەبـن. ئێمـە هەموومـان واژۆمـان کـرد کـە سـەرۆک بـارزانی سـەرۆکی شـۆڕشی کوردسـتان و سـەرۆکی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتانە. دواتـر کۆنفرانسـەکە کۆتایـی

پێهـات. لـەوێ بڕیـاردرا مـن و سـیامەند عەزیـز مێرگەسـۆری بچینـە ناوچـەی گەرمیـان و کەرکـووک.

مـن و سـیامەند عەزیـز چووینـە بـارەگای سـەرۆک بـارزانی تـا بەتایبـەت ئـەو ببینیـن، چونکـە پێشـتر داوای بینینـی ئێمـەی کردبـوو، بـەڵام بەهـۆی سـەخت بـوونی شـەڕی شـۆڕش لەگـەڵ حکومـەتی عێـراق نەمانتـوانی بچینه سـەردانی. لەوێ سـەرۆک بـارزانی بـە ئێمـەی گـوت ئێـوە هیـچ تاوانێکتـان نەبـووە و نەدەبووایـە مـن ئێـوە لەبـارەگای خـۆم دەربکـەم. منیـش پێـم گـوت سـەرۆک بـارزانی دەبووایـە ئێـوە لـە ئێمـە بپرسـن کـە بۆچـی بـە پارتیـمان گوتـووە مووچـەی سـۆنیا ببڕن. سـەرۆک بـارزانی ئێمـەی ئاشـت کـردەوە و ئێمـەش هیچـمان لەبـەر دڵ نەمـا.

### من و سیامەند چووین بۆ ناوچەی گەرمیان

دوای کۆنفرانـس و دیـداری سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی، مـن و سـیامەند لـە ڕانییـەوە گەڕاینـەوە ناوچـەی قـەرەداغ و لەوێـوە چوویـن بـۆ قـەرە هەنجیـر لـە ناوچـەی جەبـاری کـە ٢ لقـی پێشـمەرگەی لێبـوون و سـەید تاهیـر جەبـاری و سـەید عـەلی جەبـاری هەردووکیـان سـەرلق بـوون. تـەواوی ناوچـەی گەرمیـان ٤ لقـی پێشـمەرگەی لێبـوون، دوو لـق لـە ناوچـەی جەبـاری و لقێـک لـە ناوچەی دوزخورماتـوو و لقێکیـش لـە کفـری و کـەلار. ئـەوکات مەلکـۆ زێـڕۆ سـەرلقی پێشـمەرگەی ناوچـەی دوزخورماتـوو بـوو و خـوسرەو جـاف هـی کـەلار و کفـری بـوو و سـەید تاهیـر جەبـار و سـەید عـەلی جەبـاری هەردووکیـان سـەر لقـی هـەردوو لقـی ناوچـەی جەبـاری بـوون، ئـەم دووانـەی دوایـی هەردووکیـان لـە ژێـرەوە پەیوەندییـان بـە مەکتـەبی سیاسـییەوە هەبـوو. کاتێـک ئێمـە چووینـە ئـەوێ و لـە کۆنفڕانـس بـە لێپـرسراوی هێـزی پارتیـزانی ناوچـەی گەرمیـان و کەرکـووک دەستنیشـان کرابوویـن، شـەهید عومـەر شـەریف کـە لێپـرسراوی

لقی ٣ی پارتیمان بوو، هاتە لامان تا بەخێرهاتنمان لێ بکات. ئەو چەند پێشمەرگەیەکی باوەڕ پێکراوی دیاریکرد تا بیانکەینە پاسەوانی خۆمان، عەزیز شەریف کەرکووکی[1] کردە لێپرسراوی پێشمەرگە و پاسەوانەکانی ئێمە.

## بەستنی کۆنگرەی ٦ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری قەڵادزێ

کۆنگرەی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٦٤ لە شاری قەڵادزێ بەسترا. بەر لەوەی کۆنگرەکە دەسپێبکات چەند نوێنەرێکیان ناردە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە ماوەت، تا داوا لە ئەوانیش بکرێ بەشداری لە کۆنگرە بکەن، بەڵام لەوێ هەموویان لەسەر قسەی ئیبراهیم ئەحمەد ڕەتیدەکەنەوە بەشداری لە کۆنگرەدا بکەن. ئاگاداری من و سیامەندیش کرایەوە کە بچین بەشداری لە کۆنگرەدا بکەین، بەڵام بارودۆخی ناوچەی ئێمە بەهۆی ئەو ئاژاوەیەی مەکتەبی سیاسی دروستیان کردبوو، بەتایبەتی لە هەردوو ناوچەی سلێمانی و کەرکووک باش نەبوو. من بە سیامەند عەزیز مێرگەسۆریم گوت، تۆ بڕۆ و بەشداربە لە کۆنگرە، بەڵام من لەبەر بارودۆخ لێرە دەمێنمەوە و سەرکردایەتی پارتیمانمان لەوە ئاگادارکردەوە. سیامەند عەزیز چوو و بەشداری لە کۆنگرەدا کرد.

کۆنگرە بەسترا و ئەم هەڤاڵانە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردران: (حەبیب محەمەد کەریم فەیلی، دکتۆر مەحموود عوسمان، ساڵح یوسفی، عەزیز ئاکرەیی، دکتۆر فوئاد جەلال، یەدوڵا کەریم فەیلی، ڕەمەزان ئاکرەیی، عەلی شنگاری، عەبدولحسێن فەیلی،

---

(١)عەزیز شەریف ئەو کەسە بوو کە جەلال تاڵەبانی چەکی کردبوو و بەندی کردبوو، هەر لەبەرئەوەی گوتبووی مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی ئێمە و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

ئیسماعیل عارف، هاشم ئاکرەیی، ئیسماعیل مەلا عەزیز، شێخ محەمەد هەرسنی، مستەفا قەرەداغی، حەمەد ئەمین عەلی بەگ، عومەر شەریف)، هەروەها لە کۆنگرەدا دووبارە سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرایەوە.

کاتێک ئیش و کارەکانی کۆنگرە تەواوبوون، سەرکردایەتی نوێی پارتیمان داوای لە مەکتەبی سیاسی پێشوو کرد ئەو چەک و کەلوپەلانە ڕادەست بکەنەوە کە هی شۆڕش بوون و لە لای ئەوان بوون، بەڵام ئەوان ڕەتیانکردەوە و دەستیان بە یاخبوونی چەکداری کرد لە دژی سەرکردایەتی نوێی پارتی و خۆیان ئامادەکرد بۆ شەڕکردن لەگەڵ سەرکردایەتی نوێ. سەرکردایەتی نوێی پارتی هێرشیان کردە سەر باڵی مەکتەبی سیاسی پێشوو و ناچاریان کرد بەرەو ئێران ڕابکەن و بچنە لای حکومەتی شای ئێران. ئەندامانی پێشووی مەکتەبی سیاسی لە ناوچەی هەمەدان دانران و ئیبراهیم ئەحمەد و خانەوادەکەشی لە تاران نیشتەجێبوون. ئینجا چەکدارەکانیان جارجار بە هاوکاری سوپای شای ئێران دەهاتنەوە ناو خاکی باشووری کوردستان و هێرشیان دەکردە سەر پێشمەرگە و دواتر دەگەڕانەوە. سەرۆک بارزانی پەیامێکی زۆر توند و هەڕەشە ئامێزی بۆ حەمە ڕەزا شای ئێران نارد و پێی گوت، ئەگەر ئەمجارە لەناو خاکی ڕۆژهەڵاتەوە هێرش بکرێتە سەرمان، ئەوا بەدوایاندا دێین و لەوێ شەڕ دێنینە ئارا. حکومەتی ئێران بۆئەوەی جارێکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەڕ دەستپێنەکاتەوە، چیدیکە ڕێگەیان نەدا ئەوان هێرش بکەنە سەر پێشمەرگە.

ئیبراهیم ئەحمەد کە ساڵێک پێشتر پەیوەندی بە حکومەتی ئێران کردبوو و لەگەڵ دەزگای ساڤاکی ئێران و نوێنەرەکەیان کە ئەفسەرێکی سەر بە ساڤاک بوو و ناوی (عیسا پژمان) ڕێککەوتبوون کە ئەو ڕێککەوتنە تێکبدەن کە لەنێوان حکومەتی عێراق و شۆڕشی کورد کراوە و لەبەرانبەردا ئێرانییەکان

بەڵێنیان بە ئیبراهیم ئەحمەد دابوو هاوکاری بن لە دوورخستنەوەی مەلا مستەفا بارزانی لە سەرکردایەتی و سەرۆکایەتی کردنی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی کورد، چونکە حەمەڕەزا شا و حکومەتی ئێران سەرۆک بارزانیان بە دوژمنی خۆیان دادەنا، بەهۆی ئەو پشتەوانییەی سەرۆک بارزانی و بارزانییەکان لە کۆماری کوردستانیان کرد لە مهاباد. هەروەها ڕێکیش کەوتبوون کە ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بگرن و ڕادەستی حکومەتی ئێرانیان بکەن.

## گەڕانەوەم بۆ ناوچەی کفری

دوای ئەوەی وەک لێپرسراوی هێزی پارتیزانی نێردرامە ناوچەی گەرمیان و کەرکووک، برووسکەیەکی مەکتەبی سیاسیم پێگەیشت کە بچمە بارەگای لقی ناوچەی کفری و کەلار، چونکە لەنێوان خوسرەو جاف و عەلی حاجی مشیر ببووە شەڕ و لقەکەیان کردبوو بە دوو بەش، بەشێکیان پشتگیرییان لە خوسرەو جاف دەکرد و بەشەکەی دیکەیان لاگیری عەلی حاجی مشیر بوون. مەکتەبی سیاسی فەرمانی کردبوو کە ٢ پەلی پێشمەرگە لەگەڵ خۆم ببەم و بچمە لقی ناوچەی کفری. من چوومە گوندی هۆمەربلی نزیک شاری کفری کە بارەگای لق لەوێ بوو، بەڵام خوسرەو جاف هەر بیستبووی کە من دەچمە ئەوێ، دەمودەست ئەوێی بەجێهێشتبوو و چووبووەوە ماڵی خۆی لە بەغدا. عەلی حاجی مشیر لەبارەگای لق بوو لە گوندی هۆمەربل و من هەموو پێشمەرگەکانم کۆکردەوە و ئامۆژگاریم کردن کە بەیەکەوە بن و دووبەرەکی دروست نەکەن. من عەریف کازمم کردە سەرلق و عەلی حاجی مشیرم گواستەوە بۆ لقی ناوچەی دوزخورماتوو. دواتر من چوومە بارەکای هێز بۆ یارمەتیدانی عەقید شێخ ساڵح کە فەرماندەی هێزی قەرەداغ بوو و بۆ ماوەی سێ مانگ لەوێ بووم.

**لە ناوچەی  بازیان بووم بە سەرلق**

بـە فەرمـانی سـەرکردایەتی شـۆڕش لـە ڕێکەوتـی ١٩٦٤/٩/٢٢ چوومـە ناوچـەی بازیـان لـە پارێـزگای سـلێمانی و بـووم بـە سـەرلقی ئـەو ناوچەیـە. بـارەگای لقەکـە لـە گونـدی داریکـەلی بـوو و لقـی ناوچـەی بازیـان سـەر بـە هێـزی قـەرەداغ بـوو. چـووم بـۆ گونـدی داریکـەلی و غەفـور مەنمـی لـەوێ بـوو کـە یاریـدەدەری ئـەو بەرپرسـەی لـق بـوو کـە جـەلال تاڵەبـانی کوشـتبوو. غەفـور مەنمـی پیاوێکـی عەشـایری نیشـتیمانپەروەر بـوو، خوێنـدەواری نەبـوو، بـەڵام زۆر دڵسـۆزی سـەرۆک بـارزانی بـوو. ئەمانـەش سـەرپەلی پێشـمەرگە بـوون: سـاڵح ڕەش مەنمـی، ئەحمـەد خەڵـەف، حەمەدئەمیـن مەنمـی. هەموویـان بـە گەرمـی پێشـوازییان لـە مـن کـرد. مـن کۆبوونەوەیەکـم لەگـەڵ غەفـور مەنمـی و سـەرلقەکان و پێشـمەرگەکانی لقەکـە کـرد و پێـم گوتـن مـن بـە فەرمـانی سـەرکردایەتی شـۆڕش هاتوومەتـە ئێـرە تـا ببـم بـە سـەرلقی ئێـرە، ئەگـەر ئێـوە پێتـان خۆشـە و یارمەتیـم دەدەن، ئـەوا مـن دەبمـە سـەرلق و ئەگـەر یارمەتیشـم نـادەن، ئـەوا دەگەڕێمـەوە بـۆ بـارەگای هێـز و ئـەو شـوێنەی لێـی هاتـووم. هەموویـان گوتیـان ئێمـە خۆشـحاڵین بـە هاتنـت و بـە گوێـرەی توانـای خۆمـان یارمەتیـت دەدەیـن. گوتیـان ئێمـە نـاوی تۆمـان بیسـتووە و دەزانیـن کـە هەڤاڵی بـارزانی بـووی لەوکاتـەی سـەرۆک چـوو بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت و دواتـر گەڕانـەوە نیشـتیمان.

ئێمـە بەیەکـەوە هەوڵمانـدا بەرەکانمـان قایـم بکەین و خۆمـان و ناوچەکەمان بپارێزیـن. لـەو ناوچەیـەی ئێمـەی لێبوویـن، ٢ سـەربازگەی سـوپای عێراقـی لـێ نزیـک بـوون کـە سـەربازگەی دەربەنـدی بازیـان و سـەربازگەی سـلێمانی بـوون، هەروەهـا ڕێـگای گشـتی نێـوان سـلێمانی و کەرکووکیـش بـە ناوچەکـەی ئێمـەدا تێدەپـەڕی. مـن چوومـە لقـی ناوچـەی بازیـان و لـەوێ هاونیشـتیمانییەکی کـوردم نـاردە بەغـدا تـا بـۆ مـاوەی هەفتەیـەک مـاڵ و منداڵـی مـن بێننـە

گونـدی داریکـەلی دواتـر بگەڕێنـەوە بەغـدا. ئـەوکات مـن دوو منداڵـم هەبـوون، کوڕێـک و کچێـک لەگـەڵ زاهیـدا قـازی خێزانـم.

## دامەزراندنی بەتالیۆن و لەشکر

ڕابـەری شـۆڕشی کوردسـتان سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی و سـەرکردایەتی شـۆڕشی ئەیلـوول بڕیاریانـدا لەشـکر و بەتالیـۆن بـۆ هێـزەکانی پێشـمەرگەی کوردسـتان دابمەزرێنـن. هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان دابـەشی سـەر سێ لەشـکر کـرا:

- لەشـکری یەکـەم لـە هێـزەکانی پێشـمەرگەی ناوچـەی بادینـان لـە پارێـزگای موسـڵ دامـەزرا.
- لەشـکری دووەم لـە هێـزەکانی پێشـمەرگەی ناوچـەی باڵەکایـەتی و بێتواتـە و دەشـتی هەریـر و قـەڵادزێ دامـەزرا.
- لەشـکری سـێیەم بـۆ هێـزەکانی پێشـمەرگە لـە هێـزی خەبـات و هێـزی ڕزگاری و هێـزی قـەرەداغ.

هەروەهـا لـە هێـزی قـەرەداغ ٣ بەتالیـۆن دامـەزران. بەتالیـۆنی چـوار لـە ناوچـەی قـەرەداغ دامـەزرا و بەتالیـۆنی پێنـج لـە ناوچـەی چەمچەماڵ و سـەنگاو دامـەزرا و بەتالیـۆنی نـوێ هێـزی قـەرەداغ دامـەزرا بـۆ ناوچـەکانی قادرکـەرەم و دوزخورماتـوو و کفـری و کـەلار تاکـو شـاری دەربەندیخـان. عەقیـد نـوری فەرمانـدەی هێـزی قـەرەداغ بـوو، ئەمانـەش کرانـە فەرمانـدەی بەتالیۆنـەکانی هێـزی قـەرەداغ:

- ملازم تاهیر ڕەئوف بووە فەرماندەی بەتالیۆنی هێزی قەرەداغ.
- ملازم نەوشیروان بە فەرماندەی بەتالیۆنی پێنجی هێزی قەرەداغ.
- عەزیز قازی سورچی بە فەرماندەی بەتالیۆنی نوێ قەرەداغ دانرا.

هـەر بەتالیۆنێـک چـوار لقـی پێشـمەرگەی هەبـوو، ٣ لقـی بـۆ بـەرەکانی

شـەڕ و لقێکیـشی بـۆ بـارەگای بەتالیـۆن تـا لـەکاتی پێویسـت و شـەڕدا بچـن هـاوکاری لقـەکان بکـەن.

**ناوچەکانی بەتالیۆنی هێزی قەرەداغ بەمجۆرەی خوارەوە بوو**

- ناوچـەی بەتالیـۆنی چـواری هێـزی قـەرەداغ: ناوچـەکانی بازیـان و قـەرەداغ و شـارەزوور، واتـە لـە ڕێـگای نێـوان سـلێمانی بـۆ دەربەندیخـان و بـۆ چیـای قـەرەداغ تـا دەگەڕێتـەوە دەربەنـدی بازیـان و لـە ڕێـگای گشـتییەوە بـۆ سـلێمانی.
- ناوچـەی بەتالیـۆنی هێـزی قـەرەداغ: لـە دەربەنـدی بازیانـەوە بـۆ چەمچەماڵ و بـۆ کەرکـووک و پـردێ و بـۆ ڕووبـاری ڕووخانـە و بـۆ سـەنگاو تاکـو گونـدی ڕەبـات و چیـای قـەرەداغ، ئـەم هەمـوو ناوچانـە سـەر بـە بەتالیـۆنی پێنجـی هێـزی قـەرەداغ بـوون.
- ناوچـەی بەتالیـۆنی نـۆی هێـزی قـەرەداغ لـە ڕووبـاری ڕووخانـە (قادرکـەرەم بـۆ سـەر ڕێـگای گشـتی نێـوان کەرکـووک و بەغـدا بـۆ چیـای حەمریـن و جەلـەولا بـۆ ڕووبـاری سـیروان و بـۆ شـاری دەربەندیخـان و چیـای قـەرەداغ تاکـو گونـدی ڕەبـات)، واتـە ناوچـەی قادرکـەرەم و دوزخورماتـوو و کفـری و دەربەندیخـان هەمـووی سـەر بـە بەتالیـۆنی٩ی هێـزی قـەرەداغ بـوو کـە مـن عەزیـز قـازی فەرمانـدەی بەتالیـۆن بـووم و عـەلی حاجـی مشـیریش یاریـدەدەری مـن بـوو لـە بەتالیـۆنی ٩ی هێـزی قـەرەداغ.

بـارەگای بەتالیـۆنی ٩مـان لەنێـوان گونـدی ڕەبـات و گونـدی چرچەقـەڵای دانـا لـە دۆڵێـک لـە خـوارەوەی چیـای قـەرەداغ بـە دیـوی گەرمیانـەوە. بەتالیـۆنی ٩ی ناوچـەی قـەرەداغ ٤ لقـی پێشـمەرگەی هەبـوون: لقـی ناوچـەی دوزخورماتـوو گونـدی ڕەبـات و شـارۆچکەی قادرکـەرەم کەوتبـووە سـنووری لقـی سـێی ناوچـەی دوزخورماتـوو. لقی چـواری کفـری و کـەلار و بەکربایـف و دەربەندیخـانی دەگرتـەوە و لقێکیـش لـە بـارەگای بەتالیـۆن بـوو.

## پیلانگێڕییەک بۆ کوشتنم

تاخمەکەی مەکتەبی سیاسی پێشوو، لە ناوچەی هەمەدانەوە نامەیەکیان بۆ سێ سەرپەلی پێشمەرگەی لقی ناوچەی کفری و کەلار نووسیبوو بۆئەوەی هەوڵبدەن هەرچۆنێکی هەبێ من بکوژن. لە نامەکەیاندا کە بۆ ئەو سێ سەرپەلەیان نووسیبوو دەڵێن ئەگەر ئێوە لەگەڵ ئێمەن و سەر بە ئێمەن دەبێ عەزیز قازی بکوژن و دەڵێن عەزیز قازی بە فرت و فێڵ و قسە خۆشەکانی خۆی خەڵکی ناوچەکە و برا پێشمەرگەکانی ئێمە هەڵدەخەڵەتێنێ و دەیانگەڕێنێتەوە لای سەرکردایەتی نوێی شۆڕش. نامەکە ملازم کەریم بۆ سەرپەلەکانی هێنابوو. ملازم کەریم لەگەڵ چەکدارەکانی تاخمەکەی مەکتەبی سیاسی چووبووە ئێران و دواتر پەشیمانبووەوە و هاتەوە ناو شۆڕش و لای ئێمە لە بەتالیۆنی ٩ی هێزی قەرەداغ بوو. کاتێک نامەکەیان خوێندبووەوە هەرسێ سەرپەلەکە هاتنە لام و گوتیان هەڤاڵ عەزیز قازی ئەوە داری تۆ و پشتی ئێمە. ئێمە هەرسێکمان لە لایەن تاخمەکەی مەکتەبی سیاسی پێشووەوە داوامان لێکراوە تۆ بکوژین، ئێمە هەرسێکمان پێشتر و ژێربەژێر پەیوەندیمان لەگەڵ تاخمەکەی مەکتەبی سیاسی پێشوو هەبوو، وامانزانی مەلا مستەفای بارزانی هۆکاری ئەو ئاژاوەیەیە کە کەوتووەتە ناو ڕیزەکانی شۆڕش و گەلی کوردمان، بەڵام ئێستا لەوە تێگەیشتووین کە تاخمەکەی مەکتەبی سیاسی پێشوو بەقسەی دوژمنانی گەلی کورد دەجوڵێنەوە و خیانەتیان لە سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی کردووە و ئەوان خۆفرۆشن. گوتیان ئێمە دەزانین تۆ کەسێکی نیشتیمانپەروەر و دڵسۆزی و هەر لەبەر ئەمەشە ئەوان داوای کوشتنی تۆیان لە ئێمە کردووە.

من هەستامەوە و چاوی هەرسێکیانم ماچ کرد و پێم گوتن ئێوە برای منن و پێشمەرگەی ڕاستەقینەی کوردستانن. ئەوان ماوەی سێ ڕۆژ لە بارەگای بەتالیۆن لە لای من مانەوە، دواتر هەرسێکیان بە سەرپەلی

پێشمەرگەی ناوچەی کفری و کەلار گەڕانەوە شوێنی خۆیان. ئەوان گوتیان ملازم کەریم زەنگەنە ئەو نامەیەی لە ئێرانەوە بۆ ئێمە هێناوە.

## بانگکردنی ملازم کەریم

کاتێک هەرسێ سەرپەلەکانم ناردنەوە جێگای خۆیان، هەواڵم نارد تا ملازم کەریم زەنگەنە بێتە لام. ملازم کەریم کە لە ئێران هاتەوە و وازی لە تاخمی مەکتەبی سیاسی پێشوو هێنا، هاتە لای من و ناردمە ناوچەی دوزخورماتوو و کردم بە سەرپەلی ناوچەی زەنگەنە. من لە ملازم کەریمم پرسی ئێوە نامەتان بۆ سەرپەلەکانی ناوچەی کفری هێنابوو، ئەویش گوتی بەڵێ بۆ هیچ بووە؟ من گوتم لەنامەکەدا داوا لە سەرپەلەکان کراوە هەرچۆنێک بێ من بکوژن. ملازم کەریم زۆر داوای لێبوردنی کرد و گوتی من نەمزانیوە شتی وا لەناو نامەکەدا هەبووە. من لێم پرسی کێ نامەکەی دا بەتۆ، ئەویش گوتی پێشمەرگەیەک هات و بە منی گوت ئەو نامەیەم بۆ ببە و بیگەیەنە دەست حسێن حاجی محیەدین کەلاری و منیش نامەکەم هێنا، بەڵام باوەڕ بکە من نەمزانی ئەو نامەیە هی تاخمی مەکتەبی سیاسییە و داوای کوشتنی تۆشیان کردووە. ئینجا من بە ملازم کەریمم باوەڕکرد و زانیم کە ئەو هیچ تاوانێکی نییە و ناردمەوە شوێنی خۆی لە دوزخورماتوو.

## دەستپێکردنەوەی شەڕ لەنێوان شۆڕش و حکومەتی عەبدولسەلام عارف

حکومەتی عەبدولسەلام عارف نەیتوانی هیچ کێشەیەکی ڕاستەقینەی گەلی کورد و گەلانی عێراق چارەسەر بکات. عەبدولسەلام عارف لەباتی ئەوەی ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکات کە لەگەڵ شۆڕشی کورد واژوویان کردبوو، دەیگوت ڕەچەڵەکی کوردان عەرەبە و چوونەتە چیاکان و زمانی خۆیان لەبیرکردووە و ئێستا دەڵێن ئێمە نەتەوەیەکی جیاوازین.

لـە مانگـی نیسـانی ١٩٦٥ دا شـەڕێکی خوێنـاوی لـە سەرانسـەری ناوچـەکانی کوردسـتان دەسـتیانپێکردەوە و حکومـەتی عێـراق ئومێـدی زۆری بـەو ئـاژاوە و دووبەرەکییـە هەبـوو کـە تاخمـی مەکتـەبی سیاسی دروسـتیان کردبـوو و هەردوو حکومـەتی میـسر و سـوریاش هـاوکاری زۆری حکومـەتی عێراقیـان دەکـرد بـۆ دامرکاندنـەوەی شـۆڕشی کـورد. هەروەهـا ئـەو پێشـمەرگانەی سـەر بـە بـەوان بـوون و ڕیـزەکانی شۆڕشـیان بەجێنەهێشـتبوو زۆرجـار فیشـەکەکانیان ڕوو لـە ئاسـمان دەتەقانـد، دواتـر سـەنگەرەکانیان بـۆ دوژمـن چۆڵدەکـرد و دەیانگـوت فیشـەکمان پـێ نەمـا.

هێزێکـی پێشـمەرگە لەسـەر ڕێـگای گشـتی نێـوان سـلێمانی و چەمچەمـاڵ لـە ناوچـەی  بازیـان ڕێگایـان لـە هێزێکـی سـوپای عێـراق گرتبـوو کـە لـە کەرکووکـەوە بـەرەو سـلێمانی دەچـوو. شـەڕێکی سـەخت دەسـتیپێکرد و منیـش لەگـەڵ هێزێـک چـووم بـۆ یارمەتیدانیـان. لـەم شـەڕەدا سـەرپەلێکی پێشـمەرگەی هێـزی ڕزگاری شـەهید بـوو، مـن توانیـم تەرمەکـەی ڕزگار بکـەم و بـردم بـۆ گونـدی ڕەحیـم دوینـە لـە ناوچـەی  بازیـان و لـە گۆڕسـتانی ئـەوێ بەخاکـمان سـپارد. لـەو شـەڕەدا چەنـد پێشـمەرگەیەکیش برینداربـوون، بـەڵام سـوپای عێـراق کوشـتارێکی زۆریـان لێکـرا.

## شـەڕی هـەردوو گونـدی باوەخۆشـین و گـوڵان لـە نزیـک شـاری دەربەندیخـان

هێزێکـی زۆری سـوپای عێـراق لـە دوو بـەرەوە هێـرش دەکاتـە سـەر شـاری قـەرەداغ کـە ناوچـەی بەتالیـۆنی چـواری هێـزی قـەرەداغ بـوو. هێزێکـی سـوپای عێـراق لـە سـلێمانییەوە هێـرش بـەرەو شـاخی گڵـەزەردە و قـەرەداغ دێنـێ و هێزێکـی دیکـەشی لـە دەربەندیخانـەوە بـەرەو قـەرەداغ دێ. مـلازم تاهیـر شـێخ ڕەئـوف فەرمانـدەی بەتالیـۆنی چـواری قـەرەداغ برووسـکەیەکی بـۆ مـن کـرد

و داوای ناردنی هێزی کردبوو بۆ یارمەتیدانیان. من خۆم لەگەڵ هێزێک چووم بۆ یارمەتی هێزی چواری قەرەداغ و چووین بۆ گوندی باوەخۆشین و گوندی گوڵان و لەوێ ڕێگامان لە سوپای عێراق گرت و شەڕ دەستپێکرد. سوپای عێراق شکا و گەڕایەوە مۆڵگەی خۆی کە سەربازگەی دەربەندیخان بوو، کوشتارێکی زۆر لە سوپای عێراق کرا و زیانی هێزی پێشمەرگەش بریندار بوونی ٢ پێشمەرگە بوو بە سووکی.

## خیانەتی عەلی حاجی مشیر

عەلی حاجی مشیر[١] لە بەتالیۆنی هێزی قەرەداغ یاریدەدەری من بوو. لەبارەگای بەتالیۆنەوە برووسکەیەکی بۆ من کرد و تێیدا گوتبووی بیستوومە خێڵە کوردەکانی ناوچەی کفری و کەلار نیازیان وایە لە دژی شۆڕش چەک لە حکومەتی عێراق وەربگرن، ئەگەر پێتان خۆشە دەچمە ناویان و پێیان دەڵێم چەک لە دژی شۆڕش لە حکومەتی عێراق وەرنەگرن. منیش وەڵامم دایەوە و پێم گوت قایلم بڕۆ ناویان و ئامۆژگارییان بکە کە کاری وا لە دژی شۆڕش نەکەن. ئەوکات من لەبەرەی شەڕی دەربەندیخان بووم و چووبوومە یارمەتی بەتالیۆنی چواری قەرەداغ.

عەلی حاجی مشیر خۆی چووبوو خۆی ڕادەستی حکومەتی عێراق کردبوو و ئەو پارەیەی بۆ کڕینی ئازوقە بۆمان هاتبوو هەمووی بردبوو و خیانەتی لە ئێمە کرد و بوو بە جاشی حکومەتی عێراق.

## شەڕی بەناوبانگی بنارگل لەنێوان شاری دوزخورماتوو و قادرکەرەم

من هێشتا لە بەرەی شەڕی ناوچەی دەربەندیخان بووم، ئاگادارکرامەوە کە کاروانێکی سوپای عێراقی لە قادرکەرەمەوە بەرەو کەرکووک و بەغدا

(١)عەلی حاجی مشیر، یاریدەدەری بەتالیۆنی هێزی قەرەداغ و خەڵکی ناوچەکە بوو، زاوای ڕۆستەم ئەحمەد جاف بوو، لە تایفەی ڕوخزاییەکانی خێڵی جاف.

دەچێ. دەستبەجێ لە ناوچەی دەربەندیخانەوە چوومە بارەگای لقی پێشمەرگەی ناوچەی دوزخورماتوو کە لە بنارگل بوو. لە ڕێکەوتی ١٩٦٥/٥/٢٤ سەنگەرمان لە دۆڵەکانی ناوچەی بنارگل لەسەر ڕێگای دوژمن دامەزراند. کاروانەکە لە قادرکەرەمەوە هات و گەیشتە لامان، هێزی ئێمە لە هەموو لایێکەوە هێرشیان کرد و شەڕ ماوەی ٥ کاتژمێر بەردەوامبوو. سوپای عێراق چەند تانکێکیان لەگەڵ بوو و هێزێکیش لە دوزخورماتووەوە هات بۆ یارمەتیدانیان، هەروەها ئێمەش فیشەکمان لێ بڕا و کشاینەوە و کاروانەکەی سوپای عێراق تێپەڕی، بەڵام کوشتارێکی زۆرمان لێیان کرد. زیانی ئێمە لەم شەڕەدا یەک شەهید و دوو برینداربوون، زیانی سوپای عێراقیش کە دواتر زانیمان ٢٠ کوژراو و چەندین بریندار بوو.

**سەردانم بۆ لای ملازم نەوشێروان و ملازم تاهیر شێخ ڕەئوف**

ملازم نەوشیروان فەرماندەی بەتالیۆنی ٥ی هێزی قەرەداغ بوو، ملازم تاهیر شێخ ڕەئوفیش فەرماندەی بەتالیۆنی ٤ی هێزی قەرەداغ بوو، منیش فەرماندەی بەتالیۆنی ٩ی هێزی قەرەداغ بووم. ملازم تاهیر و ملازم نەوشیروان برووسکەیەکیان بۆ من کرد کە لەسەر چیای قەرەداغ سەردانیان بکەم و بیانبینم تا ڕێکارێک بدۆزینەوە تا لەکاتی پێویست بە هانای یەکدییەوە بچین. من بەرەو چیای قەرەداغ ڕۆیشتم، گەیشتمە نزیک گوندی ڕەبات بینیم هێزێکی پێشمەرگە لە خوارەوەی گوندی ڕەبات بەرەو ناوچەی ڕووباری سیروان کە بەتالیۆنی ئێمەی لێ بوو دەڕۆیشت. من خۆم گەیاندە گوندی ڕەبات و بانگی کوێخای گوندەکەم کرد و پێم گوت نازانی ئەو هێزەی بۆ ناوچەی بەتالیۆنی ٩ی هێزی قەرەداغ ڕۆیشت کێ بوون. کوێخای گوندی ڕەبات بە منی گوت ئەوە ملازم نەوشیروان بوو لەگەڵ هێزی بەتالیۆنی بارەگای خۆی چوون بەرەو ڕووباری سیروان و لەوێوە لە

ڕووبارەکـە دەپەڕنـەوە دەچنـە چیـای بەمـۆ و زمناکـۆ بـۆ نـاو هێـزی خەبـات. مـن لێـم پـرسی بۆچـی دەچنـە چیـای بەمـۆ و زمناکـۆ؟ گوتـی سـوپای عێراقـی ناوچـەی بەتالیـۆنی ٤ی هێـزی قەرەداغیـان گـرت و مـلازم تاهیـر شـێخ ڕەئـوف لەگـەڵ هێزەکـەی ناوچـەی خۆیـان بەجێهێشـت و چوونـە ناوچـەی بەرزنجـە بـۆ نـاو هێـزی خەبـات. ئـەو کات بەتالیـۆنی ٩ی هێـزی قـەرەداغ بـەردەوام بـوو لـە شـەڕ لەگـەڵ سـوپای عێـراق لـە هـەردوو ناوچـەی دوزخورماتـوو و کفـری. مـن هـەر لـە گونـدی ڕەبـات کاغەزێکـم بـۆ مـلازم نەوشـیروان نـووسی:

**بۆ برای بەڕێز کاک ملازم نەوشیروان**

لـە دوای ڕێـز و سـڵاو، هیـوام باشـیتانە و سـڵاو و ڕێـزم هەیـە بـۆ بـرا پێشـمەرگەکان. تکایـە بـە بەدەسـت گەیشـتنی نامەکـەم دەمودەسـت بگەڕێنەوە بـارەگای بەتالیـۆنی خۆمـان. ئێـوە ناتوانـن بگەنـە چیـای بەمـۆ و زمناکـۆ، چونکـە جـاش و سـوپای عێـراق لەسـەر ڕێگاتانـن، بۆیـە تکایـە مەچـوون و بگەڕێنـەوە.

دواتـر مـن چوومـەوە بـارەگای بەتالیـۆنی خۆمـان و لـەوێ دەسـتبەجێ ئـەم برووسـکەیەم بـۆ عەزیـز ئاکرەیـی نـارد کـە سـەرۆکی لەشـکری ٣ی شـۆڕش بـوو:

بـۆ عەزیـز ئاکرەیـی، بـارەگای سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی، مەکتـەبی تەنفیـزی شـۆڕش

**لە عەزیز قازییەوە، فەرماندەی بەتالیۆنی ٩ی هێزی قەرەداغ**

بـۆ ئاگاداریتـان هێـزی پێشـمەرگەی بەتالیـۆنی ٤ و هێـزی بەتالیـۆنی ٥ ناوچەی خۆیـان بەجێهێشـت، ڕەنگـە سـوپای عێـراق لـە هەمـوو لایێکـەوە هێـرش بکاتـە سـەر ناوچـەکانی ئێمـە و ئابلۆقەمـان بـدەن. جـا تکایـە هێـز و فیشـەکمان بـۆ بنێـرن و هێـزی ئێمـە بـەرەی خۆمـان قایـم کـردووە و بەردەوامـن لـە شـەڕکردن.

عەزیـز ئاکرەیـی سەرلەشـکری ٣ی شـۆڕش وەڵامـی برووسـکەی منـی

بەمشێوەیە دایەوە: ئێوەش هێزی خۆتان ئامادەبکەن و لە ڕووباری سیروان بپەڕنەوە و بڕۆنە چیای بەمۆ و زمناکۆ بۆ ناوچەی هێزی خەبات.

## گەڕانەوەی ملازم نەوشیروان و هێزەکەی

کاتێک ملازم نەوشیروان گەڕایەوە بارەگای بەتالیۆنی خۆمان، ئەوجا من برووسکەیەکم بۆ عەزیز ئاکرەیی نارد و بۆم نووسی: ملازم نەوشیروان لای ئێمەیە و ئێمە نیازمان وایە لە ڕێگای دەشتی شارەزوورەوە بکشێینەوە و دواتر دەچینە دەشتی بەرزنجە بۆ ناوچەی هێزی خەبات بۆ ئاگاداریتان.

## کشانەوەمان بۆ ناوچەی بەرزنجە

ملازم نەوشیروان گەڕایەوە بەتالیۆنی خۆمان، ئینجا هەرسێ لقەکانی خۆمانم ئاگادار کردەوە کە بکشێنەوە بارەگای بەتالیۆن، بۆئەوەی بەیەکەوە لەسەر قسەی عەزیز ئاکرەیی بکشێینەوە دوا بۆ ناوچەی بەرزنجە. ئێمە فیشەک و تەقەمەنیمان نەمابوو کە شەڕی دوژمنی پێ بکەین. هەموو لقەکان گەیشتنە بارەگای بەتالیۆن. خۆمان ئامادەکرد تا لەشەوەی ٣٠/٢٩-٥-١٩٦٥ بچینە ناوچەی بەرزنجە و بەبێ شەڕ لە ڕێکەوتی ١٩٦٥/٥/٣١ گەیشتینە ناوچەی بەرزنجە و بۆ بەیانی ڕێکەوتی ١٩٦٥/٥/٣١ برووسکەیەکم بۆ عەزیز ئاکرەیی کرد و بۆم نووسی: ئێمە گەیشتینە بەرزنجە و هێزی بەتالیۆنی ٤ی قەرەداغ لەوێ بوو. ئینجا عەزیز ئاکرەیی سەرلەشکری ٣ی شۆڕش لە پێنجوێنەوە دێتە بەرزنجە.

## هێرشکردن بۆ دووبارە گرتنەوەی ناوچەی قەرەداغ

عەزیز ئاکرەیی هاتە لامان و فیشەک و تەقەمەنی بۆ هێنابووین. ئینجا دووبارە بڕیارماندا هێرش بکەین بۆ گرتنەوەی ناوچەکانی خۆمان و

هێزەکانمان بەمشێوەیە دابەشکرد، بەتالیۆنی ٤ و ٩ لە بەرزنجەوە بۆ گرتنی شاخی گڵەزەردە و قەرەداغ. هێزێکی دەشتی هەولێر و هێزێکی ڕزگاری لە ناوچەی بازیان و ناوچەی چەمچەماڵ هێرش بکەن بەرەو قەرەداغ و سەنگاو. هەروەها عەزیز ئاکرەییش لەگەڵمان بێت بۆ گرتنەوەی ناوچەی هێزی قەرەداغ. هەمان شەو هێزێکی دەشتی هەولێر و هێزی ڕزگاری لەگەڵ هێزەکەی بەتالیۆنی ٥ هێرشیانکرد بۆ ناوچەی بازیان سەنگاو.

## گواستنەوەی عەزیز ئاکرەیی بۆ بارەگای مەکتەبی تەنفیزی بۆ ناوچەی گەڵاڵە

ئێمە هێرشمانکردەوە بۆ گرتنەوەی ناوچەی قەرەداغ و گەیشتینە شاخی گڵەزەردە، لەوێ عەزیز ئاکرەیی برووسکەیەکی بۆ مەکتەبی تەنفیزی شۆڕش نارد، بەڵام نەینووسیبوو مەکتەبی تەنفیزی و نووسیبووی (مەکتەبی ڕوزمەن)، بۆیە مەکتەبی تەنفیزی و مەکتەبی سیاسی پارتیمان برووسکە بۆ عەزیز ئاکرەیی[1] دەنێرن و پێی دەڵێن واز لە سەرلەشکری ٣ی شۆڕش بێنێ و بەبێ دوا کەوتن بچێتەوە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی، چونکە لەباتی بنووسێ مەکتەبی تەنفیزی نووسیبووی مەکتەبی (ڕوزمەن).

عەزیز ئاکرەیی بە منی گوت وەرە بۆم واژوو بکە کە تۆ سەرکردایەتیکردنی

(١)عەزیز ئاکرەیی خەڵکی ئاکرێ بوو. ئەفسەری سوپای عێراقی بوو. لە شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ بە فەرمانی پارتی دیموکراتی کوردستان واز لە ئەفسەریی دێنێ لە سوپای عێراق و پەیوەندی بە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولەوە دەکات. عەزیز ئاکرەیی کوردێکی دڵسۆزبوو بۆ گەل و نیشتیمانەکەی. چەندین پلەی بەرزی لە شۆڕشی ئەیلوول وەرگرت. لەساڵی ١٩٧٠ و لەکاتی ڕێککەوتنی ئاداری ئەو ساڵە عەزیز ئاکرەیی کرا بە لێپرسراوی لقی کەرکووکی پارتیمان، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٣ عەزیز ئاکرەیی چووە بەغدا و لەوێ حکومەتی بەعس کردیان بە وەزیر. دوای ئەوەی لە ١٩٧٦/٥/٢٦ شۆڕش دەستپێکردەوە، عەزیز ئاکرەیی وازی لە وەزیری هێنا و هاتە دەرەوە، بەڵام حزبێکی دامەزراند.

ئـەم بەرەیــەی شــەڕ وەردەگـری، منیــش پێــم گــوت مــن بەقســەی ئێــوە ســەرکردایەتی کـردنی بـەرەی شـەڕ وەرناگـرم، چونکـە ئێـوە سەرلەشـکری ٣ی شـۆڕش نیـن. مـن خـۆم سـەرکردایەتی بەتالیـۆنی خـۆم دەکـەم کـە بەتالیـۆنی ٩ی هێـزی قەرەداغـە. عەزیـز ئاکرەیـی بـە منـی گـوت کاک عەزیـز کەمێـک پـارەم پـێ بـدە بـۆ تێچـووی ڕێـگا تـا دەگەمـە مەکتـەبی تەنفیـزی لـە گونـدی گەڵاڵـە لـە ناوچـەی  باڵـەک. مـن ٥ دینـارم پێـدا لـە پـارەی ئازووقـە کڕینـی خۆمـان. عەزیـز ئاکرەیـی پیاوێکـی زۆر دڵسـۆزبوو بـۆ گـەل و نیشـتیمانەکەی، بـەڵام زۆر دەمارگیـر و تـوڕە بـوو.

## هێرشـێکمان بـۆ سـەر سـەنگەرێکی سـوپای عێـراق لەسـەر شـاخی گڵــەزەردە

دوای ئــەوەی عەزیــز ئاکرەیــی گەڕایــەوە بــارەگای مەکتــەبی تەنفیــزی و بـارەگای مەکتـەبی سیاسـیمان، برووسـکەمان بـۆ هـات کـە عەقیـد نـوری بووەتـە فەرمانــدەی هێــزی قــەرەداغ. عەقیــد نــوری لــە ڕێکەوتــی ١٩٦٥/٧/٢٠ لــە شـاخی گڵـەزەردە گەیشـتە لامـان بـوو بـە فەرمانـدەی هێـز. لـەوێ مـن بـە گەرمـی پێشـوازیم لێکـرد و بەخێـرم هێنـا. ئێمـە لـە گونـدی (نەوتـێ) بوویـن لەنـاو قـەدی شـاخی گڵـەزەردە. شـاخی گڵـەزەردە کەوتووەتـە نێـوان قـەرەداغ و دەشـتی شـارەزوور. بۆئـەوەی کەمێـک ورەی پێشـمەرگە بەرزبکەمـەوە، بڕیارمـدا هێـرش بکەینـە سـەر سـەنگەرێکی سـوپای عێـراق لەسـەر شـاخی گڵـەزەردە کـە کەوتبـووە سـەر شـاخی گڵـەزەردە لەنێـوان قـەرەداغ و دەشـتی شـارەزوور. ئـەو سـەنگەرە لەسـەر شـاخی گڵـەزەردە بـوو و هەمـوو جووڵەیەکـی پێشـمەرگەی کۆنتـڕۆڵ کردبـوو و هـەر ئێمـە بجووڵاباینـەوە هەواڵیـان بـۆ حکومـەت دەنـارد و فڕۆکـە دەهـات بۆمبـارانی دەکردیـن. هەروەهـا ئـەوکات سـەربازگەیەکی سـوپای عێـراق لـە قـەرەداغ بـوو و سـەنگەرێکی زۆری لەسـەر ڕێـگای گشـتی نێـوان

گڵـەزەردە و قـەرەداغ دانابـوو. ئەگـەر بمانتوانیبـا ئـەو سـەنگەرە بگریـن، ئـەوا سـەربازگەکەی قەرەداغـی سـوپای عێراقـمان ئابڵۆقـە دەدا. عەقیـد نـوری مـەلا مـارف پەسـندی کـرد کـە هێـرش بکەینـە سـەر سـەنگەرەکە.

کۆبوونەوەیەکـم لەگـەڵ بەتالیـۆنی ٩ی قـەرەداغ کـرد و ئەمانـە لـە کۆبوونەوەکـە بەشـداربوون:( عەریـف کازم سـەرلقی ناوچـەی کفـری، کامیـل مـەلا وەیـس سـەرپەلی لقـی ناوچـەی دوزخورماتـوو، حسـێن حاجـی محیەدیـن کـەلاری سـەرپەلی لقـی ناوچـەی کفـری). لـە کۆبوونەوەکـەدا, پێـم گوتـن ئەگـەر ئێـوە پەسـەندی بکـەن، ئـەوا هێـرش دەکەینە سـەر ئەو سـەنگەرەی سـەر شـاخی گڵـەزەردە تـا سـەربازگەی سـوپای عێـراق لـە قـەرەداغ ئابڵۆقـە بدەیـن. ئەوانیـش هەموویـان بۆچوونەکـەی منیـان پەسـندکرد و ڕێککەوتیـن هێـرش بکەینـە سـەر سـەنگەرەکە. پێـم گوتـن هـەر یەکەتـان ٩ تـا ١٠ پێشـمەرگە، ئەوانـەی بڕواتـان پێیـان هەیـە، لەگـەڵ خۆتـان بهێنـن و منیـش پاسـەوانەکانی خـۆم دەهێنـم و لەچـوار قۆڵـەوە هێـرش دەکەینـە سـەر سـەنگەرەکە و چوارقۆڵەکانیشـمان بەمشـێوەیە دابەشـکرد:

١_ لەگـەڵ چەکـدارەکانی خـۆم کـە ٨ پێشـمەرگە بـوون، لـە ڕێـگای گشـتییەوە هێـرش بکەیـن. ئـەو جێگایـەی کـە زۆرتریـن مەتـرسی تێدابـوو بـۆ خۆمـم دانـا.

٢- کامیـل مـەلا وەیـسی لەگـەڵ ٩ پێشـمەرگەی خـۆی لـە لای دەشـتی شـارەزوورەوە هێـرش بـکات.

٣- حسـێن حاجـی محیەدیـن لەگـەڵ ٩ پێشـمەرگەی خـۆی لەسـەر شـاخی گڵـەزەردەوە هێـرش بـکات.

٤- عەریـف کازم لەگـەڵ ٩ پێشـمەرگەی خـۆی لەدیـوی لای قەرەداغـەوە هێـرش بکات.

پێـم گوتـن سـەرەتا لـە لای منـەوە تەقـە دەکەیـن، ئینجـا هەریەکـە و لـە

لای خۆیـەوە هێرش دەکات. هەروەهـا پێـم گوتـن ئەگـەر هـەر پێشـمەرگەیەک شـەهید بـوو، نابـێ لەسـەری کۆببنـەوە و دەسـت بـە گریـان بکـەن، دەبـێ تەنیـا پێشـمەرگەیەک تەرمـی شـەهیدەکە دووربخاتـەوە و ئـەوانی دیکـە لـە هێـرش بـردن بـەردەوام بـن، ئەگـەر پێشـمەرگەیەکیش بریندارببـوو و برینەکـەی قـورس بـوو، بەهەمانشـێوە تەنیـا پێشـمەرگەیەک دەیباتـە دووری شـەڕەکە. هەموویـان بـە بڕیـارەکان ڕازی بـوون.

کاتێـک تاریـک داهـات، چووینـە نزیکـی سـەنگەرەکە و لـەوێ دانیشـتین تـا کاتژمێـر ١٢ی شـەو. کاتژمێـر ١٢ مـن پێـم گوتـن مـن دەچمـە جێـگای خـۆم و دوای مـن کامیـل مـەلا وەیـسی دێ ئەویـش جێـگای خـۆی دەگـرێ و پاشـان حسـێن حاجـی محیەدیـن کـەلاری دوابـەدوای عەریـف کازم بـێ بـۆ گرتنـی جێـگای خـۆی. دووبـارە پێمگوتنـەوە کـە هەمووـمان بەتـەواوی شـوێنی خۆمـان گـرت ئینجـا مـن تەقـە دەکـەم و دواتـر ئێـوە تەقـە بکـەن و هەمووـمان بەیەکـەوە هێـرش دەکەیـن.

مـن دەسـتم بـە ڕۆیشـتن کـرد بـۆ گرتنـی جێـگای خـۆم، لـە پـڕ کامیـل مـەلا وەیـسی بەڕاکـردن گەیشـتە لام و بـە منـی گـوت عەریـف کازم و حسـێن حاجـی محیەدیـن نەهاتـن و گوتیـان ئێمـە لێـرە خۆمـان بـۆ عەزیـز قـازی بەکوشـت نادەیـن و گوتبوویـان ئێـرە ناوچـەی بەتالیـۆنی ٤ی هێـزی قەرەداغـە و بـا ئـەوان لێـرە شـەڕ بکـەن و سـەنگەرەکە بگـرن. مـن گەڕامـەوە کـە چـووم بینیـم هەموویـان خەوتـوون وەک ئـەوەی هاتبنـە سـەیران. مـن بـە عەریـف کازم و حسـێن حاجـی محیەدینـم گـوت بۆچـی نەهاتـن، یـان دەترسـان. ئـەوان وەڵامـی منیـان دایـەوە و گوتیـان پێشـمەرگەکان دەڵێـن ئـەم سـەنگەرە زۆر مەترسـیدارە و کوشـتارمان زۆر دەبێـت و نامانـەوێ خۆمـان بـە کوشـت بدەیـن و ئێـرە ناوچـەی بەتالیـۆنی ٤ی هێـزی قەرەداغـە و بـا ئـەوان خۆیـان بێـن ئـەو سـەنگەرە بگـرن. مـن پێـم گوتـن باشـە ئێـوە بۆچـی پێشـتر بـە منتـان نەگـوت

کە ناتانەوێ شەڕ بکەن، هەمووتان نەتانگوت ئێمە پێشمەرگەی کوردستانین و ئامادەی هەموو جۆرە شەڕێکین بۆ پشتگیری کردن لە گەلی کورد و نیشتیمانی خۆمان. ئێوە دەبووایە پێش ئەوەی خۆمان بۆ شەڕەکە ئامادە بکەین بتانگوتبا ئێمە شەڕ ناکەین و دەترسین. حسێن حاجی محیەدین کەلاری گوتی با دەست بە هێرشەکەمان بکەین. گوتم تازە هێرش ناکەین، چونکە ئێوە جێگەی باوەڕ نین. دواتر گەڕامەوە لای عەقید نوری مەلا مارف و گوتم پرۆسەکە شکستی هێنا و حسێن حاجی محیەدین و عەریف کازم دەڵێن ئێمە خۆمان بۆ عەزیز قازی بەکوشت نادەین، دیارە ئەوان خۆیان بە پێشمەرگەی کوردستان نازانن. بۆ بەیانییەکەی عەریف کازم و حسێن محیەدین هاتنە لام، داوای لێبوردنیان کرد و گوتیان ئێمە ئامادەین هێرش بکەینە سەر سەنگەرێکی دیکەی دوژمن، بەڵام ئەو سەنگەرەی سەر شاخی گڵەزەردە زۆر مەترسیدارە و ئەگەر هێرشمان بکردبا، ئەوا مەترسیمان زۆر دەبوو.

## هێرشێکمان بۆ سەنگەرێکی دوژمن لە نزیک گوندی تیماری ناوچەی قەرەداغ

گوندی تیمار دەکەوێتە نێوان شاخی گڵەزەردە و شاری قەرەداغ لەسەر ڕێگای گشتی. سەنگەرێکی سوپای عێراق لەسەر گردێک بوو لە نزیک گوندی تیمار. عەریف کازم و حسێن حاجی محیەدین خۆیان بڕیاریاندا هێرش بکەینە سەر ئەو سەنگەرەی دوژمن. سەنگەرێکی دیکە لەپشت گوندی باغان بوو، بە عەریف کازم و حسێن حاجی محیەدینم گوت پێم باشە چەند پێشمەرگەیەک بنێرین، بۆئەوەی لەکاتی هێرش بردنمان بۆ سەنگەرەکەی پشتی گوندی تیمار ئەو سەنگەرەی پشت گوندی باغان هێرش نەکەنە سەرمان. بڕیارماندا حسێن حاجی محیەدین و چەند پێشمەرگەیەک

بنێرینە ئەوێ کە هێرش نەکەنە سەریان تا لە دوورەوە تەقەیان لێ بکەن بۆئەوەی ئەوان تەقە لە ئێمە نەکەن، بەڵام ئەمجارە کامیل مەلا وەیسی گوتی من لەگەڵتان نایێم، چونکە دەزانم عەریف کازم و حسێن حاجی محیەدین درۆ دەکەن و دووبارە خیانەت دەکەنەوە.

فەریق پشدەری تازە لە ئێران گەڕابووەوە ناو شۆڕش. ئەو لەگەڵ چەند چەکدارێک بە سەرکردایەتی تاخمی مەکتەبی سیاسی پێشوو چووبووە ئێران و دژایەتی پارتیمان و سەرۆک بارزانی دەکرد. کاتێک عەقید نوری بووە فەرماندەی هێزی ئێمە ڕەفیق پشدەری لەگەڵ خۆی هێنابوو. ڕەفیق پشدەری[(١)] بە منی گوت کاک عەزیز ئەگەر پێتان خۆشبێ منیش لەگەڵتان دێم و منیش پێم گوت باشە، پێمان خۆشە لەگەڵمان بێی. ڕەفیق پشدەری

---

(١)ڕەفیق پشدەری خەڵکی ناوچەی پشدەربوو، لە شاری بەغدا ئیشی حکومەتی دەکرد و بەیەکەوە لە شانەیێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بووین. کاتێک شۆڕشی ئەیلوول هەڵگیرسا، پەیوەندی بە شۆڕشی کوردستانەوە کرد، ئەو هەندێک پارەی حکومەتی دزی بوو. لەساڵی ١٩٦٤ کاتێک سەرکردایەتی شۆڕش لەگەڵ حکومەتی عەبدولسەلام ڕێکەوت و ئاشتی بەرقەرار بوو، ڕەفیق پشدەری چووبوو بۆ کفری تا لەوێوە بچێتە بەغدا سەردانی ماڵی خۆی بکات، بەڵام حکومەتی عێراق لەسەر دزینی پارەکەی پێشوو لە شاری کفری دەیگرن. کەمالی برای لە شاری کەلار هاتە لای من کە من ئەوکات سەرلقی پێشمەرگەی ناوچەی کفری و کەلار بووم و بە منی گوت کاک عەزیز قازی، ڕەفیق پشدەری برام گیراوە و لەوێ بەندیان کردووە، بەڵکو هەوڵێک بدەی ئازادی بکەن. من چوومە کفری و لەوێ چوومە لای قایمقامی شارۆچکەی کفری و پێم گوت ئێستا ئاشتی لەنێوان شۆڕش و حکومەت بەرقەرارە و تەواوی پێشمەرگەی کوردستان لێیانبوراوە، ئێوە ڕەفیق پشدەریتان گرتووە کە ئەمە پێچەوانەی بەیاننامەی حکومەتە. پێم گوت دەبێ هەر ئێستا ئازادی بکەن و من لەگەڵ خۆم دەیبەمەوە. من و قایمقامی کفری بەیەکەوە چووینە لای حاکمی شاری کفری و ڕەفیق پشدەریمان ئازادکرد. لەگەڵ خۆم بردمەوە بارەگای لق و لەوێ کاغەزێکم بۆ نووسی بۆئەوەی تا دەگاتەوە بەغدا کەس ڕێگای لێ نەگرێ. دواتر لەگەڵ تاخمی مەکتەبی سیاسی چوو بۆ ئێران، بەڵام دوای ١٩٦٥ لە ئێرانەوە گەڕایەوە ناو ڕیزەکانی شۆڕش.

خـولی برینپێچـی تەواوکردبـوو و گوتـی دێم ئەگـەر هەربریندارێکتـان هەبـوو بـۆ ئـەوەی دەسـتبەجێ چارەسـەری بکەیـن.

بڕیارمـان بـۆ هێرشـکردنە سـەر سـەنگەرەکەی پشـت گونـدی تیـمار بەمشـێوەیە بـوو. مـن لەگـەڵ چەکـدارەکانی خـۆم لـە خـوارەوە بچمـە نزیـک سـەنگەرەکە، حسـێن حاجـی محیەدیـن بـڕوات و سـەنگەرەکەی لای گونـدی باخـان بخافڵێنـێ، عەریـف کازم و ڕەفیـق پشـدەری لەگـەڵ پێشـمەرگەکان بچـن بـۆ سـەنگەرەکەی لای گونـدی تیـمار. مـن زۆرم نارنجـۆک لەگـەڵ خۆمـان بردبـوو. پێمگوتـن نارنجـۆک فـڕێ دەدەمـە نـاو سـەنگەرەکە، ئەوجا ئێـوە بـە ئارپیجـی لـە سـەنگەرەکە بـدەن. مـن ئارپیجیەکـەم دایـە حەسـەن قەیسـم و لەگـەڵ عەریـف کازم و ڕەفیـق پشـدەریم نـارد. بـە حەسـەن قەیسـمم گـوت کـە مـن نارنجۆکـم فڕێـدا نـاو سـەنگەرەکە ئینجـا تـۆ بـە ئارپیجـی لێـی بـدە و بـەردەوام بـە تـا سـەنگەرەکە دەگریـن.

مـن و چەکدارەکانـم لەخـوارەوە بـۆ سـەنگەرەکە ڕۆیشـتین و عەریـف کازم و ڕەفیـق پشـدەری چـوون بـۆ گرتنـی شـوێنی خۆیـان. بەداخـەوە هێشـتا ئێمـە نەگەیشـتبووینە لای سـەنگەرەکە، لەپـڕ ئـەوان ئارپیجییەکیـان بـەرەو ئاسـمان تەقانـد، بۆئـەوەی سـەنگەرەکەی دوژمـن خـۆی ئامـادە بـکات بـۆ شـەڕ. دوای تەقانـدنی ئارپیجیەکـە لـە هەمـوو سـەنگەرەکانی دوژمـن چەتـری ڕۆشـنایی تەقێـنرا، تـا بزانـن ئـەو تەقەیـە چـی بـوو و سـەرچاوەکەی کوێبـوو. ئێمـە خۆمـان لەپەنـای داروبـەرد شـاردەوە تـا سـەربازەکان ئێمـە نەبینـن. ئێمـە نەمانـزانی عەریـف کازم و پێشـمەرگەکانی چیـان بەسـەرهات و بـۆ کـوێ چـوون. هەروەهـا حسـێن حاجـی محیەدینیـش دیارنەبـوو بچـێ و تەقـە لـە دوژمـن بـکات. کاتێـک تەقـە لـە هەمـوو سـەنگەرەکانی دوژمـن وەسـتا، ئێمـە گەیشـتینە سـەر سـەنگەرەکەی دوژمـن و هەرهەموومـان بەیەکـەوە یەکـەو نارنجۆکـمان فڕێدایـە نـاو سـەنگەری دوژمـن و دوژمنـمان ئابڵۆقـەدا و چـاوەڕوان بوویـن ئەوانـەی

ماون خۆیان ڕادەست بکەن، لەوکاتەدا منیان پێکا و کەوتم. دەستم کردە سینگم خوێن بەدەستمەوە بوو. بە پێشمەرگەکانم گوت من بریندار بووم، بەڵام نازانم برینەکەم چۆنە، ترسام کە نەتوانم بڕۆم و بە پێشمەرگەکانم گوت با بکشێینەوە دواوە و وازمان لە سەنگەرەکە هێناو چووین بۆ گوندی (نەوتێ) لەناو تاقی شاخی گڵەزەردە. بەرلەوەی بگەینە گوندی نەوتێ بینیمان کە جەماعەت هەموویان، عەریف کازم و حسێن حاجی محیەدین لەسەر ڕێگامان خەوتوون و تەنیا یەک پێشمەرگە پاسەوانی لێ دەکردن. من پێم گوتن ئەمجارەش وەکو جاری پێشووتان کرد. من زانیم بۆچی بە ئارپیجی تەقەیان کردووە، تا دوژمن ئاگادار بێتەوە و تەقە لە ئێمە بکەن و من بکوژن. ڕەفیق پشدەری گوتی کاک عەزیز ئەوە ئێوە برینداربوون، چونکە ئەو خوێنەکەی دیت و من پشتی خۆم کردەوە گولەکە لە باخەڵم کەوتە خوارەوە، ئینجا ڕەفیق پشدەری گوتی کاک عەزیز دیارە گولەی دوژمن ئێوە نابڕێ. پێم گوت من وەکو ئێوە نیم و من پێشمەرگەی دڵسۆزی گەلی کورد و کوردستانم و گولەی دوژمن کار لە من ناکات. ئینجا ڕەفیق پشدەری دەرزییەکی ژانی لە من دا.

### لێکەوتەی هێرشمان بۆسەر سەنگەرەکەی سوپای عێراق

کاتێک عەریف کازم سەرلقی ناوچەی کفری و حسێن حاجی محیەدین کەلاری سەرپەلی پێشمەرگەی ناوچەی کفری بۆ جاری دووەم خیانەتیان لەمن کرد، ئەوانم بردە لای عەقید نوری مەلا مارفی فەرماندەی هێزی قەرەداغ و پێم گوت، ئەوانە بۆ جاری دووەم پشتیان لەمن کرد و منیان لە نزیک سەنگەری دوژمن بەجێهێشت. هەر لای عەقید نوری بانگی حەسەن قەیسم کرد و جلوبەرگی پێشمەرگەم پێ داکەند و لە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستان دەرمکرد، ئەویش چووبوو خۆی ڕادەستی حکومەتی عێراق و

چووبـووە لای شـاهین تاڵەبـانی[1].

دوای ئەمــە، عەریــف کازم و حســێن حاجــی محیەدیــن لەگــەڵ هەمــوو پێشـمەرگەکانی لقـی ناوچـەی کفـری چووبوونـە لای عەقیـد نـوری و پێـی دەڵێـن ئێمـە نامانـەوێ عەزیـز قـازی فەرمانـدەی بەتالیـۆنی ئێمـە بـێ و دەڵێـن ئێمـە لێـرە شـەڕی دوژمـن ناکەیـن و خۆمـان بـۆ عەزیـز قـازی بەکوشـت نادەیـن و دەچیـن لـە ناوچـەی خۆمـان کـە ناوچـەی گەرمیانـە لـەوێ شـەڕی دوژمـن دەکەیـن. مـن بـە عەقیـد نوریـم گـوت منیـش ئامـادە نیـم فەرمانـدەی ئـەو بەتالیۆنـە بـم کـە ئـەوانی لێـن و ئـەوان ڕاسـت ناکەن و دڵسـۆزی خـاک و خەڵکی کوردسـتان نیـن و لەژێـرەوە پەیوەندییـان بـە باڵـی مەکتـەبی سیاسی پێشـووەوە هەیـە و ڕەفیـق پشـدەریش تـازە لـە ئێـران هاتووەتـەوە پێدەچـێ هـەر بـۆ تێکـدان و ئاژاوەگێـڕی ناردبێتیانـەوە و تـۆش لەگـەڵ خـۆت هێناوتـە بـۆ ئێـرە، بۆیـە لەجێـگای مـن ئـەو بکـە بـە فەرمانـدەی بەتالیـۆن و منیـش لێـرە نابـم. عەقیـد نـوری ڕەفیـق پشـدەری کـرد بـە فەرمانـدەی بەتالیـۆنی ٩ لـە جێـگای مـن.

**چوونم بۆ ناوچەی کفری لەگەڵ پاسەوانە تایبەتەکانی خۆم**

پێشـتر بـاسی ئـەوەم کـرد کـە عـەلی حاجـی مشـیر یاریـدەدەری مـن بـوو، لـە بەتالیـۆنی ٩ی هێـزی قـەرەداغ، بـەڵام ئـەو خیانـەتی لـە شـۆڕش کـرد و هەمـوو ئـەو پارەیـەی بـرد کـە بـۆ ئازوقەمـان دانابـوو و خـۆی ڕادەسـتی حکومـەتی عێـراق کـردەوە و لـە شـاری کفـری بـوو بەجـاش. مـن پەیمانـم لەگـەڵ خـۆم بەسـتبوو هەرچۆنێـک بـووە ئـەو بکـوژم. بـە پاسـەوانەکانی خـۆم گـوت ئێسـتا

(١)شـاهین تاڵەبانـی بـەردەوام لـە دژی گـەلی کـورد لـە ڕادیـۆی بەغـدا قسـەی دەکـرد، هەرچەنـدە بـە ڕەگـەز کـورد بـوو، بـەڵام بەکرێگیـراوی حکومـەتی عێـراق بـوو. کاتێـک حەسـەن قەسـیم چووبـووە لای شـاهین تاڵەبـانی و گوتبـووی عەزیـز قـازی منـی لـە ڕیـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان دەرکـردووە، ئـەو بـەردەوام لـە ئێزگـەی بەغـدا لـە دژی مـن قسـەی دەکـرد.

ئێمە ئیشێکی وامان نییە، با بچینە شاری کفری، بەڵکو بتوانین عەلی حاجی مشیر بکوژین. برا پێشمەرگەکانم فیکرەکەیان پەسندکرد و گوتیان باشە دەچین، بەڵکو بتوانین ئەو کارە بکەین. بە عەقید نوری مەلا مارفم نەگوت کە لەگەڵ پێشمەرگەکان دەچین بۆ ناوچەی کفری بۆ کوشتنی عەلی حاجی مشیر. ئێمە چووینە گوندی حەمەئەمین تەرخانی و لەوێ چووینە ماڵی حەمەئەمین تەرخانی، لەوێ نیشتیمانپەروەرێکی کوردی گوندەکە کە ئەوم دەناسی ناردمە شاری کفری تا هەواڵمان بۆ بێنێتەوە، بزانین عەلی حاجی مشیر لە کوێیە و هاتوچۆی کوێ دەکات.

## نامەیەکی عەقید نوری مەلا مارفم بەدەست گەیشت

دوای ئەوەی ئێمە چووین عەلی حاجی مشیر بکوژین و بە عەقید نوری مەلا مارفم نەگوت، ئەو پرسیاری لە چەند پێشمەرگەیەک کردبوو کە ئێمە لە کوێین و بۆ دیار نین؟ پێشمەرگەیەک دەڵێ من عەزیز قازی و پێشمەرگەکانیم بینی چوون بۆ ناوچەی کفری. عەقید نوری وای بیرکردبووەوە کە من دڵم شکاوە و ڕۆیشتووم تا خۆم ڕادەستی دوژمن بکەمەوە. ئینجا عەقید نوری نامەیەک بۆ من دەنووسێ و بۆم دەنێرێ و لەنامەکەی نووسیبووی کاک عەزیز قازی تکایەکی برایانەت لێ دەکەم بگەڕێیەوە لای برای خۆت و خۆت نەدەی بە دەستەوە، با ئەو هەموو خەبات و تێکۆشانەی کردووتە و بەشداری ئەو هەموو شەڕ و شۆڕشەت کردووە بە فیڕۆ نەڕوا، بگەڕێوە لای من و بەیەکەوە بەردەوامی بە خەباتی خۆمان دەدەین.

من نامەکەی عەقید نوریم بۆ برا پێشمەرگەکانم خوێندەوە، پێم گوتن با بگەڕێینەوە و واز لە کوشتنی عەلی حاجی مشیر بهێنین، چونکە ڕەنگە لێرە تووشی شەڕێک بین و هەموومان بکوژرێین، ئەوکات دەڵێن عەزیز

قـازی پێشـمەرگەکانی ڕادەسـتی دوژمـن کـرد و هەموویـان کوشـتن، یـان دەڵێـن هەموویـان خۆیـان ڕادەسـتی دوژمـن کـرد و دوژمنیـش هەمـووی کوشـتن.

ئـەو هاووڵاتییـەی مـن ناردبـووم سـۆراغی عـەلی حاجـی مشـیرم بـۆ بـکات، گەڕایـەوە و ناونیشـانەکەی بـۆم هێنابـوو، بـەڵام مـن لەبـەر نامەکـەی عەقیـد نـوری وازم هێنـا و گەڕامـەوە.

کاتێـک گەڕامـەوە لای عەقیـد نـوری، لێـم پـرسی کاک عەقیـد نـوری ئـەو نامەیـە چـی بـوو بـۆ منـت ناردبـوو؟ ئـەو پێـی گوتـم کاک عەزیـز مـن بەڕاسـتی وامـزانی تـۆ دڵـت شـکاوە و ئێمـەت بەجێهێشـتووە و ڕۆیشـتووی تـا خـۆت ڕادەسـتی دوژمـن بکـەی، منیـش وەکـو برایەکـی دڵسـۆزی تـۆ ئـەو نامەیـەم نـووسی و گوتـم بـا بگەڕێیتـەوە و ئەو هەمـوو ئاوارەیـی و دەربـەدەری و خەبات و نیشـتیمانپەروەریەت هـەروا بـە فیـڕۆ نـەڕوا. گوتـم مـن و پێشـمەرگەکانم چووبوویـن عـەلی حاجـی مشـیر بکوژیـن، چونکـە ئـەو یاریـدەدەری مـن بـوو، دواتـر خیانـەتی لـە مـن و لـە شـۆڕش کـرد و بـوو بەجـاش.

ئەوکاتـەی لـە لای عەقیـد نـوری بـووم، مـلازم تاهیـر شـێخ ڕەئـوف کـە فەرمانـدەی بەتالیـۆنی ٤ی هێـزی قـەرەداغ بـوو، لـە گونـدی سێوسـێنان هاتـە لای عەقیـد نـوری و گوتـی مـن واز لـە فەرماندەییکـردنی بەتالیـۆنی ٤ دەهێنـم و دەچمـە بـارەگای مەکتـەبی تەنفیـزی سـەرکردایەتی شـۆڕشی کوردسـتان، هەرچەند عەقیـد نـوری زۆری هـەوڵ لەگـەڵ دا کـە ئـەم کارە نـەکات، بـەڵام ئـەو بەگوێـی عەقیـد نـوری نەکـرد و گوتـی مـن فەرماندەیـی بەتالیـۆن بەجێدێڵـم.

عەقیـد نـوری بـە منـی گـوت عەزیـز قـازی دەبـێ تـۆ ببیتـە فەرمانـدەی بەتالیـۆنی ٤ی هێـزی قـەرەداغ لەشـوێنی مـلازم تاهیـر شـێخ ڕەئـوف. پێـم گـوت ئـەو کارە ناکـەم، چونکـە مـن تـازە فەرمانـدە و پێشـمەرگەکانی بەتالیـۆنی ٥ پێیـان گوتـووم تۆمـان نـاوێ، ئێسـتا بڕۆمـە بەتالیـۆنی ٤ لەوێـش پێـم دەڵێـن تـۆ لـە بەتالیـۆنی ٩ دەرکـراوی و ئەوانیـش پێـم ڕازی نابـن و دەرم دەکـەن، بۆیـە مـن

ناچم و دەگەڕێمەوە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی شۆڕش و بارەگای مەکتەبی سیاسی. ئینجا من چوومە گوندی عەلیاوە و لەوێ چوومە ماڵی حەسەن عەلیاوەیی کە هاوڕێیەکی خۆم بوو و شەو لەوێ مامەوە و مۆڵەتیشم دایە پێشمەرگەکانم تا سەردانی ماڵەکانیان بکەن.

عەقید نوری لە دوای من برووسکەیەکی بۆ سەرۆک بارزانی و مەکتەبی تەنفیزی دەنێرێ، بۆئەوەی برووسکەیەک بۆ من بنێرن و ببمە فەرماندەی بەتالیۆنی ٤ی هێزی قەرەداغ. ڕۆژی دواتر چوومە لای عەقید نوری تا خواحافیزی لێ بکەم و بچمە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی. عەقید نوری برووسکەی سەرۆک بارزانی دا بە من. سەرۆک گوتبووی دەبێ بچیتە بەتالیۆنی ٤ی هێزی قەرەداغ و هاوکاری عەقید نوری بکات. من بە عەقید نوریم گوت، ئەو کارە ناکەم و دەچمە بارەگای سەرکردایەتی. عەقید نوری پێی گوتم ئەگەر ڕازی نەبی فەرماندەیی بەتالیۆنی ٤ی قەرەداغ وەربگری، ئەوا منیش لەگەڵ تۆ دێم و واز لە سەرکردایەتی هێز دێنم، بۆئەوەی عەقید نوری وازنەهێنێ قایل بووم بچمە بەتالیۆنی ٤ و ببم بە فەرماندەی بەتالیۆنەکە.

لە ڕێکەوتی ١٩٦٥/٨/٧ بە فەرمانی سەرۆک بارزانی چووم بۆ بارەگای بەتالیۆنی چوار لە گوندی (نەوتێ) لە نزیک شاری قەرەداغ. ئەو کات شاری قەرەداغ لەبن دەستی حکومەتی عێراق بوو، سوپای عێراقیش سەربازگەیەکی لەو شارە هەبوو. هەروەها کۆمەڵێک سەنگەری سوپای عێراق لەسەر ڕێگای گشتی بوون لە سلێمانییەوە تا قەرەداغ.

بەتالیۆنی ٤ی هێزی قەرەداغ ٣ لقی پێشمەرگەی هەبوون: لقی ناوچەی قەرەداغ، لقی ناوچەی دەشتی شارەزوور، لقی ناوچەی بازیان. سەرلقەکانی پێشمەرگەی بەتالیۆنی ٤ی هێزی قەرەداغ ئەمانە بوون: فەتاح حەمەڕەزا سەرلقی ناوچەی قەرەداغ، عەریف تالیب موریاسی سەرلقی ناوچەی

دەشــتی شــارەزوور، غەفــور مەئمــی ســەرلقی ناوچــەی بازیــان بــوو. چوومــە بــارەگای بەتالیــۆنی چــوار و برووســکەیەکم بــۆ هەرســێ ســەرلقەکان کــرد کــە بێنــە بــارەگای بەتالیــۆن لــە گونــدی (نەوتــێ). لــە ڕێکەوتــی ١٩٦٥/٨/٩ هەرســێ ســەرلقەکە هاتنــە لام لــە گونــدی نەوتــێ و لــەوێ کۆبوونەوەیەکــم لەگەڵیــان کرد و پێــم گوتــن، بەفەرمــانی ســەرۆک بــارزانی و ســەرکردایەتی شــۆڕش هاتــووم لێــرە ببمــە فەرمانــدەی بەتالیــۆن و هیــوادارم ئێــوە هەریەکەتــان بەپێــی توانــا هــاوکارم بــن، بۆئــەوەی بــە ڕێکوپێکــی ســەرکردایەتی بەتالیۆنەکــە بکەیــن و هەوڵــی ئــەوە بدەیــن شــاری قــەرەداغ لەدەســتی دوژمــن دەربێنیــن.

ئــەوان هەرســێکیان بەخێرهاتنیــان لــە مــن کــرد، بــەڵام مــن دەمــزانی فەتــاح حەمــەڕەزا و عەریــف تالیــب مۆریــاسی لــە ژێــرەوە پەیوەندییــان بــە تاخمەکــەی مەکتــەبی ســیاسی هەیــە کــە هێشــتا لــە خاکــی ئێــران بــوون. لــە کۆبوونەوەکــەدا مــن بــە ســەرلقەکانم گــوت، بــەرەکانی خۆتــان قایــم بکــەن و دەبــێ ئێمــە بەرگری لــە خــاک و خەڵکــی خۆمــان بکەیــن، هەروەهــا دەبــێ ســوپای عێــراق لــە شــاری قــەرەداغ ئابڵۆقــە بدەیــن بــۆ ڕزگارکــردنی ئــەو شــارە لەدەســتی دوژمــن. هــەر لــەوێ بڕیارمانــدا یــەک پــەلی پێشــمەرگەی لقــی ناوچــەی بازیــان بنێریــن بــۆ لای گونــدی دۆڵانی ســەرەوە و پەلێکــی لقــی قــەرەداغ بنێرینــە نزیــک گونــدی چەمــی باغــان لــە نزیــک قــەرەداغ و پەلێکــی پێشــمەرگەی لقــی ناوچــەی قەرەداغیــش بنێرینــە نزیــک گونــدی چەمەســوور لــە خــوارەوەی شــاری قــەرەداغ، بەمجــۆرە ســەربازگەی ســوپای عێــراق لــە قــەرەداغ ئابڵۆقــە بدەیــن، تــا لــە شــاری قــەرەداغ وەدەریــان بنێیــن.

## دانانی کەمینێک لەسەر ڕێگای گشتی نێوان گڵەزەردە و قەرەداغ

هەندێــک لــە پێشــمەرگەکانم بــە مۆڵــەت لەماڵــەوە بــوون، منیــش بڕیــارم دا زیانێــک بــە دوژمــن بگەیەنــم تــا پێشــمەرگەکانی بەتالیۆنەکەمــان چــاو لــە مــن

بکـەن و شـەڕی دوژمـن بکـەن. بـە عەریـف فەتـاح حەمـەڕەزام گـوت، چەنـد پێشـمەرگەیەکی ئـازا و جێـی بـاوەڕم بـۆ بنێـرێ. حەمـەڕەزا (٦) پێشـمەرگەی بـۆ نـاردم و خـۆشی لەگـەڵ پێشـمەرگەکان هاتـە لام و گوتـی: کاک عەزیـز تـۆ بەتەمـای چیـت؟ پێـم گـوت مـن بەنیـازم لەگـەڵ ئـەو پێشـمەرگانە بچـم کەمینێـک لەسـەر ڕێـگای گشـتی دابنێـم. ئـەو پێشـمەرگانەی حەمـەڕزا بـۆی هێنابـووم هـەم ئازابـوون و هـەم شـارەزای ناوچەکـەش بـوون.

لەبەرئـەوەی سـەنگەرێکی زۆری سـوپای عێـراق بـە درێژایـی ڕێـگای گشـتی هەبـوون، بۆیـە نەماندەتـوانی بـەڕۆژ هیـچ چالاکییـەک بنوێنیـن. شـەوی ١٤/١٥-٨-١٩٦٥ چوویـن تەماشـای ڕێگاکـە بکەیـن و شـوێنێک بدۆزینـەوە کەمینەکـەی لـێ دابنێـی. لـە نزیـک گونـدی باغـان لۆفەیـەک هەبـوو بڕیارمانـدا کەمینەکـە لـەوێ دابنێیـن. شـەش پێشـمەرگەم لەگـەڵ بـوون کـە بەداخـەوە هـەر نـاوی دووانیانـم لـە یـادە، یەکیـان حەسـەن باغـانی بـوو کـە خەڵکـی گونـدی باغـان بـوو، ئـەوەی دیکـەش عەریـف ئەحمـەد بـوو کـە خەڵکـی ناوچـەی بێتواتـە بـوو. ئـەوێ چەنـد پردێکـی بچووکـی لێبـوو. مـن لەگـەڵ دوو پێشـمەرگە جێـگای خۆمـان گـرت و ٢ پێشـمەرگەم لەسـەری لۆفەکـە دانـا بـەلای قەرەداغـەوە و ٢ پێشـمەرگەم لەسـەرەکەی تـری لۆفـە دانـا بـەلای گڵـەزەردەوە. عەریـف ئەحمـەد لەگـەڵ پێشـمەرگەیەک لەسـەری لۆفەکـەی لای قـەرەداغ بـوو. بـە هەموویانـم گـوت، ئەگـەر دوژمـن لای قەرەداغـەوە هـات، ئەوانـەی سـەری قـەرەداغ تەقـە نەکـەن و ئەوانـەی لای گڵـەزەردە ڕێگایـان لێبگـرن و تەقەیـان لێبکـەن و ئەگـەر دوژمـن لـە لای گڵـەزەردەوە هـات، ئەوانـەی لای قـەرەداغ ڕێگایـان لێبگـرن و تەقەیـان لێبکـەن و نابـێ ئەوانـەی لای گڵـەزەردە تەقەیـان لـێ بکـەن.

کاتژمێـر ٤ی بەیـانی شـوێنی خۆمـان گـرت و کاتژمێـر ٦ی بەیـانی ڕێکەوتـی ١٩٦٥/٨/١٥ دوو ئۆتۆمبێـلی سـەربازی لەجـۆری پیـکاب هاتبـوون کێومالـی ڕێگاکـە بکـەن. بـە عەریـف ئەحمـەدم گـوت، ئێـوە تەقـە مەکـەن بـا لەسـەری

گڵـەزەردەوە تەقەیـان لـێ بکـەن. ئۆتۆمبێلـەکان لـە عەریـف ئەحمـەد و پێشـمەرگەکەی دیکـە تێپەڕیـن و ئەوانـەی سـەری گڵـەزەردە لێیـان هاتنـە دەسـت و تەقەیـان لێکـردن، ئینجا هەمووـمان لـە هەرسـێ لاوە تەقەمـان کـرد. ئەفسـەرێک چووبـووە ژێـر یەکێـک لـە پیکابـەکان، بـەڵام مـن ئـەوم کوشـت، سـەربازێک ڕایکـرد و خـۆی لەنـاو دەوەنێـک شـاردەوە، بـە عەریـف ئەحمـەدم گـوت، سـەربازێک خـۆی لەنـاو ئـەو تەڕاشـە شـاردەوە ئەویـش تەقـەی لێکـرد و کوشـتی. هێرشـەکە بـە ١٥ خولەکێـک کۆتایـی پێهـات و هەموویـان کـوژران. حەسـەن باغـان بەسـووکی برینداربـوو. دەسـکەوتی ئێمـە ٢٠ تفەنگـی سـیمینۆڤ و ٢ تفەنگـی ئینگلیـز و یـەک دەبانچـە بـوو. دواتـر عەریـف ئەحمـەد لـە پێشـمەرگایەتی ڕایکـرد و بـوو بـە پۆلیـس، بـەڵام بـە پۆلیـسی کـوژرا.

لـە ڕێکەوتـی ١٩٦٥/٨/١٦ سـەربازێکی عێراقـی کە ناوی شـاهین بـوو، خەڵکی ناوچـەی دهـۆک بـوو، کلاشـینکۆفێکیشی بـۆ خـۆی هێنابـوو، هـات و لای ئێمـە بـوو بـە پێشـمەرگە، گێڕایـەوە و گوتـی دوای ئێـوە سـەربازێکی زۆر هاتنە شـوێنی ڕووداوەکـە و تەماشـای تەرمـی کوژراوەکانیـان دەکـرد و هـاوار و گریانیـان بـوو، لێپـرسراوی سـەربازگەی قـەرەداغ پێـی گوتبـوون بـۆ ئـەوان مەگریـن با بۆخۆمـان بگریـن، ئێمـەش وەکـو ئـەوان لێـرە دەکوژرێیـن. لێپـرسراوی سـەربازگەی سـوپای عێـراق لـە قـەرەداغ گوتبـووی، ئـەوان توانیویانـە ئـەو هەمـوو سـەربازە بکـوژن، دەتوانـن زۆرشـتی دیکەش بکەن. سـەرکردایەتی شـۆڕش نامەیەکیـان بۆ من نووسی و زۆر سوپاسـیان کردبـووم. هەروەهـا شـاهین پێـی گوتـم من لەو سـەنگەرە بووم کە ئێوە هێرشـتان کرد، مەبەسـتی سـەنگەری لای گوندی تیمار بوو، ئەو شـوێنەی کـە مـن تێیـدا برینداربـووم، گوتـی لەوێش ٢٥ سـەرباز کـوژران.

## ڕزگارکردنی شاری قەرەداغ لەدەستی دوژمن

دوای ئـەوەی قەرەداغـمان لـە هەموولایێکـەوە گەمـارۆ دا، لـە ڕێکەوتـی

١٩٦٥/٩/٢٢ توانیمان شاری قەرەداغ لەژێر دەستی دوژمن دەربێنین و کوشتارێکی زۆرمان لە سوپای عێراق کرد. ئینجا سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی تەنفیزی و مەکتەبی سیاسی پارتیمان نامەیەکیان بۆ من نووسی و سوپاسیان کردم بۆ ڕزگارکردنی شاری قەرەداغ.

سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی تەنفیزی نامەیەک بۆ عەقید نوری مەلا مارف دەنووسن و تێیدا دەڵێن (عەریف فەتاح حەمە ڕەزای سەرلقی پێشمەرگەی ناوچەی قەرەداغ و عەریف تالیب موریاسی سەرلقی ناوچەی شارەزوور) کە هەردووکیان سەرلقن لە بەتالیۆنی ٤ی هێزی قەرەداغ، لەژێرەوە پەیوەندییان هەیە لەگەڵ تاخمی مەکتەبی سیاسی پێشوو لە دژی سەرکردایەتی نوێی شۆڕشی کوردستان. مەکتەبی تەنفیزی داوایکردبوو هەردووکیان بنێردرێنە ئەوێ تا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکەن. عەقید نوری نامەکەی مەکتەبی تەنفیزی لەگەڵ نامەیەکی خۆی بۆ من دەنێرێ و نووسیبووی کاک عەزیز قازی تکایە هەردوو سەرلقەکە بنێرە بۆ مەکتەبی تەنفیزی. لەسەر شاخی گڵەزەردەوە بە عەریف فەتاح حەمەڕەزام گوت مەکتەبی تەنفیزی سەرکردایەتی شۆڕش داوای تۆ و عەریف تالیب مۆریاسیان کردووە بچنە ئەوێ و نەشیانگوتووە بۆچی داوای ئێوەیان کردووە. عەریف فەتاح گوتی من لاریم نییە و دەچمە مەکتەبی تەنفیزی. پێم گوت منیش نامەیەکتان بۆ دەنووسم تا لەوێ گیرتان نەکەن و زوو بتانێرنەوە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانتان.

نامەکەی مەکتەبی تەنفیزیم پێشانی عەریف فەتاح نەدا. ئەو داوای لێکردم ڕێگەی بدەم بچێ خواحافیزی لە پێشمەرگەکانی بکات، لەپڕ خۆی و هەموو پێشمەرگەکانی هاتنە لام و پێشمەرگەکانی لقی ئەو گوتیان ئەگەر عەریف فەتاح بڕوا، ئێمەش هەموو لەگەڵی دەڕۆین و بەرەی شەڕ چۆڵ دەکەین. پێم گوتن بۆ ئێوە پێشمەرگەی کوردستانن یان هی

عەریف فەتاح. ئینجا هەموویان بەرەی شەڕیان چۆڵکرد و لەگەڵ عەریف فەتاح ڕۆیشتن و ئەویش پێی نەگوتن لەگەڵم مەیەن، دیاربوو ئەو بە پێشمەرگەکانی گوتبوو بەرەی شەڕ چۆڵبکەن و لەگەڵم وەرن بۆ مەکتەبی تەنفیزی، هەروەها هەرسێ سەرپەلەکەشی لەگەڵی ڕۆیشتن. لەدوایان چووم تا پێشمەرگە و سەرپەلەکان بگەڕێنمەوە، لەسەر ڕووباری تانجەڕۆ گەیشتمە لایان، توانیم پێشمەرگەکانی بگەڕێنمەوە، بەڵام سێ سەرپەلەکە نەگەڕانەوە و لەگەڵی چوونە مەکتەبی تەنفیزی کە لە ناوچەی باڵەک بوو.

لە هەمانکاتدا خالید ڕەباتی لە لقی ناوچەی شارەزوور نامەیەکی بۆ من ناردوو و نووسیبووی عەریف تالیب مۆریاسی لەگەڵ پێشمەرگەیەکی زۆر بەرەی شەڕیان بەجێهێشت و بەرەو بارەگای مەکتەبی تەنفیزی ڕۆیشتن. دەستبەجێ بە سواری ڕۆیشتم تا پێشمەرگەکان بگێڕمەوە، گەیشتمە سەر پردەکەی سەر ڕووباری تانجەڕۆ لە نزیک ناحیەی عەربەت، لەوێ زانیم کە زۆر دوورکەوتوونەتەوە و نایان گەمێ.

لەوێ لەسەر ڕووباری تانجەڕۆ حەمەئەمین بەگ کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بوو لەگەڵ دوو پێشمەرگە بینیمن. حەمەئەمین لێی پرسیم کاک عەزیز ئەوە بەتەنیا لێرە چی دەکەی، ناترسی بکوژرێی. گوتی بگەڕێمەوە مەکتەبی سیاسی لەوێ لای سەرۆک بارزانی سکاڵا دەکەم و دەڵێم بەتەنیا لەو ناوچانە دەگەڕێ بەبێ ئەوەی هێزێکی پێشمەرگەی لەگەڵ بێ. بە حەمەئەمین بەگم گوت من بۆیە بەتەنیا هاتوومە ئێرە زۆر بەپەلە بووم تا ئەو پێشمەرگانە بگەڕێنمەوە کە لەگەڵ عەریف تالیب مۆریاسی بەرەو مەکتەبی تەنفیزی ڕۆیشتبوون.

حەمەئەمین بەگ کە گەڕابووەوە مەکتەبی سیاسی و سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی بینیبوو پێی گوتبوو عەزیز قازیم لەسەر ڕووباری تانجەڕۆ بینی، بەبێ ئەوەی یەک پێشمەرگەی لەگەڵ بێ. سەرۆک بارزانی برووسکەیەکی

بۆ من نارد و گوتی نابێ لەمەودوا بە تەنیا بگەڕێی، چونکە دوژمنی گەلی کورد دەتکوژن.

## ڕێکخستنەوەی بەتالیۆنەکەمان

دوای ڕۆیشتنی عەریف فەتاح حەمەڕەزا و عەریف تالیب مۆریاسی کە سەرلق بوون لە بەتالیۆنی ٤ی قەرەداغ، سەرلقی نوێم لەشوێنی ئەوان دامەزراند و ئەمانە بوون بە سەرلق: خالید ڕەباتیم کرد بە سەرلقی پێشمەرگەی ناوچەی قەرەداغ لە بەتالیۆنی چوار، هەروەها سێ سەرپەلم لەجێی ئەو سێ سەرپەلانە دانان کە لەگەڵ عەریف فەتاح حەمەڕەزا ڕۆیشتن. بەرەی ئەوانەم دیارکرد تا بیپارێزن.

حەمە فەرەج بەرزنجیم کردە سەرلقی ناوچەی دەشتی شارەزوور. حەمەفەرەج خەڵکی شاری هەڵەبجە بوو، پێشتر ئەو لە ناوچەی هەڵەبجە سەرلقی پێشمەرگەی هێزی خەبات بوو، بەڵام بەهۆی دوژمنایەتی لەگەڵ خەڵکی هەڵەبجە، عەبدولوەهاب ئەتروشی فەرماندەی هێزی خەبات حەمە فەرەجی لە سەرلقی دەرکردبوو، ئەویش هاتە لای ئێمە لە بەتالیۆنی ٩ی هێزی قەرەداغ. من بڕیارمدا بیکەمە سەرلقی پێشمەرگە لە دەشتی شارەزوور لە جێگای عەریف تالیب مۆریاسی و بەرەی ئەویشم دیارکرد.

## بینینی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی لە ناوچەی پێنجوێن

کاتێک سەرپەلەکانی لقی ناوچەی قەرەداغ لەگەڵ عەریف فەتاح حەمەڕەزا ڕۆیشتن، سێ سەرپەلم لەجێگای ئەوان دانا، بەڵام دوای یەک مانگ سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی سەرپەلەکان دەنێرێتە لای عەقید نوری مەلا مارف و دەڵێت هەرسێ سەرپەلەکە بگەڕێننەوە شوێنی خۆیان لە بەتالیۆنی چواری قەرەداغ. عەقید سەرپەلەکان دەنێرێتەوە لای من و دەڵێ ئەوانە بە فەرمانی سەرۆک بارزانی بەسەرپەل دەگەڕێنەوە

شـوێنی خۆیـان، منیـش نەمویسـت ئـەو سـەرپەلانەی کـە خـۆم دامنـاون و هیـچ هەڵەیەکیـان نەبـووە، لایـان بـدەم. بـە عەقیـد نوریـم گـوت، مـن خـۆم دەچمـە لای سـەرۆک بـارزانی و پێـی دەڵێـم مـن بەمجـۆرە ناتوانـم فەرمانـدەی بەتالیـۆن بـم و پرسـم پـێ نەکـرێ، ئـەوکات سـەرۆک بـارزانی بـە سـەردانێک هاتبـووە ناوچـەی پێنجوێـن.

ڕێکەوتـی ١٩٦٥/١٢/٢٤ کەوتمـە ڕێ تـا سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی ببینـم و ڕۆژی ١٩٦٥/١٢/٢٥ گەیشـتمە لای سـەرۆک بـارزانی. ئـەو لـە گونـدی شـیناوێ بـوو لەسـەر سـنووری نێـوان کوردسـتانی باشـوور و ڕۆژهـەڵات. سـەرۆک بـارزانی لـە ماڵـی حاجـی حەمـە سـدیق خـان بـوو، منیـش چوومـە ئـەوێ بـۆ لای سـەرۆک و شـەویش لـەوێ بـووم. بەیـانی ڕۆژی ١٩٦٥/١٢/٢٦ لـە گونـدی میشـاوێ دەرچـوون و چـوون بـۆ ناوچـەکان و منیـش لەگەڵیـان چـووم، ئینجـا سـەرۆک بـارزانی و عەبدولڕەحـمان قـازی بانگـی منیـان کـرد، سـەرۆک بـارزانی لێـی پرسـیم عەزیـز قـازی چۆنـە هاتوویـە لامـان، ئیشـێکتان هەبـوو. مـن بـە سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بارزانیـم گـوت مـن هاتـووم پێتـان بڵێـم بەمجـۆرە ناتوانـم فەرمانـدەی بەتالیـۆن بـم و پرسـم پـێ نەکـرێ. بـە منـی گـوت بـۆ چـی ڕوویـداوە. پێـم گـوت مەکتـەبی تەنفیـزی داوایـان کردبـوو عەریـف فەتـاح حەمـەڕەزا و عەریـف تالیـب مۆریاسـی بنێرینـە لایـان و سەرپەلەکانیشـیان لەگـەڵ ئـەوان بـەرەی شـەڕیان بەجێهێشـت و بەبـێ ڕەزامەنـدی مـن چـوون بـۆ بـارەگای مەکتـەبی تەنفیـزی، سـێ سـەرپەلی دیکـەم لەجێـی ئـەوان دانـاون، ئێسـتا ئێـوە ئەوانتـان ناردووەتـەوە و گوتووتانـە بیانکەنـەوە بـە سـەرپەل و دەبـێ ئەوانـەی منیـش دامنـاون دەریـان بکـەم کـە هیـچ هەڵەیەکیـان نەکـردووە، بۆیـە مـن فەرمانـدەی بەتالیـۆن جێدێڵـم و ئێـوە کەسـێکی دیکـە بـۆ ئـەم ئەرکـە ڕابسـپێرن. سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی گوتـی ببـورە، ئەگـەر جارێکـی دیکـە ئیشـێک هەبـێ، ئـەوا پرسـتان

پـێ دەکەیـن، بـەڵام ئەمجارەیـان سـەرپەلەکان بگەڕێنـەوە شـوێنی خۆیـان.

## دیسان ڕەفیق پشدەری

دوای وتووێژەکەمـان سـەرۆک بـارزانی بـە منـی گـوت کـێ بـە ئێـوەی گوتـووە ڕەفیـق پشـدەری بکەنـە سـەر لـق. مـن پێـم گـوت ئـەو سـەرلق نییـە و فەرمانـدەی بەتالیـۆنی ٩ی هێـزی قەرەداغـە. سـەرۆک بـارزانی پێـی گوتـم دەگەڕێیتـەوە و ڕەفیـق پشـدەری دەگریـت و بـە بەندکـراوی دەینێـرن بـۆ لای مـن. مـن پێـم گـوت ڕەفیـق پشـدەریش وەک مـن فەرمانـدەی بەتالیۆنـە، چـۆن مـن دەتوانـم سـەربەخۆ بچـم بیگـرم و بینێرمـە لای ئێـوە. ئێـوە نامەیەکـم بـۆ بنووسـن و بـا منیـش بچـم ڕەفیـق پشـدەری بگـرم. سـەرۆک بـە عەبدولڕەحـمان قـازی گـوت تـۆ نامەکـەی بـۆ بنووسـە و ئەویـش نامەکـەی نـووسی و سـەرۆکیش واژۆی کـرد.

هەروەهـا سـەرۆک بـارزانی بـە منـی گـوت لەمـەودوا تـۆ دەبیتـە فەرمانـدەی هـەردوو بەتالیـۆنی ٤ و ٩، مـن بـە سـەرۆکم گـوت ئەگـەر دەکـرێ سـیامەند عەزیـز مێرگەسـۆری بکەیـە فەرمانـدەی بەتالیـۆنی ٩. ئـەوکات سیامەند و مەلکـۆ هەردووکیـان لـە ناوچـەی هێـزی خەبـات بـوون و هیـچ لێپرسراوێتییەکیـان نەبـوو. سـەرۆک بـارزانی گوتـی باشـە لەسـەر قسـەی ئێـوە دەنێـرم بـا سـیامەند مێرگەسـۆری و مەلکـۆ زێـڕۆ بێـن بـۆ بەتالیـۆنی ٩ی هێـزی قـەرەداغ. مـن لای سـەرۆک بـارزانی گەڕامـەوە و چوومـە شـاری پێنجوێـن بـۆ لای عەزیـز ئاکرەیـی. لـەوێ برووسـکەیەکم بـۆ عەقیـد نـوری کـرد و بـۆم نـووسی کـە ڕەفیـق پشـدەری بێنـە بـارەگای هێـز و دەسـتگیری بکـە و بـە بەندکـراوی بینێـرە بـارەگای سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی. عەقیـد نـوری دەنێرێتـە دوای ڕەفیـق پشـدەری تـا بێتـە بـارەگای هێـز و لـەوێ بەبـێ ئـەوەی دەسـتگیری بـکات دەینێرێتـە بـارەگای سـەرۆک بـارزانی. ڕەفیـق پشـدەری ڕادەکاتـە شـاری سلێمانی و لـەوێ جلوبەرگـی

ئەفسەرێک پەیدا دەکات و دەچێتە شاری کەرکووک و لەوێ خۆی ڕادەستی حکومەتی عێراق دەکات و دەبێتە جاش لە دژی شۆڕشی کوردستان.

## گەڕانەوەی تاخمی مەکتەبی سیاسی پێشوو بۆ ناو شۆڕش

ئێران بۆیە هانی ئەو تاخمەی مەکتەبی سیاسدا جیاببنەوە، تا لە دوو لایەنەوە کەڵکیان لێوەربگرێ، یەکەمیان نەیەڵێ ئاشتی نێوان کورد و حکومەتی عەبدولسەلام عارف بەرقەرار بێ، دووەمیشیان لاوازکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بە سەرۆکایەتی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی بوو، هەربۆیەش ئێران ڕێی بە چەکدارەکانی مەکتەبی سیاسی پێشوو دەدا ناوە ناوە هێرشی بکەنە سەر شۆڕش، بەڵام دوای هەڕەشەکەی سەرۆک بارزانی بەوەی ئەگەر ئەو هێرشانە نەوەستن لە کوردستانی ئێران شۆڕش هەڵدەگیرسێنن، ئێران ڕێگەی نەدا چیتر هێرش بکرێتە سەر پێشمەرگەکانی شۆڕش، بەمەش تاخمەکەی مەکتەبی سیاسی پێشوو سوودێکی ئەوتۆی بۆ ئێران نەما کە لەسەر خاکەکەی بمێننەوە، بۆیە داوای لێکردن ئێران بە جێبێڵن و وڵاتێکی دیکە بۆ خۆیان بدۆزنەوە.

دوای ئەمە ئەوان داوای لێخۆشبوونیان لە سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی کرد و سەرۆکیش لەبەر بەرژەوەندیی گەلی کورد لێیان خۆشبوو، بەو مەرجەی بێنەوە و بچن لە ناوچەی دۆڵی شەهیدان نیشتەجێبن و خەرجییان لە ئەستۆی شۆڕش بێ، تا ئەوکاتەی کۆنگرە دەبەسترێ لەوێ بن، ئینجا کە کۆنگرە بەسترا دەتوانن وەک هەر ئەندامێکی دیکەی پارتی بەشداری کۆنگرە بن و خۆیان بۆ کۆمیتەی ناوەندی پارتی هەڵبژێرن. لەبارەی چەکدارەکانیش، بڕیاردرا هەر چەکدارێک لەکوێ پێی خۆشە بەشداری لە شۆڕش بکات و بچێتەوە بەرەی شەڕ دەتوانێ ئەوێ هەڵبژێرێ.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٦ لێبوردن بۆ تاخمە گەڕاوەکە دەرچوو و لە

دۆڵەڕەقـەی نێـوان ڕانیـە و قـەڵادزێ دانـران. هەرچـی ئیبراهیـم ئەحمـەد بـوو لەڕێـی قـەسری شـیرین و خانەقینـەوە گەڕایـەوە بەغـدا بـۆ لای کاربەدەسـتانی هەواڵگـری عێـراق، تـا پیلانێکـی دیکـە لـە دژی شـۆڕشی کـورد و سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی جێبەجـێ بـکات. عـەلی عەسـکەری لەگـەڵ هێزێکـی چەکـدار چوونـە بـەرەکانی شـەڕ لـە ناوچـەی بێتواتـە و ڕانیـە و ڕەیـس کەمـال موفتـی لەسـەر داواکاری خـۆی نێـردرا لای ئێمـە و ڕەیـس کەمـال لـە شـوێنی عەقیـد نـوری بـوو بـە فەرمانـدەی هێـزی قـەرەداغ و عەقیـد نـوری گوێزرایـەوە بـۆ مەکتـەبی تەنفیـزی لـە بـارەگای سـەرکردایەتی شـۆڕش لـە ناوپـردانی ناوچـەی باڵەکایـەتی. مـن لەوکاتـەدا فەرمانـدەی بەتالیـۆنی ٤ی هێـزی قـەرەداغ بـووم، بـارەگای بەتالیۆنمـان لـە گونـدی دوکان بـوو لەنێـوان قـەرەداغ و دەربەندیخـان.

لـە بـارەگای مەکتـەبی تەنفیـزی برووسـکەمان بـۆ کـرا کـە ڕەیـس کەمـال موفتـی وەک فەرمانـدەی هێـزی قـەرەداغ لەجێـگای عەقیـد نـوری دێتـە لاتـان، لـە گونـدی کەریـم ئـاوای نزیـک شـاری قـەرەداغ پێشـوازیم لـە ڕەیـس کەمـال کـرد و شـەو بەیەکـەوە لـە ماڵێـک بوویـن لـە گونـدی کەریـم ئـاوا. دوای نـان خـواردن مـن و ڕەیـس کەمـال دووبـەدوو بـاسی شـۆڕش و ناوچـەی خۆمانمـان دەکـرد. ڕەیـس کەمـال بـە منـی گـوت کاک عەزیـز مـن هاتـووم بوومەتـە فەرمانـدەی هێـزی قـەرەداغ، بـەڵام مـن مـردووم و هێزەکـەش مـردووە، مـردوو چـۆن زینـدوو دەکرێتـەوە. مـن پێـم گـوت ڕاسـت دەکـەی کـە ئێـوە مـردوون، بـەڵام هێـز زۆر زینـدوو و بەهێـزە، ئەگـەر ئێـوە بتانـەوێ هێزەکـە زینـدوو دەبێتـەوە و ئێمـەش یارمەتیـدەر دەبیـن. پێـم گـوت مـن لێـرە فەرمانـدەی بەتالیـۆنی چواری قەرەداغـم و عەریـف حەمیـد بـەرواری فەرمانـدەی بەتالیـۆنی ٥ی هێـزی قەرەداغـە و سـیامەند عەزیـز مێرگەسـۆریش فەرمانـدەی بەتالیـۆنی ٩یـە و مەلکـۆ زێـڕۆش جێگـری سـیامەندە، ئێـوە ئێمـە دەناسـن و ئێمـە یارمەتیـت دەدەیـن بۆئەوەیـش کارەکانـت لـە هێـز بـە ڕێکوپێکـی بەڕێوەببـەی.

ڕەیس کەمال موفتی دەستی گەیاندە سمێڵەکانی و گوتی کاک عەزیز ئەم سمێڵانەم هی ...... بێ ئەگەر من جارێکی دیکە خیانەت لە مەلا مستەفا بارزانی و گەلی کورد بکەم. منیش پێم گوت ئێمەش بە ڕۆح و گیان هاوکارت دەبین بۆ زیندووکردنەوە و چالاککردنی هێزەکەت. بۆ بەیانی ئەو چووە بارەگای هێز لە گوندی جافەرانی نزیک شاری قەرەداغ و منیش گەڕامەوە بارەگای بەتالیۆنی خۆم لە گوندی دوکان.

## دووبارە خیانەتی مەکتەبی سیاسی پێشوو

لە نیسانی ساڵی ١٩٦٥ شەڕێکی سەخت لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزی سوپای عێراق دەستیپێکرد. لەگەرمەی ئەو شەڕە خوێناوییەدا و لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٦٦ عەبدولسەلام عارف بە سەردان دەچێتە خوارووی عێراق و لەوێ هەلیکۆپتەرەکەی دەکەوێتە خوارەوە و دەکوژرێ و عەبدولڕەحمان عارفی برای دەبێتە سەرۆک کۆماری عێراق کە سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق بوو.

تاخمە گەڕاوەکە لەبەرئەوەی بەدڵسۆزی نەهاتبوونەوە ناو شۆڕش و ناچارکرابوون خاکی ئێران بەجێبێڵن، ژێربەژێر پەیوەندییان لەگەڵ هەواڵگری عێراق هەبوو، بۆیە لە ساڵی ١٩٦٦ لە دۆڵەڕەقەوە ڕایانکردوو چوونە باوەشی دوژمن و لە دژی سەرکردایەتی شۆڕش چەکیان لە حکومەتی عێراق وەرگرت و بوون بە جاش و سەرکردایەتی شۆڕش ناوی لێنان (جاشەکانی ٦٦) کە پێشتر ئەگەر کوردێک ببوایە بە جاش پێیان دەگوت جاش پۆلیس.

## خیانەتی دووبارەی ڕەیس کەمال موفتی

پاش ئەوەی تاخمەکە گەڕاوەکە لە دۆڵە ڕەقەوە ڕایانکرد و چوونە

باوەشی حکومەتی عێراق. ڕۆژێک ڕەیس کەمال موفتی برووسکەیەکی بۆ من کرد و گوتبووی من نیازم وایە سەردانی هەموو ناوچەکانی هێزی قەرەداغ و برا پێشمەرگەکان بکەم و وابزانم لە سەرەتاوە دێمە بەتالیۆنی ئێوە تا بەیەکەوە سەردانی ناوچەکانی بەتالیۆنی چوار بکەین، بەڵام دیاری نەکردبوو چ ڕۆژێک دێ.

سیامەند عەزیز مێرگەسۆری بەبەردەوام بە زمانی ڕووسی لەبارەی ڕەیس کەمال نامەی بۆ من دەنارد، بۆیەش بە زمانی ڕووسی دەینووسی تا کەس نەزانێ ناوەرۆکی نامەکان چین. منیش لەبارەی ئەو ڕۆژەوە بۆم نووسی کە پێشوازیم لە ڕەیس کەمال موفتی کرد کە ئەو چۆن هەم خۆی و هەم هێزی قەرەداغی بە مردوو زانیوە و پێی وابووە مردوو زیندوو ناکرێتەوە.

ئێوارەیەکی درەنگ لە سەنگەرێکی پێشمەرگەی خۆمان لەسەر شاخی فەقیرە ئاگادار کرامەوە و گوتیان لە لای گوندی نەوتێیەوە دێن بەرەو بارەگای بەتالیۆن و گوتیان ڕەنگە ئەو هێزە سوپای عێراق بێت و لە شاخی گڵەزەردەوە هێرش بکاتە سەرمان، ئێمە چووین تا ڕێگایان لێ بگرین، بینیمان ئەوە ڕەیس کەمال موفتییە دەهاتە بارەگای بەتالیۆنمان لە گوندی دوکان بەبێ ئەوەی پێمان بڵێ کەی دێ. ئەو هێزێکی ٢٥٠ کەسی لەگەڵ بوو، ئەو هێزە ئەوانەبوون کە لەگەڵی چووبوونە ئێران، هەرهەمووی هێنابوون لەگەڵ خۆی. ئێمە چووینە مزگەوتی گوندی دوکان، بە ڕەئیس کەمالم گوت، تۆ ئەو هەموو پێشمەرگەیەت بۆ لەگەڵ خۆت هێناوە؟ لەکاتێکدا تەنیا دەتەوێ هێزەکانمان بەسەربکەیەوە، ئایا خەڵکی ئەو دێهاتانە دەتوانن نان بدەنە ئەو هەموو پێشمەرگەیە، بۆچی هەندێکیان نانێری بۆ بەرەکانی شەڕ کە ئێستا شۆڕش شەڕێکی سەخت لەگەڵ دوژمن دەکات. ڕەیس کەمال وەڵامی منی دایەوە و گوتی: من دەمەوێ هێزی خۆمان پێشانی گەلی کورد بدەم، منیش لە قسەکەی تێگەیشتم و بێ دەنگ بووم.

بڕیارماندا سەرەتا بچینە بارەگای لقی شارەزوور، دواتر ڕەیس کەماڵ بەجێهێشت و گەڕامەوە بۆ بارەگای بەتالیۆنی خۆم، لەوێ برووسکەیەکم بۆ بارەگای هەرسێ بەتالیۆنەکەی خۆمان نووسی و گوتم هەریەک لە ئێوە ٣٠ پێشمەرگە لەگەڵ سەرپەلێک بنێرە سەر شاخی فەقیرە و لەوێ چاوەڕوانی ئێمە بکەن و من و ڕەیس کەمال موفتی دەچینە ناوچەی شارەزوور. لە ڕێکەوتی ١٩٦٦/٥/٢٠ لەبارەگای بەتالیۆنەوە چووینە سەر شاخی فەقیرە کە گەیشتین هەموو پێشمەرگەکانی خۆمان لەوێ چاوەڕێیان دەکردین کە ژمارەیان ٩٣ پێشمەرگە بوون. ڕەیس کەمال لە منی پرسی ئەم هەموو پێشمەرگەیە لێرە چی دەکەن، منیش وەڵامم دایەوە و گوتم تۆ نەتگوت ئێمە هێزی شۆڕش پێشانی گەلی خۆمان دەدەین، منیش بۆیە ئەو هەموو پێشمەرگەیەم لێرە کۆکردووەتەوە، ئینجا ڕەیس کەمال موفتی بێ دەنگ بوو و هیچی نەگوت.

کاتێک چووینە بارەگای لقی ناوچەی شارەزوور، حەمەفەرەج هەڵەبجەیی لەوێ بوو کە سەرلقی ئەوێ بوو. ڕەیس کەمال موفتی بەتەنیا لەگەڵ ئەو کۆبووەوە و بەبێ ئەوەی بە من بڵێ. شەو لای حەمەفەرەج ماینەوە و بەیانییەکەی چووینە گوندەکانی دەشتی شارەزوور. بە ڕەیس کەمال موفتیم گوت تاکو لە ناوچەی ئێمەین، شەو لە هەر گوندێک مایتەوە چەند پاسەوانێک لەگەڵ خۆت ببە و پاراستنی ناو گوند و دەوروبەری گوندیش لەسەر ئێمە دەبێ، بە پێشمەرگەکانت بڵێ نابێ شەو بەناو گوندەکاندا بگەڕێن. ڕەیس کەمال قسەکانی منی بەدڵ نەبوو، بەڵام گوتی، باشە تا لە ناوچەی بەتالیۆنی ئێوە بین وا دەکەین.

دواتر چووینە ناوچەی لقی پێشمەرگەی ناوچەی بازیان و بارەگای لق لە گوندی داریکەلی بوو و غەفور مەئمی سەرلقی ناوچەی بازیان بوو، ملازم ڕەشید سندیش فەرماندەی هێزی ڕزگاری بوو، مەجید ڕۆستەم

چەرمەگایی سەرلقی هێزێکی ڕزگاری بوو. پێشمەرگەکانی مەجید ڕۆستەم چەرمەگایی هەموویان خزمی خۆی بوون. کاتێک ئێمە چووین، بیستمان مەجید ڕۆستەم بەقسەی تاخمە گەڕاوەکە یاخی بووە و شەڕی ملازم ڕەشید دەکات. ڕەیس کەمال موفتی بە منی گوت نامەیەک بۆ مەجید ڕۆستەم بنووسە با بۆ بەرژەوەندی کورد و خاکی کوردستان لەگەڵ ڕەشید سندی ڕێکبکەوێ. بە کەمال موفتیم گوت، ئێوە فەرماندەی هێزن، بۆچی خۆتان نامەکە نانووسن. ڕەیس کەمال گوتی: ئێوە کابرایەکی عەشایرن و مەجید ڕۆستەمیش عەشایرە، بۆیە ئەو بەقسەی ئێوە دەکات و هەروەها خەڵکیش ئێوە دەناسن کە چەند دڵسۆزن بۆ کوردایەتی و مەلا مستەفای بارزانی و ئەو زۆر ستایشی منی کرد. من دەمزانی ڕەیس کەمال ئەو هەموو قسەیە بۆیە دەکات تا من گومان نەخەمە سەر ئەو. نامەکەم نووسی بۆ هەریەک لە مەجید ڕۆستەم و حاجی برایم چەرمەگایی کە برا گەورەی مەجید ڕۆستەم بوو و دام بە ڕەیس کەمال، بەڵام دەمزانی ئەو نامەکەی من بۆ ئەوان نانێرێ.

گەڕاینەوە بارەگای لقی ناوچەی قەرەداغ لە گوندی (نەوتێ) و خالید ڕەباتی سەرلقی ئەوێ بوو. لەوێشەوە بڕیارماندا بچینە لقی شیوعییەکانی عێراق لە نزیک گوندی سێوسێنانی نزیک دەربەندیخان. دەربەندیخان لەبن دەستی حکومەتی عێراق بوو، سوپای عێراقیش سەربازگەیەکیان لەوێ هەبوو. ئێمە بەر لەوەی بچینە لای شیوعییەکان، چووینە گوندی سێوسێنان.

لەوێ بە ڕەیس کەمال موفتیم گوت: ئێوە گوتتان ئێمە هێزی خۆمان پێشانی گەل دەدەین، ئێستا ئێمە هێزێکی زۆری پێشمەرگەمان لەگەڵە و نزیکی سەربازگەی دوژمنیشین باشترین دەرفەتمان لەبەردەستە تا هێزی خۆمان باشتر پێشانی گەل بدەین و هێرش بکەینە سەر سەربازگەی دوژمن.

ڕەیس کەمال گوتی: با من سەردانەکەم تەواو بکەم، ئەوکات دەرفەتی

ئەوەمـان دەبـێ هێـرش بکەیـن.

پێـم گـوت: ئێمـە هەرگیـز ئـەو هەمـوو ژمـارە زۆرەی پێشـمەرگەمان لەبەردەسـت نابـێ و هەروەهـا مـن سـێ تـۆپ و چەندیـن گولـە تۆپـم هـەن و دەیانهێنیـن تۆپبـارانی سـەربازگەی دوژمنیـان پـێ دەکەیـن.

ڕەیـس کەمـال گوتـی: نامەیـەک بنێـرە بـا یەکێـک لـە تۆپـەکان لەگـەڵ چەنـد گولـە تۆپێـک بێنـن.

نامەیەکـم بـۆ عەریـف محەمـەد مۆریـاسی نـووسی کـە ئـەوکات تۆپچـی خۆمـان بـوو گوتـم، تۆپـەکان و هەرچـی گولـە تۆپـمان هەیـە بیهێنـن. عەریـف محەمـەد هەرسـێ تۆپەکـە و گولـە تۆپـەکانی هێنایـە گونـدی سێوسـێنان.

کاتێـک ڕەیـس کەمـال هەرسـێ تـۆپ و گولـە تۆپـەکانی بینـی پێـی گوتـم، عەزیـز قـازی مـن نەمگـوت تەنیـا یـەک تـۆپ و چەنـد گولـە تۆپێـک بێنـن، تـۆ بۆچـی سـێ تـۆپ و ئـەو هەمـوو گولـە تۆپـەت هێنـاوە.

گوتـم: تـۆ دەتـەوێ ئێمـە تۆپێـک لەسـەربازگەی دوژمـن بگریـن، ئینجـا دوژمـن تۆپبـارانی ئـەو گوندانـە بـکات و خەڵکـی بێتـاوان بکـوژێ و دەربـەدەر بـکات.

ڕەیـس کەمـال گوتـی: مـن و پێشـمەرگەکانم کـە ٢٥٠ پێشـمەرگەی هەمەدانی لەگـەڵ بـوو، دەڕۆیـن و سـەردانی بـارەگای حـزبی شـیوعی عێـراق دەکەیـن و ئێـوەش بـە دڵـی خۆتـان بکـەن. سـەید مەتـەر کە ئەفسـەرێکی پێشـووی سـوپای عێـراق بـوو و عـەرەب بـوو لـە بـارەگای حـزبی شـیوعی بـوو. ئـەوان هەموویـان ڕۆیشـتن و ئێمەیـان بەجێهێشـت.

هێـزی ئێمـە بەرانبـەر ئـەو هێـزەی لـە سـەربازگەکە بـوو زۆر کـەم بـوو. هەرسـێ تـۆپ و گولـە تۆپەکانمـان بـردە سـەر شـاخی گـوڵان بەرانبـەر بـە سـەربازگەی دەربەندیخـان و لـەوێ دەسـتمان بـە تۆپبـارانی سـەربازگەکە

کـرد. ئاگرێکـی زۆر لەنـاو سـەربازگەکە دیاربـوو و دواتـر بیسـتمان کـوژراو و برینداریـش هەبـووە. ئێمـە نەمانتـوانی هێـرش بکەینـە سـەر سـەربازگەکە، چونکـە ژمـارەی پێشـمەرگەکانمان زۆر نەبـوو.

بەیانی ڕەیـس کەمـال و هێزەکـەی گەڕانـەوە گونـدی سێوسـێنان، بـەڵام هیـچ پرسـیارێکی لەبـارەی تۆپبـارانی سـەربازگەکەی دەربەندیخـان نەکـرد. ئـەو بـە منـی گـوت کاک عەزیـز دەبـێ تـۆش لەگەڵـمان بێـی بـۆ ناوچـەی گەرمیـان تـا سـەردانی هـەردوو بەتالیـۆنی ٥ و ٩ بکەیـن. گوتـم مـن ناتوانـم بێـم، چونکـە بارودۆخـی ناوچەکـە زۆر ناخـۆش و ناسـکە. لـە ڕێکەوتـی ١٩٦٦/٦/٥ ڕەیـس کەمـال موفتـی دەگاتـە بـارەگای بەتالیـۆنی ٩ی هێـزی قـەرەداغ لـە گونـدی فەقـێ مسـتەفا و لـە هەمانکاتـدا عومـەر شـەریف و تـەواوی کارگێـڕانی لقـی ٣ی پارتیـمان کـە لقـی شـاری کەرکـووک بـوون دەگەنـە گونـدی فەقـێ مسـتەفا کـە بـارەگای بەتالیـۆنی ٩ی لێبـوو.

لەوکاتـەدا عەبـدوڵا بابـە عـەلی کـە لەنـاو شـۆڕش بـە (نالـە) ناسرابـوو و پێـش ئـەوەی دووبەرەکـی دروسـت بـێ بەرپـرسی ناوچـەی کفـری پارتیـمان بـوو. بـە تۆمـەتی سیخوڕیکردن بـۆ جاشـەکانی ٦٦ دەسـتگیر کرابوو. سـیامەند مێرگەسـۆری و عومـەر شـەریف بـە ڕەیـس کەمـال دەڵێـن: عەبـدوڵا بابـە عەلیـمان لەسـەر سـیخوڕی گرتـووە بـا بیکوژیـن. ڕەیـس کەمـال دەڵـێ مـن تـا سـەر ئـەو ڕووبـارە دەچـم و خـۆم دەشـۆم و تـا دەگەڕێمـەوە ئێـوەش نامەیـەک بنووسـن کـە بۆچـی عەبـدوڵا بابەعـەلی بکوژیـن و پاشـان هەمووـمان واژۆی لەسـەر دەکەیـن. ئـەو ڕۆیشـتبوو و هەمـوو چەکـدارەکانی خـۆشی لەگـەڵ خـۆی بردبـوو. ڕەیـس کەمـال لەسـەر ڕووبارەکـە پلانێـک دادەنـێ بۆئـەوەی سـیامەند و زێـڕۆ و عومـەر شـەریف هەمـوو ئەندامـانی لقـی سـێی پارتی دەسـتگیر بـکات. نهێنییـەک دادەنێ و دەڵـێ مـن هـەرکات گوتـم (ئەسـپی ڕەیـس کەمـال بەربـووە)، ئـەوا ئێـوە وەرن و هەموومـان دەسـگیربکەن. ئـەو دەگەڕێتـەوە لای سـیامەند مێرگەسـۆری

و عومەر شەریف و بەیەکەوە لەسەر گردێک لەژێر کەپرێک دادەنیشن. کاتێک دەڵێن ئەسپی ڕەیس کەمال بەربووە، هەندێک لە چەکدارەکان هێرش دەکەنە سەر ڕەیس کەمال و دەڵێن سەگباب دەبانچەکەت فڕێبدە، ئەوجا ڕەیس کەمال دەبانچەکەی دادەنێ و خۆی ڕادەست دەکات. دواتر سیامەند و عومەر شەریف و ئەوانی دیکەش دەگیرێن، ئینجا ڕەیس کەمال بە چەکدارەکانی دەڵێ دەست و پێیان ببەستن. تاهیر ئاکرەیی کە دەبینێ جەماعەت گیراون ڕادەکاتە لای بێتەلەکە تا برووسکەیەک بنێرێ، بەڵام دەیبینن و دەڕۆن بیگرن، ئەو خۆی فڕێ دەداتە باوەشی منداڵەکانی و دەڵێ بیکەنە خاتری منداڵەکانم مەمکوژن، بەڵام ئەوان لەباوەشی منداڵەکانی دەیکوژن. منداڵەکانی شەهید تاهیر (هاوسەری و دوو منداڵی بچووکی) چەند ڕۆژێک بوو لە شاری ئاکرێوە هاتبوونە لای. بەمجۆرە ڕەیس کەمال موفتی لە ڕێکەوتی ١٩٦٦/٦/٦ خیانەتی کرد و تاهیر ئاکرەییان کوشت و سیامەند مێرگەسۆری و مەلکۆ زێڕۆ و عومەر شەریف و هەموو کارگێڕانی لقی ٣ی پارتیمان دەستگیر دەکەن.

## گەیشتنی برووسکەیەک لە لقی ناوچەی شارەزوورەوە

لە لقی ناوچەی شارەزوور برووسکەیەکیان بۆ من کرد و گوتیان شەش پێشمەرگە ڕایانکردووە تا بچنە ناو جاشەکانی ٦٦. منیش برووسکەیەکم بۆ هەموو ناوچەکان کرد بۆ گرتنی ئەو شەش پێشمەرگەیە و وێنەیەکی برووسکەکەشم دا بە ڕەیس کەمال موفتی، چونکە من هێشتا نەمدەزانی کە ئەو خیانەتی کردووە. ڕەیس کەمال برووسکەی لە من وەرگرت و برووسکەی بۆ من کردەوە و گوتی هەر ئێستا بڕۆ بۆ بارەگای لقی شارەزوور و بزانە ئەو پێشمەرگانە بۆچی ڕایانکردووە. ڕەیس کەمال خیانەتی کردبوو و ویستی من بنێرێتە لای حەمەفەرەج هەڵەبجەیی تا لەوێ بمگرن.

دواتـر زانیـم حەمەفـەرەج هەڵەبجەیـی لەگـەڵ تاخمـە گەڕاوەکـە ڕێککەوتبـوو خیانـەت بـکات و ببێتـە جـاشی ٦٦.

لـە ڕێکەوتـی ١٩٦٦/٦/٦ چوومـە بـارەگای لقـی ناوچـەی شـارەزوور و تەنیـا سـێ پێشـمەرگەم لەگـەڵ خۆم بـرد (عەلی شـەریف کەرکووکی و حەبیب شـەریف کەرکووکـی کـە هەردووکیـان برابـوون، عەزیـز عەبدولڕەحـمان کەرکووکـی) کـە گەیشـتمە ئـەوێ حەمەفـەرەج هەڵەبجەیـی لـەوێ بـوو، ئـەو سـەرلقی ناوچـەی شـارەزوور بـوو. بـۆ ئێـوارە لـەو گونـدەی کـە بـارەگای لقـی لێبـوو، خەڵکـی گوندەکـەم کۆکـردەوە و لەسـەر بـانی مزگـەوت بـاسی خیانـەتی تاخمـە گەڕاوەکـە و چەکدارەکانـم بـۆ کـردن. لەپڕ کاتژمێـر ٩ی شـەو نامەیـەک بـۆ حەمـە فـەرەج هـات، بـەڵام حەمـە فـەرەج خوێنـدەواری نەبـوو. نووسـەرەکەی لەبـەر چراکـە نامـەی بـۆ حەمەفـەرەج خوێندبـووەوە و گەڕایـەوە لامـان لەسـەر بـانی مزگەوت، بینیـم ڕەنگـی زۆر تێکچـووە. پێـم گـوت ئـەو نامەیـە چـی بـوو کـە بـۆت هـات؟ حەمەفـەرەج گوتـی دایکـی ئـەو کەسـە ...کـە ئێمـەی فێـری کوردایـەتی کـرد. منیـش بـە حەمەفەرەجـم گـوت دایکـی خۆشـتان ...، چونکـە ئێـوەش چەنـد کەسـێکتان فێـری کوردایـەتی کـردووە.

حەمـە فـەرەج گوتـی نامەکـەم لـە لای ڕەیـس کەمـاڵ بـۆ هاتـووە و داوا دەکات هـەر ئێسـتا لەگـەڵ پەلێکـی پێشـمەرگە بچـم بـۆ بـارەگای هێـز. بـە حەمەفەرەجـم نەگـوت نامەکـە بـدات بـە مـن تـا بیخوێنمـەوە، بـەڵام پێمگـوت ڕەیـس کەمـاڵ ناماقوڵـی کـردووە بەبـێ ئـاگاداری مـن داوا لـە ئێـوە بـکات لەگـەڵ پێشـمەرگە بچیتـە بـارەگای هێـز. لـە دڵـی خـۆم گوتـم: ڕەنگـە ڕەیـس کەمـاڵ نامـەی بـۆ بەتالیۆنیـش نووسـیبێ و داوایکردبـێ حەمەفـەرەج لەگـەڵ پەلێکـی پێشـمەرگە بچێتـە بـارەگای هێـز لـە قـەرەداغ.

بـە حەمەفەرەجـم گـوت: بەیـانی ڕێکەوتـی ١٩٦٦/٦/٧ دەگەڕێمـەوە بـۆ بـارەگای بەتالیـۆن لـە گونـدی دوکان تـۆش لەگـەڵ پەلێکـی پێشـمەرگە وەرە بـۆ

ئـەوێ و برووسـکە بـۆ ڕەیـس کەمـال دەکـەم، تـا بزانـم بۆچـی داوای کـردووە تـۆ بچیتـە لای.

حەمەفـەرەج گوتـی: کاک عەزیـز بۆچـی مـن و تـۆ ئێسـتا بـە ئۆتۆمبێـل نەچینـە لای ڕەیـس کەمـال. گوتـم: هیـچ ناچـار نیـم بەمشـەوە بچمـە لای ڕەیـس کەمـال.

حەمەفـەرەج گوتـی: کاک عەزیـز منداڵەکانـم لـە سـلێمانییەوە هاتـوون و بەیـانی زوو دەیانێرمـەوە، ئێـوە لێـرە چـاوەڕوانی مـن بکـەن و بەیـانی زوو بەیەکـەوە دەچینـە بـارەگای بەتالیـۆن.

بـە حەمەفەرەجـم گـوت: ئەگـەر مـن لێـرە مامـەوە، ئـەوا بەیەکـەوە دەچیـن و ئەگـەر نەشـمامەوە تـۆ بەیـانی زوو وەرە بـارەگای بەتالیـۆن.

حەمەفـەرەج ڕۆیشـت، بـەڵام مـن دڵنیـا نەبـووم کـە منداڵـی هاتـوون یـان نـا، بۆیـە بـە هەرسـێ پێشـمەرگەکەمم گـوت، دەبـێ ئەمشـەو زۆر وریـا بیـن، شـتێک ڕوویـداوە، بـەڵام نازانـم چییـە کـە شـەو لەسـەر بـانی مزگـەوت بوویـن، نابـێ کـەس بزانـێ ئێمـە نەخەوتوویـن. بەیـانی کاتژمێـر ٦ی بەیـانی هەسـتاین و ڕۆیشـتن.

## گەڕانەوەمان بۆ بارەگای بەتالیۆن

ڕێکەوتـی ١٩٦٦/٦/٧ کاتژمێـر شـەشی بەیـانی ڕۆیشـتین کـە گەیشـتینە گونـدی سـولە لەسـەر شـاخی فەقیـرە، لاماندا ماڵـی شـێخ سـدیق و پێمان گوتـن نـان و دۆ، یـان نـان و ماسـتێکمان بدەینـێ، ئێمـە پەلەمانـە دەبـێ زوو بگەڕێینـەوە بـارەگای بەتالیـۆن. بەپەلـە نـان و دۆیێکـمان خـوارد و گەڕاینـەوە، نامەیەکـی دا بـە مـن کـە لـە لایـەن حاکـم فـاروق چەمچەماڵـی بـۆم نێردرابـوو، ئـەو لـە گوندێـک نامەکـەی نووسـیبوو و بـە نیشـتیمانپەروەرێکی کـورد بـۆ منـی

ناردبوو. حاکم فاروق محەمەد چەمچەماڵی[1] لە نامەکەدا نووسیبووی: کاک عەزیز قازی بۆ ئاگاداریتان ڕەیس کەمال موفتی خیانەتی کرد و سیامەند عەزیز مێرگەسۆری فەرماندەی بەتالیۆنی ٩ی هێزی قەرەداغ و مەلکۆ زێڕۆی یاریدەدەری سیامەند و عومەر شەریف لێپرسراوی لقی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەموو کارگێڕانی لقی ٣ی گرتوون و هێناونی بۆ بارەگای هێز و لەوێشەوە چووە بۆ گڵەزەردە و خۆی و هێزەکەی و ئەوانیشی ڕادەستی سەربازگەی گڵەزەردە کردووە.

ڕەیس کەمال برووسکەیەکی بۆ بارەگای بەتالیۆنی ئێمە کردبوو و گوتبووی هەر ئێستا وەرن بێتەلێکی ژمارە ٩ بۆ خۆتان ببەن و حاکم فاروقیش چووبوو بۆ ئەوێ. ڕەیس کەمال ئەم کارەی بۆیە کردبوو، تا ئێمە نەتوانین برووسکە بۆ سەرکردایەتی شۆڕش بکەین و لەو خیانەتەی کردوویەتی ئاگاداری بکەینەوە. من و حاکم فاروق محەمەد چووینە سەر بێتەلەکە تا برووسکە بکەین و ئێمە برووسکەمان بۆ بێتەلی هێزی خەبات کرد لە تەوێڵە و پێم گوت من عەزیز قازیم فەرماندەی بەتالیۆنی ٤ی هێزی قەرەداغ، ئەم برووسکەیەکم لێ وەربگرە، ئەویش گوتی تۆ کاک عەزیز نی و

(١)حاکم فاروق حاکمی بەتالیۆنی ٥ی هێزی قەرەداغ بوو، بەئیشی تایبەتی خۆی چووبووە بارەگای هێز. ڕەیس کەمال موفتی ئەویشی گرتبوو، بەڵام خزمێکی حاکم فاروق نایب زابت بوو و لەگەڵ ڕەیس کەمال بوو گوتبووی حاکم فاروق خزمی منە و ئەویش لەگەڵ ئێمەیە و بەمزوانە خۆی دێتە لامان، ئینجا حاکم فاروق ئازاد دەکەن. حاکم فاروق خۆی دەشارێتەوە و ڕادەکاتە گوندێکی نزیک بارەگای بەتالیۆنی خۆمان و لەوێ نامەکەی بۆ من نووسیبوو. ئەو نەیوێرابوو خۆی بێتە بارەگای بەتالیۆن و گوتبووی ڕەنگە عەزیز قازیش خیانەتی کردبێ یان گیرابێ، بەڵام دواتر زانیبووی کە من لەگەڵ ڕەیس کەمال خیانەتم نەکردووە، ئەوجا هاتبوو بۆ بارەگای بەتالیۆن کە من گەیشتمەوە بارەگای بەتالیۆن حاکم فاروق چەمچەماڵی لەوێ بوو.

جاشی ٦٦ی لێت وەرناگرم، چونکە بێتەڵەکان وشەی نهێنیان هەیە و ئێمەش وشەی نهێنیمان نەدەزانی.

نامەیەکم بۆ بارەگای سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی و مەکتەبی تەنفیزی سەرکردایەتی شۆڕش نووسی تا لە بێتەلی هێزی خەبات بینێرین. نامەکەم دا بە حاکم فاروق کە بیبات بۆ بارەگای هێزی خەبات لە تەوێڵە و بیارە. نامەیەکم بۆ کوێخای گوندێکی دەشتی شارەزوور نارد و بۆم نووسی کە بە ئۆتۆمبێل بێ یان بە تراکتۆر هەرچۆنێک بووە حاکم فاروق بگەیەننە بارەگای هێزی خەبات. هەروەها نامەکەم بۆ بارەگای سەرۆک بەمشێوەیە نووسی سەبارەت بە خیانەتی ڕەیس کەمال موفتی:

**بۆ/ بارەگای سەرۆک بارزانی/ مەکتەبی تەنفیزی هێزەکانی کوردستان**

**لە عەزیز قازی فەرماندەی بەتالیۆنی چواری هێزی قەرەداغەوە**

بۆ ئاگاداریتان لە ڕێکەوتی ١٩٦٦/٦/٦ ڕەیس کەمال موفتی فەرماندەی هێزی قەرەداغ خیانەتی کرد و سیامەند عەزیز مێرگەسۆری فەرماندەی بەتالیۆنی ٩ی هێزی قەرەداغ و مەلکۆ زێڕۆ و عومەر شەریف و کارگێڕانی لقی ٣ی پارتیمانی گرتوون و لەگەڵ خۆی بردوونی بۆ سەربازگەی سوپای عێراق. دواتر بیستمان کە سیامەند عەزیز مێرگەسۆری و مەلکۆ زێڕۆ و عومەر شەریف و کارگێڕانی لقی ٣ی پارتیمانیان ڕادەستی حاجی ئیبراهیم چەرمەگا دەکەن، بۆئەوەی لەوێ بیانکوژێ. دواتر حاجی ئیبراهیم (سیامەند و مەلکۆ و عومەر شەریف) دەکوژێ. بەر لەوەی ئەوان بکوژرێن، نامەیەکم بۆ حاجی ئیبراهیم و مەجید ڕۆستەم نووسی پێم گوتن ئێوە دەتوانن پیاوەتییەک بکەن و ئەوان هەموویان ببەن بۆ لای سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕش، ئەوکات ئەو هەڵوێستەی ئێوە هەرگیز لەبیر ناکرێ، بەڵام ئەگەر بیانکوژن، ئەوا دەبێتە مایەی دوژمنداری لەنێوان

ئێوە و شۆڕش و بارزانییەکان و دوای ئێوە خزمەکانیشتان دەکوژرێن، بەڵام بەداخەوە بەگوێی منیان نەکرد و ئەوانی کوشت و دواتر خۆشیان هەموو تیاچوون.

کاتێک حاکم فاروق محەمەد چەمچەماڵیم ناردە بارەگای هێزی قەرەداغ. دواتر لەگەڵ دوو پێشمەرگە (حەبیب شەریف کەرکووکی و عەبدولڕەحمان شەریف کەرکووکی) چووین بۆ لقی ١٠ی شیوعییەکان، بۆئەوەی خۆیان بۆ شەڕکردن لەگەڵ جاشەکانی ٦٦ ئامادەبکەن کە چووین سەید مەتەری سەرلقی شیوعییەکان لەوێ نەبوو. ئەوانەی لەوێ بوون بە منیان گوت ئەوە کێشەی ناوخۆی پارتییە و ئێمە نایێنە ناو کێشەکە، بەڵام ئەگەر هەر جۆرە یارمەتییەکی دیکەتان پێویستە، ئێمە ئامادەین بۆ هاوکاریکردنتان. پێم گوتن لەگەڵمان وەرن بۆ گواستنەوەی بارەگای هێز، چونکە دەزانم جاشەکانی ٦٦ بەهاوکاری حکومەتی عێراق هێرش دەکەنە سەرمان. نزیکەی ٣٠ پێشمەرگەی شیوعیمان لەگەڵ هات و چووین کەلوپەل و تەقەمەنی و ئەو سێ تۆپەی هەمانبوو هەموویمان نارده بارەگای حزبی شیوعی.

ملازم ئەحمەد لاو کە یاریدەدەری ڕەیس کەمال موفتی بوو، بەڵام لەبەرئەوەی نەبووە جاش، ڕەیس کەمال خستبوویە ژوورێک و دەرگای لەسەر داخستبوو، دەرگاکەم شکاند و ملازم ئەحمەد لاوم ڕزگارکرد و ناردمە بارەگای بەتالیۆنی ٥ی هێزی قەرەداغ، بۆئەوەی ئەوان خۆیان بۆ شەڕ ئامادە بکەن و نامەیەکیشم بە ملازم ئەحمەد بۆ ناردن و بۆم نووسین لە هەموو ڕووداوێک کە ڕوودەدا پەیوەندیتان لەگەڵ من هەبێ. عەریف حەمید بەرواری فەرماندەی بەتالیۆنی ٥ی هێزی قەرەداغ لەگەڵ هێزێک چووبوو بۆ یارمەتیدانی هێزی ڕزگاری، چونکە جاشەکانی ٦٦ بەهاوکاری حکومەتی عێراق هێرشیان کردبووە سەر ناوچەی هێزی ڕزگاری.

کاتێک کەلوپەلی بەتالیۆنەکەمان گواستەوە بارەگای حزبی شیوعی، لەگەڵ

هەردوو پێشمەرگەکە چووم بۆ لقی ناوچەی قەرەداغ، تا خۆیان بۆ شەڕ ئامادە بکەن و لەسەر ڕێگای خۆم لامدا گوندی چەمی سمور لە خوارەوەی قەرەداغ، بەڵکو بەپەلە شتێک بخۆین و خۆمان بگەیەنینە لقی قەرەداغ. بە عەزیز عەبدولڕەحمان شەریفم گوت بڕۆ سەر ئەم گردە و لەوێ پاسەوان بە، تا شتێکمان بۆ ئامادەدەکەن بیخۆین. ئەو بە ڕاکردن هاتەوە لامان و گوتی هێزێکی زۆری جاشەکانی ٦٦ لەو چەمەوە بەرەو بارەگای بەتالیۆن و گوندی سێوسێنان چوونە خوارەوە، ئەگەری هەیە بێنە ئەم گوندەش. ئێمە لە گوندەکە هیچمان نەخوارد و ڕۆیشتین.

ئەوکاتەی کەلوپەلەکەم دەگواستەوە، هێشتا لەبارەگای هێز بووم، نامەیەکی شێخ محەمەد عەبدولکەریم کەربچنەییم بۆ هات و نووسیبووی من ئامادەم هاوکاریتان بکەم و بۆم بنووسە کە لەکوێ دەبی، بەڵام بۆم نەنووسی لەکوێ دەبین، لەبری ئەوە بۆم نووسی هەرکاتێک پێویستیمان بە هاوکاریت هەبوو، ئاگادارت دەکەینەوە، چونکە من بڕوام بە ئەو نەدەکرد. دواتر زانیم لەوکاتەی شێخ محەمەد نامەکەی نووسیبوو، جاشەکانی ٦٦ لەماڵی ئەو بوون و ئەو بۆیە وای نووسیبوو، تا بزانن من لەکوێم و هێرش بکەنە سەرمان.

کاتێک گەیشتمە بارەگای لقی ناوچەی قەرەداغ، ئەوان هێشتا نەیان زانیبوو کە ڕەیس کەمال موفتی خیانەتی کردووە. کاتێک لەگەڵ خالید ڕەباتی خەریکی قسەکردن بووین، ٨ پێشمەرگەی لقی ناوچەی لقی بازیان هاتنە لامان کە سەر بە پەلی خورشید یوسف بارزانی بوون. گوتیان جاشەکانی ٦٦ بارەگای لقی ئێمەیان گرت و هەموو پێشمەرگەکان بوونە جاش، تەنیا غەفور مەنمی ویستبووی شەڕبکات، بەڵام پێشمەرگەکان ئەویان گرتبوو. پێشمەرگەکان گوتیان تەنیا ئێمە لە سەنگەرێکدا شەڕمان لەگەڵ جاشەکاندا کرد، بەڵام دواتر فیشەکمان نەما و سەنگەرمان چۆڵکرد و هاتینە

لای ئێوە. خورشید یوسف بارزانی لەگەڵ ئێمە بوو، بەڵام نەیتوانی لەگەڵ ئێمە ڕابکات و نازانین چی بەسەرهات، کوژراوە یان گیراوە، یان خۆی لە شوێنێکدا شاردووەتەوە. لە لقی ناوچەی شارەزوور هەموو پێشمەرگەکان و حەمەفەرەج بەرزنجەییش بوونە جاش.

بە خالید ڕەباتیم گوت، ئێوە لێرە بن لە بارەگای لق کە لە گوندی نەوتێ بوو، منیش لەگەڵ ئەو پێشمەرگانە دەچین شاخی پشت گوندی نەوتێ دەگرین، نەوەک جاش لەوێوە پشتمان لێ بگرن و ئاگاشمان لەیەک دەبێ. چوومە شاخی نێوان شارەزوور و قەرەداغ و لەوێ نامەیەکم بۆ پێشمەرگەکانی بارەگای بەتالیۆن نووسی و پێم گوتن کەلوپەلەکانتان ببەنە ئەو ماڵانەی گوندی دوکان و هەرچی فیشەک و تەقەمەنی هەیە بیهێنن و وەرنە لام، من لەسەر شاخی نێوان شارەزوور و قەرەداغم. پێشمەرگەکان هەموویان هاتنە لام، تەنیا عەریف جەباری گەرمیانی نەبێ کە یاریدەدەری من بوو لە بەتالیۆنی چوار. پێشمەرگەکان بە منیان گوت، کاتێک ئێوە چوونە لقی شیوعیەکان، عەریف جەباری و عەلی شەریف کەرکووکی هاتنە لاتان و نازانین چیان بەسەرهاتووە.

خالید ڕەباتی پێشمەرگەیەکی ناردە لام کە خوشکەزای خۆی بوو، بە منی گوت خاڵم گوتی کە ئێوە وریای خۆتان بن، چونکە هەموو سەرپەل و پێشمەرگەکان بوونەتە جاش. ئەو گوتی خالیدی خاڵم دەستبەسەرە و گرتوویانە، بۆیە ئەو بە دزی بە منی گوت کە ئاگادارتان بکەمەوە. لەپڕ هێزێکی جاشان هێرشیان کردە سەرمان، بەڵام ئێمە فیشەکی زۆرمان پێ بوو، توانیمان بەرگری لەخۆمان بکەین تا تاریک داهات، ئینجا لە نزیک عەربەت لە ڕووباری تانجەڕۆ پەڕینەوە و بۆ بەیانی گەیشتینە بەرزنجە. پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی ئێمە کە ژمارەیان ٥٠٠ کەس دەبوو جگە لە ٢٥ کەسیان کە لەگەڵ من مانەوە، ئەوانەی دیکە هەر هەموویان بوون بە

جاش.

سەبارەت بە لقی شارەزووریش ڕەیس کەمال بۆیە برووسکەی بۆ من کردبوو تا بچمە لقی شارەزوور، بەڵکو حەمەفەرەج یان بمکوژێ یان بمگرێ، ئەوانیش بە درۆ برووسکەیان بۆ من کردبوو کە شەش پێشمەرگە ڕایانکردووە و دەیانەوێ خۆیان ڕادەستی حکومەت بکەن. هەروەها ڕەیس کەمال نامەی بۆ حەمەفەرەج نووسیبوو، یان من بمگرێ یان بمکوژێ، بەڵام ئەو کە نەیتوانی ئەو کارە بکات، ئینجا هەوڵیدا، من بباتە لای ڕەیس کەمال، تا ئەو خۆی ئەو کارە بکات.

کاتێک گەیشتمە بەرزنجە، برووسکەیەکم بۆ مەکتەبی تەنفیزی بارەگای سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی و عەبدولوەهاب ئەتروشی فەرماندەی هێزی خەبات کرد. لەبەرزنجە ٢٥ پێشمەرگە و ئەوەی لە هێزەکە مابوویەوە بوونە جاشی ٦٦. تەنیا ٢٥ پێشمەرگەم لەگەڵ مابوون و فەتاح حەمە ئاغا کە سەرلقی ناوچەی بەرزنجە بوو لە هێزی خەبات پێشوازی لە ئێمە کرد.

برووسکەی عەبدولوەهاب ئەتروشی بۆ من و فەتاح ئاغای سەرلقی ناوچەی بەرزنجە

عەبدولوەهاب ئەتروشی لە برووسکەیەکدا دەڵێ بڕیارماندا هێرش بکەین بۆ گرتنەوەی ناوچەی هێزی قەرەداغ و ناوچەکە لەدەستی جاشەکان ڕزگار بکەین. گوتی بەتالیۆنێکی خۆمان لە تەوێڵەیە و بڕیارە لە دوو بەرە هێرش بەرەو ناوچەی قەرەداغ ببەن:

- هێزێکمان لە دەریاچەی دەربەندیخان بپەڕێتەوە بۆ دەشتی شارەزوور.
- هێزێکمان لە چیای بەمۆ و زمناکۆ دەچن لە ڕووباری سیروان دەپەڕنەوە بەرەو ناوچەی قەرەداغ، ئێوەش لە بەرزنجەوە بەرەو ناوچەی شارەزوور هێرش دەکەن و لەوێ دەچنە شاخی فەقیرە و هەموو هێزەکانمان لەوێ یەک دەگرنەوە. هەروەها عەبدولوەهاب گوتی هێزی ڕزگاری و هێزی

دەشتی هەولێر هێرش دەکەنە سەر ناوچەی بازیان و سەنگاو.

بڕیاردرا لە شەوی ١٢/١١-٦-١٩٦٦ لە هەموو لایێکەوە و بەیەکەوە هێرش دەسپێبکرێ. من و فەتاح حەمە ئاغا لە هەمان شەو لە بەرزنجەوە چووینە سەر ڕووباری تانجەڕۆ لە دەشتی شارەزوور لەنێوان سەید سادق و شارەدێی عەربەت. لەوێ دارێکی زۆری ئەسپیندار (چنار)ی لێ بوو و لەوێ ماینەوە تا شەوی داهاتوو هێرش بکەینە سەر شاخی فەقیرە و شاخی گڵەزەردە، چونکە بە ڕۆژ لەبەر بۆمبارانی فڕۆکە نەماندەتوانی لە دەشتی شارەزوور ڕێ بکەین. لەوێ نامەیەکم بۆ حاجی مەحموود گەلاڵی کە لە دەشتی شارەزوور بوو، نووسی کە هەندێک خواردنمان بۆ بنێرێ بۆ نانی نیوەڕۆ. هەروەها نامەیەکیشم بۆ سەرحەد خەلیفە یونس نووسی بۆ ئەوەی شوێنی جاشەکانی ٦٦مان بۆ ئاشکرا بکات.

حاجی مەحموود گەلاڵی دوو حەیوانی کوشتبووەوە و گۆشتەکەیان کوڵاندبوو لەگەڵ نانێکی زۆر بۆ ئێمەی نارد. سەرحەد خەلیفە یونسیش وەڵامی دامەوە و نووسیبووی جاشەکانی ٦٦ هەموویان لەدەشتی شارەزوور کشانەوە بۆ ناوچەی قەرەداغ. هەروەها نووسیبووی، هێزێکی پێشمەرگەی ناوچەی تەوێڵە و بیارە هێرشیان کردبوو تا ناوچەی شارەزوور بگرن، لە دوای شەڕێکی کەم ئەوانەی لێرەبوون کشانەوە ناوچەی بەرزنجە. ئینجا فەتاح حەمە ئەمین ئاغا بە منی گوت، نامەوێ هێرش بکەین بۆ گرتنی شاخی فەقیرە و شاخی گڵەزەردە و دەگەڕێینەوە بۆ بەرزنجە. پێم گوت بۆچی لە بەرزنجەوە لەگەڵمان هاتی بۆ ئێرە و ئێستاش دەڵێی دەگەڕێمەوە بەرزنجە؟ گوتی: نامەوێ پێشمەرگەکانم لەم دەشتە بە کوشت بدەم، منیش تەنیا ٢٥ پێشمەرگەم لەگەڵ بوو، بەو ژمارەیەش نەماندەتوانی هێرشەکە بکەین، بۆیە بەناچاری گەڕاینەوە بەرزنجە.

## گەڕانەوەمان بۆ بەرزنجە

لەنـاو دار ئەسـپینداره‌کان چووینـه گوندێـک کـه لەسـەر ڕێـگای گشـتی بـوو کـه بـۆ بەرزنجـه دەڕۆیشـت. لـەوێ ماینـەوه تـا ئێـوارەی ١٩٦٦/٦/١٣ ویسـتمان بەچەنـد ئۆتۆمبێلێـک بگەڕێینـەوه بەرزنجـە. لـەوێ دوو فڕۆکـەی مێکـی جەنگـی عێراقـی ئێمەیـان بۆمبـاران کـرد و پێشـمەرگەیەکی فەتـاح ئاغـا شـەهید بـوو و غەریـب ماوەییـش[1] بەهـۆی بەرکەوتنـی مووشـەکێکی فڕۆکـە قاچێکـی لـە ئەژنـۆوه پـەڕی و نەماندۆزییـەوه.

## چوونـم بـۆ لای عەبدولوەهـاب ئەتروشیی فەرمانـدەی هێـزی خەبـات لـە بیاره

دوای گەڕانەوەمـان بـۆ بەرزنجـە، عەبدولوەهـاب ئەتـروشی برووسـکەیەکی بـۆ کـردم و گوتـی کاک عەزیـز دەبـێ هـەر ئێسـتا خـۆت و پێشـمەرگەکانت بێنـە تەوێڵـە و بیـارە. کاتێـک گەیشـتینە بیـارە عەبدولوەهـاب هاتـە لامـان و پێـی گوتـم کاک عەزیـز بـە فەرمانـی سـەرۆک مـەلا مستەفا بـارزانی، عەریـف جـەلال عەبـدوڵا[2] کـراوە بـە فەرمانـدەی بەتالیـۆنی ٤ و ئێـوەش کراونەتـە جێگـری ئـەو.

---

(١)غەریـب ماوەیـی، یاریـدەدەری فەتـاح ئاغـا بـوو لـە لقـی پێشـمەرگەی ناوچـەی بەرزنجـە و هاوسـەرەکە لەسـلێمانییەوە بـە سـەردان هاتبـووە لای غەریـب مـاوەتی مێـردی. کاتێـک ئێمـە بڕیارمانـدا هێـرش بـۆ ناوچـەی شـارەزوور و قـەرەداغ بکەیـن، هاوسـەری غەریـب مـاوەتی هاتـە لای فەتـاح ئاغـا و داوای لێکـرد گوتـی کاک فەتـاح ئاغـا تکایـە ئەمجـارە غەریـب لەگـەڵ خۆتـان مەبـەن، مـن ئەمـڕۆ لـە سـلێمانییەوە هاتـووم و دوو ڕۆژی دیکـە دەگەڕێمـەوە سـلێمانی بـا ئـەوکات غەریـب بێتـە لای ئێـوە، فەتـاح ئاغـا گوتـی غەریـب دەبـێ ئێسـتا لەگەڵـمان بـێ. ئەوەبـوو غەریـب قاچێکـی لەدەسـت دا. کاتێـک گەڕاینـەوە بەرزنجـە، غەریبـمان بـە دارەبازێـک نـارد بـۆ ئێـران بـۆ چارەسـەرکردنی.

(٢)پێشـتر عەریـف جـەلال عەبـدوڵا لـە ناوچـەی دوزخورماتـوو سـەرلق بـوو، بـەڵام لـە ئاژاوەکـەی پێشـتری مەکتـەبی سیاسی لەگـەڵ ئـەوان بـوو، بۆیـە لـە سـەرلقی دەرکرا. پێـش دەسپێکردنی شـۆڕشی مـەزنی ئەیلـول لـە ساڵی ١٩٦١، عەریـف جـەلال لای عەبدولوەهـاب

گوتم لاریم نییە و من پێشمەرگەی کوردستانم و پیرۆزبایی لە عەریف جەلال عەبدوڵا دەکەم. دواتر زانیم عەبدولوەهاب ئەتروشی درۆی لەگەڵ کردووم و خۆی برووسکەی بۆ سەرۆک بارزانی کردووە کە عەریف جەلال عەبدوڵا لەجێگای من بکرێتە فەرماندەی بەتالیۆن.

## هێرشکردن بۆ گرتنەوەی ناوچەی هێزی قەرەداغ

کاتێک ئێمە چووینە تەوێڵە و بیارە، بینیمان لقەکەی حزبی شیوعیش هاتوونەتە ئەو ناوچەیە. ئێمە لە بیارەوە چووینە ناوچەی شەمێرانی نزیک شاری هەڵەبجە و لەوێ ئێمە و شیوعییەکان بووین بە یەک هێز بۆ هێرشکردنە سەر ناوچەی قەرەداغ. هەرچەندبوو عەریف جەلال عەبدوڵا بە فەرماندەی بەتالیۆنی چوار دانرابوو، بەڵام هەر من سەرکردایەتی هێزەکەم دەکرد. بڕیاردرا کە لە شەوی ٩/٨-٧-١٩٦٦ بە بەلەمێک لە بەنداوی دەربەندیخان بپەڕمەوە ئەوبەری دەشتی شارەزوور و لەوێ بچمە گوندەکانی ئەوێ و بزانم هێزی جاشەکانی ٦٦ لەکوێن و ژمارەیان چەندە. کاتێک پەڕیمەوە و چوومە گوندێک، خەڵکی گوندەکە منیان دەناسی، چونکە سەر بە بەتالیۆنی ٤ بووم. من لە لێپرسراوی گوندەکەم پرسی جاشەکان لەکوێن و ژمارەیان چەندە. ئەو گوتی ئێرە جاشی لێ نەماوە و هەموویان کشاونەتەوە و گوندەکانی دەشتی شارەزووریان بەرەو قەرەداغ بەجێهێشتووە.

بڕیاردرا بە سەرکردایەتی عەبدولوەهاب ئەتروشی هێرشەکە دەستپێبکرێ و خاڵ سۆرانی و جەمال نامیقیش کە هەردووکیان فەرماندەی بەتالیۆن بوون لە هێزی خەبات لە ناوچەی هەڵەبجە و بیارە، بڕیاردرا ئەوانیش لە هێرشەکە بەشداربن بۆ گرتنەوەی ناوچەی قەرەداغ. هەروەها بڕیاروابوو

ئەتروشی پۆلیس بوو، بۆیە عەبدولوەهاب دەیەویست لە بەرژەوەندی خۆی ئەو ببێ بە فەرماندەی بەتالیۆن.

لە شەوی ۸/۹-۷-۱۹٦٦ بەتالیۆنی ٥ی هێزی قەرەداغ کە عەریف حەمید بەرواری فەرماندەی بەتالیۆن بوو لەگەڵ هێزێکی دەشتی هەولێر و هێزێکی هێزی ڕزگاری هێرش بکەنە سەر ناوچەی بازیان و سەنگاو. لە شەوی ۸/۹-۷-۱۹٦٦ ئێمە لەگەڵ هێزی شیوعییەکان لە بەنداوی دەربەندیخان بەرەو دەشتی شارەزوور پەڕینەوە و دوای ئێمەش حەمە شەمێرانی و قالە سوور کە هەردووکیان سەرلق بوون لە هێزی خەبات ئەوانیش پەڕینەوە و فەرماندەی بەتالیۆنەکەشمان کە عەریف جەلال عەبدوڵا بوو، ئەویشمان لەگەڵ بوو، بەڵام عەبدولوەهاب ئەتروشی و خاڵ سۆران و جەمال نامیق لەوبەری بەنداوەکە لەگوندێکی ناوچەی شەمێران مانەوە. بۆ بەیانی ڕێکەوتی ۱۹٦٦/۷/۹ لەکاتژمێر نۆی بەیانی ئێمە گەیشتینە گوندی قلینجە لەدەشتی شارەزوور لە نزیک ڕێگای گشتی نێوان عەربەت و دەربەندیخان. من و عەریف عەبدوڵا لە ماڵی ڕەئوف بەگی قلیجە بووین، پێشمەرگەیەکی خۆم هات و بانگی کردم و گوتی هاونیشتیمانییەکی گوندی قلیجە دەیەوێ تۆ ببینێ، بەڵام نابێ کەس بزانێ و ببینێ. ئەوجا من چووم بۆ لای و پێی گوتم، هەندێک جاش وا لە گوندی ئەحمەد ئاوان لەگەڵ عەلی گەلاڵی، گوندی ئەحمەد ئاوا ڕێگای نیو کاتژمێر لە گوندی قلیجە دووربوو. هاونیشتیمانییەکە پێی گوتم، نابێ ڕەئوف بەگ و عەریف بزانن کە من ئەوەم بە ئێوە گوتووە، چونکە ئەوان هەردووکیان لەبنەوە پەیوەندییان هەیە لەگەڵ جاشەکانی ٦٦. چووم ئەمەم بە عەبدولوەهاب ئەتروشی و عەریف جەلال گوت کە من بیستوومە جاش لە گوندی ئەحمەدئاوان. ئەوان گوتیان: ئەحمەدئاوا لێرە زۆر دوورە و بە پیادە بڕۆی ۳ کاتژمێر دەبێ، گوتم، نەخێر تەنیا ۳۰-٤۰ خولەک دەبێ. عەریف جەلال گوتی درۆیە جاش لە گوندی ئەحمەدئاوە نین، ئەوێش زۆر دوورە پێویست ناکا بچین. بانگی عەلی ڕەشم کرد و پێم گوت: جاش لە گوندی ئەحمەدئاوان با

بچیـن و هێـرش بکەینـە سـەریان، عـەلی ڕەش سـەرپەلی لقـی شـیوعییەکانی عێراق بـوو، مـن دەمنـاسی کوردێکـی دڵسـۆزبوو. تـازەش خورشـید یوسـف بـارزانی گەڕابـووەوە لام، بـە خورشـید یوسـفم گـوت، تـۆ لەگـەڵ چەنـد پێشـمەرگەیەک لێـرە بـە، مـن و عـەلی ڕەش دەچیـن هێـرش دەکەینـە سـەر پـەلی جاشـەکانی عـەلی گەلاڵـی.

لەسـەر شـاخەکەی گونـدی قلیجـە چوویـن بـۆ ئـەو شـاخەی پشـتی گونـدی ئەحمەدئـاوا و لـە هەمـان کات هێـزی حەمـە شـەمێرانی و قـال سـوور دەهاتن بۆ گونـدی ئەحمەدئـاوا، جاشـەکان هاتـن تـا شـاخەکان بگـرن. لەسـەر شـاخەکەوە دەسـتمان بـە تەقـە کرد و ئـەوان لـە دوو لاوە ئابلۆقـە دران. پێشـمەرگەیەکی من کـە عەزیـز عەبدولڕەحـمان کەرکووکـی بـوو هـاواری کـرد عەزیـز قـازی لێرەیـە چەکەکانتـان فـڕێ دەن، ئـەو ناتـان کـوژێ. کاتێـک عـەلی گەلاڵـی زانی منـم و منیـش دیـل ناکـوژم، بانگـی کـردم گوتـی کاک عەزیـز قـازی تەقـە مەکـەن، ئێمـە خۆمـان دەدەیـن بەدەسـتەوە، ئینجـا چەکەکانیـان دانـا و خۆیـان بەدەسـتەوە دا، بـەڵام چـوار لـەوان بـەرەو ئاراسـتەی شـاری دەربەندیخـان ڕایانکـرد، تەقەمـان لێیـان کـرد و یەکێکیـان پێکـرا و کـەوت و سـێیان بـەرەو دەربەندیخـان ڕایانکـرد. ئـەو سـێیەی ڕایانکـرد دەرچـوون، بـەڵام ئـەوەی گولـەی بەرکەوتبـوو نەیتـوانی بـڕوا، کاتێـک پێشـمەرگەیەکی ئێمـە گەیشـتبووە سـەری، پێگوتبـوو بـا عەزیـز قـازی بێتـە لام ئـەو مـن دەناسـێ، بەڵکـو چارەسـەرێکم بـۆ بدۆزێتـەوە و نەمـرم. چـووم و بردمـە سـەر کانی گونـدی ئەحمـەد ئـاوا و ویسـتم بـۆ چارەسـەر بینێرمـە تەوێڵـە، بـەڵام لـەوێ مـرد، چونکـە برینەکـەی زۆر قـورس بـوو.

ئەوکاتـەی ئێمـە دەرچوویـن تـا هێـرش بکەینـە سـەر ئـەو جاشـانەی لـە گونـدی ئەحمـەد ئـاوا بـوون، عەریـف جـەلال عەبـدوڵا (بـە گاڵتەپێکردنـەوە) گوتبـووی ئێسـتا عەزیـز قـازی دنیـا خـراپ دەکات. ئـەو لەگـەڵ ڕەئـوف بـەگ و مەحمـوود ڕەئـوف بـەگ دانیشـتبوو و تـازە ببـووە فەرمانـدەی بەتالیـۆن و خـۆی

بە دونیا نەدەدا.

دیلەکانم لەگەڵ خۆم بردنە گوندی قلیجە بە خورشید بارزانیم گوت کە نانت خوارد، بڕۆ شاخی نێوان گوندی قلیجە و ڕێگای گشتی بگرە، ڕەنگە جاش لە سلێمانی و دەربەندیخانەوە بێن و ئەو شاخەمان لێ بگرن. لە گوندی قلیجە نامەیەکم بۆ عەبدولوەهاب ئەتروشی نووسی و دیلەکانم ناردە لای و لەنامەکەدا نووسیم عەلی گەلاڵی بەند نەکەن و دڵیشی نەشکێنن لەبەر دڵی خێڵی گەلاڵی، چونکە خێڵی گەلاڵی هەموویان دڵسۆزی گەل و نیشتیمانن. دیلەکانم بە چەند پێشمەرگەیەک ڕەوانکرد بۆ فەرماندەی هێزی خەبات. نانیان بۆ دانام، لەپڕ جاشەکانی ٦٦ لە سلێمانی و دەربەندیخانەوە هێرشیان کرد بە ئۆتۆمبێلی سوپای عێراق. وازم لە نان خواردن هێنا و نانێکم لەگەڵ خۆم برد و ڕۆیشتم تا بەشداری لە شەڕەکەدا بکەم.

## برینداربوونی چاوی ڕاستم

کاتێک گەیشتمە لای پێشمەرگەکان، شەڕ لەنێوان ئێمە و جاشەکان دەستی پێکرد. عەلی ڕەش کە سەرپەلی لقی ١٠ شیوعی بوو پێی گوتم، کاک عەزیز قازی جاشەکان ئەو سەری شاخەکەیان لێمان گرتووە. ویستم بچمە ئەوێ، بەڵکو پشتیان لێبگرین و ئابلۆقەیان بدەین. عەلی ڕەش گوتی کاک عەزیز نەچی، دەتکوژن، چونکە زۆر لێمان نزیکن، بەگوێی عەلی ڕەشم نەکرد و ڕۆیشتم، عەزیز عەبدولڕەحمان کەرکووکی کە پێشمەرگەی من بوو، ئەویش لە پشت من هات. کاتێک گەیشتمە سەر شاخەکە و دەستیان کرد بە تەقەکردن، خۆم خستە پشت بەردێکی گەورە و بە عەزیز عەبدولڕەحمانم گوت تۆ نەیە لای من دەتکوژن. کاتێک تەقە تەواو بوو، ویستم بە دووربین تەماشا بکەم تا بزانم لەکوێوە تەقەم لێ کرا. سەرم لە پشت بەردەکە دەرهێنا و دووبارە تەقەیان لێمکرد و برینداربووم

و خوێـن لەچـاوم هاتـە خـوارەوە، خوێنەکـەم پاککـردەوە، دوای ئـەوە بـە چـاوی ڕاسـتم هیچـم نەدیـت، زانیـم ئـەو چـاوەم لەدەسـت دا. بـە عەزیـز عەبدولڕەحمانـم گـوت، برینداربـووم، تـۆ تەقـە بکـە تـا بتوانـم بکشـێمەوە دواوە. عەزیـز دەسـتی بـە تەقـە کـرد و منیـش کشـامەوە دواوە، ئـەو کـە بینـی مـن چاوێکـم لەدەسـتداوە دەسـتی بـە گریـان کـرد. خورشـید یوسـف بـارزانی و کەریـم عەبـدوڵا شـنۆیی ویسـتیان بێنـە لای مـن، خـۆم لێیـان تووڕەکـرد و گوتـم تەقـە بکـەن و سـەنگەر چـۆڵ نەکـەن. ئـەم شـەڕە خوێناوییـە بـوو کەچـی عەریـف جـەلال عەبـدوڵای فەرمانـدەی بەتالیـۆن لـە ماڵـی مەحمـوود بـەگ دانیشـتبوو و بەشـداری شـەڕەکەی نەکـرد. دواتـر حەمـە شـەمێرانی و قـال سـوور کـە هەردووکیـان سـەرلقی هێـزی خەبـات بـوون هاتـن و حەمـە شـەمێرانی کـە بینـی مـن چاوێکـم لەدەسـتداوە، ئەویـش دەسـتی کـرد بـە گریـان. گوتـم بـرای خـۆم مەگـری ئـەو چـاوەی مـن بـە فیـدای کوردسـتان بـێ، ئێمـە پێشـمەرگەی کوردسـتانین و لـە برینداربـوون و شـەهید بـوون ناترسـین.

شـەڕە خوێناوییەکـە بـەردەوام بـوو، جـاش هـەر بـە ئۆتۆمبێـلی سـوپای عێراقـی دەهاتـن و زیاتـر دەبـوون. بـاری تەندروسـتیم تێکچـوو و دەڕشـامەوە. حەمـە ئەمیـن شـەمێرانی و قـال سـوور بـە منیـان گـوت تـۆ دەبـێ بچیتـە تەوێڵـە و لەوێـش بـڕۆ بـۆ ئێـران و خـۆت چارەسـەر بکـە، ئێمـە سـەرکردایەتی شـەڕەکە دەکەیـن. ئـەوان لـە منیـان پـرسی عەریـف جـەلال عەبـدوڵا کـە فەرمانـدەی بەتالیۆنـە بـۆ لەنـاو شـەڕەکە نییـە و بەشـداری نـاکات. منیـش گوتـم ئـەو ئێسـتا لـە گونـدی قلیجەیـە لـە ماڵـی مەحمـوود بـەگ و ڕەنگـە خەریکـی مـەشروب خواردنـەوە بـن. ئەگـەر ئـەو بکوژرێـت کـەسی دیکـە نییـە ببێتـە فەرمانـدەی بەتالیـۆن، بۆیـە ئـەو بەشـداری شـەڕ نـاکات.

## چووم بۆ تەوێڵە

بە حەمە شەمێرانی و قالە سوورم گوت سەرکردایەتی شەڕەکە لە دەست ئێوەیە و با هێزەکەی ئێمەش لێرە بمێنێتەوە. عەزیز عەبدولڕەحمان و کامیل شێخ محەمەدم لەگەڵ خۆم برد و چووین بۆ گوندی ئەحمەد ئاوا و لەوێ ئەسپێکیان هێنا تا پێی بچینە سەر بەنداوی دەربەندیخان و لەوێ بە بەلەمێک بپەڕمەوە و بچمە ناوچەی شەمێران لە ناوچەی بەرزنجە. کاتێک لە بەنداوەکە پەڕینەوە، بینیمان عەبدولوەهاب ئەتروشی و خاڵ سۆران و جەمال نامیق پێکەوە لە ماڵێک دانیشتوون و خەریکی مەشروب خواردنەوەن، وەکو ئەوەی هاتبنە سەیران. لەوێ (دکتۆر باقی) دەرزییەکی ژانی لە من دا و گولەکەی لە چاوم دەرهێنا.

شەوی ٩/١٠-٧-١٩٦٦ لەگەڵ عەبدولوەهاب و خاڵ سۆران و جەمال نامیق بووم. عەبدولوەهاب ئەتروشی برووسکەیەکی کرد بۆ بارەگای هێزی خەبات لە تەوێڵە و پێی گوتن بەیانی ئۆتۆمبێلێک بنێرنە خوارەوە بۆ بیارە و لەوێ ئاشێک هەیە با چاوەڕێ بکات تا عەزیز قازی دەگات، بۆئەوەی بیباتە تەوێڵە. ڕێکەوتی ١٩٦٦/٧/١٠ چوومە نزیک شاری هەڵەبجە، بەڵام بە ڕۆژ نەماندەتوانی بەوێدا تێپەڕین، چونکە سەربازگەیەکی سوپای عێراق لە هەڵەبجە بوو، لە شوێنێک چاوەڕێمان کرد تا تاریک داهات. ئێمە لە خوارەوەی هەڵەبجە تێپەڕین، لەپڕ لە سەربازگەکەی سوپای عێراق تەقەیەکی زۆر کرا و نەمانزانی ئەو تەقەیە چیبوو. دواتر لە ڕادیۆ گوێمان لێبوو کە شەڕ لەنێوان شۆڕش و سوپای عێراق وەستێنراوە. ئینجا ئێمە چووینە لای ئاشەکەی خوارەوەی بیارە و لەوێ ئۆتۆمبێلێک چاوەڕێی ئێمەی دەکرد. لەوێوە چووم بۆ تەوێڵە و لەوێش چوومە نەخۆشخانەی هێزی خەبات تاکو بەیانی ڕێکەوتی ١٩٦٦/٧/١١ بە ئۆتۆمبێلێکی جێب منیان ناردە شاری کرماشان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات (ئێران). منیان بردە

هۆتێلێـک، دواتـر ڕێکەوتـی ١٩٦٦/٧/١٢ منیـان بـردە نەخۆشـخانە و ڕۆژی دواتـر نەشـتەرگەریم بـۆ کـرا.

ڕێکەوتـی ١٩٦٦/٧/١٤ دوو پێشـمەرگەی هێـزی خەبـات لـە تەوێڵـەوە لـە نەخۆشـخانە هاتنـە لام و پێیـان گوتـم کەریـم عەبـدوڵا شـنۆیی[1] شـەهید بـووە و گوتیـان برینداربـووە و بەبرینـداری کەوتووەتـە دەسـت جاشـەکان ئینجـا کوشـتوویانە. زۆر دڵتەنـگ بـووم و خەمـم بـۆ شـەهیدبوونی کەریـم شـنۆیی خـوارد، چونکـە ئـەو ویسـتی بێتـە لای مـن، بـەڵام مـن خـۆم لـێ تـوڕە کـرد و گوتـم سـەنگەری خـۆت چـۆڵ نەکـەی.

کاتێـک شـۆڕشی مـەزنی ئەیلـوول لـە ساڵی ١٩٦١ بـە سـەرۆکایەتی سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی دەسـتپێکرد، شـەهید کەریـم شـنۆیی وەکـو هەمـوو پێشـمەرگەکانی دیکـەی کوردسـتان وازی لـە کارەکـەی هێنـا لـە بەکرەجـۆ و پەیوەنـدی بـە شـۆڕشی کوردسـتانەوە کـرد. ئـەو لـە هێـزی ڕزگاری پێشـمەرگە بـوو. ئەوکاتـەی مـن چوومـە ناوچـەی قـەرەداغ و بوومـە فەرمانـدەی بەتالیـۆنی ٤ی هێـزی قـەرەداغ، هاتـە لام و گوتـی: کاک عەزیـز مـن پێمخۆشـە لـە هێـزی ڕزگاری بمگوازیتـەوە لای خـۆت. منیـش نامەیەکـم بـۆ مـلازم ڕەشـید سـندی نـووسی کـە فەرمانـدەی هێـزی ڕزگاری بـوو، داوام لێکـرد کـە شـەهید کەریـم

---

(١)شـەهید کەریـم عەبـدوڵا شـنۆیی خەڵکـی شـاری شـنۆی کوردسـتانی ئێـران بـوو، پێشـتر لـە شـاری شـنۆ پۆلیسی کۆمـاری کوردسـتان بـوو. کاتێـک کۆمـاری کوردسـتان ڕووخـا، بـەڵام شـەهید کەریـم عەبـدوڵا شـنۆیی چەکـی فـڕێ نـەدا و قایـل نەبـوو بچێتـە بـاوەشی دوژمنـی گەلەکـەی و هاتـە لای سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی و پێـی گـوت پێمخۆشـە منیـش لەگـەڵ ئێـوە بێـم. کاتێـک لەگـەڵ سـەرۆک بـارزانی چووینـە وڵاتی یەکێتـی سـۆڤیەت، لەگـەڵ ئێمـە هاتـە یەکێتـی سـۆڤیەت. دوای شـۆڕشی ١٩٥٨ لەگـەڵ ئێمـە هاتـە کوردسـتانی عێـراق.

لـە وڵاتی یەکێتـی سـۆڤیەت کشـتوکاڵی خوێندبـوو، کـە گەڕاینـەوە لـە سـلێمانی لـە بەکرەجـۆ ئیشـی دراێـ. هەروەهـا لـە وڵاتی یەکێتـی سـۆڤیەت ژنی هێنـا و کـە گەڕاینـەوە ژنەکـەی لەگەڵـی هاتـە کوردسـتان.

عەبدوڵا شنۆیی بە چەکەوە بگوازنەوە لای من بۆ بەتالیۆنی چواری هێزی قەرەداغ. ملازم ڕەشید سندی، شەهید کەریم عەبدوڵا شنۆیی بە چەکەوە گواستەوە لای من و ئەوم لەگەڵ خورشید یوسف بارزانی لە لقی ناوچەی بازیان دانا، چونکە شەهید عەبدوڵا شنۆیی ماڵی لە سەرچناری نزیک سلێمانی بوو. ئەوکاتەی شەهید کەریم لە ڕێکەوتی ١٩٦٦/٧/٩ شەهید بوو چوار منداڵی هەبوو کە هەموویان زۆر بچووک بوون. من و شەهید کەریم عەبدوڵا شنۆیی لە وڵاتی یەکێتی سۆڤیەت هەڤاڵی زۆر نزیکی یەکتر بووین.

### دەرچوونم لە نەخۆشخانەی کرماشان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات (ئێرانی)

بە بیستنی شەهیدبوونی شەهید کەریم عەبدوڵا شنۆیی زۆر دڵتەنگ بووم، بەیانی ڕۆژی ١٩٦٦/٧/١٥ کاتێک دکتۆر هات بمبینێ، بە دکتۆرم گوت، لە نەخۆشخانە دەردەچم و دەگەڕێمەوە کوردستانی باشوور (عێراق). دکتۆر پێی گوتم: تۆ دوێنێ نەشتەرگەری چاوت بۆ کراوە، بۆیە نابێ نەخۆشخانە بە جێبێڵی و لایەنی کەم پێویستە دە تا پازدە ڕۆژی دیکە لە نەخۆشخانە بمێنییەوە. بە دکتۆرم گوت، بەڵکو بتوانی کەمێک دەرمانم بۆ بنووسی، بەڵام دکتۆر لێم توڕەبوو، چونکە بەبێ مۆڵەتی ئەو نەخۆشخانەم بەجێهێشت.

گەڕامەوە تەوێڵە و منیان برد بۆ ماڵی شێخ ڕەئوفی کوڕی شێخ عوسمانی بیارە و شەو لەوێ بووم. عەبدولوەهاب ئەتروشی فەرماندەی هێزی خەبات و فازل سۆرانی و جەمال نامیق کە هەردووکیان لە هێزی خەبات لە لای عەبدولوەهاب ئەتروشی فەرماندەی بەتالیۆن بوون لەماڵی شێخ ڕەئوف هاتنە لام.

ڕێکەوتی ١٩٦٦/٧/١٦ لە تەوێڵەوە نامەیەکم بۆ زاهیدای هاوسەرم نووسی کە لە بەغدا بوو و عەلی شەریف کەرکوکی کە پێشمەرگەیەکی خۆم بوو نامەکەم نارده بەغدا. لە نامەکەمدا بۆم نووسی کە من چاوی

ڕاستم لە شەڕێک لەگەڵ جاشەکانی ٦٦ لە ڕێکەوتی ١٩٦٦/٧/٩، بوو بە ساقەی کوردستانی نیشتیمانمان، بەڵام سوپاس بۆ خوا ئێستا باشم. زاهیدای هاوسەرم بۆ منی نووسیبوو عەبدولڕەحمان زەبیحی [١]، هاتبووە لای (ڤیرا)ی هاوسەری مەلکۆ زێڕۆ و پێی گوتبوو بڕۆ لای هاوسەری عەزیز قازی و پێی بڵێ عەزیز قازی کوژراوە و لەناو شاری سلێمانی قاشۆیانێی پێ دەکەن.

کاتێک ڕەیس کەمال موفتی خیانەتی کرد و سیامەند عەزیز مێرگەسۆری و مەلکۆ زێڕۆ و عومەر شەریفی لە بارەگای هێزی قەرەداغ گرتن، عەبدولڕەحمان زەبیحی چوو بووە ماڵی شەهید مەلکۆ زێڕۆ بە ڤیرای هاوسەری ئەوی گوتبوو مەلا مستەفا بارزانی و عەزیز قازی ڕایانکردووەتەوە سۆڤیەت، بەڵام نازانم ئەمجارە لە ڕووباری ئاراس دەپەڕنەوە یان دەخنکێن. دووبارە کە من برینداربووم و چاوی ڕاستم لەدەست دا، عەبدولڕەحمان زەبیحی چووبووەوە ماڵی شەهید مەلکۆ زێڕۆ و بە هاوسەرەکەی ئەوی گوتبوو بە خێزانی عەزیز قازی بڵێ کە عەزیز قازی کوژراوە و لە شاری

---

(١)عەبدولڕەحمان زەبیحی کوردێکی کوردستانی ئێران بوو، ئەندامی کۆمیتەی حزبی (ژ-ک) بوو لە کوردستانی ئێران. ئەو دامەزرێنەری پارتی (ژ-ک) بوو، دوای ئەوەی (ژ-ک) گۆڕا و بوو بە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ هاتە کوردستانی باشوور (عێراق)، بۆ لای سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و لەو پارتە بوو بە ئەندام. دوای ئەوەی من و زاهیدای هاوسەرم بە مامۆستای زانکۆی بەغدا وەرگیراین و بووین بە مامۆستای زمانی ڕووسی و بە ماڵەوە چووینە بەغدا، لەوێ عەبدولڕەحمان زەبیحی و مامۆستا جگەرخوێن دەهاتنە ماڵمان. کاتێک شۆڕشی ئەیلوولی مەزن دەستیپێکرد و پەیوەندیم بە شۆڕشەوە کرد و بووم بە فەرماندەی بەتالیۆنی ٩ی قەرەداغ و عەبدولڕەحمان زەبیحیش بوو بە بەرپرسی لقی سێی پارتی لە کەرکووک. من دەبانچەی خۆم دا بە عەبدولڕەحمان زەبیحی، بەڵام کە تاخمەکەی مەکتەبی سیاسی پێشوو خیانەتیان کرد، پەیوەندییان کرد بە حکومەتی عێراق و بوون بە جاش، عەبدولڕەحمان زەبیحیش خیانەتی کرد و بوو بە جاشی ٦٦، دواتر ڕژێمی بە تۆمەتی سیخوڕی کردن بۆ ئێران بەعس دەستگیری کرد.

سلێمانی قاشۆیانێ بە سەری عەزیز قازی دەکەن. ئەو چەندین جار نان و نمەکی ئێمەی کردبوو و نمەکی دەستی زاهیدای هاوسەرم کردبوو، ئینجا ئەو هەواڵە ناخۆشەی بۆ ناردبوو. ئەو دوای ئەو خەباتە زۆرەی هەیبوو، بوو بە نۆکەری داگیرکەرانی کوردستان.

## ڕووداوەکانی دوای گەڕانەوەم لە ئێران

دوای ئەوەی لە نەخۆشخانە گەڕامەوە و هاتمەوە کوردستانی عێراق. عەبدولوەهاب ئەتروشی پێی گوتم، پێشمەرگەکان هەردوای شەڕی ١٩٦٦/٧/٩ و دوای کشانەوەمان بۆ هەردوو ناوچەی بیارە و شەمێران چووبوونە لای عەبدولوەهاب ئەتروشی و پێیان گوتبوو ئێمە نامانەوێ عەریف جەلال عەبدولاّ فەرماندەی بەتالیۆنمان بێ، ئەمەش خەتای تۆیە و تۆ ئەمەت بە پێشمەرگەکان گوتووە. من هیچ تاوانێکم نەبوو و ئاگاداری ئەوەش نەبووم کە پێشمەرگەکان ئەوەیان بە عەبدولوەهاب گوتووە.

عەبدولوەهاب گوتی، هەندێک فیشەکم داوە بە پێشمەرگەکان، دەبێ هەموو فیشەکەکانیان لێ وەربگریتەوە. هەروەها دەبێ ناوچەی ئێمەش بەجێبێڵن و بگەڕێنەوە ناوچەی خۆتان. من هەموو فیشەکەکانم لە پێشمەرگەکان وەرگرتەوە و لەگەڵ نامەیەک ناردمەوە بۆ عەبدولوەهاب ئەتروشی. لە نامەکەدا بۆیم نووسی دیارە ئێوە فیشەکتان نەداوە بە پێشمەرگەی کوردستان و داوتانە بە عەریف جەلال، بۆیە داوای فیشەکەکانت دەکەیەوە. هەروەها بۆم نووسی فیشەکەکان بفرۆشە و بیدە بە مەشروب. من بڕیارم دا هەرچۆنێک بووە بگەڕێینەوە ناوچەی خۆمان.

## گەڕانەوەمان بۆ ناوچەی قەرەداغ

ناوچەی هێزی خەباتمان بەجێهێشت و لە ناوچەی شەمێرانەوە چووین بۆ چیای زمناکۆ و لەوێوە لە شەوی ٢٥/٢٤-٧-١٩٦٦ لە ڕووباری سیروان

پەڕینــەوە و لەخــوارەوەی دەربەندیخــان چوویــن بــۆ گونــدی بانیخێــڵان لــە نزیـک شـاری دەربەندیخـان. ڕۆژی دواتـر بـە ڕۆژ چوویـن بـۆ ناوچـەی قـەرەداغ و چوویــن بــۆ قۆپــی لــە چیــای قــەرەداغ و عەریــف حەمیــد بــەرواری کــە فەرمانــدەی بەتالیــۆنی ٥ی هێــزی قــەرەداغ بــوو، لــەوێ بــوو. هەروەهــا بــە وەکالـەتی فەرمانـدەی هێـزی قـەرەداغ لـە قۆپـی بـوو. ئـەو کات جاشـەکانی ٦٦ لەگـەڵ سـوپای عێـراق لـە شـاری قـەرەداغ بـوون. لـە ڕێکـەوتی ١٩٦٦/٧/٢٧ جاش بەهــاوکاری ســوپای عێــراق لــە قەرەداغــەوە هێرشــیان کــرد، عەریــف حەمیــد پێــی گوتــم، ئێــوە برینــدارن و نابــێ بەشــداری شــەڕ بکــەن، تــۆ دەبــێ لێــرە بی و منیـش دەچـم بەشـداری شـەڕەکە دەکـەم. هەروەهـا هێزێکـی پێشـمەرگەی دەشــتی هەولێــر لــە ناوچــەی ئێمــە بــوون و لــە دوای شــەڕێکی کــەم جــاش دەشــکێن و دەگەڕێنــەوە ســەربازگەی ســوپای عێــراق لــە قــەرەداغ.

## چوونم بۆ بارەگای بارزانی لە ناوچەی حاجی ئۆمەران

دوای گەڕانەوەمــان بــۆ ناوچــەی قــەرەداغ، ســەرۆک بــارزانی زانیبــووی کــە مــن برینداربــووم و چاوێکیشــم لەدەســت داوە. برووســکەیەکی بــۆ کــردم کــە بچـم بـۆ لای خـۆی لـە حاجـی ئۆمـەران، بۆئـەوەی دووبـارە بمنێرنـەوە ئێـران تـا چارەســەری دیکــە وەربگــرم و چاوێکیشــم بــۆ دروســت بکــەن.

دوای برووســکەکەی ســەرۆک بــارزانی بــە پیــادە لــە قەرەداغــەوە بــەرەو حاجــی ئۆمــەران کەوتمــە ڕێ و دوای پێنــج ڕۆژ ڕۆیشــتن گەیشــتمە بــارەگای بــارزانی، لــەوێ بەڕێــزان کاک ئیدریــس بــارزانی و کاک مەســعود بــارزانی و کــوڕەکانی دیکــەی ســەرۆک مــەلا مســتەفا بــارزانی پێشــوازییەکی گەرمیــان لــێ کـردم. دواتـر بـۆ ئێـوارە چـووم بـۆ لای سـەرۆک بـارزانی و سـەرۆک پێـی گـوت،م بۆچــی بەبــێ ڕەزامەنــدی دکتــۆر دوای یــەک ڕۆژ نەخۆشــخانەت جێهێشــتووە و هاتوویتــەوە کوردســتان. وەڵامــی ســەرۆک مــەلا مســتەفا بارزانیــم دایــەوە و

گوتم: بیستم کە کەریم عەبدوڵا شنۆیی شەهید بووە و بەم هەواڵە زۆر دڵ تەنگبووم، بۆیە بڕیارمدا بگەڕێمەوە بەرەکانی شەڕ. سەرۆک بارزانی گوتی: بۆیە برووسکەم بۆ کردی تا بێیتە لام، بۆئەوەی دووبارە بتنێرمەوە ئێران و لەوێ هەم چارەسەرت بکەن و هەم چاوێکیشت بۆ دروست بکەن.

## چوونم بۆ شاری ورمێ و تاران

لە ڕێککەوتی ١٩٦٦/٧/٢٩ سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی دووبارە ناردمیەوە ئێران و چووم بۆ شاری ورمێ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات. لە ورمێ منیان نارده نەخۆشخانەی سوپای ئێران و بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ لەوێ بووم. دکتۆر گوتی، جارێ ناتوانین چاوێکی دیکەت بۆ دروست بکەین، چونکە هێشتا برینی چاوت هەر ماوە، گوتی کە برینەکەی چاوت کەمێک باشتر بوو، دووبارە وەرەوە لامان بۆئەوەی چاوێکتان بۆ دروست بکەین.

لە ڕێکەوتی ١٩٦٦/٨/١٤ لە شاری ورمێ گەڕامەوە حاجی ئۆمەران لە کوردستانی باشوور و لەوێ چوومەوە بارەگای بارزانی و لەوێ بە سەرۆک بارزانیم گوت دکتۆر پێی گوتوومە، دوای بیست ڕۆژ دووبارە بچمەوە لای لە شاری ورمێ. هەروەها کە هاتیەوە لامان دەتنێرین بۆ شاری تاران تا لەوێ چاوێکت بۆ دروست بکەن. سەرۆک بارزانی گوتی بڕۆ بۆ بارەگای مەکتەبی تەنفیزی سەرکردایەتی شۆڕش و پاش بیست ڕۆژی دیکە دێیتەوە لام و دەتنێرینەوە ورمێ. من چوومە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی سەرکردایەتی شۆڕش و ماوەی بیست ڕۆژ لەوێ بووم، ئینجا چوومەوە لای سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی و دووبارە منیان ناردەوە بۆ نەخۆشخانەی سوپای ئێران لە ورمێ. دواتر بە شەمەندەفەر ناردمیانە شاری قەزوێن،کاتێک گەیشتمە قەزوێن دوو کەس هاتبوونە وێستگەی شەمەندەفەر و هاواریان دەکرد عەزیز قادر، منیش گوتم ڕەنگە هەڵەیان کردبێ لەباتی ئەوەی بڵێن عەزیز

قـازی دەڵێـن عەزیـز قـادر، مـن چوومـە لایـان و پێـم گوتـن مـن نـاوم عەزیـز قازییــە، ڕەنگــە ناوەکــەم لای ئێــوە بــە هەڵــە نووسرابــێ. ئــەوان گوتیــان تــۆ کــوردی عێراقــی، منیــش گوتــم بەڵــێ مــن کــوردی کوردســتانی عێراقــم. ئینجــا ئــەوان بــە پــاس منیــان نــارد بــۆ تــاران. ئێوارەیەکــی درەنــگ گەیشــتمە تــاران و لــەوێ منــان بــرد بــۆ لای برینــدار و پێشــمەرگەکانی خۆمــان کــە بــۆ چارەســەری لــە تــاران بــوون. شەمســەدین نوێنــەری شــۆڕش بــوو لــە شــاری تــاران.

دوای ئــەوەی گەیشــتمە برینــدار و پێشــمەرگەکانی شــۆڕش لــە شــاری تــاران. کاتێــک چوومــە لایــان بینیــم زۆر بــرادەری پێشــمەرگە لەوێــن و هەموویــان بــۆ چارەســەری هاتــوون، ئاغــای کیســەچی نەخــۆش و برینــدارەکانی دەبــرد بــۆ لای دکتــۆرەکان لــە شــاری تــاران. شەمســەدین موفتــی نوێنــەری شــۆڕش بــوو لــە تــاران و کاروبــاری برینــدار و نەخۆشــەکانی شــۆڕشی ڕایــی دەکــرد. شەمســەدین موفتــی دووجــار هاتــە ئــەو شــوێنەی ئێمــەی لــێ بوویــن، بــەڵام لەبەرئــەوەی مــن لەژوورەکــەی خــۆم بــووم ئــەوم نەبینــی و ئەویــش نەهــات بــۆ لای مــن.

برادەرێــک کــە نــاوی ســوارە بــوو، بــرای فەتــاح ئاغــای ســەرلقی پێشــمەرگەی ناوچــەی بەرزنجــە بــوو. کاک ســوارە حەمــە ئەمیــن ئاغــا منــی دەنــاسی و گوتــی ئــەوە دوو جــارە شەمســەدین موفتــی دێ بــۆ لامــان، بــەڵام نازانــم بــۆ نایــەوێ تــۆ ببینــێ، منیــش گوتــم دیــارە بــۆ ئەوەیــەتی بێــم دەســتی مــاچ بکــەم تــا ببینــێ، چونکــە ئــەو پیاوێکــی گەورەیــە و نوێنــەری شــۆڕشی کوردســتانی عێراقــە لــە ئێران. لــەوێ بــە شەمســەدین موفتیــان دەگــوت (ئاغــای ئەمیــری).

ئاغــای ئەمیــری جارێکــی دیکــە هاتــە شــوێنەکەمان، بــەڵام ئەمجــارەش نەهــات بــۆ لای مــن و نەیویســتبوو مــن ببینــێ. ئینجــا ســوارەی بــرای فەتــاح ئاغــا بــە شەمســەدین موفتــی دەڵــێ ئــەوە ئێــوە ســێ جــارە دێنــە لامــان و کاک عەزیــز قازیــش لێرەیــە، بۆچــی ناتــەوێ ئــەو ببینــی، یــان پێــت خۆشــە بــێ و دەســتت مــاچ بــکات. ســوارە پێــی گوتبــوو عەزیــز قــازی فەرمانــدەی بەتالیۆنــە و مــاوەی

٢٥ ڕۆژە لێرەیە، ئینجا شەمسەدین موفتی هات بۆ لام و پێم گوت، بۆچی هەواڵمان ناپرسی؟ ئەگەر کارەکە وایە با من بگەڕێمەوە کوردستانی عێراق. ئەو گوتی ببورە کە نەهاتووم بۆ لات و بە ئاغای کیسەچی دەڵێم بتبا بۆ لای دکتۆرێکی چاو.

دوای ٢٠ ڕۆژ ئاغای کیسەچی هات و منی برد بۆ لای دکتۆر خورەمی لە شاری تاران و دکتۆر خورەمی نەشتەرگەری چاوی منی بە قوتابییەکانی کرد، تا قوتابییەکانی فێری نەشتەرگەری چاو بن و بە خراپی نەشتەرگەرییەکەیان بۆ چاوم کرد. دەبووایە دکتۆر وەکو قیاسی چاوەکەی ترم نەشتەرگەری بکردبایە بۆئەوەی چاوێکی دیکەم بۆ دروست بکەن.

ئاغای کیسەچی هات و منی بردە بازاڕی شاری تاران و لە دوکانێک چاوێکی کڕی و لەناو چاوی منی دانا. چاوەکە وەکو کەڵەشێر وابوو و لەدوورەوە دیاربوو و خەڵک دەیانگوت ئەوە چ چاوێکە!

ئاغا کیسەچی بەقسەی شەمسەدین موفتی منی بردبووە ناو بازاڕ کە چاوێکم لەچاوەکەی ترم بۆ بکڕێ، بەڵام لێی نەبوو، کەچی هەرچۆنێک بوو ئاغای کیسەچی چاوێکی بۆ من هەڵبژارد و داینا ناو چاوم. دواتر شەمسەدین موفتی هاتە لامان و پێی گوت کاک عەزیز ئەو چاوەت پیرۆز بێ، منیش چاوەکەم فڕێدا بەردەمی و گوتم ئاغای ئەمیری با ئەم چاوە بۆ تۆ بێ، بەڵکو ڕۆژێک چاوی تۆش لە شەڕی براکوژی کوێر دەبێ، وەک ئەوەی خۆت گوتووتە.

لە ڕێکەوتی ١٩٦٦/١٢/١٤ بەبێ ئەوەی چاوم بۆ دروستبکرێ گەڕامەوە حاجی ئۆمەران. لەتاران بە ئۆتۆمبێلی ئێران هاتین تا گەیشتینە خانێ، لەگەڵ برادەرێک بەیەکەوە بووین، ئەویش چاوێکی لەدەست دابوو. لە خانێ دوو کەس تەماشای ئێمەیان کرد و گوتیان ئەوان بە دوو کەس دوو چاویان هەیە. ئەو برادەرەی لەگەڵ من بوو خۆی تورە کرد، بەڵام پێم

گوت بۆچی خۆت تورە دەکەی، ئەوان ڕاست دەکەن، تۆ چاوێکت هەیە و منیش چاوێک، ئەوە دوو چاو بە دوو کەس.

کاتێک گەڕامەوە بارەگای بارزانی، سەرەتا کاک ئیدریس بارزانی هات بۆ لام و گوتی کاک عەزیز کوا ئەو چاوەی بۆت دروستکراوە. گوتیشی ئەمیر شکایەتی کردووە کە چاوێکی باشت بۆ دروستکرابوو، بەڵام چاوەکەت فڕێداوە، لەسەر ئەوە بارزانی لێت تورەیە. منیش گوتم ئەگەر من چاوێکی زۆر باشم بۆ دروستکرابێ، بۆچی فڕێی دەدەم، من بۆئەوە نەچووبووم تا چاوم بۆ دروستبکرێ. من لە کاک ئیدریس بارزانیم پرسی ئەوە ڕاستە کە من لە شەڕی براکوژی چاوم لەدەستداوە؟ کاک ئیدریس گوتی بۆچی کێ ئەو قسەیەی کردووە؟ منیش گوتم نوێنەری ئێوە کاک شەمسەدین موفتی لای پێشمەرگەکان لە شاری تاران ئەو قسەیەی کردووە.

من چووم بۆ لای سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی و ئەو لێی پرسیم عەزیز قازی لەکاتێکدا چاوێکی باشت بۆ دروستکراوە، بۆچی چاوەکەت فڕێداوە. منیش وەڵامی سەرۆک بارزانیم دایەوە و گوتم چاوەکەی بۆم دروستکرابوو دام بە نوێنەری ئێوە لە تاران و پێشم گوت، بەڵکو ڕۆژێک تۆش کوێر بی بۆ خۆت بەکاریبێنی. دیارە ئێوە باوەڕ بە من ناکەن، بەڵام دەتوانن لەو پێشمەرگانە بپرسن کە لەوێ لەگەڵ من بوون، ئینجا دەزانن من چ جۆرە چاوێکم بۆ دروستکرابوو. هەروەها چاوم لە شەڕی جاشەکانی ٦٦ لە دەستداوە، یان لە شەڕی براکوژی؟ تکایە وەڵامم بدەوە. سەرۆک گوتی بۆچی ئەم پرسیارە لە من دەکەی. پێم گوت نوێنەری جەنابتان کە شەمسەدین موفتییە، لە لای پێشمەرگەکان گوتبووی عەزیز قازی لە شەڕی براکوژی چاوی لەدەستداوە، جا ئەو ڕاست دەکات یان نا؟ ئەگەر ڕاست دەکات، ئێوە بۆچی شەڕی براکوژی بە ئێمە دەکەن. سەرۆک بارزانی وەڵامی منی دایەوە و گوتی: عەزیز قازی تۆ لە شەڕی خۆفرۆشەکان کە

ئێمە پێیان دەڵێین جاشەکانی ٦٦ و بەرگریکردن لە خاک و نیشتیمان چاوت لەدەستداوە. ئینجا سەرۆک بارزانی فەرمووی عەزیز قازی ئەمجارە دەتنێرینە وڵاتێکی دیکە نەک ئێران. من بە سەرۆک بارزانیم گوت لەبەرئەوەی ئاشتی لە گۆڕێیە، حەزدەکەم سەردانی منداڵەکانم بکەم لە بەغدا. ئەو فەرمووی باشە بڕۆ بۆ بەغدا، بەڵام لە لای منداڵەکانت خۆت گیر نەکەی بۆئەوەی بتنێرین بۆ وڵاتێکی دیکە.

سەرۆک بارزانی بانگی کاک ئیدریسی کوڕی کرد و پێی گوت نامەیەک بۆ سەربازگەی ڕواندز بنووسە کە کاغەزێک بدەنە عەزیز قازی بۆئەوەی بچێتە شاری بەغدا و بگەڕێتەوە و کەس ڕێگای لێ نەگرێ. ئینجا کاک ئیدریس گوتی کاک عەزیز لە نامەکە دەنووسم عەزیز قادری برای عەبدولڕەحمان قازی لەجیاتی عەزیز قازی با نەزانن کە ئێوە فەرماندەی بەتالیۆنی ناوچەی هێزی قەرەداغن. من بە کاک ئیدریسم گوت باشە من لاریم نییە و ئەویش نامەکەی بۆ نووسیم.

## چوونم بۆ بەغدا بۆ سەردانی منداڵەکانم

پێش ئەوەی بچم بۆ ڕواندز، چووم بۆ گەڵاڵە بۆئەوەی هەندێک پارە قەرز بکەم. لەگەڵاڵە چووم بۆ لای دوکاندارێک کە ناسیاویمان هەبوو، داوای شەش دینارم لێکرد کە بە قەرز پێم بدا و ئەویش شەش دیناری دامێ. کاک فەرەنسۆ هات بۆ لام و گوتی ئەوە پارەت قەرز کرد؟ منیش گوتم بەڵێ. ئەو گوتی ئەی بۆ بەسەرۆک بارزانیتان نەگوت کە پارەی خەرجی ڕێگاتان بداتێ؟ کاک فرەنسۆ پارەکەی لێ وەرگرتم و دایەوە بە دوکاندارەکە و لەپارەی خۆی شەش دیناری دا بە من.

من چوومە سەربازگەی ڕواندز و نامەکەی کاک ئیدریسم دانێ و ئەوانیش نووسراوێکیان بۆم کرد کە لە چوون و هاتنەوەم کەس ڕێگام

لێ نەگرێ و لە نووسراوەکەش نووسرابوو عەزیز قادر، برای عەبدولڕەحمان قازی. دوای لە دەستدانی چاوی ڕاستم، ئەوە یەکەمین جار بوو کە من دەچوومەوە بەغدا. کاتێک زاهیدای هاوسەرم منی بینی دەستی بە گریان و هاوار کرد، پێم گوت مەگری و هاوار مەکە، با چاوی من بە قوربانی گەلی کورد و کوردستان بێ، گرنگ ئەوەیە خۆم سەلامەتم. هەندێک کەس کە منیان دەبینی چاوێکم لەدەستداوە، پێیان خۆش بوو، بەڵام هەندێک کەسی دیکەم دەبینی زۆر دڵگران بوون. دوژمنەکانم دەیانگوت عەزیز قازی بە حەقی خۆی گەیشت زۆر باش بوو کە کوێر بوو.

لە ڕێکەوتی ١٩٦٧/١/١ لە بەغدا گەڕامەوە کوردستان و چووم بۆ بارەگای بارزانی. سەرۆک بارزانی بە منی گوت لەو ڕۆژانە شەمسەدین موفتی لە تارانەوە دێت بۆ لامان و لەگەڵ ئەو دەتنێرینەوە تاران. سەرۆک فەرمووی تۆ بڕۆ بۆ گەڵاڵە و با عەبدولا ئاغای فەرماندەی هێزی باڵەک بزانێ کە ئێوە لە کوێن، بۆ ئەوەی هەرکاتێک شەمسەدین موفتی هات ئێمە بەدواتدا بنێرین و بتنێرین بۆ تاران و لەوێشەوە بتنێرین بۆ وڵاتێکی دیکە تا چاوێکت بۆ دروست بکەن. ئینجا من چووم بۆ گەڵاڵە و لەوێ چووم بۆ لای عەبدولا ئاغای پشدەری فەرماندەی هێزی ناوچەی باڵەک و پێم گوت، من لە فڵان هۆتێلم هەرکات لە بارەگای سەرۆک بارزانی پەیوەندییان کرد کە من بچم بۆ ئەوێ تۆ پەیوەندی بەو هۆتێلەوە بکە و دەچمە بارەگای سەرۆک بارزانی. پاش چەند ڕۆژێک عەبدولا ئاغای پشدەری ئێوارەیەکی درەنگ هاتە لام گوتی، سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی پەیوەندی کردووە و داوای کردووە هەر ئێستا بڕۆن بۆ بارەگای ئەو تا بتانێرن بۆ تاران. کاتژمێر ٩ی شەو بوو. عەبدولا ئاغا پێی گوتم، کاک عەزیز بە ئۆتۆمبێلی من بڕۆ تا ئەو شوێنەی ئۆتۆمبێلی دەگاتێ، دوای ئەوەش با پێشمەرگەیەکی منت لەگەڵ بێ تا دەگەیە بارەگای بارزانی. بە ئۆتۆمبێلی کاک عەبدولا چووین تا

ڕێگای ئۆتۆمبێل هەبوو، ئینجا لەگەڵ پێشمەرگەکەی کاک عەبدوڵا ڕۆیشتین و کاتژمێر ١٠ی شەو گەیشتینە بارەگای بارزانی. کاتێک چوومە ئەوێ کاک عەلی عەبدوڵا لە لای سەرۆک بارزانی بوو، پێشمەرگەیەک چوو بە سەرۆک بارزانی گوت عەزیز قازی گەیشتە ئێرە، ئەویش گوتی لە دوای عەلی عەبدوڵا با بێت بۆ لام. زۆری پێ نەچوو لە پڕ پێشمەرگەیەک هات و بە سەرۆک بارزانی گوت کە کچی کاک مەسعودی کوڕی کۆچی دوایی کردووە. بەهۆی کۆچی دوایی کچی کاک مەسعود بارزانی، سەرۆک بارزانی منی نەبینی و چووە لای ئەوان.

من و شەمسەدین موفتی پێکەوە لە بارەگای بارزانی خەوتبووین، کاتژمێر ١٢ شەو ساڵح مەحموودی خوشکەزای سەرۆک بارزانی هات و بانگی شەمسەدین موفتی کرد بۆ دەرەوە و پێی گوت مەلا مستەفا دەڵێ دەبێ عەزیز قازی لەگەڵ خۆتان ببەن بۆ تاران و لەوێش بینێرن بۆ وڵاتێکی دیکە، شەمسەدین موفتیش گوتی باشە و ساڵح ڕۆیشت. دوای کەمێک دووبارە ساڵح هاتەوە و بانگی شەمسەدین موفتی کرد بچێتەوە دەرەوە و پێی گوت مەلا مستەفا دەڵێ ئێمە دەزانین کە عەزیز قازی پارەی نییە، بۆیە دەبێ ئێوە لە تاران چەندی ئەو پێی خۆشە پارەی بدەنێ و شەمسەدین موفتی گوتی باشە. من هەردوو جار گوێم لە هەموو قسەکانیان بوو، بەڵام شەمسەدین موفتی وایدەزانی من خەوتووم و گوێم لە هیچ نەبووە.

## چوونم بۆ تاران لەگەڵ شەمسەدین موفتی

من و شەمسەدین موفتی بەیەکەوە لە حاجی ئۆمەران چووین بۆ خانێ و لەوێوە لە ڕێگای نەغەدە و مهاباد و سەقزەوە چووین بۆ شاری سنە، شەو لە هۆتێلێکی ئەو شارە ماینەوە. لەوێ چەند هاووڵاتییێکی شاری سنە هاتنە لامان، ئەوان شەمسەدین موفتیان دەناسی، بەڵام من ئەوانم

نەدەناسی. شەمسەدین موفتی هەرچی زانیاری هەبوو کە لەبارەی منەوە بە ئەوانی گوت، من ئەوەم پێ خۆش نەبوو، گوتم نەوەک ئەوان ئەندامی ساواک بن. ئەو شەوە لە شاری سنە ماینەوە و بۆ بەیانی ڕۆیشتین بۆ شاری تاران و لە ڕێگادا شەمسەدین موفتی پێی گوتم کاک عەزیز قازی بە برادەرەکانی خۆمان نەڵێی کە ئێمە ئێوە دەنێرین بۆ وڵاتێکی دیکە، با ئەوان نەزانن. شەمسەدین موفتی بە منی نەگوت کە سەرۆک بارزانی ڕایسپاردووە بۆ خەرجی خۆم پارەم پێ بدا. ئەو باسی پارەی نەکرد و منیش کە چووم بۆ تاران تەنیا یەک دینار پارەی عێراقیم پێ بوو، چونکە کە گەڕامەوە بەغدا لەماڵەوەش پارەمان نەبوو. من کاتێک پەیوەندیم بە شۆڕشەوە کرد مووچە ١٦٠ دیناریەکەی من و زاهیدای خێزانم بڕا و شۆڕش تەنیا مانگانە ٨ی دیناری دەدایە منداڵەکانم و ئەویش هەموو مانگێک نەبوو، بۆیە من پارەم نەبوو. هەروەها هەرچەندە من بەرپرسیاریەتییەکی گەورەم لەناو شۆڕش هەبوو، بەڵام پارەم نەبوو.

کاتێک چوومە تاران ئەو برادەرانەی خۆمان لەوێ بوون (حەسەن فەیلی خوشکەزای حەبیب محەمەد کەریم فەیلی و کەمال قەرەداغی)، ئەوان لە زانکۆی تاران دەیانخوێند، شۆڕش ناردبوونی تا لە تاران بخوێنن و منیش لەگەڵ ئەوان لە خانوویێک بووم لەسەر حیسابی ئێران و کابرایەکی ئێرانی خواردنی بۆمان دروست دەکرد و ماوەی یەک مانگ لەوێ چاوەڕێم کرد تا شەمسەدین موفتی بمنێرێتە وڵاتێک. حەسەن و کەمال لە منیان دەپرسی کە بۆچی چوومەتە ئێران، دەمگوت هاتوومە ئێرە و ماوەیەک لێرە دەبم، چونکە لە ڕێگادا شەمسەدین موفتی بە منی گوتبوو لای کەس باسی مەکە کە بەتەمای بۆ چارەسەری بچیتە وڵاتێکی دیکە.

دوای من برادەرێکی بارزانی هات کە (حەسەن)ی ناوبوو، دوو ڕۆژ چاوەڕێی کرد و شەمسەدین موفتی ئەوی ناردە وڵاتی ئیسرائیل کە دەبووایە

مـن بنێـرێ نـەک ئـەو. مـن هـەر چاوەڕێ بـووم و شەمسـەدین موفتیـش هـەر بـێ دەنـگ بـوو. بـە ناچـاری لـە تـاران وازم لـە جگـەرە هێنـا، چونکـە پـارەم نەبـوو جگـەرەی پـێ بکـڕم. جارجـار حەسـەن و کەمـال دەچوونـە سـینەما و بـە منیـان دەگـوت لەگەڵـمان وەرە، مـن پـارەم نەبـوو و بـە ئەوانیشـم نەدەگـوت پـارەم نییـە، بۆیـە لەگەڵتـان نایـەم.

دوای یـەک مانـگ تەلەفۆنـم بـۆ شەمسـەدین موفتـی کـرد و پێـم گـوت بۆچـی خـۆت لـە مـن بێدەنـگ کـردووە، ئەگـەر نامنێرییـە وڵاتێکـی دیکـە بـا بگەڕێمـەوە کوردسـتان. ئـەو گوتـی مـن بـە نیـازم ڤیـزای وڵاتێکـت بـۆ وەرگـرم و خەریکـم پاسـپۆرتت بـۆ دروسـت دەکـەم. پێـم گـوت چـۆن پاسـپۆرتم بـۆ دروسـت دەکـەی کـە داوای وێنـەت لـە مـن نەکـردووە، ئایـا پاسـپۆرت بەبـێ وێنـە دروسـت دەکـرێ؟! ئەوەشـم گـوت برادەرێکـی بـارزانی کـە نـاوی حەسـەن بـوو دوو ڕۆژ لێـرە بـوو و نـاردت بـۆ وڵاتـی ئیسرائیـل، بـەڵام مـن ئـەوە دوو مانگـە لێـرەم هیچـت بـۆم نەکـردووە.

دوای سـێ مانـگ ئاغـای کیسـەچی هاتـە لام و گوتـی حکومـەتی ئێـران دەڵـێ ئێمـە خۆمـان دکتـۆری زۆر باشـمان هـەن و پێویسـت نـاکا ئـەو بنێرینـە هیـچ وڵاتێـک و خۆمـان چاوێکـی بـۆ دروسـت دەکەیـن. پێـم گـوت ئەگـەر دکتـۆری ئەوەنـدە باشـیان هـەن بـۆ جـاری پێشـوو چاویـان بـۆ مـن دروسـت نەکـرد. ئاغـای کیسـەچی خـۆی بـێ دەنـگ کـرد و وەڵامـی منـی نەدایـەوە.

### دووباره له تاران چوومه لای دکتۆری چاو

ئاغـای کیسـەچی منـی بـردە لای پڕۆفیسـۆر محەمـەد سـدیقی دکتـۆری چـاو، تـا ئـەو چاوێـک بـۆ مـن دروسـت بـکات و دوای ٣ ڕۆژ مانـەوەم لـە نەخۆشـخانە پڕۆفیسـۆر محەمـەد سـدیق هـات و تەماشـای چـاوی منـی کـرد و بانگـی ئاغـای کیسـەچی کـرد و گوتـی چـاوی عەزیـز زۆر بـە خراپـی نەشـتەرگەری بـۆ

کـراوە. پێـم گـوت دکتـۆر خورەمـی بـە قوتابیـەکانی نەشـتەرگەری بـۆ کـردم تـا لەچـاوی منـەوە فێـری نەشـتەرگەری بـن، ئینجـا ئاغـای کیسـەچی بـێ دەنـگ بـوو. دواتـر پرۆفیسـۆر محەمـەد سـدیق گوتـی چـاوی عەزیـز قـازی پێویسـتی بـە نەشـتەرگەری پلاسـتیک هەیـە و ئـەو جـۆرە نەشـتەرگەرییەش تێچـووی زۆرە، ئایـا ئێـوە ئـەو بـڕە پارەیەتـان پـێ دەدرێ؟

ئاغـای کیسـەچی گوتـی بـا پـرس بـە ئاغـای ئەمیـری بکـەم داخـۆ ئـەو بـڕە پارەیـە خـەرج دەکات یـان نـا. ئـەو پـرسی بـە شەمسـەدین موفتـی کردبـوو و ئەویـش گوتبـووی عەزیـز قـازی ببـە لای دکتۆرێکـی دیکـە. ئاغـای کیسـەچی منـی بـردە لای پرۆفیسـۆر لەتیفـی، پرۆفیسـۆر لەتیفیـش هەمـان قسـەی پرۆفیسـۆر محەمـەد سـدیقی کـرد و گوتـی ئـەم چـاوە خـراپ نەشـتەرگەری بـۆ کـراوە و پێویسـتی بـە نەشـتەرگەری پلاسـتیکی هەیـە. ئاغـای کیسـەچی ئەمـەش بـە شەمسـەدین موفتـی دەڵـێ، بـەڵام ئـەو نەیدەویسـت پـارە بـۆ نەشـتەرگەری چـاوی مـن خـەرج بـکات. ئینجـا مـن بـە ئاغـای کیسـەچیم گـوت، ئـەوا مـن دەگەڕێمـەوە کوردسـتان و هیـچ ئیشـێکم لێـرە نەمـاوە.

### دوای شەش مانگ لە تارانەوە هاتمەوە کوردستان

پـاش ئـەوەی شـەش مانـگ لـە تـاران بـووم و چاوەڕێـی شەمسـەدین موفتـی بـووم بمنێرێتـە وڵاتێـک بـۆ چارەسـەری، نـەک نەینـاردم، تەنانـەت لـە ئێرانیـش پـارەی بـۆ خـەرج نەکـردم چاوێکـم بـۆ دروسـت بکـەن. ئاغـای کیسـەچی لەگـەڵ شـۆفێرێک هاتـە لام و بـە منـی گـوت ئـەم شـۆفێرە تـا شـاری خانێتـان دەبـات و لەوێـوە دەتـوانی بـۆ خـۆت بچیتـەوە کوردسـتان. هەندێـک پـارەشی لەدەسـت بـوو گوتـی ئـەم پارەیـە ئاغـای ئەمیـری بـە منـی گوتـووە کـە بیـدەم بـە ئێـوە، منیـش پێـم گـوت ئـەو پارەیـە بـدەوە بـە ئاغـای ئەمیـری بـا بۆخـۆی مـەشروبی پـێ بکـڕێ. ئـەوە شـەش مانگـە مـن بـێ پـارە لێـرەم، ئاغـای ئەمیـری ئێسـتا پـارە

بـۆ مـن دەنێـرێ.

شـۆفێرەکە منـی گەیانـدە شـاری خانێ کـە گەیشـتین ئێوارەیەکـی زۆر درەنگ بـوو، ئـەو منـی دانـا و خـۆی گەڕایـەوە تـاران. کات درەنـگ بـوو، نەمدەتـوانی بگەڕێمـەوە حاجـی ئۆمـەران، چونکـە قەدەغـە بـوو بـە شـەو لـە سـنوور بپەڕییـەوە، هەروەهـا نەشـمدەتوانی لـە شـاری خانـێ بچمـە هیـچ هۆتێلێـک، چونکـە پـارەم پـێ نەبـوو. چوومـە گەراجێـک و بـە خـاوەن گەراجەکـەم گـوت بەشـەو لێـرە دەخـەوم، ئـەو ڕێـی پێـدام و تـا بەیـانی لـە گەراجەکـە خەوتـم. هەرچەنـدە سەرماشـم بـوو. ئینجـا بەیـانی زوو بەپـێ چـووم بـۆ حاجـی ئۆمـەران، لـە هەشـتی بەیانییـەوە لـە خانـێ دەرچـووم و کاتژمێـر یەکـی نیـوەڕۆ گەیشـتمە حاجـی ئۆمـەران لـە کوردسـتانی عێـراق. لەسـەر سـنوور برادەرێـک کـە منـی دەنـاسی لێـی پرسـیم گوتـی تـۆ چووبـووی تـا چاوێکـت بـۆ دروسـت بکـەن، بۆچـی دروسـتت نەکـردووە، مـن گوتـم دواتـر پێـت دەڵێـم. بۆیـە قسـەم نەکـرد، چونکـە دەوروبـەری خەڵکـی دیکـەی لـێ بـوو.

لـە حاجـی ئۆمەرانـەوە بەپـێ کەوتمـە ڕێ بـۆ ناوپـردان، تـا بچمـە بـارەگای مەکتـەبی تەنفیـزی و مەکتـەبی سیاسی پارتیـمان. لـە ڕێـگا کاتێـک مـن بە پـێ ڕێم دەکـرد، برادەرێـک ئۆتۆمبێلەکـەی بـۆم ڕاگـرت و گوتـی بـۆ کـوێ دەچـی؟ منیـش گوتـم دەچمـە ناوپـردان بـۆ بـارەگای مەکتـەبی سیاسی. ئـەو گوتـی سـواربە مـن دەچمـە گەڵاڵـە. لەگەڵـی سـواربووم و منـی گەیانـدە ناوپـردان. لەناوپـردان پێیان دەگوتـم بـۆ چـاوت دروسـت نەکـردووە، ئـەدی تـۆ نەچووبـووی چاوێـک بـۆ خـۆت دروسـتبکەی. پێـم گوتـن دەتوانـن ئـەم پرسـیارە لـە سـەرۆک بـارزانی بکـەن. مـن نەمدەویسـت بچمـە بـارەگای سـەرۆک بـارزانی، چونکـە دڵـم زۆر شـکابوو و شـەڕێکی ئێجـگار سـەخت و خوێناویـش لەنێـوان شـۆڕش و حکومـەتی عێـراق دەسـتیپێکردبووەوە. هێزێکـی زۆری سـوپای عێـراق هێرشـیان کردبـوو بـۆ گرتنـی سـنووری کوردسـتانی باشـوور و ڕۆژهـەڵات. سـوپای عێـراق چیـای

هەندرێنیـان گرتبـوو، هێزێکـی شـۆڕش لـە گەڵاڵـەوە بـە سـەرکردایەتی ئیدریـس بـارزانی هێـرشی کـرد بـۆ گرتنـەوەی چیـای هەندرێـن و دوای شـەڕێکی سـەخت و کوشـتارێکی زۆر لـە سـوپای عێـراق هێـزی شـۆڕش تـوانی پاشەکشـە بـە سـوپای عێـراق بـکات و تـەرم و چەکـی زۆریـان دوای خۆیـان بەجێهێشـت. شـەڕی چیـای هەندرێـن لـە هەمـوو جیهـان، بەتایبـەتی لـە کوردسـتانی گـەورە دەنگـی دایـەوە.

دوای شـەڕی هەندرێـن حکومـەتی عەبدولڕەحـمان عـارف دووبـارە هەوڵـی دایـەوە دانوسـتان لەگـەڵ سـەرکردایەتی شـۆڕش بـکات، چونکە سـوپای عێـراق بە تـەواوی بـێ ورەبـوو و توانـای شـەڕی لەگـەڵ پێشـمەرگەی کوردسـتان نەمابـوو. حکومـەتی عێـراق (محەمـەد حەسـەن دزەیـی و زەیـد ئەحمـەد عوسـمان)ی نـارد بـۆ لای سـەرکردایەتی شـۆڕش تـا دووبـارە دەسـت بـە دانوسـتان بکرێتـەوە. سـەرکردایەتی شـۆڕش بـە گەرمـی پێشـوازییان لـە هـەردوو ڕاسـپێردراوەکەی حکومـەتی عێـراق کـرد کـە بـۆ دانوسـتان هاتبـوون. لـە مانگـی حوزەیـرانی سـاڵی ١٩٦٦ نوێنـەرانی کـورد بـە سـەرۆکایەتی حەبیـب محەمـەد کەریـم چوونـە بەغـدا، ئەمانـەش ئەندامـی شـاندەکە بـوون: (عـەلی عەبـدوڵا، سـاڵح یوسـفی، نافیـز جـەلال، موحسـین دزەیـی)، لـەوێ لەگـەڵ عەبدولڕەحـمان بـەزازی سـەرۆک وەزیـرانی عێـراق کۆبوونـەوە، هـەردوولا لـە ٢٩ی حوزەیـران گەیشـتنە ڕێککەوتـن و لـە ٣٠ی حوزەیـران واژۆیـان کـرد. ڕێککەوتنەکـە داخـوازی زۆری گـەلی کـوردی تێدابـوو. هێشـتا نوێنـەرانی پـارتی هـەر لـە بەغـدا بـوون، عـارف عەبدولـڕەزاق هەوڵـی کودەتـای دا، بـەڵام سـەرکەوتوو نەبـوو.

ڕێککەوتنەکـەی نێـوان شـۆڕش و حکومـەت ماوەیەکـی بـاش هێمنـی و ئارامـی بـۆ گـەلی عێـراق هێنـا و هـەردوولا دەسـتیان بـە جێبەجێکـردنی ئەرکـی سەرشـانیان کـرد. تاهیـر یەحیـا کـە لەپـاش عەبدولڕەحـمان بـەزاز بـوو بـە سـەرۆک وەزیـری عێـراق، هاتـە شـاری ڕوانـدز و دواتـر هـات بـۆ خەلـەکان و پاشـان سـەردانی سـەرۆک مـەلا مستەفا بـارزانی کـرد و دوای ئەمـە سـەرکردەکانی

شـۆڕش چەنـد جارێـک هاتوچـۆی بەغدایـان کـرد و ڕۆژنامـەی (ئەلتەئاخـی) لـە بەغـدا دەرچـوو کـە زمانحاڵـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان بـوو. ئەمانـە هەمـووی بوونـە هـۆکار بـۆ وەسـتاندنی شـەڕ.

دوای وەسـتانی شـەڕ لـە نێـوان شـۆڕش و حکومـەتی عێـراق، پارتیـمان خـۆی ئامادەکـرد بـۆ گرێـدانی کۆنگـرەی حەوتـەم. نوێنـەرانی کۆنگـرە لـە هەمـوو لـق و ڕێکخـراوەکانی پارتیـمان هەڵبژێـردران و لـە ڕێکەوتـی ١٩٦٦/١١/١٥ کۆنگـرەی حەوتەمـی پـارتی لـە شـاری گەڵاڵـە دەسـتیپێکرد. لـە کۆنگـرەی حـەوتی پارتیـدا زۆر بڕیـاری بـاش دران لەبـارەی ژیـانی پارتایـەتی و خەبـاتی گـەلی کـورد و خاکـی کوردسـتان. هەروەهـا لـەم کۆنگرەیـەدا سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی بـە تێکـڕای دەنـگ بـە سـەرۆکی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان هەڵبژێردرایـەوە. ئـەم بەڕێزانـەش بوونـە ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی پارتیـمان: (حەبیـب محەمـەد کەریـم فەیـلی، شـەفیق ئەمیـن، سـاڵح یوسـفی، عـەلی عەبـدوڵا، محەمـەد مەحمـوود عەبدولڕەحـمان سـامی، نـوری شـاوێس، شـەوکەت ئاکرەیـی، ئەحمـەد جەرجیـس، یـەدوڵا کەریـم فەیـلی، مەجیـد ئەتـروشی فەتـاح ئەمیـن، عەزیـز ئاکرەیـی، ئیسـماعیل مـەلا عەزیـز، عـەلی شـنگالی، هاشـم ئاکرەیـی). ئینجـا پارتیـمان بـە سـەرۆکایەتی سـەرۆک مەلامسـتەفا بـارزانی دەسـتی بـە خەبـاتی خـۆی کـردەوە لـە پێنـاو گـەلی کـورد و خاکـی کوردسـتان.

### دووبارە لە بارەی خۆم

دوای ئـەوەی نێـردرام بـۆ تـاران و شەمسـەدین موفتـی هیچـی بـۆ نەکـردم. لـە ڕێکەوتـی ١٩٦٧/٦/١٧ گەڕامـەوە کوردسـتان، بـەڵام نەچوومـە بـارەگای سـەرۆک بـارزانی و چوومـە بـارەگای مەکتـەبی تەنفیـزی سـەرکردایەتی شـۆڕش لـە ناوپـردان. دواتـر سـەرۆک مـەلا مستەفا بـارزانی بیسـتبووی کـە مـن لـە تـاران گەڕاومەتـەوە بـێ ئـەوەی چـاوم بـۆ دروسـت بکـرێ. سـەرۆک بـارزانی ئیدریسـی

کوڕی نارد بەدوامدا و بۆئەوەی بچمە لای خۆی. من و کاک ئیدریس چووین بۆ لای سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی و لەوێ سەرۆک لە منی پرسی عەزیز قازی من ئێوەم لەگەڵ شەمسەدین موفتی نارد بۆ تاران تا لەوێ بتنێرنە وڵاتێکی دیکە و چاوێکت بۆ دروست بکەن، بۆچی چاویان بۆ دروست نەکردی. من بە سەرۆک بارزانیم گوت دەتوانن ئەمە لە نوێنەری خۆتان لە تاران کە شەمسەدین موفتییە بپرسن. دواتر من داوای مۆڵەتم کرد بۆ ئەوە سەردانی بەغدا بکەم و هاوژین و منداڵەکانم ببینم. دووبارە سەرۆک بە کاک ئیدریس بارزانی گوت نووسراوێکی بۆ بکە بۆ سەربازگەی ڕواندز با لەوێ نووسراوێکی بۆ بکەن تا لە چوون و هاتنی کێشەی بۆ دروست نەکەن. کاک ئیدریس نامەیەکی بۆ من نووسی و پێی گوتم کاک عەزیز دووبارە ناوت بە عەزیز قادر دەنووسم تا نەزانن تۆ کێی. ئەوکاتیش لەنێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕش ڕێککەوتنی ئاشتی هەبوو.

لە ڕێکەوتی ١٩٦٧/٦/٢١ بۆ سەردانی منداڵەکانم چوومە بەغدا. لە بەغدا چوومە لای دکتۆرێکی چاو، ئەو گوتی چاوت زۆر بە خراپی نەشتەرگەری بۆ کراوە، بەڵام هەرچۆنێک بێ هەوڵدەدەم چاوێکت بۆ دروست بکەم. زاهیدا ٦٠ دیناری قەرز کرد و دکتۆر چاوێکی بۆم دروستکرد، بەڵام چاوەکە باش نەبوو و خەڵک لە دوورەوە دەیانزانی چاوی خۆم نییە. من تەنیا ١٥ ڕۆژ لە بەغدا بووم و ڕێکەوتی ١٩٦٧/٧/١٧ گەڕامەوە مەکتەبی تەنفیزی.

## دووبارە بوومەوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی ناوچەی قەرەداغ

لە ڕێکەوتی ١٩٦٧/٧/٢٢ گەیشتمە گوندی جافەران، کاک عەریف حەمید بەرواری لەبارەگای هێزی قەرەداغ بە وەکالەتی فەرماندەی هێز لەوێ بوو. دوای من عەقید نوری مەلا مارف دووبارە بووەوە بە فەرماندەی هێزی قەرەداغ. کاک عەریف حەمید بەرواری دووبارە گەڕایەوە ناوچەی بەتالیۆنی

خـۆی کـە بەتالیـۆنی ٥ی هێـزی قـەرەداغ بـوو لـە گەرمیـان. منیـش چـووم و بەتالیـۆنی ٤ی هێـزی قەرەداغـم وەرگـرت، دواتـر مەکتـەبی تەنفیـزی سـەرکردایەتی شـۆڕش داوایـان لـە مـن کـرد بگەڕێمـەوە بەتالیـۆنی ٩ی هێـزی قـەرەداغ و لـەوێ ببـم بـە فەرمانـدەی بەتالیـۆن، بـەڵام مـن ئـەوەم ڕەتکـردەوە.

لەوکاتـەدا سـەرۆک بـارزانی هاتبـووە ناوچـەی سـەرگەڵو، مەکتـەبی تەنفیـزی برووسـکەیەکیان بـۆ سـەرۆک بـارزانی کردبـوو کـە ئـەو داوا لـە مـن بـکات بچـم و ببمـە فەرمانـدەی بەتالیـۆنی ٩ی هێـزی قـەرەداغ لـە ناوچـەی کفـری و دوزخورماتـوو، ئـەوان دەیانـزانی مـن بـە قسـەی سـەرۆک بـارزانی ئـەو کارە دەکـەم. سـەرۆک بـارزانی برووسـکەیەکی بـۆ مـن کـرد تـا لـە سـەرگەڵو بچـم ببیینـم.

لەسـەر داوای سـەرۆک بـارزانی چوومـە سـەرگەڵو. ئـەوکات جاشـەکانی ٦٦ بارەگایەکیـان لـە بەکرەجـۆ لەنـاو سـەربازگەی سـوپای عێـراق دانابـوو و بارەگایەکیشـیان لـە کـەلار لەگـەڵ سـوپای عێـراق دانابـوو. شـەوان دەردەچـوون و دەچوونـە نـاو گونـد و دێهاتـەکان و ئـەو خەڵکـەی دڵسـۆزی خـاک و نیشـتیمان و سـەرۆک بـارزانی بـوو ئازاریـان دەدا و غەدریـان لـە خەڵـک دەکـرد و خەڵکیـان تـاڵان دەکـرد، بۆیـە سـەرۆک بـارزانی خـۆی هاتبـوو بـۆ هێرشـکردنی سـەر جاشـەکانی ٦٦ لـە بەکرەجـۆ.

لـە ناوچـەی بازیانـەوە بەشـەو بـەرەو سـەرگەڵو ڕۆیشـتم، بـۆ ئێـوارەی ڕۆژی دواتـر گەیشـتمە سـەرگەڵو، سـەرۆک بـارزانی لـە ماڵـی شـێخ عـەلی سـەرگەڵویی بـوو، منیـش شـەو لـەوێ بـووم. بەیـانی زوو لەبـەر بۆمبـارانی فڕۆکـەکانی عێـراق سـەرگەڵوی بەجێهێشـت و چـووە نـاو چیـاکانی نزیـک سـەرگەڵو و منیـش لـە گەڵیـان چـووم. سـەرۆک بـارزانی بانگـی منـی کـرد و گوتـی عەزیـز قـازی وەرە بـا بچیـن داری دارجگـەرە بدۆزینـەوە، لەوێـش قسـەی خۆمـان بکەیـن و پێـت بڵێـم کـە بۆچـی بانگـی تـۆم کـردووە تـا بێـی بـۆ ئێـرە. عەزیـز قـازی مـن ناردوومـە

بتبینـم تـا پێـت بڵێـم دەبـێ بچیتـەوە ناوچـەی بەتالیـۆنی ٩ و لـەوێ ببیتـەوە بـە فەرمانـدەی بەتالیـۆن، هەروەهـا لـەوێ سـەرۆک بـارزانی بـە منـی گـوت، تـازە دەزانـم ئێـوە بـە عەشـیرەت سـورچی سـۆرانن، هەرچەنـدە تـۆ مـاوەی ٣١ سـاڵە لەگـەڵ منـی و بەشـداری هەمـوو شـەڕ و شۆڕشـەکانت کـردووە. وامـزانی تـۆ خەڵکـی گونـدی کانیەلنجـی، چونکـە هەمـوو کات لـە گـەڵ سـاڵح عـەلی کانیەلنجـی بـووی، بـەڵام ئێسـتا زانیومـە کـە تـۆ عەشـیرەتت سـورچییە.

بـە بارزانیـم گـوت، ئەگـەر کەسـێکی خـراپ بـام، هـەرزوو دەیانگـوت عەزیـز قـازی .... سـورچییە، بـەڵام شـوکر بـۆ یـەزدان مـن نـە خـۆم لەنـاو ئێـوە بـە غەریـب زانیـوە و نـە کەسـێکی ..... بـووم، بۆیـە نەتزانیـوە سـورچیم.

دوای ئـەوەی سـەرۆک پێـی گوتـم دەبـێ بچیتـەوە بەتالیـۆنی ٩ی قـەرەداغ، قسـەم نەشـکاند و لەقسـەی سـەرۆکی خـۆم دەرنەچـووم، بڕیارمـدا لـە بەتالیـۆنی ناوچـەی قـەرەداغ بچمـە بەتالیـۆنی ٩ی هێـزی قـەرەداغ لـە ناوچـەی کفـری و دوزخورماتـوو. بـە سـەرۆک بارزانـم گـوت بـەو مەرجـە دەچمـە ئـەوێ ئەگـەر ڕێگـەم پـێ بـدەی نامـە بـۆ جاشـەکان بنێـرم و داوایـان لـێ بکـەم واز لـە جاشـایەتی بێنـن و بگەڕێنـەوە نـاو ڕیـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان دوای ئـەوەی ئێـوە لێیـان دەبـورن. سـەرۆک بـارزانی بـە منـی گـوت ئێـوە لـە هـەر کەسـێکتان بـووری مانـای وایـە ئێمـەش لێـی خۆشـبووین.

سـەرۆک بـارزانی بـە منـی گـوت تـۆ فەرمانـدەی بەتالیـۆنی ٤ی هێـزی قەرەداغـی و ناوچـەی بەکرەجـۆ سـەر بـە ئێوەیـە، بۆچـی لـە جاشـەکان نـادەن و لەناویـان ببـەن. بـە سـەرۆکم گـوت بـارەگای جاشـەکان و سـوپای عێـراق بەیەکەوەیـە و دەترسـێن ئێمـە لێیـان بدەیـن و ئەوانیـش خەڵـک و گونـدەکان تۆپبـاران بکـەن و خەڵکێکـی زۆر بکـوژن و جاشـەکانیش هەموویـان سـەنگەریان لـە زەوی دروسـتکردووە، ئەگـەر ئێمـە لـەم دەشـتە رووتـەدا هێرشـیان بکەینـە سـەر، ئـەوا لـە سـەدا یەکـی پێشـمەرگەکانمان ناگەنـە بەکرەجـۆ، منیـش نامـەوێ

پێشـمەرگەکانم هـەروا بـە کوشـت بـدەم. سـەرۆک گوتـی عەزیـز ڕاسـت دەکـەی ئێمـە نابـێ پێشـمەرگەکانمان هـەروا بـە کوشـت بدەیـن. سـەرۆک بـارزانی هێـزی هێنابـوو بـۆ هێـرش کردنـە سـەر جاشـەکان گوتـی، ئەگـەر پێـت باشـە بـا چەنـد پێشـمەرگەیەکی بـارزانی لەگـەڵ تـۆ بێـن و بـەردەوام لەگـەڵ خـۆت بـن، یـان پەیوەنـدی بـە خزمـانی سـورچییەوە بکـە و ئـەوەی دەیـەوێ ببێتـە پێشـمەرگە مـن وەریدەگـرم و نامـە بـۆ ئیدریـس دەنووسـم بـا چـەک و تەقەمەنیتـان پـێ بـدا.

**لە حاجی ئۆمەران سەردانی کاک ئیدریس بارزانیم کرد**

هـەر لـە لای سـەرۆک بارزانییـەوە، واتـە لەسـەرگەڵوەوە چـووم بـۆ لای کاک ئیدریـس بـارزانی بـۆ وەرگرتنـی فیشـەک و تەقەمـەنی بـۆ بەتالیـۆنی ٩ی هێـزی قـەرەداغ. لـەوێ چەنـد سـندوقێک فیشـەک و دوو ئارپیچـی و چەنـد نارنجۆکێکم وەرگـرت. هەروەهـا لـە حاجـی ئۆمەرانـەوە نامەیەکـم بـۆ ئـەم خزمانـەی خـۆم لـە ئافریـانی گونـدی خۆمـان لـە دەشـتی هەریـر نـارد (مـەلا ڕەسـووڵ ئیسـماعیل سـورچی، شـێخ محەمـەد ئەحمـەد سـورچی، حسـێن محەمـەد سـورچی، حاجـی سـەید سـورچی، عـەلی قـازی بـرام)، ئەوانـە هەموویـان لـە حاجـی ئۆمـەران هاتنـە لام و منیـش چەکـم بـۆ لـە کاک ئیدریـس بـارزانی وەرگـرت. هەروەهـا خـدر سـەید و حەمـەد عـەدێ کـە هەردووکیـان لـە ناوچـەی بێتواتـە پێشـمەرگە بـوون نامـەم بـۆ ئەوانیـش نـووسی و هەردووکیـان هاتنـە لام.

کاتێـک ئامادەبوویـن هەموومـان بـە ئۆتۆمبێـلی سـوپای ئێـران لـە حاجـی ئۆمەرانـەوە چوویـن بـۆ سـنە و لەوێشـەوە هاتینـەوە شـاری پێنجوێـن لـە کوردسـتانی باشـوور. لـەوێ لـە ڕێکەوتـی ١٦/١٧-١-١٩٦٨ برووسـکەیەکم بـۆ هێـزی خۆمـان کـرد کـە بێنـە سـەر ڕووبـاری تانجـەڕۆ لـە دەشـتی شـارەزوور و لـە نزیـک شـاری عەربـەت چاوەڕێـی ئێمـە بکـەن و چەنـد وڵاغێـک لەگـەڵ

خۆیـان بێنـن، بۆئـەوەی فیشـەک و تەقەمەنیـان لـێ باربکەیـن و بیانبەیـن بـۆ گونـدی جافـەرانی نزیـک شـاری قـەرەداغ کـە بـارەگای هێزمـان لـەوێ بـوو. شـەوی ١٦/١٧-١-١٩٦٨ بـە تراکتـۆر لـە پێجوێنـەوە چووینـە سـەر ڕووبـاری تانجـەڕۆ و لـەوێ هێزێکـی پێشـمەرگە چاوەڕوانی ئێمەیـان دەکـرد و وڵاغیشـیان هێنابـوون. لـە ڕێکەوتـی ١٦/١٧-١/١٩٦٨ چووینـە ناوچـەی قـەرەداغ و لەوێـوە چوویـن بـۆ جافـەران.

## گەڕانەوەم بۆ ناوچەی گەرمیان

مـن چـووم بـۆ بـارەگای هێـز لـە جافـەران و کاک ئەحمـەدە سـوور کـە سـەرلقی ناوچـەی بازیـان بوو، کاک عوسـمان بزینی و کاک شـێخ کەریم سـەرپەلی پێشـمەرگە بـوون، هاتنـە لام و پێـم گوتـن مـن بۆیـە بانگـی ئێـوەم کـردووە تـا لەگـەڵ مـن بێـن بـۆ بـارەگای هێـزی قـەرەداغ، ئەوانیـش هەرسـێکیان گوتیـان پێمان خۆشـە لەگەڵـت بێیـن. ئینجـا ئەوانـم لەگـەڵ خـۆم بـرد بـۆ بەتالیـۆنی ٩ی هێـزی قـەرەداغ. ئەحمـەدە سـوورم بـە سـەرلقی ناوچـەی کفـری دانـا و عوسـمان شـێخ بزێنیـش بـە هـی دەربەندیخـان، هەروەهـا شـێخ کەریمیشـم کـرد بـە یاریـدەدەری عوسـمان شـێخ بزێنـی.

لـە ڕێکەوتـی ١٩٦٨/١/٢٠ چووینـە ناوچـەی گەرمیـان و سـەردانی لقـی یەکـی ناوچـەی کفریـمان کـرد، لـەوێ سـەرکردایەتی شـۆڕش برووسـکەیان بـۆ مـن کـرد و ئاگاداریـان کردمـەوە کـە (کامیـل مـەلا وەیـسی) پەیوەنـدی بـە جاشـەکان ٦٦ەوە هەیـە. ئـەوکات کامیـل مـەلا وەیـسی سـەرلقی ناوچـەی دوزخورماتـوو بـوو لـە بەتالیـۆنی ٩ی هێـزی قـەرەداغ. گوتیـان کامیـل بگـوازەوە بـۆ ناوچـەی خەبـات لـە پێنجوێـن کـە بـارەگای هێـزی خەبـاتی لێیـە. نامەیەکـم بـۆ کامیـل مـەلا وەیـسی نـووسی کـە خـۆی و هێزەکـەی لـە ڕێکەوتـی ١٩٦٨/١/٢٥ بێـن بـۆ گونـدی خەپەکوێـر. کامیـل مـەلا وەیـسی خوێنـدەواری نەبـوو، بـەڵام محەمـەد

حەمید یاریدەدەری بوو، ئەو نامەکەی بۆ کامیل مەلا وەیسی خوێندبووەوە و نامەیەکیشی بۆم ناردبوو و تێیدا نووسیبووی کاک عەزیز تکایە خۆت و هێزێک وەرن بۆ ئێرە، نەوەک کامیل مەلا وەیسی خیانەتتان لێ بکات وەک چۆن ڕەیس کەمال خیانەتی کرد. پێشتر لە ساڵی ١٩٦٥ محەمەد حەمید لە بەتالیۆنی ٩ لای من لە قەڵەم کاری دەکرد.

هێزی ناوچەی کفریم لەگەڵ خۆم برد و ئێوارە گەیشتینە ئەوێ. کامیل مەلا وەیسی لەگەڵ هێزەکەی هات بۆ گوندی خەپەکوێر. بە کامیلم گوت تۆ خۆت لەگەڵ من وەرە پێشمەرگەکان بەسەر ماڵەکانی گوند دابەش دەکەین، بەڵام نابێ بە شەو بگەڕێن. پێشمەرگەکانی خۆم لەگەڵ خۆم بوون و پێم گوتن زۆر وریابن نەوەک کامیل مەلا حەسەن خیانەتمان لێ بکات.

لە ڕێکەوتی ١٩٦٨/١/٢٦ لە گوندی خەپەکوێر دەرچووین و چووینە سەر گردەکانی پشتی خەپەکوێر، بە پێشمەرگەکانی خۆم گوت زۆر وریای جوڵانەوەی کامیل مەلا وەیسی بن. من پێم گوت بە فەرمانی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی تەنفیزی تۆ لێرە دەگوازرێیتەوە بۆ ناوچەی هێزی خەبات. ئەو بە منی گوت کاک عەزیز من بۆ لە ناوچەی خۆم دەگوازرێمەوە لە کاتێکدا خەڵکی ئێرەم و ماڵ و منداڵ و خزم و کەسم هەمووی لێرەن؟ لە وەڵامدا گوتم: ئێمە پێشمەرگەی کوردستانین و هەر شوێنێک کە شۆڕش و سەرکردایەتییەکەی پێیان باش بێ دەبێ بچینە ئەوێ. من سورچیم و شۆڕش منی ناردووە بۆ ئێرە و لاریشم نەبووە، خۆ منیش پێم خۆشە لەناو خزم و کەس و عەشیرەتی خۆم بام. کامیل مەلا وەیسی گوتی کاک عەزیز دەتوانم بچم خوا حافیزی لە برا پێشمەرگەکانم بکەم و شەویش بچمەوە ماڵ کە لە بنارگلە و لەوێش خواحافیزی لە هاوژینم بکەم، ئینجا بە فەرمانی سەرکردایەتی شۆڕش دەچمە ناوچەی هێزی خەبات.

ئەو چوو بۆ لای پێشمەرگەکانی لقی ٩ی هێزی قەرەداغ و پاش نیو کاتژمێر گەڕایەوە و پێشمەرگەکانیشی لەگەڵ خۆی هێنابوو. پێشمەرگەکانی گوتیان ئەگەر کاک کامیل بگوازرێتەوە، ئێمەش لەگەڵی دەڕۆین. گوتم تەنیا دوو پێشمەرگە دەتوانن لەگەڵیان بڕۆن تا دەگەنە ناوچەی هێزی خەبات و دواتر دەبێ ئەو دوو پێشمەرگەیەش بگەڕێنەوە. قسەم بۆ پێشمەرگەکان کرد و گوتم ئێمە پێشمەرگەین و شۆڕش پێی باش بێ لەکوێ بین، دەبێ بچینە ئەوێ. ٢٠ پێشمەرگەیەک هەر ڕازی نەبوون و گوتیان ئێمە هەر لەگەڵی دەچین. کامیل مەلا وەیسی گوتی، کاک عەزیز ئەمشەو لێیانگەڕێ با لەگەڵ من بن، بەیانی وەک خۆت دوو پێشمەرگە لەگەڵ خۆم دەبەم کە گەیشتینە ناوچەی هێزی قەرەداغ ئەوانیش دەنێرمەوە ئێرە.

نەمویست کامیل مەلا وەیسی تووشی هەڵەیەک بێ، چونکە ئەوکاتەی عەلی حاجی مشیر بوو بە جاش و خیانەتی کرد، کامیل یاریدەدەری من بوو لە بەتالیۆنی ٩ی هێزی قەرەداغ و ناردم عەلی حاجی عەلی بکوژێ و کوشتی. کامیل چوو بۆماڵی خۆی لە بنارگڵی نێوان قادرکەرەم و دوزخورماتوو. ئێمە بۆ شەوی ٢٦/٢٧-١-١٩٦٨ چووین بۆ گوندی هۆمەر بلی نزیک شاری کفری، تا لە گوندەکانی ئەو ناوچەیە بەدوای جاشەکاندا بگەڕێین.

## خیانەتی کامیل مەلا وەیسی

کاتێک کامیل مەلا وەیسی لە لای من ڕۆیشت و گوتی دەچمەوە ماڵی خۆمان، ئەوەی نەکردبوو و نەچووبووەوە ماڵی خۆیان و چووبووە شاری دوزخورماتوو، تا لەوێ خۆی ڕادەستی حکومەتی عێراق بکات. شەوی ٢٦/٢٧-١-١٩٦٨ چووبووە گوندێک لە نزیک شاری دوزخورماتوو، چونکە نەیوێرابوو بە شەو بچێتە ئەو شارە. ئەو دوو پێشمەرگەی لەگەڵ کامیل چووبوونە ئەوێ، ڕایانکردبوو، شەو کاتژمێر ٣ی شەو گەیشتنە لای من و

گوتیان کامیل خیانەتی کردووە و دەیەوێ بچێتە دوزخورماتوو و لەوێ ببێ بە جاش، ئێستا لە گوندێکی نزیک ئەو شارەیە. گوتیان ئێمە کە زانیمان ئەو بەتەمای خیانەتە ڕامانکرد و هاتینەوە. پێشمەرگەکان داوای لێبوردنیشیان کرد و گوتیان نەمازانیبوو کامیل دەبێتە جاش، من چاوی هەردووکیانم ماچ کرد و گوتم ئێوە برای منن و پێشمەرگەی دڵسۆزی کوردستانن.

ئێمە دەسبەجێ ڕێگامان گرتەبەر بۆئەوەی بچین و نەهێڵین بچنە ناو شاری دوزخورماتوو، بەڵام تا ئێمە گەیشتینە شاخەکەی پشت دووز، ئەوان ڕۆیشتبوون و چووبوونە ناو شارەکە، هەرچەندە ئێمە تەقەشمان لێیان کرد، بەڵام ئەوان لە دەستمان ڕزگاریان بوو. دوای ئەوە کوردێکی نیشتیمانپەروەر کە لە دوزخورماتووەوە هاتبوو، گوتی: ئەو چوار پێشمەرگەیەی لەگەڵ کامیل مەلا وەیسی هاتبوون، ئێستا هاتوونەتە ماڵی من و دەڵێن، نەمانزانیوە کامیل مەلا وەیسی نییەتی خیانەتی هەبووە، ئێستاش پەشیمانن و دەڵێن: ئەگەر کاک عەزیز قازی لێمان خۆشبێ، ئێمە دەگەڕێینەوە ڕیزەکانی شۆڕش. نامەیەکم بۆیان نووسی و پەیمانی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانیم پێدان کە لێیان دەبوورم و ئەوانیش وەک هەر پێشمەرگەیەکی دیکەی کوردستان برای ئێمەن. ئینجا هەرچواریان هاتنەوە لامان و منیش چاوی هەر چواریانم ماچ کرد و گوتم: ئێوە برای ئێمەن و پێشمەرگەی ئەم خاکەن. دواتر کامیل مەلا وەیسی هاوشێوەی عەلی حاجی مشیر لە شەڕێکدا کوژرا. ئەمانە هەردووکیان خیانەتیان کرد و بوون بە جاش.

ئیدی عەزیز شەریف کەرکووکیم لەجێی کامیل مەلا وەیسی کردە سەرلقی ناوچەی دوزخورماتوو. ئێمە دەستمان بە جووڵە و گەڕان کردبوو لە گوندەکانی نزیک جەلەولا و کفری و کەلار و بەدوای جاشەکاندا دەگەڕاین. ئەم کارەمان بەردەوام بە شەو دەکرد، چونکە بە ڕۆژ بەهۆی بۆمبارانی فڕۆکەی سوپای عێراق نەماندەتوانی دەرچین، لەبەرئەوەی ئەوێ دەشتێکی

ڕووتی بێ دار و بەرد بوو.

**ئەمانەم کرد بە سەرلقی بەتالیۆنی ٩ی هێزی قەرەداغ:**

- عەزیز شەریف کەرکووکی بوو بە سەرلقی دووی ناوچەی دوزخورماتوو.
- کاک ئەحمەدە سوورم بە سەرلقی یەکی ناوچەی کفری دانا.
- کاک عوسمان شێخ بزێنیم کردە سەرلقی ٣ی ناوچەی دەربەندیخان و شێخ کەریمیشمان بە یاریدەدەری عوسمان شێخ بزێنی دانا لە لقی ٣ی ناوچەی دەربەندیخان.

**گەڕان و پشکنینمان لەناو گوندەکان بەم شێوەیە بوو:**

- لە ڕێکەوتی ٢٢/٢٣-٢-١٩٦٨ چووینە ئەم گوندانەی ناوچەی جەلەولا: (قاهیرە، کەلکەبان، کارێزی کوێخا محەمەد لە خوارەوەی ناوچەی کفری، تلیشان، زورداوی گەورە، زورداوی بچووک و بۆ بەیانیش چووینە گوندی ١٢ ئیمام لە نزیک شاری کفری)
- لە ڕیکەوتی ٢٣/٢٤ چووین بۆ ئەم گوندانە: (ناسالیجە، پیوازەجار، کارێزەی حەمەی کەیفی، سەید خەلیل) و بە ڕۆژ لە گوندی سەید خەلیل ماینەوە.
- لەشەوی ٢٤/٢٥ چووینە ئەم گوندانە: (قاسم ئاوا، بەردەسوور، تازە دێ، بەلوت لەسەر ڕێگای گشتی نێوان کەلار و کفری و باوەنور، عەینەک کاوە، ژاڵەی حاجی قادری شاتری و بەڕۆژ لەوێ ماینەوە تاکو کاتژمێر شەش).

جاشەکانی ٦٦ لەگەڵ سوپای عێراق لە شاری کەلار بوون. گوتبوویان ئێمە دەبێ زۆر ئاگاداری خۆمان بین، چونکە عەزیز قازی وەکو ورچی بریندار وایە و هێرش دەکاتە سەرمان و نەیاندەوێرا لە سەربازگەی سوپای

عێراق بزوێن. حەمە شەمێرانی[1] کە پێشتر سەرلق بوو لە هێزی خەبات و ڕیزەکانی شۆڕشی بەجێهێشت و بوو بە جاش، دوو جاشی ئەومان لە گوندەکانی نزیک جەلەولا گرتبوو، یەکێک لەوان خوشکەزای حەمە شەمێرانی بوو. حەمە شەمێرانی نامەیەکی بۆ من نارد و تێیدا نووسیبووی کاک عەزیز قازی ئەگەر باوەڕم پێ دەکەی من جاش نیم و بەشداری هیچ شەڕێکم نەکردووە، ئەگەر تۆ لە بەتالیۆنی ٩ بی و سەرکردایەتی شۆڕش لێم ببورێ، دەگەڕێمەوە لای ئێوە. ئەوکاتەی من لە ڕێکەوتی ١٩٦٦/٧/٩ لە شەڕێک لەگەڵ جاشەکانی ٦٦ برینداربووم، حەمە شەمێران لەگەڵ ئێمە بوو و کاتێک منی بینی چاوی ڕاستم لە دەست داوە، دەستی بە گریان کرد. حەمە شەمێرانی لە نامەکەیدا بۆ منی نووسیبوو کاک عەزیز تکات لێ دەکەم ئەو دوو کەسە ئازاد بکە با بچنەوە ماڵی خۆیان. لوسەر داوای ئەو، هەردوو جاشەکەم ئازاد کرد و بەبێ چەک ناردنمە ماڵەوە.

## شەهیدبوونی شەهید شێخ کەریم

لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانیم ناوچەی گەرمیان لە جاشەکان پاک بکەمەوە و تەنیا کەلاریان بەدەستەوە مابوو. لە شەڕێک لەگەڵ جاشەکانی ٦٦ شێخ کەریم لە نزیک مەیدانی خوارەوەی دەربەندیخان شەهید بوو، ئەو کاتەی من گەڕامەوە بەتالیۆنی ٩، شەهید شێخ کەریم لە لقی ٣ی ناوچەی دەربەندیخان یاریدەدەری عوسمان شێخ بزێنی بوو. من شەهید کەریمم لە ناوچەی قەرەداغ لەگەڵ خۆم برد بۆ بەتالیۆنی ٩ی هێزی قەرەداغ و کردم بە یاریدەدەری عوسمان شێخ بزێنی لە لقی ٣ی بەتالیۆنی

(١)حەمە شەمێرانی خەڵکی ناوچەی شەمێران بوو، لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١ دەچێتە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستان و دواتر دەبێتە سەرلقی پێشمەرگە لە ناوچەی هێزی خەبات لە ناوچەی هەڵەبجە و شەمێران. لەکاتی پێشمەرگایەتی حەمە شەمێران دووجار بەیەکەوە بەشداری شەڕمان کردووە، بەڵام دواتر بوو بە جاش.

٩. شـەهید شـێخ کەریـم زۆر ئـازا و نیشـتیمانپەروەر بـوو. ئـەو کچێکـی ٢ سـاڵی و هاوسـەرەکەی لـە دوای خـۆی بەجێهێشـت.

## وازهێنانم لە فەرماندەیی بەتالیۆنی ٩ی قەرەداغ

دووبـارە عەقیـد نـوری مـەلا مـارف هاتـەوە لامـان و بـووەوە بـە فەرماندەی هێـزی قـەرەداغ، لەوکاتـەدا عەریـف حەمیـد بـەرواری فەرمانـدەی بەتالیـۆنی ٥ی هێـزی قـەرەداغ بـوو لـە ناوچـەی جەبـاری و چەمچەمـاڵ و سـەنگاو. عەریـف حەمیـد بـەرواری چووبـووە لای عەقیـد نـوری مـەلا مـارف و لـەوێ عەریـف حەمیـد بـە عەقیـد نـوری گوتبـوو بـا گونـدی خورینـە[1] کـە سـەر بـە بەتالیـۆنی ٩یـە بیخـە سـەر سـنووری بەتالیـۆنی خۆمـان. عەقیـد نـوری و عەریـف حەمیـد لەنێـوان خۆیـان پێکهاتبـوون. عەقیـد نـوری نامەیەکـی بـۆ نـاردم و تێیـدا نووسـیبووی بڕیارمانـدا گونـدی خورینـە بخەینـە سـەر سـنووری بەتالیـۆنی ٥ی هێـزی قـەرەداغ. هەروەهـا لـە نامەکـەدا نووسـیبووی لەبەرئـەوەی ناوچەکـەی ئێـوە زۆر بەرفراوانـە، بۆیـە ئـەو بڕیارەمانـدا.

وەڵامـی نامەکـەی عەقیـد نوریم دایەوە و بـۆم نووسی، ئێمـە ڕازی نین گوندی خورینـە بکەوێتـە سـەر سـنووری بەتالیـۆنی ٥. عەقیـد نـوری دووبـارە نامـەی بۆم نـاردەوە و نووسـیبووی مـن و عەریـف حەمید بڕیاری خۆمان داوە و لێی پاشـگەز نابینەوە. برووسـکەیەکم بۆ سـەرۆک مەلا مسـتەفا بارزانی و سـەرکردایەتی شـۆڕش و مەکتـەبی سیاسی پـارتی و مەکتـەبی تەنفیـزی کـرد و گوتـم: مـن ناتوانـم لەگـەڵ عەقیـد نـوری کاربکـەم، تکایە کەسـێک بنێرنە جێگاکـەم، تا فەرماندەیـی بەتالیۆنی ٩ بگرێتـە دەسـت، وەڵامیـان دامـەوە و گوتیان شـێخ جەعفەر بەرزنجـی دەنێرینە لاتـان تـا ببێتـە فەرمانـدەی بەتالیۆنی ٩ی هێـزی قەرەداغ.

(١)گونـدی خورینـە کەوتبـووە نێـوان سـەنگاو و قادرکـرم لەسـەر سـنووری بەتالیـۆنی ٩ بـوو. لەبەرئـەوەی خوێـی لێبـوو، داهاتێکـی زۆری هەبـو.

## هاتنی شێخ جەعفەر بەرزنجی

لە ڕێکەوتی ١٩٦٨/٣/١٨ شێخ جەعفەر بەرزنجی گەیشتە بارەگای بەتالیۆن لە گوندی (مەسوی) و بووە فەرماندەی بەتالیۆن و دەور و تەسلیمم لەگەڵی کرد. ئینجا لەگەڵ پێشمەرگەکانی خۆم ئەوانەی خزمی خۆم بوون گەڕاینەوە بارەگای هێزی قەرەداغ لە گوندی جافران لە نزیک شاری قەرەداغ و لەوێوە هاتینەوە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی سەرکردایەتی شۆڕش لە ناوپردان لەنێوان چۆمان و گەلاڵە، بەڵام دوای مانگێک شێخ جەعفەر بەرزنجی خیانەتی کرد و پەیوەندی بە حکومەتی عێراقەوە کرد.

کاتێک گەیشتمە مەکتەبی تەنفیزی، عەلی قازی برام ناردە بەغدا تا بچێ منداڵەکانم بێنێتە لام. کەپرێکم لە نزیک چایخانەی مستەفا سەلمان کرد لە نێوان گەلاڵە و حاجی ئۆمەران. هاوژینم و منداڵەکانم هاتنە لام و لەوێ زۆرمان میوان دەهاتن. بە حەمەد عەدێی خوارزام گوت بڕۆ هاوژینەکەت لە باتاس بێنە ئێرە تا هاریکاری زاهیدای خێزانم بکات.

## بەشداریکردنم لە خولێکی سەربازی لە هەمەدان

تازە منداڵەکان لە بەغداوە هاتبوونە لام، ڕۆژێکیان کاک ئیدریس بارزانی بەدوایدا ناردم تا بچمە بارەگای سەرۆک بارزانی. کاک ئیدریس گوتی: من بۆیە بانگی تۆم کردووە تا بچیە وڵاتی ئێران و لەوێ لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک و ڕەسووڵ فەقێ بەشداری خولێکی سەربازی بکەن. هەرچەندە پێم گوت، تازە لە بەغداوە منداڵەکانم هێناونە ئێرە، بەڵام کاک ئیدریس گوتی پێویستە لەگەڵ پێشمەرگەکان بچن بەشداربن لە مەشقی سەربازی و ژمارەی ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵتان دێن ٥٠ پێشمەرگەن کە ٢٥یان لەژێر فەرمانی تۆ دەبن و ٢٥ی دیکەش لەژێر فەرمانی ڕەسووڵ فەقێ خۆشناو. ئێوە دوو مانگ دەچنە شاری هەمەدان و لەوێ دوو مانگ چەند

ئەفسەرێک مەشقی سەربازیتان پێ دەکەن، با پێشمەرگەیەکی خزمی خۆت لە لای منداڵەکانت بێ و ئاگای لێیان بێ و هەرکاتێک پێویستییەکییان هەبوو با بێتە لام و بۆیان جێبەجێ دەکەم. گەڕامەوە ماڵەوە و بە زاهیدای خێزانم گوت: لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک دەچینە شاری هەمەدانی ئێران و ماوەی ۲ مانگ لەوێ دەمێنینەوە. حەمەد عەدێ کە خوشکەزای خۆمان بوو پێم گوت تۆ خێزانت لێرە لای ژن و منداڵەکانی من بمێننەوە و منداڵەکانم هەر ئیشێکیان هەبوو دەڕۆیتە لای کاک ئیدریس بارزانی و ئەو بۆتان ڕایی دەکات.

لە ڕێکەوتی ١٩٦٨/٤/٢١ لە حاجی ئۆمەرانەوە بە ئۆتۆمبێلەکانی سوپای ئێران چووینە سەربازگەیەک لە ناوچەی هەمەدان. کاتێک گەیشتینە ئەوێ کاک عەزیز ئاکرەیی و کاک ملازم تاهیر عەلی والی بەگ لەوێ بوون و چەند ئەفسەرێکیش لەوێ بوون و چادریان بۆ ئێمە هەڵدابوو تا لەوێ بمێنینەوە. کاتی خۆی کە لەگەڵ سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی چوومە یەکێتی سۆڤیەت دوو ساڵ مەشقی سەربازییان پێکردین، هەروەها بەهۆی بەشداربوونم لە شۆڕشی بارزان لە ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٥ و کۆماری کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١، شارەزای هەموو جۆرە شەڕێک بووم، بەتایبەتی شەڕی پارتیزانی.

لە سەربازگەکەی ناوچەی هەمەدان لە خوارەوەی شاخێک چەند تانکێکی تێکشکاویان دانابوو، گوایە ئەوە سەربازگەی دوژمنن، هەروەها چەند سەنگەرێک لە دەوروپشتی سەربازگەکە دروستکرابوون کە ئەرکیان پاراستنی سەربازگەکە بوو. بڕیاردرا ڕۆژێک من ببم بە دوژمن و بچین بۆ لای تانکەکان و ڕەسووڵ فەقێ خۆشناو لەگەڵ ٢٥ پێشمەرگە هێرش بکات بۆ گرتنی سەربازگەکە و ڕۆژێکیش ڕەسووڵ فەقێ ببێت بە دوژمن و من و ٢٥ پێشمەرگەکە هێرش بکەین. لە سەربازگەکە فیشەکی بێ گولەمان پێ درابوو. بڕیاردرا کاک ڕەسووڵ فەقێ هێرش بکاتە سەر ئێمە، ئەفسەرەکان

بە منیان گوت دەی با بزانین ئێوە چۆن پلان دادەنێن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە. هێزی خۆم لە دەوروپشتی سەربازگەکە دامەزراند، دواتر دەستم کرد بە تۆپبارانکردنی سەنگەرەکان و سەنگەرەکانمان گرت و هێرشمان کردە سەر تانکەکان و ئابلۆقەمان دان و کاک ڕەسووڵ فەقێمان لەناو تانکێک بەدیل گرت و سەربازگەکەشمان زۆر بە ئاسانی گرت. ئەو ئەفسەرانەی کە مەشقیان بە ئێمە دەکرد گوتیان عەزیز قازی تۆ زۆر باشتر لە ئێمە پلانی شەڕ دادەنێی، ئێوەیان بۆ ناردووە بۆ خولی ڕاهێنانی سەربازی. جاری دووەم پلان وابوو، من و ئەو ٢٥ پێشمەرگەیەی لەگەڵ من بوون بچینە ناو تانکەکان و کاک ڕەسووڵ فەقێ خۆشناو و ئەو ٢٥ کەسەی لەگەڵی بوون هێرش بکەنە سەر سەربازگەکە. بە گاڵتە بە کاک ڕەسووڵ فەقێ خۆشناوم گوت من فیشەکێکی بە گولە لەگەڵ خۆم دەبەم و ئەگەر بێی و لەناو تانکێک بمگری دەتکوژم و دواتر دەڵێم من نەمزانیبوو ئەو فیشەکە گولەی هەبوو.

کاتێک هێرشیان کرد کاک ڕەسووڵ فەقێ نەهات بۆ گرتنی من و لێم پرسی کاک ڕەسووڵ بۆ نەهاتی بمگری، ئەویش بە پێکەنینەوە گوتی: نەوێرام بێم بتگرم، ترسام فیشەکێکی سەر بە گولە ببەی و بمکوژی، دواتریش بڵێی نەمزانی فیشەکەکە گولەی هەبوو. ئەفسەرەکان بەردەوام پرسیاریان لەبارەی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن لە ئێمە دەکرد، ئێمەش پرسیارمان لە ئەوان دەکرد. پرسیارم لە ئەفسەرەکان کرد و پێم گوتن: ئەگەر ئێوە بتانەوێ سەنگەرێکی دوژمن بگرن، چۆن ئەو کارە دەکەن، ڕەنگە مین لە دەوروبەی سەنگەرەکە دانرابن؟ ئەوان گوتیان ئێمە سەرەتا سەنگەرەکە تۆپباران دەکەین، دواتر هێرش دەکەینە سەری. گوتم ئەی ئەگەر دەوروبەری سەنگەرەکە مینڕێژکرابوو، ئەو کات کوشتارتان زۆر دەبێ. ئەوان پرسیاریان لە من کرد و گوتیان ئەگەر ئێوە بن چۆن سەنگەرێکی مینڕێژکراو دەگرن؟ گوتم تۆپە بەنێک دەهێنین و بەرەو پێشەوە فڕێ

دەدەیـن و ڕایدەکێشـینەوە لای خۆمـان، ئەگـەر لـەو نـاوە میـن دانرابـن، ئـەوا تۆپـە بەنەکـە یـان بـەر خۆیـان یـان بـەر سـیمەکانیان دەکـەون و دەتەقنـەوە، بەمشـێوەیە وردە وردە لـە سـەنگەرەکە نزیـک دەبینـەوە و دواتـر بـە نارنجـۆک هێـرش دەکەینـە سـەر سـەنگەرەکە. ئەفسـەرەکان گوتیـان ئـەو پلانـەی ئێـوە هەتانـە زۆرباشـە، ئێمـەش سـەربازەکانی خۆمـان بەمشـێوەیە فێـر دەکەیـن.

دوای تەواوبـوونی مەشـقەکان گەڕاینـەوە کوردسـتان و دووبـارە سـواری ئۆتۆمبێلـەکانی سـوپای ئێـران بووینـەوە و بـە شـاری سـنەدا تێپەڕیـن، دواتـر لەسـەر چۆمێکـی بچـووک بـۆ خـواردنی نـانی نیـوەڕۆ وەسـتاین. هەمـان ئـەو جلەمـان لەبەربـوو کـە سـوپای ئێـران لەبـەری بـوو، تـا خەڵکـی ئێـران نەزانـن ئێمـە کـوردی کوردسـتانی باشـوورین. چەنـد ئەفسـەرێکی سـوپای ئێرانمـان لەگەڵ بـوون و گوتیـان ئێـوە نابـێ لەگـەڵ خەڵکـی بـە زمـانی کـوردی قسـە بکـەن، تـا خەڵـک نەزانـن ئێـوە کـوردن. لـەوکات کاروانێکـی کـوردان بـەلای ئێمـەدا تێپەڕیـن و دەچوونـە شـاری سـنە، کاک ڕەسـووڵ فەقـێ بانگـی کـردن و بـە کـوردی ماندوونەبـوونی لـێ کـردن. عەزیـز ئاکرەیـی بـە ڕەسـووڵ فەقێـی گـوت ئـەی تـازە پێیـان نەگوتـن بـە زمـانی کـوردی قسـە مەکـەن. ڕەسـووڵ فەقـێ خۆشـناو گوتـی: مـن بـۆ ئـەو فارسـانە، واز لـە زمـانی خـۆم ناهێنـم و واز لـەوە ناهێنـم لەگـەڵ گـەلی کـورد بـە کـوردی قسـە بکـەم. ئێمـە هەموومـان دەسـتمان بـە پێکەنیـن کـرد. لـە ڕێکەوتـی ١٩٦٨/٨/٢٥ هەموومـان گەیشـتینەوە حاجـی ئۆمـەرانی کوردسـتانی باشـوور.

## ناردنەوەی منداڵەکانم بۆ بەغدا

لـە ڕێکەوتـی ١٩٦٨/٨/٢٥ دوای سـێ مانـگ لـە مەشـقی سـەربازی لـە ئێـران گەڕاینـەوە. لـە ڕێکەوتـی ١٩٦٨/٨/٢٧ منداڵەکانـم لەگـەڵ عەلـی قـازی بـرام ناردنـەوە بەغـدا، چونکـە قوتابخانەیـان هەبـوو. منداڵەکانـم هاتبوونـە لام تـا

سێ مانگی هاوین لە لای من بمێننەوە، بەڵام هەر چوار ڕۆژ یەکدیمان بینی و منیان ناردە ئێران بۆ مەشقی سەربازی. منداڵەکانم و زاهیدای هاوسەرم گلەییان لە من دەکرد و دەیانگوت بمانزانیبا نەدەهاتینە ئێرە، ئێمە هاتبووین لەگەڵ تۆ بین. داوای لێبوردنم لێکردن و پێم گوتن من پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستانم و ناتوانم لە بڕیاری سەرکردایەتی شۆڕش دەرچم، بۆیە لەگەڵ برا پێشمەرگەکانم بۆ مەشقی سەربازی چووم بۆ ئێران.

**چوونم بۆ فەرماندەی بەتالیۆنی هێزی کاوە**

کاتێک لە ئێرانەوە گەڕاینەوە کوردستان، لە ڕێکەوتی ١٩٦٨/٨/٢٧ منداڵەکانم ناردنەوە بەغدا تا خۆم بچمە بارەگای سەرۆک بارزانی. کاتێک گەیشتم کاک ئیدریس بارزانی گوتی بۆیە بانگم کردووی بێی بۆ ئێرە تا پێت بڵێم دەبێ بچیتە هێزی کاوە لە ناوچەی قەڵادزێ و ببی بە فەرماندەی بەتالیۆن. بارزانی باوکم بە منی گوتووە تا تۆ بۆ ئەرکە ڕابسپێرم. هەروەها مەکتەبی تەنفیزی پارتیمان بە هەمان شێوە داوایان کردبوو، من بچمە هێزی کاوە و منیش لاریم نەبوو. بابەکر ئاغا لە لای کاک ئیدریس بارزانی بوو کە یاریدەدەری حەسۆ میرخان ژاژۆکی بوو کە ئەو فەرماندەی هێزی کاوە بوو لە ناوچەی قەڵادزێ. بابەکر ئاغا بۆیە هاتبوو، تا من و ئەو بەیەکەوە بچینە بارەگای هێزی کاوە لە نزیک دەربەندی سەنگەسەر لە نێوان ڕانیە و قەڵادزێ.

لە ڕێکەوتی ١٩٦٨/٩/١٦ لەگەڵ بابەکر ئاغا چووین بۆ بارەگای هێزی کاوە بۆ لای حەسۆ میرخان ژاژۆکی فەرماندەی هێزی کاوە. پێشمەرگەکانی خۆم لەگەڵ خۆم بردن بۆ فەرماندەی هێزی کاوە کە ئەمانە بوون: (خدر سەیدا، حاجی سەید، شێخ محەمەد ئەحمەد ڕەحمان، حەمەد عەدێ،

حەسەن محەمەد، مەلا ڕەسووڵ ئیسماعیل). شەو لەبارەگای هێز لای حەسۆ میرخان ژاژۆکی ماینەوە. حەسۆ میرخان بارزانی بوو و کاتێک چووین بۆ یەکێتی سۆڤیەت بە سەرۆکایەتی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی ئەویش لەگەڵمان بوو.

لە ڕێکەوتی ١٩٦٨/٩/١٧ چووینە گوندی هەڵشۆ لە ناوچەی قەڵادزێ لە نزیک سنووری کوردستانی ڕۆژهەڵات. هەروەها بابەکر ئاغاش لەگەڵمان هاتە گوندی هەڵشۆ. هێزی کاوە سێ لقی پێشمەرگەی هەبوون، لقێک هی کاوانییەکان بوو، لقێک هی ئاغاکانی پشدەربوو و لقەکەی دیکەش هی خەڵکی ناوچەی قەڵادزێ بوو. خەسرۆ کاوانی کوڕی شەهید مەحموود کاوانی سەرلقی کاوانییەکان بوو و نزیکەی ١٠٠ پێشمەرگەی هەبوو. حاجی ئاغا پشدەری سەرلقی ئاغاکانی پشدەر بوو. منیش (عەزیز قازی سورچی) بووم بە فەرماندە بەتالیۆن. ناومان لە بەتالیۆنەکە نا بەتالیۆنی شەهید ئیبراهیم ئەفەندی لە هێزی کاوە.

ئەوکاتەی من بووم بە فەرماندەی بەتالیۆن، شارەکانی کۆیە و ڕانیە و قەڵادزێ لە بن دەستی سوپای عێراق بوون. کۆبوونەوەیەکی گشتیم لەگەڵ سەرلق و سەرپەلەکان کرد و پێم گوتن، پێویستە ئێمە هەموومان هاوکاری یەک بین و هەوڵبدەین شاری قەڵادزێ لە دەستی دوژمنان دەربێنین و دەبێ بە بەردەوام هێرش بکەینە سەر شارەکە، تا ئەوکاتەی ڕزگاری دەکەین. لەوێ سەرلق و سەرپەلەکان پەیمانیان بە من دا کە هاوکار و پاڵپشتی یەک بین و شاری قەڵادزێ ڕزگار بکەین. دوای کۆبوونەوەکە، لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگە چووینە ناو شاری قەڵادزێ و بە شەو ئابڵۆقەی مەخفەری قەڵادزێمان دا و بە نارنجۆک هێرشمان کردە سەر مەخفەرەکە و شورتە و بەعسییەکی زۆرمان کوشت، بەڵام چەند تانکێک بەهانای مەخفەرەکەوە هاتن و ئێمەش لەبەر تانکەکان ئابڵۆقەی سەر مەخفەرەکەمان شکاند.

ئێمە لە بەتالیۆنی خۆمان هێزێکمان پێکهێنا و بە شەو هێرشمان دەکردە سەر سەنگەرەکانی سوپای عێراق و کوشتاری زۆرمان لێیان دەکرد. دواتر هێزی پێشمەرگەی هەڵگورد بە سەرکردایەتی فاخیر محەمەد ئاغای مێرگەسۆری و سلێمان سندی برای ملازم ڕەشید سندی هاتن بۆ یارمەتیدانمان بۆ هێرشکردنە سەر سەربازگەی سوپای عێراق لە قەڵادزێ. ئێمە توانیمان سەربازگەکە ئابلۆقە بدەین و نەهێڵین تەقەمەنی و ئازوقەی بۆ بچێ و هەموو ڕێگاکانمان گرتبوون.

لە ڕێکەوتی١٩٦٨/١١/٢٨ توانیمان شاری قەڵادزێ ئازاد بکەین و لەژێر دەستی بەعسییەکان دەریبێنین. ئینجا بارەگای بەتالیۆنمان برد بۆ شاری قەڵادزێ و مەخفەری قەڵادزێمان کرد بە بارەگای بەتالیۆن. لەهەمان ڕێکەوت من و سەید یوسف چەلکی لەگەڵ چەکدارە تایبەتەکانی خۆمان وێنەیەکمان بۆ یادگاری لە شاری قەڵادزێ گرت.

## دروستکردنی ڕێگای ئۆتۆمبێل لە قەڵادزێوە بۆ سنووری کوردستانی ڕۆژهەڵات

دوای ئەوە لە ڕێکەوتی ١٩٦٨/١١/٢٨ شاری قەڵادزێمان ڕزگارکرد، حکومەتی عێراق ڕێگای نەدەدا هیچ کەلوپەلێک لەو ناوچانە بێتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش کە لەژێر دەستی ئەوان دابوون. کۆبوونەوەیەکم لەگەڵ خەڵکی نیشتیمانپەروەری شاری قەڵادزێ کرد و پێم گوتن با بەیەکەوە ڕێگایەک تا سەر سنووری کوردستانی ڕۆژهەڵات دروست بکەین و بتوانین لەو ڕێگایەوە بازرگانی لەنێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بکەین. تەواوی ئەوانەی لە کۆبوونەوەکە ئامادەبوون، بۆچوونەکەی منیان پەسندکرد و هەموو خەڵک بەپێی توانای خۆیان بەشداریان لە دروستکردنی ڕێگاکەدا کرد و بەچەند لۆفەیەک ڕێگاکە گەیشتە سەر سنووری کوردستانی

ڕۆژهـەڵات. بازرگانـە کـوردەکانی کوردسـتانی باشـوور دەسـتیان کـرد بـە هێنـانی کەلوپـەل لـە شـارەکانی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتانەوە بـۆ باشـووری کوردسـتان و هـەر لەوێـوە چـەک و تەقەمەنییەکـی زۆر دەهاتـە کوردسـتانی باشـوور. سـاواکی ئێرانی بـە منیـان گـوت ئـەو خەڵکـەی لـە عێراقـەوە دێـن بـۆ ئێـران دەبـێ مۆڵـەتی ئێـوەی پـێ بـێ و بـێ مۆڵـەتی ئێـوە ئێمـە نایەڵیـن هیـچ کەسـێک بێتـە ئێـران. ئـەو خەڵکـەی دەچوونـە ئێـران، بەتایبـەتی بازرگانـەکان دەبووایـە بێـن لای مـن مۆڵـەت وەربگـرن، ئینجـا بچـن بـۆ کوردسـتانی ئێـران. ئـەو ڕێگایـەی ئێمـە دروسـتمان کردبـوو قیرتـاو نەبـوو. خەڵکـی کوردسـتان بـە تایبـەتی ئەوانـەی بێتواتـە و ڕانیـە و قـەڵادزێ بـە ڕێگاکەیـان دەگـوت ڕێـگای عەزیـز قـازی، بـەڵام مـن پێـم قەدەغـە کـردن کـە بڵێـن ڕێـگای عەزیـز قـازی.

## هاتنی منداڵەکانم بۆ شاری قەڵادزێ

کاتێـک شـاری قەڵادزێـمان ڕزگارکـرد و بـارەگای بەتالیۆنمـان گواسـتەوە شـاری قـەڵادزێ، لـەوێ هاونیشـتیمانییەکی شـاری قەڵادزێـم نـاردە دوای منداڵەکانـم تـا بیانهێنێتـە لام. دەرمانخانـەی قـەڵادزێ چۆلکرابـوو و منداڵـەکانی مـن سـێ مانگـی هاویـن لـەوێ بـوون، چونکـە قوتابخانەیـان نەبـوو. ئـەو کات مـن سـێ منداڵـم هەبـوون، ٢ کـوڕ و کچێـک. سـاریای کچـم تەمـەنی ٨ سـاڵان بـوو و ڕزگاری کـوڕم تەمـەنی ٦ سـاڵ بـوو و شـۆڕشی کـوڕم تەمـەنی ٣ سـاڵ بـوو.

## لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگە چوومە ناوچەی چوارقوڕنە

سـەرکردایەتی شـۆڕش، سـەرۆک بـارزانی و مەکتـەبی تەنفیـزی برووسـکەیەکیان بـۆ مـن کـرد و گوتیـان پێویسـتە عەزیـز قـازی و هێزێکـی پێشـمەرگە بچێتە سـەر دووڕیـانی ڕێـگای گشـتی نێـوان کۆیـە و دوکان کـە بـەرەو ڕانیـە و چوارقوڕنـە دەچـێ. ئـەوان گوتیـان عـەلی شـەعبانی فەرمانـدەی بەتالیـۆنی ناوچـەی بێتواتـە برووسـکەیەکی بۆمـان کـردووە، کـە کاروانێکـی سـوپای عێـراق لـە کەرکووکـەوە

بـەرەو کۆیـە دێـن و لەوێـش دەچنـە ڕانیـە. هەروەهـا گوتیـان عـەلی شـەعبان برووسـکەی بـۆ ئێمـە کـردووە کـە ئێمـە برووسـکە بـۆ ئێـوە بکەیـن تـا لەگـەڵ هێزێکـی پێشـمەرگە بـڕۆن هـاوکاری عـەلی شـەعبان بکـەن و ڕێـگا لـە کاروانەکـەی سـوپای عێـراق بگـرن و کـە گەیشـتن لێیـان بـدەن.

مـن لەگـەڵ هێزێکی پێشـمەرگە چووم و شـەو بە بەلەم لـە دەریاچەی دوکان پەڕینـەوە ئەوبـەر و چووینـە گوندی خـدران لە ناوچەی چوارقوڕنـە، لە ڕێکەوتی ١٩٦٩/٥/٧ چوومـە لای کاکـە حەمـەی کاکـە زیـادی کۆیـە کـە لـە گونـدی خدران بـوو. گونـدی خـدران زۆر لـەو ڕێـگا گشـتییە نزیـک بـوو کـە بـەرەو چوارقوڕنـە و ڕانیـە و قـەڵادزێ دەڕۆیشـت. لـەوێ مـن عەلی شـەعبانم ئاگادارکـردەوە کە من لە گونـدی خدرانـم و تـۆش وەرە بـۆ ئەوێ تا پلانێک دابنێین بۆ گرتنی ڕێگای گشـتی، بۆئـەوەی هێـرش بکەینـە سـەر کاروانەکـە ئەوکاتـەی کاروانەکە لە کۆیـەوە بەرەو ڕانیـە هـات. سـەرپەلێکی عـەلی شـەعبان لەگەڵ ٢٠ پێشـمەرگە لە گونـدی خدران هاتنە لام. من لە سـەرپەلەکەم پرسی عەلی شـەعبان دێ یان نایێ؟ ئەو گوتی عەلی شـەعبان منـی نـاردووە تا لەگەڵ ئێـوە ڕێگا لە سـوپای عێراق بگرین. سـەرپەلەکە و پێشـمەرگەکان بـە عەشـیرەت خۆشـناو بـوون. مـن و سـەرپەلەکە چووینە سـەر ڕێـگای گشـتی بۆئـەوەی جێـگای خۆمـان دیاربکەیـن کـە کام هێـز لـەکام شـوێن بـێ. ئێمـە بڕیارمانـدا بەمشـێوەیە ڕێگاکـە بگریـن، ڕووبکەینـە شـاخی هەیبـەت سـوڵتان و لەنێوان کۆیە و چوارقوڕنە. سـەرپەلەکە و پێشـمەرگەکانی خۆی و چەند پێشـمەرگەیەکی ئێمـە بـۆ دەستەڕاسـتی ڕێگاکـە دیارکـرا و هێزێکی پێشـمەرگەی ئێمـەش دەسـتە چەپـی ڕێگاکـە بگـرن. منیـش لەگـەڵ چـوار پێشـمەرگە بچیـن بۆ گرتنـی ڕێگاکـە لە لۆفەیـەک. ئێمـە بازوکە(ئارپیجی)یەکمان هەبـوو بڕیارماندا کە تانکـەکانی دوژمـن هاتنـە پێشـەوە لێیـان بدەیـن. جێـگا مەترسـیدارەکەم بـۆ خۆم دیارکـرد. دوای ئـەوەی جێگاکەمـان دیارکـرد و چووینە گونـدی خدران.

کاتژمێـر ٦ی بەیـانی ڕێکەوتـی ١٩٦٩/٥/٨ چوویـن ئـەو جێگایانـەی

دەستنیشانمان کردبوو، گرتمان. کاتژمێر ٨ی بەیانی دیاربوو جاشەکان پێش سوپای عێراق هاتن و شاخی هەیبەت سوڵتانیان گرت. ئاگاداری هەمووانم کردەوە کە خۆیان بۆ شەڕێکی سەخت ئامادەبکەن. لەپڕ پێشمەرگەکانی عەلی شەعبان دەستیان بە تەقەکرد، هەر ئەوکات پێشمەرگەیەکی خۆم کە ناوی خدر سەیدا بوو بە ڕاکردن هاتە لام و پێی گوتم خاڵ عەزیز قازی زوو خۆت ڕزگار بکە پشتت گیراوە. من بە خدر سەیدام گوت ئێوە تەقە بکەن تا ئێمە دەکشێینەوە. ئەو دەستی بە تەقە کرد و ئێمەش کشاینەوە و خۆمان ڕزگارکرد.

کاروانەکەی سوپای عێراق، بەهۆی پاشەکشەی هێزەکەی عەلی شەعبان زۆر بە ئاسانی هات و تێپەڕی. عەلی شەعبان لەسەر شاخەکەی پشت چوارقوڕنە هاتەخوارەوە و هاتە لای من. دواتر عەلی شەعبانم بەجێهێشت و چووم بۆ گوندی خدران و بەشەو لە دەریاچەی دوکان بە بەلەمێک پەڕینەوە بۆ ناوچەی ئەوبەری بەنداوی دوکان و بچینەوە قەڵادزێ.

## برووسکەیەکی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی بۆ من

دوای ئەوەی عەلی شەعبانم بەجێهێشت و چووم بۆ خدران. عەلی شەعبان برووسکەیەکی بۆ سەرۆک بارزانی کردبوو کە برووسکەیەک بۆ من بکەن و پێم بڵێن نەچمەوە قەڵادزێ و لەوێ بچمە چیای بەنی هەریر.

سەرۆک مەلا مستەفا لەسەر قسەی عەلی شەعبان برووسکەیەک بۆ من دەنێرێ و پێشمەرگەیەکی عەلی شەعبان برووسکەکەی بۆ من هێنایە گوندی خدران کە ئەوکات لە ماڵی بەڕێز حەمە کاکە زیادی کۆیی بووم. سەرۆک بارزانی گوتبووی عەزیز قازی مەگەڕێوە قەڵادزێ و بڕۆ چیای بەنی هەریر. وەڵامی سەرۆک بارزانیم دایەوە و گوتم بەرلەوەی بچمە بەنی هەریر، داوا دەکەم بێم جەنابت ببینم و ئینجا بڕیار دەدەین من بچم یان نا.

هێزەکەم ناردەوە بۆ قەڵادزێ و خۆشم لە ڕێکەوتی ١٩٦٩/٥/١٥ لە ناوچەی بێتواتەوە چووم بۆ بارەگای بارزانی. کاتێک گەیشتمە لای سەرۆک بارزانی پێم گوت، کاتی خۆی ڕاسپێردرام بچم و ببم بە فەرماندەی بەتالیۆنی ناوچەی سورچی، من ڕەتمکردەوە تا کەس بە من نەڵێ عەزیز قازی سورچی عەشیرەت پەرستی دەکات و عەشیرەتەکەی خۆی بە پەسندتر دەزانێ لە عەشیرەتەکانی دیکە. وەڵامی منی نەدایەوە، تەنیا گوتی، من بەو شێوەیە فیکرم لە بابەتەکە نەکردبووەوە، ئەوە نەبێ عەلی شەعبان برووسکەی بۆ من کردووە کە برووسکە بۆ تۆ بکەم و بچییە بەنی هەریر. ئێستا کە تۆ پێتخۆش نییە ئەو کارە بکەی، مەیکە و مەچووە ئەوێ. من گەڕامەوە قەڵادزێ.

**نامەیەک لە ئەفسەرێکی سوپای عێراقەوە**

لە ساڵی ١٩٦٠-١٩٦١ مامۆستای زمانی ڕووسی بووم لە زانکۆی بەغدا لە کۆلێجی مەدەنی و سەربازی. ئەفسەرێک لە کۆلێجی سەربازی وانەی زمانی ڕووسی لە لای من دەخوێند. بەردەوام پەیوەندیمان بەیەکەوە هەبوو، زۆرجار زانیاری بۆ من دەنارد. ئەمجارەیان نامەیەکی بۆ من نووسیبوو و تێیدا گوتبووی دوو کەس کە لێپرسراوی پێشمەرگەن پەیوەندییان بە جاشەکانی ٦٦ەوە هەیە، بەمزوانە خیانەتتان لێ دەکەن، بەڵام سەرەتا دەیانەوێ زەربەیەک لە شۆڕش بدەن، ئینجا پەیوەندی بە جاشەکانی ٦٦ەوە دەکەن. ئەو دوو کەسە خالید سەعید و عەریف عەلی بوون، خالید سەعید سەرلق بوو لە هێزی ڕزگاری و عەریف عەلیش سەرلق بوو لە هێزی دەشتی هەولێر.

من چوومە بارەگای سەرۆک بارزانی لە ناحیەی گەڵاڵە لە ناوچەی باڵەک، چاوم بە کاک ئیدریس بارزانی کوڕی سەرۆک بارزانی کەوت کە

کۆمەڵێک کاربەدەستی شۆڕشی لەلا بوو. بە کاک ئیدریسم گوتم بۆ ئیشێک هاتووم کە بە تایبەت پێت بڵێم ئەگەر دەکرێ بێیتە دەرەوە، بەڵام ئەو بە منی گوت کەسی بێگانە لێرە نییە و تۆ دەتوانی چیت هەیە لێرە پێم بڵێی. منیش گوتم ناتوانم لێرە پێت بڵێم و هەستام هاتمە دەرەوە، دواتر نامەیەکم بۆ کاک ئیدریس بارزانی نووسی کە لەو چەند ڕۆژەی دێ دوو کەس کە لێپرسراون لەناو شۆڕشدا خیانەت لە شۆڕش دەکەن و دەچنە ناو جاشەکانی ٦٦.

## هاتنی عەزیز ئاکرەیی لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگە

دوای ئەوەی من لای کاک ئیدریس بارزانی هاتمەوە قەڵادزێ و پاش چەند ڕۆژێک عەزیز ئاکرەیی لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگەی هێزی هەڵگورد هاتە شاری قەڵادزێ تا لەوێ بچێتە ناوچەی دوکان و هێرش بکەنە سەر سەربازگەی دوکان و بڕیار درابوو، هێزی ڕزگاری لەپشت شاخی دوکانەوە هێرش بکەن و هێزێکی دەشتی هەولێریش لە لای شاخی هەیبەت سوڵتانەوە. پلان وابوو عەزیز ئاکرەیی بە سێ تۆپ تۆپبارانی سەربازگەکە بکات. هێزی دەشتی هەولێر بە سەرکردایەتی عەریف عەلی دەبێ.

عەزیز ئاکرەیی تۆپەکان دەباتە گوندی مەرگە بۆ ئەوەی لەوێوە سەربازگەکە تۆپباران بکات و خالید سەعید و عەریف عەلی هەریەکە لە لای خۆیەوە هێرش بکاتە سەر سەربازگەکە. کاتێک عەزیز ئاکرەیی دەست بە تۆپبارانکردنی سەربازگەکە دەکات، خالید سەعید و عەریف عەلی لەباتی ئەوەی هێرش بکەنە سەر سەربازگەکەی سوپای عێراق هێرشیان کردبووە سەر هێزەکەی عەزیز ئاکرەیی و ویستبوویان دەست بەسەر تۆپەکانیش دا بگرن، بەڵام هەرچۆنێک بوو عەزیز ئاکرەیی توانیبووی خۆی و تۆپەکان ڕزگار بکات.

عەزیز ئاکرەیی هات بۆ ماڵی من لە قەڵادزێ، من هێشتا منداڵەکانم نەچووبوونەوە بەغدا. عەزیز ئاکرەیی زۆر هیلاک بوو و لە ماڵی ئێمە خەوی لێکەوت. بەمجۆرە خالید سەعید و عەریف عەلی خیانەتیان لە شۆڕش کرد و بوون بە جاشی ٦٦. دوای ئەم ڕووداوە کاک ئیدریس نامەیەکی بۆ ناردم و تێیدا نووسیبووی بۆچی لە نامەکەتدا ئەوەت نەنووسیبوو کە کێن ئەوانەی دەیانەوێ خیانەت بکەن.

**لێدان لە سوپای عێراق لەسەر شاخی دەربەندی سەنگەسەر**

کاتێک عەزیز ئاکرەیی هات بۆ ماڵی من لە قەڵادزێ، پێم گوت با ئەو دوو سەنگەرەی سوپای عێراق بگرین کە لەسەر شاخی دەربەندی سەنگەسەرن. ئەگەر ئەو دوو سەنگەرە بگرین، ئەوا سەربازگەی سوپای عێراق لە شاری ڕانیە ئابلۆقە دەدەین. عەزیز ئاکرەیی بیرۆکەکەی پەسند کرد کە هێرش بکرێتە سەر ئەو دوو سەنگەرەی سوپای عێراق کە لەسەر شاخی سەنگەسەر بوون و دەکەوتنە نێوان هەردوو شاری ڕانیە و قەڵادزێ، بەڵام گوتی کاک عەزیز با بنێرینە دوای حەسۆ میرخان ژاژۆکی فەرماندەی هێزی کاوە و با ئەویش بێتە لامان و هەرسێکمان بەیەکەوە بڕیار لەبارەی هێرشکردنە سەر سەنگەری سوپای عێراق دەدەین. برووسکەیەکمان بۆ حەسۆ میرخان کرد و ئەویش هاتە لامان لە قەڵادزێ و بەمجۆرەی خوارەوە پلانمان بۆ هێرش کردن دانا:

- عەزیز ئاکرەیی هەرسێ تۆپەکە بباتە نزیک گوندی شێخ حسێنی بۆسکین لە نزیک دەربەندی سەنگەسەر و لەوێوە بە هەرسێ تۆپەکە تۆپبارانی هەردوو سەنگەرەکە بکات.
- من لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگە بچینە نزیک هەردوو سەنگەرەکە بەلای مەرگەوە.

- حەسۆ میرخانیش لەگەڵ هێزەکەی بێتە لای دەستەڕاستی دەربەندی سەنگەسەر، ئینجا حەسۆ میرخان چوو بۆ بارەگای هێز لە نزیک دەربەندی سەنگەسەر.
- هەروەها هێزێکی پێشمەرگە لەگەڵ ٢ ئارپێچی بنێرێتە سەر ڕێگای گشتی لە دەربەندەکە، بۆئەوەی ئەگەر تانک نزیک ببنەوە بە ئارپیچی لێیان بدەن. ڕێگای گشتی لە ڕانیەوە دەهات لە دەربەندی سەنگەسەرەوە دەچوو بۆ قەڵادزێ.

سەنگەرێکی سوپای لەسەر دەربەندەکە بوو کە دەکەوتە دەستەڕاستی دەربەندەکە. لە دەستە چەپی دەربەندەکەشەوە سەنگەرەکەی دیکەی لێ بوو کە بۆ من دانرابوو هێرش بکەمە سەری.

بڕیاردرا لە کاتژمێر ٩ی ڕێکەوتی ١٩٦٩/٨/٩ هێرش بکەینە سەر هەردوو سەنگەرەکە. من یەک ئارپیچی و یەک تۆپی بچووکم لەگەڵ خۆم برد. بڕیاردرا لە سەرەتا عەزیز ئاکرەیی تۆپبارانی هەردوو سەنگەرەکە بکات، ئینجا من و حەسۆ میرخان هێرش بکەین. کاک عەزیز ئاکرەیی دەستی بە تۆپبارانی هەردوو سەنگەرەکە کرد و منیش لە لای خۆمەوە هێرشم کردە سەر ئەو سەنگەرەی بۆ من دانرابوو.

## بەعسییەکان و حکومەتی عێراق

لە ڕێکەوتی ١٩٦٨/٧/١٧ بەعسییەکان بەهاوکاری عەبدولڕەزاق نایف و ئیبراهیم عەبدولڕەحمان کودەتایان لە دژی عەبدولڕەحمان عارف کرد. هەروەها بەعسییەکان پەیوەندیان بە سەرکردایەتی شۆڕش کرد، بۆئەوەی شەڕ بوەستێنرێ و هاوکارییان بکرێ بۆ لێدان لە سەرکردایەتی حکومەتی عەبدولڕەحمان عارف و ٢ کورد بە وەزیر وەربگرن کە سەر بە سەرکردایەتی شۆڕش بن و هەروەها هیچ کەس لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پێشوو (جاشەکانی ٦٦) لە وەزارەتەکان وەرنەگیرێن، بەڵام کاتێک بەعسییەکان

حکومەتی خۆیان لە بەغدا دامەزراند بڕیاریان دا تەنیا یەک کەس بکەن بە وەزیر کە سەر بە سەرکردایەتی پارتیمان بێ ئەویش بەڕێز موحسین دزەیی بوو. هەروەها کەسێکیشیان کرد بە وەزیر کە لە جاشەکانی ٦٦ بوو، ئەویش تەها محیەدین مەعروف بوو، بۆیە پارتیمان کاندیدەکەی خۆی کشاندەوە و بەشداری کابینەی ئەنجومەنی وەزیرانی نەکرد و بەعسییەکانیش ئەمەیان بە هەلزانی و پەیوەندییان لەگەڵ جاشەکانی ٦٦ بەهێز کرد و دەستیان بە توندوتیژی کرد. بەعسییەکان بەکرێگیراوەکانیان کۆکردنەوە و چەک و پارەیان دانێ و لە دژی هاووڵاتیان و لایەنگرانی پارتی بەکاریان دەهێنان. وردە وردە پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و بەعسییەکان وردە وردە خراپ دەبوو، تا لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٦٩ شەڕ دەستیپێکردەوە و سەرتاسەری ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە و ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی داخرا و ڕۆژنامەی ئەلنور دەرچوو کە جاشەکانی ٦٦ دەریاندەکرد، بۆئەوەی هاوکاری سوپای عێراق بکەن لە دژی گەلی کورد و شۆڕشی کوردستان.

هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٩دا هێرشی بەرفراوانیان لە سورداش و مەرگە و قەڵادزێ کردە جاشەکان و لەم شەڕەدا پێشمەرگە قارەمانەکان هەرچی سەربازگە و سەنگەری جاش هەبوو هەموویانی گرت. پێش ئەوەی هێزەکانی شۆڕش و پێشمەرگە هێرش دەستپێبکەنەوە و هێزەکانی هێزی قەرەداغ هەموویان کشابوونەوە بۆ ناوچەی بەرزنجە و پێنجوێن کە ناوچەی هێزی خەبات بوون.

## دووبارە بوومەوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی ٩ی هێزی قەرەداغ

سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی تەنفیزی دووبارە داوایان لە من کردەوە کە بچمەوە بۆ هێزی قەرەداغ و لەوێ ببمەوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی ٩ی ئەو هێزە لە ناوچەی گەرمیانی پارێزگای کەرکووک کە زیاتر ناوچەکانی

کفـری و دوزخورماتـوو و دەربەندیخـانی دەگرتـەوە. ئەمجـارەش ئێمـە لـە ڕێـگای کوردسـتانی ئێرانـەوە بـە ئۆتۆمبێـل لـە شـاری سـنەوە چوویـن بـۆ شـاری پێنجوێن و شـەوێک لـە شـاری سـنە ماینـەوە. لەوکاتـەدا سـوپای عێـراق هەمـوو ناوچەکانی هێـزی قەرەداغـی گرتبـوون و بەتالیـۆنی ٤ و ٩ی هێزەکـە کشـابوونەوە شـاری بەرزنجـە و بەتالیـۆنی ٥ی قەرەداغیـش گەڕابوونـەوە ناوچـەی هێـزی ڕزگاری، کاتێـک چوومـە پێنجوێـن هێـزی بەتالیـۆنی ٩ هەموویـان لـە پێنجوێـن بـوون.

## هێرشێکی گشتگیر بۆ گرتنەوەی ناوچەکانی هێزی قەرەداغ

بڕیـاردرا بەمجـۆرەی خـوارەوە هێـرش بکرێتـە سـەر ناوچـەکانی هێـزی قـەرەداغ:

- بەتالیـۆنی ٤ و ٩ لـە بەرزنجـەوە بـەرەو دەشـتی شـارەزوور هێـرش بکـەن و لەوێشـەوە بـەرەو قـەرەداغ بـڕۆن.
- هێزێکـی دەشـتی هەولێـر و هێـزی ڕزگاری لـە دوو بـەرەوە لەگـەڵ بەتالیـۆنی ٥ی هێـزی قـەرەداغ هێـرش بکـەن، هێزێکیـان بـەرەو ناوچـەی قادرکـەرەم و سـەنگاو پێشـڕەوی بکـەن و هێزێکیـش بـەرەو ناوچـەی بازیـان قـەرەداغ. لەوکاتـەدا مـلازم تاهیـر عـەلی والی بـەگ کرابووبـە فەرمانـدەی بەتالیـۆنی ٤ی هێـزی قـەرەداغ و منیـش چوومـەوە و بوومـەوە بـە فەرمانـدەی بەتالیـۆنی ٩.

بڕیـاردرا لـە ڕێکەوتـی ٢٩/٣٠-١١-١٩٦٩ لـە یەککاتـدا هەمـوو هێـزەکان بەیەکـەوە دەسـت بـە هێـرش بکـەن بـۆ گرتنـەوەی ناوچـەکانی گەرمیـان و قـەرەداغ. کوشـتارێکی زۆر لـە دوژمـن و سـوپای عێـراق کـرا و دووبـارە ناوچـەکان ڕزگار کرانـەوە، جگـە لـەوەی چـەک و تەقەمـەنی زۆر لـە دوژمـن گیـرا کـە لـە مەیـدانی شـەڕدا جێیـان هێشـتبوو. لـەو شـەڕەدا ئـەم ناوچانـە لـە دوژمـن پاککرانـەوە: (ناوچـەی قـەرەداغ و بازیـان سـەنگاو و قـادر کـەرەم، ناوچـەی دوزخورماتـوو و کفـری و کـەلار و باوەنـوور و دەربەندیخـان).

سـوپای عێـراق و جاشـەکانی ٦٦ بـە یەکجـاری ڕووخـان و توانـای شـەڕیان

نەما لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، چونکە پێشمەرگەکانی کوردستان پەیمانی مردن لە پێناو کوردستانیان دابووە سەرۆکی خۆیان و هەموو خەباتیان بۆ ئەوە بێ گەلی کورد و کوردستان ڕزگار بکەن.

# بەندی نۆیەم
# ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠

## دەسپێکردنەوەی دانوستان لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی بەعس

دوای ئەوەی لە هێرشێکی فراواندا، هەرچی سەنگەر و بەرەی شەڕ هەبوو پێشمەرگە گرتی و خۆی تێدا قایم کرد و زیانێکی زۆری گەیاندە سوپای عێراق و وایلێکرد توانای ڕووبوونەوەی هێزی پێشمەرگەی نەمێنێ.

حکومەتی بەعس لێپرسراوێکی خۆی بە ناوی سەمیر عەبدولعەزیز ئەلنەجم لەگەڵ مامۆستا فوئاد عارف و عەزیز شەریف ناردنە ناوچەی باڵەک بۆ لای سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و سەرۆک بارزانی. لەوێ سەمیر عەبدولعەزیز ویستی حکومەتی عێراق و بەعسییەکانی نیشاندا بۆ کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ سەرکردایەتی کورددا و ئامادەشە لەباتی ڕێککەوتنەکەی ٢٩ی حوزەیران دان بە حوکمی زاتی دابنێ بۆ گەلی کورد. ئەم سەردانە پێشەکی ئەو گفتوگۆیانە بوو کە هەردوولا لە هەردوو ناوچەی ناوپردان و بەغدا بە ئامادەبوونی زۆربەی لێپرسراوانی شۆڕش بەتایبەتی سەرۆک بارزانی و سەدام حسێن. ئەنجامی هەموو ئەو کۆبوونەوانەی کران بە ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ کۆتایی پێهات.

ڕێککەوتنی ١١ی ئادار دەنگێکی باشی دایەوە و خۆشی خستە نێوان گەلی کورد و گەلی عەرەب و پێکهاتەکانی دیکەش و خەڵک بە شایی و گۆرانییەوە بە پیرییەوە چوون. بەڕێزان کاک ئیدریس بارزانی و بەڕێز کاک مەسعود بارزانی و بەڕێز کاک دکتۆر مەحمود عوسمان چوونە بەغدا. حکومەتی عێراق دانی بە هەبوونی گەلی کورددا نا لە کوردستانی باشوور، هەروەها هەموو ناوچەکانی کوردستان خرانە سەر سنووری خودموختاری کوردستان، هەر لە خانەقینەوە بگرە تا دەگاتە شەنگال و شێخان.

سەرۆکی حکومەتی عێراق لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لە بەغدا دانی بە

هەبـوونی گـەلی کـورددا نـا و بـە ئامادەبـوونی کاک ئیدریـس و کاک مەسـعود بـارزانی و دکتـۆر مەحمـوود عوسـمان وتارێکـی خوێنـدەوە. هەروەهـا دکتـۆر مەحمـوود عوسـمانیش بەبۆنـەی ١١ی ئـادار وتارێکـی خوێنـدەوە. بڕیـاردرا هەمـوو جاشـەکان لێیانبـوردرێ و ئـەوان چەکەکانیـان ڕادەسـتی نزیکتریـن بـارەگای پێشـمەرگە بکـەن. ئـەو جاشـانەی کـە بارەگایـان لـە کـەلار و کفـری و دەربەندیخـان و دوزخورماتـوو بـوو، هەموویـان هاتنـە لای مـن و چەکەکانیـان ڕادەسـت کردیـن و ئێمـەش ناردمانـەوە ماڵـەوە و کاغەزێکیشـمان دەدانـێ تـا کـەس ڕێیـان پـێ نەگـرێ و هەندێکیـش، ئەوانـەی جێـگای بـڕوا بـوون، کردنـم بـە پێشـمەرگە.

هـەر بەپێـی ڕێککەتننامـەی ١١ی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠ بڕیـاردرا، لـق و ڕێکخـراوەکانی پارتیـمان بگەڕێنـەوە شـارەکان، ئەوەبـوو هەمـوو ڕێکخـراو و لێژنە ناوچـەکانی پارتـی گەڕانـەوە ئـەو شـارانەی کـە پێشـتر لێـی بـوون. هەروەهـا بڕیـاردرا چەنـد بەتالیۆنێکـی پاسـەوانی سـنوور لـە پێشـمەرگەی کوردسـتان بـۆ ناوچـەکانی کوردسـتان دابمەزرێـن. بڕیـاردرا هەمـوو کاربەدەسـتانی حکومـەت کـە پەیوەندییـان بـە شـۆڕشی مـەزنی ئەیلوولـەوە کردبـوو بگەڕێنـەوە سـەر کاری خۆیـان و ئـەو ماوەیـەی لەنـاو شـۆڕش بـوون بـە خزمـەت بۆیـان هەژمـار بکـرێ.

بێجگـەی ئـەم بڕیارانـەی سـەرەوە چەنـد بڕیارێکـی دیکـەش دران لەوانـە هەمـوو ئـەو ئەفسـەر و سـەربازانەی ڕیـزەکانی سـوپای عێراقیـان بەجێهێشـتبوو و هاتبوونـە نـاو پێشـمەرگە بگەڕێنـەوە شـوێنەکانی خۆیـان و ئـەو سـاڵانەی پێشـمەرگەش بـوون بـە خزمـەت بۆیـان هەژمـار بکـرێ. هەمـوو کاربەدەسـتانی حکومـەت لـە شـارە کوردییـەکان دەبـێ کـورد بـن و لـە لایـەن سـەرکردایەتی شـۆڕشـەوە دیاربکرێـن. هەروەهـا هەمـوو پۆلیسـەکانی شـارە کوردییـەکانی کـورد بـن و لـە لایـەن سـەرکردایەتی شۆڕشـەوە دابمەزرێـن. کاک سـامی و کاک سـاڵح یوسـفی و کاک نـوری شـاوێس لـە ئەنجومـەنی وەزیـرانی عێـراق بکرێـن

بـە وەزیـر. بێجگـە لەمـەش ئـەم بەڕێزانـە کرانـە پارێـزگاری هەرسـێ شـاری هەولێـر و دهـۆک و سـلێمانی. عـەلی عەبـدولا بـوو بـە پارێـزگاری سـلێمانی و عەبدولوەهـاب ئەتـروشی بـوو بـە پارێـزگاری هەولێـر و هاشـم ئاکرەیـی بـوو بـە پارێـزگاری دهـۆك. هەروەهـا کـورد کـران بـە بەڕێوەبـەری پۆلیـسی هەولێـر و دهـۆک و سـلێمانی و حەفـت بەتالیـۆنی پاسـەوانی سـنوور لـە پێشـمەرگەکانی کوردسـتان بـۆ پاراسـتنی کوردسـتان دامـەزران، بەمجـۆرە:

- لـە پێشـمەرگەی هێـزی خەبـات بەتالیۆنێـک بـۆ ناوچـەی خانەقیـن دامەزرێـنرا.
- لـە پێشـمەرگەی هێـزی خەبـات بەتالیۆنێـک بـۆ ناوچـەی پێنجوێـن دامەزرێـنرا.
- لـە پێشـمەرگەی هێـزی قـەرەداغ بەتالیۆنێـک بـۆ ناوچـەی کەرکـووک دامەزرێـنرا.
- لە پێشمەرگەی هێزی کاوە بەتالیۆنێک بۆ ناوچەی قەڵادزێ دامەزرێنرا.
- لە پێشمەرگەی ناوچەی بێتواتە بەتالیۆنی ناوچەی بێتواتە دامەزرێنرا.
- لـە پێشـمەرگەی هێـزی ناوچـەی باڵـەک بەتالیۆنێـک بـۆ ناوچـەی باڵـەک دامەزرێـنرا.
- لـە پێشـمەرگەی هێـزەکانی ناوچـەی بادینـان بەتالیـۆنی پاسـەوانی سـنوور بـۆ ناوچـەی بادینـان دامەزرێـنرا.

تـەواوی فەرمانـدەی بەتالیۆنـەکان کوردبـوون و لـە سـەرکردەکانی شـۆڕشی کوردسـتان بـوون. ئەوانـەی کـران بـە سـەرۆکی بەتالیۆنـەکانی پاسـەوانی سـنوور ئەمانـە بـوون: (عیسـا سـوار بـە فەرمانـدەی بەتالیـۆنی ناوچـەی بادینـان دانـرا، عەبـدولا ئاغـای پشـدەر بـووە فەرمانـدەی بەتالیـۆنی پاسـەوانی سـنوور لـە ناوچـەی باڵـەک، عـەلی شـەعبان کـرا بـە فەرمانـدەی بەتالیـۆنی پاسـەوانی سـنوور

لـە ناوچـەی  بێتواتـە، حەسـۆ میرخـان کـرا بـە فەرمانـدەی بەتالیـۆنی پاسـەوانی سـنوور لـە ناوچـەی قـەڵادزێ، کاک عەریـف حەمیـد بـەرواری بـە فەرمانـدەی بەتالیـۆنی سـنووری ناوچـەی کەرکـووک دانـرا، مـلازم تاهیـر عـەلی والی بـەگ بـووە فەرمانـدەی بەتالیـۆنی سـنووری ناوچـەی پێنجوێـن، سـاڵح پێـداوی کـرا بـە فەرمانـدەی بەتالیـۆنی سـنووری ناوچـەی خانەقیـن).

بەپێـی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـادار، دەبووایـە تـەواوی ئـەو چەکانـەی جـاش ڕادەسـتی بـارەگاکانی شـۆڕشـیان دەکـرد، بدرابایـە بـە حکوومـەتی عێـراق، بـەڵام ئـەم کارەم نەکـرد و یـەک پارچـە چەکیشـم نەدایـەوە بـە حکومـەتی عێـراق، تەنیا چەنـد تفەنگێکـی شـکاو نەبـێ کـە بردمـە شـاری کفـری و لـەوێ ڕادەسـتی قایمقامـی کفریـم کـردن. نزیکـەی ٣٠٠ تفەنـگ کـە لـە لیسـتێکی ڕێکوپێکـدا تۆمـارم کردبـوون لـە جاشـەکانی ٦٦م وەرگرتـن.

## چوونم بۆ لای سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی لەبارەگای خۆی

بـە مەبەسـتی ڕاوێژکـردن لەبـارەی ئەو چەکانەی لـە جاشـەکان وەرمگرتبوون، لـە مانگـی نیسـانی سـاڵی ١٩٧٠ چوومـە لای سـەرۆک بـارزانی. بـە سـەرۆکم گـوت ئێمـە نزیکـەی ٣٠٠ چەکـمان لـە جاشـەکان وەرگرتـوون و لـە لیسـتێکی ڕێکوپێکـدا تۆمارمـان کـردوون و دەسـتکاریمان نەکـردوون، پەیمانـم بەخـۆم داوە بەپێـی توانـا چاکەیـەک لەگـەڵ کەسـوکاری پێشـمەرگە شـەهیدەکانمان بکـەم، ئەوانـەی لەگـەڵ مـن بـوون و شـەهید بـوون. مـن هاتوومـە لای ئێـوە تـا ڕەزامەنـد بـن لەسـەر ئـەوەی هـەر خانـەوادەی شـەهیدێک تفەنگێکـی بدەمـێ. دوای گفتوگـۆ سـەرۆک بارزانـی ڕەزامەنـد بـوو و گوتـی: پێویسـتە لیسـتی چەکـەکان سـێ دانـە بـێ، یەکێکیـان بـۆ ئێمـە و لیسـتێکیان بـۆ مەکتـەبی تەنفیـزی و ئـەوەی دیکەشـیان بـۆ خـۆت و بـۆ پاشـەڕۆژ.

دواتـر گەڕامـەوە بەتالیـۆنی ٩ نامەیەکـم بـۆ کەسـوکاری شـەهیدەکان

نـووسی و هـەر بنەماڵـە و تفەنگێکـم دانـێ و بـە سـێ لیسـت نووسـیم. سـێ تفەنگـم بـە ئەحمـەد ڕۆسـتەم دان کـە لێپـرسراوی گونـدی هەمەربـەگ بـوو تـا بـۆ خێـزانی شـەهید سـیامەند مێرگەسـۆری و شـەهید مەلکـۆ زێـڕۆ و شـەهید تاهیـر ئاکرەیـی بیانفرۆشـێت و منیش پارەکەیـان بـۆ ببـەم بـۆ بەغـدا، چونکـە ئـەوان لـە بەغـدا بـوون. ئـەو تفەنگـەکانی هەریەکـەی بـە ١٠٠ دینـار دابـوو. مـن خـۆم پـارەی شـەهید سیامەند و شـەهید مەلکـۆم بـرد بـۆ خێزانەکانیـان و ١٠٠ دینـارم دا بـە ڤالیـای هاوسـەری شـەهید سـیامەند و ١٠٠ دینـارم دا بـە ڤیـرای هاوسـەری شـەهید مەلکـۆ زێـڕۆ و ١٠٠ دیناریشـم دایـە عەزیـز ئاکرەیـی تـا بینێـرێ بـۆ بنەماڵـەی شـەهید تاهیـر ئاکرەیـی لـە شـاری ئاکـرێ. هەروەهـا بـە فەرمـانی سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی ٧ تفەنگـم دان بـە خزمـەکانی خـۆم کـە خەڵکـی گونـدی ئافریـانی دەشـتی هەریـر بـوون، پێـم گوتـن وەکـو پێشـمەرگە ئـەم چەکانەتـان لا دەبـێ نابـێ بیفەوتێنـن.

## چوونم بۆ شاری باقوبە لە نزیک بەغدا

ماهیـر ڕەشـید کـە ئەفسـەری هەواڵگـری فیرقـەی ٦ی سـوپای عێـراق بـوو لە شـاری باقوبـە، دوای ڕێککەوتنـی ١١ی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠ نامەیەکـی بـۆ مـن نووسـبوو و تێیـدا گوتبـووی کاک عەزیـز قـازی پێـم خۆشـە مـن و تـۆ یەکتری ببینیـن، بـۆ کۆتایـی هێنـان بـە چەنـد کێشـەیەک کـە ئێسـتا لـە ئـارادان. ماهیـر ڕەشـید نووسـیبووی ئێـوە بڕیـار بـدەن کـە لـە کـوێ یـەک ببینیـن، ئایا تـۆ دێـی بـۆ باقوبـە، یـان مـن بێـم بـۆ بـارەگای بەتالیـۆنی ئێـوە، یـان هەرشـوێنێک کـە ئێـوە پێتـان باشـە بـۆ دیدارەکـە. برووسـکەیەکم بـۆ بـارەگای سـەرۆک بـارزانی و مەکتـەبی تەنفیـزی کـرد و پێـم ڕاگەیانـدن کـە ماهیـر ڕەشـید داوای دیـداری لـە مـن کـردووە، ئایـا بۆچـوونی ئێـوە چییـە. ئـەوان وەڵامـی منیـان دایـەوە و گوتیـان لاریـمان لـەو دیـدارە نییـە و خۆشـتان دەتوانـن ئـەو شـوێنە هەڵبژێـرن

کە دەتانەوێ ماهیر ڕەشیدی تێدا ببینن.

بڕیارمدا بچین بۆ شاری باقوبە و هێزێکی پێشمەرگە بە چەکەوە لەگەڵ خۆمان ببەین، بۆئەوەی خەڵکی شاری باقوبە پێشمەرگە بە چەکەوە ببینن. برووسکەیەکم بۆ کاک عەریف حەمید بەرواری فەرمانـدەی بەتالیۆنی ٥ی هێزی قەرەداغ کرد و پێم گوت وەرە لام تا بچینە شاری باقوبە. کاک عەریف حامد بەرواری لە بارەگای بەتالیۆنی ٩ی گوندی هۆمەربل لە نزیک شاری کفری هاتە لام و لەوێوە چووینە شاری کفری و سەردانی لێژنەی ناوچەی کفریم کرد و بە مەلا حەیدەری لێپرسراوی لێژنەی ناوچەی کفریم گوت تۆش لەگەڵمان وەرە. بە چوار ئۆتۆمبێلەوە کە ٢٠ پێشمەرگەی چەکدارمان لەگەڵ بوو بەرەو شاری باقوبە بەڕێککەوتین. لە ڕێگادا لە جەلەولاوە تاکو شاری باقوبە سوپای عێراقی پێشوازییان لە ئێمە دەکرد، لە ڕێگادا بە ئەنقەست خۆمان دوادەخست و تا کاتژمێر یەکی نیوەشەو نەگەیشتینە باقوبە. کاتێک گەیشتین تاهیر ڕەشیدی فەرمانـدەی فیرقەی ٦ی سوپای عێراق لە یانەی سەربازی باقوبە پێشوازیی لە ئێمە کرد. ماهیر ڕەشید بە منی گوت عەزیز قازی سێ جار هاتن و گوتیان عەزیز قازی هات و منیش خۆم دەگۆڕی، بەڵام ئێوە درەنگ هاتن. پێم گوت ئێمە کارێکمان هاتە پێش، بۆیە دواکەوتین.

میواندارییەکی زۆر باشی کردین و نانمان خوارد. دوای نان خواردن بە ماهیر ڕەشیدم گوت بۆچی مغاویرەکانی ئێوە بەشەو هێرش دەکەنە سەر ڕێگای گشتی نێوان جەلەولا و شاری دەربەندیخان و خەڵکی گوندەکانی ئەو ناوچەیە لە ترسی مغاویرەکانی ئێوە شوێنەکانیان بەجێدێڵن؟ ماهیر ڕەشید گوتی شتی وامان نەکردووە، بەڵام مغاویرەکانی ئێمە شەوان دەچن گوندەکان دەپشکنن بۆ دەستگیرکردنی سیخوڕەکانی ئێران. گوتیشی من بەردەوام لە لای شاری خانەقین لەسەر سنووری ئێرانم و ئاگادار نیم کە

مغاویرەکانمان هێرش دەکەنە سەر گوندەکان. پێم گوت ئێوە هەرکام زانیتان کە سیخوڕی ئێران لە گوندێک هەن بە ئێمە بڵێن ئێمە دەیانگرین، چونکە ئێمە خەڵکی گوندەکان دەناسین، ڕێککەوتین کە مغاویرەکانی سوپای عێراق بەبێ ئاگاداری ئێمە نەچنە ناو گوندەکان.

**پێکهێنانی بەتالیۆنی ٣ی پاسەوانیی ناوچەی کەرکووک**

من و کاک عەریف حەمید بەرواری پێکەوە بەتالیۆنی ٣ی پاسەوانیی سنووری ناوچەی کەرکووکمان لە پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی (٤-٥-٩)ی هێزی قەرەداغ دامەزراند و دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئاداریش ناوی هێزی قەرەداغمان گۆڕی بۆ هێزی کەرکووک، ئەوکات من فەرماندەی بەتالیۆنی ٤و ٩ بووم. عەریف حەمید بە بڕیاری سەرکردایەتی شۆڕش بە فەرماندەی بەتالیۆنی پاسەوانی سنووری ٣ی کەرکووک دانرا. ئێمە لیستی پاسەوانی سنوورمان نووسی و ئامادەمان کرد، ئینجا کاک عەریف حەمید بەرواری لیستەکەی پاسەوانی سنووری برد بۆ بەغدا، تا لەوێ ڕەزامەندی وەربگرێت و مووچە و ئازووقە بۆ بەتالیۆنەکە خەرج بکرێ لە لایەن حکومەتی عێراقەوە.

دوای ئەوەی عەریف حەمید بەرواری لیستی ناوی بەتالیۆنەکەی برد بۆ بەغدا بە مەبەستی ڕەزامەندی، لەوێ بە ئۆتۆمبێلی کاک ئیدریس بارزانی دەچێتە جێگایەک و لەوێ تەقەی لێ دەکرێ و عەریف حەمید بەرواری بە سەختی بریندار دەبێ. تەقەکەران وایان زانیبوو کە کاک ئیدریس بارزانی لەناو ئۆتۆمبێلەکەیە.

کاک عەریف حەمید بەرواری بە سەختی برینداربوو و ئەو لیستەی پاسەوانی سنووریش کە ئێمە ئامادەمان کردبوو لەناوچوو و کەس نازانێ چی بەسەر هات. عەریف حەمیدیان بە برینداری بۆ چارەسەر ناردە ئەمریکا و کەنەدا.

وەک گوتم ئەو لیستەی ئێمە دروستمان کردبوو لەناو چوو و بە ناچاری من و ئیسماعیل کە نووسەری کاک عەریف حەمید بەرواری بوو دووبارە لیستی پاسەوانانی سنوورمان ئامادەکردەوە و بردم بۆ بەغدا تا ڕەزامەندی حکومەتی عێراقی لەبارەوە وەرگرین و خێمە و ئازوقە و مووچەمان بۆ دابین بکەن.

لیستی پاسەوانانم برد بۆ بەغدا. سەرەتا چوومە لای عەبدولڕەحمان مەحموود (سامی) کە لە بەغدا وەزیر بوو و کوردیش بوو، بە ئەوم گوت من دووبارە لیستی پاسەوانی سنوورم ئامادەکردووەتەوە و هێناومە بۆ بەغدا تا ڕەزامەندی لەبارەوە وەرگرم. هەروەها ئەفسەرێکی پۆلیسم لەگەڵ هات کە ناوی معاون کەمال بوو، ئەو کوردێکی خەڵکی سلێمانی بوو و حکوومەت ناردبوویە یەکەی کارگێڕی پاسەوانیی سنوورەکەمان. بەڕێز عەبدولڕەحمان مەحموود(سامی) ئێمەی نارده لای بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی عێراق کە کوردێکی ناوچەی بادینان بوو، بەداخەوە ناوی ئەوم لە یاد نەماوە. من و معاون کەمال چووینە ژوورەوە بۆ لای بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس و ئەو جنێوی بە معاون کەمال دا و گوتی کەلبی بنی کەلب بڕۆ دەرەوە، ئەو لەگەڵ من بوو و من بە بەڕێوەبەرەکەم گوت ناماقوڵیت کرد کە معاون کەمالت دەرکرد و پێم گوت ئەو لەگەڵ من هاتووە بۆ بەغدا. دوو سەرۆک جاش پۆلیسی ناوچەی بادینان لای ئەو دانیشتبوون، پێم گوت معاون کەمال لەم دووانە پیاوترە، بۆچی ئەوانت لای خۆت داناوە. ئینجا بەڕێوەبەرەکە هەستا و گوتی کاک عەزیز قازی من نەمزانی کە معاون کەمال لەگەڵ ئێوەبوو و چوو بانگی معاون کەمالی کرد و پێی گوت بمانبوورە نەمزانی لەگەڵ کاک عەزیز قازی هاتووی و من وامزانی تۆ بەبێ مۆڵەت هاتوویە ژوورەکەی من و معاون کەمالی هێنایەوە ژوورەوە. لیستەکەی واژۆکرد و ئێمەی بۆ وردبینی نارده یەکەیەکی کارگێڕی پۆلیس.

٣ ئەفسـەر وردبینیـان لـە لیسـتەکەدا کـرد و گوتیـان لیسـتەکە بـێ کەموکوڕییـە. ئەفسـەرەکان کـە نـاوی عـەلی قـازی بـرای منیـان بینـی بـە پۆلیـس نووسرابـوو، گوتیـان ئـەو عـەلی قازییـە بـرای خۆتـە؟ منیـش گوتـم بەڵـێ ئـەو براگـەورەی منـە. ئـەوان گوتیـان بۆچـی بەرپرسـیاریەتییەکت پێـی نـەداوە، منیـش گوتـم چونکـە بـرای خۆمـە، بـا کـەس گلەیـی ئـەوەم لـێ نـەکا و بڵێـن بـرای خـۆی کـردووە بـە بەرپـرس. ئـەوان عـەلی برامیـان کـرد بـە نایـب عەریـف.

دوای وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی گوتـم دەبـێ مووچـەی ئـەم مانگەمـان بـۆ خـەرج بکـەن و لەگـەڵ خـۆم دەیبەمـەوە و دەیـدەم بـە پاسـەوانانی سـنوور. ئـەوان گوتیـان دەبـێ بچیتـەوە لای بەڕێوەبـەری گشـتی پۆلیـس و ڕەزامەنـدی خەرجکـردنی مووچـەی پاسـەوانانی سـنوور لـەو وەربگـری.

دووبـارە چوومـەوە لای بەڕێوەبـەری گشـتی پۆلیـسی عێـراق و داوام لێکـرد کـە مووچـەی ئـەم مانگـە بـۆ پاسـەوانانی سـنوور خـەرج بـکات تـا مـن لەگـەڵ خـۆم بۆیـان ببەمـەوە، گوتـی ئەمـڕۆ ڕەزامەنـدی دراوە لەسـەر پاسـەوانی سـنوور مانگـی داهاتـوو مووچەکانتـان بـۆ خـەرج دەکـرێ. گوتـم مانگـی ڕابـردوو عەریـف حەمیـد بـەرواری لیسـتی پاسـەوانانی سـنووری بۆتـان هێنـا، بـەڵام لەبـری ئـەوەی ڕەزامەنـدی بـدەن و مووچـە سـەرف بکـەن، خەریـک بـوو بیکـوژن و بـە سـەختی برینـدارتـان کـرد و ئێسـتا ئەومـان بـۆ چارەسـەر ناردووە بـۆ ئەمریـکا. بەڕێوەبـەری گشـتی پۆلیـس بـە منـی گـوت مـن ناتوانـم مووچـەی ئـەم مانگەتـان بـۆ خـەرج بکـەم، بـەڵام دەتانێرمـە لای عەزیـز قـدوری سـەرۆک وەزیـرانی عێـراق، ئەگـەر ئـەو ڕەزامەنـدی بـدا، ئـەوا مووچەکەتـان بـۆ خـەرج دەکـرێ.

لیسـتەکەی پاسـەوانی سـنوورم لەگـەڵ خـۆم بـرد و چـووم بـۆ لای عەزیـز قـدوری و لیسـتەکەی واژۆکـرد و ڕەزامەنـدی دا کـە مووچـەی ئـەو مانگەمـان بـۆ خـەرج بکـرێ. عەزیـز قـدوری بـە پۆلیسـەکەی گوتبـوو مـن حەزدەکـەم عەزیـز

قازی ببینم و پێی بڵێ با بەیانی بێتەوە لام، من بە پۆلیسەکەم گوت من هەر ئەو ئیشەم هەبوو و ئەویشی بۆ کردین و دەچین لە کەرکووک پارەکە وەردەگرین. ئەو گوتی تەلەفۆن بۆ کەرکووک کراوە و لەوێ پارەکەتان دەدەنێ. من لۆرییەک و پیکابێکم بۆ یەکەی پاسەوانی وەرگرت و بەرەو کەرکووک بەڕێکەوتین.

کاتێک چوومە لای بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی کەرکووک، بە منی گوت مووچەی ئێوەمان نارد بۆ سەرکردایەتی خۆتان لە باڵەک. من پێم گوتن بۆچی ئەم کارەتان کرد، ئێمە لێرەین بۆ مووچەتان ناردووە بۆ لای سەرکردایەتی کورد و پێم گوتن لە بەغدا بە منیان گوت ئێوە پارەکە لە کەرکووک وەردەگرن. ئەوان ئەم کارەیان بە ئەنقەست کردبوو، تا کێشە لەنێوان پێشمەرگەکان و سەرکردایەتی دروستبکەن و پێشمەرگە بڵێن سەرکردایەتی مووچەی ئێمە دەخۆن. ئێمە بارەگای پاسەوانی سنوورمان لە شاری سەنگاو دانابوو.

## چووم بۆ سەنگاو

کاتێک گەیشتمەوە سەنگاو، تەواوی پێشمەرگەکان بە پیر منەوە هاتن و پێیان گوتم بۆچی مووچەی ئێمەت ناردووە بۆ بارەگای مەکتەبی تەنفیزی، ئێمە بڵاوەی لێ دەکەین و هەرکەس دەچێتەوە ماڵی خۆی. پێم گوتن کە من ئەم کارەم نەکردووە و پۆلیسی کەرکووک خۆی پارەکەی ناردووە بۆ مەکتەبی تەنفیزی، ئێستا برووسکەیان بۆ دەکەم تا پارەکە وەکو خۆی بنێرنەوە، بەڵام ئەوان لەسەر بۆچوونی خۆیان ڕشت بوون و گوتیان هەر دەڕۆین. من خۆم لە پاسەوانانی سنووری بەتالیۆنی ٤ و ٩ تورەکرد و پێم گوتن بگەڕێنەوە، چونکە من فەرماندەی هەردوو بەتالیۆنەکە بووم. ئەوان بە قسەی من گەڕانەوە و دوای ئەوانیش پاسەوانانی سنووری بەتالیۆنی ٥یش

گەڕانـەوە بـارەگای بەتالیـۆن.

دەسـتبەجێ برووسـکەیەکم بـۆ مەکتـەبی تەنفیـزی کـرد و بۆیانـم نـووسی، ئەگـەر مووچـەی پاسـەوانی سـنووری ئێمـە وەکـو خـۆی و بەبـێ دەسـتکاری نەنێرنـەوە، ئـەوا ئێمـە هەمووومـان دەچینـەوە ماڵـەکانی خۆمـان، تکایـە وەڵام. مەکتـەبی تەنفیـزی وەڵامیـان دایـەوە و گوتیـان مووچەکەتـان بەبـێ دەسـتکاری بـۆ دەنێرینـەوە. هەمـوو پاسـەوانەکانم کۆکـردەوە و پێـم گوتـن حکومـەت بـە ئەنقەسـت پـارەی ئێمـەی نـاردووە بـۆ مەکتـەبی تەنفیـزی و مەکتـەبی تەنفیـزی مووچەکەمـان وەکـو خـۆی دەنێرنـەوە. مـن نـاوم لـە لیسـتی مووچەکـەدا نەبوو، چونکـە مـن بـە وەکالـەت لـەوێ بـووم و کارەکانـم ڕایـی دەکـرد. کاک عەریـف حەمیـد بـەرواری فەرمانـدەی پاسـەوانی سـنوورەکەمان بـوو، بـەڵام بەداخـەوە لـە بەغـدا بریندارکـرا.

## هاتنـی بەڕێـز کاك سـامی عەبدولڕەحـمان بـۆ پاسـەوانیی سـنووری خۆمـان لـە سـەنگاو

بەتالیـۆنی پاسـەوانی سـنووری ناوچـەی کەرکووکـمان لـە پێشـمەرگەکانی هێزی قـەرەداغ دامەزرانـد و بارەگامـان لـە سـەنگاو دانـا. بەڕێـز سـامی عەبدولڕەحـمان و بەڕێوەبـەری گشـتی پۆلیـسی کەرکـووک و دوو ئەندامـی سـەرکردایەتی پـارتی بەعـسی عێراقـی لـە شـاری بەغـداوە هاتبوونـە کەرکـووک و لەوێشـەوە چووبوونـە چەمچەمـاڵ، لەوێـوە تەلەفۆنیـان بـۆ ئێمـە کـرد کـە بەڕێـز سـامی عەبدولڕەحـمان بـە سـەردان دێـت بـۆ بـارەگای بەتالیـۆنی ٣ی پاسـەوانی سـنوورەکەمان لـە سـەنگاو.

ئێمـە چەنـد کەسـێکمان کردبـوون بـە ئەفسـەر، بـەڵام هێشـتا حکومـەتی عێـراق ڕەزامەنـدی لەبارەیانـەوە نەدابـوو، بـەڵام ڕەزامەنـدی بـۆ عەریـف و ڕەیـس عورەفـا هەبـوو. مـن عەریفێـک و ڕەیـس عورەفایەکـم بانـگ کـرد

و پێــم گوتــن هەمــوو پاســەوانانی ســنوور کۆبکەنــەوە، چونکــە کاک ســامی عەبدولڕەحمان و بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی کەرکووک دێنە لامان و ئێمەش دەبێ نمایشێکی سەربازییان پێشکەش بکەین. پاسەوانی سنوور ئامادەبوون و کاک سامیش گەیشتە لامان و ڕەیس عورەفاکە لەگەڵ پاسەوانانی سنوور نمایشە سەربازییەکەیان کرد. ئەو کە منی بینی گوتی کاک عەزیز بۆ تۆ جلوبەرگی ئەفسەریت لەبەرنەکردووە؟

پێم گوت کاک سامی دوایی پێتان دەڵێم کە بۆچی جلوبەرگی ئەفسەریم لەبەرنەکردووە. چووین لەژێر خێمەیەک دانیشتین و لەوێ بە کاک سامیم گوت ڕاستە من ئەم بەتالیۆنەی پاسەوانی سنوورم دامەزراندووە، بەڵام من فەرماندەی بەتالیۆنەکە نیم، کاک عەریف حەمید بەروەاری کرابووە فەرماندەی پاسەوانی سنوور، بەڵام ئەو لە بەغدا بریندار بوو و نێردراوەتە ئەمریکا.

برادەرێکی خۆمان (کاک ئەحمەدە سوور) کە لە بەتالیۆنی ٩ی هێزی کەرکووک، کرا بە ئەفسەر لە پاسەوانی سنوورەکەمان، بەڵام هێشتا حکومەت ڕەزامەندی نەدابوو لەسەر ئەو ئەفسەرانەی ئێمە بۆ بەتالیۆنی ٣ی پاسەوانی سنوور دیارمان کردبوون و حکوومەت هیچ مووچەیەکی نەدەداینێ. ئەحمەدە سوور بە کاک سامی گوت ئەگەر حکومەت ڕەزامەندی نادا لەسەر ئەوەی ئێمە ببین بە ئەفسەر، هەرکەسەمان دەچینەوەماڵی خۆمان. کاک سامی عەبدولڕەحمان بە زمانی عەرەبی وەڵامی کاک ئەحمەدە سووری دایەوە و پێی گوت ئێوە نەخوێندەوارن، بۆیە حکومەتی عێراق قایل نییە ببنە ئەفسەر. من لەوە زۆر تووڕە بووم و بەعەرەبی بە کاک سامیم گوت تۆ چۆن لەبەردەم دوژمن بە کاک ئەحمەدە سوور دەڵێی تۆ نەخوێندەواری بۆیە ناتکەن بە ئەفسەر. پێم گوت ئەو بەڕێوبەرەی پۆلیس کە لەگەڵت هاتووە، پێڵاوی ئەحمەدە سوور ناهێنێ و ڕۆژگارێک ئەحمەدە

سـوور شـەڕی یـەک فیرقـەی عەسـکەری بـۆ تـۆ دەکـرد و هـەر نەخوێنـدەواری هاوشـێوەی ئەحەمـەدە سـووریش بـوون وایانکـرد ئێـوە لـە بەغـدا ببنـە وەزیـر. ئێـوە دەتانتـوانی بـە کاک ئەحمـەدە سـوور بڵێـن دواتـر پێـت دەڵێـم هۆکارەکـە چییـە، نـەوەک لەبـەردەم دوژمـن پێـی بڵێـی نەخوێنـدەوار.

سـامی عەبدولڕەحـمان لای سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی شـکایەتی لـە مـن کردبـوو و گوتبـووی مـن لەگـەڵ بەڕێوەبـەری گشـتی پۆلیـسی کەرکـووک و ٢ سـەرکردەی حـزبی بەعـس چوویـن بـۆ لای عەزیـز قـازی، ئـەو لەبـاتی ئـەوەی پێشـوازیمان لـێ بـکات، سەرزەنشـتی کردیـن.

## چوونم بۆ بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش

کاتێـک چوومـە مەکتـەبی تەنفیـزی سـەرکردایەتی شـۆڕش، لـەوێ بیسـتم کـە عەریـف حەمیـد بـەرواری لـە ئەمریـکا و کەنـەدا گەڕاوەتـەوە و ئێسـتا لـە چۆمـان لـە ماڵـی خۆیـەتی. مـن چوومـە چۆمـان و سـەردانی کاک عەریـف حەمید بەرواریـم کـرد بـۆ هـەواڵ پرسینی. مـن گەیشـتمە ئـەوێ و دواتـر بەڕێـزان کاک ئیدریـس بـارزانی و کاک مەسـعود بـارزانی هاتنـە لای عەریـف حەمیـد بـەرواری. کاک ئیدریـس ڕوویکـردە مـن و گوتـی عەزیـز قـازی تـۆ چیتکـردووە، بـۆ ڕێـزت لـە کاک سـامی عەبدولڕەحـمان نەگرتـووە و سەرزەنشـتت کـردووە. ئـەو گوتـی کاک سـامی لای باوکـم شـکایەتی لـە تـۆ کـردووە و لەوانەیـە باوکـم بنێـرێ بەدواتـدا، ئینجـا نازانـم چیـت پـێ دەڵـێ. منیـش چیرۆکـی هاتنـی کاک سـامی و بەڕێوەبـەری پۆلیـسی کەرکـووک و دوو سـەرکردە بەعسـییەکەم بـە تـەواوی بـۆ گێڕانـەوە و پێـم گوتـن کاک سـامی عەبدولڕەحـمان لەبـەردەم هەموویـان بـە زمـانی عـەرەبی بـە ئەحمـەدە سـووری گـوت ئێـوە نەخوێنـدەوارن بۆیـە ڕەزامەنـدی نـادرێ بـبن بـە ئەفسـەر. هـەر ئـەوەش هـۆکار بـوو کـە مـن خـۆم لـە کاک سـامی تـوڕە بکـەم و پێـم ناخـۆش بـوو ئـەو لەبـەردەم دوژمـن ئـەوە

بـە ئێمـە بڵـێ. کاک ئیدریـس بـارزانی بـە منـی گـوت کاک عەزیـز جـارێ ئێـوە نەیەنـە لای باوکـم تـا ئێمـە بابەتەکـەی پـێ دەڵێـن و دوای دوو ڕۆژی دیکـە ئێـوەش وەرن.

## چوونم بۆ لای سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی

دوای دوو ڕۆژ چـووم بـۆ لای سـەرۆک بـارزانی لـە بـارەگای خـۆی. سـەرەتا چوومـە لای کاک ئیدریـس بـارزانی و ئـەو گوتـی ئێسـتا ئاسـاییە بـڕۆ لای بارزانیـی باوکـم. کاتێـک چوومـە لای سـەرۆک بـارزانی پێکـەنی و گوتـی عەزیـز قـازی، سـامی عەبدولڕەحـمان بـۆ شـکایەتی لای مـن لـە ئێـوە کـردووە. مـن بـە سـەرۆک بارزانیـم گـوت مـن تـەواوی سـەردان و ڕووداوەکـەم بـۆ کاک ئیدریـس بـاس کردبـوو و وابزانـم ئەویـش هەمـووی بـۆ ئێـوە گێڕاوەتـەوە. سـەرۆک بـە منـی گـوت کارێکـی باشـتان کـردووە کـە واتـان پێـی گوتـووە، ئـەو نەدەبووایـە لەبـەردەم ئـەوان وا بـە ئەحمـەدە سـوور بڵـێ و دەکـرا دواتـر تێیبگەیاندبایـە بابەتەکـە چۆنـە.

مـن لـەوێ بـە سـەرۆک بارزانیـم گـوت ڕێـم پـێ دەدەن مـن بچمـەوە بەغـدا و لـەوێ ببمـەوە بـە مامۆسـتای زانکـۆی بەغـدا، چونکـە ئەگـەر مـن بچمـەوە زاهیـدای خێزانیشـم وەردەگرنـەوە و ئـەوکات بـە هەردووکـمان مووچەیەکـی بـاش بـۆ بژێویـمان وەردەگریـن. سـەرۆک بـارزانی بـە منـی گـوت تـۆ نابـێ پێشـمەرگایەتی جێبێڵـی و ئێمـە هەمـوو کات پێویسـتیمان بـە ئێـوە هەیـە.

دوای ئـەوەی بەتالیـۆنی پاسـەوانی سـنوورم دامەزرانـد و واژۆم لەسـەر ناسـنامەی تـەواوی پاسـەوانەکانی سـنوور کـرد و ناسـنامەکەم پێـدان، دوای ٣ مانـگ شـەوکەت مەلائیسـماعیل لـە لایـەن سـەرکردایەتی شۆڕشـەوە نێردرایـە لای ئێمـە بـە فەرمانـدەی بەتالیـۆنی پاسـەوانی سـنوور. ئـەو داوای لـە پاسـەوانەکانی سـنوور کـرد کـە سـەر لەنـوێ وێنـەی خۆیـان بگرنـەوە تـا ناسـنامەی نوێیـان

پـێ بـدرێ. بەڕێوەبەرایـەتی پۆلیـس پێیـان گوتبـوو، پێویسـت بـە ناسنامەی نـوێ نـاکات، چونکـە ئێسـتا هەمـوو پاسـەوانەکان ناسـنامەیان هەیـە، بـەڵام ئـەو گوتبـووی مـن فەرمانـدەی بەتالیۆنـم و دەبـێ ناسـنامەی پاسـەوانەکانی سـنوور واژۆی منیـان لەسـەر بـێ.

## سەردانیکردنی مۆسکۆ

پێشـتر باسـم کردبـوو کـە لـە ڕێکەوتـی ۱۹٦٦/۷/۹ چـاوی ڕاستم لەدەسـت دا و دوای ئـەوەی دوو جـار چوومـە تـارانی پایتەختـی ئێـران، بـەڵام هیچیـان بـۆ نەکـردم. ئینجـا سـەرکردایەتی شـۆڕش دوای شـەش سـاڵ منیـان نـاردە مۆسـکۆ. مـن و عەبـدوڵا ئاغـای پشـدەری بەیەکـەوە لـە مانگـی ئـابی سـاڵی ۱۹۷۲ بووینـە میـوانی حکومـەتی یەکێتـی سـۆڤیەت. کۆنسـوڵخانەی یەکێتـی سـۆڤیەت پێیـان گوتیـن کـە کاربەدەسـتێکی وەزارەتی خۆمـان لـە فڕۆکەخانـەی مۆسـکۆ پێشـوازیتان لـێ دەکات، بـەڵام کـە ئێمـە گەیشـتینە مۆسـکۆ لـەوێ کـەس نەهاتبـوو بـۆ پێشـوازی ئێمـە، ئـەوەی بـاش بـوو مـن زمـانی ڕووسـیم دەزانی و چـووم بـە بەڕێوەبـەری فڕۆکەخانـەم گـوت ئێمـە میـوانی حکومـەتی یەکێتـی سـۆڤیەتین و لـە بەغـدا کۆنسـوڵخانەی یەکێتـی سـۆڤیەت بـە ئێمەیـان گـوت کـە کەسـێک دەنێرینـە پێشـوازیتان، بـەڵام کـە گەیشـتینە ئێـرە کـەسی لـێ نەبـوو. بەڕێوەبـەری فڕۆکەخانـە تەلەفـۆنی بـۆ کرملـن کـرد و گوتـی دوو عێراقـی لێـرەن و دەڵێـن ئێمـە میـوانی حکومەتیـن. ئینجـا پیاوێـک لـە فڕۆکەخانـە هاتـە لامـان کـە بەداخـەوە ناوەکەیـم لەبیـر چـووە. ئـەو پیـاوە کاتی خـۆی لـە کۆنسـوڵخانەی یەکێتـی سـۆڤیەت بـوو لـە بەغـدا، بـە ئـەوم گـوت کۆنسـوڵخانەکەی ئێـوە بـە ئێمەیـان گـوت لـە فڕۆکەخانـە کەسـێک چاوەڕێتـان دەکات، بـەڵام کـە هاتیـن کـەسی لـێ نەبـوو و نازانـم بـۆ کـەسی لـێ نەبـوو و پێـم گـوت ئەگـەر مـن زمـانی ڕووسـیم نەزانیبووایـە، چیـمان بکردبـا. ئـەو گوتـی ئێمـە لـە کۆسـوڵخانەمان لـە

بەغدا تەلەفۆنمان بۆ نەکراوە و نەمانزانیوە ئێوە دێن.

ئەو پیاوە من و عەبدوڵا پشدەری برد بۆ نەخۆشخانەیەک کە لەدەرەوەی شاری مۆسکۆ بوو و تەنیا ئەندامانی حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت و میوانانی حکومەت دەچوونە ئەو نەخۆشخانەیە. کاتێک گەیشتینە نەخۆشخانەکە بەڕێز نوری شاوێس لەوێ بوو، هەروەها برادەرێکی بارزانیشی لێ بوو کە ناوی قپو بوو و عەزیز محەمەدی سەرۆکی حزبی شیوعی عێراقیش لەو نەخۆشخانەیە بوو، واتە ئێمە ٥ کورد لەو نەخۆشخانەیە بووین و چارەسەر دەکراین. دوای ئێمە ملازم ئەمینیش هات کە ئەویش کوردبوو و ئەندامی حزبی شیوعی عێراق بوو.

ئەوکاتەی ئێمە لە نەخۆشخانە بووین ڕۆژێکیان لە ڕۆژنامەی پراڤدا کە ڕۆژنامەیەک بوو سەر بە حزبی شیوعی یەکێتی سۆڤیەت بوو نووسیبووی بارەگاکانی حزبی شیوعی هەموویان چوونەتەوە ناو شارەکان، چونکە شیوعییەکان حکومەتی عێراق ڕێککەوتوون. ئەوکات شیوعییەکان چەند لقێکی پێشمەرگەیان هەبوو لەناو شۆڕشی کوردستان. لقێکیان لە شاری کەرکووک بوو کە لە لای بەتالیۆنی چواری هێزی کەرکووک بوو و سەید مەتەر کە ئەفسەرێکی عەرەب بوو بەرپرسی لقەکە بوو.

دوای ماوەیەک هەریەک لە بەڕێزان کاک سامی عەبدولڕەحمان و کاک سامی تۆفیق بە ئیشی شۆڕش و پارتیمان هاتنە مۆسکۆ و هەردووکیان لە نەخۆشخانە هاتنە لامان. هەموو خەرجیی ئێمە لە نەخۆشخانە و پلیتی فڕۆکە لەسەر یەکێتی سۆڤیەت بوو. لە مۆسکۆ بە منیان گوت تۆ زۆر باش زمانی ڕووسی دەزانی لەکوێ فێری بووی؟ گوتم من هەڤاڵی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی بووم و ساڵی ١٩٤٧ هاتینە ئێرە و ١٢ ساڵ لێرە ماینەوە، ئەوکات فێری زمانی ڕووسی بووم. پێم گوتن کە من زانکۆی پارتی شکۆلیم تەواوکردووە لە شاری تاشقەندی پایتەختی کۆماری ئۆزبەکستان.

لە نەخۆشخانە چاوێکیان بۆ دروستکردم و هەروەها قاچیشم ڕۆماتیزمی هەبوو ئەویشیان چارەسەر کرد. پاش دوو مانگ من و قپۆ بەیەکەوە لە نەخۆشخانە دەرچووین و هەندێک دیاریم بۆ خزمەکانی خۆم و بۆ برای زاهیدای هاوسەرم کڕی. بە کاربەدەستانی سۆڤیەتم گوت ڕێگەم بدەن سەردانی برای خێزانم بکەم لە باشکیرستان، ئەوان گوتیان هەندێک شوێن هەن لێرە کە ڕێگە نادرێ هاووڵاتییانی بێگانە سەردانی بکەن، باشکیرستانیش یەکێکە لەو شوێنانە، چونکە ناوچەیەکی سەربازییە. پێم گوتن من لێرە خوێندوومە و لێرە ژیاوم دەزانم کە چیتان لەکوێ هەیە، بەڵام هەرچیم کرد ڕازی نەبوون.

تەلەفۆنم بۆ (زبنور باینازەرۆڤ)ی برازای زاهیدای هاوژینم کرد تا لە مۆسکۆ بێتە لام، ئەویش هاتە لام و بۆ جاری یەکەم یەکترمان بینی و دیارییەکانم دا بە ئەو تا بیانبا. دواتر کاربەدەستانی گوتیان ئەگەر پێتان خۆشە تۆ و عەبدوڵا ئاغای پشدەری دەنێرین بۆ شاری تەدیسان بۆ سەر دەریای ڕەش، ماوەیەک لەوێ بن و دواتر بڕۆنەوە وڵاتی خۆتان. پێم گوتن ئێوە ڕێگەتان نەدا من سەردانی کەسوکاری زاهیدای هاوژینم بکەم، بۆیە منیش دەگەڕێمەوە وڵاتی خۆم و ناچمە تەدیسان. کاک عەبدوڵا پشدەری چوو بۆ شاری تەدیسان و من و قپۆ بارزانی لە ڕێکەوتی ١٩٧٢/١٠/٣٠ گەڕاینەوە بەغدا. زۆر لەماڵی خۆم کە لە بەغدا بوو نەمامەوە و هاتمەوە بارەگای پاسەوانی سنووری خۆمان لە سەنگاو، چونکە بارودۆخەکە باش نەبوو.

## هەڵوەشاندنەوەی پاسەوانی سنوور لە ناوچەی کەرکووک

لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٧١ بەتالیۆنی ٣ی پاسەوانی سنوورمان دامەزراند، بەڵام حکومەتی بەعس لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٢ بڕیاریدا

پاسـەوانی سـنووری ئێمـە هەڵبوەشـێنێتەوە و ئازوقـە و مووچـە بـۆ پاسـەوانانی سـنووری ئێمـە خـەرج نەکرا. هەروەهـا حکومـەتی بەعـس داوایانکـرد، هەرچـی کەلوپـەل و ئامێـر هەیـە کـە لەوانمـان وەرگرتـووە ڕادەسـتی بکەینـەوە. کاك ئیدریـس بـارزانی برووسـکەیەکی بـۆ مـن کـرد و گوتـی، هیـچ شـتێک ڕادەسـتی حکومـەتی عێـراق نەکەنـەوە. بـە شـەوکەت مەلائیسـماعیلم گـوت کاك ئیدریـس بـارزانی برووسـکەی کـردووە دەڵـێ هیـچ شـتێک ڕادەسـتی بەعسـییەکان نەکەنـەوە.

### بنیاتنانەوەی هێزی کەرکووک

سـەرکردایەتی شـۆڕش سـاڵح پێداویـان نـارد بـۆ فەرماندەیـی هێـزی پێشـمەرگەی ناوچـەی کەرکـووک و عەبـدوڵا حەمەئەمیـن ئاغـا بـووە فەرمانـدەی بەتالیـۆنی ٥ی هێـزی کەرکـووک لـە جێـگای عەریـف حەمیـد بـەرواری، ئـەوکات بـارەگای هێـزی کەرکـووک لـە سـەنگاو بـوو. لـەوێ هەردووکیانـم بەخێرهێنـا و ڕێـزم لێگرتـن.

**هێزی کەرکووک دووبارە بەمشێوەیە پێکهێنرایەوە:**

- ساڵح پێداوی فەرماندەی هێزی کەرکووک.
- عەزیز قازی سورچی یاریدەدەری ساڵح پێداوی لە هێزی کەرکووک.
- مـلازم عەبدولڕەحـمان پێـداوی (ئامـۆزای سـاڵح پێـداوی) فەرمانـدەی بەتالیـۆنی ٤ی هێـزی کەرکـووک.
- عەبـدوڵا حەمەئەمیـن ئاغـا (بـرای فەتـاح ئاغـا) فەرمانـدەی بەتالیـۆنی ٥ی هێـزی کەرکـووک.
- ملازم عەلی مستەفا فەرماندەی بەتالیۆنی ٩ی هێزی کەرکووک.

**خیانەتی شیوعییەکانی عێراق لە سەرکردایەتی شۆڕش و گەلی کورد**

پێشتر من باسم کرد کە بەعسییەکان کودەتایان لەسەر عەبدولکەریم قاسمی سەرۆک کۆماری عێراق کرد و هاتنە سەر دەسەڵات. ئینجا بەعسییەکان دەستیان بە کوشتن و بەندکردنی شیوعییەکان کرد و سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی بە هانایانەوە چوو و ڕێگەی پێدان بێنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش و لە کوشتن و گرتن ڕزگاریان بێ. هەروەها سەرکردایەتی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارەیەکی زۆری شیوعیان ئازاد و ڕزگارکرد و چەند لقێک بۆ پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی دامەزران و هاتنە ناو ڕیزەکانی شۆڕشی کوردستان و تەواوی بارەگاکانی حزبی شیوعی گوازرانەوە ئەو ناوچانەی کە لەدەست شۆڕش بوون. سەرەڕای ئەمانەش سەرکردایەتی شۆڕش چەکی پێدان و بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی گوێزرایەوە گەلاڵە.

دوای ئەو هەموو هاوکارییە، ئەوان لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێککەوتن و بارەگاکانیان بردەوە ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق بوون. لقێکی شیوعییەکان لەگەڵ هێزی کەرکووک بوو و بارەگایان لە نزیک دەربەندیخان بوو لە گوندێک. ئەو لقەی شیوعی هێرشی کردبووە سەر بارەگای پارتیمان. ئەوکات من لەوێ نەبووم و مۆڵەتم وەرگرتبوو و چووبوومەوە بەغدا، چونکە شەڕ ڕاوەستابوو و لە نێوان پێشمەرگە و شیوعییەکان ببووە شەڕ.

کاک حەمەی حاجی وەلی بەگ کەلاری و ئەحمەدی برای و یاسینی زاوایان لە کەلارەوە هاتبوونە بەغدا و بەیانی کاتژمێر سێی دەمە و بەیان گەیشتنە ماڵی ئێمە. حاجی وەلی بە منی گوت شیوعییەکان خیانەتیان کردووە و ڕەنگە بشزانن تۆ لێرەی، بۆیە لەگەڵمان وەرە و ئێمە لە ڕێگەیەکی قاچاغ تۆ دەگەیەنینەوە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش. دەسبەجێ لە کاتژمێر

چواری بەرەبەیانی ڕێکەوتی ١٩٧٣/١١/٧ بەغدامان بەجێهێشت و بە ڕێگای قاچاغ خۆمان گەیاندە کەلار و لەوێ چووین بۆ ماڵی محەمەد حاجی وەلی و شەو لەوێ مامەوە.

لە ڕێکەوتی ١٩٧٣/١١/٨ بە سواریی ئەسپێک لە کەلارەوە بەرەو قادر کەرەم ڕۆیشتم تا لەوێوە بچمە سەنگاو و بچمەوە بارەگای هێز و هاونیشتیمانییەکی کەلاریش بە چەکەوە لەگەڵ من بوو. ئێمە گەیشتینە گوندی ساڵە لە ناوچەی دوزخورماتوو و لەوێ هاونیشتیمانییەکی کورد بە سواری تراکتۆرێک لە شاری دوزخورماتوو دەهاتەوە و لە تراکتۆرەکەی دابەزی و گوتی کاک عەزیز باش بوو ئێوەم لێرە بینی. ئەو گوتی نزیکەی ٣٠٠ تا ٤٠٠ جاشی شیوعی هاتوونەتە گوندی خدر وەلی لە نزیک ڕێگای گشتین کە بەرەو بەغدا دەچێ. هەروەها گوتی کاک ئەحمەدە سوور لەگەڵ هەشت پێشمەرگە لەو گوندەی خوارەوەیە. گوتی شیوعییەکان نیازیان وایە لەوێوە هێرش بکەن بەرەو ناوچەی قادرکەرەم و سەنگاو، ئەوکات بارەگای بەتالیۆنی ٥ی هێزی کەرکووک لە قادرکەرەم بوو. بە هاونیشتیمانییەکەم گوت ئەگەر من نامەیەک بۆ بەتالیۆنی ٥ی قادرکەرەم بنووسم، تۆ بە تراکتۆر بۆیان دەبەی. گوتی بەسەرچاو نامەکە بنووسە و بۆیان دەبەم. برووسکەیەکم بۆ بەتالیۆن نووسی و وێنەم لێیدا بە بارەگای بارزانی و مەکتەبی تەنفیزی و هێزی کەرکووک:

**بۆ/ هێزی کەرکووک/ بارەگای سەرۆک بارزانی/ مەکتەبی تەنفیزی**

**لە عەزیز قازییەوە، ژمارە (ف) ڕێکەوتی ١٩٧٣/١١/٨**

تکایە هێزێکی پێشمەرگە بگەیەننە لام و وابکەن هەر ئەمشەو بێنە ئێرە. هێزێکی ٣٠٠ تا ٤٠٠ کەسی جاشن و هاتوون بۆ گوندی خدر وەلی و نیازیان وایە لەوێوە بەرەو قادرکەرەم و سەنگاو هێرش بکەن.

برووسـکەکەم دایـە هاونیشـتیمانییەکە و ئـەو بـە تراکتـۆری خـۆی بـردی بـۆ بـارەگای بەتالیـۆنی ٥ی هێـزی کەرکـووک. هێزێـک کـە نزیکـەی ٨٠ پێشـمەرگە دەبـوون بـە لەژێـر فەرمانـدەی مـلازم سـەیفوڵا کـە لێپـرسراوی لێژنـەی ناوچـەی دوزخورماتـووشی لەگـەڵ بـوو کاتژمێـر ١٠ی شـەو گەیشـتنە لام. سـەیفوڵا عـەلی یاریـدەدەری عەبدوڵائاغـا بـوو لـە بەتالیـۆنی ٥ی هێـزی کەرکـووک. کاتێـک هێزەکـەی پێشـمەرگە گەیشـتنە لام برووسـکەیەکم بـۆ بـارەگای سـەرۆک بـارزانی و مەکتـەبی تەنفیـزی نـارد:

**بـۆ/ سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی/ مەکتـەبی تەنفیـزی/ هێـزەکانی پێشـمەرگەی کوردسـتان**

**لە عەزیز قازی سورچییەوە، ژمارە (ف) ڕێکەوتی ٨/٩-١١-١٩٧٣.**

هێزێکـی ٣٠٠ تـا ٤٠٠ کـەسی شـیوعییەکان هاتوونـە گونـدی خـدر وەلی لـە نزیـک شـاری دوزخورماتـوو، نیازیـان وایـە هێـرش بکـەن بـۆ گرتنـی قادرکـەرەم و سـەنگاو. ئێمـە بڕیارمانـداوە کاتژمێـر ٤ی پاشـنیوەڕۆی ڕێکەوتـی ١٩٧٣/١١/٩ هێـرش بکەینـە سـەریان، ئەگـەر ئـەوان لـەو کاتـە زووتـر هێرشـیان نەکـردە سـەر ئێمـە. تکایـە بـۆ ئاگاداریتـان.

ئێمـە خۆمـان ئامادەکـرد تـا هێـرش بکەینـە سـەر شـیوعییەکان ئەوانـەی هاتبوونـە گونـدی خـدر وەلی. ئێمـە چووینـە پێشـوو و بینیـمان شـیوعییەکان وەکـو قەڵەڕەشـکە گـردەکانی دەوروپشـتی گونـدی خـدر وەلیـان گرتـووە. ئینجـا لـە کاتژمێـر چـواری ڕێککـەوتی ١٩٧٣/١١/٩ هێرشـمان کـردە سـەریان، بەمشـێوەیە:

- هێزێـک لـە گـەڵ مـلازم سـەیفوڵا و لێپـرسراوی ناوچـەی دوزخورماتـوو لـە دەسـتی ڕاسـتی گوندەکـەوە هێرشـیان کـرد، تـا ڕێـگای گشـتییان لـێ بگـرن.
- هێزێک لەگـەڵ ئەحمـەدە سـوور هێرشـیان کـرد تـا گـردەکانی پشـت گونـدی

خـدر وەلی بگـرن.

- منیـش لەگـەڵ چەنـد پێشـمەرگەیەک هێرشـمان کـردە سـەر گونـدی خـدر وەلی تـا هەموویـان لەنـاو گوندەکـە ئابڵۆقـە بدەیـن.

کاتێـک بینیـان ئێمـە هێـرش دەکەینـە سـەریان دەسـتیان بـە ڕاکـردن کـرد بـەرەو شـاری دوزخورماتـوو. ئێمـە گەیشـتینە سـەر چەمەکـەی خـوارەوەی گونـدی خـدر وەلی، لـە خانوویێکـی ٢ نهۆمـی تەقەیـان لـە مـن کـرد و بـە پێشـمەرگەکانم گـوت ئێـوە تەقـە بکـەن و مـن خـۆم گەیانـدە نـاو گونـدی خـدر وەلی و چەنـد جاشـێکمان ئابلۆقـە دان. لـەوێ مـن ژنێکـی شـیوعیم نـاردە لایان و پێـم گـوت پێیـان بڵـێ عەزیـز قـازی لێرەیـە و ئەگـەر خۆیـان بـدەن بەدەسـتەوە، ئـەوا مـن پەیـمانی سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بارزانییـان پـێ دەدەم کـە نایانکـوژم. ژنەکـە چـووە لایـان و گەڕایـەوە گوتـی نایانـەوێ خۆیـان بەدەسـتەوە بـدەن و شـەڕ دەکـەن. لەپـڕ تەقەیەکـی زۆر لـەلای ئەحمـەدە سـوورەوە کـرا کـە چـووم ٨ جـاش کوژرابـوون. مـن خـۆم لـە ئەحمـەدە سـوور تـوڕە کـرد و گوتـم ئـەوان خۆیـان ڕادەسـتی ئێـوە کـردووە چـۆن ئێـوە کوشـتووتانن، بـەڵام ئەحمـەدە سـوور سـوێندی خـوارد گوتـی کاک عەزیـز ئـەوان هێرشـیان کـردە سـەرمان تـا ئابڵۆقەکـە بشـکێنن، ئێمـەش تەقەمـان لێکـردن. هەروەهـا ٨ شـیوعیش بەدیـل گیـران.

لـە ڕێکەوتـی ١٩٧٣/١١/٩ سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی برووسـکەیەکی بـۆ مـن کـرد و گوتـی برووسـکەتان گەیشـت و تێگەیشـتین. سـەرۆک گوتـی شـەڕ لەگـەڵ شـیوعییەکان مەکـەن، باڵیۆزخانـەی یەکێتـی سـۆڤیەت لـە بەغـدا هاتوونەتـە لامـان و داوای وەسـتاندنی شـەڕ دەکـەن.

ئینجـا ئـەم برووسـکەیەم بـۆ بـارەگای سـەرۆک بـارزانی و مەکتـەبی تەنفیـزی نـاردەوە

**بۆ/ سەرۆک بارزانی/ مەکتەبی تەنفیزی**

**لە عەزیز قازییەوە، ڕێکەوتی ١٩٧٣/١١/٩ ژمارە (ف)**

برووسـکەکەتان درەنـگ بەدەسـتمان گەیشـت و شـەڕەکەمان کـرد. لـە جاشـەکانی شـیوعی ٨ کـەس کـوژران و ٨یـش بەدیـل گیـران. زیـانی پێشـمەرگەش ٢ شـەهید و چەنـد برینداریـێک بـوون کـە برینەکانیـان سـووک بـوو.

دوای شـەڕەکە سـاڵح پێـداوی لـە بـەرەی شـەڕی ناوچـەی دەربەندیخـان برووسـکەیەکی بـۆ کـردم و گوتـی کاک عەزیـز قـازی، ئـەو بەرەیـەی شـەڕی ئـەوێ بەجێبێڵـە و وەرە لای مـن لـە ناوچـەی دەربەندیخـان تـا مـن بگەڕێمـەوە بـارەگای هێـز، ئەمـە لەبـاتی ئـەوەی دەستخۆشـیم لـێ بـکات بەرانبـەر ئـەو شـەڕەی کردمـان و بڵـێ وریـای خۆتـان بـن. مـن بـە مـلازم سـەیفوڵام گـوت ساڵح پێـداوی داوای گەڕانـەوەی مـن دەکات بـۆ بـەرەی دەربەندیخـان، دیـارە خـۆی لـەوێ بێـزار بـووە و دەیـەوێ بگەڕێتـەوە بـارەگای هێـز. مـن بە سـەیفوڵام گـوت زۆر وریـای خۆتـان بـن و چەنـد پێشـمەرگەیەک لەگـەڵ خـۆم دەبـەم و دیلەکانیـش دەبەیـن و دەیانگەیێنینـە سـەنگاو، بـەڵام مـلازم سـەیفوڵا گوتـی تـۆ لێـرەوە بـە جێبێـک بـڕۆ و ئێمـە خۆمـان دیلـەکان دەنێرینـە سـەنگاو. ئینجـا دیلەکانیـان سـواری تراکتۆرێـک کـرد و ناردنیانـە سـەنگاو و منیـش بـەرەی شـەڕم بـۆ مـلازم سـەیفوڵا دیارکـرد و بەجێمهێشـتن.

**بەرەی دەربەندیخان و قەرەداغ**

لـە ڕێکەوتـی ١٩٧٣/١١/٩ سـاڵح پێـداوی برووسـکەی بـۆ مـن کـرد و داوای لێکـردم بچمـە بـەرەی قـەرەداغ، منیـش ئـەو بەرەیـەی لێـی بـووم ڕادەسـتی مـلازم سـەیفوڵام کـرد و خۆشـم گەڕامـەوە بـۆ سـەنگاو و لەوێـوە چـووم بـۆ بـەری ناوچـەی دەربەندیخـان و قـەرەداغ و تـا ڕێکەوتـی ١٩٧٣/١١/١٣ لـەوێ بـووم.

زاهیـدای خێزانـم نامەیەکـی بـۆ مـن نـارد و گوتـی ئومێـد بـای بـرام هاتووەتـە بەغـدا و پێـی خۆشـە تـۆش ببینـێ و ئـەو لـە یەکێتـی سـۆڤیەتەوە هاتـووە و مـاوەی ٣ مانـگ لێـرە دەمێنێتـەوە. لەوکاتـەدا لـە لایـەن حکومـەتی عێراقـەوە بـە غیـابی ٥ سـاڵ حوکـم درابـووم. هـۆکاری حوکمەکەشـم ئەمـە بـوو، مـەلا حیکمـەت کـە ئەندامـی پارتیـمان بـوو لـە سـنووری لقـی سێ چووبـوو بـە جـاش لـە شـاری کەرکـووک و لەگـەڵ بەعسـییەکان ئیـشی دەکـرد و خەڵکـی بـە گرتـن دەدا. ئـەو چووبـوو گوتبـووی عەزیـز قـازی هەوڵیـداوە مـن بکـوژێ، بۆیـە مـن ٥ سـاڵ حوکـم درابـووم بەبـێ ئـەوەی ئاگاداربـم. ئەحمـەد حەسـەن بەکـری سـەرۆک کۆمـاری عێـراق واژۆی لەسـەر حوکمەکـەی مـن کردبـوو. ڕەشـید عارفیـش کـە کارگێڕی لقـی سـێی پارتیـمان بـوو ئەویـش لەگـەڵ مـن بـە غیـابی ٥ سـاڵ حوکـم درابـوو. ئـەو کاغەزەیـان لەنـاو دۆسـییەکانی حکومـەت دۆزیبـووەوە تـا مـن ئـاگاداری خـۆم بـم.

نامەیەکـم بـۆ زاهیـدای خێزانـم نـووسی و پێـم گـوت تـۆ لەگـەڵ براکـەت وەرن گوندەکـەی خۆمـان لـە ناوچـەی دەشـتی هەریـر و بڕۆنـە ماڵـی عـەلی قـازی بـرام و منیـش دێمـە ئـەوێ. مـن چـووم بـۆ مـاوەی یـەک هەفتـە مۆڵەتـم وەرگـرت و چوومـە دەشـتی هەریـر. هەمووـمان بـۆ مـاوەی هەفتەیـەک لـە ماڵـی عـەلی قـازی بـرام بەیەکـەوە بوویـن. دوای ٧ ڕۆژ ئەوانـم هێنایـەوە هەولێـر و ڕەوانـەی بەغـدام کردنـەوە و خۆشـم چوومـەوە بـەری ناوچـەی دەربەندیخـان و قـەرەداغ لـە ڕێکەوتـی ١٩٧٤/٢/٧.

# بەندی دەیەم
# دەست پێکردنەوەی شەڕ و پەناهەندەییم لە وڵاتی ئێران (١٩٧٥-١٩٧٦)دا.

## دەستپێکردنەوەی شەڕ لەنێوان شۆڕش و حکومەتی بەعسی عێراقی

بە هەڵوەشانەوە و جێبەجێ نەکردنی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، لە لایەن ڕژێمی بەعس، دووبارە شەڕ لەنێوان هێزی پێشمەرگە و حکومەتی بەعس لە سەرتاسەری ناوچەکانی کوردستانی عێراق دەستی پێکردەوە. دوای چوار ساڵ لە واژۆکردنی ئاشتی و وەستاندنی شەڕ، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ شەڕ دەستپێکردەوە، تاکلایەنە حکومەتی عێراق لەگەڵ کۆمەڵێک جاشی خۆفرۆش واژۆیان لەسەر ئەو حوکمی زاتییە کرد کە بەعسییەکان دایاننابوو. بەپێی پلانی بەعسییەکان شاری کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی وەک خانەقین و مەندەلی و شنگال و شێخان نەدەکەوتنە سنووری حوکمی زاتی کوردستان. هەروەها شێخ جەعفەر بەرزنجی کردە پارێزگاری هەولێر. عەزیز ئاکرەیی و هاشم ئاکرەیش چوونە پاڵ حکومەت و عەزیز ئاکرەیی بوو بە وەزیر لە حکومەتی عێراق و هاشم ئاکرەییش کرایە پارێزگاری دهۆک. بەعسیەکان ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵ جاشەکان بڵاوکردەوە.

تاهیر ڕەشید کە ناردبوویانە پاکستان، هێنایانەوە و بوو بە فەرماندەی فیرقەی سوپای عێراق و ئەویش دژایەتی گەلی کورد و کوردستانی دەکرد و لە چەند بەرەیێکەوە پێشڕەوی کرد و هێرشی دەکردە سەر ناوچەکانی کەرکووک، بەمشێوەیە:

- هێزێکی سوپای عێراق هێنرابووە شاری چەمچەماڵ بۆئەوەی لەوێوە هێرش بکاتە سەر سەنگاو.
- هێزێکی سوپای عێراق لە شاری سلێمانییەوە بەرەو ناوچەی قەرەداغ هێرش دەکات.
- هێزێکی سوپای عێراق لە ناوچەی گۆلاڵەوە هێرش دەکاتە سەر ناوچەکانی کەلار و گەرمیان.

- سەربازگەی دەربەندیخان و جاشە شیوعییەکان خۆیان ئامادەکرد هێرش بکەنە سەر شاری قەرەداغ.

## شەڕی گوندی باوەخۆشین و گوندی گوڵان لە نزیک دەربەندیخان

لە ڕێکەوتی ١٩٧٤/٤/١٥ سوپای عێراق و شیوعییەکان لە دوو بەرەوە هێرشیان بەرەو قەرەداغ هێنا. سوپای عێراق لە دەربەندیخانەوە هێرشیان کرد بەرەو گوندی باوەخۆشین و لەوێوە بەرەو گوندی سێوسێنان و دواتر بۆ شاری قەرەداغ. جاشە شیوعییەکان لە سەربازگەی سوپای عێراق لە دەربەندیخان هێرشیان هێنا بۆ گوندی بانی خێڵان و دواتر بۆ سەر شاخی گوڵان.

لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی لقی قەرەداغ لەم بەرەیەی شەڕ بووم، ئێمە لە گوندی باوەخۆشین پشتمان لە سوپای عێراق گرت و هێزێکی پێشمەرگەم نارد بۆ گوندی گوڵان و هێزێکی دیکەش بە فەرماندەیی عەریف بەکر محیەدین ناردنم بۆ گرتنی شاخی گوڵان و گوندی بانی خێڵان. شەڕێکی خوێناوی دەستیپێکرد و دوای ٢ کاتژمێر شەڕکردن سوپای عێراق و شیوعییەکان شکاندن و گەڕانەوە مۆڵگەی خۆیان لە سەربازگەی دەربەندیخان و کوشتارێکی زۆریشیان لێ کرا.

لە ڕێکەوتی ١٩٧٤/٤/٢٢ دووبارە سوپای عێراق لە سێ لاوە لە دەربەندیخانەوە هێرشی کرد و ئەمجارەش شەڕ دەستیپێکردەوە و پێشمەرگە دووبارە توانی سوپا و جاشەکان تێکبشکێنێ، بەڵام ئێمە لەم شەڕەدا سێ شەهیدمان هەبوو:

- شەهید عومەر میرزا کە یاریدەری ملازم کەریم بوو لە لقی پێشمەرگەی ناوچەی قەرەداغ.
- شەهید فەتاح مەعروف کە ئەویش سەرپەل بوو لە لقی یەکی ناوچەی قەرەداغ.

- شەهید قادر مەحموود.

هەروەهـا عەریـف بەکـر محیەدیـن بـە قـورسی برینـدار بـوو و بەپەلـە بـە دارەبـاز نـاردم بـۆ دەشـتی شـارەزوور و لـەوێ بـە تراکتۆرێـک بردیـان بـۆ بـارەگای هێـزی خەبـات لـە تەوێڵـە و لەوێشـەوە بـە جیپێـک بردبوویـان بـۆ شـاری کرماشـان، بـەڵام لـە ڕێـگادا ئۆتۆمبێلەکەیـان وەردەگەڕێـت و عەریـف بەکـر محیەدیـن شـەهید دەبـێ. هەروەهـا شـەهید عومـەر میـرزاش لـە ڕێکەوتی ١٩٧٤/٤/٢٢ لـە شـەڕ لەگـەڵ شـیوعییەکاندا شـەهیدبوو. شـەهید عەریـف بەکـر محیەدیـن و شـەهید عومـەر میـرزا زۆر ئـازا و دڵسـۆزی خاکـی کوردسـتان و گـەلی کـورد بـوون. مـن بـەردەوام یـادی ئـەوان دەکەمـەوە.

### گەڕانەوەم بۆ بارەگای هێز لە سەنگاو

دوای شـەڕە خوێناوییـەکانی ڕۆژانی ١٥تـا١٩٧٤/٤/٢٢ سـاڵح پێـداوی برووسـکەیەکی بـۆ کـردم کـە «هـەر ئێسـتا بەپەلـە ئـەوێ بەجێدێڵیـت و دێیتـە لای مـن لـە بـارەگای هێـز لـە سـەنگاو». مـن وامـزانی کـە شـتێکی خـراپ ڕوویـداوە، بۆیـە ئـەو داوام لـێ دەکات وا بەپەلـە بـەرەی شـەڕ بەجێبێڵـم بچمـە لای ئـەو لـە بـارەگای هێـز. مـن لێپرسراوێتـی بەرەکـەم ڕادەسـتی مـلازم عەبدولڕەحـمان پێـداوی کـرد کـە فەرمانـدەی بەتالیـۆنی ٤ی هێـزی کەرکـووک بـوو لـە ناوچـەی قـەرەداغ و هەروەهـا مـلازم عـەلی مسـتەفای فەرمانـدەی بەتالیـۆنی ٩ی هێـزی کەرکـووک، ئەویـش هاتـە بـەرەی شـەڕی دەربەندیخـان و هاتـە گونـدی چرچەقـەڵا. پێـم گوتـن سـاڵح پێـداوی برووسـکەی کـردووە و دەبـێ مـن بەپەلـە بچمـە لای ئـەو لـە بـارەگای هێـز و دەترسـم شـتێکی خـراپ ڕوویدابـێ.

کاتێـک چوومـە بـارەگای هێـز لـە سـەنگاو، سـاڵح پێداوی لـە بـارەگای هێـز نەبـوو، بـە پێشـمەرگەکانی بـارەگای هێـزم گـوت ئێـوە نازانـن سـاڵح پێـداوی لـە

کوێیـە. پێشـمەرگەکان گوتیـان نازانیـن، ئـەو هەمـوو بەیانییـەک لـە بـارەگای هێـز دەچێتـە دەرەوە و بەکـەس نالـێ دەچێتـە کـوێ کـە ئێـوارەش هـات و تاریـک داهـات دەگەڕێتـەوە بـارەگای هێـز. بێتـەلی بـارەگای هێزمـان هاتـە لام و گوتـی کاک عەزیـز برووسـکەیەکی زۆرمـان لـە سـەرکردایەتی شـۆڕش و بـارەگای سـەرۆک بـارزانی بەدەسـت گەیشـتووە و داوای وەڵامـمان لـێ دەکـەن، بـەڵام کاک سـاڵح کاتی نییـە وەڵامـی برووسـکەکان بداتـەوە، چونکـە بەیـانی زوو بـارەگای هێـز بەجێدێڵـێ و تـا ئێـوارەش ناگەڕێتـەوە.

پێشـمەرگەیەک هـات گوتـی مـن دەزانـم سـاڵح پێـداوی لـە کوێیـە، پێشـمەرگەکەم نـاردە لای سـاڵح پێـداوی و پێـم گـوت پێـی بڵـێ عەزیـز قـازی لـە بـارەگای هێـز چاوەڕێـت دەکات تـا بزانـم بۆچـی داوای کـردووە بـە پەلـە بێمـەوە بـارەگای هێـز. پێشـمەرگەکە چـوو و گەڕایـەوە و گوتـی سـاڵح پێـداوی دەڵـێ بـا عەزیـز قـازی بێتـە لام.

چوومـە لای و بـە منـی گـوت، بۆیـە ناردوومـە بـەدوای تـۆدا، چونکـە حکومـەتی عێـراق هێزێکـی زۆری هێناوەتـە ناوچـەی چەمچەمـاڵ و نیازیـان وایـە لەوێـوە هێـرش بکەنـە سـەر دۆڵـی شیوەسـوور و دواتریـش بێنـە سـەنگاو. سـاڵح پێداویـم جێهێشـت و لەگـەڵ پێشـمەرگە تایبەتییـەکانی خـۆم چـووم بـۆ بـەرەی شیوەسـوور و هەوڵمـدا زوو بگەمـە ئـەوێ. لـەوێ بـە سـەرلق و سـەرپەل و بـرا پێشـمەرگەکانم گـوت دەبـێ ئێمـە خۆمـان بـۆ شـەڕی مـان و نەمـان ئامـادە بکەیـن، تـا بتوانیـن بەرگـری لـە گـەلی کـورد و کوردسـتان بکەیـن. ئێمـە بـەرەی شـەڕی خۆمـان لەگـەڵ دوژمـن دیارکـرد و سـەنگەری خۆمـان قایـم کـرد و ئامادەبـوون لەبەرانبـەر دوژمـن ئەگـەر هـەر هێرشـێک بکـەن.

### دەرکرانی خێزانم لە بەغدا

گەیشـتمە بـەرەی شـەڕی شیوەسـوور و شـەوکەت مەلائیسـماعیل لـە

بـارەگای مەکتـەبی تەنفیـزی لـە ناوچـەی باڵـەک برووسـکەیەکی بـۆ نـاردم و گوتـی، منداڵەکانـت بـە سـەلامەتی گەیشـتنە ناوچـەی شـنۆی کوردسـتانی ئێـران، بـەڵام ئـەو نەینووسـیبوو بۆچـی خێـزان و منداڵـی مـن چوونەتـە شـاری شـنۆ. برووسـکەیەکم کـرد و نووسـیم بۆچـی چوونەتـە کوردسـتانی ئێـران؟ لـە وەڵامـدا نووسـیبووی بەعسـییەکان ماڵـی ئێـوە و ماڵـی چەنـد کاربەدەسـتێکی دیکـەی شۆڕشـیان لـە بەغـدا دەرکـردوون و ناردوونیـان بـۆ نـاو شـۆڕش و شۆڕشـیش ئـەوانی نـاردە کوردسـتانی ئێـران. ئـەو خێزانانانـەی دەرکرابـوون ماڵـی ئـەم بەڕێزانـە بـوون:  نـوری شـاوێس، سـامی عەبدولڕەحـمان، هـەژار موکریـانی، حەمەدەمیـن بـەگ، چەنـد ماڵێکـی دیکـەش. شـەوکەت مەلائیسـماعیل گوتـی ئـەوانی دیکە هەموویـان پێشـوازییان لـە هاوژیـن و منداڵەکانیـان کـرد لـە شـاری قـەڵادزێ، تەنیـا تـۆ نـەبی و ئـەوان داوا دەکـەن، بەڵکـو بچیتـە کوردسـتانی ئێـران و بـزانی بارودۆخـی منداڵەکانـت لـەوێ چۆنـە.

مـن نەمویسـت لـەو کاتـە ناسـکەدا خـۆم بچمـە کوردسـتانی ئێـران، بەڵکـو عـەلی قـازی بـرام و مەولـودی کـوڕی ئامـۆزام ناردنـە لای منداڵەکانـم، مـن تـازە ٦٠ دینـاری یارمـەتی خـۆم وەرگرتبـوو و بێجگـە لـەوە هیـچ پارەیەکـی دیکـەم نەبـوو بۆیـان بنێـرم.

## برووسکەیەکی ساڵح پێداوی

سـاڵح پێـداوی لـە برووسـکەیەکدا بـە منـی گـوت کاک عەزیـز قـازی مـن نیـازم وایـە بـارەگای هێـز لـە سـەنگاوەوە بگوازمـەوە ناوچـەی قـەرەداغ. مـن وەڵامـم دایـەوە و گوتـم کارێکـی زۆر باشـە کـە بـارەگای هێـز لـە سـەنگاو بگوازیتـەوە، بـەڵام مەیبـە ناوچـەی قـەرەداغ، بەڵکـو بیگـوازەوە خـوارەوەی چیـای قـەرەداغ بـە دیـوی ناوچـەی گەرمیـان بـا هێـز لـە ناوچـەی بەتالیـۆنی ٥ و ٩ دوورنەکەوێتـەوە. بـۆم نـووسی کـە بـارەگای هێـز بگوازێتـەوە نزیـک گونـدی

ڕەبات، چونکە ئەوێ دۆڵاییە و فڕۆکەکانی بەعس ناتوانن بۆردومانی بکەن، بەڵام ساڵح پێداوی بارەگای هێزی گواستبووەوە گوندی جافەران لە نزیک قەرەداغ و بەمەش بارەگای هێز زۆر لە ناوچەی گەرمیان دوور کەوتبووەوە.

دوای ئەوەی بارەگای هێزی لە سەنگاو گواسترایەوە گوندی جافەرانی ناوچەی قەرەداغ، لە گوندی جافەران ساڵح پیێداوی برووسکەیەکی بۆ کردم و گوتی بەرەی شەڕ بەجێبێڵە و بەپەلە وەرە بارەگای هێز. گوتی بەرەکە ڕادەستی بەتالیۆنی ٩ بکە و تۆ وەرەوە لای من. من بانگی سەرلقەکەم کرد و پێم گوت زۆرم پێخۆشبوو لەگەڵ ئێوە بم، بەڵام ساڵح پیێداوی برووسکەی کردووە و دەڵێ دەبێ بگەڕێیتەوە بارەگای هێز.

بەرەی شەڕی شیوەسوورم بەجێهێشت و چەکدارەکانی خۆم لەگەڵ خۆم بردن و بەرەو گوندی جافەران کەوتینە ڕێ. کاتێک ئێمە لەوێ دوورکەوتینەوە بینیم فڕۆکەکانی سوپای عێراق بۆردومانی پێشمەرگەیان دەکرد لە شیوەسوور. ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتمە گوندی دۆڵانی سەرەوە کە گوندی شێخ سەلام بوو و هێزێکی پێشمەرگە لەوێن، لێم پرسین ئێوە بۆ لێرەن و بە سەرپەلەکەم گوت ئێوە دەبووایە لە بەرەی شەڕی گڵەزەردە بوانە. ئەو وەڵامی دایەوە و گوتی سوپاییێکی زۆری عێراق لە سلێمانییەوە هێرشیان کردە سەر گڵەزەردە و توانیان گڵەزەردە بگرن، بۆیە ئێمە کشاوینەتەوە ئێرە. ئینجا من هێزەکەم نارد بۆ گوندی تیمار تا بچنە سەر ڕێگای گشتی نێوان قەرەداغ و گڵەزەردە، نەوەک دوژمن لە گڵەزەردەوە هێرش بکات بۆ گرتنەوەی قەرەداغ. پێم گوتن ئێستا من دەچمە لای ساڵح پێداوی و بەدوایدا ناردووم کە لەوێ تەواوبم، دێمەوە لای ئێوە لە گوندی تیمار. من ئەوانم ناردە گوندی تیمار و خۆشم چوومە گوندی جافەران بۆ لای ساڵح پێداوی فەرماندەی هێزی کەرکووک.

کاتێک گەیشتمە گوندی جافەران، چوومە بارەگای هێز، بەڵام ساڵح

پێداوی لەوێ نەبوو. من لە کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ گەیشتمە جافەران، لە پێشمەرگەکانم پرسی کەس نازانێ ساڵح پێداوی لە کوێیە؟ ئەوان گوتیان کاک عەزیز ئێمە نازانین، دواتر کاتژمێر ٢ی دوای نیوەڕۆ پێشمەرگەیەک هات و گوتی من دەزانم ئەو لەکوێیە. کاک ساڵح لە ماڵێکە لەوسەری گوند. چوومە لای ساڵح پێداوی، ئەو بە منی گوت کاک عەزیز من پێم باشە ئێرە بەجێبێڵین و بگەڕێینەوە ناوچەی بەرزنجە و پێنجوێن.

بە تورەیی وەڵامی ساڵح پێداویم دایەوە و بەجێمهێشت و چوومە لای ئەو پێشمەرگانەی لە گوندی تیمار بوون، بۆئەوەی ڕێگای گشتی لە دوژمن بگرین، نەوەک لە گڵەزەردەوە هێرش بکاتە سەر چیای قەرەداغ. لەگەڵ پێشمەرگەکان گردێکمان لەبەرانبەر شاخی گڵەزەردە گرت و بەرەو ڕووی سوپای عێراق وەستاین. سوپای عێراق لە هەموو ناوچەکانەوە بەردەوام بوو لە هێرشکردن. بێتەلی بەتالیۆنی ٩ تێکچووبوو و هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵ هێزی بەتالیۆنی ٩ نەمابوو.

**کشانەوەمان بەرەو ناوچەی بەرزنجە و ناوچەی هێزی خەبات**

عەبدولوەهاب ئەتروشی لە برووسکەیەکیدا بۆ من گوتی کاک عەزیز قازی، ئاگادارین سوپای عێراق لە دوو لاوە هێرشی کردووەتە سەرتان، بۆئەوەی ئابڵۆقە نەدرێن و زیانی زۆر لە برا پێشمەرگەکان نەکەوێ، بە فەرمانی سەرکردایەتی شۆڕش بکشێنەوە ناوچەی بەرزنجە و پێنجوێن. ئینجا بەتالیۆنی ٥ کشانەوە بۆ ناوچەی هێزی ڕزگاری و هێزی بەتالیۆنی ٤ و ٩ و بارەگای لقی ٣ی پارتیمان ئامادەکرد و بەشەو بەدەشتی شارەزووردا کشاینەوە.

شەوی ٩/١٠-٦-١٩٧٤ هێزی بەتالیۆنی ٤ و ٩ و لقی ٣م ئامادەکرد تا بکشێنەوە، چونکە ئێمە فیشەک و تەقەمەنیمان پێ نەمابوو، ناچار لەڕێی

دەشتی شارەزوورەوە کشاینەوە و چووینە ناوچەی هێزی ڕزگاری کە ناوچەی بەرزنجە و پێنجوێن بوو. لەوێ برووسکەیەکم بۆ عەبدولوەهاب ئەتروشی کرد. سەرکردایەتی شۆڕش ئەوەیان ناردبوو بۆ ناوچەی هێزی خەبات بۆ سەرۆکایەتیکردنی بەرەکانی شەڕ.

عەبدولوەهاب ئەتروشی برووسکەیەکی دیکەی نارد و گوتبووی خۆت وەرە بۆ لامان تا بەراوردییێکی خۆمان بکەین و بزانین چۆن خۆمان ڕێکبخەینەوە تا هێرش بکەینە سەر دوژمن و ناوچەکانی هێزی کەرکووک ڕزگاربکەینەوە. لەگەڵ چەکدارەکانی خۆم چووینە لای عەبدولوەهاب و لەسەر ڕێگای خۆم لامدا لای دایکی شەهید عومەر میرزا و هاوسەرەکەی کە ماڵیان لە گوندێک بوو و شەو لای ئەوان مامەوە و بڕێک پارەم دا بە دایکی شەهید عومەر میرزا.

لە نزیکی شاری پێنجوێن چوومە لای عەبدولوەهاب ئەتروشی کە چووم عەقید نەوشیروان و فازڵ تاڵەبانی لەگەڵ عەبدولوەهاب ئەتروشی و ساڵح پێداوی لەوێ بوون. بە ساڵح پێداویم گوت پاڵەوانی چیای زمناکۆ و بەمۆ بۆچی گرد بە گرد شەڕی دوژمن نەکرد و هەڵاتووی و هاتووی بۆ ئێرە. عەبدولوەهاب ئەتروشی گوتی کاک عەزیز وازی لێبێنە ئێمە شەڕمان لەگەڵ کردووە و پێمان گوتووە بۆ بێ ئەوەی کەس ئاگادار بکەیتەوە هەڵاتووی و هاتوویە ئێرە.

عەقید فازڵ تاڵەبانی بە فەرماندەی هێزی کەرکووک دانرا و عەقید نەوشیروانیش کرا بە جێگری ئەو و منیشیان بە فەرماندەی بەتالیۆنی ٩ی هێزی کەرکووک دانابوو. بە عەبدولوەهاب ئەتروشیم گوت کاک عەبدوڵا ئەوە ماوەی مانگێک دەبێ منداڵەکانی من لە ماڵی خۆیان لە بەغدا دەرکراون نەیانهێشتووە تەنانەت خۆشیان بگۆڕن، عەلی قازی برامم ناردبووە لایان، چونکە خۆم حەزم نەدەکرد لەم کاتە ناسکەدا ئێرە بەجێبێڵم، بەڵام

زاهیـدای خێزانـم بـۆی نووسـیوم سـەرکردایەتی شـۆڕش بڕێـک پـارەی بـە هەمـوو ئەوانـە داوە کـە لەگـەڵ ئێمـە دەریانکـردن، کەچـی یـەک فلسـیان بـە ئێمـە نـەداوە، بـە عەبدولوەهـاب ئەتروشـیم گـوت ئێسـتا مـن دەچمـە لای هاوژینـم و منداڵەکانـم تـا بزانـم باروزروفیـان چۆنـە، بۆیـە فەرمانـدەی بەتالیـۆن وەرناگـرم و ڕەنگـە بـە یەکجـاری نەگەڕێمـەوە بـۆ نـاو شـۆڕش. مۆڵەتێکـم لـە لقـی چـواری پارتـی وەرگـرت تـا بتوانـم لـە ڕێـگای مەریوانـەوە بچمـە شـنۆ بـۆ لای منداڵەکانـم.

## چوونم بۆ شاری شنۆ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات

لـە لقـی چـواری پارتـی نامەیەکیـان بـۆ سـاواک (سـازمان)ی شـاری مەریـوان نـووسی کـە لـەوێ ڕێگـەم پـێ بـدەن بچـم بـۆ شـاری شـنۆ. ئێوارەیەکـی درەنـگ گەیشـتمە شـاری مەریـوان و شـەو لـە هۆتێلێـک مامـەوە و بەیـانی نامەکـەم بـرد بـۆ یەکـەی کارگێـڕی سـاواکی شـاری مەریـوان. نامەکـەی لقـی چـوارم پێـدان، بـەڵام ئـەوان نەیانهێشـت بچمـە شـاری شـنۆ و ناچـار گەڕامـەوە پێنجوێـن، لـەوێ لەگـەڵ ئـەو پێشـمەرگانەی خزمـی خـۆم بـوون بەپـێ کەوتینـە ڕێ بـۆ ناوچـەی گەڵاڵـە و دوای پێنـج ڕۆژ لـە پیـادە ڕێکـردن گەیشـتینە گەڵاڵـە.

لـە گەڵاڵـە چوومـە بـارەگای سـەرۆک بـارزانی و لـەوێ پێیـان گوتـم عەزیـز قـازی منداڵـەکانی تۆیـان لـە بەغـدا دەرکردبـوو و ئێمـەش ناردماننـە ئـۆردوگای پەناهەنـدەکانی خۆمـان . گوتـم ئێـوە هەواڵتـان بـە مـن نـەدا و پێـم بڵێـن وەرە و منداڵەکانـت لـە بەغـدا دەرکـراون، بـەڵام هەمـان ڕۆژ شـەوکەت مەلائیسـماعیل برووسـکەی بـۆ کـردم و پێـی گوتـم، ئێـوە بۆچـی پارەتـان بـۆ هەمـوو خێزانـەکانی دیکـە نـاردووە ئەوانـەی لـە بەغـدا دەرکـراون و فلوسێکیشـتان نـەداوە بـە منداڵـەکانی مـن؟ کاک ئیدریـس گوتـی ئێمـە پارەمـان بـۆ هەمـوو ئـەو خێزانانـە

ناردووە کە لەو ئۆردوگایەن. دواتر زانیم ئیبراهیم ئەحمەد[1] بە ئەنقەست پارەی نەدابووە منداڵەکانی من و دابوویە هەموو ئەوانەی دیکە کە لەگەڵ خێزانەکەی من لە بەغدا دەرکرابوون، هۆکاری ئەوەش ئەمە بوو ئیبراهیم ئەحمەد حەزی لە چارەی من نەدەکرد و خۆشی لە من نەدەهات.

ڕێکەوتی ١٩٧٤/٦/٢٢ چوومە شاری شنۆ و لەوێ چوومە لای خێزانەکەم. کاک حەمید باتاسی ٢ ژووری خانوویێکی بە کرێ گرتبوون کە هی ماڵی حاجی ڕەحیم زادە بوون لە شاری شنۆی کوردستانی ئێران. زاهیدا کە منی بینی دەستی بە گریان کرد و گوتی تۆ بۆ لە حاڵی ئێمە ناپرسی و دوای ئەوەی ٥٤ ڕۆژە لە بەغدا دەرکراوین تازە دێی بۆ لامان. پێم گوت لێم ببوورە ئەوکات شەڕێکی خوێناوی لە ئارادابوو، نەمدەتوانی بەرەکانی شەڕ بەجێبێڵم.

زاهیدای هاوسەرم بۆی باس کردم کە چۆن لە بەغدا دەریان کردوون و گوتی ڕێکەوتی ١٩٧٤/٤/٢٨ ئومێد بای برام کە لە یەکێتی سۆڤیەتەوە هاتبووە لام، گەڕایەوە یەکێتی سۆڤیەت. ڕێکەوتی ١٩٧٤/٤/٢٩ بەرەبەیانێکی زوو کە کاتژمێر ٣ بوو، ئەفسەرێکی سوپای عێراق هات و لە دەرگای دا، منیش چووم گوتم کێیە بەو شەوە لە دەرگا دەدا، گوتی من ئەفسەری

(١)ئیبراهیم ئەحمەد، پێشووتر سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بەڵام لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٦٤ ئیبراهیم ئەحمەد و گرووپێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی ئاژاوەیەکیان دروستکرد لە دژی سەرۆک بارزانی و گەلی کورد و شۆڕشی کوردستان. دواتر ڕایانکرد و چوونە باوەشی حەمەڕەزا شای ئێران. کاتێک سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی لێیان خۆشبوون، هاتنەوە، بەڵام دواتر خۆیان بە باوەشی حکومەتی عێراق دا کرد و چەکیان لەو حکومەتە وەرگرت و هێرشیان کردە سەر پێشمەرگە و بەو هۆیەوە سەدان پێشمەرگە شەهید بوون. ئیبراهیم ئەحمەد و گرووپەکەی هێشتا لە هەمەدان بوون نامەیەکیان بۆ سێ سەرپەلی لقی یەکی ناوچەی کفری نووسیبوو و داوایان لێکردبوون من بکوژن، بەڵام ئەوان ئەو کارەیان نەکرد و هاتن بە خۆمیان گوت کە ئەو داوایەیان لێکراوە و منیش ماچم کردن و گوتم ئێوە برای منن.

سـوپای عێراقـم و دەمـەوێ بزانـم عەزیـز قـازی لـە ماڵـە یـان نـا. زاهیـداش پێـی دەڵـێ عەزیـز قـازی لێـرە نییـە و لـە کوردسـتانە. ئەفسـەرەکە پێـی دەڵـێ دەرگاکـە بکـەرەوە دەمانـەوێ چەنـد پرسـیارێکت لـێ بکەیـن، زاهیـداش دەڵـێ منداڵەکانـم خەوتـوون و نامـەوێ بـەو شـەوە دەرگا بکەمـەوە، ئەگـەر هـەر ئیشـێکت هەیـە دەتـوانی بەیـانی کاتژمێـر ٨ بێـی و چیـت ویسـت لێمان بپرسـە. ئەفسـەرەکە ڕازی نابـێ و دەڵـێ ئەگـەر دەرگای خانووەکەمـان لـێ نەکەیتـەوە، دەرگاکـە دەشـکێنین. زاهیـدا گوتـی بـە ناچـاری دەرگام کـردەوە بینیـم پۆلیـس دەوری ماڵەکەمانیـان گرتـووە و گوتیـان لەگەڵـمان وەرنـە بنکـەی پۆلیـس، لـەوێ چەنـد پرسـیارێکتان لـێ دەکەیـن و دواتـر وەرنـەوە ماڵـی خۆتـان. گوتـم ئێمـە نایێینـە بنکـەی پۆلیـس، ئەگـەر هـەر پرسـیارێکتان هەیـە لێـرە بیکـەن، ئـەوان گوتیـان هەمووتـان دێنـە بنکـەی پۆلیـس و نەیانهێڵابـوو ڕزگار و شـۆڕشی کـوڕم تەنانـەت خۆشـیان بگـۆڕن و بـە بێجامـە بردبوونیانـە دەرەوە.

کلیـلی خانووەکەیـان لـە زاهیـدا سـەندبوو و گوتبوویـان کـەی عەزیـز قـازی هاتـەوە بەغـدا دەتوانـن بچنـەوە نـاو خانووەکەتـان. پۆلیسێکیشـیان لەبـەردەم خانووەکـە دانابـوو، بۆئـەوەی هیـچ کـەس نەتوانـێ بچێتـە ژوورەوە. دواتـر بردبوونیـان بـۆ نـاو شـاری بەغـدا و لـەوێ بینیبوویـان چەنـد خێزانێکـی دیکـەش لەوێـن. هەموویـان بەیەکـەوە دەخرێنـە نـاو پاسـێک و دەیانبەنـە کوردسـتان و شـەوی ٢٩/٣٠-٤-١٩٧٤ دەگەنـە شـەقڵاوە و شـەو لـەوێ دەمێننـەوە. بەیـانی ڕێکەوتـی ١٩٧٤/٥/١ دەیانبەنـە گـەلی عـەلی بـەگ و پێیـان دەڵێـن بڕۆنـە لای مێردەکانتـان و ئەگـەر بشـگەڕێنەوە هەمووتـان دەکوژیـن. ئـەوان نەیانتوانبـوو بچنـە ناوچـەی دیانـا، چونکـە دوو پـردی گـەلی عـەلی بـەگ ڕوخێنرابـوون، هەروەهـا گـەلی عـەلی بـەگ لـە لایـەن حکومـەت و شـۆڕشی کوردسـتانەوە بۆردومـان دەکـرا.

لـەکاتی ڕۆژئاوابـوون لـە ڕێکەوتـی ١٩٧٤/٥/١ هەموویان دەڵێـن دەگەڕێینەوە

با بمانکوژن. کاتێک دەگەڕێنەوە خەلیفان لەوێ دەیانبەنە سەربازگەی سوپای عێراق لە سپیلک لە نزیک گوندی کەڵەکین و شەوی ٢/١-٥-١٩٧٤ لە سەربازگەی سپیلک دەمێننەوە. ژنەکان بە جودا لە ژوورێک دەبن و منداڵەکانیش بە جیا دەبەنە ژوورێکی دیکە تا بەیانی ڕێکەوتی ١٩٧٤/٥/٢.

لەوێ تاهیر ڕەشیدی فەرماندەی فیرقەی ٦ی سوپای عێراق لێیان دەپرسێ ئێوە هاوژینی کێن، زاهیدای خێزانم پێی دەڵێ من هاوژینی عەزیز قازیم، ئەویش دەڵێ من تەنیا عەزیز قازی دەناسم و ئەو فەرماندەی بەتالیۆنی ٩ی پێشمەرگە بوو لە ناوچەی کفری و دوزخورماتوو و عەزیز قازیم دیوە. لەوێ ئەفسەرێکی سوپای عێراق گوتبووی عەزیز قازی جەرگی ئێمەی خواردووە، زاهیداش وەڵامی دابووەوە و گوتبووی بۆ عەزیز قازی هاتووەتە بەغدا تا جەرگی ئێوە بخوا، یان ئێوە هاتوونەتە کوردستان بۆ خواردنی جەرگی گەلی کورد. تاهیر ڕەشید خۆی لە ئەفسەرەکە توڕە دەکات و پێی دەڵێ وازیان لێ بێنە. دواتر دەیانگەڕێننەوە شاری شەقڵاوە و لەوێ دەیانبەنە هیران و نازەنین و پێیان دەڵێن بڕۆن بۆ لای مێردەکانتان.

لە هیران و نازەنین پێشمەرگە پێشوازییان لێ دەکەن و شەوی ٣/٢-٥-١٩٧٤ لە هەردوو گوندی هیران و نازەنین دەمێننەوە و لەسەر ماڵەکانی ئەو دوو گوندە دابەشیان دەکەن. بەیانی بە تراکتۆر دەیانبەنە قەڵادزێ و شەو لە هۆتێلێکی قەڵادزێ دەمێننەوە و دواتر دەیانبەنە سەردەشتی کوردستانی ئێران، بەڵام کاتێک دەگەنە سنووری نێوان باشوور و ڕۆژهەڵات بەهۆی خراپی ڕێگا و قوڕ ناتوانن بە ئۆتۆمبێل بچنە سەردەشت. لە ڕێکەوتی ١٩٧٤/٥/٤ چەند تراکتۆرێکیان بۆ دێنن و بە تراکتۆر دەیانبەنە شاری سەردەشت و شەو لەوێ دەبن و ڕۆژی دواتر دەیانبەنە ئۆردوگای پەناهەندەکانی کوردی کوردستانی باشوور لە نزیک شاری شنۆ.

بە خێزانی من و خێزانی هەژار موکریانی چادرێکیان دەدرێتێ، بەڵام ڕۆژی

پاشـتر کاک هـەژار موکریـانی منداڵـەکانی خـۆی دەباتـە مهابـاد و کاک حەمیـد باتاسـیش لـە شـاری شـنۆ دوو ژوور لـە ماڵـی حاجـی ڕەحیـم زادە بـۆ منداڵـەکانی مـن بەکـرێ دەگـرێ.

ڕێکەوتـی ١٩٧٤/٦/٢٢ گەیشـتمە شـاری و شـنۆ و هەمـان ڕۆژ نامەیەکـی کاک ئیدریـس بارزانیـم بەدەسـت گەیشـت کـە تـازە یـەک کاتژمێـر بـوو گەیشـتبوومە ئـەوێ. کاک ئیدریـس بـۆ منـی نووسـیبوو کاک عەزیـز ئاگادارتـان دەکەینـەوە کـە کاک عەبـدوڵا ئەتـروشی داوای ئێـوەی کـردووە بـە زووتریـن کات بچنـەوە هێـزی خۆتـان کـە بەتالیـۆنی ٩ی کەرکووکـە. هەروەهـا بـۆی نووسـیبووم بـە گەیشـتنی ئـەو نامەیـە بگەڕێـوە بـارەگای سـەرۆک بـارزانی و لەوێـوە بگەڕێـوە فەرماندەیـی بەتالیـۆنی ٩ی هێـزی کەرکـووک.

مـن دەسـتبەجێ ئـەم نامەیـەی خـوارەوەم نـووسی و بـە نامەهێنەرکـەی خـۆی بـۆم نـاردەوە

**بۆ زۆر بەڕێز کاک ئیدریس بارزانی- ١٩٧٣/٦/٢٢**

لـە دوای سـڵاو و ڕێـز ئەحواڵتـان دەپرسـم. نامەکـەی جەنابتـم ئەمـڕۆ کاتژمێـر ٢ بەدەسـت گەیشـت و داواتـان کـردووە مـن بچمـەوە بەتالیـۆنی ٩ی هێـزی کەرکـووک. هـەر بـۆ ئـاگاداری ئێـوە لـەکاتی گەیشـتنی نامەکـە مـن تەنیـا یـەک کاتژمێـر بـوو گەیشـتبوومە لای هاوژیـن و منداڵەکانـم. هێشـتا هـەردوو کوڕەکـەی خـۆم کـە ڕزگار و شۆڕشـن نەمدیـون، چونکـە ئـەوان چوونەتـە نـاو شـاری شـنۆ. لـە نامەکـەدا بـۆم نـووسی مـن جـارێ ئامـادە نیـم بگەڕێمـەوە و بـە ئێـوەم گوتـووە ئەگـەر لێپێچینـەوە لەگـەڵ سـاڵح پێـداوی نەکـرێ، واز لـە پێشـمەرگایەتی دەهێنـم. تکایـە بمبـورن.

**دامەزرانـدنی هێزێکـی تایبـەت بـۆ ناوچـەکانی مێرگەسـۆر و خەلیفـان و گـەلی بێخـاڵ**

کاک ئیدریـس بـارزانی نامەیەکـی دیکـەی بـۆ ناردمە شـاری شـنۆ و لەنامەکەدا نووسـبووی کاک عەزیـز بـۆ ئاگاداریـت، ئێمـە هێزێکـی پێشـمەرگەمان بـە سـەرۆکایەتی کاک عەبـدوڵا ئاغـا پشـدەری بـۆ ناوچـەی مێرگەسـۆر و خەلیفـان و گـەلی بێخـاڵ لـە دژی جاشـەکان و سـوپای عێـراق دامەزرانـدووە. ئـەو نووسـیبووی عەبـدوڵا ئاغـای پشـدەری چـوو بەرەکـە دامەزرێنـێ و ئێـوەش وەرن بـڕۆن بـۆ ئـەوێ.

زۆر سـەیرم بـەم کارە هـات، چونکـە پرسـیان بـە مـن نەکردبـوو داخـۆ مـن ڕازیـم بچمـە ئـەو شـوێنە یـان نـا، چونکـە سـەرکردایەتی شـۆڕش پێشـتر چەنـد جارێـک داوایـان لـە مـن کردبـوو بچمـە ناوچـەی سـورچیایەتی، بـەڵام ڕەتمدەکـردەوە و نەمدەویسـت خەڵکـی پێـم بڵێـن عەشـیرەتی خـۆی بەسـەر ئـەوانی دیکـەدا دەسـەپێنێ و بـە چاکتریـان دەزانـێ، چونکـە ئەگـەر خەڵـک بـەدرۆش چووبـان لای سـەرکردایەتی شـۆڕش سـکاڵایان لـە مـن بکردبـا، ئـەوا باوەڕیـان پێیـان دەکـرد. دەمـزانی کـە چوونـم بـۆ ئـەوێ کێشـە دەنێتـەوە، چونکـە مـن خـۆم سـورچی بـووم. مـن نەمویسـت بچمـە بـەرەی شـەڕی ناوچەی مێرگەسـۆر و خەلیفـان گـەلی بێخـاڵ، بۆیـە ئـەم نامەیـەی خـوارەوەم بـۆ بەڕێـز کاک ئیدریـس بـارزانی نـووسی:

**بۆ/ زۆر بەڕێز کاک ئیدریس بارزانی**

لە دوای سڵاو و ڕێز، هیوام باشیتانە

سـڵاو و ڕێـزی زۆرم هـەن بـۆ سـەرۆکی گـەلی کوردمـان، سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی. ئەگـەر ئێـوە هەواڵـمان دەپرسـن شـوکر بـۆ یـەزدان باشـین و بـاشی بەڕێزتـان ئـاواتی ئێمەیـە.

کاک ئیدریس بارزانی نامەکەی جەنابتم بە دەست گەیشت و تێگەیشتم. بەڕێزم دەبا ئێوە پرستان بە من بکردبایە ئاخۆ من ڕازیم بچمە بەرەی ناوچەی مێرگەسۆر و خەلیفان و گەلی بێخاڵ. خۆتان دەزانن من چەندجارێک داوام لێکراوە بە فەرماندەی پێشمەرگە بچمە ناوچەی سورچیایەتی، بەڵام ڕەتمکردووەتەوە و ئێستاش نامەوێ بچمە ئەو شوێنە، تکایە لێم ببورن و جێگای سوپاسە.

بچووکتان عەزیز قازی سورچی ١٩٧٤/٧/٢١

**چوونەوەم بۆ بارەگای مەکتەبی تەنفیزی**

دوای ئەوەی سەدام حسێن و حەمەڕەزا شا لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥ لە دژی گەلی کورد ڕێککەوتن، بڕیارمدا لە شاری شنۆوە بچمەوە بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی تەنفیزی بۆئەوەی وەک هەر پێشمەرگەیەکی دیکەی کوردستان بەشداری شەڕەکان بکەم. بە زاهیدای خێزانم گوت من دەچمەوە کوردستانی عێراق بۆئەوەی بەرگری لە خاک و گەلی کوردستان بکەم. زاهیدای خێزانم دووگیان بوو و چاوەڕێمان دەکرد لە کۆتایی مانگی ئاداری ساڵی ١٩٧٥ منداڵێکمان ببێ. من پێم گوت ئەگەر کوڕمان بوو ناوی بنێ (سەربەست) و ئەگەر کچیشمان بوو ناوی لێ بنێ (بێگەرد). ئەو چەکدارانەی خزمی خۆم بوون لەگەڵ عەلی قازی برام لە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی بوون.

لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/٣/٨ خانەوادەی خۆم لە شاری شنۆ بەجێهێشت و چوومەوە کوردستانی عێراق و بارەگای مەکتەبی تەنفیزی سەرکردایەتی شۆڕش لەناوپردانی ناوچەی باڵەک.

**گەڕانەوەم بۆ شاری شنۆ**

دوای ئــەوەی ســەرکردایەتی شــۆڕش لــە ڕێکەوتــی ١٩٧٥/٣/١٦ بڕیــاری وەســتاندنی شــەڕیدا، بڕیارمــدا بــە بچمــە لای خێزانــم کــە لــە شــاری شــنۆی کوردســتانی ئێــران بــوون. پێشــمەرگەکانی خــۆم ناردنــەوە ماڵــەوە و خۆشــم بەبــێ چــەک و بــە تەنیــا لــە بــارەگای ســەرکردایەتی شــۆڕش و مەکتــەبی تەنفیــزی لــە نزیــک شــاری چۆمــان کەوتمــە ڕێ بــەرەو حاجــی ئۆمــەران لەســەر ســنووری نێــوان باشــوور و ڕۆژهــەڵاتی کوردســتان. لــەوە دەترســام کەســێک بمکــوژێ تــا خــۆی لای حکومــەتی بەعــس عەفــو بــکات، بڵــێ مــن عەزیــز قــازی ســورچیم کوشــت و حکومەتیــش لەجێــی ئــەوە لێــی ببــورێ.

مــن گەیشــتمە حاجــی ئۆمــەران و کــە چــووم ســەرۆک بــارزانی لەســەر ڕێــگای گشــتی حاجــی ئۆمــەران و شــاری خانــێ بــوو. چوومــە لای ســەرۆک و ئــەو گوتــی عەزیــز قــازی بــۆ بــە تەنیــای ناتــرسی کەســێک بتکــوژێ و تــۆ بــێ چەکــی. بــە ســەرۆکم گــوت پێشــمەرگەکانی خزمــم و عــەلی قــازی براگەورەمــم ناردنــەوە ماڵــەوە و چەکــی خۆشــم بــە ئەوانــدا و گوتــم بیشــارنەوە، بەڵکــو جارێکــی دیکــە شــۆڕش هەڵبگیرســێتەوە. ســەرۆک بــارزانی پێــی گوتــم ئــەی چۆنــە خــۆت لەگــەڵ ئــەوان نەچــووی؟ گوتــم مــن دەمێکــە پەیــمانی مــان و نەمانــم بــە ئێــوە داوە و لەگــەڵ ئێــوە ڕێگــەی مــان و نەمانــم گرتووەتــە بــەر و لەگەڵتــان هاتــم بــۆ یەکێتــی ســۆڤیەت و لەژێــر ســەرکردایەتی ئێــوە بەشــداری شــۆڕشی ئەیلــوولم کــرد. لــە ســەرۆک مــەلا مســتەفا بارزانیــم پــرسی بــۆ وا بەئاســانی کۆتاییــمان بــە شــۆڕش هێنــا؟ ســەرۆک وەڵامــی منــی دایــەوە و گوتــی ســەدام و حەمەڕەزاشــا بــە هــاوکاری ئیســتیعمار ڕێکەوتــوون و هەموویــان لــە دژی ئێمــە دەوەســتنەوە و بڕیاریــان دابــوو ئەگــەر شــۆڕش بــە کۆتــا نەهێنیــن، هەرســێ وڵاتی تورکیــا و ئێــران و عێــراق هێرشــمان بکەنــە ســەر و لەناومــان ببــەن. گوتــم کێشــە چــی بــوو ئەگەر ئێمــە هەموومــان لــە پێنــاو کوردســتان گیانمــان بەخــت کردبــا. دووبــارە ســەرۆک

وەڵامی دامەوە گوتی ئێستا کەس پشتگیری لە ئێمە ناکا و بەردەوامی شۆڕش بە واتای لەناوچوونی میللەتەکەمان بوو، بەڵام ئومێدم وایە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا شۆڕشێکی دیکە هەڵبگیرسێ و ئەوکات ئەوانەی ئێستا دوژمنمانن پشتگیری لەو شۆڕشە بکەن.

دواتر بەرەو شاری خانێ کەوتمە ڕێ و لەوێشەوە چوومە شاری شنۆ بۆ لای خێزانم. هەروەها بە هەزاران پێشمەرگە و سەرکردایەتی شۆڕش و سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی بە پەناهەندەیی هاتنە کوردستانی ئێران و لەوێ ئۆردوگای پەنابەران بۆ ئاوارەکان کرانەوە.

**ئاوارەیی لە ئێران دەرکرانمان لە شاری شنۆ**

دوای ڕێککەوتنی جەزائیر و وەستاندنی شۆڕش بە ئاوارەیی چوومە شاری شنۆ کە هاوژینم و منداڵەکانم لەوێ بوون. لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/٣/٣٠ خودا کچێکی پێداین ناومان نا بێگەرد، بێجگە لەو کچە چوار منداڵی دیکەمان هەبوو.

لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/٤/٣ کاربەدەستانی حکومەتی شای گۆڕبەگۆڕ هاتن و بە منیان گوت پێویستە ماڵت ببەیە ناو ئۆردوگا و تەنیا بە منیشیان گوت. منیش گوتم بۆچی من چ تاوانێکم کردووە تا لە شار دوورمان بخەنەوە، ئەوان گوتیان ئێمە نازانین، ئەوە دەزانین کە کاربەدەستانی سازمانی ئێران گوتوویانە، دەبێ ئێوە بچنە ناو ئۆردوگای پەناهەندەکانتان.

لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/٤/٣ چووم بۆ شاری نەغەدە، بۆئەوەی بە ماڵەوە بچینە ئەو شارە. ئەوکات ماڵی سەرۆک مەلا بارزانیش لە نەغەدە بوو. یەک ژووری خانووێکم لە ماڵێکی تورکی ئازەربایجانی بە کرێ گرت و گەڕامەوە شنۆ و لەوێ بە دزی ماڵی خۆم بردە نەغەدە. حەوت سەر خێزان بووین و هەمووومان لە یەک ژوور دەژیاین و جێگامان زۆر تەنگ

بوو، پارەی ئەوەمان نەبوو خانوویکی تەواو یان دوو ژوور بەکرێ بگرین.

بەرلەوەی بچمە شاری نەغەدە حاجی سەعید ئەحمەد سورچی و مقەدەم عەبدوڵا ئاغا هاتنەماڵمان و گوتیان ئێمە دەچینەوە عێراق و تۆش لەگەڵ ئێمە وەرەوە و دەتبەینەوە دەشتی هەریر، پێم گوتن پەیمانی مان و نەمانم بە سەرۆک بارزانی داوە و لەسەر ئەو پەیمانەش بەردەوام دەبم، تا سەرۆک بارزانی لێرە بێ منیش لێرە دەبم. تاکو شاری خانێ لەگەڵ حاجی سەعید سورچی و مقەدەم عەبدوڵا ئاغا قادر ئاغا سورچی چووم و لەوێ خواحافیزیان لە من کرد و یەکی ١٠ دیناری عێراقیان دامێ، ئەوان بەرەو حاجی ئۆمەران ڕۆیشتن و منیش گەڕامەوە ماڵەوە.

ئێمە لە ماڵی خۆمان ٧ کەس بووین منداڵەکانم لە برسان دەگریان، منیش نەچوومە دەرەوە نەوەک کەسێک لەناو شار ببینم و پێی نەڵێم با بڕۆین چاییەک بخۆینەوە و ئەویش بڵێ عەزیز قازی نەیگوت با چایەکیش بخۆینەوە. ١٥ ڕۆژ دەبوو هیچ چێشتێکمان نەخواردبوو. ڕۆژێک چوومە ناو شاری نەغەدە و لەوێ دوو برادەر منیان بینی کە پێشتر هەردووکیان لە هێزی ڕزگاری سەرلق بوون، گوتیان کاک عەزیز بۆ دیار نی و قەت تۆمان لەناو شاری نەغەدە نەبینیوە. منیش پێم گوتن لێرە نەبووم. لە پڕ کاک عەلی عەبدوڵای سکرتێری پارتیمان لەناو دوکانێک بانگی کردم گوتی کاک عەزیز ئەوە بۆ دیار نی، سبەی لە شاری خانێ وەرە لام و یارمەتی مانگێکی ئێوە لای من وەرە وەریگرە.

کاتی شۆڕش هەر کاک عەلی عەبدوڵا یارمەتی دەدایە پێشمەرگە و من لەبەرئەوەی فەرماندەی هێز بووم ٦٠ دینارم وەردەگرت. بە کاک عەلی عەبدوڵام گوت من بەیانی لە خانێ دێمە لات، بەمەرجێک ڕێگا بدەی ئەو دوو برادەرەش لەگەڵ خۆم بێنم، چونکە ئەوان گوێیان لێبوو کە تۆ گوت وەرە یارمەتی وەرگرە. کاک عەلی عەبدوڵا گوتی ئەوە یارمەتی تۆیە، ڕەنگە

ئـەوان هـی خۆیـان وەرگرتبـێ. گوتـم ئەگـەر ئـەوان نەهێنـم، ئـەوا منیـش نایێـم، ئینجـا گوتـی باشـە ئەوانیـش بێنـە و هەندێـک پـارە دەدەم بـە ئەوانیـش.

یەکێـک لـەو دوو بـرادەرە ئۆتۆمبێلێکـی جێبـی لابـوو، ڕۆژی دواتـر هەرسـێکمان بەیەکـەوە چووینـە شـاری خانـێ و مـن ٦٠ دینـاری یارمـەتی خۆمـم وەرگـرت و دوو برادەرەکەشـم هەریەکەیـان ٤٠ دینـاری وەرگـرت. زۆر سـوپاسی کاک عـەلی عەبـدوڵام کـرد کـە پـارەی دا بـە برادەرەکانـم.

کاتێـک گەڕامـەوە نەغـەدە هـەر لەسـەر ڕێـگای خـۆم چـووم بـۆ نـاو بـازاڕ و هەندێـک برنـج و گۆشـت و ڕۆنـم کـڕی و سـوپاس بـۆ یـەزدان بـۆ ئێـوارە خواردنێکـی چاکـمان خـوارد، منداڵەکانـم دەسـتیان کـرد بـە پێکەنیـن و گوتیـان سـوپاس بـۆ خـوای مـەزن ئەمـڕۆ تێرمـان خـوارد. ڕۆژی دواتـر چـووم هـەر لـە نەغـەدە دوو ژووری ماڵێکـم بـە کـرێ گـرت.

دوای ئـەو پارەیـەی کاک عـەلی عەبـدوڵا دای بـە مـن بارودۆخـی ئابوریـمان کەمێـک باشـتربوو. چوومـە لای کاک ئیدریـس و کاک مەسـعود بـارزانی پێـم گوتـن سـازمانی حکومـەتی ئێـران لـە شـنۆ هاتـن بـە منیـان گـوت پێویسـتە ماڵـت لەنـاو شـار باربکـەی و بیبەیـە ئـۆردوگا، مـن هاتوومـە نەغـەدە، بۆیـە هاتوومـە ئێـرە تـا تکاتـان لـێ بکـەم ئێـوە بـۆ هـەر شـوێنێک ڕۆیشـتن، منیـش لەگـەڵ خۆتـان ببـەن، چونکـە مـن دەزانـم سـازمانی ئێـران وازم لـێ ناهێنـن و کێشـەم بـۆ دروسـت دەکـەن، هەردووکیـان پەیمانیـان بـە مـن دا کـە هـەر جێگایـەک بـارزانی بـۆی بچـێ تـۆش لـەوێ دەبی.

### دامەزراندنی لێژنەی پێدانی یارمەتی

لـە شـاری نەغـەدە لێژنەیـەک لـە کاربەدەسـتانی شـۆڕش و کابەدەسـتانی حکومـەتی ئێـران دامـەزرا. ئـاگاداری هەمـوو پەناهەنـدەکان کرایـەوە کـە بچـن ناویـان تۆمـار بکـەن تـا یارمەتییکیـان بـدرێ. نـاوی خۆمـان نـووسی و دیارمانکـرد

کە ئیشوکارمان لە عێراق چی بوو و لەناو شۆڕشیش چی بوو. حکومەتی ئێران بڕیاری دا ئەوانەی مامۆستای قوتابخانە بوون، یارمەتییەکەیان هێندەی مامۆستایەکی قوتابخانە بێ لەوێ. هەروەها ئەگەر لەناو شۆڕش لێپرسراویەتییەکیان هەبێ وەک فەرماندەی هێز و فەرماندەی بەتالیۆن و سەرلق. من و زاهیدای هاوسەرم هەردووکمان ناومان بە مامۆستای زانکۆ تۆمارکرا و ئێمە مووچەی مامۆستای زانکۆمان وەردەگرت و گوزەرانمان زۆرباش بوو، من جار جار یارمەتی ئەو برا پێشمەرگانەم دەدا کە مووچەیان کەم بوو.

## ڕاگوێزانمان بۆ شاری ڕەشت

بەیانی ڕێکەوتی ١٩٧٥/٨/٢٩ لە شاری نەغەدەی کوردستانی ئێران برادەرێک هاتە ماڵمان، گوتی کاک عەزیز قازی ئێوە دەزانن ناوتان نووسراوە کە بە ماڵ و منداڵەوە ڕاتانبگوێزن بۆ شاری ڕەشتی نزیک دەریای خەزەر. دەست بەجێ چوومە فەرمانگەی سازمانی (ساواک)ی شاری نەغەدە و بینیم ناوم نووسراوە کە ڕابگوێزرێم بۆ شاری ڕەشت، بەڵام خێزانەکەم ڕابگوێزرێتە شوێنێکی دیکە. من چوومە یەکەی کارگێڕی ساواک و پرسیم بۆچی ناوی من و خێزانەکەم بەیەکەوە نەنووسراوە؟ گوتیان دیارە ئێمە هەڵەمان کردووە و ناوی هاوژینم و منداڵەکانیان خستە پاڵ ناوی من تا ڕامانبگوێزن بۆ شاری ڕەشت لە پارێزگای گەیلان. سەرۆکی ساواکی شاری نەغەدە بەمنی گوت بەیانی ڕێکەوتی ١٩٧٥/٨/٣٠ کاتژمێر ٨ خۆتان ئامادە بکەن ڕاتاندەگوێزین و دەتانبەینە شاری ڕەشت.

بەیانیی ڕێکەوتی ١٩٧٥/٨/٣٠ ئێمە و چەند ماڵێکی دیکەیان بە پاس برد بۆ شاری ڕەشت و دوای ٢ ڕۆژ و شەوێک ئێمە گەیشتینە ئەو شارە. بەرلەوەی بگەینە ئەو شارە ئێمەیان لەناو باغێک دابەزاند تا دیارییکەن

کە کێمان بۆ کوێ ببەن. من و خێزانی منیان بە تەنیا برد بۆ هۆتێلی ئێران لە شاری ڕەشت و ماڵەکانی دیکەشیان برد بۆ شوێنی دیکە، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک چەند ماڵێکی دیکەیان هێنان بۆ شاری ڕەشت بۆ لای ئێمە لەوانە ماڵی شێخ محەمەد بەرزنجی و ماڵی کاک ئازاد بەرواری و چەند ماڵێکی دیکەش. ماڵی شێخ محەمەد بەرزنجییان هێنا بۆ لای ئێمە لە هۆتێل ئێران و ماڵی کاک ئازاد بەرواریشیان بردە هۆتێلێکی دیکە، هەروەها ماڵی دکتۆر سەعدی قەرەداغیان هێنا بۆ شاری ڕەشت و ئەویشیان برد بۆ هۆتێلێکی دیکە. من چەند جارێکم بە ساواکی شاری ڕەشتم گوت خانوویەکمان بۆ بەکرێ بگرن تا تێیدا بژیین، ئەوان هەموو جار دەیانگوت بەیانی خانوویەکتان بۆ دەگرین، بەڵام درۆیان لەگەڵمان دەکرد.

ڕۆژێک کاک ئازاد بەرواری بە منی گوت کاک عەزیز من دەچمە شاری کەرەج بۆ لای سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی، بەڵکو من بگوازنەوە بۆ لای خۆیان بۆ شاری کەرەجی نزیک تارانم. منیش ئەم نامەیەی خوارەوەم نووسی بۆ سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی.

**بۆ/ باوکی بەڕێزمان سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی**

سڵاو و ڕێزمان هەیە بۆ بەڕێزتان، هیواداریـن تەندروستیتان باش بێ. ئەگەر بەڕێزتان هەواڵی ئێمە دەپرسن، شوکر ماوین، بەڵام بەداخەوە چەندی بڵێی گوزەرانمان ئەوەندە خراپە. ئێمەیان لە هۆتێل ئێران داناوە لە شاری ڕەشت و تەنیا یەک ژوورمان هەیە و نە جێگای دانیشتنمان هەیە و نە هی خەوتن، چونکە ئێمە حەفت سەر خێزانین و ناشهێڵن خانوویەک بۆ خۆمان بەکرێ بگرین. ماوەی ٣٢ ساڵە لەگەڵ ئێوەم و ئێوە لە حاڵی خراپی ئێمە ناپرسن کە چۆنە و چیمان بەسەر هاتووە. بەڕێزتان زۆر کەستان لەگەڵ خۆتان بردووە بۆ شاری کەرەج و هەموویان کۆشک

و خانــووی باشــیان پێــدراوە و مووچــەی بــاش وەردەگــرن و دەژیێــن، بــەڵام بەداخــەوە ئێــوە کۆمەڵێــک خەڵکتــان لەگــەڵ خۆتــان بــردووە بــۆ ئــەوێ کــە نیــوەی خزمەتــی منیــان نییــە و نیــو هێنــدەی مــن بــۆ کوردســتان تێنەکۆشــاون.

بچووکتان عەزیز قازی ۱۹۷٦/۲/۲

## ئەمـەش وەڵامـی نامەکەیـە کـە کاک مەسعود بـارزانی کـوڕی سـەرۆک بـۆ منـی نووسـیوە

برای بەڕێز کاک عەزیز قازی ۱۹۷٦/۲/۱۰

دوای سـڵاو ئومێـدەوارم کـە تەندروسـتیتان بـاش بـێ، ئێمـەش ئەلحەمدولیلا باشـین. نـووسراوی جەنابتانمـان بەدەسـت گەیشـت و هەرچـی نووسـیوتانە لێـمان مەعلـوم بـوو. زۆر پێـم خۆشـە بـزانی کـە تۆمـان لەبیـر نەکـردووە و خزمـەتی تـۆش مەعلومـە و بـە هەمـوو توانـا هەوڵدەدەیـن بـە زووتریـن کات بتانگوازینـەوە بـۆ لای خۆمـان، چونکـە دەزانیـن مسـتەحەقی و نابـێ دوور بی لـە ئێمـە. حەزیـش دەکـەم دڵگـران نـەبی. ئـەوا ۱۰۰ دینارمـان بـۆت نـارد و ئینشـاڵە بـەم نزیکانـە دێیتـە لامـان. ئەگـەر پێتـان کـرا ئیجازەیـەک وەربگـرن و سـەرێکمان لـێ بـدەن. ئیـتر خۆشـیتان.

براتان مەسعود بارزانی ۱۹۷٦./۲/۱۰.

## خانوومان بە کرێ گرت

ماڵـی مـن و ماڵـی شـێخ محەمـەد بەرزنجـی لـە هۆتێـل بـوو. ڕۆژێـک هاتـە لام گوتـی کاک عەزیـز مـن خانووێکم پەیداکـردووە بـا پێکـەوە بچیـن بیگریـن، گوتـی خانووەکـە چـوار ژوور و ناندینێکـی تێدایـە بـۆ هەردووکـمان. بڕیارمـدا بەیەکـەوە بچیـن خانووەکـە ببینیـن. مـن نەمزانیبـوو شـێخ محەمـەد بەرزنجـی چـۆن ئـەو خانـووەی بەکـرێ گرتـووە، چونکـە مـن چەنـد جارێـک چوومـە

سـازمانی شـاری ڕەشـت تـا خانووێکـمان بـۆ پەیـدا بکـەن و ئێمـە بـۆ خۆمـان بەکرێـی بگریـن، بـەڵام ئـەوان ڕەزامەندییـان نـەدا. لـە ئێرانـدا کـەس خانـوو بـە کـرێ نـادا ئەگـەر حکومـەت ڕەزامەنـد نەبـێ. هەمووسمـان دەبووایـە ٤٠٠ تومـەن بدەیـن ٢٠٠ی مـن دەمـدا و ٢٠٠یـش شـێخ محەمـەد.

## دەرکرانم بە ماڵەوە لە ئێران

دوای چەنـد ڕۆژێـک کـە ئێمـە لەگـەڵ شـێخ محەمـەد بەرزنجـی چووین بـۆ نـاو خانووەکـە. ڕۆژێـک سـازمانی شـاری ڕەشـت گوتیـان دەمانـەوێ بێینـە ماڵتـان چەنـد پرسـیارێکمان لێـت هەیـە، منیـش گوتـم لاریـم نییـە فەرمـوون. ٢ کاربەدەسـتی سـازمانی شـاری ڕەشـت هاتـن بـۆ لام و منیـش بەخێـرم هێنـان. دەسـتیان بـە پرسـیارکردن کـرد و منیـش وەڵامـم دانـەوە؟

گوتیـان تـۆ لەگـەڵ بـارزانی و بارزانییـەکان سـاڵی ١٩٤٥ هاتبوویـە کۆمـاری مهابـاد؟ منیـش وەڵامـم دانـەوە و پێـم گوتـن بەڵـێ مـن لەگـەڵ بارزانییـەکان لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٥/١٠/١١ هاتمـە کۆمـاری مهابـاد.

پرسـیاری دووەمیـان ئەمـە بـوو و گوتیـان تـۆ لەگـەڵ بارزانییـەکان بـە سـەرۆکایەتی مـەلا مسـتەفا بـارزانی بەشـداری شـەڕی بەرەی سـەقز و سەردەشـت و بانـەت کـرد یـان نـا؟ گوتـم بەڵـێ مـن لـە بـەرەی شـەڕی ناوچـەی سـەقز بـووم لەگـەڵ بارزانییـەکان.

پرسـیاری سـێیەمیان کـرد و گوتیـان تـۆش لەگـەڵ بارزانییـەکان لـە سـاڵی ١٩٤٧ چوویتـە وڵاتی یەکێتـی سـۆڤیەت؟ وەڵامـم دانـەوە و گوتـم بەڵـێ چـووم.

پرسـیاری چوارەمیـان ئەمـە بـوو، گوتیـان تـۆ بـۆ چـووی بـۆ ڕووسـیا، تـۆش شـیوعی بـووی؟ گوتـم نەخێـر ئێمـە شـیوعی نەبوویـن، ئێمـە ئەندامـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان بوویـن کـە سـەرۆک بـارزانی سـەرۆکمان بـوو و پێـم گوتـن سـەرۆک بـارزانی لـە ١٩٤٦/٨/١٦ پـارتی دیموکـراتی کوردسـتانی دامەزرانـد.

پرسیاری پێنجەمیان لە من کرد و گوتیان ڕاتان چییە لەبارەی حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت. پێم گوتن من سێ خاڵم لەبارەی یەکێتی سۆڤیەت هەن کە دووانیان خراپن و یەکێکی باش. گوتیان خاڵە باشەکە چییە و خراپەکانیش کامەن. گوتم ئەوان خراپن، چونکە بێ دینن و خوا ناناسن. هەروەها چەکی قورس بە حکومەتی عێراق دەفرۆشن و ئەویش لە دژی شۆڕشی کورد و خەڵکی کوردستان بە کاریدێنێ. سێیەمین خاڵم کە خاڵە باشەکەیە ئەوەیە ئەوان ئێمەیان وەرگرت کە چووین بۆ ئەوێ، چونکە ئەگەر ئەوان ئێمەیان وەرنەگرتبایە، ئەوا ئێمە هەموومان دەکوژراین. هەرسێ حکومەتی عێراق و ئێران و تورکیا بەدوای ئێمەوە بوون و دەیانەویست بمانکوژن. ئێمەی کوردیش میللەتێکی بە وەفاین و پەندێکمان هەیە دەڵێین کانییێک کە ئاوت لێی خواردەوە بەرد فڕێ مەدە ناو کانیاوەکە. بەهەمان شێوە کە ئێستا حکومەتی شای ئێران ئێمە بە پەناهەندە وەگرتووە ئەمە چاکەیە و لەبیری ناکەین، ئەگەر خراپەشمان بەرانبەر بکەن، ئەویش لەبیر ناکەین.

دواتر بە منیان گوت ئێمە پێمان خۆشە تۆ لەگەڵ ئێمە ئیش بکەی و هەندێک زانیاریمان پێ بدەی لەبارەی ئەو پەناهەندانەی کوردی کوردستانی عێراقن. پێم گوتن ئەوە کاری من نییە و من خیانەت لە گەلی خۆم ناکەم. کۆتایی بە پرسیارەکانیان هات و ڕۆیشتن و ڕۆژی دواتر تەلەفۆنیان کرد و گوتیان وەرە بۆ لامان لە یەکەی کارگێڕی ڕەشت. دوو کاربەدەستەکە هاتنە دەرەوە و بە منیان گوت سەرۆکی سازمان دەڵێ با خۆی و منداڵەکانی بڕۆنە وڵاتێکی دیکە و ئێران بەجێبێڵن. پێم گوتن دەتوانم سەرۆکەکەتان ببینم تا بزانن بۆچی لە ئێران دەرمان دەکەن، گوتیان ئەو هیچ کارێکی دیکەی بە تۆ نییە و نایەوێ بتبینێ. گوتم باشە من چ تاوانێکم هەیە بۆ دەرمان دەکەن. گوتیان تۆ و خانمەکەت بڕوانامەی بەرزتان هەیە و حکومەتی ئێران سوود لە ئێوە نابینێ، بۆیە بۆ خۆتان بڕۆنە وڵاتێکی دیکە، یان بگەڕێنەوە عێراق.

بـە ئەوانـم گـوت مـن سـەرەتا دەبـێ بچمـە لای سـەرۆکی گـەلی کوردمـان سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی و پێـی بڵێم کە حکومـەتی ئێران دەرمان دەکات، ئـەوان گوتیـان ئێمـە لاریـمان نییـە و بـڕۆ سـەرۆکی خـۆت ببینـە. مـن بڕیـارم دا بچمـە لای سـەرۆک مـەلا مسـتەفا بـارزانی لـە شـاری کـەرەج و پێـی بڵێـم حکومـەتی ئێـران ئێمـە دەردەکـەن، بەڵکـو چارەیەکـم بـۆ بدۆزێتـەوە.

## چوونم بۆ شاری کەرەج

لـە ڕێکەوتـی ١٩٧٦/٤/٣٠ لـە شـاری ڕەشـتەوە چـووم بـۆ شـاری کـەرەج. پێـش ئـەوەی بچمـە شـاری کـەرەج چوومـە تـاران و لـەوێ چـووم بـۆ ماڵـی مسـتەفا بەگـی جـاف، شـەو لـە ماڵـی ئـەوان بـووم. کاتێـک حەمـە سـەعید جـاف زانیبـووی مـن لەماڵـی مسـتەفا بەگـم ئەویـش هـات بـۆ لام. حەمـە سـەعید جاف و مستەفا بەگی جاف لـە منیـان پـرسی کاک عەزیـز قازی بۆچـی هاتـووی بـۆ تـاران؟ پێـم گوتـن دەمـەوێ بچمـە لای سـەرۆک بـارزانی، چونکـە حکومـەتی ئێـران دەیانـەوێ مـن لـە ئێـران دەربکـەن و دەڵێـن دەبـێ بچیتـە وڵاتێکـی دیکـە و منیـش نازانـم چ وڵاتێکـی دیکـە مـن وەردەگـرێ، بۆیـە دەچمـە لای سـەرۆک بـارزانی بەڵکـو چارەیەکـم بـۆ بـکات. حەمـە سـەعید جـاف گوتـی مـن سـەرۆکی سـازمانی ئێـران دەناسـم، ئەگـەر پێتخۆشـە دەچـم بـۆ لای و پێـی دەڵێـم وازتـان لـێ بێنـن و لـە ئێـران دەرتـان نەکـەن. گوتـم مـن سـەرەتا دەچمـە لای سـەرۆک بـارزانی بزانـم ئـەو چـی دەڵـێ لەمبارەیـەوە.

بەیـانی ڕۆژی ١٩٧٦/٥/١ لـە شـاری تارانـەوە چـووم بـۆ شـاری کـەرەج بـۆ ماڵـی سـەرۆک بـارزانی، ئینجـا گوتـی عەزیـز قـازی چـۆن بـوو هاتیتـە لامـان، ئیشـێکتان هەیـە؟ گوتـم حکومـەتی ئێـران خەریکـە دەرمـان دەکـەن، بۆیـە هاتوومـە لای ئێـوە بەڵکـو چارەیەکـم لـێ بکـەن. سـەرۆک بـە منـی گـوت بەیـانی تەلەفـۆن بـۆ سـەرۆکی سـازمانی ئێـران دەکـەم و پێـی دەڵێـم وازت لێبێنـن و

لـە ئێـران دەرت نەکـەن. سـەرۆک بـارزانی تەلەفـۆنی بـۆ حەمـەڕەزا شـای ئێـران کردبـوو و پێـی گوتبـوو عەزیـز قـازی هیـچ شـتێک بەبـێ ئـاگاداری مـن نـاکا و ئـەو پیاوێکـی خـراپ نییـە. ئینجـا حەمـەڕەزا شـا گوتبـووی بـا بچێتـەوە شـاری ڕەشـت و منیـش تەلەفـۆن بـۆ سـازمانی ئـەوێ دەکـەم کـە وازی لێبێنـن.

شـەو چوومـە ماڵـی حەمیـد بـەرواری کـە هەڤاڵێکـی خۆشەویسـتی مـن بوو، هەردووکـمان بەیەکـەوە فەرمانـدە بوویـن لـە هێـزی قـەرەداغ، ئـەو فەرمانـدەی بەتالیـۆنی ٥ بـوو و منیـش هـی بەتالیـۆنی ٩. بەیـانی ڕێکەوتـی ١٩٧٦/٥/٢ لـە ماڵـی کاک حەمیـد بـەرواری چـووم بـۆ شـاری تـاران بـۆ لای بەڕێـزان دکتـۆر شـەفیق قـەزاز و کاک دارا تۆفیـق و کاک حەمـە ئەمیـن بـەگ. ئـەوان لـە تـاران بـوون و کـوردی خۆمانیـان دەنـارد بـۆ ئەوروپـا و ئەمریـکا و شـوێنی دیکـە. بـە منیـان گـوت تـۆ دەزانی UN ڕەزامەنـدی دەربڕیـوە کـە تـۆ و خێزانەکـەت بچنـە وڵاتی ئەمریـکا و لـەوێ بمێننـەوە، گوتـم نـەوەڵا نازانـم. کاک شـەفیق قـەزاز گوتی ئەگـەر بچیتـە وڵاتی ئەمریـکا ئـەوا بـۆ منداڵەکانـت و دوارۆژیـان زۆرباشـە. گوتـم مـن ڕازیـم بچمـە ئەمریـکا، چونکـە ئێـران وازم لـێ ناهێنـێ. ئـەوان گوتیـان بـڕۆ خێزانـت بێنـە و وەرنـە تـاران و بڕۆنـە هۆتێـلی ئێـران و تێچووەکـەشی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دەیـدا و ١٢ی مانگـی ئایاریـش ئێـوە دەچـن بـۆ ئەمریـکا.

دووبـارە گەڕامـەوە کـەرەج تـا بـە سـەرۆک بـارزانی بڵێـم مـن دەچـم بـۆ ئەمریـکا، بـەڵام سـەرۆکم نەبینـی و کاک ئیدریـس بـارزانی و کاک مەسـعود بـارزانی لـەوێ بـوون و پێـم گوتـن بڕیـارم داوە بـە ماڵـەوە بچـم بـۆ ئەمریـکا و هاتـووم ئـەوە بـە سـەرۆک بـارزانی بڵێـم. ئینجـا کاک مەسـعود بـارزانی چـوو بـە سـەرۆک بـارزانی گـوت ئەگـەر ئێـوە ڕازی بـن عەزیـز قـازی دەیـەوێ بچێتـە ئەمریـکا و لـەوێ بژیـێ، سـەرۆک بـارزانی گوتبـووی خێـری تێدابـێ و ئەگـەر ئـەو پێیخۆشـە ئێمـە لاریـمان نییـە.

## گەڕانەوەم بۆ شاری ڕەشت

کاتێـک گەیشـتمەوە ماڵەکەمـان لـە شـاری ڕەشـت بـە زاهیـدای خێزانـم گـوت حکومـەتی ئەمریـکا ڕەزامەندییـان داوە ئێمـە وەربگـرن، زاهیـدا زۆری پێخـۆش بـوو کـە بچیـن بـۆ ئەمریـکا.

ئەمریـکا چـۆن ڕەزامەنـدی دەربڕیبـوو بـۆ چـوونی ئێمـە؟ کاتێـک شـۆڕش کۆتایـی پێهـات و ئێمـە ئـاوارەی ئێـران بوویـن، ڕۆژێـک لـە شـاری نەغـەدە چوومـە لای کاک سامی عەبدولڕەحـمان، لـەوێ کاك سـامی بـە منـی گـوت کاک عەزیـز بـۆ نـاوی خۆتـان نانووسـن و بڕۆنـەوە وڵاتێکـی دیکـە و گوتـی مـن دەزانـم ئێـوە لـە ئێـران کێشـەتان بـۆ دروسـت دەبـێ. منیـش بـە کاک سـامیم گـوت باشـە نـاوم بنووسـن بـا بچـم بـۆ وڵاتێکـی دیکـە. کاک سـامی بانگـی کارمەندێکـی کـرد کـە لای ئـەو کاری دەکـرد و ئـەو نـاوی مـن و منداڵـەکانی نـووسی. ئـەوان نـاوی منیـان ناردبـووە ئەمریـکا تـا وەرمـان بگـرن.

کاتێـک ئێمەیـان ڕاگواسـتە شـاری ڕەشـت، ڕۆژێـک لەگـەڵ هـەردوو کوڕەکەم ڕزگار و شـۆڕش چوویـن میـوە بکڕیـن. بانگـی کوڕەکانـم کـرد و پێـم گوتـن وەرن بـا بچینـەوە ماڵـەوە، لەپـڕ پیاوێـک هاتـە لام و سـڵاوی کـرد و پـرسی ئێـوە کـوردن و لێـرەن؟ منیـش گوتـم بەڵـێ کـوردی کوردسـتانی عێراقیـن، ئەویـش گوتـی منیش کـوردی شـاری مهابـادم و بەخێزانـەوە دووریـان خسـتمەوە بـۆ ئێـرە. یەکتریـمان نـاسی و هاتوچـۆ لەنێوانمانـدا پەیدابوو.

بەرلـەوەی بچینـە ئەمریـکا بانگـم کـردن بێـن بـۆ ماڵـمان و پێـم گـوت ئێمـە دەچینـە ئەمریـکا و هەمـوو کەلوپەلـەکانی ماڵـی خـۆم دا دەسـتی ئـەو و پێـم گـوت ئەگـەر توانیـت بۆمـان بفرۆشـە و پارەکـەم بـۆ بنێـرە بـۆ ئەمریـکا و ئەگـەر نەشـتتوانی، ئـەوا بـا بۆخـۆت بـن. پێـم گـوت کاتێـک گەیشـتمە ئەمریـکا نامـەت بـۆ دەنێـرم و ناونیشـانی خۆمـت بـۆ دەنووسـم.

ڕێکەوتی ١٩٧٦/٥/٤ ئێمە لە شاری ڕەشتەوە چووین بۆ تاران و لەوێ چووینە هۆتێل و تێچووی هەموو شتێک لەسەر UN و ڕێکخراوی کاتۆلیک بوو. لەتاران پێداویستی سەفەریان بۆ ئامادەکردین تا لە تارانەوە بە فڕۆکە بچینە شاری فرانکفۆرت لە ئەڵمانیا.

لە ڕێکەوتی ١٩٧٦/٥/١١ من دووبارە چوومەوە شاری کەرەج تا خواحافیزی لە سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی بکەم، بەڵام بەداخەوە سەرۆک بارزانی کەمێک نەساغ بوو، بەڵام هەردوو بەڕێز کاک ئیدریس و کاک مەسعود بارزانی لەوێ بوون ئەوان چوون بە باوکیان گوت کە عەزیز قازی هاتووە بۆ خوداحافیزی و سەرۆکیش گوتبووی سڵاوی لێ بکەن و خوای لەگەڵ بێ. کاک مەسعود بە منی گوت کاک عەزیز بۆ خواردنی نانی ئێوارە دەچینە ماڵی ئێمە.

ئەوکات زۆربەی برادەرەکانی خۆم بینیەوە. لەوێ ئەسعەد خۆشەوی سێلکی بە منی گوت کاک عەزیز مەچوونە ئەمریکا، چونکە لەوێ ژیان زەحمەتە و خەرجی ژیان زۆر گرانە و تۆش خێزانێکی گەورەت هەیە. پێم گوت کاک ئەسعەد لێرە حکومەتی ئێران وازم لێناهێنن و لە ئێران دەرم دەکەن، بۆیە باشترە بچمە ئەمریکا. هەروەها ئەسعەد خۆشەوی گوتی بەمزوانە شۆڕش دەستپێدەکاتەوە لە کوردستانی عێراق. دواتر من خواحافیزیم لە برادەرانی دیکە کرد لەوانە کاک ڕەسووڵ فەقێ خۆشناو و کاک حەمید بەرواری.

بۆ ئێوارە لەسەر داوای خۆی لەگەڵ ڕزگاری کوڕم چووم بۆ ماڵی کاک مەسعود بارزانی تا لەوێ نانی ئێوارە بەیەکەوە بخۆین. ئەوان دۆڵمەیان هەبوو. دوای نان خواردن کاک مەسعود (٣) سێ هەزار دولاری هێناو دای بە من گوتی، دەزانم ئێوە پارەتان نییە، چونکە بەڕاستگۆیی و دەستپاکی لەگەڵ شۆڕش بووی. هەروەها ئەو پاکەتێکی پێچراوی هێنا و گوتی ئەمە

مووچـەی دکتـۆر ئەسـفەندیارە و دەرفەتـە تـۆ لەگـەڵ خـۆت بـۆی ببـە ئەمریـکا و گوتـی، لـە لقـی حەفتـی پارتـی لـە ئەمریـکا پێشـوازیت لـێ دەکـەن، ئـەم پارەیـە بـدە بـە دکتـۆر ئەسـفەندیار. نەمـزانی پارەکـە چەندبـوو و کاک مەسـعود بارزانیـش پێـی نەگوتـم پارەکـە چەنـدە و منیـش نەمپـرسی. ئـەو کات دکتـۆر ئەسـفەندیار لـە لقـی ٧ی پارتـی لـە ئەمریـکا و کەنـەدا کاری دەکـرد. شـەو چوومـەوە هۆتێـل بـۆ لای منداڵەکانـم.

# بەندی یانزدەیەم
# پەناهەندەییم لە وڵاتی ئەمریکا ١٩٧٦

## چووین بۆ فرانکفۆرت

بەیانی ڕێکەوتی ١٩٧٦/٥/١٢ چووین بۆ فڕۆکەخانەی تاران و کاک حەمید بەرواری هات بۆ لام تا خوداحافیزیم لێ بکات. کوردی عێراق ئەوانەی کە بەفڕۆکە دەچوونە فرانکفۆرت و دواییش بۆ ئەمریکا زۆربوون لەگەڵمان، هەروەها ئێمەش چەند خێزانێک بووین کە بە یەکجاری دەچووین بۆ ئەمریکا. لە فڕۆکەخانەی فڕانکفۆرت کاک سیامەند بەنا و کاک تاریق ئاکرەیی بە گەرمی پێشوازییان لە ئێمە کرد، هەروەها هاوژینی تاریق ئاکرەیی کە کچی سەرکردەی نەمر عیزەت عەبدولعەزیز بوو، ئەویش هاتبووە فڕۆکەخانە بۆ پێشوازی کردن لە ئێمە. لەوێوە ئێمەیان بردە شارێکی نزیک لە فرانکفۆرت تا پێداویستییەکانی چوونمان بە فڕۆکە بۆ ئەمریکا بۆ دابین بکەن. ئێمە ئەوکات ئینگلیزیمان نەدەزانی و کاک سیامەند بەنا قسەکانی وەردەگێڕا. ئێمە ماوەی ٥ ڕۆژ لەسەر ئەرکی ڕێکخراوێکی خێرخوازی لە هۆتێل ماینەوە تا کارەکانمان تەواوبوون. منداڵەکانم لە ژوورێک دەنووستن و منیش لە ژوورێکی دیکەی هۆتێلەکە، چونکە جێمان نەدەبووەوە. لەوێ ئەو ٣هەزار دۆلارەی کاک مەسعود بارزانی دابووی بە من لێیان دزیم و وابزانم ئەوانەی لە ئۆتێلەکە ژوورەکانیان پاکدەکردەوە ئەوان لێیان دزیم.

## ئاوارەیی لە ئەمریکا

ڕێکەوتی ١٩٧٦/٥/١٧ لە شاری فرانکفۆرت بە فڕۆکە چووینە شاری نیۆیۆرک لە ئەمریکا. لەوێ هەڤاڵ کاک محەمەد سەعید دۆسکی پێشوازی لێمان کرد. کاک محەمەد سەعید دۆسکی لێپرسراوی لقی ٧ی پارتیمان بوو لە ئەمریکا و کەنەدا. ئەو پارەیەی کاک مەسعود بارزانی دابووی بە من تا بۆ دکتۆر ئەسفەندیاری ببەم، دام بە کاک محەمەد سەعید.

کاک محەمەد سەعید دۆسکی ناونیشان و تەلەفۆنی لقی ٧ی پارتی دیموکراتی کوردستانی دا بە من، بۆئەوەی کە ئێمە چوون بۆ شاری سیکرامینتۆی ویلایەتی کالیفۆرنیا، بتوانم ناونیشانی خۆم بۆ ئەو بنێرم و پەیوەندیمان بەیەکەوە هەبێ وەکو ئەندامی پارتی. بە کاک محەمەد سەعید دۆسکیم گوت کاتێک دکتۆر ئەسفەندیار پارەکەی وەرگرت با نامەم بۆ بنووسێ کە پارەی وەرگرتووە. لە دڵی خۆمدا دەمگوت باش نەبوو ئەو پارەیەی لێیان دزیم هی خۆم بوو و هی دکتۆر ئەسفەندیار نەبوو، ئەگینا چۆن جوابی کاک مەسعود بارزانیم بدابایەوە، مەگەر خۆم بکوشتبا. ئەو نامەی بۆ کاک مەسعود بارزانی نووسیبوو کە پارەکەی گەیشتووەتە دەست و هەروەها بۆ منیشی نووسیبوو. دواتر کاک مەسعودیش نامەی بۆ من نووسی و سوپاسی کردم کە پارەکەم گەیاندووەتە دەست دکتۆر ئەسفەندیار.

**بە فڕۆکە چووین بۆ شاری سکرامینتۆ**

لە شاری نیویۆرکەوە بە فڕۆکە چووین بۆ شاری سکرامینتۆ لە کالیفۆرنیا و کاتژمێر یەکی نیوەشەوی ١٨/١٧-٥-١٩٧٦ گەیشتینە فڕۆکەخانەی سکرامینتۆی پایتەختی ویلایەتی کالیفۆرنیا. ڕێکخراوی کاتۆلیک سپۆنسەری ئێمە بوو، دەبووایە ئەوان بهاتبانە فڕۆکەخانە بۆ پێشوازیکردنمان، بەڵام ئەوان نەهاتبوون و ٢ ژن لە ڕێکخراوێکی ئیسلامی پاکستانی لە شاری سکرامینتۆ هاتن و پێشوازیان لێ کردین. یەکێکیان ناوی ئۆلگا بوو، هاوژینی سەلیم پاکستانی بوو، ئەوەی دیکەشیان ناوی مەرلین بوو، هاوژینی مەحمود شموت بوو کە خەڵکی سوریا بوو. ئەوان گوتیان ئێمە ئێوە دەبەینە لای خۆمان، من گوتم ڕێکخراوی کاتۆلیک سپۆنسەری ئێمەیە و دەبووایە ئەوان بهاتبانە فڕۆکەخانە. ئەوان گوتیان ڕێکخراوی کاتۆلیک تەلەفۆنیان کردووە بۆ سەلیم پاکستانی و پێیان گوتووە ئەوانەی دێن وەک

ئێوە موسڵمانن، بۆیە ئەگەر پێتان باشە دەتوانن بیانبەنە لای خۆتان. سەلیم خانی پاکستانی گوتبووی ئەوان موسڵمانن و برای ئێمەن دەیانهێنینە لای خۆمان و وەریان دەگرین. ئێمەش هاتووین تا لەگەڵ خۆمان بتانبەین.

ئێمە لەگەڵیان چووین و گەیشتینە شاری سکرامینتۆ و لەوێ ئێمەیان بردە مزگەوتێک و ڕێکەوتی ١٩٧٦/٥/١٨ کاتژمێر یەکی نیوەشەو گەیشتینە ئەوێ و چووینە لای مەلای مزگەوتەکە کە ناوی حەمدانی بوو، ئەویش هەر خەڵکی پاکستان بوو. ئیمامی مزگەوت لێنەگەڕا لەسەر فەرشی مزگەوت بخەوین و گوتی پیس دەبن و لەسەر زەوییەکی ڕەق خەوتین. زاهیدای خێزانم گوتی ئێمە ٥ ڕۆژ لە فرانکفۆرت ماینەوە و ئەو هەموو خزمەتە جوانەی ئێمەیان کرد و موسڵمانیش نەبوون، ئەم مەلایە موسڵمانیشە نایەڵێ لەسەر فەرشی مزگەوت بخەوین و پێخەفێکیشمان ناداتێ.

هەمان ڕۆژ سەلیم خانی پاکستانی هاتە لامان و ئێمەی بردە ماڵی خۆی و نانی بەیانیمان لەوێ خوارد. دواتر کاک مەحمود شمود لە ماڵی سەلیم پاکستانی هاتە لامان. ئێمە تەنیا یەک برادەری کوردمان لەگەڵ بوو، بە ناوی (عەلی عومەر) بە قوتیلە ناسراو بوو، لە بنەچەوە خەڵکی ناوچەی دەشتی هەولێر بوو. لە ماڵی سەلیم خانی پاکستانی بڕیاردرا من و عەلی عومەر و هەردوو کوڕم ڕزگار و شۆڕش بچین بۆ ماڵی مەحموود شمود سوری و زاهیدای هاوسەرم و هەرسێ کچەکانم (ساریا و ڕووناک و بێگەرد) لە ماڵی سەلیم خانی پاکستانی بن.

دواتر زانیمان کە بۆچی ڕێکخراوی کاتۆلیک نەهاتوون پێشوازی لە ئێمە بکەن. ژنێکی کلدانی بە ناوی لەیلا لە ئیدارەی ڕێکخراوی کاتۆلیک ئیشی دەکرد و خۆی خەڵکی بەغدا بوو. لەیلا بە ڕێکخراوی کاتۆلیکی گوتبوو ئەوان ئیسلامن بۆچی ئێمە پارەی خۆمانیان لێ خەرج بکەین خۆ ئەوان مەسیحی نین. گوتبووی لێرە ڕێکخراوی ئیسلامی هەن و ئەوانیش ئیسلامن

بـا بچنـە لای ئـەوان. ئینجـا ڕێکخراوەکـە گوتبوویـان مـادام وایـە تەلەفـۆن بـۆ سـەلیم خـانی پاکسـتانی دەکەیـن و ئەگـەر ئـەوان ڕازی بـن بـا بچنـە لای ئـەوان. حکومـەتی ئەمریـکا پـارەی دەدایـە ڕێکخـراوی کاتۆلیـک لەبەرانبـەر پێشـوازیکردن لـە خەڵکـی ئـاوارە کـە دێنـە ئەمریـکا، بـەڵام پـارەی نەدەدایـە ڕێکخـراوە ئیسـلامییەکان.

## چوونمان بۆ شاری لودای

دوای ئـەوەی مـن و عـەلی عومـەر و ڕزگار و شـۆڕشی کـوڕم چووینـە ماڵـی مەحمـوود شـمود، بـۆ بەیـانی ڕۆژی دواتـر ١٩٧٦/٥/١٩ سـەلیم خـان پاکسـتانی هاتـە لامـان و گوتـی ئەگـەر دەتانـەوێ ئیشـێکتان دەسـتکەوێ ئـەوا مـن لـە شـاری لـودای هۆتێلێکـم هەیـە دەتوانـن لـەوێ بخـەون و بمێننـەوە و بەڕۆژیـش بـۆ خۆتـان ئیـش بکـەن و هەندێـک پـارە بـۆ خەرجـی ڕۆژانەتـان و دواڕۆژتـان پەیـدا بکـەن. ئێمـە کـە چووینـە ئەمریـکا تەنیـا ١٠٠ دۆلارمـان لەلابـوو و ٧ سـەرخێزانیش بوویـن، بۆیـە مـن بـە سـەلیم خانـم گـوت بەڵـێ ئێمـە دەمانـەوێ ئیـش بکەیـن.

هەمـان ڕۆژ مـن و ڕزگاری کـوڕم و عـەلی عومـەر لەگـەڵ سـەلیم خـانی پاکسـتانی چوویـن بـۆ شـاری لـودای کـە ڕێـگای نیـو کاتژمێـر بـە ئۆتۆمبێـل دووربـوو لـە شـاری سـکرەمینتۆ. چووینـە هۆتێلەکـەی سـەلیم خـان لـە لـودای و لـەوێ چەنـد کەسـێکی پاکسـتانی لـێ بـوون، ئـەوان لـە پاکسـتانەوە هاتبوونـە ئەمریـکا، تـا هەندێـک پـارە کۆبکەنـەوە و دواتـر بگەڕێنـەوە پاکسـتان. سـەلیم خـان ئێمـەی لـە هۆتێلەکـەی بەجێهێشـت و خـۆشی گەڕایەوە شـاری سـکرامینتۆ. یەکێـک لـە پاکسـتانییەکان گوتـی دەبـێ بـۆ ئیشـکردن بچینـە شـاری سـتەکتون کـە بـە ئۆتۆمبێـل نیـو کاتژمێـر لێـرە دوورە. پاکسـتانییەکان بـە منیـان گـوت ئێـوەش لەگـەڵ ئێمـە وەرن بـۆ شـاری سـتەکتون و لـەوێ لەنـاو باغـەکانی

ئـەوێ ئیـش دەکەیـن. پیاوێکـی پاکسـتانی پیکابێکـی هەبـوو بـە پیکابەکـە لـە لودایــەوە دەچووینــە شــاری ســتەکتون و لــەوێ بەنــاو باغەکانــدا دەگەڕایــن بزانیـن کـێ ئیشـمان دەداتـێ تـا میـوەی بـۆ بڕنیـن. بـۆ مـاوەی یـەک هەفتـە هەمـوو ڕۆژێـک لـە شـاری لـودای دەچووینـە نـاو باغـەکانی شـاری سـتەکتون و ئێـوارەش دەگەڕاینـەوە هۆتێلەکـەی سـەلیم خـان. ڕۆژێکیـان زاهیـدای هاوسـەرم و کچەکانـم لەگـەڵ سـەلیم خـان هاتنـە هۆتێلەکـەی سـەلیم خـان لـە شـاری لـودای و زاهیـدا کـە منـی بینـی دەسـتی بـە گریـان کـرد و گوتـی مـن و تـۆ هـەردووک مامۆسـتای زانکـۆ بوویـن و تـۆ فەرمانـدەی بەتالیـۆن بـووی، ئێسـتاش ببینـە چیـمان بەسـەر هاتـووە. گوتـم دڵگـران مەبـە ئـەوە بەختـی ئێمەیـە. دواتر زانیـم سـەلیم خـان بـۆ ئـەوە ئێمـەی بردبـووە شـاری لـودای تـا هەمـوو شـەوێک لـە هۆتێلەکـەی ئـەو بمێنینـەوە و پـارەی هۆتێلەکـەی پـێ بدەیـن.

ڕۆژێـک مەحمـوود شـمود سـوری دەچێتـە لای سـەلیم خـان پاکسـتانی و خـۆی لـێ تـوڕەدەکات، پێـی دەڵـێ ئەوانـە وەکـو پاکسـتانییەکان نیـن کـە هاتوونەتـە ئێـرە هەندێـک پـارە کۆبکەنـەوە و بگەڕێنـەوە وڵاتی خۆیـان، ئـەوان هاتـوون لێـرە دەمێیننـەوە و دەبـێ پاشـەڕۆژێکیان هەبـێ. مەحمـوود شـمود سـوری لـە شـاری لـودای هاتـە لای ئێمـە و ئێمـەی لەگـەڵ خـۆی بـردەوە شـاری سـکرەمینتۆ. لـەوێ شـوقەیەکی ٢ ژووری بـۆ ئێمـە گرتبـوو تـا لێـی بژییـن، هەروەهـا لـە حکومـەتی ئەمریـکا ڕێکخـراوی وێلفێـر مانگانـە ٦٥٠ دۆلاریـان دەداینـێ. بـۆ کـرێ خانووەکـە هەمـوو مانگێـک ٣٠٠ دۆلارمـان دەدا. بـەڕۆژ بـەدوای ئیشـێکدا دەگەڕایـن و ئێوارانیـش دەچووینـە خـولی زمـانی ئینگلیـزی و دەمانخوێنـد. کاتێـک چووینـە ئەمریـکا زمـانی ئینگلیزیـمان نـەدەزانی، بـەڵام زمـانی کـوردی و ڕووسی و عـەرەبی و فارسـیمان دەزانی.

## لە شاری سکرەمینتۆ چووین بۆ ڕێکخراوی کاتۆلیک

کاتێک لە شاری لودای گەڕاینەوە و هاتینەوە شاری سکرەمینتۆ، من و زاهیدای هاوسەرم و مەحموود سوری چووینە ڕێکخراوی کاتۆلیک، گلەییم لێیان کرد و گوتم ئێوە ئێمەتان لە ئێرانەوە هێنایە ئەمریکا و لێرەش لێمان ناپرسن و هیچمان بۆ ناکەن و کارێکمان بۆ نادۆزنەوە تا خۆمان و خێزانمانی پێ بژیێنین. مەحموود سوری قسەکانی وەردەگێڕاین، بەڵام کاتێک چوومە ئەمریکا فەرهەنگێکی زمانی ئینگلیزی ڕووسیم کڕیبوو، بۆئەوەی خۆمان فێری زمانی ئینگلیزی بکەین.

لەسەر داوای ڕێکخراوی کاتۆلیک، حکومەتی ئەمریکا هەموو مانگێک ٦٥٠ دۆلاری دەداینێ. سەرەتا دەستمانکرد بە خوێندنی زمانی ئینگلیزی، من و زاهیدای هاوژینم بڕیارماندا بە دەستی خۆمان بژین و منداڵەکانمان پەروەردە بکەین، بۆئەوەی دواڕۆژێکی پڕشنگداریان هەبێ.

لە ڕێکەوتی ١٩٧٦/٥/١٧ گەیشتینە ئەمریکا و لە ڕێکەوتی ١٩٧٦/٥/٢٦ شۆڕشی گوڵان بە سەرۆکایەتی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵگیرسایەوە. نامەیەکم نارد بۆ لقی ٧ی پارتی لە ئەمریکا و کەنەدا بۆئەوەی پەیوەندیمان هەبێ. هەروەها نامەیەکم بۆ بەڕێز مەسعود بارزانی نووسی و پێم گوت، من پارەکەی دکتۆر ئەسفەندیارم داوە بە کاک محەمەد سەعید دۆسکی تا ئەو بیدات بە دکتۆر ئەسفەندیار. هەروەها ئەو پارەیەی ئێوە بە منتان دابوو، لە فرانکفۆرت لێیان دزیم. ئەمەی خوارەوەش نامەی کاک مەسعود بارزانییە بۆ من:

### برای خۆشەویستم کاک عەزیز قازی

دوای سڵاو و ڕێز. ئومێدم وایە سحەتتان باش بێ، ئێمەش ئەلحەمدولیلا باشین، نامەی جەنابتم بە دەست گەیشت و زۆرم پێ خۆشبوو. برام بۆ

ئاگاداریـت ئێسـتا مـن لەگـەڵ بابـم هاتـووم بـۆ ئەمریـکا بـۆ چارەسـەری و ئەلحەمدولیـلا هیچـی وا نییـە، بـەڵام لـە ژێـر چەنـد شروتێـک هاتووینـە ئێـرە و تەقریبـەن وەک ئیقامـەی جەبرییـە و ئازادیـمان نییـە لەبـەر عیـلاج نەبوایـە بـەو شـکلە قـەت نەدەهاتیـن. داوامـان کـردووە ڕێگەمـان پـێ بـدەن سـەرتان لـێ بدەیـن، بـەڵام نازانـم موافەقـەت دەکـەن یـان نـا. ئەگـەر ڕێگەیـان نەدایـن تکایـە ببـوورن و بزانـن چارەمـان نەبـووە. پارەکـە بەدەسـتی ئەسـفەندیار گەیشـتووە زۆر سوپاسـت دەکـەم. ئەگـەر زانیـم ناتانبینـم، ئـەوا نامەیەکـی ترتان بـۆ دەنێـرم و حەزدەکـەم وەڵامـی ئـەو نامەیـەم بنێـری بـۆ عنـوانی کاک محەمـەد سـەعید دۆسـکی دەگاتـە دەسـتم و چ ئیشـێکتان هەیـە بـۆم بنووسـە، بەڵکـو تـا لێرەیـن بتوانیـن شـتێکتان بـۆ بکەیـن، ئیـتر بـاب سـڵاوی بۆتـان هەیـە و سـڵاومان بـۆ هەمووتـان و تکایـە بـاسی هاتنـمان لای کـەس مەکـە، چونکـە دەرچـوونی خەبەرەکـە بـاش نیـە، ئیـتر سـوپاس.

براتان مەسعود بارزانی ١٩٧٦/٧/١٢.

## فێربوونی ئینگلیزی و وەرگرتنمان  لە سکیل سێنتەر

مـن و زاهیـدای هاوژینـم دەسـتمان بـە خوێنـدنی ئینگلیـزی کـرد و سـاریا و ڕزگار و شۆڕشـیش لـە قوتابخانـە وەرگیـران تـا فێـری زمـانی ئینگلیـزی بـبن. مـن و زاهیـدا بـە ئێـواران زمـانی ئینگلیزیـمان دەخوێنـد و بەیانیانیـش بـەدوای کاردا دەگەڕایـن تـا بتوانیـن منداڵەکانمـان پـەروەردە بکەیـن. کاتێـک مـن و زاهیـدای هاوسـەرم فێـری زمـانی ئینگلیـزی بوویـن، ئینجـا هەوڵمانـدا بچینـە قوتابخانەیەک تـا بڕوانامـە وەربگریـن و بتوانیـن لـە شـوێنێک کار بکەیـن.

قوتابخانــەی ســکیل ســێنتەر قوتابخانەیەکــی پیشــەیی بــوو، خەڵکیــان فێـری هەمـوو جـۆرە ئیشـێک دەکـرد، بـەڵام دەبـوو بـۆ مـاوەی ٦ مانـگ وانـە بخوێنیـن. مـن بـۆ باغەوانیـم دەخوێنـد و زاهیـدای هاوسەریشـم دەیخوێنـد تـا

لـە نەخۆشـخانەیەک کاربـکات. هەرچەنـدە مـن و زاهیـدا بڕوانامـەی بەرزمـان هەبـوو و لـە بەغـدا مامۆسـتای زانکـۆ بوویـن، بـەڵام لەبەرئـەوەی ئینگلیزیـمان نـەدەزانی بـە مامۆسـتای زمـانی ڕووسی وەرنەگیرایـن لـە هیـچ قوتابخانەیـەک، بۆیـە بـە ناچـاری چووینـە ئـەو قوتابخانەیـە تـا بڕوانامـە بەدەسـت بێنیـن و ئیشـێک بدۆزینـەوە.

دوای ٦ مانـگ بڕوانامەمـان پـێ بەخشـین. دوای وەرگرتنـی بڕوانامـە دەسـتم بـە باغـەوانی کـرد و بـۆ پیاوێـک کارم دەکـرد و زاهیـداش لـە نەخۆشـخانەیەک وەرگیـرا ئـاگای لـە نەخۆشـەکان دەبـوو. ئیشـەکانمان زۆر لەماڵەکەمـان دووربـوو، بـەڵام ناچاربوویـن ئیـش بکەیـن، چونکـە منداڵەکانمـان چووبوونـە قوتابخانـە. هەروەهـا کاتێـک دەسـتمان بـە کارکـرد، حکومـەت ئـەو پارەیـەی لـێ بڕیـن کـە مانگانـە وەکـو هـاوکاری پێیـان دەدایـن.

**لە (جاب کورپ سێنتەر سکرەمینتۆ) دەستم بە ئیش کرد**

جـاب کـورپ سـێنتەر سـکرەمینتۆ قوتابخانەیـەک بـوو قوتابییەکانیـان فێـری هەمـوو جـۆرە ئیشـێک دەکـرد و بڕوانامەیـان پـێ دەدان لـە پسـپۆرییە لـەوێ بۆیـان دەخوێنـد. کاتێـک قوتابییـەکان قوتابخانەیـان تـەواو دەکـرد کاریـان بـۆ دەدۆزینـەوە تـا کار بکـەن و هەروەهـا بڕوانامـەی سـاڵانەیان پـێ دەدرا.

لـە ڕێکەوتـی ١٩٧٨/٧/٩ لـەوێ وەرگیـرام و دەسـتم بەئیـش کـرد و ئیشـەکەم باغـەوانی بـوو و وانەشـم بـە قوتابیـان دەگوتـەوە. ئـەو قوتابخانـە زۆر نزیـک بوو لـە ماڵـی ئێمـە. لـەوێ نزیکـەی ٤٠٠ قوتـابی دەیانخوێنـد. ڕۆژانـە ٨ کاتژمێـر کارم دەکـرد و بـۆ هـەر کاتژمێرێـک ٥،٢٥ دۆلاریـان دەدامـێ، واتـە ڕۆژانـە ٤٠،٢٠ دۆلاریـان دەدامـێ و سـاڵانەش مووچـەم زیـاد دەکـرا. دواتـر بڕیـار درا کـە ڕۆژانی جـەژن و ئـەو ڕۆژانـەی پشووشـە پـارەم بـۆ خـەرج بکـەن لەگـەڵ ئـەو ڕۆژانـەی بـاران بـوو و مـن ئیشـم نەدەکـرد. هـەر سـاڵێک ١٥ ڕۆژ پشـووم هەبـوو و

ژمارەی ڕۆژەکانی پشوو لە ساڵێکدا ساڵانە زیادی دەکرد.

زاهیدای هاوسەریشم دەستی کرد بە ئیشکردن بۆ ویلایەتی کالیفۆرنیا و ئیشی ئەو کەرتی گشتی و هەمیشەیی بوو، بۆیە مووچەکەی لە هی من زیاتر بوو. ئەو بۆ هەر کاتژمێرێک ٦ دۆلاری دەدرایێ و هەموو ساڵیش مووچەی زیادی دەکرد.

## کڕینی خانوو بە قەرزی ٣٠ ساڵ لە ساڵی ١٩٨٢

بۆ ماوەی دوو ساڵ چەندی بڵێی گوزەرانمان خراپ بوو و زۆرمان ئەزیەت بینی، بەڵام دوای ئەوەی من و زاهیدا دەستمان بە ئیش کرد و منداڵەکان لە قوتابخانە وەرگیران ژیانمان باشتر بوو.

حکومەتی ئەمریکا پرۆگرامێکی هەبوو کە پێیان دەگوت (ئیفیجەی) و پرۆگرامی ئیفیجەی یارمەتی ئەو خەڵکانەی دەدا کە دەستیان کورتبوو و نەیاندەتوانی خانووێک بکڕن و تێیدا بژیێن. مەرجی ئیفیجەی ئەوەبوو کە ئەو خێزانەی داوای پارە دەکەن نابێ لە ٥ سەر خێزان کەمتر بن و داهاتی ساڵانەیان نابێ لە ٢٥٠٠٠ دۆلار زیاتربێ و لە ١٨٠٠٠ دۆلار کەمتر بێ. ئێمە لەماڵەوە ٧ کەس بووین و بە مووچەی من و زاهیدا لە ساڵێکدا تەنیا ٢٠٠٠٠ دۆلارمان وەردەگرت. ئینجا ئێمە چووینە پرۆگرامی ئیفیجەی بۆئەوەی یارمەتیمان بدەن تا بتوانین خانووێک بۆ خۆمان بکڕین و داواکارییەکمان نووسی و گوتمان ئێمە خانوو دەکڕین بە مەرجێک حکومەت یارمەتیمان بدا. حکومەت ڕەزامەندی دەربڕی کە وەکو خەڵکە دەستکورتەکانی دیکە یارمەتی ئێمەش بدرێ و لەماوەی ١٠ ڕۆژدا وەڵامی ئێمەیان دایەوە و گوتیان یارمەتیتان دەدەین تا بتوانن خانووێک لە ڕێی پرۆگرامی ئیفیجەی بکڕن. خانووەکان بە ٥٦٠٠٠ دۆلاربوون. خانووەکان ٤ ژووری خەوتن و یەک ژووری مێوان گەراجێکی هەبوو. دەبووایە پێشەکی ٢٥٠٠ دۆلار بدەی بە کۆمپانیاکە

و دواتـر بـۆ مـاوەی ٣٠ سـاڵ پارەکـەی تـر بدەیـەوە کـە دەیکـردە ٧٥٠ دۆلار بـۆ هـەر مانگێـک.

مـن و زاهیـدای هاوسـەرم چوویـن تەماشـای خانووەکانمـان کـرد، بـەڵام خانووەکانمـان بـە دڵ نەبـوو، چونکـە ژوورەکان بچـووک بـوون، بـەڵام هەمـان کۆمپانیـا جـۆرە خانووێکـی دیکەیـان دروسـت دەکـرد کـە ژووری خانـووەکان گەورەتـر بـوون و ٤ ژووری خەوتـن و ٢ ژووری دیکـەی تێدابوون کـە یەکێکیـان ژووری میـوان بـوو و ئـەوەی تریـان بـۆ دانیشـتنی خێـزانی و گەراجێکیـشی هەبـوو، بـەڵام ئـەو خانووانـە گرانتربـوون و دەبووایـە پێشـەکی ١٠٠٠٠ دۆلار بدەیـن بـە کۆمپانیـا و دواتـر بـۆ مـاوی ٣٠ سـاڵ هەمـوو مانگێـک ٧٥٠ دۆلار بدەیـن. ئینجـا ئێمـە بڕیارمـان دا ئـەو خانووانـە بکڕیـن کـە ژووریـان گـەورەن و بـە ٦٠٠٠٠ دۆلارن و بـۆ مـاوەی ٣٠ سـاڵ قەرزەکـە بدەینـەوە.

ئێمـە دەسـتبەجێ ١٠ هـەزار دۆلارمـان دا بـە کۆمپانیاکـە. حکومـەتی ڕەزامەنـدی دەربڕی کـە ئێمـە ئـەو خانـووە بکڕیـن و حکومـەت یارمەتیـمان بـدا. ئێمـە مانگانـە ٣٥٠ دۆلارمـان دەدا و حکومەتیـش ٤٥٠ دۆلار کـە بـە هەردووکـی دەیکـرد ٨٠٠ دۆلار. ئـەو پارەیـەی بـۆ کڕینـی خانـوو قـەرز دەکـرا ١٥٪ یـان وەردەگـرت، بـەڵام دوای شـەڕی پیرژیـەن گەڵـف لەگـەڵ عێـراق لـە سـاڵی ١٩٩٠ ڕێـژەی سـوو بـوو بـە ٨٪. بـە حکومەتـم گـوت بـا مـن پـارە لـە بانکێـک قەرزبکـەم و پارەکـە بـدەم بـە کۆمپانیاکـەی خانـووم لـێ کڕیبـوو، بـەڵام حکومـەت ڕازی نەبـوو. برادەرێکـی ڕووسـم هەبـوو (٤٠٠٠٠) دۆلارم لـەو بـە قـەرز وەرگـرت و خۆشـم ١٠٠٠٠ دۆلارم هەبـوو خسـتمە سـەری و بـوو بـە ٥٠٠٠٠ دۆلار و دامـەوە بـە کۆمپانیاکـە و قـەرزی خانـووم لەکـۆڵ بـووەوە، بـەڵام وا لەگـەڵ کابـرای ڕووس ڕێکەوتبـووم کـە هەمـوو مانگێـک ٦٦٣ دۆلاری بدەمـەوە. بـۆ مـاوەی ٣ سـاڵ هەمـوو مانگێـک ٦٦٣ دۆلارم دەدایـەوە بـە کابـرای ڕووس، بـەڵام دوای سـێ سـاڵ پێـم گـوت تـۆ چەنـد پـارەت لای مـن مـاوە بـا

هەر ئێستا بۆتی بگەڕێنمەوە و ڕزگارم بێ لە قەرزی تۆ ئەویش ڕازی بوو کە ٢٥٠٠٠ دۆلاری بدەمێ، ئینجا پارەکەم دایێ و لە ساڵی ١٩٩٠ لە قەرزی خانوو بە تەواوی ڕزگارمان بوو.

دوای ئەمە حکومەت نامەیەکی بۆمان نارد و تییاندا نووسیبوو ئێمە لەو ماوەیەی ئێوە ئەو خانووەتان کڕیوە بری ١٥٠٠٠ دۆلارمان وەک یارمەتی داوە بە ئێوە، بۆیە نیوەی خانووەکەی ئێوە هی حکومەتە. نووسیبوویان مادام ئێوە خانووەکەتان بە یەکجاری کڕیوەتەوە و پرستان بە حکومەت نەکردووە، ئەوا دەبێ ١٥٠٠٠ دۆلار بدەنەوە بە حکومەت کە لە ماوەی ٥ ساڵ بۆئەوەی داوە بە کۆمپانیای خاوەن خانوو، یان خانووەکە دەفرۆشینین و ئەو ٥٠٠٠٠ دۆلارەی لێ دەردەکەین کە تۆ ئێستا داوتە و ئەوەی دیکە دەکەین بە نیوە، نیوەی بۆ ئێوە و نیوەشی بۆ حکومەت. ژنێکم دەناسی کە کاری کڕین و فرۆشتنی خانووی دەکرد، هێنام خانووەکەمم پێ قرساند و ئەو گوتی ئێستا ٧٥٠٠٠ دۆلار دەکات و نووسراوێکی بۆ حکومەت کرد و نووسی کە ٧٥٠٠٠ دۆلار دەکات. حکومەت بە منیان گوت ئێوە ٥٠٠٠٠ دۆلارتان داوە و ٢٥٠٠٠ دۆلار دەمێنێ، نیوەی هی حکومەتە و نیوەی هی ئێوەیە، کەواتە ئێوە دەبێ ١٢٥٠٠ دۆلار بدەنەوە بە حکومەت. بە حکومەتم گوت کاتێک من خانووەکەم کڕی پارەیەکی زۆرم لە خانووەکە خەرج کردووە. حکومەت گوتی تۆ هیچ پسوولەیەکت هەیە کە پارەت خەرجکردووە، گوتم من وامزانی خانووەکە هی خۆمە، بۆیە هیچ وەسڵێکم هەڵنەگرتووە، بەڵام من لیستێک دەنووسم و ئەو شتانەی تێدا تۆمار دەکەم کە بۆ خانووەکەم کردووە و پارەم لێیان خەرجکردووە، ئێوەش لێژنەیەک پێکبێنن، ئەگەر وا نەبوو، ئەوا من ئامادەم هەموو پارەکەی حکومەت بدەمەوە.

لیستێکم نووسی و پارەکانم لێکدایەوە و گوتم٢٥٠٠٠ دۆلارم لە خانووەکە داوە، دواتر پیاوێک هات و ڕەزامەندی دەربڕی لەسەرئەوەی کە من ٢٥٠٠٠

دۆلارم خەرجکـردووە، ئینجـا حکومـەت وازی لـە مـن هێنـا و لـە سـاڵی ١٩٩٣ بـووم بـە خـاوەن خانووی خـۆم و قـەرزم لەسـەر نەمـا. وردە وردە باروگوزەرانمان بـەرەو بـاشی دەچـوو و منداڵەکانـم بـەردەوام بـوون لـە خوێنـدن. ئێمە بـەردەوام بوویـن لەسـەر ئیـشی خۆمـان و مووچـەی مـن و زاهیـدای هاوژینـم هەمـوو سـاڵ زیـادی دەکـرد.

## شادبوونەوەم بە کوردستانی عێراق

دوای ئـەوەی شـۆڕشی ئەیلـوول کۆتایـی پێهـات و ئێمـە وەک سـەدان پێشـمەرگەی دیکـە چووینـە کوردسـتانی ئێـران و لەوێـش منیـان دوورخسـت و دواتـر پێیـان گوتـم پێویسـتە بـە یەکجـاری وڵاتی ئێـران بەجێبێڵی، لـە ١٩٧٦/٥/١٧ چوویـن بـۆ ئەمریـکا و تـا ١٩٩٢/٣/٢٥ نەگەڕاینـەوە کوردسـتان. لـەم بـەرواره من و ڕزگار و شـۆڕشی کـوڕم گەڕاینـەوە بـاوەشی نیشـتیمان دوای ١٦ سـاڵ دووربـوون و ئاوارەیـی.

ئێمـە بـە فڕۆکـە لـە ئەمریـکاوە چووین بـۆ تورکیـا و لەوێشـەوە بـە ئۆتۆمبێل چووینـە زاخـۆ. لـە زاخـۆ عـەلی قـازی بـرام و خزمەکانـم بـە سـێ ئۆتۆمبێـل هاتبـوون بـۆ پێشـوازیمان و بـە یـەک شـادبووینەوە. ئێمـە سـەردانی زاخـۆ و دهـۆک و دیانـە و گەڵاڵـە و ڕواندزمـان کـرد بـۆ سـەردانی دۆسـت و بـرادەران و ئەوانـەی لەگەڵـم پێشـمەرگە بـوون و ماڵـی بـرام لـە شـاری هەریـر بـوو چـووم بـۆ ئـەوێ بـۆ هەولێـری پایتەختـی کوردسـتان و لەوێشـەوە چوومـە شـاری کۆیـە و ڕانیـە و قـەڵادزێ و دواتریـش چوویـن بـۆ دوکان و سـلێمانی، لەوێشـەوە چوویـن بـۆ هـەردوو شـاری دەربەندیخـان و کـەلار. مـن کـە دەچوومـە هـەر شـارێک دەچوومـە بـارەگای پارتـی و یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان.

پـاش ئـەوەی شـۆڕشی گـوڵان سـەریهەڵدا، جگـە لـە پارتـی چەنـد پارتێکـی دیکـەش دامـەزران، بـەڵام پارتـەکان هەموویـان پڕوپاگەنـدەی خراپیـان لـە دژی

یـەک دەکـرد. پێـش ئـەوەی بچـم بـۆ هەولێـر چـووم بـۆ مەسـیف بۆئـەوەی بچمــە لای کاک مەســعود بــارزانی و کاک عــەلی عەبــدوڵای ســکرتێری پارتــی. ســەرەتا چوومــە لای کاك عــەلی عەبــدولا و دواتــر چوومــە لای کاک نێچیــروان بــارزانی، لــەوێ فەرەنســۆ هەریــری بــە کاک نێچیرڤــان بــارزانی گــوت ئــەوە کاک عەزیــز قــازی ســورچییە، کاک نێچیرڤــان بــە فەرەنســۆ هەریــری گــوت هەرچەنــدە مــن عەزیــز قازیــم نەدیــوە، بــەڵام باوکــم ئیدریــس و مامــم مەســعود بــارزانی بــاسی عەزیــز قازییــان بــۆ مــن کــردووە، بۆیــە مــن ئــەو دەناســم. لــەوێ کاک نێچیرڤــان بــە منــی گــوت ئەگــەر پێــت خۆشــە، هەندێــک لــە پێشــمەرگەکانی خــۆم وەکــو پاســەوان لەگەڵــت دەنێــرم، مــن گوتــم کاک عــەلی قــازی بــرام و خزمەکانــم لەگەڵــم دێــن کــە دەچمــە ســلێمانی و کــەلار. ســەردانی لقــی ٢ی پارتیــم کــرد و لــەوێ زۆر بــە گەرمــی پێشــوازیان لێکردیــن و گووتیــان دەبــێ بــۆ ئێــوارە لای ئێمــە بــن، بــەڵام مــن گوتــم لێــرە نابیــن و دەچینــە ســلێمانی و دواتریــش تــا کــەلار دەڕۆیــن.

لـە هەولێـرەوە چوومە شـاری کۆیە و لەوێ چووم بۆ بـارەگای لێژنەی ناوچەی پارتـی، دواتـر چوویـن بـۆ دۆکان، بـەڵام لـەوێ دانەبەزیـن و یەکسـەر چوویـن بۆ سـلێمانی و لـەوێ سـەردانی لقـی ٤ی پارتیـم کـرد و شـەو چووینـە ماڵـی عەبدوڵای بـرای کاک چـالاک جوانڕۆیی و شـەو لەوێ ماینەوە. دواتر لە سـلێمانییەوە چووین بـۆ شـاری دەربەندیخـان و چوویـن بۆ ماڵـی کاک محەمەد حاجـی وەلی کەلاری و شـەو لەوێ ماینەوە. کاک محەمەد وەلی کەلاری لە سـاڵانی ١٩٦٣-١٩٦٤ سـەرپەلی پێشـمەرگەی لقـی یەکـی ناوچـەی کفـری و کـەلار و دەربەندیخان بـوو، بەردەوام لەگـەڵ پـەلی پێشـمەرگەی خـۆی لەگەڵـم لـە بـەرەی ناوچـەی دەربەندیخـان بوو. بـۆ ڕۆژی دواتـر چوویـن بۆ شـاری کـەلار و چووین بـۆ ماڵی کاک عەزیـز ئەحمەد حاجـی وەلی کـەلاری بـرای کاک محەمـەد حاجـی وەلی کەلاری، ئەویشـمان لەگەڵ بـوو کـە چووین بـۆ کەلار.

سەرەتا چوومە لێژنەی ناوچەی پارتی لە کەلار و ئەوانم لەگەڵ خۆم برد بۆ لای کۆمیتەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و لەوێوە چووینە بارەگای حزبی شیوعی و ئەوجا هەموومان بەیەکەوە چووین بۆ دەرەوەی شاری کەلار و من قسەم بۆ کردن. هەموویانم دەناسی، چونکە پێشتر لە ناوچەی گەرمیان پێشمەرگە بوون و منیش فەرماندەی بەتالیۆنی ٩ی هێزی قەرەداغ بووم. پێم گوتن بۆچی ئێوە پەیوەندیتان لەگەڵ یەک نییە، لە کاتێکدا هەمووتان خۆتان بە پێشمەرگەی کوردستان دەزانن، ئێوە دەبینن سەربازگەی سوپای عێراق زۆر لێرە دوور نییە، ئەگەر هێرش بکات، ئایا پارتی دەڵێ دەبێ یەکێتی بەرگری بکات و یەکێتیش دەڵێ دەبێ پارتی ئەوە بکات، دواتریش دوژمن دێ و ناوچەکە دەگرێ، بەڵام ئەگەر یەکێتییەکی بەهێز لەنێوانتاندا هەبێ هەمووتان بەیەکەوە بەرگری دەکەن. پاشان پێم گوتن دەنگوباسێکم گوێ لێبووە گوایە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان گوتوویەتی ئێمە ئەندامێکی پارتیمان لە جەلەولا گرتووە کە چەند چەکێک و وێنەیەکی زۆری سەدامی پێبووە. پێم خۆشە بزانم کە ئەو کەسە کێ بوو و ناوی چییە، بەڵام هەموویان بێ دەنگ بوون و نەیانتوانی بیسەلمێنن و تەنیا بە درۆ ئەو پروپاگەندەیەیان لە دژی پارتی بڵاوکردبووەوە، دواتر هەموویان سوپاسی منیان کرد کە ئامۆژگاری ئەوانم کرد تا بەیەکەوە بن و بەهێزبن بۆ سوودی گەلی کورد و کوردستان.

لەو سەفەرە بە دۆست و برادەرێکی زۆر شادبوومەوە، چونکە ماوەی ١٧ ساڵ بوو کوردستانم نەدیبوو و دوور بووم لە وڵات. کاتێک لە کەلارەوە گەڕامەوە بۆ هەولێر و هەریر، کاک محەمەد حاجی وەلی و ئەحمەدی برای ئەوم لەگەل خۆم بردن بۆ لای بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی و بردنم بۆ هەریر و ناوچەی گەلی بێخاڵ و ناوچەی خەلیفان بۆئەوەی ئەوانیش ئەو ناوچانە ببینن.

## چوونم بۆ لای سەرۆک مەسعود بارزانی

کاتێک کاک مەسعود بارزانی لە دەرەوەی وڵات گەڕایەوە جەژنی ڕەمەزان بوو، من چووم بۆ لای تا پیرۆزبایی جەژنی ڕەمەزانی لێ بکەم. خەڵکێکی زۆر بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزان هاتبوون بۆ پیرۆزبایی، بەتایبەتی هەڤاڵانی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی کە لەگەڵی چووبوون بۆ یەکێتی سۆڤیەت. بارزانییەکان، ئەوانەی بەیەکەوە چووبووین بۆ یەکێتی سۆڤیەت گوتیان کاک عەزیز پێمان خۆشە وێنە لەگەڵ کاک مەسعود بارزانی بگرین بۆ یادگاری و بە منیان گوت بەڵکو تۆ پێی بڵێی وێنەیەک بەیەکەوە بگرین. کوڕەکانم کامیرای پێشکەوتوویان پێبوو، لەبەر دڵی هەڤاڵەکانم چووم بە کاک مەسعود بارزانیم گوت بێتە دەرەوە تا بەیەکەوە وێنەیەک بۆ یادگاری بگرین، کاک مەسعود بارزانی فەرمووی من شانازی دەکەم کە وێنە لەگەڵ ئێوە بگرم. ئینجا ئێمە وێنەیەکمان گرت و من لای سەرۆک مەسعود بارزانی ڕاوەستابووم، لەپڕ عیسا حەکیم پێندرۆیی هاتە نێوانمان، هەرچەندە من زۆرم پێ ناخۆش بوو، بەڵام هیچم نەگوت. ئەوانەی لەگەڵ کاک مەسعود وێنەمان گرت، هەموومان ڕێگای مان و نەمانمان هەڵبژارد بەرەو یەکێتی سۆڤیەت بە سەرۆکایەتی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی و هەموویان پێشمەرگەی شۆڕشی بارزان بوون لە ساڵی ١٩٤٣-١٩٧٥. ئەوان هەموویان بەشداری شۆڕشی گوڵانیان کردبوو، بێجگە لەمن، چونکە من ئەوکات لە ئەمریکا بووم. ئێمە لە کۆتایی مانگی ئاداری ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ کاک مەسعود بارزانی وێنەمان گرت.

هەروەها لە هەمان سەفەرم چووم بۆ شاری مێرگەسۆر و شێروان و لەوێ کاک غەزالی ئیبراهیم ئاغا چەمی هەندێک خواردنی بۆ ئێمە هێنا، ئێمە ٣ ئۆتۆمبێل چووبووینە مێرگەسۆر تا کوڕەکانم ئەوێش ببینن. لە کۆتایی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٩٢ ئێمە گەڕاینەوە ئەمریکا بۆ ماڵی خۆمان لە ویلایەتی کالیفۆرنیا.

## دووبارە هاتینەوە وڵات

لە ساڵی ١٩٩٤ من و شۆڕشی کوڕم گەڕاینەوە کوردستان، بەڵام بەداخەوە ئەو سەفەرەمان بەهۆی شەڕی براکوژی خۆش نەبوو. لە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٥/١ چووم بۆ بارەگای کاک مەسعود بارزانی لە سەڵاحەدین، بەڵام سەرۆک مەسعود بارزانی لە بارەگای خۆی نەبوو و گوتیان لە سەری بڵندە، بە برادەرانی بارەگای سەرۆک مەسعود بارزانیم گوت من لە ئەمریکاوە هاتووم تا سەرۆک مەسعود بارزانی ببینم، بەڵام ئەو لێرە نییە. پێم گوتن دەچم بۆ هەولێر و ئێوەش تەلەفۆن بۆ کاک مەسعود بارزانی بکەن، بەڵکو کە لە هەولێر هاتمەوە بتوانم ببینم.

چوومەوە هەولێر و گەڕامەوە سەڵاحەدین لەوێ بە منیان گوت کاک مەسعود بە ئێمەی گوتووە کە عەزیز قازی لە هەولێر گەڕایەوە بابێت بۆ لام لە سەری بڵند لە ماڵی خۆم. لە سەڵاحەدین لە بارەگای سەرۆک بارزانی دووبارە تەلەفۆنیان بۆ سەرۆک مەسعود بارزانی کرد و گوتیان عەزیز قازی لێرەیە، گوتیان چەند کەسێک لە لای سەرۆک بارزانین ئەوان بڕۆن با عەزیز قازی بێ. لە سەڵاحەدین چاوەڕوان بووم تەلەفۆن بکەنەوە بچم بۆ لای کاک مەسعود بارزانی، بەڵام پاش نیو کاتژمێر هەواڵی شەڕی براکوژی گەیشت لەنێوان پارتی و یەکێتی لە شاری قەڵادزێ و ڕانیە. مەکتەبی سیاسی پارتی و کاربەدەستانی پارتی چوون بۆ لای کاک مەسعود بارزانی. بەهۆی شەڕی براکوژی نەمتوانی سەرۆک مەسعود بارزانی ببینم. ئەوجارەش پارتی و یەکێتی بەهۆی شەڕی براکوژی دوژمنیان بەخۆیان شاد کرد کە زۆر جێی داخە.

ڕاستەوخۆ لە سەڵاحەدینەوە چوومە ماڵی عەلی قازی برام. لەو سەفەرەم بەهۆی شەڕی براکوژی نەمتوانی بچمە هیچ جێگایەک و سەردانی هیچ یەک لەو دۆست و برادەرانەم بکەم کە بەیەکەوە پێشمەرگە بووین.

لە گوندی خۆمان لە ئافریانی دەشتی هەریر خزم و کەس هاتن پاسەوانیم بکەن، نەوەک یەکێتی بێن بمکوژن، چونکە ماڵی عەلی برام لە هەریر لەنێوان ناوچەی پارتی و کۆمیتەی یەکێتی بوو. دوای شەڕەکەی قەڵادزێ لە پڕ هێزی یەکێتی لە چیای بەنی هەریرەوە هێرشیان کردە سەر بنکەی پۆلیسی هەریر و گرتیان و ماڵی عەلی قازی برام زۆر نزیک بوو لە بنکەی پۆلیس، بە خزمەکانم گوت بەشداری شەڕ نەکەن تا ئەوان هێرش نەکەن کە هێرشیشیان کرد بەپێی توانا بەرگری لە خۆمان دەکەین.

یەکێتییەکان هاتنە سەربانی بنکەی پۆلیس و دەستیان بە جنێودان کرد بە پارتی و سەرۆک مەسعود بارزانی، لەپڕ لەشکری پارتی لە چیای بەنی هەریر هاتنە خوارەوە و ئابلۆقەی هێزەکەی یەکێتیان دا و شەڕ دەستی پێکرد و دەسترێژێکیان لە ماڵی عەلی قازی برام کرد و دوو گولە بەر پەنجەرە کەوتن، بەڵام ڕێگەم نەدا خزمەکانم بەشداری شەڕەکە بن. حاجی سەعید سورچی لە باتاسەوە هات بۆ پشتەوانی لە هێزەکانی پارتی و دوای شەڕێکی دوو کاتژمێری ٥ پێشمەرگەی یەکێتی کوژران و ئەوانەی دی بەدیل گیران. کاتێک شەڕەکە کۆتایی پێهات کەسێک بە چەکەوە خۆی لەسەر دیواری ماڵی عەلی قازی برام فڕێدا خوارەوە و هاتە لای من، ئەو یەکێتی بوو، پێم گوت مەترسە ڕێگە نادەم کەس هیچت لێ بکات. کاتێک شەڕەکە تەواوبوو هاوژینی ئەوی خۆی فڕێدابووە ماڵی عەلی قازی برام، هات و گوتی پارتی بازوکەیەکی ئێمەیان گرتووە و نامدەنەوە، بەڵکو تۆ بۆمان وەربگریتەوە. منیش گوتم لەکوێ گرتوویانە، گوتی لە بارەگای یەکێتی. منیش گوتم بازوکەی ئێوە لە شەڕ گیراوە، بۆیە ببورە ناتاندرێتەوە، بەڵام پیاوەکەت لێرەیە لە لای من، من کارێک دەکەم کە پارتی هیچی لێ نەکەن. ئەوم بردە لێژنەی ناوچەی هەریری پارتی و پێم گوتن ئەو پیاوە خۆی فڕیداوەتە لای من و با خۆی و چەکەکەی بڕوا و

بە بێ لایەنی لە ماڵی خۆی دابنیشێ. هەروەها هێزەکانی یەکێتی شاری هەولێریان گرت و زۆر کەس کوژران و شاری سلێمانی و گەرمیانیش کەوتە دەست هێزەکانی یەکێتی.

خزمەکانم هەموویان وازیان لە ئیشوکاری خۆیان هێنابوو و هاتبوون پاسەوانیان لە من دەکرد، بۆیە بڕیارمدا لەگەڵ شۆڕشی کوڕم زوو بگەڕێینەوە ئەمریکا، تا خزمەکانم بچنەوە سەر ئیشوکاری خۆیان.

لە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٧/٢٢ لە فەرەنسا کۆبوونەوەیەک لەنێوان پارتی و یەکێتی دەکرێ بە مەبەستی وەستاندنی شەڕی نێوانیان. لە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١٠/٢١ بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتیانی ناو شارەکان پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا شەڕی براکوژی لەناو شارەکان نەکرێ، بەڵام بەداخەوە ڕێکەوتی ١٩٩٤/١٢/٢٢ هێزەکانی یەکێتی شاری هەولێریان گرت و زۆرێک لە ئەندامانی پەرلەمان بڕیاری مانگرتنیان داو ١٠١ ڕۆژ مانیان گرت، کەچی هێزەکانی یەکێتی لە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٣/٢٧ هێرشیان کردە سەر بارەگای ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان و بارەگاکەیان گرت.

لە ڕێکەوتی ١٩٩٥/٨/١١ کۆبوونەوەیەک لە دروگیدای ئیرلەندا بەبەشداری ئەمریکا و بەریتانیا و تورکیا بەسترا و بەیاننامەیکی ٩ی خاڵی ڕاگەیەنرا بۆ ڕاگرتنی شەڕ، کەچی دووبارە یەکێتی ڕێککەوتنی درۆگیدای پشتگوێ خست و ڕەتیکردەوە. لە ڕێکەوتی ١٩٩٥/١٠/١٠ کۆبوونەوەیەک لەنێوان پارتی و یەکێتی لە شاری تاران بەسترا بە چاودێری ئێران، لەو کۆبوونەوەیش بڕیاری وەستاندنی شەڕ لەنێوان پارتی و یەکێتی درا، بەڵام ئەمجارەیان لە ڕێکەوتی ١٩٩٦/٨/١٦ هێزەکانی یەکێتی بە پاڵپشتی و هاوکاری تۆپخانە و پاسدارەکانی ئێران هێرش دەکەنە سەر ناوچەی باڵەک و سیدەکان و گرتیان، دواتر هێزەکانی پارتی هێرشیان کردەوە سەر هەردوو ناوچەکە و ڕزگاریان کردەوە. لە ڕێکەوتی ١٩٩٦/٨/٢٣ بۆ ماوەیەک ڕاوەستێنرا، پاشان

لـە ڕێکەوتـی ١٩٩٦/٨/٣٠ نوێنـەرانی پـارتی و یەکێتـی لـە شـاری لەنـدەن لـە بەریتانیـا ڕێککەوتنێکیـان ئامادەکـرد و بڕیـار دەدەن یەکـتر ببیننـەوە، بـەڵام لـە ١٩٩٦/٨/٣١ هێـزەکانی سـوپای بەعـسی عێراقـی شـاری هەولێـر دەگـرن و هێـرش دەکەنـە سـەر چەنـد حزبێکـی ئۆپۆزسـیۆن لەوشـارە و چەنـد ئەندامێکیـان دەگـرن و لـە سـێدارەیان دەدەن، دواتـر سـوپای بەعـس لـە ١٩٩٦/٩/١ شـاری هەولێـر بەجێدێڵـن و دەگەڕێنـەوە قوشـتەپە کـە مۆڵگـەی خۆیـانی لـێ بـوو و هێـزەکانی یەکێتـی دەکشـێنەوە شـاری سـلێمانی و دواتـر هێـزەکانی پـارتی هێـرش دەکەنـە سـەر شـاری سـلێمانی و ئەوێـش دەگـرن.

لـە ڕێکەوتـی ١٩٩٦/٩/٢٦ دووبـارە هێـزەکانی یەکێتـی لـە کوردسـتانی ئێـران بـە هـاوکاری سـوپای ئێـران هێرشـیان کـرد و شـاری سـلێمانیان گرتـەوە و لـەم شـەڕەدا پێشـمەرگەیەکی زۆر لـە هـەردوولا کـوژران. لـە ١٤ی مانگـی تشرینـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٩٦ سـەرکردایەتی یەکێتـی ٤٦ پێشـمەرگەی پـارتی لـە شـاری ڕانیـە گولەبـاران کـرد و دوای شـەڕێکی خوێنـاوی سـنووری پـارتی و یەکێتـی لـە کوردسـتان لـە کۆیـە و دێگەڵـە دیارکـرا، بـەڵام دووبـارە هێـزەکانی یەکێتـی لـە ڕێکەوتـی ١٩٩٧/١٠/١٣ بـە هـاوکاری هێـزەکانی پەکەکـە و حکومـەتی ئێـران هێرشـیان کـردە سـەر هێـزەکانی پـارتی و ویسـتیان سـەری بڵنـد بگـرن کـە سـەرکردایەتی پـارتی لـەوێ بـوون، بـەڵام ئەمریـکا و بەریتانیـا و تورکیـا بـە ڕاشـکاوی یەکێتیـان بـە لەژێرپێنـانی ئاگربەسـت تۆمەتبارکـرد و داوایـان لـە هێـزەکانی یەکێتـی کـرد دەسـتبەجێ بگەڕێنـەوە شـوێنەکانیان، بـەڵام یەکێتـی وەڵامیـان دابـووەوە و گوتبوویـان ئێمـە ئـەو شـوێنانەمان بەخوێنـی خۆمـان گرتـووە و چۆڵـی ناکەیـن، بـەڵام دواتـر هێـزەکانی پـارتی شـوێنەکان دەگرنـەوە.

جارێکیـتر هـەردوولا بڕیـاری وەسـتاندنی شـەڕ دەدەن، بـەڵام ئەمجارەشـیان یەکێتـی هێـرش دەکاتـەوە بـۆ گرتنـی ناوچـەکانی هیـران و دێگەڵـە و چیـای سـەفین و سـماقوڵی و دەیگـرن، پاشـان لـە ڕێکەوتـی ١٩٩٧/٩/١ دوای ئـەوەی

هێـزەکانی پـارتی خۆیـان ڕێکدەخەنـەوە هێـرش دەکەنـەوە سـەر ئـەو ناوچانـە و ڕزگاری دەکەنــەوە.

هەروەهـا لـە ١٩٩٧/١١/١٦ هێـزەکانی پـارتی ناوچـەی سـیدەکان و گونـدەکان ڕزگار دەکـەن لـە ژێـر دەسـتی هێـزەکانی یەکێتـی و دواتـر بـە هەوڵـی محەمـەد عەزیـزی سـکرتێری حـزبی شـیوعی عێـراق و نوێنـەرانی پـارتی و یەکێتـی پەیـمانی ئاشـتی لـە شـاری شـەقڵاوە واژۆ دەکـەن تـا شـەڕی براکـوژی ڕابگـرن.

## چوونەوەی من و زاهیدای هاوسەرم بۆ کوردستان

زاهیــدای هاوســەرم بــە منــی گــوت، پێمخۆشــە ئــەم ســاڵ بچــم بــۆ کوردســتان بــۆ دیتنــی خوشــکی خــۆم کــە لــە شــاری هەولێــرە. بــە زاهیــدای هاوسـەرم گـوت زۆرباشـە ئـەم ساڵ مـن و تـۆ پێکـەوە دەچینـەوە کوردسـتان تـا تـۆ خوشـکی خـۆت ببینـی کـە لەمێـژە نەتبینیـوە. حکومـەتی تورکیا کێشـەی بـۆ گـەلی کـورد دروسـتکرد بـۆ ئەوانـەی لـە ڕێگـەی تورکیـاوە دەچوونـەوە کوردسـتان، حکومـەتی تورکیـا دەیگـوت ئەوانـەی لـە عێـراق لـە دایـک نەبـوون نابـێ لەڕێـی خاکـی تورکیـاوە بچنـە خاکـی عێـراق. مـن تەلەفۆنـم بـۆ لقـی ٧ی پارتـی کـرد لـە ئەمریـکا و کەنـەدا، پێـم گوتـن مـن و زاهیـدای هاوسـەرم دەمانـەوێ لەڕێـی تورکیـاوە بگەڕێینـەوە کوردسـتان، بەڵکـو ئێـوە تەلەفـۆن بـۆ کاک سـەفین موحسـین دزەیـی بکـەن کـە نوێنـەری کوردسـتانە لـە تورکیـا، تـا لـەکاتی گەڕانەوەمـان کێشـەمان بـۆ دروسـت نەکـەن. خۆشـم لـە ئەمریـکاوە تەلەفۆنم بـۆ کاک سـەفین موحسـین دزەیـی کـرد، ئەویـش گوتـی مـن تەلەفـۆن بـۆ کاربەدەسـتانی حکومـەتی تورکیـا دەکـەم تـا ئاریشـەت بـۆ دروسـت نەکـەن.

خوشـکی زاهیـدا نـاوی زاهیـرا بـوو و هاوژینـی حسـێن محەمـەد چیچـۆ کانیەلنجـی بـوو و ماڵـی لـە شـاری هەولێـر بـوو لەگـەڵ کچێکـی کـە نـاوی حەلیمـە بـوو. حکومـەتی بەعـس حسـێن محەمـەد چیچۆیـان ئەنفـال کـرد و

چارەنــووسی دیارنەبــوو.

لــە مانگــی حوزەیــرانی ســاڵی ١٩٩٨ بــە فڕۆکــە چووینــە شــاری ئەنقــەرە و لــەوێ بــە فڕۆکەیەکــی دیکــە چوویــن بــۆ شــاری دیاربەکــر و شــەو لــە هۆتێلێکــی شــاری دیاربەکــر بوویــن. لــە دیاربەکــر ڕێکخــراوی پارتــی تەلەفۆنیــان بــۆ کاک ســەفین موحســین دزەیــی کــرد و پێیــان گــوت کاک عەزیــز قــازی دەچێتــەوە کوردســتان و هاوژینەکــەشی لەگەڵیــەتی، کاک ســەفین دزەیــی گوتــی مــن خــۆم تەلەفۆنــم بــۆ ئەوانــەی ســەر ســنوور کــردووە و گوتوومــە لەســەر ســنووری نێوان تورکیــا و زاخــۆ کێشــەیان بــۆ دروســت نەکــەن.

ئێمــە بــە تەکســییەک لــە شــاری دیاربەکرەوە چووینــە ســەر ســنووری نێــوان کوردســتانی باکــور و باشــوور، لــەوێ بــە ئێمەیــان گــوت هــەر کەسێــک لــە عێــراق لــە دایــک نەبووبــێ ڕێگــەی پــێ نادەیــن لــە خاکــی تورکیــاوە بچێتــە نــاو خاکــی عێــراق، ئــەوان گوتیــان ئێمــە لاریــمان نییــە کــە خــۆت بچیتــە عێــراق، بــەڵام هاوژینەکــەت لــە عێــراق لەدایــک نەبــووە و ڕووســە، بۆیــە ڕێگــە بــەو نادەیــن. پێــم گوتــن زاهیــدا بــۆ مــاوەی ١٥ ســاڵ واتــە لــە ســاڵی ١٩٥٩ تــا ســاڵی ١٩٧٤ لەگــەڵ مــن لــە بەغــدا بــووە و چــوار منداڵــی لــە بەغــدا بــوون و ناســناوی هەردووکــمان قازییــە لــە پاسپۆرتمان، هەروەهــا پێــم گوتــن کاک ســەفین دزەیــی تەلەفــۆنی بــۆ ئێــوە کــردووە و ئێــوە گوتووتــان بــا بێــن و کێشــە نابــێ. شــۆفێری تەکســییەکە پێــی گوتــم کاک عەزیــز ئەگــەر بەرتیلیــان بدەینــێ، ئــەوا ڕێگەمــان پــێ دەدەن بڕۆیــن. مــن ١٠٠ دۆلارم دا بــە شــۆفێرەکە و بۆئــەوەی بیــدا بــەوان، پارەکەیــان وەرگــرت بــەو مەرجــەی ئێمــە لای کــەس بــاسی نەکەیــن کــە بەرتیلمان داوە. ئینجــا واژۆیــان کــرد و ڕێگەیــان دایــن بچینــە کوردســتانی باشــوور. ئــەو ڕۆژەی ئێمــە لەســەر ســنوور بوویــن ڕۆژی شــەممە بــوو و کاک ســەفین لــە شــوێنی خــۆی نەبــوو تــا تەلەفــۆنی بــۆ بکەیــن، بۆیــە ناچاربوویــن ١٠٠ دۆلار بەرتیــل بدەیــن.

هاتینــەوە کوردســتان بــەڵام لەبــەر خراپــی بــارودۆخ ئەمجــارەش نەمتــوانی بچمــەوە ناوچــەی ســلێمانی و گەرمیــان، تەنیــا چووینــە هەولێــر و ڕوانــدز و باڵەکایــەتی کــە ئــەوکات لــە بــن دەســتی هێــزەکانی پــارتی بــوون. دوای مانگێــک ئێمــە گەڕاینــەوە ماڵــی خۆمــان لــە ئەمریــکا.

## چوونم بۆ شاری واشنتۆنی پایتەختی ئەمریکا

لــە یــادی ٢٠ ســاڵەی کۆچــی دوایــی باوکــی گــەلی کــورد بــارزانی نەمــر، دکتــۆر ئەحمــەد غــوڵام لــە لقــی ٧ی پــارتی تەلەفــۆنی بــۆ کــردم تــا بچــم بــۆ واشــنتۆن. داوایــان لێکــردم وتارێــک پێشــکەش بکــەم لەبــارەی ژیــان و خەبــاتی بــارزانی نەمــر. هەروەهــا تەلەفۆنیــان بــۆ کاک جەمــال بەختیــار کردبــوو کــە ئەویــش بــێ بــۆ واشــنتۆن.

لــە ڕێکەوتــی ١٩٩٩/٢/٢٨ مــن و ڕوناکــی کچــم چووینــە شــاری واشــنتۆن و ئێــوارەی ئــەو ڕۆژە گەیشــتینە ئــەوێ و کاک دکتــۆر ئەحمــەد غــولام و کاک فەرهــاد بــارزانی پێشــوازییان لــە ئێمــە کــرد. وتارێکــی دووردرێــژم لەبــارەی ژیــان و خەبــاتی بــارزانی نەمــر ئامادەکردبــوو لــە ڕێکەوتــی ١٩٩٩/٣/١ بــۆ ئامادەبووانــم خوێنــدەوە، لــەوێ کاک دکتــۆر کەمــال کەرکووکــی و کاک جەمــال بەختیــار دانیشــتبوون. لــە وتارەکەمــدا بــاسی خەبــاتی ســەرۆکی گــەلی کــورد بــارزانی نەمــرم کــرد و بــاسی کۆمــاری کوردســتان و چوونمــان بــۆ یەکێتــی ســۆڤیەت و شــۆڕشی ئەیلــوولم کــرد. مــن لــە هەمــوو ئەمانــە بەشــداربووم، بۆیــە لێپــرسراوانی لقــی ٧ی پارتــی لــە ئەمریــکا و کەنــەدا داوایــان لــە مــن کــرد وتارێــک بخوێنمــەوە.

## گەڕانەوەمان بۆ کوردستان لە ساڵی ١٩٩٩

لــە لقــی ٧ی پارتــی تەلەفۆنیــان بــۆ کــردم و گوتیــان ســەرۆک مەســعود بــارزانی تەلەفــۆنی بــۆ ئێمــە کــردووە کــە مــن بچمــەوە کوردســتان و بەشــداری کۆنگــرەی ١٢ی پارتیــمان بکــەم لــە شــاری هەولێــری پایتەختــی کوردســتان. مــن

و شـۆڕشی کـورم گەڕاینـەوە هەولێـری پایتەختـی کوردسـتان تـا بەشـداری لـە کۆنگـرەی ١٢دا بکەیـن. کۆنگـرە لـە بـەرواری ١٩٩٩/١٠/٦ لـە شـاری هەولێـر دەسـتی پێکـرد. لـە کۆنگـرەی ١٢ سـەرۆک مەسـعود بـارزانی میدالیـای بـارزانی نەمـری بـە ئێمـە دا. ئەوانـەی میدالیـای بارزانیـمان وەرگـرت، ئەمانـە بـوون:

١- ساڵح عەلی کانیەلنجی

٢- غەزالی ئیبراهیم

٣- عەزیز قازی سورچی

٤- خدر عیسا دۆلەمەری

٥- حەسۆ محەمەد شێخ سیدەیی

٦- عەلی شنگاری

٧- جەمال بەختیار

٨- خاتوو ئامینای خێزانی شەهید محیەدین ڕەحیم

٩- فەلەکەدین کاکەیی

١٠- ئیسماعیل ئەحمەد مەناف

١١- ئەلحاج مەحموود گەورەدێ

١٢- مەلا عارف حاجی عەلی

١٣- عەبدولڕەحمان حاجی عەلی

١٤- حەسەن سەمەد

١٥- ئەحمەد سەعید سپینداری

١٦- میرۆ چاڤشین نێروەیی

١٧- محەمەد میرزا سندی

١٨- حەبیب کلش کولی

١٩- عومەر مەلازادە

٢٠- مهەندیس ئەحمەد بریفکانی

٢١- عەلی برایم سپیندارى

٢٢- سەیدۆ چەلکی

٢٣- خورشید تۆفیق

٢٤- خالید کۆچەر

٢٥- ئەحمەد مارەدووی

٢٦- مەلا ئیبراهیم

٢٧- نوری خدر

٢٨- مەعروف بن مێردی

٢٩- ئیسماعیل تروانش

٣٠- حسێن کوردی

٣١- شێخۆ شێرۆ

٣٢- حسێن شێخە بەنانی

٣٣- مەلا عەزیز مەحموود

٣٤- ڕەمەزان عیسا

٣٥- ملحەم دری

٣٦- شەهید حەمید سوری (درا بە ڕێزانی کچی)

٣٧- خورشید شێرە.

## ناوی هەڤاڵانی ڕێبازی بارزانی نەمر، ئەوانەی لەگەڵی چوون بۆ یەکێتی سۆڤیەت

٢٣- ئیبراهیم جەلال شکاک (لە لایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە ئەنفالکراوە)
٢٤- ئیبراهیم حەسەن دۆلەمەری (لەساڵی ١٩٦١ شەهید بوو).
٢٥- ئیبراهیم حسێن دۆلەمەری (لەساڵی ١٩٦٣ شەهید بوو).
٢٦- ئیبراهیم شێخۆ ئیبراهیم شانەدەری ( لەساڵی ١٩٨٢ کۆچی دوایی کردووە)
٢٧- ئیبراهیم قورتاس ئەحمەد سەفتی- نزاری ( لە ساڵی ١٩٧٤ کۆچی دوایی کردووە)
٢٨- ئیبراهیم میرالی کورکی – شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
٢٩- ئیبراهیم خۆشەوی پالانە- مزوری (لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە ئەنفال کراوە)
٣٠- ئیبراهیم شێخۆ موفرەدی لێری – شێروانی (لەساڵی ١٩٨٦ کۆچی دوایی کردووە)
٣١- ئەحمەد عەلی بریندار چیچۆ شیفکی- مزوری (ئەنفالکراوە)
٣٢- ئەحمەد عەلی سابڵاخی (ماوە و لە یەکێتی سۆڤیەتی چارەنووسی دیار نییە)
٣٣- ئەحمەد بێداوی – مزوری (لە یەکێتی سۆڤیەت کۆچی دوایی کرد)
٣٤- ئەحمەد حەدۆ ئەحمەد شانەدەری- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
٣٥- ئەحمەد حەسەن لەشکری، بێستری- شێروانی (ماوە)
٣٦- ئەحمەد جاسم ئەحمەد پێندرۆیی- مزوری (ماوە)
٣٧- ئەحمەد تاها یونس ئەرگوشی – مزوری (ئەنفالکراوە)
٣٨- ئەحمەد عەلی مەحمود ئەرگوشی- مزوری (ماوە)
٣٩- ئەحمەد محەمەد سووت، هۆستانی- بەرۆژی ( لەساڵی ١٩٨٤ کۆچی دوایی کردووە)
٤٠- ئەحمەد عەلی جەم ئەرگوشی- مزوری (ماوە)
٤١- ئەحمەد میرۆ بیری- دۆسکی (ماوە)

٤٢- ئەحمـەد هـەوار سـەلیم شـانەدەری- شـێروانی (لەسـاڵی ١٩٧٢ کۆچـی دوایـی کـردووە)
٤٣- ئەحمەد یوسف عەبدولڕەحمان سەفتی- نزاری (ماوە)
٤٤- ئەسعەد محەمەد خالید بازی – بەڕۆژی (ئەنفالکراوە)
٤٥- ئەسـعەد خۆشـەوی سـێلکی- مـزوری (لـە سـاڵی ١٩٧٧ کۆچـی دوایـی کـردووە)
٤٦- ئەسعەد ڕەشۆ مێرگەسۆری- شێروانی (ماوە)
٤٧- ئەسعەد سلێمان قادر دێزۆیی – مزوری (لە ساڵی ١٩٦١ شەهید بوو)
٤٨- ئەسـکەندەر عەبدولسـەلام بیـری- دۆسـکی ژۆری (لـە یەکێتـی سـۆڤیەت کۆچـی دوایـی کـرد)
٤٩- ئیسماعیل عەلی مەلائەحیا محەمەد لێری- شێروانی (ماوە)
٥٠- ئیسماعیل مەلا ئەحمەد عەلی بابان- بەڕۆژی (ئەنفالکراوە)
٥١- ئیسماعیل عەلی شێخۆمەر ئیسماعیل تێلی- مزوری (ئەنفالکراوە)
٥٢- ئیسماعیل عەبدولا هەمیرە پێندرۆیی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٥٣- سەید ئیسماعیل سەید غەفور ئیروانی- نزاری (کۆچی دوایی کردووە)
٥٤- ئیسماعیل تاها عەلی بازی- بەڕۆژی (ئەنفالکراوە)
٥٥- ئیسماعیل ئەحمەد محەمەد هوستانی – بەڕۆژی (کۆچی دوایی کردووە)
٥٦- ئاغا عەلی میرخان ناڤداری – نزاری (کۆچی دوایی کردووە)
٥٧- ئاڤدەل مستەفا عومەر مێرگەسۆری- شێروانی (ماوە)
٥٨- ئاڤدەل حاجی میکایل بژیان – مزوری (ئەنفالکراوە)
٥٩- ئالۆ عەلی ئالۆ هەڤنکی- بەڕۆژی (ئەنفالکراوە)
٦٠- ئالی شێخۆمەر بێدارونی- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
٦١- ئەلیاس عوسمان حاجی ڕیشەیی – بەڕۆژی (ماوە)
٦٢- عومـەر عـەدۆ عومـەر شـانەدەری – شـێروانی (لەسـاڵی ١٩٩٥ کۆچـی دوایـی کردووە)
٦٣- ئەینۆ شوکر عەلی (کۆچی دوایی کردووە)
٦٤- بابەکر زوبەیر هەسنی – بەڕۆژی (ماوە)

٦٥- بابەکر شێخ یاسین کرکەمۆیی- شێروانی (ماوە)
٦٦- بادین قادر بادین دێزۆیی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٦٧- بەدرۆ لەشکری حسێن بێستری- شێروانی (ماوە)
٦٨- بەهجەت عەبدولخالق ئاکرەیی (کۆچی دوایی کردووە)
٦٩- بێجان جوندی عەلی شکاک (کوردی کوردستانی ئێران)، (کۆچی دوایی کردووە)
٧٠- پیرۆ چیچۆ عەزیز گوێزی – مزوری (ماوە)
٧١- پیرۆ حەمۆ ئیبراهیم کەلێتی- گەردی (ئەنفالکراوە)
٧٢- پیرۆ یوسف هەروری کەلوکی- شێروانی (ماوە)
٧٣- تاژدین ئاغا تاژدین کەلوکی – شێروانی (ماوە)
٧٤- تاژدین مەلاحەسەن تاژدین بیەیی- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
٧٥- تۆفیق خواجە میر پیر مزوری (لە یەکێتی سۆڤیەت مایەوە و بزرە)
٧٦- تیلۆ باقی محەمەد زۆرەگڤانی- نزاری (ئەنفالکراوە)
٧٧- تێلی عەبدولکەریم ئیبراهیم کەلێتی- گەردی (لەساڵی ١٩٤٧ لە گوندی زێت شەهید بوو)
٧٨- تەیمەز عارەب سێلکی- مزوری (ماوە)
٧٩- تەمەر مستەفا حەسەن بناڤی- مزوری (شەهیدبووە)
٨٠- تەیمور موسا جەعفەر- شکاک (لە کوردستانی ئێران- ماوە)
٨١- جادر جانگیر جادر مێرۆزی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٨٢- جادر عەزیز ئەرگوشی – مزوری (ئەنفالکراوە)
٨٣- جەوەر محەمەد عەلی تێلی – مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٨٤- جبرایل یەحیا بیری- دۆسکی ژۆری (کۆچی دوایی کردووە)
٨٥- جەم عەلی جەم ئەرگۆشی – مزوری (لەڕێگا گەڕایەوە بۆ یەکێتی سۆڤیەت)
٨٦- جومعە مستەفا یوسف تێلی – مزوری (ئەنفالکراوە)
٨٧- جەمیل تۆفیق سور بامەڕنی ( لەساڵی ١٩٦٣ شەهید بووە)
٨٨- جەمیل عەبدولڵا حەسەن ئاڤادوری – مزوری (ئەنفالکراوە)

٨٩- جەوەر حسێن محەمەد سێلکی- مزوری (ئەنفالکراوە)
٩٠- چەتۆ محەمەد حەتەم مزوری - (ئەنفالکراوە)
٩١- چیچ حەتەم شەمدین شێنگلی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٩٢- چیچ ئەحمەد حادێ سەردەری- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
٩٣- حاجی ئالی جوبرایل دووری- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
٩٤- حاجی شێخۆمەر وەسمان زراری- شێروانی (ماوە)
٩٥- حاجی عیسا گۆرام لێرەبیری- شێروانی (ماوە)
٩٦- حاجی مەلۆ چاوشین لێرە بیری – شێروانی (ماوە)
٩٧- حاچک محەمەد چەمی- شێروانی (لە ساڵی ١٩٩٩ کۆچی دوایی کردووە)
٩٨- حادێ حەسکۆ ڤاژی- شێروانی (لە ١٩٦٦/٥/٦ شەهید بوو)
٩٩- حالی ئەحمەد عەلی خیشکەلی- دۆلەمەری (لەساڵی ١٩٦٥ شەهید بووە)
١٠٠- حالی ئاغا تاجدین لێلوکی – شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
١٠١- حالی ئەحمەد حالی بنێ بیا- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
١٠٢- حالی باپیر محەمەد کەلوکی- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
١٠٣- حالی محەمەد قادر خەلانی- دۆلەمەری ( لەساڵی ١٩٦٥ لە شاری ڕواندز شەهیدبوو)
١٠٤- حالی مام حەدۆ سەردەری- شێروانی (ئەنفالکراوە)
١٠٥- حاجی ئەحمەد ماشودری (کۆچی دوایی کردووە)
١٠٦- حاجی ئەبوبەکر شێخ پالانی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
١٠٧- حاجی ئەحمەد عومەر ڕێزانی- بەڕۆژی (شەهیدبووە)
١٠٨- حاجی حەیدەر سلێمان ئەرگوشی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
١٠٩- حەسکۆ چیچۆ عەبدولا بارزانی – بەڕۆژی (لە یەکێتی سۆڤیەت کۆچی دوایی کردووە)
١١٠- حاجی ئۆمەر عەبدولا کەلێتی گەردی (کوردی کوردستانی تورکیا- شەهیدبووە)
١١١- حاجی مەلا عەلی سلێمان ئاڤادوری – مزوری (ئەنفالکراوە)

١١٢- حاجی ئەحمەد حاجی بانی (لەساڵی ١٩٦١ شەهید بووە)
١١٣- حەدۆ ئەحمەد حەدۆ سەردەری- شێروانی (ماوە)
١١٤- حەدۆ حەسەن ئەحمەد لێری- شێروانی (لە یەکێتی سۆڤیەت کۆچی دوایی کردووە)
١١٥- حەدۆ فەتاح میرحەمەد گۆڕەتوویی- شێروانی (لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول شەهید بووە)
١١٦- حەدۆ قادر باوەیی- دۆلەمەری (ماوە)
١١٧- حەدۆ حەمەد پەریا ڕێزانەیی- شێروانی (ئەنفالکراوە)
١١٨- حەسکۆ میرۆ زراری- شێروانی (لەساڵی ١٩٦١ شەهید بووە)
١١٩- حەسکۆ حەسەن ئیبراهیم عەبدو خۆشکانی- دۆلەمەری (ماوە)
١٢٠- حەسەن ئەحمەد خانەمیر ژاژوکی- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
١٢١- حەسەن ئەحمەد ناز مێرگەسۆری- شێروانی (لەساڵی ١٩٧٣ کۆچی دوایی کردووە)
١٢٢- حەسەن خال هەمزە مەلا مێرگەسۆری- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
١٢٣- حەسەن سلێمان شانەدەری- شێروانی (لەیەکێتی سۆڤیەت مایەوە)
١٢٤- حەسەن سلێمان مەلا ژاژوکی- شێروانی (لە شەڕی گوندی ئەلوشی شەهیدبوو)
١٢٥- حەسەن سوار عومەر لێری- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
١٢٦- حەسەن شەمدین حەتەم شێنگلی – مزوری (لە یەکێتی سۆفیەت کۆچی دوایی کرد)
١٢٧- حەسەن عەبدوڵا ئەحمەد سێلکی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
١٢٨- حەسەن عەلی حەسەن سپینداری- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
١٢٩- حەسەن محەمەد گران- گەردی کوردستانی تورکیا (لە ساڵی ١٩٧٣ کۆچی دوایی کرد)
١٣٠- حەسەن مەلامحەمەد تاجدین مێرگەسۆری- شێروانی (ماوە)
١٣١- حەسەن مستەفا وەسمان بنێ بیایی- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)

١٣٢- حەسەن مەلا حەسەن ڕێزانەیی- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
١٣٣- حەسەن مەلایەحیا حەسەن دێزویی- مزوری (ماوە)
١٣٤- حەسۆ ساڵح نادر سیدان – مزوری (شەهید بووە)
١٣٥- حەسۆ فەقێ ئەحمەد بابکەیی – شێروانی (بزرە)
١٣٦- حەسۆ محەمەد کەکشار مێرگەسۆری- شێروانی (ماوە)
١٣٧- حەمید خەسرۆ مهابادی- (ماوە لە شاری هەولێرە)
١٣٨- حسو میرخان خەردەنی- دۆلەمەری (لەساڵی ١٩٩٧ کۆچی دوایی کرد)
١٣٩- حسۆ مەلا تەیمەز ڤاژی- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
١٤٠- حەسۆ میرخان ژاژوکی- شێروانی (لەساڵی ١٩٩٤ شەهیدبووە)
١٤١- حسێن ئەحمەد تاهیر ئیشوکوری- شێروانی (شەهید بووە)
١٤٢- حسێن مەلکۆ کانیەلنجی- شێروانی (ئەنفالکراوە)
١٤٣- حامۆ سلێمان ڕەشید هیران- مزوری (شەهید بووە)
١٤٤- حسێن بەکر باپشتی (کۆچی دوایی کردووە)
١٤٥- حسێن جەرجیس سەعید پێندرۆیی- مزوری (لە ساڵی ١٩٦٧ کۆچی دوایی کردووە)
١٤٦- حسێن خال مەلا ئیبراهیم بابکەیی- شێروانی (لەساڵی ١٩٨١ کۆچی دوایی کردووە)
١٤٧- حسێن ڕەشید شەمدین ئەرگوشی- مزوری (ماوە)
١٤٨- حسێن سلێمان مەلابازی- بەڕۆژی (ئەنفال کراوە)
١٤٩- حسێن ئیبراهیم ساڵح داویتکەیی (شەهیدبووە)
١٥٠- حسێن محەمەد چیچۆ کانیەلنجی- شێروانی (ئەنفالکراوە)
١٥١- حسێن مەلا تاها بێداوی- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
١٥٢- حسێن عەلی هۆرەماری هۆستانی- بەڕۆژی (کۆچی دوایی کردووە)
١٥٣- حسێن فەقێ خانۆ بەردەری- شێروانی (شەهید بووە)
١٥٤- حسێن محەمەد سەلیم ئەرگۆشی- مزوری (ئەنفال کراوە)
١٥٥- حسێن محەمەد حسێن هوپەیی- گەردی کوردستانی تورکیا (کۆچی دوایی کردووە)

١٥٦- حسێن میر شەکر بێرۆخی کوردستانی تورکیا (کۆچی دوایی کردووە)
١٥٧- حەکیم عومەر مەلا شنی هوستانی- بەڕۆژی (کۆچی دوایی کردووە)
١٥٨- حەکیم یاسین تاها پێندرۆیی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
١٥٩- جەم ئەحمەد حەم ئەرگۆشی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
١٦٠- حەمدین عەبدوڵا شێتنی- دۆلەمەری (کۆچی دوایی کردووە)
١٦١- حەمو ئەحمەد ڕەش سەفتی- نزاری (کۆچی دوایی کردووە)
١٦٢- خانۆ جوج خان ژاژوکی- شێروانی (ماوە)
١٦٣- خالید محەمەد زوبەیر هەسنی- بەڕۆژی (کۆچی دوایی کردووە)
١٦٤- خالید مەلا عەلی ڕێزانەیی- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
١٦٥- خدر حەسەن عەباس خەلکانی- باڵەکی (شەهید بووە)
١٦٦- خدر خانۆ شێخۆمەر بێدودی- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
١٦٧- خدر ڕەمەزان ڕەمۆ سێلڤانی (کۆچی دوایی کردووە)
١٦٨- خدر مەلا وەسمان (بنێ بیا- شێروانی- ماوە)
١٦٩- خدر عیسا عومەر گوسکی- دۆلەمەری (ماوە)
١٧٠- خەلیل ئیبراهیم ئەرگوشی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
١٧١- خەلیل شێخۆمەر سپینداری- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
١٧٢- خەلیل عەلی سلێمان ئاڤادۆری- مزوری (ئەنفال کراوە)
١٧٣- حەمو شەمدین بایەزیدی مووکایی- مزوری (ئەنفال کراوە)
١٧٤- خواجە حاجی مەولود هۆیی- گەردیی کوردستانی تورکیا (کۆچی دوایی کردووە)
١٧٥- خودادا حەسەن بەگزادە- کوردستانی ئێران (لە ساڵی ١٩٩٢ کۆچی دوایی کردووە)
١٧٦- خورسید یوسف تێلی- مزوری (شەهید بوو)
١٧٧- خورشید نەبۆ هورەماری- دۆسکی (لە یەکێتی سۆڤیەت کۆچی دوایی کردووە)
١٧٨- خورشید یوسف ئەرگۆشی- مزوری (لەساڵی ١٩٧٨ شەهید بوو)
١٧٩- خۆشەوی سوفی (زراری- شێروانی (ئەنفالکراوە))

١٨٠- خۆشەوی محەمەد حەسەن بێخشاشی- شێروانی (لە ساڵی ١٩٦٣ شەهید بوو)

١٨١- خۆشەوی مەلامحەمەد کانیەلنجی- شێروانی (ماوە)

١٨٢- داوید عەلی جەمیل ئەرگوشی- مزوری (ئەنفال کراوە)

١٨٣- داود یوخەنا ورمەیی- ئێرانی (کۆچی دوایی کردووە)

١٨٤- دەروێش عومەر عەزیز ئەرگۆشی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)

١٨٥- دەروێش کەکۆ قورتاس لێرەبیری- شێروانی (ماوە)

١٨٦- دەروێش میرۆ بێرسیاڤی- شێروانی (ماوە)

١٨٧- ڕەحمان مەحموود دەرگەڵەیی- باڵەک (گەڕایەوە یەکێتی سۆڤیەت)

١٨٨- ڕەشید کەریم سلێمان ماوەتی- مزوری (لە ١٩٧٦/١٠/١ کۆچی دوایی کردووە)

١٨٩- ڕەشید ڕەسووڵ قورتاس لێرەبیری- شێروانی (ئەنفالکراوە)

١٩٠- ڕەشید باقی محەمەد کۆری- شێروانی (ماوە)

١٩١- ڕەشید حەمۆ حاجی شێنگلی- مزوری (ماوە)

١٩٢- ڕەشید عەزیز ئەرگۆشی- مزوری (گەڕایەوە یەکێتی سۆڤیەت)

١٩٣- ڕەشید نەبی عەبدولڕەحمان ئەرگۆشی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)

١٩٤- ڕەشید عەزیز ڕەشید بیرەکەپری- زێباری (کۆچی دوایی کردووە)

١٩٥- ڕەشید میر ئیبراهیم سەرۆکانی- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)

١٩٦- ڕەزا ورمەیی- ئێرانی (کۆچی دوایی کردووە)

١٩٧- ڕەمەزان حاجی عومەر گۆران- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)

١٩٨- ڕەیحانە شلێمون خەنان- سۆران (کۆچی دوایی کردووە)

١٩٩- زوبەیر فەقۆ حەسەن نزاری- بەڕۆژی (لە ساڵی ١٩٦٣ شەهید بووە)

٢٠٠- زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی- باڵەک (ماوە)

٢٠١- زیاب زیاب عەلی هەسنی- بەڕۆژی (کۆچی دوایی کردووە)

٢٠٢- زێڕۆ عەزیز ئەرگۆشی- مزوری (لە یەکێتی سۆڤیەت کۆچی دوایی کردووە)

٢٠٣- زیاب دری- هەرکی (کۆچی دوایی کردووە)

٢٠٤- ساڵح عەلی کانیەلنجی- شێروانی (ماوە)
٢٠٥- سەدۆ قادر کەلێتی- گەردیی کوردستانی تورکیا ( لە ٢٠٠٠/٧/٦ کۆچی دوایی کردووە)
٢٠٦- سەعدی قاسم پالانی- مزوری (لە ١٩٩٩/٢/٥ کۆچی دوایی کردووە)
٢٠٧- سەعید ئەحمەد نادر بێداروني- شێروانی (لە ٢٠٠٠/٢/٥ کۆچی دوایی کردووە)
٢٠٨- سەعید بابەکر شێخ پالانی- مزوری (شەهید بووە)
٢٠٩- سەعید عەبدولکەریم کەلێتی- گەردی ( لە ١٩٩٨/٦/١ کۆچی دوایی کردووە)
٢١٠- سەعید مەلا عەبدولقاسم شێنگلی- مزوری (ئەنفال کراوە)
٢١١- سەعید عەبدولوەهاب ئەرگۆشی- مزوری (لە ٢٠٠١/٦/١٨ کۆچی دوایی کرد )
٢١٢- سەعید عومەر جەمیل ئەرگۆشی- مزوری (ئەنفال کراوە)
٢١٣- سەعید مەلا عومەر سەعید بیەیی- شێروانی (لە ساڵی ١٩٨١ کۆچی دوایی کردووە)
٢١٤- سەعید وەلی بەگ ڕێزانەیی- شێروانی (ماوە)
٢١٥- سەلیم حسێن مراد گوێزی – مزوری (ماوە)
٢١٦- سەلیم خان مەرعان ئومەر بێداروني- شێروانی (شەهیدبووە)
٢١٧- سەلیم ڕەشید شەمدین ئەرگۆشی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٢١٨- سەلیم ڕەشید سەلام بابسێڤ- مزوری (ماوە)
٢١٩- سەلیم زوبەیر مەلا بارزانی- بەڕۆژی (لە ١٩٧١/٩/٢٩ شەهیدبووە)
٢٢٠- سەلیم شێخۆمەر کورکی- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
٢٢١- سەلیم سەعید فەقێ عەبدولڕەحمان بارزانی- بەڕۆژی (ئەنفالکراوە)
٢٢٢- سەلیم عەزیز کۆرکی- شێروانی (ماوە)
٢٢٣- سەلیم عیسا یاسین پێندرۆیی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٢٢٤- سلێمان بەگە دەرگەڵەیی- باڵەک (لەساڵی ١٩٧٤ کۆچی دوایی کرد)
٢٢٥- سلێمان حەکیم یاسین پێندرۆیی- مزوری (ماوە)

٢٢٦- سلێمان حەدۆ کورانی- شێروانی (لەژیاندایە)
٢٢٧- سلێمان خال ئالی بەردەری- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
٢٢٨- سلێمان شەریف مەلاحەسەن بارزانی – بەرۆژی (کۆچی دوایی کردووە)
٢٢٩- سلێمان شاوەلی شانەدەری- شێروانی (لە ساڵی ١٩٦٣ شەهیدبوو)
٢٣٠- سلێمان یاسین عەلی شیڤی- مزوری (لە یەکێتی سۆڤیەت شەهیدبوو)
٢٣١- شێخ سلێمان شێخ عەبدولسەلام بارزانی- بەرۆژی (کۆچی دوایی کردووە)
٢٣٢- سلێمان عەلی یاسین سەفتی- نزاری (لەساڵی ١٩٨٤ کۆچی دوایی کرد)
٢٣٣- سلێمان عومەر عەبدوڵا خەلانی- دۆلەمەری (لە ساڵی ١٩٩٩ شەهید بوو)
٢٣٤- سلێمان فەقۆ حەسەن ئیسومەری- نزاری ( لە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٩/٣٠ کۆچی دوایی کرد)
٢٣٥- سلێمان لاچ حسێن سپینداری- مزوری (لە ١٩٦٣ شەهید بوو)
٢٣٦- سلێمان میرخان ئارەب کانیەدێری- شێروانی (لە ژیاندایە)
٢٣٧- سیامەند عەزیز حارس مێرگەسۆری- شێروانی (لەساڵی ١٩٦٦ شەهیدکرا)
٢٣٨- سەید سالم سەید حەمید هەولێری (لەساڵی ١٩٧٥ کۆچی دوایی کرد)
٢٣٩- سەید فەقێ عومەر سەرکویی- شێروانی (ئەنفال کراوە)
٢٤٠- سەید عەزیز سەید عەبدوڵا شەمزینی (کۆچی دوایی کردووە)
٢٤١- سەید محەمەد ئەمین سەید بازی- بەرۆژی (لەساڵی ١٩٨٢ کۆچی دوایی کردووە)
٢٤٢- سین عەلی سەفتی-نزاری (لە یەکێتی سۆڤیەت کۆچی دوایی کردووە)
٢٤٣- سلێمان میرخان ئەحمەد خەردەنی- دۆلەمەری (لە ساڵی ١٩٦٣ شەهیدبوو)
٢٤٤- سین حەسەن تاجدین لێرەبیری- شێروانی (لەساڵی ١٩٨١ کۆچی دوایی کردووە)
٢٤٥- شاکر بەگ ئۆغز بەگ بیروخی – گەردیی کوردستانی تورکیا (لە ساڵی

١٩٨١ کۆچـی دوایـی کـردووە)

٢٤٦- شاهین ئیبراهیم شاهین مامیسکی- شێروانی (ئەنفالکراوە)

٢٤٧- شاهین عەلی مامیسکی- شێروانی (ئەنفالکراوە)

٢٤٨- شـەریف مەلاسـەلام بیـری- دۆسـکی ژۆری (لـە سـاڵی ١٩٧١ کۆچـی دوایـی کـردووە)

٢٤٩- شەریف قورتاس زراری- شێروانی (لەژیاندایە)

٢٥٠- مەلا شەریف کانیەدێری- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)

٢٥١- شـەریف لەشـکری بێسـترێ- شـێروانی (لـە سـاڵی ١٩٦٧ کۆچـی دوایـی کـردووە)

٢٥٢- شەفیق مەلا عەبدوڵا قاسم شێنگلی- مزوری (ئەنفال کراوە)

٢٥٣- شـەکر محەمـەد ئەحمـەد سێلکی- مـزوری (لەساڵی ١٩٧٣ کۆچـی دوایـی کردووە)

٢٥٤- شـێخ یەزدیـن محەمـەد نـەبی دوایتکەیـی – مـزوری (لـە سـاڵی ١٩٩٩ کۆچـی دوایـی کـرد)

٢٥٥- شێخ بابوک قورتاس مێرگەسۆری- شێروانی (لە ژیاندایە)

٢٥٦- شێخۆمەر ئاغا بولی – باڵەک (لەژیاندایە)

٢٥٧- شێخۆ زوبەیر عەبدوڵا ڕازیانی- بەڕۆژی (لە ژیاندایە)

٢٥٨- شێخۆمەر عەزیز کانیەتایی- شێروانی (لەژیاندایە)

٢٥٩- شێخۆ مەرعان حەسەن دێزۆیی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)

٢٦٠- شێخۆمەر شینگ مەلا ئۆمەر دێریشکی- شێروانی (ئەنفال کراوە)

٢٦١- شێخۆمەر ئەحمەد حادێ دۆری- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)

٢٦٢- شێخۆمەر مرادخان ڤاژی- شێروانی (ئەنفالکراوە)

٢٦٣- شـێخۆمەر محەمـەد ئەحمـەد زێتـی- گەردیـی کوردسـتانی تورکیـا (ئەنفـال کراوە)

٢٦٤- شێخۆمەر یونس شانەدەری- شێروانی ( لەساڵی ١٩٦١ شەهید بووە)

٢٦٥- سادق سلێمان بارزانی- بەڕۆژی (کۆچی دوایی کردووە)

٢٦٦- ساڵح ئەحمەد حسێن ڤاژی- شێروانی (ئەنفال کراوە)

٢٦٧- سالّح محەمەد کورەماری- دۆسکی (چارەنووسی دیار نییە)
٢٦٨- سالّح حسێن مراد گوێزی- مزوری (گەڕایەوە یەکێتی سۆڤیەت)
٢٦٩- سالّح خانۆ عوسمان زێوی- نزاری (لە ژیاندایە)
٢٧٠- سالّح تاهیر سێلکی- مزوری (ئەنفال کراوە)
٢٧١- سالّح حەسەن تەمەر- شیڤکی، مزوری (لە ژیاندایە)
٢٧٢- سالّح ئاغا مەحموود خێرزوکی- شێروانی (ئەنفالکراوە)
٢٧٣- سالّح عەبدولّا فەقێ بابان- بەڕۆژی (لە سالّی ١٩٩٩ کۆچی دوایی کرد)
٢٧٤- سالّح عەلی زیاب پالان- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٢٧٥- سالّح عومەر حاجی پالان- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٢٧٦- سالّح محەمەد سپینداری- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٢٧٧- سالّح محەمەد عەبدولّا لێری- شێروانی (شەهید بووە)
٢٧٨- سالّح محەمەد قورتاس لێرەبیری- شێروانی (شەهیدبووە)
٢٧٩- سدیق بەخشی دەستازی- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
٢٨٠- سدیق خەلیل یەحیا کانیەتایی- شێروانی (لە ژیاندایە)
٢٨١- سورکان مەلاباس مێرگەسۆری- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
٢٨٢- سلێمان عەبدولّا سلێمان تێلی- مزوری (ئەنفال کراوە)
٢٨٣- شا حسێن عەلی محەمەد تێلی- مزوری (ئەنفال کراوە)
٢٨٤- تاهیر شەریف عەلی هەمولا- مزوری (ئەنفال کراوە)
٢٨٥- تاهیر عەزۆ بێرسیاڤی- شێروانی (لە سالّی ١٩٦٧ شەهید بووە)
٢٨٦- تاهیر ئەسکەندەر حەسەن ڕیشەیی- بەڕۆژی (ئەنفالکراوە)
٢٨٧- تاها حاجی تاها مێروزی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٢٨٨- تاها حەدۆ چیچۆ ڕەشک بێرۆخی- گەردیی کوردستانی تورکیا (کۆچی دوایی کردووە)
٢٨٩- تاها یاسین شەکر مێرۆزی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٢٩٠- زاهیر قادر زاهیر هوستانی- بەڕۆژی (نازانرێ لە کوێیە)
٢٩١- عارس خانۆ بێدارونی- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)

٢٩٢- عارس محەمەد خان هوستانی- بەڕۆژی (کۆچی دوایی کردووە)
٢٩٣- عەبدولڕەحمان مستەفا چەلەبی گۆمەشینی (کۆچی دوایی کردووە)
٢٩٤- عەبدولڕەحمان عەلی مەلا یونس زێوەیی- نزاری (لە ساڵی ١٩٧٣ کۆچی دوایی کردووە)
٢٩٥- عەبدولڕەحمان موفتی ئامێدی (لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە)
٢٩٦- عەبدولڕەحمان یەحیا عەبدولڕەحمان بیەیی- شێروانی (لە ژیاندایە)
٢٩٧- عەبدولکەریم ڕەسووڵ محەمەد بازی- بەڕۆژی (شەهید بووە)
٢٩٨- عەبدولڕەحیم عەبدوڵا عومەر بابکەیی- شێروانی (لە ژیاندایە)
٢٩٩- عەبدولڕەحیم جەسیم ئەحمەد پێندرۆیی- مزوری (لەساڵی ١٩٨٣ کۆچی دوایی کردووە)
٣٠٠- عەبدولکەریم ئیبراهیم کەلێتی- گەردیی کوردستانی تورکیا (شەهید بووە)
٣٠١- عەبدوڵا ئەحمەد عارس مێرگەسۆری- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
٣٠٢- عەبدوڵا حەسەن عەبدوڵا ئاڤادوری- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٣٠٣- عەبدوڵا جاسم بەگ تاهیر خێرزوکی- شێروانی (لەساڵی ١٩٦١ شەهیدبووە)
٣٠٤- عەبدوڵا حسێن جەرجیس پێندرۆیی- مزوری (لە ژیاندایە)
٣٠٥- عەبدوڵا عوسمان گوێزی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٣٠٦- عەبدوڵا داوید بارزانی- بەڕۆژی (کۆچی دوایی کردووە)
٣٠٧- عەبدوڵا سلێمان فەقێ عەبدولڕەحمان بارزانی- بەڕۆژی (لەساڵی ١٩٧٦ کۆچی دوایی کرد)
٣٠٨- عەبدوڵا سەعید ئەحمەد خەلانی- دۆلەمەری (کۆچی دوایی کردووە)
٣٠٩- عەبدوڵا ساڵح عەبدوڵا بێکولی شیفکی- مزوری (ئەنفال کراوە)
٣١٠- عەبدوڵا عیسا عیسا شێتنی- دۆلەمەری (کۆچی دوایی کردووە)
٣١١- عەبدوڵا مەحموود فەقێ ئیسماعیل هەسنی - بەڕۆژی ( لەساڵی ١٩٨٣ کۆچی دوایی کردووە)
٣١٢- عەبدوڵا مەلاحەسەن بارزانی- بەڕۆژی (کۆچی دوایی کردووە)

٣١٣- عەبدیش عومەر عەبدیش سپینداری- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٣١٤- عوسمان بایەزدین بارزانی- بەڕۆژی (کۆچی دوایی کردووە)
٣١٥- عوسمان حەسەن مەحمود دۆری- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
٣١٦- عوسمان مێرۆ دۆری- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
٣١٧- عەریف عەبدولڕەحمان خۆشناو (لە ساڵی ١٩٤٧ لە ناوچەی شێروان شەهید بوو)
٣١٨- عەزۆ شێخۆمەر شانەدەر- شێروانی (لە ساڵی ١٩٨٨ کۆچی دوایی کردووە)
٣١٩- عەزۆ حسێن بێدارونی- شێروانی (لەژیاندایە)
٣٢٠- عەزۆ قاسم ئیبراهیم بابکەیی- شێروانی (لەژیاندایە)
٣٢١- عەزۆ مەلا حەبیب بێدارونی- شێروانی (شەهیدبووە)
٣٢٢- عەزیز مستەفا چەلەبی گۆمەشی (شەهیدبوو)
٣٢٣- عوزەیر عەزیز کانیەلنجی- شێروانی (لەساڵی ١٩٨٢ کۆچی دوایی کردووە)
٣٢٤- عەزیز قادر کەلوکی- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
٣٢٥- عەزیز ساڵح عەزیز لیری- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
٣٢٦- عەزیز قازی سورچی (لە کالیفۆرنیا لە ئەمریکا دەژێ)
٣٢٧- عەزیز مامەل عەزیز بێری- شێروانی (لەساڵی ١٩٨٠ کۆچی دوایی کردووە)
٣٢٨- عەزیز محەمەد جبرەییل پێندرۆیی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٣٢٩- عەقلا حسێن میرشەکر بێرۆخی- گەردیی کوردستانی تورکیا (کۆچی دوایی کردووە)
٣٣٠- عەلی ئاغا مەحموود خێرزوکی- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
٣٣١- عەلی جانگیر مێروزی- مزوری (لە یەکێتی سۆڤیەت کۆچی دوایی کردووە)
٣٣٢- عەلی حەسەن شین توبی- گەردیی کوردستانی تورکیا (لەژیاندایە)
٣٣٣- عەلی خان ئاقدەل کانیەتایی- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)

٣٣٤- عەلی خەلیل خۆشەوی سێلکی- مزوری (لە ژیاندایە)
٣٣٥- عەلی زێڕۆ عەلی مورکا- مزوری (لە ژیاندایە)
٣٣٦- عەلی سلێمان فەتاح- شاری سلێمانی (لە یەکێتی سۆڤیەت کۆچی دوایی کرد)
٣٣٧- عەلی شەعبان ئیسماعیل هەسنکی- بەڕۆژی (لە ساڵی ١٩٩٥ شەهید بوو)
٣٣٨- عەلی عومەر محەمەد ڕیشەیی- بەڕۆژی (ئەنفال کراوە)
٣٣٩- عەلی غازی ئیسماعیل تێلی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٣٤٠- عەلی لاجین کرکەمۆیی- شێروانی (لەساڵی ١٩٧٥ کۆچی دوایی کردووە)
٣٤١- عەلی محەمەد قورتاس لێری- شێروانی (لە ساڵی ٢٠٠٥ کۆچی دوایی کردووە)
٣٤٢- عەلی شێخ محەمەد سدیق بارزانبەڕۆژی (کۆچی دوایی کردووە)
٣٤٣- عەلی محەمەد گۆج مێرگەسۆری- شێروانی (لە ساڵی ١٩٨٦ کۆچی دوایی کردووە)
٣٤٤- عەلی مستەفا عومەر لێلوکی- دۆلەمەری (لەساڵی ٢٠٠٣ کۆچی دوایی کردووە)
٣٤٥- عەلی یونس پێندرۆیی- مزوری (لە یەکێتی سۆڤیەت کۆچی دوایی کردووە)
٣٤٦- عومەر مەلاشین هوستانی- بەڕۆژی (کۆچی دوایی کردووە)
٣٤٧- عومەر ئاغا محەمەد لێلوکی- دۆلەمەری (لە ١٩٩٥/٥/١١ شەهیدکرا)
٣٤٨- عومەر ئوغز عومەر کوران- مزوری (لە یەکێتی سۆڤیەت کۆچی دوایی کردووە)
٣٤٩- عومەر باپیر نەبی ژاژوکی- شێروانی (ئەنفال کراوە)
٣٥٠- عومەر بازیدی قادر بەنانی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٣٥١- عومەر عوسمان وەیسی پێندرۆیی- مزوری (ئەنفالکرا)
٣٥٢- عومەر حەسەن عەلی هوستانی- بەڕۆژی (ئەنفالکرا)
٣٥٣- عومەر حسێن محەمەد شکاک- کوردستانی ئێران (کۆچی دوایی

کـردووە)
٣٥٤- عومەر شێخ عەبدولڕەحمان سەفتی- نزاری (ئەنفالکرا)
٣٥٥- عومـەر شـێخ میـر زراری- شـێروانی (لـە یەکێتـی سـۆڤیەت کۆچـی دوایـی کـردووە)
٣٥٦- عومەر شێخۆ عەبدولڕەحمان سەفتی- نزاری (ئەنفال کراوە)
٣٥٧- عومـەر عەبدولعەزیـز هۆسـتانی- بـەڕۆژی (لـە یەکێتـی سـۆڤیەت کۆچـی دوایـی کـردووە)
٣٥٨- عومەر فەقێ ئەحمەد سیدارون- شێروانی (ماوە)
٣٥٩- عومەر مستەفا باسۆ ئیسۆمەری- نزاری (لەژیاندایە)
٣٦٠- عومـەر محەمـەد ئەمیـن جبرایـل پێندرۆیـی- مـزوری (کۆچـی دوایـی کـردووە)
٣٦١- عومەر محەمەد ئەمین عومەر لێری- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
٣٦٢- عومـەر محەمـەد شـەریف شـکاک- کوردسـتانی ئێـران (کۆچـی دوایـی کـردووە)
٣٦٣- عیسا حەکیم یاسین پێندرۆیی- مزوری (لە ژیاندایە)
٣٦٤- عیسا خالید حسێن بازی- بەڕۆژی (ئەنفال کراوە)
٣٦٥- عیسا سوار عیسا سێلکی- مزوری (لە ١٩٧٥/٣/١٩ شەهیدکرا)
٣٦٦- عیسا عەلی شێخ پالان- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٣٦٧- عیسا حەمەد مەلکۆ کانیەلنجی- شێروانی ( لەیەکێتی سۆڤیەت مایەوە)
٣٦٨- غەزالی ئیبراهیم چەمی- شێروانی ( لەژیاندایە)
٣٦٩- غـەزالی میرخـان ژاژوکـی- شـێروانی ( لـە ١٩٩٧/٧/٢٤ کۆچـی دوایـی کـردووە)
٣٧٠- فارس نەعمان شێخۆمەر ڕوزی- گەردیی کوردستانی تورکیا (شەهیدبوو)
٣٧١- فەتاح بەگ ئەحمەد خان شێتنی – دۆلەمەری (کۆچی دوایی کردووە)
٣٧٢- فەتاح عومەر جەمیل ئەرگۆشی- مزوری (لە ساڵی ١٩٦٣ شەهید بووە)
٣٧٣- فەیـزۆ عوسـمان پێندرۆیـی- مـزوری (لـە ڕێکەوتـی ١٩٩٧/٧/٢٤ کۆچـی دوایـی کـردووە)

٣٧٤- فەیزۆ مەلکۆ عەبدولا بارزانی- بەڕۆژی (لە ساڵی ١٩٧١ کۆچی دوایی کردووە)

٣٧٥- فریا مەلۆ حاج چاوشین لێرەبیری- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)

٣٧٦- فەز حەدۆ کورت بێدارونی- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)

٣٧٧- فەق حەسەن میرزا ئیدلبی- مزوری (شەهید بوو)

٣٧٨- فەق ساڵح بەخشی دەشتازێ (گەڕایەوە یەکێتی سۆڤیەت)

٣٧٩- فەق محمەد حسێن زێوەیی- مزوری (لە ساڵی ١٩٦٢ کۆچی دوایی کردووە)

٣٨٠- قادر عەبدولا جبرایل پێندرۆیی- مزوری (لەساڵی ١٩٨٥ کۆچی دوایی کردووە)

٣٨١- قادر ئیبراهیم شاهین مامسکی- شێروانی (ئەنفال کراوە)

٣٨٢- قادر دەروێش موسا ئاکرەیی (کۆچی دوایی کردووە)

٣٨٣- قادر محەمەد عومەر سەفتی- نزاری (لە ژیاندایە)

٣٨٤- قادر شەمدین عەبدولا گۆڕەتوویی- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)

٣٨٥- قاسم سەعدی یاسین ئەرگۆشی- مزوری (ئەنفال کرا)

٣٨٦- قاسم سەلیم یاسین بێرسیاڤی- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)

٣٨٧- قپۆ خالید زوبەیر بارزانی- بەڕۆژی (ئەنفال کرا)

٣٨٨- کازم مستەفا ئومەر شانەدەری- شێروانی (لەژیاندایە)

٣٨٩- کازم ڕوڵات شکاک- کوردی کوردستانی ئێران (کۆچی دوایی کردووە)

٣٩٠- کەریم عەبدولا خدر شنۆیی- کوردستانی ئێران (لە ساڵی ١٩٦٦ شەهید بوو)

٣٩١- کەریم مەلکۆ عەبدولا بارزانی- بەڕۆژی (کۆچی دوایی کردووە)

٣٩٢- کەژۆ عەبدولا مەلا ژاژوکی- شێروانی (لەژیاندایە)

٣٩٣- کەکۆ حسێن کەلۆکی- شێروانی (لەژیاندایە)

٣٩٤- کەکشار ئەحمەد عارس مێرگەسۆری- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)

٣٩٥- گۆران عیسا گۆران مێرۆزی- مزوری (لەژیاندایە)

٣٩٦- گورگۆ مەحموود بابکەیی- شێروانی (لە ساڵی ١٩٧٥ کۆچی دوایی

کـرد)
٣٩٧- مەلکۆ مامەند مەسیح سەرۆکانی- شێروانی (لەژیاندا ماوە)
٣٩٨- ماخـۆ مەحمـوود عومـەر شـانەدەری- شـێروانی (لـە سـاڵی ١٩٦١ کۆچـی دوایـی کـردووە)
٣٩٩- مالخۆ میرالی سەلیم کورکی- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
٤٠٠- مام حسێن عەبدولقادر کۆیی (لە ساڵی ١٩٦١ کۆچی دوایی کردووە)
٤٠١- مامەس ڕەشید مامیسکی- شێروانی (لە ژیاندایە)
٤٠٢- مـام میـرزا شـکاک- کوردسـتانی ئێـران (لـە سـاڵی ١٩٥٠ لـە یەکێتـی سـۆڤیەت کۆچـی دوایـی کـرد)
٤٠٣- مامەند مەسیح حالی سەرۆکانی- شێروانی ( لەساڵی ١٩٦١ شەهید بوو)
٤٠٤- مەجید ئاڤدەل نەبی بوسی- مزوری (لە ژیاندایە)
٤٠٥- مەجید حاجی تاها مێرۆزی- مزوری (لە ژیاندایە)
٤٠٦- مەجید میکایل حاجی بژیان- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٤٠٧- محەمەد ئەحمەد ڕەش ئاغا سەفتی-نزاری (کۆچی دوایی کردووە)
٤٠٨- محەمەد ئاغا بابەکر شێتنی دۆلەمەری (کۆچی دوایی کردووە)
٤٠٩- محەمەد ئاغا ڕەش شەمدین ئەرگۆشی- مزوری (لەژیاندایە)
٤١٠- محەمـەد ئاغـا عەبـدولا حسـێن خـەلانی- دۆلەمـەری (کۆچـی دوایـی کـردووە)
٤١١- محەمەد ئەمین حەسەن عەبدوڵا زێوەیی- نزاری (لە ژیاندایە)
٤١٢- محەمەد ئەمین سەعید عوسمان زێوەیی- نزاری (لەژیاندایە)
٤١٣- محەمەد ئەمین حەسەن دەرگەڵە- زێباری (لەژیاندایە)
٤١٤- محەمەد ئەمین شەمدین خالید ئەرگۆشی- مزوری (لە ژیاندایە)
٤١٥- محەمەد ئەمین تاهیر مەحموود بیەیی- شێروانی (لەژیاندا ماوە)
٤١٦- محەمـەد ئەمیـن فقـێ وەسـمان بێسـترێ- شـێروانی (لەسـاڵی ١٩٩٧ کۆچـی دوایـی کـردووە)
٤١٧- محەمـەد ئەمیـن میرخـان مێرگەسـۆری- شـێروانی (لـە سـاڵی ١٩٦٢ شـەهیدبوو)

٤١٨- محەمەد بکۆ جادر مێرۆزی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٤١٩- محەمەد ئەمین میکایل ساڵح مێرۆزی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٤٢٠- محەمەد تاژدین لێری- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
٤٢١- محەمەد جولندی جبرائیل شێنگلی- مزوری (لە ساڵی ١٩٩٤ کۆچی دوایی کردووە)
٤٢٢- محەمەد جەمیل عەلی ئەرگۆشی- مزوری (لەساڵی ١٩٦٧ کۆچی دوایی کردووە)
٤٢٣- محەمەد کەریم عەلی برادۆستی- باڵەک (کۆچی دوایی کردووە)
٤٢٤- محەمەد مستەفا چاوڕەش ئەرگۆشی- مزوری (شەهیدبووە)
٤٢٥- چیچۆ ئەمین پێندرۆیی- مزوری (لە ژیاندایە)
٤٢٦- محەمەد حەدۆ تونار زینانی - دۆلەمەری (کۆچی دوایی کردووە)
٤٢٧- محەمەد حەسەن خدر بانی- شێروانی (لە ژیاندایە)
٤٢٨- محەمەد حەسەن ڤاژی- شێروانی (لە ساڵی ١٩٦١ شەهیدبووە)
٤٢٩- محەمەد حەمۆ عوسمان گوێزی- مزوری (ئەنفال کراوە)
٤٣٠- محەمەد خاڵ بابکەیی- شێروانی (لە یەکێتی سۆڤیەت کۆچی دوایی کرد)
٤٣١- محەمەد ڕەشید محەمەد بابسێف- مزوری (لە ژیاندایە)
٤٣٢- محەمەد ڕەسووڵ محەمەد مێرۆزی – مزوری (لەژیاندایە)
٤٣٣- محەمەد شەکر بارزانی- بەڕۆژی (لە ساڵی ١٩٧٧ شەهید بووە)
٤٣٤- محەمەد شێرۆ دەروێش هەڤنکی- بەڕۆژی (کۆچی دوایی کردووە)
٤٣٥- محەمەد تاها حەسەن سەفتی- نزاری (کۆچی دوایی کردووە)
٤٣٦- محەمەد عەبدوڵا حەسەن ئیسۆمەری- نزاری (لەژیاندایە)
٤٣٧- محەمەد عوسمان مستەفا سپینداری- مزوری (شەهیدبوو)
٤٣٨- محەمەد عەبدوڵا حسێن بازی- بەڕۆژی (ئەنفال کراوە)
٤٣٩- محەمەد عەزیز محەمەد سپینداری- مزوری (ئەنفال کراوە)
٤٤٠- محەمەد عەزیز عارس مێرگەسۆری- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
٤٤١- محەمەد عیسا محەمەد مێرگەسۆری- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)

٤٤٢- محەمەد فەق بایەزدین گوێزی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٤٤٣- محەمەد نەجیب بەرواری (لە ساڵی ٢٠٠٢ کۆچی دوایی کردووە)
٤٤٤- محەمەد نوح محەمەد سپینداری- مزوری (لەژیاندایە)
٤٤٥- محەمەد مام ڕەش شەمدین شێنگلی- مزوری (ئەنفال کراوە)
٤٤٦- محەمەد عەلی ئال هەڤنکی- بەڕۆژی (کۆچی دوایی کردووە)
٤٤٧- محەمەد مەحمود زوبەیر بارزانی- بەڕۆژی (کۆچی دوایی کردووە)
٤٤٨- محەمەد مستەفا مەلا کانیەلنجی- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
٤٤٩- محەمەد مەلامحەمەد مێرگەسۆری- شێروانی (لە ساڵی ١٩٤٧ شەهیدبوو)
٤٥٠- محەمەد یاسین محەمەد سپینداری- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٤٥١- محەمەد حال هەڤدیانی (کۆچی دوایی کردووە)
٤٥٢- مەحموود سەید مەحموود حەج ورمێ- کوردستانی ئێران (کۆچی دوایی کردووە)
٤٥٣- مەحمود فەق ئەحمەد بابکەیی- شێروانی (لە ساڵی ١٩٦٣ کۆچی دوایی کردووە)
٤٥٤- مەحمود عەبدولڕەحمان بابکەیی- شێروانی (لە ساڵی ١٩٦٣ کۆچی دوایی کرد)
٤٥٥- مەحمود وەسمان بیری- شێروانی (ئەنفالکراوە)
٤٥٦- حەمۆ شوان ئاغا شانەدەری- شێروانی (لە ژیاندایە)
٤٥٧- حەمۆ حەسەن شەکر شێنگلی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٤٥٨- محیەدین بابەبزادە بالەنیی کوردستانی ئێران
٤٥٩- مراد ئاغا شێخۆ ئەحمەد بیری – دوسکی ژۆری (لە ساڵی ١٩٨٤ کۆچی دوایی کردووە)
٤٦٠- مراد میکائیل حاجی بژیان- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٤٦١- مەرعان محەمەد کەلێتی – گەردی کوردستانی تورکیا (لەوێ دەژێ)
٤٦٢- مستەفا ئەیوب چیچۆ شیڤکی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٤٦٣- مستەفا جانگیر مێرۆزی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٤٦٤- مستەفا سەعید چیچۆ داویتکی (ئەنفالکراوە)

٤٦٥- مستەفا ڕەشۆ سۆفی لیلوکی- دۆلەمەری (لەژیاندایە)
٤٦٦- مستەفا شەریف مستەفا بەرواری (کۆچی دوایی کردووە)
٤٦٧- مستەفا جادر عارس مێرۆزی- مزوری (لەساڵی ١٩٧٦ کۆچی دوایی کردووە)
٤٦٨- مستەفا مەلاشین حەکیم هوستانی- بەڕۆژی (لەیەکێتی شۆڤیەت کۆچی دوایی کردووە)
٤٦٩- مستەفا عەبدوڵا فەق نەبی کرکەمۆیی- شێروانی (لە ژیاندایە)
٤٧٠- مستەفا ساڵح مەلاباس زێوەیی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٤٧١- مستەفا عەبدوڵا هادی هیزان- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٤٧٢- مستەفا عومەر یاسین سەفتی- نزاری (لە ساڵی ١٩٨٦ کۆچی دوایی کردووە)
٤٧٣- مستەفا محەمەد تاها بارزانی- بەڕۆژی (ئەنفال کراوە)
٤٧٤- مستەفا محەمەد بیبەک بارزانی- بەڕۆژی (ئەنفال کراوە)
٤٧٥- مستەفا دەرویش شێخ نێرگز تێلی- مزوری (شەهید بووە)
٤٧٦- مفرەدی خانۆ کانیەلنجی- شێروانی (ئەنفال کراوە)
٤٧٧- مەل سۆفی حەم هەسنی- بەڕۆژی (کۆچی دوایی کردووە)
٤٧٨- مەل محەمەد ئەمین لێری- شێروانی (لە شەڕی ناوچەی ماکۆ شەهیدبوو لە ساڵی ١٩٤٧)
٤٧٩- مەلاڕەش ئەحمەد مەزنەیی- دۆلەمەری (لەژیاندایە)
٤٨٠- مەلاک عەبدوڵا سلێمان ئەرگۆشی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٤٨١- مەلا ئەحمەد حەدۆ قورتاس لێرەبیری- شێروانی (لەژیاندایە)
٤٨٢- مەلائەحمەد لەشکری حسێن بێستری- شێروانی (شەهید بوو)
٤٨٣- مەلاحەسەن بایەزدین بارزانی- بەڕۆژی (لەبەغدا لەساڵی ١٩٧٥ کوژرا)
٤٨٤- مەلاڕەسوول مەلامحەمەد مێرگەسۆری- شێروانی (لەیەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٥٠ کۆچی دوایی کرد)
٤٨٥- مەلا سلێمان موسا ئاکرەیی (لە ژیاندایە)
٤٨٦- مەلا سەعید عەلی مەریوانی- کوردستانی ئێران (لە ساڵی ١٩٨١ کۆچی

دوایـی کـردووە)
٤٨٧- مەلاشین قورتاس بێدارونی- شێروانی (لەساڵی ١٩٦٣ شەهیدبوو)
٤٨٨- مەلاساڵح عەلی شانەدەری- شێروانی (لەژیاندایە)
٤٨٩- عەبدولڕەحمان مـەلا حەبیـب بێرسـیاڤی- شـێروانی ( لەسـاڵی ٢٠٠١ کۆچـی دوایـی کـرد)
٤٩٠- مەلا عەبدوڵا زیاب عەلی زێوەیی- نزاری (لەژیاندایە)
٤٩١- مەلا عەلی خدر ژاژوکی- شێروانی (لە ساڵی ١٩٧٨ کۆچی دوایی کرد)
٤٩٢- مەلا ئیبراهیم بابەکر سینک- بەڕۆژی (لەژیاندایە)
٤٩٣- مەلا تاها فەقێ کەلۆکی- نزاری (کۆچی دوایی کردووە)
٤٩٤- مەلایونـس مسـتەفا ئومـەر شـانەدەری- شـێروانی (لـە سـاڵی ١٩٩٥ کۆچـی دوایـی کـرد)
٤٩٥- مەلاشەریف تاجدین کانیەدێری- شێروانی (شەهیدبووە)
٤٩٦- مەلانەبی یاسین پێندرۆیی- مزوری (لەساڵی ١٩٧٥ شەهید بووە)
٤٩٧- مەلائەحمەد مەلا یەحیا کەکلەیی- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
٤٩٨- مەلا گۆج خدر ببانی- بەڕۆژی (ئەنفال کراوە)
٤٩٩- مەلکۆ زێڕۆ سەرۆکانی- شێروانی (لە ساڵی ١٩٦٦ شەهیدبووە)
٥٠٠- مەلـۆ پیـرۆ ئەحمـەد بێسـتری- شـێروانی (لـە ٢٠٠٠/٥/٣ کۆچـی دوایـی کـردووە)
٥٠١- مەلۆ حەسەن مەلۆ باوەیی- دۆلەمەری (لەژیاندایە)
٥٠٢- مەلـۆ قورتـاس سـەعید بابکەیـی- شـێروانی (لەسـاڵی ١٩٨٤ کۆچـی دوایـی کـردووە)
٥٠٣- موسـا بـەگ ئۆغـز بـەگ ڤـرزی- گەردیـی کوردسـتانی تورکیـا (لەسـاڵی ١٩٦١ شـەهیدبووە)
٥٠٤- مەلحـم ئیبراهیـم خـان پێلـی- مـزوری (لـە سـاڵی ١٩٨٥ کۆچـی دوایـی کـرد)
٥٠٥- مەلا میرخان بادین دۆری- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
٥٠٦- مەلکۆ عەباس محەمەد ئەمین بێرسیاڤی- شێروانی (لەژیاندایە)

٥٠٧- موسا ناوخۆش محەمەد بەنانی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٥٠٨- میران میرخان سەرۆکانی – شێروانی (لە یەکێتی سۆڤیەت مایەوە)
٥٠٩- میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی (کۆچی دوایی کردووە)
٥١٠- میرخـان مامەنـد تاجدیـن کانیەدێـری- شـێروانی (لەسـاڵی ١٩٦٣ کۆچـی دوایـی کـردووە)
٥١١- میرخان نەبی وەسمان زراری- شێروانی (ئەنفال کراوە)
٥١٢- میرزائاغا ڕەشۆ مێرگەسۆری- شێروانی (لەساڵی ١٩٦١ شەهیدبووە)
٥١٣- میرزا ئاغا عەبدوڵا میرخان مێرگەسۆری- شێروانی (ئەنفال کراوە)
٥١٤- میـرۆ مەحمـوود شـەرۆنی- گەردیـی کوردسـتانی تورکیـا (کۆچـی دوایـی کـردووە)
٥١٥- میرۆ جوج بێدارونی- شێروانی (لەژیاندایە)
٥١٦- میرۆ محەمەد ئیسماعیل عەلی شێروانی (لەژیاندا ماوە)
٥١٧- میکائیل محەمەد جبرایل پێندرۆیی- مزوری (ئەنفال کراوە)
٥١٨- میرۆ میرالی سەلیم کۆرکی- شێروانی (لەساڵی ١٩٨٤ کۆچی دوایی کرد)
٥١٩- مستەفا لاڤ دۆری- شێروانی (لە یەکێتی سۆڤیەت مایەوە)
٥٢٠- مەحمود عەبدوڵا حسێن هەڤنکی- بەڕۆژی (کۆچی دوایی کردووە)
٥٢١- محی عەزیز محی سپینداری- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٥٢٢- محەمەد عەلی شێخ محەمەد ئەرگوشی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)
٥٢٣- محەمەد عەلی ئیلخان بازی- بەڕۆژی (شەهیدبووە)
٥٢٤- ناوخۆش حەدۆ قورتاس لێرەبیری- شێروانی (لەژیاندایە)
٥٢٥- نەبی حەسەن عەبدوڵا خەلانی- دۆلەمەری (لەساڵی ١٩٦٣ شەهیدبووە)
٥٢٦- ناوخـۆش حسـێن لێرەبیـری شـێروانی (لـە یەکێتـی سـۆڤیەت کۆچـی دواییکـرد)
٥٢٧- نەعـمان عەبدولڕەحـمان یونـس بـارزانی- بـەڕۆژی (لـە ١٨٧٥ کۆچـی دوایی کردووە)
٥٢٨- هەمیرە قاسم مامیسکی- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)
٥٢٩- وەسمان شێخۆ ئەحمەد ژاژوکی- شێروانی (کۆچی دوایی کردووە)

٥٣٠- وەیـسی عـەلی حـەدۆ شـانەدەری- شـێروانی (لـە ١٩٩٢/٥/١ کۆچـی دوایـی کـرد)

٥٣١- یاسین میکائیل عومەر سێلکی- مزوری (کۆچی دوایی کردووە)

٥٣٢- یاسین ڕەشید فارس مێرۆزی- مزوری (لە ساڵی ١٩٦٣ شەهیدبوو)

٥٣٣- شـێخ وەسـمان محەمـەد ئەمیـن مێرگەسـۆری- شـێروانی (چارەنـووسی دیـار نییە )

٥٣٤- حەمە شەریف بەکر مستەفا بادلیی- ناو دەشتی دیانا (شەهیدبوو)

ئـەو پێشـمەرگانە کـە ژمارەیـان ٥١٢ پێشـمەرگە بـوو لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٧/٤/١٩ پەیـمانی مـان و نەمانیـان بـە سـەرۆکی خۆیـان، بـارزانی نەمـر دا، دووبـارە لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٧/٥/١٥ لـە گونـدی ئەرگـۆش پەیمانیـان بـۆ سـەرۆک بـارزانی دووپاتکـردەوە تـا ڕێـگای مـان و نەمـان لەگـەڵ سـەرۆکیان بگرنـە بـەر ئەوەبـوو لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٧/٥/٢٣ کەوتـە پێـش پێشـمەرگەکانی کوردسـتان تـا بـەرەو یەکێتـی سـۆڤیەت بـڕۆن و دوای چەنديـن شـەڕ و بڕینـی ڕێگایەکـی دوورودرێـژ لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٧/٦/١٦ گەیشـتنە سـەر ڕووبـاری ئـاراس و لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٧/٦/١٧ دەسـتمان کـرد بـە پەڕینـەوە بـۆ وڵاتی یەکێتـی سـۆڤیەت لـە ناوچـەی نەخشـیوان. بـارزانی نەمـر خـۆی لەوبـەری ڕووبارەکـە مایـەوە تـا هەمـوو پێشـمەرگەکان پەڕینـەوە ئینجـا بـارزانی نەمـر خـۆی لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٧/٦/١٨ دوا پێشـمەرگە بـوو کـە لـە ڕووبـاری یەکێتـی سـۆڤیەت پەڕییـەوە و هاتـە سـەر خاکـی یەکێتـی سـۆڤیەت و بـۆ مـاوەی ١٢ سـاڵ لـە دەربـەدەری و ئاوارەیـی مایـەوە تـا سـاڵی ١٩٥٨ لـە یەکێتـی سـۆڤیەتەوە بـە پاپـۆڕی کـروز چووینـە شـاری بـەسرا. ئێسـتا کـە سـاڵی ٢٠٠٦ ە ئامـاری هەڤاڵـەکانی بـارزانی بەمشـێوەیەیە:

- هەڤاڵەکانی بارزانی نەمر ١٠٤ کەسیان ماون.
- حەفتـا کەسـیان شـەهید بـوون لـەکاتی شـۆڕشی ئەیلـوول و گـوڵان و لـە ڕێگایـان بـۆ چوونـە یەکێتـی سـۆڤیەت.
- کەسیان لە لایەن ڕژێمی بەعس چارەنووسیان نادیارە.
- لـە سـاڵانی ١٩٤٧ تـا ٢٠٠٦، ٢٤٢ هەڤـاڵ بـە مـردنی خۆیـان مـردوون و چارەنـووسی ١٥ کەسـیان دیارنییـە، بەتایبـەتی ئەوانـەی لـە یەکێتـی سـۆڤیەت نەگەڕانـەوە و چەنـد هەڤاڵێکیـش لـە کوردسـتانی عێراقـەوە گەڕانـەوە بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت، نازانیـن مـاون یـان کـۆچـی دواییـان کـردووە.

**تێبینی ئامادەکار:**

## بۆ مێژوو دەڵێم

(عەزیـز قـازی حەمـد سـورچی) لـە ڕۆژی ٢٠٠٦/٨/١٣ بـە یـاوەری کوڕەکـەی ڕزگار و کچـەکانی ڕونـاك و بێگـەرد و کاك (سـەردار حسـن خلیـل تەمـەر) مـیرۆزی مـزوری بەرپـرسی ئـەوکاتی لیژنـەی ناوچـەی هەریـری پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان بـە دیـداری جەنـابی سـەرۆك مسـعود بـارزانی شـاد دەبـن. ئـەم وێنەیـەی ئاخریـن وێنەیـە لـە ژیانیـدا لەگـەڵ جەنـابی سـەرۆك لەبـارەگای بـارزانی گرتـووە .دوای دیـدارو وتووێـژ، ئـەم بیرەوەریانـەی خـۆی ڕادەسـتی جەنـابی سـەرۆك مسـعود بـارزانی دەکات کـە بـۆی چـاپ بکـەن. مـن و محمدعلی قازیـش لـە دەرەوەی دیدارەکـە چاوەڕوانمـان دەکـردن. بەداخـەوە دوای تەواوبـوونی دیدارەکـە مـام عزیـز قـازی سـورچی بـاری تەندورسـتی تێکچـوو، لـە هەمـان ڕۆژ واتـە ڕۆژی ٢٠٠٦/٨/١٣ بەسـەکتەی دل کۆچـی دوایـی کـرد و لـە ڕێورەسـمێکی شایەسـتەدا بەئامادەبـوونی شـاندێك بەنوێنەرایـەتی تایبـەتی جەنـابی سـەرۆك و حیـزبی و حکومـی و لەشـکری و خزمـان و جەماوەرێـکی زۆر و بەرچـاو لەگۆڕسـتانی گونـدی ئافریـانی زیـدی بـاب و باپـیرانی لەدەشـتی هەریـر بەخـاکی کوردسـتان سـپارد و ٣ ڕۆژی پرسـەکەش لەهۆڵـی بۆنـەکانی کۆمەڵـگای هەریـر بەڕێوەچـوو، سـەرەڕای بەشـداری جەنـابی سـەرۆك، خۆشـی لەهەمـوو ڕوییێکـەوە خاوەنـی پرسـەکە بـوو.


# ئەلبومی وێنەکان



سەرۆك مەسعود بارزانی و عەزیز قازی لە ٢٠٠٦/٨/١٣ سەری بلند



عەزیز قازی سورچی



سەرۆك مەسعود بارزانی و ڕزگار عەزیز قازی لە ٢٠٠٦/٨/١٣ سەری بلند



سەرۆك مەسعود بارزانی و بێگەرد عەزیز قازی لە ٢٠٠٦/٨/١٣ سەری بلند



سەرۆك مەسعود بارزانی و ڕۆناك عەزیز قازی لە ٢٠٠٦/٨/١٣ سەری بلند



مەلا مستەفا مەسعود بارزانی و شۆڕش عەزیز قازی - واشنگتۆن(ئەمریکا)



مێنۆمێنتی ئێستای شەهیدانی قاتەکانی شاری کفری




لەسەر گۆڕی بەکۆمەڵی ٢٨ شەهیدی قاتەکانی شاری کفری



ڕزگار عەزیز قازی - خۆشەوی عەلی کانیەلنجی - شۆڕش عەزیز قازی



عەزیز قازی سورچی



عەزیز قازی لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگە



وێنەی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی و فواد عارف

# هەڤـــــالانی بارزانی ڕوســـــیا

ئەم هەڤالانەی کە دانیشتوون لە ڕاستەوە بۆ چەپ
١ـ عەلی محەمەد گوج
٢ـ ئالز عەلی
٣ـ محەمەد ئازایین
٤ـ شەریف قرتلی
٥ـ ئاغا عەلی
٦ـ ڕەشید قرتانی
٧ـ عەبدوڵلا جاسم

ڕیزی دووەم دانیشتوان
١ـ سلیمان شاولی
٢ـ سلیمان میرخان
٣ـ محەمەد نعیم بروازی
٤ـ عەزیز قازی سورچی
٥ـ قاسم سەعدی
٦ـ قادر ابراهیم
٧ـ مرسان حسن
٨ـ حاجی عەلی

ڕیزی سێیەم وەستاون
١ـ عەلی مستەفا
٢ـ ئیبراهیم شێخۆ
٣ـ محەمەد جیجو
٤ـ سالح بەخشی شیلازی



عەزیز قازی سورچی و پۆلێك لە هەڤاڵانی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت



سەرۆکی نەمر بارزانی، ساڵی ١٩٤٣

لە کاتی شۆڕشی بارزان ئەم وێنەیەی سەرۆک
بارزانی گیراوە.



جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و پێشەوا قازی محەمەد



عەزیز قازی و زاهیدای هاوسەری



شەهید سیامەند مێرگەسۆری و هاوسەر و منداڵەکانی



زەعیم عەبدولکەریم و مستەفا بارزانی





**عەزیز قازی و زاهیدای هاوسەری ڕۆژی ١٩٦٣/٣/٢ بەغداد**



عەزیز قازی سورچی و منداڵەکانی



عەزیز قازی سورچی و منداڵەکانی



عەزیز قازی سورچی - قەرەداغ - گوندی تیمار



عـزيز قازي بارزاني كادرعسكري في ثورة أيلول الصورة آخذت سنة١٩٦٧

**عەزیز قازی سورچی ١٩٦٧**




عەزیز قازی سورچی و سەیدۆ چەلکی و پۆلێك پێشمەرگە ١٩٦٨/١١/٢٨ قەلادزێ




جەلال هنجیرۆکەیی-نامق دەشتەکی-عەزیز قازی-خدر سەیدا-حسێن محەمەد-
قەڵادزێ - گوندی هەڵشۆ ١٩٦٥



عەزیز قازی و پۆلێك پێشمەرگە ١٩٧٠/٣/٢١ شاری کەرکوك





**بێگەرد عەزیز قازی - عەزیز قازی سورچی - ڕۆناك عەزیز قازی**



ئەوە وێنەیە خۆمانە گرتومانە لەپێشی دەرگای خانوەکەمان
لەمێژووی ساڵی ١٩٨٥دا. عزیز قازی و زاهیدای هاوسەرم.







**عەزیز قازی و حەمەی حاجی وەلی و ئەحمەدی حاجی وەلی و خۆشەوی کانیەلنجی و و کۆمەڵێك لە خزمانیان - کەلار ١٩٩٢**




**عەلی قازی - ڕزگار عەزیز - ئازاد عەلی قازی - شۆڕش عەزیز قازی - هندرێن عەلی قازی -خۆشەوی کانیەلنجی - محەمەد عەلی قازی -عیسا عەلی باپیر - عەزیز قازی سورچی - پیرەفات ١٩٩٢**



**عەزیز قازی - حەمید ئەفەندی - دلشاد بارزانی - سەرۆك بارزانی**




**سەرۆك بارزانی و عەزیز قازی سورچی لەگەڵ پۆلێك لە هەڤاڵانی بارزانی نەمر بۆ یەكێتی سۆڤیەتی جاران**





**عەلی قازی - عەزیز قازی - عەلی عەبدالله - خۆشەوی کانیەلنجی**



ئەوە وێنەی خۆمە (عزیز قازی سورچی) لە کاتی گوتنی
وتارەکەم پێشکەشی کرد دەربارەی یادی کردنەوەی
بیست ساڵی کۆچی دوایکردنی بارزانی نەمر



ئەوە وتەی عزیز قازی سورچی و دکتور کمال کرکوکی و ئەوانی جمال بەختیار
لە کۆنگرەوە لە شاری واشینگتون لە ڕۆژی ١٩٩٩/٣/١دا لە مورەوەی یادی
کردنەوەی بیست ساڵەی کۆچی دوایی جەنابی بارزانی نەمر.



ئەوەش وێنەی هەڤاڵ جمال بەختیارە کە وتاری
خۆی پێشکەش کرد دەربارەی ژیان و خەباتی بارزانی نەمر
لە ڕۆژی ١٩٩/٣/١ دا.



ئەوە وێنەی عزیز قازی سورچی و رۆژنامەنوسێک بەداخەوە
ناوی ئەوم لە یاد نەماوە. وە ئەویش وتارێک پێشکێش کرد
دەربارەی ئێران و خەباتی بارزانی ئەمجا.



ئەوە وێنەی دکتۆر کەمال کەرکوکی و عزیز قازی سورچی و
فەرهاد لوقمان بارزانی گیراوە لە رۆژی ٢/٣/١٩٩٩دا
لە شاری واشینگتۆن لە ئەمریکا.



سەرۆك مەسعود بارزانی و عەزیز قازی و هەڤاڵانی بارزانی و نەوەکانیان - پیرمام



سەرۆك مەسعود بارزانی و عەزیز قازی و هەڤاڵانی - پیرمام



عەزیز قازی و عومەر ئاغای دۆلەمەری و کۆمەڵێك لە هەڤاڵانیان - پیرمام



عەزیز قازی - ساکۆ کانیەلنجی - خەزالی ئیبراهیم کۆنگرەی ١٢ی پارتی - هەولێر (هۆڵی زەرد)



ڕزگار عەزیز قازی - محەمەد عەلی قازی - عەزیز قازی - خۆشەوی کانیەلنجی - مەولود سورچی - هەڵەبجەی شەهید



عەزیز قازی و کەسوکاری - مەزاری نەمران (بارزان) ٢٠٠٦



عەزیز قازی و شێخ عبدالله بارزانی و کۆمەڵێك لە کەسوکاری - مەزاری نەمران (بارزان) ٢٠٠٦



محەمەد عەلی قازی - سەردار حسن مێرۆزی - محەمەد قازی کەرکوکی - عەزیز قازی - قاسم سەلیم - خۆشەوی کانیەلنجی - عەلی قازی - مەولود سورچی



وەستاو: ستار محەمەد - شێروان حسێن - جەمیل محەمەد - عبدالله حمد
دانیشتوو: عەلی قازی - عەزیز قازی - ئازاد عەلی قازی



لە ڕاستەوە

ئەحمـەد حـەدێ باتاسـی سـورچی - شـێخۆ ئەحمـەد شـێرۆکی - عزیـز قـازی سـورچی - مسـتەفا سـلێمان سـورچی - نەنـاسراو




شێخ شەهاب سورچی و عەزیز قازی سورچی



**لە ڕاستەوە**

**حسن محمد چیچو کانیەلنجی - عزیز قازی سورچی**

**شاری تاشقەند سۆڤیەت**


ئەوە وێنەی خۆمە عزیز قازی سورچی ..
کە چەند پرسیارێک لێم دەکەن دەربارەی
بارزانی نەمر و خۆم. وە منیش وەڵامم داوەتەوە
لە شاری واشینگتۆن لە رۆژی ١٩٩٩/٢/١ز



حاجی حەمەی حاجی وەلی کەلاری  وعزیز قازی سورچی



لە ڕاستەوە (شاکر سلێمان - عەزیز قازی سورچی - ئەحمەد شێخۆ شێرۆکی)
٢٠٠٦/٨/١٣



# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی رێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پڕۆژەیە.

P.D.K ENCYCLOPEDIA